# زمان و زار

ساڵی سێیەم- ژمارە (٨) (پوشپەڕی-٢٧٢٣) (هاوینی-٢٠٢٣)

گۆڤارێکی زمانناسیی وەرزییە

خاوەن ئیمتیاز:
د. تەها رەسووڵ

سەرنووسەر:
فەرەیدوون سامان

سەرنووسەری فەخری:
تۆفیق وەهبی بەگ

# زمان و زار

**ڕاوێژکاری کارگێڕی:**

ئەڤین ئەحمەد

**ڕاوێژکاری یاسایی**

سالم سەلمان کوببەچی

**هەڵەگری:** لوقمان.م شلانی - مەسعود لاوە
**دیزاین:** ئومێد محەمەد
**چاپ:** ٢٠٢٣
**تیراژ:** ٥٠٠ دانە
**نرخ:** ٥٠٠٠ دینار
**چاپ:** چاپخانەی تاران

**دامەزراوەی کەریمی عەلەکە**
**دەری دەکات**

هەواڵنامەی کتێب

بۆ پەیوەندی بە گۆڤاری زمان و زار
fereydunsaman61@gmail.com
00964 750 448 0493

هەموو ئەو بابەتانەی بڵاودەکرێنەوە:
گوزارشت لە ڕاوبۆچوونی نووسەرەکەی دەکات

# پێڕست

- زمانی ستانداردی کوردی لە سۆسیالمیدیادا..................................................٥
**سەرنووسەر**
- هەڵسەنگاندنی «فەرهەنگی ڕیشەی وشەی کوردیی.....................................٩
**د. محەممەد فرووهەندە**
- زمان و زارە کوردییەکان لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە...............................٣١
**د .ئەمیر موحەممەد**
- تێفکرینی ئاخێوەری کورد پەیوەست بە فەرهەنگەوە...............................٣٧
**پ.ی.د. تریفە عومەر**
- حکومەتمەندیی زمان لە ئیستعماری ناوخۆییدا.......................................٤١
**د. ڕەحیم سورخی**
- زمان لە ڕوانگەی دەروونناسیەوە.........................................................٦٧
**د. برزو محمود**
- ڕۆڵی وەرگێران لە پەرەپێدانی زماندا، وەرگێران لە هەرێمی کوردستان.......٧١
**ڕێباز مستەفا**
- زمانی کوردی ناسنامە و هەبوونی نەتەوەی کوردە...................................٧٩
**غەفوور مەخمووری**
- زمان وەک ناسنامەی نەتەوەی بێ دەوڵەت..............................................٨٥
**ڕێکار ئەحمەد**
- چەند سەرنجێک لەسەر زمانی زگماک و زمانی ڕەسمیی کوردی............٩٩
**د.سەباحی غالب**
- زمان لای ویتگنیشتاین.......................................................................١١٥
**و/ لە ئینگلیزییەوە :ڕاپەڕ عوسمان عوزێری**
- سیستەمی خۆماڵی لەپێناو خزمەتکردنی زماندا......................................١١٩
**کازم عەباس زەندی**
**دۆسێی تایبەت: ئامادەکردنی گۆڤاری زمان و زار**
- **د.هیوا سلام خالد**: زمانی ستاندارد زیاتر وابەستەی هەبوونی دەسەڵاتە........١٤٥
- **ئەحمەد بەحری**: زمانی ستاندارد ئەو زمانەیە کە دەبێ دەسەڵات پێی بدوێ.......١٥٥
- **دیاکۆ هاشمی**: جووتستاندارد بۆ کوردستانی گەورە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە....١٦٥
- سوورەوەردی لە نێوان فەلسەفە و زمانی کوردیدا....................................١٧٧
**هۆشەنگ شێخ محەمەد**
- زمانی کوردی و بەرنامەی پیشنیازکراوی دواڕۆژی زمانی بۆ ڕۆژهەڵاتی کورستان..١٨٣
**ئا/ کاروان مێراوی**
- زمانی شییی و تیمبوکوشوو...............................................................١٩٩
**وەرگێرانی/ رزگار شێخانی**
- (بەبۆنەی ڕۆژی زمانی دایکەوە) زمانی کوردیی و گرفتەکانی...................٢٠٣
**د. حوسێن موحەممەد عەزیز**
- هەڤپشکیا زمانێ کوردی  لگەل زمانێن دی.............................................٢١١
**ئا/ داود موراد خەتاری**

– شەمسی شنگال «ئەکفانی زانەڤان وزانستوەری سەدەی هە.ک..............٢٣٩
**ئەیوب گازرانی**
– رووژ ناودەوڵەتی زوان داڵگی و پەیوەندی زوان وەگەرد نەتەوە.........٢٥١
**فاتمە سەلاح**
– کوردناسیێ مەزن ئەڤگەنیا ئیلنچنا ڤاسیلیڤای ژیانئاڤایی کر......................٢٥٧
**ئا/ زارا سامانۆڤا**
– کە زمان دەبێتە پزیشک..............................................................................٢٦١
**وەرگێڕانی: شاسوار** هەرشەمی
– مێژووی نووسین و ئاسۆی ئایندەی.....................................................٢٦٩
**فەیسەڵ عەلی**
– زماناسی کوردی سۆڤیەتی زارا عەلی (زارا ئالیییڤنا یوسوپۆڤا)............٢٧٩
**ئا/ هەڵۆ دەلۆیی**
– خوێندنەوەیەکی زانستیی لە بارەی «بەیت»ەوە.........................................٢٨٣
**د.ڕەهبەر مەحموودزادە**
–ChatGPT و فێرکردنی زمان.........................................................................٢٩٩
**د. موئمین زەڵمی**
– زمانی دادگاکان لە هەرێمی کوردستاندا.....................................................٣٠٣
**پ.د.شۆڕش حەسەن عومەر – .د.لەتیف مستەفا ئەمین**
– کتێبی ئەم جارە: فەرهەنگی فەرهەنگەکان..............................................٣٢٧
**ئا: لیژنەی بیبلیۆگرافیا**
– درآمدی بر شیوەهای واژەسازی معاصر.....................................................٣٢٩
**کامران رحیمی**
– نقش مادران کورد در تخریب زبان مادری.................................................٣٣٧
**کتایون محمودی**
–اللغة الكردية في عملية التحضر العدواني......................................................٣٤١
**د. إبراهيم صادق ملازاده.**
– كيف نحدد أصل الكلمة؟...................................................................٣٥١
**د.مهدي کاکەیی**
يوسف أبگارويچ أوربيلي (١٨٨٧_ ١٩٦١) الكوردلوجي الأرمني.........................٣٥٥

–A study on the Kurdish Linguistic Presence and its Phonetic Adaptation in «Comparative Dictionaries of All Languages and Dialects»........................5
Fırat Sözeri – Hejarê Şamil
_derheqa Şamilê Esker da......................................................................................19
Têmûrê Xelîl
– Tecrubeya KurdÎkirina TermÊn HiqÛqÊ Li BakurÊ KurdistanÊ.............23
Mikail Bülbül
The Location of Applied Linguistic on the science map.......................................37
By: Prof. Dr. Prof. Dr. Abdullah Hussein Rasool

# زمانی ستانداردی کوردی لە سۆسیالمیدیادا

سەرنووسەر*

ئەمڕۆ کێشەیەک لەبەردەم زمانی کوردیدا لە سۆسیالمیدیادا هەیە، ئەویش نەبوونی زمانێکی ستاندارده بۆ سەرجەم زارو بنزاری گرووپ و ئیتنیکە کوردییەکان کە جوگرافیایەکی بەرفراوانی زمانی کودییان داگیرکردووەبەلام مخابن هێشتا زمانێکییەکگرتووی پێوەر نەبۆتە هۆکاری بەیەکگرێدانی هزرو ئاوەزو یەکێتی نەتەوەییان، چونکە میدیا دەبانێکی دوو تیغەیە، لەکاتێکدا هۆکارێکیشە بۆ درووستکردنی زمانی پێوەری هەر نەتەوەیەک، بە دیوەکەی تریشدا هۆکارێکە بۆ لێکترازانی زمانەکەیان بۆ چەند زارو بنزار و دەڤۆکی جیاواز، لێرەدا نامەوێ باسی هۆکارە مێژوویی و سیاسییەکانی ئەو لێکترازانەی زارو بنزارە کوردییەکان بکەم، چونکە پێشتر قسەم لەسەر کردووە، بەلام بۆچی دوای ٣٠ ساڵ لە دامەزراندنی قەوارەی هەرێمی کوردستان، بە فەرمی ناساندنی ئەو زمانە لەدەستووری عیراقدا، هێشتا میدیای کوردی خاوەنی زمانێکی ستاندارد نییە و هەر یارۆیە بە زارە لۆکاڵییەکەی خۆی دەدوێت و لۆکاڵیانە هزرو ئاوەزی دەاتە بەرچاوی بینەران وبیسەران. کە ئەمجۆرە هزرینەش لە جوغزو چوارچێوەی ناوچەگەرێتی تێناپەڕێت، لەکاتێکدا زمانی کوردی ڕەوتی سروشتیی گەشەسەندنی مێژوویی خۆی بڕیوە، هەرچیند ئەمڕۆ هەبوونی دوو ستاندارد لە میدیای کوردیدا بەکار دەهێنرێن. هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت. ئەوانەی بە کوردی باکوور(کرمانجی) دەدوێن ئەو ستانداردە بەکار دەهێنن. ئەوانەشی بە کوردیی ناوەند دەدوێن ستانداردیً کوردیی ناوەند (سۆرانی) بەکار دەهێنن. تا ئێستاش هەوڵێکی جیددی نەدراوە ئەو دوو زارە هەر نەبێت لە ڕووی ڕێنووسەوە، هەمیش لە ڕووی گراماتیکەوە، ئاوێتە بە یەکتر بکرێن، یان بەلای کەم لەیەکتر نزیک بکرێنەوە.

زمانی کوردی بە بەراورد لەگەڵ ڕەوتی مێژووییدا کە بەردەوام بەربەستی خراوەتە پێشی، ماوەی سەدەیەک پترە بە زۆر شێوازی ڕەگەزپەرستانە دژایەتی دەکرێت و سیستەماتیکانە هەوڵی لەناوبردنی دەدرێت، بەشێک لەو هەوڵە دەبەنگانەش لای خودی کوردی هەندێ بەناو زماناناس و نووسەرانی ئەو ئاخێوەرانەیە، بەتایبەت لە هەندەران ئەگەر سەیری وێبسایتەکان کوردییەکان بکەین دەبینین، زمانی کوردی بۆ چەند زارێک دابەش بووە وەک (کورمانجی، سۆرانی، هەورامی، لەکی..)، کە بەداخەوە ئەم دیاردەیە لەنێو هیچ گەلێکی سەر ڕووی زەویندا بەدی ناکرێت. خزمەتێکی بێ بەرامبەریشە بە ئەجیندانی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان.

لەگەڵ ئەوەشدا زمانەکەمان بە هەوڵی بێوچانی دڵسۆزانی نەتەوە باش چۆتە پێشەوە، لە باشووری کوردستاندا خاوەنی ئارشیفێکی گەورەی زمانەوانین، خاوەنی ڕێنووسێکی پێشکەوتووین، ئەگەر هەمووان ئەو ڕێنووسە بەکار بهێنن، زمانەکەمان زووتر دەبێتە خاوەنی ڕێنووسێکی یەکگرتوو.

بەگشتی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا و بەتایبەت کەناڵە میدیاییەکاندا زمانێک بەکار دەهێنرێت. ئەگەر چارەسەرێکی گونجاوی بۆ نەدۆزرێتەوە لە داهاتوودا بە تێپەڕینی کات دەبێتە دوو زمان، کەوابێت لە جیهانی میدیای کوردیدا ڕەنگە تاکەکەس لەو دەزگایانەدا بە حوکمی نەشارەزاییان و نەبوونی فلتەرێکی زمانەوانی لێرە و لەوێ هەڵەی زمانی و میدیایی بکەن، ئەوەش ڕاستەوخۆ باندۆری بەسەر شێواندن و لێکترازانی زمانی کوردییەوە هەیە، ئەو کەسانە بۆ خۆیان زمان نەزانن و لە ژێر هەژموونی زارە لۆکاڵییەکەی خۆیان یان زمانی نەتەوەی سەردەستی دەوڵەتەکەی خۆیانن.

ئەمڕۆ ئەو زمانە باوەی کە لە جیهانی سایبەریدا بەکار دەهێنرێت ڕەنگدانەوەی هزری کوردە لە دەرەوەی دنیای دیجیتاڵیدا. دنیای ئینتەرنێت و هەموو لکوپۆپەکانی دنیایەکی ئازادە کە کەس ناتوانێت ڕێ لە کەس بگرێت و شتی خۆی بەسەر کەسی تردا بسەپێنێت. ئەوەی لەوێ دەبینرێت ئەوەیە کە زمانێکی تاکستاندارد بەکار ناهێنرێت، بەڵکوو جووتستاندارد گەشە دەستێنێت. نابێت ئەوەمان لەبیرمان بچێت کە زارەکانی تریش لەوێ باشتر دەستیان کراوەیە بۆ گەشەسەندن. ئەمە واتە خەڵک لایەنگری ئەوە نین کە تاکستانداردێک هەبێت و ئەوانی تر پەراوێز بخرێن. باشترە ڕێز لە یەکتر بگرین و بەو ڕێزلێنانە زیاتر لە دەوری یەکتر کۆببینەوە.

نەبوونی سایتێکی تایبەت بۆ پرسەکانی زمان لەو دەزگا کولتوورییە فەرمییانەی سەر بە حکومەتن، کە بەرهەمی هزری دەبێت بە شێوەی نووسین و دەقی ئاسایی لەو سایتە دابنرێت تا مرۆڤ بتوانێت لە وێبگەڕەکاندا پشکنیان بۆ بکات، نەک بە شێوەی پیدیئێف. بە هەمان شێوە پێویستە ڕێزمانێکی بەپێز و دەوڵەمەندیان دیسانەوە بە شێوەی دەق لەسەر ئینتەرنێت دانابێت کە جێی متمانەی هەمووان بێت و هەر کاتێکیش بیانەوێت دەستکاریی بکەن و نووژەنی بکەنەوە. هەروەها دەبوا تا ئێستا وشەنامەیەکی دەوڵەمەندی دیجیتاڵییان لەسەر ئینتەرنێت هەبوایە. هەر چەندە ئێستە ئەکادیمیای کوردی وشەنامەیەکی دەوڵەمەندیان لەچاپداوە بە ناوی فەرهەنگی

فەرهەنگەکان. بەڵام بەرهەمی وا دەبوا دیجیتالی بێت. بایەخی بەرهەمی دیجیتالی لە هەر زمانێکدا باشییەکەی ئەوەیە کە دەکرێت بکرێتە بنەمای دەیان کاری باشتری دیجیتالیی تر.

بۆ چوونە نێو قووڵایی ئەو هەلومەرجەی ئەمڕۆ بە سەر زمانی کوردیدا زاڵە، وا باشە ڕوانینێکی تایبەتمان بەسەر نووسەرانی کوردەوە هەبێت. ئەو چاوەڕوانییەی کۆمەڵگا لە نووسەرانی خۆی هەیەتی، لە هەلومەرجی ئاوادا زۆر لە قەبارەیان زیاترە. نووسەری کورد لە دەرەوەی جیهانی سۆسیالمیدیادا چی بۆ کراوە، هەتا بەشێک لە توانایەکانی لە نێو جیهانی سایبەریدا تەرخانی خزمەت بە زمانی ستاندارد بکات!؟ وا باشە چاوەڕوانی مۆجیزەیەک نەبین لەم توێژەدا، بەتایبەت کە بەشێکیان "قسەکەری بێکردەوەن".

لە غیابی ڕۆڵی دەزگا کولتوورییەکانی حکومەتدا کە بودجەیەکی قەبەیان بۆ تەرخان کراوە و هەروەها هەبوونی بەشەکانی ڕاگەیاندن لە پەیمانگەو کۆلیژەکانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، کە خاوەنی هەڵگری بڕوانامەی باڵای ئەکادیمین، بەڵام زۆرینەیان (ناڵێم هەموویان) ئەو مامۆستایانە لە ڕووی زمانەوە کۆڵەوارن، کە گەرەک بوو لەو ماوەیەدا بۆ چارەسەری پرسی زمان لە کایەکانی ڕاگەیاندن و سۆسیالمیدیادا بەهەماهەنگی لەگەڵ بەشە کوردییەکان پرۆژەی مەزنییان لەسەر ئاستی کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی بەرهەم هێنابووا. هەڵبەت بێ هەبوونی پلان و بەرنامەیەکی تۆکمە بۆ ئەم ئامانجە هەرچی دەکرێ مخابن بە فیرۆدانی پارەیەکی زۆر و بێنرخ کردنی کات بووە، ئەزموونی گەلان پێمان دەڵێن زمانێکی ستاندارد بۆ گەلانی بێ قەوارەی سیاسی لە جیهانی سۆسیالمیدیادا مەحاڵ نییە.

*سەرنووسەری گۆڤاری زمانناسی (زمان و زار)

# هەڵسەنگاندنی
# «فەرهەنگی ڕیشەی وشەی کوردیی»

د. محەممەد فرووهەندە

## پێشەکی:

زانستی ڕیشەناسیی وشە(etymology) زانستێکە کە باسی سەرچاوە، مانا و مێژووی وشەکان دەکا. ئەو زانستە، لقێکی زمانناسی (linguistics)یە، کە زۆرتر دەپرژێتە سەر بەشی مێژوویی و بەراوردیی زمان (historical and comparative linguistics) و لەکاتی پێویستیشدا ئاوڕێک دەداتەوە سەر بەشی بەر لە مێژوو (prehistorical linguistics).

بە هۆی دژواری و گوماناوی بوونی گۆڕەپانی زانستی ڕیشەناسی، کەم کەس خۆی لە قەرەی ئەو زانستە دەدا. جاروبار هەڵدەکەوێ یا هەڵکەوتووە کەسانێک بێ ئەوەی کە خوێندەواریی ئاکادیمیکی زانستی زمانناسی و ڕیشەناسیی وشەیان هەبێ، یا هۆگری و خۆشەویستیی ئەو زانستە ئەوانی نوقمی زەریای بێبنی ئەو زانستە کردبێ، ئەسپی نەزانیی خۆیان لەو گۆڕەپانەدا تاو داوە، بەڵام هەڵەنگوتون و سەرسمیان داوە و دە قوڕی ئەو گۆڕەپانە چەقیون و بە سەر پەڵەی هەڵەدا کەوتوون و وەکوو کوێر لە کوێرەڕێیەکانی بیابان و بێروونییەکانی ئەو دەشتە بێبنەدا بزر بوون و تووشی کوێرەوەری و لاڕێیی بوونە. ئەوانە هەر ئەو کەسانەن کە بە دەمارگرژی و بە پێیەکانی هەست و سۆزەوە یا خولیای ناو دەرکردن، بە پەلە خزیونە نێو ئەو مەیدانە تەماوییە و بەسەر ڕیشەناسیی عەوامانەدا (false / popular etymology) دا کەوتوون.

لەبەرامبەر ئەو کەسانەدا، هەندێک کەسی دیکە هەن کە بە چەکی زانست تەیارن و بە ئاگادارییەوە پێیان ناوەتە ئەو مەیدانە و سەرکەوتووانە کەوتوونەتە بەر دڵی شارەزایانی ئەو بەستێنە. ژمارەی ئەوانە لە هەر زمانێکدا زۆر کەمن و ناگەنە ڕادەی قامکەکانی دەست یان لەوان تێناپەڕێ. ئەوانە کەسانێکن کە بێجگە لە زمانی مەبەست، چەند زمانی پێوەندیدار بە ئەو دەزانن یان لانیکەم دەگەڵ چەند زمانی هاوڕیشە و هاوڕەگەزی زمانی مەبەست ئاشنایەتییان هەیە یان بە جوانی دەیانزانن. دەگەڵ ئەوەشدا، زانین یا ئاشنایەتی دەگەڵ سەرچاوە کۆنە پێوەندیدارەکان، لە ڕادەبەدەر پێویستە و دەبێ زانیاریی لەسەر مێژووی وشەی زمانی مەبەست هەبێ و و بەبێ ئەوە، کارەکە کەموکوڕی دەبێ و نووکی نێزەی ئامانج وە بەردی ناکامی دەکەوێ.

ڕیشەناسی لێزان و لێهاتوو دەبێ دەگەڵ ڕەوتی گۆڕانی دەنگ و پیتەکانی (process of phonemic change) زمانی مەبەست و تەنانەت زمانە هاوڕیشەکانیش ئاشنایەتی هەبێ و بزانێ کە ئەگەر فلان پیت یان دەنگ دە مێژووی زمانی خۆیدا گۆڕاوە؛ چۆن گۆڕاوە و چی بەسەر هاتووە و بووەتە چی و دە زمانە هاوڕیشەکانیدا چۆنە و ئەگەر گۆڕدراوە بووەتە چی. بۆ وێنە پیتی «هـ» دە فارسی ئەمڕۆکەدا، پێشتر دە زۆر وشەدا «س» بووە. وەک نموونە، وشەی «آگاه»ی فارسی ئێستاکە، دە فارسی کۆندا کە مەبەستم پەهلەوی و فارسی باستانە، «آکاس“ (ākās) بووە یا «آهن» دە فارسی ئەمڕۆکەدا پێشتر جگە لە «آهن»، پێشتر ”āsan“ و ”āsēn“یشیان پێگوتووە. ئەو پیتە بەپێچەوانەی فارسی، دە کوردی و زۆر زمانی هاوڕیشەی کوردی و فارسیدا نەگۆڕاوە و هەر پیتی «س»یە و بەو دەنگە گۆ دەکرێ. بۆ یەقین و زانیاریی زۆرتر بڕواننە وشەی «دە» (ژمارە ١٠ی فارسی) کە دەو زمانانەی خوارەوەدا هەر بە شێوەی «س» یا دەنگێکی تری نیزیک لەو ماوەتەوە: فارسیی باستان: daθa سانسکریت: dáśa، لاتینی: decem (دێسامبر: مانگی ١٠ی زایینی) روسی:désyatĭ، لیتوانی: dešimtīs، ئەوێستایی: dasā، پارتی: das سوغدی: ds/ θs، خارەزمی: θŷs، ئاسی: dæs، پەراچی: dös ئورمەوی: das، یەدغە: los ، وەخی:θas شوغنی: θīs، سریلیکی:θīs، یەزغولامی:θůs، یەغنایی:das (فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی: ١٣٨٠). وشەیەکی تری کوردی کە دەودا پیتی «س» وەکوو زەمانی ڕابردووی دوور ماوەتەوە و نەگۆڕاوە، بەڵام دە فارسیدا گۆڕاوە، وشەی ماسییە کە دە فارسیدا دەبێتە «ماهی». ئەو وشە دە ئەوێستاییدا ”masya“ بووە. بەو چەشنە دەردەکەوێ کە دەنگ و پیتەکانی زمانە باستانییەکان دە لقەکانی داهاتوویاندا جۆرێک دەگۆڕێن کە تەنانەت شوێنی گۆکردن و بەدیهاتن ”point of articulation“ی هاوبەشیشیان نییە. ئاگادار بوونی ڕیشەناس لەو ڕاستییە و زاڵ بوون بە سەر ئەو گۆڕانانەدا لە ڕادە بەدەر یارمەتی ئەو دەدا.

دوای ئەو باسانە، پێویستە بڵێم کە ڕیشەناسەکان سەرەڕای ئەو زانیاری و زاڵ بوون بە سەر ئەو زانستانەدا، داوای ئەوەیان نییە کە ڕیشەی گشت وشەکان دەزانن. ئەوان ڕیشەی ژمارەیەکی کەم لە وشەکانیان لێکداوەتەوە و باسیان کردوون و دەو ژمارە کەمەشدا، هێندێکیان بە شک و گومانەوە باس کردووە یا باسی دەکەن.

که وایه ده تەواوی دنیادا کەسێکی وەها نییە و هەڵناکەوێ کە بەتەواوی و بەبێ گومانی، ڕیشەی گشت وشەکانی زمانی خۆی یا زمانی مەبەست بزانێ، چونکە ڕیشەی گشت وشەکانی زمان بە تەواوی ڕوون نییە و گومانیان تێدایە و جگە لەوەش هیچ زمانێک دە دنیادا نییە کە وشەی بیانی لە زمانە هاوڕیشە و ناهاوڕیشەکانەوە ڕەگەڵ نەکەوتبێ.

بە کورتی بڵێم: کەسێک ڕیشەی گشت وشەکانی زمان دەزانێ کە تەواوی زمانەکانی دنیا بە تازە و کۆن و زیندوو و مردووەوە بزانێ و بوونی ئەو کەسەش مەحاڵە. کە وایە هیچ ڕیشەناس و هیچ بەرهەمێکی ڕیشەناسی بوونی نییە کە بێ کەموکووڕی بێ. بۆ ڕیشەناسیی هەر زمانەش بە پێی بارودۆخ و شوێنی هەڵکەوتنی زمانەکە و زمانە هاوڕیشەکانی، ئاگاداری و زاڵ بوون لە سەر زمان و زانستگەلێکی تایبەت پێویستە. بۆ وێنە دە زمانی کوردیدا کە یەکێک لە لقەکانی زمانە هیند و ئێرانییەکانە و دەگەڵ تەواوی زمانەکانی هیندی و ئێرانی و ئورووپایی خزمایەتی هەیە و دەگەڵ زمانەکانی تورکی و عەرەبی جیرانە و بە تەواوی تێکبەزیون و تێکەڵاوییان هەیە و هەروەها بە هۆی نێزیکی و تێکەڵاوی لە ڕادە بە دەری دەگەڵ فارسی، ڕیشەناسی باشی کوردی دەبێ فارسییەکی لە ڕادەبەدەر باش بزانێ و لانیکەم دەگەڵ عەرەبی و تورکی و یەک یا چەند زمانی ئورووپاییش ئاشنایەتی زۆری هەبێ. ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە کاری ڕیشەناسیی کوردی بێ زانین یا ئاشنایەتی دەگەڵ زمانە کۆن و باستانییەکانی: پەهلەوی، فارسی باستان، ئەوێستایی، سانسکریت و... وەکوو بێچووی بەرهاویشتراو وایە و تەنیا ئابڕووی خاوەنەکەی دەبا.

بەگشتی زانستی ڕیشەناسیی وشە، بە شێوازی جیددی و زانستی وەکوو باسێکی سەربەخۆ کە کتێبی لە سەر نووسرابێ، دە دنیادا زانستێکی ساوایە و تازە دەستی پێکراوە. دە زمانی فارسیدا دە ماوەی چەند سەت ساڵ لەوە پێش بە شێوازی پرشوبڵاو ـ نەک بە ڕێکوپێکی و وەکوو کتێبی سەربەخۆ ـ جاروبار هۆنەران و کەسانی تر بێ بنەمای زانستی، بیروبۆچوونی خۆیان سەبارەت بە هێندێک وشە دەربڕیوە و جاری واش هەبووە کە هۆنەر بۆ کایە بە وشە و ئافراندنی جوانیی وێژەیی و وێنەی هونەری، بۆچوونی خۆی سەبارەت بە ڕیشە و مانای وشەکاندا

دەربڕیوە. بۆ وێنە دە کتێبی «ترجمە و قصەهای قرآن، ص ٧٦٦» سەبارەت بە مانای «داوود»دا هاتووە: «دەزانی بۆ بە بابتیان دەگوت داوود؟ گوتی: بڵێ بۆم. گوتی: مانای داوود ئەوەیە کە: «داو دائک»، واتا: دەردی خۆت دەرمان بکە.

لە ئێران، فەرهەنگنووسەکانی ئەو سەردەمەش دە فەرهەنگە باش و ڕێکوپێکەکانیاندا لە زۆر شوێن ئاماژەیان بە ڕەگەزی وشەکان کردووە و گوتوویانە کە لە چ زمانێکەوە هاتوونەتە نێو ئەو زمانە، بەڵام کەمتر لە ڕیشەی وشەکان دواون. تا ئەو دواییانە دە زمانی فارسیدا کتێبێکی سەربەخۆ سەبارەت بە ڕیشەناسیدا نەنووسرابوو. دوکتۆر محەممەد موعین دە پەراوێزێکدا کە بۆ فەرهەنگی «برهان قاطع»ی نووسیوە، ئاماژەی بە ڕیشەی هێندێک لە وشەکان کردووە. جاری واش هەبووە کەسانێک بە نیوەچڵی باسی وشەگەلێکیان کردووە کە پێوەندییان بە بەستێنێکی تایبەتەوە هەیە. جاری واشە وتارێک سەبارەت بە ڕیشەی وشەیەکدا نووسراوە. دوکتۆر «جەواد برۆومەند سەعید» وتارەکانی خۆی سەبارەت بە هێندێک ڕیشە کۆ کردووەتەوە و وەکوو کتێب لە چاپی داوە. دەو دواییانەدا فەرهەنگێکی قەبەی پێنج بەرگی بە شێوازی جیددی و زانستی وەکوو کارێکی سەربەخۆ لە سەر ڕیشەناسیی فارسی لە لایەن دوکتۆر محەممەد حەسەندوست نووسراوە کە چوار بەرگی باسی ڕیشەی وشەکانە و بەرگێکیشی پێڕستە و شوێن و ئادرەسی وشە و ڕیشەکانی ئەو چوار بەرگەیە کە لە سەریەک ٢٩٥٥ لاپەڕە و ٥٥١٤ وشە دەگرێتەوە.

دە زمانی کوردیشدا ئەوەندەی ئەمن ئاگاداریم هەیە، تا چەند ساڵ لەمەوبەر، جگە لە مامۆستا جەماڵ نەبەز، کەسی تر کتێبێکی گرینگ و بەرچاوی لە سەر ڕیشەناسیی کوردی نەنووسیبوو. کتێبەکەی مامۆستا جەماڵ نەبەز کتێبێکی مامناوەندییە و ٣٧١ لاپەڕەیە کە ٦٣ لاپەڕەی پێشەکییە. بەم پێودانە ئەو کتێبە هەڵگر و داگری بەشێکی کەم لە وشەکانی زمانی کوردییە و ئەو وشانەی هەڵبژاردووە کە تێبینی و بۆچوونی لە سەر ڕیشە و مانای ئەوان هەبووە.

مامۆستا زەبیحی دە «قامووسی زبانی کوردی»دا و مامۆستا عەلی نانەوازادەش دە «فەرهەنگی هەرمان»دا کە بەڕاستی ئەویان قامووس و دەریایە و ئەمەش هەرمانە، بەڵام بەداخەوە هەردووکیان نیوەچڵن، بەشەکانی وشە ناسادەکانیان لێک جوێ کردووەتەوە، بەبێ ئەوەی کە مانای ئەو بەشانە لە تەنیشت خۆیان بنووسن. کە وایە

ئەو دوو فەرهەنگە نیوەچڵە ئەگەر تەواویش بووایەن، بایەخەکی ئەوتۆیان لە باری ڕیشەناسییەوە نەدەبوو. دوای «فەرهەنگی ئێتیمۆلۆژیای زمانی کوردی» کە مامۆستا جەماڵ نەبەز نووسیویەتی و وەکوو فەرهەنگێکی تایبەت لە سەر ڕیشەناسیی زمانی کوردی نووسراوە، فەرهەنگە بەنرخ و قەبەکەی مامۆستا عەلی نانەوازادە پێی ناوەتە ئەو گۆڕەپانە. ئەو فەرهەنگە ٦ بەرگە کە بەرگی هەوەڵی لە ساڵی ٢٠١٧ و بەرگی شەشەمیش لە ساڵی ٢٠٢٢ لە تاران و لە بڵاوگەی «همصدا» لە چاپ دراوە. ئەو شەش بەرگە لە سەریەک ٤١٧٤ لاپەڕەیە. دوای ئەو پێشەکییە کە تا ڕادەیەک پێویست بوو، دێمە سەر باسی پێگەی ئەو فەرهەنگە دە نێو فەرهەنگە هاوچەشنە فارسی و کوردییەکاندا و بیروبۆچوونی خۆم لە مەڕ خاڵە بەهێز و لاوازەکانی ئەو فەرهەنگە دەردەبڕم.

بەر لەوەی کە پێڕستێک لە خاڵە بەهێز و لاوازەکان پێکبێنم، پێویستە بڵێم کە: بەداخەوە هێشتا هەلم بۆ نەڕەخساوە کە بتوانم وشە بە وشەی ئەو شەش بەرگە بخوێنمەوە و لە سەریان ورد ببمەوە و بزانم کە خاڵە بەهێز و لاوازەکانی ئەو فەرهەنگە بەتەواوی کامانەن، بەڵام دە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا کە ئەو فەرهەنگەم کەوتووەتە دەست، زۆرم کەڵک لێوەرگرتووە و لێمڕوانیوە و زۆر جار زۆربەی ساتەکانی شەو و ڕۆژ خەریکی هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی بوومە و لە سەر وشە و مانا و ڕیشەکان ورد بوومەتەوە تاکوو بزانم کە دەگەڵ سەرچاوە بڕواپێکراوەکانی بەردەست دە زمانی کوردی و زمانەکانی تردا دەیگرنەوە یان نا. زۆر جاریش بە هەڵکەوت یان بە دوای متاڵای دەقەکاندا وشەم بە زەیندا هاتووە و چوومە سەیری ئەو فەرهەنگەم کردووە تاکوو بزانم ئەو وشە دە وێدا هەیە یان نا و ئەگەر هەیە، چی لەبارەیدا نووسراوە. پاشان لە سەری ورد بوومەتەوە و بەو وردەزانیارییەی خۆم هەڵمسەنگاندووە. ئەگەر بە هەڵەم زانیوە و یا تێبینیم لە سەری هەبووە، نووسیومەتەوە. ئاکامی ئەو وردبوونەوە و توێژینەوانە بەشێکی بووەتە ئەو وتارە کە ئێستا ئاراستەی خوێنەران و بەردەنگانی دەکەم. بەشێکیشی دەمێنێتەوە کە بۆی هەیە ئەگەر دەرفەت هەبێ وەکوو کارێکی سەربەخۆ پێشکێشی خوێنەرانی بکەم. هەر ئەو جۆرەی پێشتر باسم کرد، هێشتا بە تەکووزی و بە تەواوی لێکۆڵینەوە و وردبوونەوەم لە سەر ئەو فەرهەنگە کۆتایی پێنەهاتووە، بەڵام بەو حاڵەشەوە بڕی دەورووبەری

پێنسەت وشەم نووسیوەتەوە کە یا لەو فەرهەنگەدا نین یا هەڵەیان تێدایە یا تێبینی جیاوازم لە سەریان هەیە. بێگومان ڕێژە و ڕادەی ئەو وشانە زۆر لەوەی زیادترە کە ئەمن نووسیومن و ڕۆژبەڕۆژ پێیانەوە زیاد دەبێ.

## خاڵە لاوازەکانی ئەو فەرهەنگە

١. دە ڕیشە و ڕەچەڵەکی هێندێک وشەدا هەڵە هەیە و بۆچوونی مامۆستا نانەوازادە لەوبارەدا دروست نییە. ئەمن بۆ ڕوون کردنەوە تەنیا ئاماژە بە چەند دانەیەکیان دەکەم و بۆچوونی خۆم لە سەر ئەوان دەردەبڕم:

نەهار: مامۆستا نانەوازادە ئەو وشەی بە «نانی نیوەڕۆ و فراوین» مانا کردووەتەوە کە تا ئێرە کێشەی نییە، بەڵام ڕەچەڵەک و ڕەگەزی ئەو وشەی بە عەرەبی زانیوە و ئەوەش هەڵەیە؛ چونکە ئەو وشە یا دەگەڵ وشەی «نەهار» بە مانای ڕۆژ دە عەرەبیدا یەک نین یان ئەگەر یەکیش بن، لە زمانەکانی ئێرانییەوە ڕەگەڵ زمانی عەرەبی کەوتووە. وشەی نەهار یا ناهار دە زمانە ئێرانییەکاندا لە دوو بەشی «نە / نا» (ئامرازی نەرێ و نەبوون) + ئاهار» (خۆراک، خۆرشت) ساز بووە و مانای وشەکە لە سەریەک دەبێتە: «بێ خۆرشت، بێ ئاش یا شۆرباو» و ئەمڕۆکەش دە مانای ناڕاستەوخۆدا بە مانای نانی نیوەڕۆ بە کار دەهێندرێ. دە کوردی و فارسیدا دوو وشەی دیکەش بەو چەشنە هەن کە دژبەری یەکترن و بریتین لە: ئافەرین و نەفرین (نە + ئافەرین).

هەدا: مامۆستا ئەو وشەی بە «ئۆقرە» مانا کردووەتەوە کە دروستە، بەڵام بە گومانەوە پێی وا بووە کە «ادا»ی عەرەبییە. تێبینیی من ئەوەیە کە مانا و عەرەبی بوونەکەی دروستە، بەڵام ئەو وشە «ادا»ی عەرەبی نییە بەڵکوو «هداد»ە بە مانای ئارامی. لەو ڕیشەوە «هدادیک» هەیە بە مانای: «ئارام، بەئارامی".

ئەزەل: مامۆستا ئەو وشەی بە «زەمانی هەمیشەیی بەرەو ڕابردوو» مانا کردووەتەوە کە دروستە و کێشەی نییە، بەڵام ئەو وشەی بە عەرەبی داناوە کە وێناچێ دروست بێ، چونکە ئەو مانایە دەگەڵ مانای هیچ کام لەو وشانە کە ڕیشەکەیان سێ پیتی «ا، ز، ل» یا «ز، ل، ل»یە، نایگرێتەوە. ئەو وشەش ئەگەر عەرەبی بێ، سێ پیتە سەرەکییەکانی لەو دوو حاڵەتەی گۆرین تێناپەڕێ کە ماناکەی دەگەڵ هیچ کامیان نایگرێتەوە. وێدەچێ ئەو وشە لە زمانی پەهلەوییەوە چووبێتە نێو عەرەبی و بەو

چەشنە شکڵەکەی گۆڕدراوە. ئەو وشە پەهلەوییەی کە مەبەستمە، وشەی «ئەسەر»ە کە وشەیەکی ناسادەیە و لە دوو بەشی «ئە» (ئامێری نەرێ / نەبوون) + «سەر» (جەمسەر) ساز بووە کە ماناکەی دەبێتە: «بێ جەمسەر» واتا زەمانێکی کە دەسپێک و جەمسەری نییە. دوکتۆر بارام فرەوەشی دە هـەردووک فەرهەنگە بەنرخەکەی خۆیدا واتا «فەرهەنگی فارسی ـ پەهلەوی» و «فەرهەنگی پەهلەوی ـ فارسی»، ڕێک ئەو مانایەی هێناوە.

تەپکە: مامۆستا ئەو وشەی ئاوا مانا کردووەتەوە: «داو و تەڵەیەکە کە داوەکانی لە مووی کلکی ئەسپ و بارگین ساز دەکەن و لە سەر تەختەیەکی قایم دەکەن...». هەروەها وشەکەی بە ناسادە زانیوە و پێی وا بووە کە لە «تەپ + ک + ئە» ساز بووە. ماناکە کێشەی نییە، بەڵام مانا و ڕیشەکە یەکتر ناگرنەوە. بەشی یەکەم واتا «تەپ»، هەر تەوپ یا تۆپە کە لە تورکییەوە هاتووە و ئەویش بۆی هەیە لە ”tube“ی ئینگلیسییەوە هاتبێ. ڕەگی «تەپ»، وشەگەلێکی لێ ساز دەبێ کە مانای «خڕ» و «گردیلە»یان هەیە؛ وەکوو: تۆپۆل، تەپک، تەپۆڵکە، تەپاڵە و ....، بەڵام تەختەی داو دەگەڵ ئەو مانایانە نایگرێتەوە و دەبێ لە ڕەگی «د، ب، ق»ی عەرەبییەوە وەرگیرابێ، چونکە لە عەرەبیدا وشەگەلێکی کە لە ڕەگی «د، ب، ق» ساز دەبن، مانای چەسپاندن و گرتنی باڵندە بە چەسپیان هەیە. کە وایە زۆر ئاساییە کە وشەی «تەپکە» لە «الدبق»ی عەرەبی وەرگیرابێ کە ماناکەی: جۆرە چەسپێکی کەسکە کە لە سەر داری ڕۆدەکەن و باڵندەی پێدەگرن.

ڕەونـەق: مامۆستا ئەو وشەی بە عەرەبی زانیوە کە ماناکانی: ڕمێن، برەو و ڕەواجە. بۆچوونی مامۆستا دە دەستنیشان کردنی ڕەچەڵەک و ڕەگەزی ئەو وشەدا دروست نییە؛ چونکە وشەی «ڕەونەق» بە عەرەبیکراوی «ڕەوەنگ»ە کە لە «ڕەو» (ڕەگی ئێستای چاوگی ڕۆیشتن) + «ەنگ (پاشگری ئاوەڵناوی کارا) ساز بووە کە ئەو پاشگرە ئەورۆکە ماناکانی: چاوگ، شوێن و ئامێر دەداتە بە وشە (فرهنگ پیشوندها و پسوندهای فارسی،ص:٤٢٢). کە وایە مانای سەرەکیی «ڕەونەق»، «ڕەوەندە»یە و مانای ئەورۆکەشی کە بە کار دەهێندرێ، «ڕۆیشتن» و «ڕەواج»ە. بۆچوونی دوکتۆر «محەممەد حەسەندوست»یش لەبارەی ئەو وشەدا ئەوەیە کە: ئەو وشە وێدەچێ لە ”rōšnag“ وەرگیراوە و دەگەڵ وشەی «روشن»ی فارسی هاوڕیشەیە (فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی، ص: ١٤٩٧). هەر کام لەو دوو بۆچوونانە کە

دروست بن، ئەوە دەسەلمێنێ کە: وشەی «ڕەونەق» عەرەبی نییە. وشەیەکی تر لەو چەشنە کە خاوەنی پاشگری «ـەنگ»ە و بووەتە «نەق»، وشەی «خۆوەرنەگ»ە کە بووەتە «خۆوەرنەق» و بە مانای شوێنی خواردنە و پاشگری «ـەنگ» دەو وشەدا مانای شوێن دەداتە بە وشەکە. پاشگری «ـەنگ» کە بە شکڵەکانی «نگ» و «ینگ»یش کەلکی لێوەردەگیرێ، وێدەچێ کە دەگەڵ پاشگری "ing"ی ئینگلیسی هەر یەک بن. ئەو پاشگرە کە یەکێک لە کارەکانی ساز کردنی ئاوەڵناوی کارایە، وەکوو پاشگرێکی سڕ و مردوو نەک چالاک، دە هێندێک وشەی فارسی و کوردیشدا ماوەتەوە و زۆر کەس پێی وایە ئەو پاشگرە ناوی ئامێر ساز دەکا، بەڵام ئەگەر لێی ورد بینەوە، مانای وەکوو ئینگلیسی زۆرتر هەر مانای ئاوەڵناوی کارا دەدا بە وشە؛ وەکوو: برینگ (بڕ: ڕەگی ئێستای بڕین + ینگ: پاشگری ئاوەڵناوی کارا)، قولێنگ (قوڵ: ڕەگی ئێستای قووڵ کردن + ینگ)، بێژینگ (بێژ: ڕەگی ئێستای بێژتن + ینگ). وشەکانی برینگ و قولێنگ و بێژینگ، دە ڕاستیدا مانای: بڕندە، قووڵکەر و بێژەریان هەیە، بەڵام ئێستاکە وەکوو ناوی ئامێر کەلکیان لێوەردەگرن. ئەو پاشگرە دە زمانی ئینگلیسیدا زۆر جار مانای ئاوەڵناوی کارا و چاوگ دەداتە بە وشە. بۆ وێنە وشەی "floating" هەم مانای ڕەسەرئاوکەوتووی هەیە و هەم مانای ڕەسەرئاو کەوتن. یا وشەی "writing"، بە مانای نووسین و وشەی "going"، بە مانای زیندوو، ڕەوەندە و ڕۆیشتنە کە هەر دووک مانای چاوگ و ئاوەڵناوی کارایان تێدا بەدی دەکرێ.

مەودا: مامۆستا ئەو وشەی بە «مابەینی دوو شت یا دوو شوێن» مانا کردووەتەوە و بە بەرامبەری «مبدا»ی عەرەبی داناوە. ماناکە و عەرەبی بوونەکەی دروستن، بەڵام بەرامبەری «مبدا» نییە بەڵکوو بەرامبەری «مدی»ی عەرەبییە چونکە «مبدا» خاڵی دەستپێکە و تەنیا خاڵێکە، بەڵام «مەودا» کە هەر «مدی»ی عەرەبییە، فاسلە، ئەندازە یا هێڵی نێوانی دوو خاڵ یا دوو شتە کە لە ژمارەیەک خاڵی بێبڕانەوە پێکدێ. جیاوازیی نێوان دوو وشەی «مبدا» و «مدی»ی عەرەبی زۆرە کە کوردییەکەی «مەودا»یە.

دە کۆتایی ئەم پاژەدا کە باسی هەبوونی هەڵەم دەو فەرهەنگەدا کرد، پێویستە بڵێم کە زۆرترین هەڵەکانی کە دەو فەرهەنگەدا وەبەر چاوم کەوتوون، پێوەندییان بە زمانی عەرەبییەوە هەیە و دەکرێ بە کەلک وەرگرتن لە فەرهەنگە باشەکانی عەرەبی

و سەرچاوە بڕواپێکراو و پێوەندیدارەکان، ئەو هەڵانە بچندرێنەوە و ڕامالدرێن.

٢ ئەو جۆرەی کە شیاوە، دەو فەرهەنگەدا لە ڕۆڵی پاشگر و پێشگر بۆ پشکنینی وشەکان و ڕیشەناسیی ئەوان کەلک وەرنەگیراوە. دێرەدا مەبەستی سەرەکیی من ئەوەیە کە زۆر پێشگر و پاشگر ـ بەتایبەت پێشگر و پاشگرە کۆن و سڕەکان ـ کە دەکرێ ڕۆڵێکی سەرەکییان دە ڕوونکردنەوەی مانا و ڕیشەی وشەکاندا هەبێ، وەبەر چاو نایەن و کەلکیان لێوەرنەگیراوە یا مامۆستا مانای ڕوونی بۆ نەنووسیون. ژمارە و ڕێژەی ئەو پاشگرە و پێشگرانەش کەم نییە و ئەگەر بە دروستی و ڕێکوپێکی کەلکیان لێوەرگیرابایە و باسیان کرابایە، زۆر کێشەی ئەو فەرهەنگە حەل دەبوو و نرخ و بایەخی فەرهەنگەکە دە ئاستێکی بەرزتردا دەبوو. پێویستە بڵێم کە مامۆستا زۆربەی پاشگر و پێشگرەکانی وەکوو سەروشە هێناوە و ماناشی کردوونەتەوە، بەڵام کەموکووڕییان هەیە بەتایبەت دە پێشگر و پاشگرە کۆن و سڕەکاندا کە شاراوەن و بە جوانی ناکەونە بەرچاو. هەر ئەو جۆرەی پێشتریش باسم کرد، مامۆستا دە هێندێک وشەشدا کە ڕەگەڵ عەرەبی کەوتوونە و پاشان بە تەرح و تووزی عەرەبییەوە گەڕاونەتەوە نێو زمانەکانی کوردی و فارسی، تووشی هەڵە بووە و ئەگەر مامۆستا دوای جلک گۆڕینی ئەو وشە و پاشگر و پێشگرانە ئەوانی ناسیبایەوە، هێندێک کێشەی تریش دەو فەرهەنگەدا حەل دەبوون. یەکێک لەو پێشگرانەی کە پێشتر باسم کرد و چووەتە نێو عەرەبی و جلکی گۆڕیوە و پاشان گەڕاوەتەوە نێو زمانەکانی کوردی و فارسی، پاشگری «ەنگ» یا «نگ»ە کە بە شێوەی «نەق» بەرچاو دەکەوێ و مامۆستای بە سەر تەڵەی هەڵەدا خستووە.

پاشگرێکی تر کە مامۆستا باسی نەکردووە، «اج»ە کە چاوگ ساز دەکا و دە وشەگەلێکی وەکوو «ڕەواج»، «تاراج» و...دا دەبیندرێ. مامۆستا بۆ ڕەچەڵەکی وشەی «ڕەواج» نووسیویەتی کە: عەرەبییە و لە ”rawāg“ی پەهلەوی وەرگیراوە. کە وایە پێویست ناکا بڵێین عەرەبییە و باشتر وایە کە بڵێین: ئەو وشە بەعەرەبیکراوی ”rawāg“ی پەهلەوییە و لە «ڕەو» کە ڕەگی ئێستای «ڕۆیشتن»ە + ”āg“ کە دە عەرەبیدا بووەتە «اج»، ساز بووە.

مامۆستا بۆ وشەی «تاراج»، نیشانەی پرسیاری داناوە تاکوو بە خوێنەر بلێ کە ڕەچەڵەک و بەشەکانی ئەو وشە لای من ڕوون نییە؛ دە حالێکدا ئەو وشە لە دوو

بەشی: «تار» کە شکڵێکی تری «تاڵ»ە و دە وشەی «تاڵان»دا بەر چاو دەکەوێ، + «اج» ساز بووە. پاشگری «اج»، پاشگری چاوگسازە و «تار» یا «تاڵ» بۆی هەیە کە لە وشەی "stara" ی ئێرانی کۆن بە مانای «هێرشی تاڵانکەرانە» وەرگیرابێ. دە زمانی ئاسیدا وشەی "æstær" بە مانای تاڵان و دە ئاڵمانیشدا "stehlen" بە مانای دزی (فرهنگ ریشهشناختی زبان فارسی، ص:٨١٠) و دە ئینگلیسیشدا "steal" بە مانای دزین و دەستدرێژی هەیە. ڕەگی «تار/ تاڵ» جگە لە تاڵان دە وشەکانی: تەرە، تاراندن، تاراوگە، تارومار و ... یشدا دەبیندرێ.

پاشگرێکی تر کە دەکرا بۆ پشکنینی وشە و ماناکردنەوە و ریشەناسی و شیکرنەوە کەلکی لێوەرگیرێ، پاشگری «نە»یە کە دە وشەگەلێکی وەکوو: ڕەخنە، ڕۆچنە و ...دا دەبیندرێ. مامۆستا بۆ سەروشەی «ڕەخنە» تەنیا گوتوویەتی فارسییە و ئاماژەی بە نسادە بوون و مانای بەشەکانی ئەو وشەیە نەکردووە. وشەی «ڕەخنە» لە «ڕەخ»: درز، کون + «نە»: پاشگری شوێن، پێکهاتووە. وشەی «ڕۆچنە»ش کە مامۆستا بە شکڵی «ڕۆچن»ی هێناوە، بەو چەشنەش، پیتی «ن» وەکوو «نە» پاشگری شوێنە. ئەو وشە لە «ڕۆچ» کە دە ڕابردووی دووردا "rauča" بووە و مانای «ڕۆژ»ی هەیە + «ن» (پاشگری شوێن) پێکهاتووە. بەو چەشنە وشەی «ڕۆچنە / ڕۆچن» مانای شوێنی هاتنە ژووری ڕۆژ یا تیشکی ڕۆژ دەدا کە هاوماناکەی «کولانە»یە.

پێشگرێکی تر کە مامۆستا باسی نەکردووە و دە هێندێک وشەی کوردیدا هەیە و بۆ ناسینی ساختار و مانا و ڕەگەز و ڕەچەڵەکی وشە یارمەتیدەرە، پێشگری «ئا»یە کە پێشتر زۆرتر بە شکڵی «ئە» هاتووە. ئەو پێشگرە دە زمانەکانی کوردی و فارسیدا سڕ و ناچالاکە و کەمتر کەلکی لێوەرگیراوە یا لێی وەردەگیرێ، بەڵام دە زمانەکانی پەهلەوی، ئەوێستایی و سەنسکریتدا لە ڕادەبەدەر کەلکی لێوەرگیراوە و تا ئەو شوێنەی ئەمن ئاگاداریم هەیە، دە زۆریەک لە زمانە ئورووپایەکانیشدا ـ بەتایبەت یونانی و ئینگلیسی ـ بە کار هێندراوە و وشەی پێ ساز کراوە. مانای پێشگری «ئا / ئە»، «نا / نە»یە. بۆ ڕوون کردنەوە، پێشگری «ئا» دە چەند وشەدا باس دەکەین. یەکێک لەو وشانە، وشەی «ئاسوودە»یە. مامۆستا بۆ ئەو وشە تەنیا گوتوویەتی کە: فارسییە و ئاماژەی بە نسادە بوونی ئەو نەکردووە و نەپڕژاوەتە سەر بیچمی کۆن و ڕەگ و ڕیشەی ئەو. ئەو وشە لە «ئا» (پێشگری نەرێ/ نەبوون) + «سوود»

(سوت: دەست لێدان) + «ە» (پاشگری ئاوەڵناوی بەرکار) پێکهاتووە. ئەو پێشگرە هەر وەها دە وشەی «ئاهۆ»شدا بەرچاو دەکەوێ کە مانای پەتا و نەخۆشی دەدا. وشەی «ئاهۆ» لە دوو بەشی: «ئا» (نا) + «هۆ» (باش) پێکهاتووە کە پێکەوە مانا سەرەکییەکەی دەبێتە: «شتی خراپ و ناخۆش». پێشتر دە وشەی «ئەزەل»یشدا باسی ئەو پێشگرەم کرد و گوتم کە: بە عەرەبیکراوی ”asar“ی پەهلەوییە و بە مانای بێ سەر یا بێ جەمسەرە. بۆ ڕوون کردنەوە و ئاگاداری زۆرتری خوێنەران و بەردەنگان چەند شایەتێکی تر لە زمانەکانی تر ئاراستە دەکەم:

ئەوێستایی: ئەشاتە: ئە (نا) + شاتە (شاد) = ناشاد، خەمۆک / پەهلەوی: ئەپوسرە: ئە (نا) + پوسرە (کوڕ) = بێکوڕ / سەنسکریت: ئەکەرە: ئە(نا) + کەرە(کار) = سڕ و ناچالاک / ئینگلیسی amoral: کە لە a: (نا) + (moral): (ئەخلاقی) پێکهاتووە و پێکەوە دەبێتە: غەیری ئەخلاقی.

پاشگرێکی تر کە دە هێندێک وشەدا هاتووە، بەڵام ئاماڵتواوە و نادیارە و مامۆستا وەک سەروشە باسی نەکردووە و دە مانا کردنەوە و پشکنین و دەستنیشان کردنی ساختاری وشەکاندا کەمتر کەلکی لێوەرگرتووە، پاشگری «ێر/ یر»ە. ئەو پاشگرە دە وشەکانی: جووتێر، وەرزێر، دلێر، دەبیر و...دا بەر چاو دەکەوێ. چەشنێکی سواو و نادیارتری ئەو پاشگرە دە دوو وشەی چەتر و چادریشدا هەیە. ئەم دوو وشە مانا و ساختار و ڕیشەکەیان هەر یەکە، بەڵام ئەوڕۆکە وەکوو دوو وشەی جیاواز و بە مانای جیاواز کەلکیان لێوەردەگیرێ. پێویستە ئاماژە بکەم کە وشەی «چادر» دە فارسیدا بە هەرسێک چەشنی: «چادِر»، «چادَر» و «چادُر» تۆمار کراوە. دەبارەی ڕیشە و ڕابردووی ئەو پاشگرەدا بۆچوونی جیاواز هەن. دوکتۆر محەممەد حەسەندوست بە پێی سەرچاوەکانی بەر دەست پێی وایە کە ئەم پاشگرە دە ڕابردووی کۆندا ”vara /bara“ بووە کە ماناکەی «هەڵگر»ە (فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی، سەروشەی دەبیر). مامۆستا نانەوازادەش پێی وایە کە ئەو پاشگرە پێشتر «یار» بووە و ئەویش لە «دار» وەرگیراوە و ماناکەی «هەڵگر و خاوەن بوون»ە. بۆ ڕوون کردنەوە و زانیاری زۆرتر، مانا و ساختار و ڕیشەی چەند وشەیەک کە ئەو پاشگرەیان تێدایە، لێکدەدەمەوە:

یەکێک لەو وشانەی کە پاشگری «ێر»ی تێدایە و مامۆستا دە فەرهەنگەکەیدا نەیهێناوە، وشەی «دلێر»ە کە لە دوو بەشی «دل»(دڵ: جورعەت و بوێری) +

«ێر»(پاشگری ئاوەڵناوی کارا) پێکهاتووە. وشەیەکی تر کە پاشگری «یر»ی تێدایە، وشەی دەبیر (نووسەر)ە کە لە دوو بەشی «دەب (دە پەهلەویدا «دیپ»: نووسراوە، دەقی بەڵگە) + «یر» (پاشگری ئاوەڵناوی کارا) پێکهاتووە کە ماناکەی دەبێتە: نووسەر یا خاوەنی نووسراوە و بەڵگەنامە. هەر ئەو جۆرەی پێشتر ئاماژەم پێکرد، ئەو پاشگرە دە دوو وشەی «چادر» و «چەتر»دا سواوە و هەر کەس ڕیشە و مانا و ساختاری ئەو دوو وشە نەزانێ، وا دەزانێ دوو وشەی جیاواز و سادەن نەک داڕێژراو، بەڵام ئەو دوو وشە داڕێژراون نەک سادە. ڕیشەی ئەو دوو وشە «چاد" (chad)ی هیندییە کە بە مانای «داپۆشین»ە و دە زمانە جۆراوجۆرەکانی هیندی، ئێرانی و ئورووپاییدا پاشگری "er/or / är/ ur / ür / úr"ی گرتووە و ئەو دوو بەشە لە سەریەک مانای «داپۆشەر»ی هەیە. شێوازی نووسین و گۆ کردنی وشەی «چادر» دە هێندێک زمان و زاراوەکاندا بەو شێوەیە:

روسی: shator / فەریزەندی: cajür / یەرنی: cädär نەتەنزی: câvur / ئیسمەنانی: câuär / سورخەیی: cadúr / لاسگەردی: câdór / شەهمیرزادی: câdor / cur گیلەکی: câdär / سەنسکریت: chatar (حاشیه برهان قاطع، صص: ٩ – ٦٠٨)؛ پەهلەوی: čātur . ساختاری ئەو وشانە ـ بەتایبەت دوو وشەی چەتر و چادر کە هەر یەکن ـ دە زمان و زاراوە جۆراوجۆرەکاندا سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە ئەو وشانە نسادەن، بەڵام هیچ کام لە مامۆستایانی ڕیشەناسی کوردی و فارسی (مامۆستا نانەوازادە و مامۆستا محەممەد حەسەندوست) دە فەرهەنگەکانیاندا ئاماژەیان بە ناسادە بوونی دوو وشەی چادر و چەتر نەکردووە و دەبارەی پاشگری ئەو دوو وشەدا نەدواون.

بە بڕوای من تەواوی پاشگرەکانی: یر (دەلیر، دەبیر)، ێر(جووتێر، وەرزێر)، ـەر(نووسەر، بیسەر، بینەر)، ار(پەرستار)، er و or ی ئینگلیسی و هاوچەشنانی ئەوانە دە تەواوی زمانە هیندی، ئێرانی و ئورووپاییەکاندا کە پاشگری ئاوەڵناوی کاران و پیت و بڕگە و شێوەی گۆ کردنەکانیشیان یا وەکوو یەکە یا لێک نیزیکن، سەرچاوەکەیان یەکە و لقوپۆی یەک ڕیشەن. شایەتێکی باش و سەلمێنەر بۆ ئەو داوایە شکڵە جۆراوجۆرەکانی نووسین و گۆ کردنی وشەی «چادر»ە دە زمان و زاراوە جۆراوجۆرەکاندا؛ بەتایبەت دە زمانی فارسیدا کە پێشتر ئاماژەم پێکرد کە بە هەرسێک شێوەی: «چادِر»، «چادَر» و «چادُر» تۆمار کراوە.

ئاكامی ئەو باسە ئەوەیە كە دەكرێ ڕیشەناسان وەك ئامێرێكی كارا و بەكەلك بۆ پشكنین، مانا كردنەوە و ڕیشەناسیی وشەكان لە پاشگر و پێشگرەكان كەلك وەرگرن تاكوو خوێنەران و بەردەنگان بەتایبەت ئەوانەی كە ئاستی خوێندەوارییان نزمە یا پسپۆڕی ئەو بەستێنە نین، بەهرە و كەلكی زۆرتر لە بەرهەمەكانی ئەو ڕیشەناسانە وەرگرن و شارەزایی زۆرتر پەیدا بكەن. هەر ئەو جۆرەی پێشتر باسم كرد و نموونە و شایەتم هێناوەتەوە، ئەو كەموكوڕییە دە فەرهەنگی ڕیشەناسی مامۆستا نانەوازادشدا بەر چاو دەكەوێ. بەو چەشنە زۆر پاشگر و پێشگری تر ماون كە مامۆستا باسی نەكردوون و دەو وتارەدا ئەو دەرفەتە نییە كە بتوانم بە تەواوی و هەراوی لێیان بدوێم و بە تێروتەسەلی باسیان بكەم. دە داهاتوودا و دە بەرهەمێكی سەربەخۆ و تایبەتدا بە تێروتەسەلی لە سەریان دەدوێم.

٣. زۆر وشەی بەرچاو كە ڕۆژانە كەلكیان لێوەردەگیرێ، دەو فەرهەنگەدا نین. پێشتر ئاماژەم پێكرد كە سەرەڕای ئەوەی كە تاكوو ئێستا نەمتوانیوە بە وردی ئەو فەرهەنگە بخوێنمەوە و لە سەر وشەكانی ورد ببمەوە و بە ڕێكوپێكی بەراوردیان بكەم و هەڵیانسەنگێنم، بەڵام بەو حاڵەشەوە تاكوو ئێستا دەوروبەری پێنج سەت وشەم تۆمار كردووە كە یان دەو فەرهەنگەدا نین یان هەڵەیان تێدایە یان تێبینیی جیاوازم لە سەریان هەیە. دێرەدا هێندێك لەو وشانە دێنمەوە كە دەو فەرهەنگەدا نەهاتوون: بەلال، پیت (كەڕەت، جار)، پڕشەنگ، پڕشنگ / پڕشنگ، پووشاڵ، پەفەڵ، تۆزلیق، چاپلووس، چەوەڵ (تفاقی بەرپێی ماڵات یا بەرماوی ئەوان)، خەڵف / غەڵف (شوێنی حاوانەوەی مێشەهەنگوین)، خەلەبان، دلێر / دەلیر، دەراو، دۆمەڵان، ڕامان، ڕەگبار، سەرۆ (ئیلهام)، دانوستان، كرۆك، شاهۆ، فڕ (مووی فڕ)، كاناڵ، گلوو، كشپەڵ، كەفەڵ (كەفەڵۆك)، گوندێن، گەردە، لق، مسۆگەر، مرزەم، مزاش، نەسیم، نكۆڵی، نمرە، ناوازە، هەدەر، هەڵۆڵ، هەڵوێنی، هەڵقولێن، هەژیر.

٤. مامۆستا ڕیشەی زۆر وشەی دەو فەرهەنگەدا نەنووسیوە و بە دانانی نیشانەی پرسیار، نەبوونی ئاگاداریی خۆی لە سەر ڕیشەی ئەو وشانە ڕاگەیاندووە. بە بڕوای من چونكە زمانی كوردی یەكێك لە لقەكانی زمانە هیندوئێرانییەكانە و دەگەڵ زمانە هیندو–ئوروپاییەكان هاوڕیشەیە و خزمایەتی دەگەڵیان هەیە و هەر

هەواڵنامەی كتێب

وەها دەگەڵ زمانەکانی تورکی و عەرەبی تێکبەزیون و تێکەڵاوی و پێوەندییەکی لە ڕادەبەدەر نیزیکیان هەیە. مامۆستا دەیتوانی تا ئەو شوێنەی بۆی دەگونجا بە لانیکەم خوێندنەوەی دەورێک لە فەرهەنگەکانی ئەو زمانانە و وردبوونەوە لە سەر مانا و ساختار و ڕیشەی وشەکانیان و کۆکردنەوەی زانیاری پتر لە سەر وشەکانی ئەو زمانانە، ڕیشەی زۆر وشەی تر ڕوون بکاتەوە یا زانیاریی زۆرتریان لە سەر بدا، بەڵام ئەو کارەش پێویستی بە کات و ورەی لە ڕادەبەدەر و ئاشنایەتی پێشتر دەگەڵ ئەو زمانانە هەیە. بۆ وێنە مامۆستا دەبارەی ڕیشە و ڕەچەڵەک و قۆناخی پێش ئێستای وشەی «گەورە» هیچی نەنووسیوە. ئەو وشە دە زمانی فارسیدا نییە کە زۆر لە زمانی کوردی نیزیکە و دە زمانە کۆنەکانی ئێرانیدا شوێنەوارێکی لە خۆیەوە جێ نەهێشتووە. کە وایە ناچارین دە زمانەکانی تردا لێی بگەڕێین. ئەگەر بڕوانینە فەرهەنگی سەنسکریت، وشەی «گەروە»ی تێدایە کە ماناکەی «خۆپێزلی»، «غللور بوون»، «لەخۆبایی بوون» و «خۆبەگەورەزانین»ی هەیە. جیاوازیی ئەو وشە دەگەڵ وشەی «گەورە» تەنیا جێگۆڕکێی دوو پیتی «ر» و «و» یە کە ئەوەش شتێکی زۆر ئاساییە و دە زۆر وشە و زۆر زماناندا دەبیندرێ. هەر وەها وشەی «گەروەتی»یش دە زمانی سەنسکریتدا هەیە کە چاوگە و مانای «خۆبەگەورەزانین»ی هەیە. کە وایە وشەکانی «گەورە» و «گەورەیەتی» وێدەچێ هەر «گەروە» و «گەروەتی» سەنسکریت بن. خاڵێکی شیاوی ئاماژە ئەوەیە کە پاشگری «ـەتی» دە کوردیدا ڕۆڵێکی بەرچاوی دە ساز کردنی چاوگدا هەیە و بە هەراوی کەلکی لێوەردەگیرێ. ئەو پاشگرە بە جیاوازییەکی زۆر کەمەوە دە گۆ کردندا دە زمانەکانی سەنسکریت، ئەوێستایی، ئینگلیسی و ...یشدا بە کار دەهێندرێ و چاوگی پێ ساز دەکردرێ. بۆ وێنە دە ئینگلیسیدا پاشگری "ity" کە زۆر چالاکە و بە فرەوانی بۆ ساز کردنی چاوگ کەلکی لێوەردەگیرێ و دە زۆر وشەی وەکوو: "civility" (شارەستانییەت)، "jollity" (شادومانی)، "activity" (چالاکی) و ...دا دەبیندرێ. ئەو پاشگرە دە ئەوێستاییشدا هەیە و دەوێشدا وەکوو کوردی و ئینگلیسی هەر چاوگ ساز دەکا. بە پێی ڕۆڵ و ساختار و مانا و گۆ کردنی ئەو پاشگرانە، وێدەچێ دە هەموو زمانەکاندا هەر یەک بن. شایەتێک دە ئەوێستاییدا:

**ئوتیۆئیتی (otioity): کە مانای «توانایی» هەیە.**

٥. مامۆستا بۆ زۆر وشە کە لە زمانەکانی ترەوە ڕەگەڵ زمانی کوردی کەوتوون، دوای دەستنیشان کردنی ڕەگەز و ڕەچەڵەک، لە سەر ڕیشە و مانای سەرەکی وشەکان نەدواوە. بە بڕوای من ڕیشەناس دەتوانێ بە کەلک وەرگرتن لە فەرهەنگە بەناوبانگەکانی ڕیشەناسیی زمانەکانی تر، ڕیشەی زۆریەک لە وشە ڕەگەڵکەوتووەکان ڕوون بکاتەوە و لە سەر مانا سەرەکییەکانیان بدوێ. بۆ وێنە وشەی «تراکتۆر» کە مامۆستا تەنیا ئاماژەی بە فەڕانسەوییبوونەکەی کردووە؛ دە حاڵێکدا دەکرا بە کەلک وەرگرتن لە فەرهەنگە ڕیشەناسییەکانی ئینگلیسی یا فەڕانسەوی بگوترێ کە: ئەو وشە لە دوو بەشی «تراکت» (لە ڕەگی "tractus") + "ۆر" ("or"): پاشگری ئاوەڵناوی کارا) پێکهاتووە کە بەشی هەوەڵی بە مانای «کێشان»ە و پێکەوە دەبێتە «کێشەر». عەرەبەکانیش کتومت ئەو مانایەیان وەرگرتووە و کردوویانەتە «جَرّار» بە مانای «کێشەر». ئەو وشە لە ڕەگی «جَرّ» بە مانای «کێشان» وەرگیراوە و پێکەوە دەبێتە «کێشەر». نموونەیەکی تر وشەی «غەدر»ە کە بە ڕەچەڵەک عەرەبییە. مامۆستا لە مانای سەرەکیی ئەو وشەیەی نەکۆڵیوەتەوە. بە پێی ئەوەی کە زمانی عەرەبی زمانێکی قالبی (streotypal language)یە و وشەکان دە قالبەکاندا مانای تایبەت دەگرن، هەر کەس بڕێک شارەزایی لە سەر زمانی عەرەبی هەبێ، دەتوانێ لە ڕووی ئەو قالبەی کە وشەکەی کەوتووەتێ، مانای سەرەکی وشەکە بدۆزێتەوە. زمانی عەرەبی پێشگر و پاشگرەکانی زۆر کەمن و لەچاو زمانەکانی ئێرانی، هیندی و ئورووپایی، وەکوو ئەوەی وایە کە پاشگر و پێشگری نەبێ و دەکرێ بڵێین زمانی عەرەبی بەگشتی زمانێکی «تەسریفی"(flectional language) نییە. دە فەرهەنگە باش و بەناوبانگەکانیشدا سێ پیتی سەرەکیی وشەکان واتا ڕیشەکانیان نووسراوە کە وایە دۆزینەوەی ڕیشە و مانای سەرەکیی ئەو وشانەی کە لە عەرەبییەوە ڕەگەڵ زمانی ئێمە دەکەون، کارێکی دژوار نییە. بەو پێیە وشەی «غەدر» کە مامۆستا مانای «زوڵم و ناهەقی کردن»ی بۆ هێناوەتەوە، مانا سەرەکییەکەی «جێ هێشتن و پشت تێکردن»ە و مانای ناڕاستەوخۆ و دوورەکەی دەبێتە «زوڵم و ناهەقی». وشەی «غەددار» کە لە «غەدر» وەرگیراوە، مانا سەرەکییەکەی دەو قالبەدا دەبێتە: کەسێک کە زۆر جێهێڵ و پشتتێکەرە، بەڵام ئێمە دە مانای دووەمیدا بە مانای زاڵم و بێوەفا بە کاری دێنین. نموونەیەکی تر لە وشە ڕەگەڵکەوتووەکان، وشەی «بێهوودە»یە کە

مامۆستا نووسیویەتی فارسییە. ئەو وشە لە دوو بەشی «بێ» (پاشگری نەبوون) + «هوودە» (فایدە و قازانج) پێکهاتووە کە مامۆستا دەیتوانی بە هاسانی ئەو مانایە وە دست بخا و بینووسێ و بە بۆچوونی من نووسینەکەی لە نەنووسینی زۆر باشترە. بە بڕوای من بە هۆی تێکەڵاوی و تێکبەزین و پێوەندیی لە ڕادەبەدەری زمانی فارسی و کوردی دە ڕابردوو و ئێستاشدا، هەڵاواردن و جوێ کردنەوەی وشە فارسی و کوردییەکان بە تەواوی و بە تەکووزی، زۆر ئەستەم و چەتوونە و ڕەنگە بتوانم بڵێم کە مەحاڵە و پێویست ناکا بڵێین کە فڵان وشە فارسییە چونکە ڕەنگە پێشتر ئەو وشە لە زمانی مادییەوە کە بە قۆناخی پێشتری زمانی کوردی بە ئەژمار دێ، یان دە قۆناخەکانی تردا، ڕەگەڵ زمانی فارسی کەوتبێ. کە وایە بۆ وشە هاوبەشەکانی کوردی و فارسی ئەوەندە بەسە کە ڕیشە و مانای ئەوان بە سەرچاوەکانی بەر دەست دە زمانە جۆراوجۆرەکانی ئێرانی، هیندی و ئورووپاییدا ڕوون بکەینەوە یا بڵێین کە فڵان وشە دە فڵان زمانیشدا بەو چەشنەیە و ئەو ئاڵوگۆڕانەی بە سەردا هاتووە.

٦. کێشەیەکی تری ئەو فەرهەنگە لە ڕوانگەی منەوە ئەوەیە کە: مامۆستا دەبووایە دە تەواوی وشە ناسادەکاندا بەشە جۆراوجۆرەکانی لێک جوێ کردبایەوە و مانا سەرەکییەکانی لە تەنیشت بەشەکان نووسیبایە. پێویستە بڵێم کە مامۆستا تا ئەو شوێنەی کە توانیویەتی و بۆی لواوە، بەشەکانی وشە ناسادەکانی لێک جوێ کردووەتەوە، بەڵام ماناکانی لە تەنیشت بەشەکان نەنووسیوە. بۆ وێنە دە وشەی «گوڵینگە»دا گوتوویەتی کە: لە «گوڵ + ئینگ + ئە» پێکهاتووە، بەڵام مانای ئەو بەشانەی لە تەنیشت ئەوان نەنووسیوە. یا وشەکانی وەکوو: «گڕنی» یا «چەپەڵ» کە دیارە ناسادەن و دەکرێ بڵێین مانای بەشەکانیشیان ڕوون و ئاشکرایە، مامۆستا بە دانانی نیشانەی پرسیار (؟)، نەبوونی زانیاری خۆی لە سەر ساختار و مانای بەشەکانی ئەو وشانە نیشان داوە. هەر کەس شارەزایی لە سەر وشەی فارسی و کوردی و تا ڕادەیەکیش زمانەکانی تری هاوڕیشەی ئەو دوو زمانە و زمانە کۆنە سەرچاوەکان هەبێ و وشەکانی پشکنیبێتەوە و لە سەر ساختار و پێشگر و پاشگر و ماناکانیان ورد بووبێتەوە، بە هێندێک تێفکرین بۆی دەردەکەوێ کە وشەی «چەپەڵ» لە «چەپ» (ناڕاست، خوار) + «ـەڵ» (پاشگری نیسبەت) پێکهاتووە. پاشگری «ـەڵ»

وەکوو «اڵ»، پاشگری نیسبەتە و دە فارسیشدا هەیە و وێدەچێ دەگەڵ ”al“ی ئینگلیسی هەر یەک بن، بەڵام دە ئینگلیسیدا کەلکی زۆر لێوەردەگیرێ و ماناکەشی لە نیسبەت تێناپەڕێ، ئەمما دە فارسی و کوردیدا سڕ و ناچالاکن و هەر چەند ئاوەڵناوی نیسبی ساز دەکەن، بەڵام ئەوڕۆکە جاری وایە بێجگە لە ساز کردنی ئاوەڵناوی نیسبی بۆ چێ کردنی ناوی ئامێر یا بۆ شوبهاندنیش کەلکی لێوەردەگیرێ. بۆ نموونە وشەی «چەنگاڵ» کە لە «چەنگ» (پەنجە) + «اڵ»(پاشگری نیسبەت)، پێکهاتووە، مانا سەرەکییەکەی «چەنگی، وەکوو چەنگ»ە، بەڵام ئاخێڤەران بە ناوی ئامێرێکی بە کار دێنن کە بۆ خواردن کەلکی لێوەردەگیرێ. نموونەیەکی تر لەو بارەوە وشەی «زەنگاڵ»ە کە لە «زەنگ»(دە پەهلەویدا بە لاق دەکوترێ بەتایبەت لە ئەژنۆ بەرەو خوار) + «اڵ»(پاشگری نیسبەت) پێکهاتووە.

وشەی «گڕنی» لە سێ بەشی «گڕ» (نالووس) + «ن» (پاشگری ئاوەڵناوساز وەکوو: ورگن، چڵمن، کوڵکن) + «ی» (پاشگری نیسبەت) پێکهاتووە. جگە لەو نموونانەی کە باسم کرد، زۆر وشەی تریش هەیە کە ناسادەن و بەشە جۆراوجۆرەکانیان لێک جوێ نەکراوەتەوە و ماناکانیان نەنووسراوە. بە بڕوای من دەستنیشان کردنی وشە ناسادەکان و نووسینی مانای بەشەکان لە تەنیشتیان نە تەنیا دە فەرهەنگێکی ڕیشەناسیدا بەڵکوو دە فەرهەنگێکی باش و بەناوبانگیشدا پێویستە و بۆ گشت خوێنەرێک بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە پلەی زانستی زمانیان زۆر بەرز نییە، کەلکێکی لە ڕادەبەدەری هەیە.

دوای کۆتایی باسی خاڵە لاوازەکانی ئەو فەرهەنگە، پێش ئەوەی کە خاڵە بەهێزەکان باس بکەم، پێویستە بڵێم کە ئەو فەرهەنگە دەبێ دەگەڵ هاوچەشنی ڕابردووی خۆی هەڵسەنگێندرێ و پێوەر و تەوەرێک هەبێ کە بەو، باسەکە ڕوونتر بێتەوە و باشتر دە ئاوێنەی زەینی خوێنەراندا وێنا بکرێ. هەر ئەو جۆرەی کە دەزانن، باش و خراپەکان نیسبین و بە بەراورد کردن و هەڵسەنگاندن دەگەڵ هاوچەشنانیان باشتر یا خراپتر بوونیان دەردەکەوێ. کە وایە بۆ ئەوەی کە بزانین ئەو فەرهەنگە لە چاو هاوچەشن یا هاوچەشنانی ڕابردووی خۆی باشترە یا خراپتر، دە هێندێک خاڵدا ئەو فەرهەنگە دەگەڵ «فەرهەنگی ئێتیمۆلۆژیای زمانی کوردی» مامۆستا جەمال نەبەز هەڵدەسەنگێنم کە دەو بەستێنەدایە و لەو بارەوە تا پێش فەرهنگی «ڕیشەی وشەی کوردی»ی مامۆستا نانەوازادە بێ ڕکابەر و تاقانە بووە.

هێندێک لە گرینگترین خاڵە بەهێزەکانی ئەو فەرهەنگە لە ڕوانگەی منەوە ئەوانەن:

١. بۆچوونی من ئەوەیە کە «فەرهەنگی ڕیشەی وشەی کوردی»، لە چاو هاوچەشنی خۆی واتا «فەرهەنگی ئێتیمۆلۆژیای زمانی کوردی»ی مامۆستا جەماڵ نەبەز کە ئەویش تا کاتی نووسرانی «فەرهەنگی ڕیشەی وشەی کوردی» بێ ڕکابەر و تاقانە بووە، چەندین هەنگاو بەرەو پێش چووە. لە بارەی حەجمەوە فەرهەنگەکەی مامۆستا جەماڵ نەبەز یەک بەرگی مامناوەندییە کە جگە لە پێشەکییەکەی دەوروبەری ٣٠٥ لاپەڕەیە، بەڵام فەرهەنگەکەی مامۆستا نانەوازادە، شەش بەرگە و لە سەریەک ٤١٧٤ لاپەڕەیە. کە وایە لە بواری ژمارەی وشە و و گشتگیری و داگری، فەرهەنگەکەی مامۆستا نانەوازادە، زۆر لە فەرهەنگەکەی مامۆستا جەماڵ نەبەز لە پێشترە و لە سەرترە. مامۆستا جەماڵ نەبەز تەنیا ئەو وشانەی هێناوە کە بە بڕوای خۆی ڕیشەکانیانی زانیوە و تێبینی لە سەریان هەبووە، بەڵام مامۆستا نانەوازادە جگە لەو وشانەی لە بیری چووە و وەبەر چاوی نەهاتووە، تەواوی وشەکانی تری هێناوە کە دە زمانی کوردیدا بە کار دەهێندرێن و کاری بەوە نەبووە کە ئەو وشانە وشەی هاوردەن و ڕەگەڵ زمانی کوردی کەوتوون. مامۆستا لە تەنیشت ئەو وشە هاوردانە، ئاماژەی بە ڕەچەڵەکیان کردووە.

٢. دە ئەو فەرهەنگەدا، وەکوو فەرهەنگێکی گشتگیر و داگر، مانا جۆراوجۆرەکانی وشەکان نووسراوە و نموونە و شایەتیش هێندراوەتەوە و ئاماژە بە مانای زاراوەکانی پێوەندیدار بەو وشە، کراوە. جاری وایە بۆ مانا جۆراوجۆر و زاراوە پێوەندیدارەکان و نموونە و شایەت و شی کردنەوەی وشەیەک، نیزیک بە ٤ یان ٥ لاپەڕە و تەنانەت زۆرتریش تەرخان کراوە؛ دە حاڵێکدا مامۆستا جەماڵ نەبەز تەنیا لە ڕیشەی وشەکان دواوە.

٣. باشییەکی تری ئەو فەرهەنگە لە چاو فەرهەنگەکەی مامۆستا جەماڵ نەبەز ئەوەیە کە مامۆستا نانەوازادە تا ئەو جێیەی توانیویەتی و بۆی لواوە، پاشگر و پێشگرەکانیشی وەکوو سەروشە هێناوە و مانای کردوونەتەوە، بەڵام هەر ئەو جۆرەی پێشتر ئاماژەم پێکرد و تا ڕادەیەکیش بە تێروتەسەلی لێیدواوم، کەموکووڕییان هەیە. بەگشتی دەتوانم بڵێم کە «فەرهەنگی ڕیشەی وشەی کوردی»، جگە لە ئەوەی کە فەرهەنگێکی تایبەتی ڕیشەناسییە، فەرهەنگێکی گشتیشە کە بۆ هەر خوێندەوارێکی ئەویندای زمانی کوردی پێویستە.

٤. دە ئەو فەرهەنگەدا تا ئەو شوێنەی کە بۆ مامۆستا گونجاوە، بۆ زۆریەک لە وشەکان ڕەوتی گۆڕانی وشە و پیتەکانی باس کردووە و بۆ خوێنەری ڕوون کردووەتەوە کە دە قۆناخەکانی پێشتردا ئەو وشە چۆن بووە و چی بە سەر هاتووە و تا گەیشتووەتە ئێستا، چ گۆڕانکارییەکی بە خۆوە بینیوە، بەڵام مامۆستا جەماڵ نەبەز بەو ڕێژە ئەو کارەی نەکردووە و گۆڕانی پیتەکانی بەو چەشنە و بەو ڕوونییە باس نەکردووە.

٥. مامۆستا دە نووسینی ئەو فەرهەنگەدا بە پێیەکانی هەست و سۆزی زمانی و نەتەوەویستی، ڕێگای دەمارگرژیی نەپێواوە و بە دەستی ئەنقەست، بەرگی کوردی دەبەر وشەکان نەکردووە و تا ئەو ئاستەی دەستی زانستی پێیڕاگەیشتووە، ڕەچەڵەک و ڕەگەزی وشەکانی ڕوون کردووەتەوە و قەید و بەندەکانی ڕق و قین یا خۆشەویستی و ئەوین، کاریگەری تێنەکردووە و بە زۆری، مۆری زمان و نەتەوەی خۆی لە وشەکان نەداوە.

٦. کەسایەتی بەرزی مامۆستا کە وەکوو کێوی سەهۆڵ، بەشی هەرە زۆری دە نێو دەریای خاکەڕاییدا شاردراوەتەوە و بەشی کەمی بەر چاو دەکەوێ، بووەتە هۆی ئەوە کە لە هەر شوێنێک ڕیشە و ڕەگەز و ڕەچەڵەکی وشەکانی نەزانیوە، بە نیشانەی پرسیار دەریبڕیوە کە دەستی زانست و زانیاریم وێیڕانەگەیشتووە و نەمتوانیوە پەردەی تەم لە سەر ڕەچەڵەکی ئەو وشە لابدەم. جگە لە ئەوەی کە دەنگی ئینساف و خاکەڕایی دە کتێبەکەدا بە گوێی هەر خوێنەرێکی هەقبیس و بەئینساف دەگا، مامۆستا بۆخۆشی دە کۆتایی بەرگی شەشەمدا هاواری خاکەڕایی و ئینسافی بەرز کردووەتەوە و بە ڕوونی ڕایگەیاندووە کە ئەو فەرهەنگە، بێهەڵە و پەڵە نییە و بەهەق گوتوویەتی کە: زمانزان و زمانەوانێکی شیاوم چەنگ نەکەوتووە کە هەڵەچنی بکا و پێیدا بێتەوە ئەو فەرهەنگە ڕازاوەتر بکا.

٧. مامۆستا دە نووسینی ئەو فەرهەنگەدا نەکەوتووەتە گۆڕەپانی ڕیشەناسیی عەوامانە و جگە لە هێندێک هەڵە کە لە چاو حەجمی کتێبەکە ڕێژەیان زۆر کەمە، هەنگاوی زانستییانەی هەڵێناوەتەوە و لێزانانە کارەکەی بەرەو پێش بردووە و زانیارییەکانی دەگەڵ سەرچاوە بڕواپێکراوەکانی ڕیشەناسی دە زمانی کوردی و زمانەکانی هاوڕیشەدا و هەروەها دەگەڵ سەرچاوەکانی زمانە کۆن و باستانییەکان ناکۆکی نییە. لەو شوێنانەش کە کەوتووەتە لێژ و ئەستەمەکان و ئەگەری هەڵخلیسکانی

هەبووە، خاکەڕایانە بە شک و گومانەوە بۆچوونی خۆی دەربڕیوە کە نیشانەی کاردروستی و ئەمانەتداریی لێکۆڵەری ڕیشەناسە. من ئەوەندەی لە سەر ئەو فەرهەنگە توێژینەوەم کردووە و لە سەر وشەکانی ورد بوومەتەوە، لە هیچ شوێنێک چاوم بە زانیارییەک نەکەوتووە کە سەرچاوەکەی سست و لەرزۆک بێ یا لە کانگای هەست و سۆزەوە هەڵقوڵیبێ بەڵکوو بەشی هەرە زۆر و نیزیک بە تەواوی زانیاری و بۆچوونەکان دەگەڵ یاسا و ڕێسای زمانەوانی دەیگرنەوە و دەکرێ مۆری زانستی ئەو بەستێنەیان لێبدرێ.

دوای تەواو بوونی ئەو فەرهەنگە گەورە و بەنرخە من تەنانەت دێڕێکیشم نەدیوە کە لەبارەی ئەو فەرهەنگە نووسرابێ؛ جا نازانم نەنووسراوە یا من بێخەبەرم و ئاگادار نیم. ئەگەر نەنووسراوە، شتێکی زۆر ئاساییە و نیشانەی لاوازی و بێباخی ئەو فەرهەنگە نییە، بەڵکوو پێچەوانەی ئەوە دروستە. بە دڵنیاییەوە دەڵێم کەم کەس هەیە بتوانێ بڵێ کە ئەو فەرهەنگە چ پێگە و جێگەیەکی هەیە یا بتوانێ بڵێ کە ئەو فەرهەنگە باشە یا خراپ. تەنانەت فەرهەنگنووس و فەرهەنگناسەکانیش ئەو گرفتەیان هەیە. هەر کەس لە سەر زانستی ڕیشەناسی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی نەکردبێ و شارەزایی و ئاشنایەتی لە سەر زمانە کۆن و باستانییەکانی پەهلەوی، زمانی ئێرانی باستانی پێش پەهلەوی، ئەوێستایی، سەنسکریت و زمانە زاڵەکانی هاوسێ و تا ڕادەیەکیش زمانە هاوڕیشەکانی تر نەبێ، ناتوانێ ئەو فەرهەنگە هەڵسەنگێنێ و بەراوردی بکا. دەستکەوتنی ئەو کەسانەش زۆر چەتوون و ئەستەمە و بە قەولی عەڕەبان وەکوو «النادر کالمعدوم (وەکوو نەبێ وایە)» وایە. ئەو کەسە ئەگەر زمانزان و زمانەوانێکی لێهاتوو و لێزان و چازانیش بێ یا فەرهەنگناس و فەرهەنگنووسێکی سەرکەوتوو و نێوبەدەرەوەش بێ، بەڵام ئەگەر لە سەر ئەو بابەتانە کە باسم کرد، توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی نەکردبێ و خەزێنەی تەمەنی دە ڕێگای ئەو بابەتانەدا خەرج نەکردبێ، تەنیا دەتوانێ لە سەر شێواز و ساختاری ڕواڵەتی ئەو چەشنە فەرهەنگانە (فەرهەنگەکانی ڕیشەناسی)، بیروبۆچوونی خۆی دەرببڕێ نەک لە سەر نێوەرۆک و ڕەهەندە زانستی و خاڵە بەهێز و لاوازەکانی ئەو چەشنە فەرهەنگانە. کە وایە هۆی نەنووسرانی ڕەخنە و بابەت لەسەر «فەرهەنگی ڕیشەی وشەی کوردیی» مامۆستا نانەوازادە دە پانتایی ئەو کوردستانە هەراو و بڵاوەدا، لاوازی و کەمبایەخی ئەو فەرهەنگە نییە بەڵکوو بایەخی زۆر و پێگە و جێگەی بەرزی ئەو فەرهەنگەیە، کە

دەستی زانستی هەر کەسێکی وێڕاناگا. ئێستاش کە من قۆڵی جەسارەتم هەڵماڵیوە و ڕەخنە و بابەتم لە سەر ئەو فەرهەنگە نووسیوە و هەڵمسەنگاندووە و بەراوردم کردووە، بەو مانایە نییە، کە من ئەو کەسەم کە مامۆستا نانەوازادە بە دوایدا دەگەڕێ؛ یا بەو مانایە نییە کە من داوای پسپۆڕی و شارەزایی تەواوم دەو زانستەدا هەبێ بەڵکوو بە پێی ئەوەی کە چەندین ساڵە پێوەندی و ئۆگریم بە دەریای بێبنی ئەو زانستەوە هەیە بە ئەرکی خۆم زانی کە هەر چەند کەموکووڕیشی هەبێ، دەبانی زمان لە کالانی کپی دەربێنم و پەردەی بێدەنگی لە سەر ئەو فەرهەنگە باشە دادڕم بەشکم بتوانم ئەو جۆرەی کە شیاوە ـ سەرەڕای هەبوونی هێندێک کێشە کە لە چاو حەجم و قورسایی کارەکە زۆر کەمن ـ ئەو فەرهەنگە بەنرخە بە خوێنەران و بەردەنگان بناسێنم و لەچاو قۆناخی پێشتری ڕیشەناسیی زمانی کوردی پلە و پایە و پێگە و جێگەی ئەو فەرهەنگە دیار بکەم و بە بەردەنگان بڵێم کە مامۆستا چۆن باری گران و ئەرکی قورسی نووسینی ئەو فەرهەنگەی بەتەنێ و بە تاکەکەسی و بێ یارمەتیدەر و پشتیوان بە پشت و شان و پیلی لەخۆبردوویی و بە کۆڵی تێکۆشان و کۆڵنەدەری و نەبەزی هەڵگرتووە.

هەواڵنامەی کتێب

# زمان و زارە کوردییەکان لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە

د.ئەمیر موحەممەد موحەممەدئەمین

زمان یەکێکە لەو بنەما سەرەکییانەی، کە نەتەوەکانی پێ لە یەکتر جیادەکرێتەوە و ناسنامە و ناوێکی تایبەتی بۆ نەتەوەکەی هەڵدەگرێت، ئەم نەتەوانەش خاوەنی دابونەریتی جیاواز و سنووری دیارکراوی خۆیانن. هەربۆیە (زمانەوانی لێکۆڵینەوە لە زمانی هەموو نەتەوەیەک دەکات) (حافظ اسماعیلي علوي, ولید مازن العناتي،٢٠٠٩: ١٠٩). واتە؛ زمانەوانی کاتێک لێکۆڵینەوە لە زمانی نەتەوەیەک دەکات، لایەنە جیاوازەکان و لێکچوونەکان ئەو زمانە وەردەگرێت، چونکە ئەم زمانەش بەهۆی ئەوەی ئاخێوەرانی لەم سنوورە دیارکراوەی، کە تیایدا دەژین لە یەکتر دوورن و ڕۆژانە یەکتر نابینن، بە تێپەڕینی کات زمانەکەیان گۆڕانی بەسەردادێت و شێوازی ئاخاوتنیان دەگۆڕێت، بەم شێوەیە شێوازی نوێ لەم زمانە پەیدادەبێت، ئینجا تەنها دووری نێوان ئاخێوەران نابێتە هۆی گۆڕانی شێوازی ئاخاوتنی ئاخێوەران، بەڵکوو هۆکاری ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کۆچکردن و سەختی ناوچەی نیشتەجێبوونیان...هتد دەبێتە هۆی گۆڕانی شێوازی ئاخاوتنی ئاخێوەرانی نەتەوەیەکی دیارکراو، بۆ نموونە زمانی کوردیش یەکێکە لەو زمانانەی بە هۆکاری جیا جیا و دابڕان و دووری ئاخێوەرانی لە یەکترییەوە، زاری جیاوازی لێ پەیدابووە، کە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی وشەی جیاواز لە کاتی ئاخاوتنەکانیدا بەکاربهێنن، وەک لە زاری کرمانجی ناوەڕاست وشەی (هێلکە) بەکاردەهێنرێت، لە بەرانبەر ئەم وشەیەدا، لە زاری کرمانجی ژووروو (هێک)، لە زاری گۆرانی وشەی (هێڵە)، لە زاری لوڕی وشەی (خا/خای) بەکاردەهێنرێت و لە شێوەزارەکانی ئەم زارانەشدا وشەی تر بەرانبەر ئەم وشەیە هەیە. بەم جۆرە هەموو زمانێک بە هۆی ئەم گۆڕانکارییانەی لە زمانەکەی ڕوودەدات بە تێپەرینی کات دابەشی سەر زاری جیاواز دەبێت و ئەم زارانەش لایەنی لێکچوون و جیاوازی لەخۆدەگرن، بەڵام لە ڕووی بنەما سەرەکییەکانەوە سەر بە زمانی خۆیان دەبن. هەربۆیە (زمانەوانی بریتییە لەو زانستەی، کە توێژینەوە لە ئاستە جیاواز و لایەنە جیاوازییەکانی زمان دەکات)(محمد علي الخولي، ٢٠٠٠: ٢٥).

هەر لەم ڕوانگەیەوە زمانی کوردی، یەکێکە لە زمانە زیندووەکانی جیهان و وەکوو زمانەکانی سەر ئەم زەمینە خاوەنی ئاخێوەری و نەتەوەی خۆیەتی، وەک هەر زمانێکی تریش دابەشی سەر ژمارەیەک زار دەبێت، بەم پێیە ((زار _دیالیکت_ بەشێکە لەو زمانەی کە هۆزێک یان ناوچەیەک پێیدەئاخڤن)) (ئاری عوسمان خەیات).

واتە؛ هەر زارێکیش سنوورێکی جوگرافی خۆی هەیە و دابەشدەن بۆ شێوەزاری تر، دواتریش هەر هەموویان دەگەڕێنەوە بۆ سەر زمانەکەی خۆیان. بەم جۆرە سەبارەت بە دابەشکردن و دیارکردنی سنووری جوگرافی زارەکانی زمانی کوردی، هەریەکە لە زمانەوان، نووسەران و مێژوونووسان، تاکو ئێستا بە پێی کات و شوێنی جیاوازەوە، بە چەند جۆرێک زارەکانی زمانی کوردییان دیارکردووە. لێرەدا هەندێ لەم جۆرە دەستنیشانکردنانەی زارەکانی زمانی کوردی دەخەینەڕوو.

هەربۆیە میرشەرەفخانی بدلیسی یەکەم نووسەری کوردە لە کتێبی (شەرەفنامەدا) بەم شێوەیە زارەکانی زمانی کوردی دەستنیشانکردووە:

أ_ کرمانج ب_ لوڕ ت_ کەڵهوڕ پ_ گۆران(میرشەرەفخانی بدلیسی: ٢٠١٠، ٢١).

پاشان شێخ محمدی خاڵ لە کتێبی (فەرهەنگی خاڵ)دا بەم جۆرە زارەکانی زمانی کوردی دابەشکردووە:

أ_ زازا ب_ کرمانجی دەستە چەپ ت_ کرمانجی دەستە ڕاست پ_ لوڕی(شێخ محەمەدی خاڵ: ٢٠٠٥، حەڤدە).

دواتر جەمال نەبەز لە کتێبی (زمانی یەکگرتووی کوردی)دا زارەکانی زمانی کوردی بەم جۆرە دیاریکردووە:

_ دوو شێوە بنچینەیەکە: أ_ کرمانجی ژووروو ب_ کرمانجی ناوەڕاست

_ دوو شێوە لاتەنیشتەکە: أ_ کرمانجی ژێروو ب_ کۆمەڵە شێوەی گۆرانی زازایی(جەمال نەبەز: ١٩٧٦، ٢٢).

هەر لەم ڕووەشەوە صادق بهاءالدین ئامێدی لە کتێبی (ڕێزمانا کوردی کرمانجی یا ژۆری و ژێری یا هەڤبەرکری) زارەکانی زمانی کوردی بەم شێوەیە دابەشکردووە:

أ_ زارێ کرمانجی ب_ زارێ سۆرانی ت_ زارێ لوڕی و کەلهوری پ_ زازا (دوملی)، شەبەک و هەورامی (صادق بهاءالدین: ١٩٨٧، ٢٥).

لە پاشاندا فوئاد حەمە خورشید لە کتێبی (زمانی کوردی دابەشبوونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی)دا بەم شێوەیە زارەکانی زمانی کوردی دیاریکردووە:

أ_ کرمانجی باکور ب_ کرمانجی ناوەڕاست ت_ کرمانجی باشور پ_ گۆران(فوئاد حەمە خورشید: ١٩٨٥، ٤٠).

بۆ ئەم مەبەستەش زوبیر بیلال ئیسماعیل لە کتێبی (مێژووی زمانی کوردی)دا بەم جۆرە زارەکانی زمانی کوردی دەستنیشانکردووە:

أ_ کۆمەڵەی ژووروو(کرمانجی) ب_ کۆمەڵەی خواروو (سۆرانی)(زوبیر بیلال ئیسماعیل: ١٩٨٤، ١١٦).

هەر سەبارەت بەم دابەشکردنە، دکتۆر کامیل حەسەن بەسیر و دکتۆر کوردستانی موکریانی و سادق بهائەدین ئامێدی و حەمەئەمین هەورامی زمانی کوردی بۆ سەر چوار جۆر زار دابەش دەکەن، کە ئەمانەن (زاری کرمانجی خواروو، زاری کرمانجی ژووروو، زاری هەورامانی و زاری لوڕی) (کامیل حەسەن بەسیر و ئەوانی تر،١٩٨٧: ٤_ ٥).

لە پاش ئەمانەشدا، تارا عەبدوڵڵا سەعید لە نامەی دکتۆراکەی بەناوی (هەندێ لایەنی ڕێزمانی زاری فەیلی) زارەکانی زمانی کوردی بەم شێوەیە دابەشکردووە:

أ_ کرمانجی ژووروو ب_کرمانجی ناوەڕاست ت_گۆران و زازا پ_ کرمانجی خواروو (تارا عەبدوڵڵا سەعید: ١٩٩٨، ٧-٨).

هەر لە بارەی دابەشکردنی زارەکانی زمانی کوردی، عەبدولمەناف ڕەمەزان ئەحمەد لە کتێبی (ئەتڵەسی زمان)دا بەم جۆرە باسی لە دابەشکردنی دیالێکتەکان کردووە:

أ_ گروپی دیالێکتی کوردی باکور. ب_ گروپی دیالێکتی کوردی ناوەڕاست.

ت_ گروپی دیالێکتی کوردی باشور. پ_ گروپی دیالێکتی کوردی زازایی(عەبدولمەناف ڕەمەزان ئەحمەد: ٢٠١١، ٧٦).

دواتر لە ژمارەی یەکی گۆڤاری زمان و زار سەبارەت بە دابەشکردنی زارەکانی زمانی کوردی، دکتۆر مەهاباد کامیل عەبدوڵڵا دەڵێت: (زمانی کوردی لە ژمارەیەک دیالێکت پێکدێت، وەکوو دیالێکتی کرمانجیی سەروو، دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست، دیالێکتی کرمانجیی خواروو، دیالێکتی گۆران و زازا)(مەهاباد کامیل عەبدوڵڵا،٢٠٢١: ٢٨). کەواتە؛ ئەوەی لێرەدا تاکو ئێستا تێبینی دەکرێت، نووسەران و زمانەوانان بە تەنها لە سەردەمی جیاجیادا لە سەر هەندێک بنەما، کە خۆیان باوەڕیان پێ هەبووە، زمانی کوردییان بە شێوەی جیاواز دابەشی سەر زارەکان کردووە، کە هەندێ لەم دابەشکردنانە لە یەکتر نزیکن و وێکچوونێک لە نێوانیاندا هەیە و هەندێکی تریان هەست

بە جیاوازی نێوانیان دەکرێت، هەربۆیە ئەم دابەشکردنانەش بێ کەموکوورِی نابن، چونکە بەردەوام گۆڕانی دیمۆگرافی دانیشتووان و گۆڕانی حکومڕانی و داگیرکاری و کۆچکردن و ...هتد لە سنووری جوگرافی زمانەکە ڕوودەدات، کە ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕانی سنووری جوگرافی دیالێکتەکە، ئەمەش وا دەکات بیر و بۆچوونی جیاواز لە بارەی دابەشکردنی زارەکاندا هەبێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی نووسەران و زمانەوانان لە سەر ئەوە کۆکن، کە زمانی کوردی لە چوار جۆر زار پێکهاتووە و ئەو زارانەش شێوەزاری جیاجیا لەخۆدەگرن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کارە پێویستە بەردەوام لە سەر ئاستێکی باڵا بە شێوەیەکی کەتوارییانە کاری لە سەر بکرێت و بەردەوام نوێ بکرێتەوە، چونکە زمان بەردەوام لە گۆڕاندایە و زارەکانیش بەشێکن لەو زمانە و ئەوانیش لە گۆڕاندان.

**سەرچاوەکان:**

**یەکەم: سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:**

١_ ئاری عوسمان خەیات (٢٠١١)، لە بارەی زمان و زمانی کوردییەوە، چاپی یەکەم، نارین.
٢_ تارا عەبدوڵڵا سەعید، (١٩٩٨)، هەندێ لایەنی ڕێزمانی فەیلی، نامەی دکتۆرا، زمانی کوردی، کۆلێجی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین.
٣_ جەمال نەبەز، (١٩٧٦)، زمانی یەکگرتووی کوردی زنجیرەی کوردەوانی(١)، لە شاری بامبێرگ لە ئەلمانیای رۆژئاوا بە ئۆفیست لە چاپ دراوە، یەکێتی نەتەوەی خویندکارانی کورد لە ئەوروپا بڵاوی کردووەتەوە.
٤_ زبیر بلال اسماعیل، (١٩٨٤)، مێژووی زمانی کوردی، وەرگێڕانی: یوسف رؤوف اسماعیل, دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، زنجیرەی ژمارە(١٠٤)، دار الحریة للطباعة, بەغدا.
٥_ صادق بهاءالدین ئامێدی، (١٩٨٧)، ڕێزمانا کوردی کرمانجی یا ژۆری و ژێری یا هەڤبەرکری، چاپا یەکێ، طباعة و نشر دار الشؤون العامة, افاق العربية, بغداد.
٦_ شێخ محەمەدی خاڵ، (٢٠٠٥)، فەرهەنگی خاڵ، چاپی دوەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ژمارە(٣٥٦)، هەولێر.

٧_ عەبدولمەناف رەمەزان ئەحمەد، (٢٠١١)، ئەتلەسی زمانی هەرێمی کوردستانی عێراق وەک نمونە، چاپا ئێکێ، چاپخانەیا خانی، دهۆک.
٨ _ فوئاد حمە خورشید، (١٩٨٥)، زمانی کوردی دابەشبوونی جوگرافیایی دیالێکتەکان، وەرگێرانی: حمە کەریمی هەورامی، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، زنجیرەی ژمارە(١٢٩)، چاپخانەی افاق عربیة, بەغدا.
٩_ کامیل حەسەن بەسیر(د.)، کوردستانی کوکریانی(د.)، سادق بهائەدین ئامێدی، حەمەئەمین هەورامی، (١٩٨٧)، زارە کوردی یەکان، طبعت في مديرية مطبعة جامعة صلاح الدين, بەشی کوردی، کۆلیجی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین.
١٠_ مهاباد کامیل عەبدوڵلا(د.)، (٢٠٢١)، هەورامی زارێکە لە شێوەزارەکانی زمانی کوردی، گۆڤاری زمان و زار، ژمارە(١)، کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگرێت و رێکخراوی خانی بۆ لێکۆڵینەوە هزر دەری دەکات، چاپخانەی تاران.
١١_ میرشەرەفخانی بدلیسی، (٢٠١٠)، شەرفنامە، مێژووی ماڵە میرانی کوردستان، وەرگێڕانی: مامۆستا هەژار، چاپی شەشەم، پەخشانگای پانیز.

**دووەم: سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:**

١٢_ حافظ اسماعيلي و وليد احمد العناتي، (٢٠٠٩), اسئلة اللغة أسئلة اللسانيات, الطبعة الاولى, دار الامان( الرباط), منشورات الاختلاف( الجزائر)، الدار العربية للناشرون( بيروت- لبنان).
١٣_ محمد علي الخولي(د.)، ( ٢٠٠٠ ), مدخل الى علم اللغة, دار الفلاح للنشر والتوزيع، الاردن.

* مامۆستای زانکۆ. زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، کۆلیجی پەروەدە. مەخمور، بەشی زمانی کوردی
Amir.muhammadamin@su.edu.krd

هەواڵنامەی کتێب

# تێفکرینی ئاخێوەری کورد پەیوەست بە فەرهەنگەوە

پ.ی.د. تریفە عومەر

پشکنینی زمان لەڕوانگەی فەلسەفەوە، بابەتگەلێکی دێرینی فەیلەسوفەکان بووە، وەلێ لێکۆڵینەوەی ئەم چەشنە بابەتە لە زانستی زمانی کوردیدا بابەتێکی دەگمەنی بواری لێکۆڵینەوەیە، ئەم توێژینەوەیە کە بە ناونیشانی (گریمانەکردنی مەعریفەی پێشینە و پاشینە لە کرۆکەواتا و توێکڵەواتادا لە زمانی کوردیدا)، لەو دیدەوە لە زمانی کوردی دەدوێت، کە ئاخۆ قسەکەری زمانی کوردی تا چەند دەتوانێت لەڕێگەی بەکارهێنانی فەرهەنگی زمانەوە، مەودای زانینەکان و بیرکردنەوەو تێفکرینی فراوان بکات، بەجۆرێک چۆن زانینەکان بەهۆی بەکارهێنانی فەرهەنگەوە دەستدەخەین، تا بەهۆیەوە لۆجیکی پەی پێبردن بە دەوروبەر/ جیهان فەراهەم بکرێت. بۆ ئەمەش هەردوو چەشنی مەعریفەی پێشین- Priori و پاشین-Posteriori کراوەتە پێوەرو پەیوەست بە هەردوو چەشنی کرۆکەواتا Denotationو توێکڵەواتاوە connotation شیکراوەتەوەو راڤەکراوە. کرۆکەواتا، ئەو جۆرەیە لە واتا کە لە فەرهەنگی زماندا تۆمارکراوە و وەک کۆزانیارییەکی هاوبەش لەنێوان ئاخێوەرانی زماندا بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە پەیوەست بە زمانی کوردییەوە، کرۆکەواتای (پیاو) ئەو خەسڵەتە واتایانە دەگرێتەوە، کە بەشێکن لە فەرهەنگی زمانی کوردی، هەروەک خەسڵەتی (مرۆڤ و لەنێو مرۆڤدا نێرو لەنێو نێردا کوڕێک کە هاوسەرگیری کردبێت)، ئەمە ئەو کۆزانیارییە کە هاوبەشە لەنێوان ئاخێوەرانی کورددا، هەر بۆیە بە (واتای فەرهەنگ)یش ناوزەد دەکرێت، هەمبەر بەمەش توێکڵەواتا، واتایەکی سەربارکراو و زیادە بۆ سەر کرۆکەواتا، بەجۆرێکی دی ئەو جۆرەیە لە واتا کە جیاوازە لە واتای فەرهەنگی، مەعریفەی گشتی و درککردنی قسەکەر کاریگەری لەسەر بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە واتایە هەیە، بۆ نموونە توێکڵەواتای وشەی (پیاو) ئیدی ئەو خەسڵەتە واتایانە نییە، کە تەنها مرۆڤ و نێرو هاوسەردار بێت، بەڵکو مەعریفەی ئاخێوەر، خەسڵەتی دیکەی بۆ سەربار دەکات، هەر بۆیە لای هەندێک لە زمانەوانەکان ئەم جۆرە واتایە بە چەشنێک لە واتای نافەرهەنگی دادەنێن، بەو واتایەی توێکڵەواتا لە فەرهەنگی زماندا تۆمارنەکراوە، هەروەک ئەوەی مرۆڤی کورد چۆن وەک بوونەوەرێک لە پیاو دەڕوانێت، (هێز، دەستەڵات، گەورەیی، مەزنێتی، رەوشت...تاد)، بەکارهێنانی ئەم تێڕوانینە لە دەربڕاوێکی وەک (من پیاوم پیاو)، گرێدراو بە دیدی کەلتوریانەی کوردەوە، جۆرێکە لە توێکڵەواتا.

گرنگە بزانرێت پێوەری ئەم تێڕوانینە بەپێی مەعریفەی پێشین و پاشین چۆن لێکدەدرێتەوە، مەعریفەی پێشین بە بۆچوونی (کانت) ئەو چەشنەیە لە مەعریفە کە

سەلمێنراوەو مەعریفەیەکی بەشەکییە لەناو گشتدا، لەکاتێکدا مەعریفەی پاشین لەگەڵ ئەزموونداییە و پێویستە لەڕێی ئەزموونەوە بسەلمێنرێت، لێرەشەوە ئەو پرسیارە دێتەئاراوە، کە ئاخۆ ئەم دوو چەشنە مەعریفەیە چۆن بە کەتیگۆرییەکانی زمانەوە پەیکاڵ دەکرێت؟ توێژینەوەکە لە چوارچێوەی دوو بەشدا وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە، بەجۆرێک لە بەشی یەکەمدا پوختەی تیۆری مەعریفە لە چێوەی هەردوو چەشنی مەعریفەی پێشن و مەعریفەی پاشیندا خراوەتەڕوو، لە بەشی دووەمیشدا چۆنێتیی بەکارهێنانی کرۆکەواتاو توێکڵەواتا پەیوەست بە مەعریفەی پێشینەو پاشینەوە شیکراوەتەوەو پاشان بە پێی هەردوو چەشنەکە جۆری حوکمی زمان راڤەکراوە، کە لەمەشدا دوو جۆر حوکم جیاکراوەتەوە، هەروەک حوکمی شیکاری و حوکمی فراوانخوازی.

حوکمی شیکاریی، بەو مانایەی راستی و راستەقینە لە نێو وشەکان و رێکخستنی وشەکاندایە، بەجۆرێک بکەر، یان گرێی ناوی، دەبێتە بارهەڵگری بەشە کردارییەکەی رستە، بۆ نمونە کاتێک دەوترێت (سوکرات مرۆڤە.)، ئەوا راستی و راستەقینەی توخمی مرۆڤ لەنێو سوکراتدا هەڵگیراوەو لەوێدا وتنی بەشە کردارییەکە هیچ زانیارییەکی زیادە نییە، کە وا لە وەرگر بکات بیربکاتەوەو دونیابینییەکانی فراوانتر بکات.

لەکاتێکدا حوکمی فراوانخوازی/ سینستیکی، تەنها لە نێو ریزبەندییەکانی زماندا هەڵنەگیراوە، بەڵکو پەیوەستیشە بە دونیابینی قسەکەرەوە، لێرەدا بار دەکەوێتە دەرەوەی بارهەڵگر/[بنە]، واتە بەبێ شوناس (بارو بنە) پێکەوەبەستراون، بۆیە ئەم حوکمە لای کانت حوکمێکی فراوانکردنە، چونکە ئەو مەعریفەیەی بەهۆی بار، یان بەشەکردارییەکەوە دەدرێتە پاڵیانو بەهۆی ئەو چەمکانەوە، کە گوزارشت لە (بار) دەکەن، وادەکەن بیربکەینەوە، بەمەش مەعریفەی زیاترمان لەبارەی خودی شتەکەوە دەستدەکەوێت. بۆ نموونە کاتێک دەوترێت (سوکرات فەیلەسوفە.)، ئەوا بەشەکردارییەکەی، کە (فەیلەسوفە) ە، لە دەرەوەی بەشە بکەرییەکەیدایە، بەو واتایەی فەیلەسوف بوون خەسڵەتێکی سروشتیی سوکرات نییە، بەڵکو بۆ (سوکرات) دەشێت بەدەست هاتووبێت، یاخود دوور بێت لە راستەقینەوە، کەواتە لەنێوان (سوکرات و فەیلەسوفبووندا) پەیوەندییەکی (بێ-شوناس) هەیە، بۆئەوەی شوناسی ئەمە بدۆزرێتەوە، عەقڵ حوکمێکی سینسیتیکی دەدات و وەرگر ناچار بە گەڕان بە دووی راستییەکاندا دەکات، ئەم گەڕانەش یان لە رێگەی هەستەکانەوە، یاخود لە رێگەی عەقڵەوە دەستەبەردەبێت.

گەر لێرەدا سەرنج لە دەربڕاوێکی وەک (ئەم شەیتانە چی پێناکرێت؟!)، چ شوناسێک لەنێوان (مرۆڤ و شەیتان)دایە، دوو توخمی جودای ئەفرێنراون، ئەو نیشانە واتاییانەی بەرجەستەی چەمکی (مرۆڤ) دەکات، جیاوازە لە نیشانە واتاییەکانی چەمکی (شەیتان)، تەنها چەمکی، ئافەریدەبوون و سەرپێچی کردنیانە، خاڵە جیاوازەکانیان فرەترە لە خاڵی ناوکۆییان، هەروەک؛

أ. لە رووی فەلسەفە و ئایینەوە ماددە پێکهێنەرەکانی شەیتان و مرۆڤ جیاوازن، بە جۆرێک شەیتان لە رەگەزی ئاگرو مرۆڤ لە رەگەزی خۆڵ و ئاوە.

ب. شەیتان ئافەریدەیەکی نێو بەهەشت و مرۆڤ ئافەریدەیەکی سەرزەوی بووە،

ت. مرۆڤ فۆرمێکی دیارکراو و بینراوی هەبووە، شەیتان فۆرمێکی نەبینراوو ئەندێشەکراو، کەواتە ئەو لینکە چییە، کە دەبێتە هۆی بەستنەوەی چەمکی شەیتان بە مرۆڤەوەو وادەکات میتافۆریانە توێکڵەواتای چەمکی یەکێکیان بەوی دیکەوە لەحیمبکات؟

لەم توێژینەوەیەدا پشت بە رێبازی (پەسنی- شیکاری) بەستراوەو بەهۆیەوە ئەنجامی توێژینەوەکە بە سێ گریمانە هەڵهێنجراوە؛

أ. کرۆکەواتاکان و رستە پرۆپۆزیشنە راستەقینەکان، بەشێک لە ئیدیۆمەکان، کە هەڵگری کۆزانیاریی زمانین، لە جێبەجێکردنی پەیوەندییە باوەکاندا کەڵک لێوەرگیراوە و لەم توێژینەوەیەدا بە چەشنی مەعریفەی پێشینە گریمانەکراوە، بەجۆرێک ئەم چەشنە لە مەعریفە کاریگەریی لەسەر بیرکردنەوەی ئاسۆییانەی تاک دەبێت و وادەکات مێشکی ئاخێوەر لەڕێی بەکارهێنانی کرۆکەواتاکان و بەکارهێنانە باوەکانەوە چەقبەستوو ببێت و کەمتر دەرفەتی فرە لێکدانەوەیی بە تاک ببەخشێت،

ب. توێکڵەواتا بەوپێیەی بەگشتی بەشێک نییە لە کردارو کرداربەندیی رستەو دەربڕاوەکان، لەم توێژینەوەیەدا وەک مەعریفەی پاشینە گریمانەکراوە،

کە کاریگەری لەسەر ئاستی ستوونی بیرکردنەوەی تاک دەبێت و بەهۆیەوە گۆڕانکاریی فیکریی روودەدات.

ت. بەپێی هەریەک لە خاڵی (أ،ب)، بەرهەمهێنانی کرۆکەواتای وشەکان کاردەکاتە سەر فراوانبوونی فەرهەنگی زمان، وەلێ چۆنێتی بەکارهێنانی کرۆکەواتای فەرهەنگی کە توێکڵەواتاکانن، کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەو گۆڕانی دونیابینی ئاخێوەر دەبێت، ئەمەش ئەو ئەنجامە گریمانەییە دەستەبەردەکات کە مەعریفەی پێشینە پتر لە مەعریفەی پاشینە مەعریفەیەکی زاڵ و باوی ئاخێوەرانی.

# حکومەتمەندیی زمان لە ئیستعماری ناوخۆییدا

د. ڕەحیم سورخی

## • پوختە

تاواندنەوەی زمانی بەردی بناخەی هەستی ناسیۆنالیستی بووە لەو وڵاتانەی کە سیاسەتێکی ئیستعماری بەرانبەر بە نەتەوە بندەستەکانی ناو سنووری دەسەڵاتەکەیان پەیڕەو دەکەن. سیاسەتی زمانیی دەوڵەتی ئێران بە سەپاندن و زیادکردنی باڵادەستیی زمانی فارسی بە پێی یاسا، لەڕێگەی دامەزراوە نوێیەکانی پاش دەسەڵاتی حکومەتی قاجاری –وەک دەسەڵاتی وڵاتە هەرێمییەکان (ممالک محروسە)– بەهۆی ناسیۆنالیزمی ئێرانشاری و ئارياييخوازەوە چووە قۆناغێکی تایبەتەوە. ئەم سیاسەتانە، لەگەڵ کارکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەتی مۆدێرن بۆ یەکسانکردنیان و سڕینەوە سیما تایبەتە نەتەوەیی و کولتوورییەکانی نەتەوەکانی غەیری فارس زیاتر هێژمۆنیی ئایدۆلۆژیای زمانیی نەتەوەی زاڵی بەرهەمهێنا. ئەم توێژینەوەیە بە پێی ڕێبازی سیاسەتی زمانی کارەکیی ڕەخنەگرانە لە جیاتی ئەوەی لەسەر پێگە مێژوویی و پێکهاتەییەکانی سیاسەتە زمانییەکانی دەوڵەتی ئێران چڕبێتەوە، گرنگی بە ئەو تەکنیکانە دەدات کە تاک و دامەزراوەکانی دەوڵەتی، ڕەزاشا و محەممەد ڕەزاشا پەهلەوی (١٩٢٥– ١٩٧٩) و کۆماری ئیسلامی (١٩٧٩ تا ئێستا) ڕەفتار و هەڵسوکەوتی گشتیی خەڵک شێوەپێدەدەن و پلان و بەرنامەکانی دەوڵەت جێبەجێ دەکەن. هەربۆیە، بۆ ئەوەی باشتر لە کردە دامەزراوەییە باوەکانی ئیستعماری شێوە ئێرانی تێبگەین کە لە ڕێگای دامەزراوەکانی (پەروەردە، میدیا، و فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی) یەوە سیاسەتی زمانی لەسەر پاراستنی سیستەمەکانی قازانجی خۆی داڕشتووە و بەڵگەمەندی کردوون، بە گرتنە بەری ڕێبازی ‹پێنی کوک›(٢٠٠٢، ٢٠٠٦) لە سەر ‹حکومەتمەندی› (governmentality) ‹گوتارەکان، شێوەکانی پەروەردە و فێرکردن و بەکارهێنانی زمان›، واتە پرۆسەکانی پێکهاتنی کولتور و زانست تاوتوێ دەکرێت. هەروەها بە پێی سکوتنەب کانگاس و بوجاک (١٩٩٥) پێیوایە کە ‹›دۆخی [زمانی] کوردی لە هێندێک لایەنەوە لەگەڵ دۆخی زمانی «سامی» (Sámi) و چەندین زمانی سەرەکیی ئەفریقی شیاوی بەراوردکردنە، کە بەسەر چەند دەوڵەتدا بڵاو بوونەتەوە لەبەر ئەوەی سنووری دەوڵەتەکان بە دەستی هێزە کۆلۆنیالیستەکان (١٨٨٤–١٨٨٥) کێشراون». بۆ ڕوونکردنەوەی دۆخی ئیستعماریی زاڵ بەسەر کوردستاندا پشت بە دەقی ئاخاوتنی ڤیدۆیی، بەڵگەی پەروەردەیی و سەردێڕی ڕۆژنامەیی لە شێوەی نووسراودا دەبەسترێت. لە ئەنجامدا، کاریگەرییەکانی حکومەتمەندیی

زمانی لەسەر گۆڕانی زمانی کوردی و زەینیەتی هێندێک لە ئاخێوەرەکانی دەخرێنە ڕوو، گریمانەی سەرەکیی ئەوەیە کە لە بەستێنی ئیستعماری ناوخۆیی ئێرانیدا سیاسەتی ‹چاران›(tolerance) وەک تەکنیکێک بۆ ‹گۆڕینی زمان› و لە درێژخایەندا زمانکوژی(linguicide) لە چوارچێوەی حکومەتمەندیی ئیستعماریدا پێڕەودەکرێت.

**وشە سەرەکییەکان:** حوکمەتمەندی(governmentality)، حکومەتمەندیی زمان(language governmentality)، ئیستعماری ناوخۆیی(internal colonization)، سیاسەتی زمانیی ڕەخنەگرانە(critical language policy)، زمانکوژی(lingucide)

## ●خستنەڕووی کێشەکە

فۆکۆ لە ساڵی ١٩٧٨ و ١٩٧٩ دا چەمکی ‹حکومەتمەندی› لە چەند وتاردانێکی لە کۆلێژی دوفرانس لە پاریس خستەڕوو کە تێیاندا بۆ ئەوەی چۆنێتیی ئەرک نواندنی دەسەڵات ڕوون بکاتەوە، تیشکۆی لەسەر ‹ڕەچەڵەکناسیی دەوڵەتی مۆدێرن› بوو(Lemke ٢٠٠١). بۆ ئەو « حکومەت هەر بە واتای پێکهاتە سیاسییەکان یان بەڕێوەبردنی دەوڵەتەکان نییە؛ بەڵکوو ئەو ڕێگایانەش دیاردەکات کە تێیاندا هەڵسوکەوتی تاکەکان یان تاقمەکان ئاراستە دەکرێن»(Foucault, ١٩٨٢). لە درێژی ئەم وتارەدا، بە پێی تێگەیشتنی فۆکۆ لە هونەری حکومەتکردن و بەتایبەتی حکومەتمەندیی کولتووری، هەوڵ دەدرێت کە ئەو پرسە ڕوون بکرێتەوە کە چۆن سیاسەتی ئیستعماریی ئێران لە ڕێی سیاسەتی زمانی، میدیایی و کولتوورییەوە بە بەردەوام بە حکومەتمەندی کار لەسەر پەرەپێدان و چەسپاندنی پێکهاتە زەینی و دەروونییەکانی خەڵکی کوردستان دەکات. هەروەها، ڕوونی بکاتەوە لێکەوتەکانی گرتنەبەر ئەم سیاسەتە لەسەر زمان، و کولتوور و خۆڕاگریی نەتەوەکەمان لە ڕەوتی خەباتی ڕزگاریی خۆیدا چی دەبێت.

لەکاتێکدا دەوڵەتی ئیستعماریی ئێران لە ڕێگای دابەشکردنی یەکە کارگێڕی و ئیدارییەکانییەوە پێکهاتەی سیاسی و ئیداریی کوردستان بە دابڕاوی لەیەکتر، ڕاستەوخۆ بە ناوەندی دەسەڵاتی ناوەندی لە تاران لە ئاستە درشتەکەیدا دەبەستێتەوە، ‹حکومەتمەندی› لە ئاستە وردەکەیدا تیشکۆی لەسەر ئەو ستراتیژی و تەکنیکانەیە

که بەهۆیانەوە دەسەڵاتەکانی دەوڵەت بەرنامە و سیاسەتەکان جێبەجێ دەکەن. ‹›لە بەستێنی ئیستعمارییەدا، حکومەتمەندی کەمتر لەسەر شێوە فەرمییەکانی کۆنترۆڵی دەوڵەت و ئیستعمار وەک چەکداری، قانوون، دەزگا بوروکراتییەکان چڕ دەبێتەوە، زیاتر لەسەر پێکهاتنی ئەو کولتورەی ئیستعمار بەرهەمیهێناوە کاردەکات»(Pennycook, ٢٠٠٢). بەڵام، مۆدێلی ئیستعماری ناوخۆیی شێوە ئێرانی›› نە هەرگیز مل دەدا بە پێکەوە ژیانی لەگەڵ ئەوانی تری خۆی، و نە تەنانەت واز لە یەکسانسازیی کولتوریی و زمانییان دەهێنێت، ئەوی تری نافارسی-ناشیعە نەک هەر دەبێت بتاوێنرێتەوە یان باپتیزە (لە زمان و کولتوور داشۆرێت) بکرێت، بەڵکوو دەبێت بە خڕی بچێتە پاوان و خاوەندارێتیی سوژە یان تاکی فارسی-شیعییەوە»(محەممەد پوور ٢٠٢١). بە کورتی، ئەو دەوڵەتە هەردووک شێوەی توندوتیژیی جەستەیی و مەعریفی هاوکات پەیڕەودەکات. هەر ئەمەش جۆری ئیستعماری ئێرانی لە جۆرەکانی تر جیادەکاتەوە. ئەم وتارە دەیهەوێت ئەو دیوەلە ئیستعماری ناوخۆیی ئێران بخاتە ڕوو کە کار لەسەر لایەنە دەروونی و زەینییەکان دەکات تا بە ناسینی ئەم لایەنەشی، وەک لایەنە سیاسی و ئابوورییەکانی بەرەنگاریی و خۆڕاگریی لەگەڵ بکرێت.

سەرکوتی فیزیکیی دەزگا سەرکوتکەرە چەکداری و ئاسایشییەکانی دەوڵەتی ئیستعماری ئێران، پانتایەکی پەراوێزیان بۆ دەزگا ئایدۆلۆژییەکانی لە کوردستان دروست کردووە، کە ‹توندوتیژیی مەعریفی› ئەو دەزگایەنە وەک پەروەردە، ئیرشاد ومیدیا کە بە کاری ‹حکومەتمەندی›یەوە خەریکن نەبینرێن و بە زەقی هەست پێنەکرێن. لەوانە دەکرێت ئاماژە بە زاڵکردنی دەنگ و سیما کولتورییەکانی ناسیۆنالیزمی فارس بەسەر دەنگ و سیما نەتەوەییەکانی کورددا، بەکارهێنانی میکانیزمەکانی کۆنترۆڵی چالاکییە مەدەنی، کولتووری و ڕۆشنبیرییەکان لە مۆڵەت پێدان، هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکەیان و سەپاندنی ئایدۆلۆژیای زمانی زاڵە بەسەر ئاخێوەرانی زمانی کوردی و زمانی نەتەوە نافارسەکانی دیکە بکرێت کە گۆڕانی زمانی کوردی و لە کۆتاییدا کوشتنی زمانەکەمانی لێدەکەوێتەوە. ئێران هەوڵ دەدات هەم لەباری زەینییەوە و هەم لەباری کردارییەوە نەتەوەکەمان ناچار بە تەمکین و سەردانەواندن بکات. ئەم وتارە بایەخ بە ڕەهەندە زەینییەکانی ئیستعمار دەدات. چونکە ئیستعمار نەک هەر پەرەدان بە سەروەریی و کۆنترۆڵی نەتەوەیەک و دەوڵەتەکەی بەسەر ئەوانی دیکەدایە، بەڵکوو کۆنترۆڵی زەین و بیری تاکە داگیرکراوەکانیشە. هەروەها، لەبەر ئەوەی کە ئیستعمار لەبنەڕەتدا دۆخێکی

زەینی و هۆشەکییە لە ئیستعمارکەر و ئیستعمارکراودا، ورد بوونەوە لە ڕووە گرنگە ئایدۆلۆژی، گوتاری و کولتورییەکانی پێویستن. چونکە ئایدۆلۆژییەکان ناکرێت هەر لە ڕوانگەیەکی ئەرکییەوە لێیان بڕوانین و پێمان وابێت بۆ ڕوونکردنەوە و پاساودانی کردە یان ئەرکێکێکی تایبەت لە قۆناغێکدا بەرهەم دێن، و ئەگەر ئەرکەکەیان تەواو بوو لەناو دەچن. چونکە لە تۆڕێکی ئاڵۆزی ئیمکان/شیانە گوتارییەکانەوە سەر هەڵدەدەن، و پاش بەرهەمهاتنیان دەمێننەوە ولەسەر کاریگەرییە کولتوری و دەروونییەکانی ئیستعمار بەردەوام دەبن. هەر بۆیە بەهەمان ڕادەی دیوە کۆمەڵایەتی–ئابوورییەکانی ئیستعمار، ڕووە کولتوری و ئایدۆلۆژییەکانیشان پێویستە ڕوون بکێنەوە و لەقاو بدرێن (Nandy ١٩٨٣; Alatas ١٩٧٧ بڕوانە، پێنی کووک ١٩٩٨). چونکە، گوتارێکی باوی ئیستعمار ئەوەیە کە ئیستعمارکراوەکە وەک وەرگرێکی ئارەزوومەند و دەستەوەستانی حکومەتی ئیستعماری بنیاد دەنێت، بەرەنگاری وەک هەڵسوکەوتێکی منداڵانە، وەحشییانە، گەمژانە، بێ وەفایی و سپلەیی گوێی پێنادرێت تا هەموو شت ئاسایی و سروشتی دەنوێنێت(Pennycook ١٩٩٨). بە بۆچوونی پێنی کووک (٢٠٠٢) سیاسەتی زمانی لە ژینگە ئیستعمارییەکاندا لەسەر سێ کۆڵەگە بەندە: تێگەیشتنی فۆکۆ لە حکومەتمەندی، دەرکی ئەو لە تاقمە دەستەمۆکراوەکان، سیاسەتی زمانی وەک سیاسەتێکی کولتوری. بۆیە پێیوایە، سیاسەتی زمانی هەمیشە سەرتر لەوە بووە کە هەڵبژاردنی زمانێک بۆ بەکارهێنانی لە حکومەت، پەروەردە، یان قانووندا بێت. سەرەڕای ئەمە، بەکارهێنانی زمانەکان بۆ ئامانجی حکومەتی کولتوری یان حکومەتمەندیش بووە ( Tollefson ٢٠٠٦). بە تایبەتی، لە مۆدێلی ئیستعمار ناوخۆیی شێوە ئێرانیدا، لە ژێر دەمامکی ‹چارانێکی کۆنترۆڵکراوی زمان› (بڕوانە شێخولئیسلامی ٢٠١٢) و چالاکییە کولتووریی و فۆلکلۆرییەکاندا سەرەتا بە شوێنی و ناوچەیی کردنیان هەم پێش بە پەرەسەندن و جیهانی بوونیان دەگرێت، هەم لە ئاست و پێگەیان کەم دەکاتەوە. لە ئاکامدا بە گرتنە بەری سیاستێکی کولتووریی بە پاشکۆکردن لەتایبەتمەندیی کوردستانییان دادەچۆڕێنێت.

### * حکومەتمەندی و حکومەتمەندیی زمان

پاش جەنگی یەکەمی جیهانی بە دەستوەردانی ئیستعماری ڕۆژئاوایی لە ناوچەکە، و دیارکردنی سنوورەکانی ئەو دەوڵەتانەی کوردیان بەسەردا دابەشکراوە، لە میراتی بەجێمای دەسەڵاتداریی سەرەڕۆیانەی ئێرانی، مۆدێلێکی

نویێ لە دەسەڵات سەری هەڵدا کە سیاسەتی فارساندنی نەتەوە نافارسەکانی لە ڕێگەی پێکهێنان و پەرەپێدانی قوتابخانە نوێیەکان و چاپەمەنییەوە بە زمانی فارسی گرتەبەر. یەکێک لە ڕێگاکانی تری دەوڵتی ئێران(پەهلەوی) بۆ پەرەدان بە ناسیۆنالیزمی ئێرانی و زمانی فارسی ناردنی گۆڤار و ڕۆژنامەکان بۆ ئەو شوێنانە لە کوردستان بوو کە بە ‹قەرائەتخانە› ناو دەبران(بڕوانە، رسولی و دیگران٢٠١٢). لە هێندێک حاڵەتی دەگمەندا کە ڕێگە بە خوێندنێکی سنووردار لە زانکۆ یان بەکارهێنانی لە میدیا درابێت، زمانی کوردی وەک پاشکۆ یان سەرەتایی (بدوی) ڕەفتاری لەگەڵ کراوە و خەڵکی ئیستعمارکراوی کوردستان هەر لەڕێگای جۆری ستانداردی زمانی داگیرکەرەوە بۆی هەبووە دەرگای شارستانیەت و زانستی بەڕوودا بکرێتەوە. ئامانجی ئەم شێوە فێرکردنە ئیستعمارییە زاڵبوون بەسەر خەڵکی کوردستاندا بوو. ئەم سیاسەتە، سەرڕای بەرەنگاریی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی کورد لەلایەک، و خولەکانی سەرهەڵدان و هەڵوەشانەوەی حکومەتە سەرەڕۆکان و بەکارهێنانی شێوە توند و نەرمەکانی حکومەتمەندی لە ئێران، لەلایەکی دیکەوە، تا ئێستا بۆ ماوەی نزیکەی ١٠٠ ساڵە بە شێوەیەکی بەرفراوانتر لە پشووی بەردەوامە.

فۆکۆ ئەم دەسەڵاتە نوێیە وەک دەسەڵاتی ئیرادەی بەستراوە بە هێز بە ‹دەسەڵاتی هەموو شوێنێک لە یەک کاتدا ناو دەبات: نەک لەبەر ئەوەی هەموو شتێک لە ژێر ڕکێفی یەکێتی لەشکان نەهاتووی خۆیدا یەکبخات، بەڵکوو لەبەر ئەوەی لە چرکەساتێکەوە بۆ چرکەساتێکی دواتر، یان باشتر وایە بڵێین لە هەر قۆناغێکدا و لە هەرچەشنە پێوەندییەکدا لە خاڵ/قۆناغێکەوە بۆ خاڵ/قۆناغێکی تر بەرهەم دێتەوە (Foucault ١٩٧٨). بە کورتی، بە پێکهاتنی دەوڵەتی مۆدێرن دەسەڵات ئیتر هەر سەرکوتکەر نەبوو، بەڵکوو لە دووی بەرهەمهێنان و دروست کردنی کەسی دڵخوازی شیاوی حکومەت بەسەردا کردن بوو. ئەم پێکهێنانەوە سەر لەنوێیەی حکوومەتە کە فۆکۆ بە ‹حکومەتمەندی›(governmentality) ناوی دەبات و بە ‹هونەری حکومەت کردن› یان ‹ڕەوشتی حکومەت کردن› پێناسەی دەکات( Foucault ١٩٧٨). لە ڕوانگەی ئەوەوە، حکومەتمەندی ڕواڵەت بەخشین و پێکهێنانی ژینگەی کردەی ئەوانەی ترە. جۆرێکی تایبەتە لە دەسەڵات کە یەکێک لە سیاسەتە سەرەکییەکانی بەکارهێنانی بەرفراوانی تەکنیکە نەرمەکانی حکومەتکردنە

هەواڵنامەی کتێب

لە بریتیی پشت بەستنی بەردەوامیان بە میکانیزمەکانی زاڵ بوون وەک دیسیپلین و زۆر(کە هەموویان لە باشترین حاڵەتدا، تەنیا دەتوانن ببنە ئامرازێکی دەسەڵات) (Foucault, ١٩٨٢) کە لە سێ چەمکی شیکردنەوەکان، دەسەڵات و حکومەتمەند بوونی دەسەڵاتدا بەکاری هێناوە:

١.**شیکردنەوە:** کۆبەندێک لە دامەزراوە، ڕێباز، شیکاریی و تێڕامان، هەڵسەنگاندن و تاکتیکان کە دەرفەتی بەکارهێنانی دەسەڵاتێکی زۆر ورد و تایبەت، بەڵام ئاڵۆز دەڕخسێنن کە ئاپۆرای جەماوەر ئامانجەکەیەتی، ئابووریی سیاسی فۆرمی سەرەکیی زانستەکەیەتی، و دەزگا ئەمنییەکان ئامرازە تەکنییە بنەڕەتییە کانێتی.

٢. **دەسەڵات:** مەیل و خواستێکە کە لە قۆناغێکی دوور و درێژ و لەسەرانسەری ڕۆژئاوادا بە سەر شێوەکانی دیکەی (سەروەری ، دیسیپلین و هیتد) زاڵبوو. ئەم دەسەڵاتە کە دەکرێت بە ‹حکومەت› ناوببرێت، لەلایەک پێکهاتنی کۆی زنجیرەی دەزگا حکومەتییە تایبەتەکان، و لەلایەکی دیکەش، پێکهێنانی تەواوی کۆگە ڕزگاریبەخشەکان(فۆرمەکانی زانین)ی لێ کەوتووەتەوە.

٣. **حکومەتمەند بوونی دەوڵەت:** پرۆسەیەکە یان باشتر بڵێم ئەنجامی پرۆسەیەکە کە لە ڕێیەوە دەوڵەتی دادی سەدەکانی ناوەڕاست، کە لەسەدەکانی پازدە و شازدەدا هەبووە بۆ دەوڵەتی ئیداریی سەدەکانی ناوەڕاست گۆڕا، بەرە بەرە ‹حکومەتمەند بوو› (Felluga, ٢٠١٥؛Foucault ١٩٩١).

زمان لە هەڵسوڕاندنی حکومەتمەندیدا دەورێکی سەرەکی دەگێڕێت. «حکومەتمەندی خەسلەتێکی گوتاری هەیە: بۆ شیکردنەوەی پێکەوەنانی چەمکەکان(مەفهوم سازی)، ڕوونکردنەوە و هەڵسەنگاندنەکان لە بەستێنی حکومتدا بایەخدان بە زمان پێویستە»(Miller, & Rose, ٢٠٠٨). هەروەها، پێوەندیی واتایی فەرمانڕەوایی (‹فەرمانڕەوا›) و شێوەکانی بیرکردنەوە (‹زەینییەت›) دەریدەخات کە تاوتوێکردنی تەکنۆلۆژیای هێز و دەسەڵات بە بێ شیکردنەوەی ئەو عەقڵانیەتە سیاسییەی لەسەری دامەزراون جێبەجێ نابێت. بە واتایەکی تر حکومەتمەندی دوو لایەنی هەیە. لەلایەک زاراوەکە ئاماژە بە شێوەیەکی تایبەتی نواندنەوە دەکات؛ حکومەت ئەو ژینگە گوتارییە پێناسە دەکات کە تێیدا بەکارهێنانی هێز عەقڵانی دەکرێت. ئەمەش لە نێوان شتەکانی دیکەدا، بە شرۆڤە کردنی چەمکەکان، دەست نیشان کردنی بابەتەکان و سنوورەکان، بەڵگاندن و پاساودانەکان و هتد. ڕوو دەدات. بە ئەم شێوەیە حکومەت

دەهێڵێت کێشەیەک باس بکرێت و ستراتیژییە تایبەتەکانی چارەسەر و پێڕاگەیشتن بە کێشەکەش دیاری دەکات. لەلایەکی دیکەشەوە، شێوە تایبەتەکانی دەستوەردان [لە کێشەکە]یش پێکدەهێنێت(Lemke ٢٠٠١).

بە بۆچوونی میلێر و ڕۆز(١٩٩٠) «ئەوە لە زماندایە کە پلانەکانی حکومەتکردن لە ڕێگای پەرەدان بە وشە هاوبەشەکان، تیۆریی ڕوونکردنەوەکانەوە بە لێزانی دروست دەکرێن». چونکە، «لایەنێکی بایەخ پێنەدراو لە هێزی بەرهەمهێنی حکومەتی کولتووری لە نەسلی ئەو تاکانەدایە کە خۆیان بە سوژە/تاکێکی ئاخێوەر دەزانن و مەیلیان لێیە هەڵسوکەوتی گەیاندن و پێوەندیکردنی خۆیان بۆ باشترکردنی ئامانجە سیاسی، ئابووری، کولتووری و پێوەندییە کاریگەرەکانیان لە چوارچێوەی حکومەتمەندیدا ڕێک بخەن و بگۆڕن» (Walter-Greene and Hicks ٢٠٠٥).

ئەو پێگە و پریستیژەی گوتاری ئیستعماری لە چوارچێوەی حکومەتمەندیی زمانییدا بۆ زمانی فارسی وەک زمانی زاڵکراو دەیڕەخسێنێت، دەریدەخات چۆن تاکی کورد دەیهەوێت بچێتە ئەو چوارچێوەیەوە و پێوەندییەکانی تێدا ڕێکبخات. بەتایبەتی، کاتێک کە دەیانهەوێت لە بەستێنی دەزگا حکومەتییەکاندا باس لە ڕووداوەکانی ڕۆژ بکەن گۆڕانی زمانی کوردی بۆ فارسی لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی زۆربەیاندا دەردەکەوێت. بۆ نموونە بڕوانە هەندێک لە ئەو پارچەدەربڕینانەی خوارەوە کە وەک بڵاوکراوەی ڤیدۆیی لە میدیا و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا بڵآو بوونەتەوە. لەبەر ئەوەی ئەم بابەتە بە دیاردە دەزانم، واتە وا گریمانە دەکەم بەشێکی بەرچاوی هاوزمانەکانم لە توێژ و پیشەی جیاوازدا، بە تایبەتی، خوێندەوارەکان کە زیاتر لەگەڵ دامەزراوە دەوڵەتییەکان سەروکاریان هەبووە و حکومەتیان بەسەردا کراوە، بە ئەو شێوەیە دەدوێن، هەر بە ناوە پیشەییەکەیان دەیانناسێنم:

(١) **پزشکێک (بەرپرسی تۆڕی لەشساغی و دەرمانی بۆکان)**: «. بیسمیللاهی ڕەحمانە ڕەحیم. ئیستحزارتان هەیە کە لە وەزعیەتی قرمز و حەساسی مەوجی پێنجومی کۆرۆنا داین...

با توجۆ بەوەی کە شەرایتێکی باش لە وەزارەتی بێهداشت و دەرمان فەراهەم بووە بۆ واکسیناسیۆنی زۆربەی گروهەای هەدەفی جامەعە، ئەز جوملە دانش ئاموزانی باڵای ١٥ تا هەژدەساڵ، خواهشم ئەوەیە لە خزمەتتاندا بە هیچ عنوان زەمان لەدەست نەدەین ... عەرزم کردن کە مەوجی شەشوم جەوانان زیاتر موردی هەدەف

قەرار دەدا››(Sept. ٢٦, ٢٠٢١/لاپەڕەی فەیسبووکی زمان و زمانناسیی کوردی، لە لاپەڕەی فەیسبووکی زمان و زمانناسیی کوردی، لە Hashem Rezai وەرگیراوە).

لە ئەو پارچە دەقەی سەرەوەدا، دەبینین کە کاریگەرییەکانی زمانی فارسی لەسەر کوردی بە شێوەیەک قووڵە، کە خەڵک زۆر بە ئاسانی هەست بە ئەو گۆڕانە دەکەن. هەر بۆیە، بێژەری دەقەکە دەدەنە بەر تانە و لۆمەی دەکەن. گۆڕانی زمانی ئاخێوەری ئەم دەقە بە جۆرێکە کە هەموو ئاستەکانی زمانەکەی (دەنگناسازی، وشەسازی، ڕێکخستنی کەرەستەکانی ڕستە لە ڕووی ڕێزمانی یان سینتاکسی واتاسازییەوە) گرتووەتەوە. لە ڕووی دەنگییە،ە /ە/ ی کوردی لە وشە ژمارەییەکانی پلەبەندیدا(پێنجەم، شەشەم) گۆڕیوە بۆ/و/ وەک ‹پێنجوم› و ‹شەشوم›. بە خڕی پێکهاتەیەکی ڕێزمانیی فارسی بە هەموو تایبەتمەندییە وشەیی و ڕێزمانییەکانیەوە وەردەگرێت:

‹زۆربەی گروهەای هەدەفی جامەعە، ئەز جوملە دانش ئاموزانی باڵای ١٥ تا هەژدەساڵ›؛ ‹مەوجی شەشوم جەوانان زیاتر موردی هەدەف قەرار دەدا›.

(٢) **کارمەندێک** (**سەرۆکی ژووری پیشەکانی شاری مەهاباد**): ‹ عەرزی سڵاو و ئیحترامم هەیە بۆ هاوشارییە خۆشەویستەکانمان. هەر وەک شارەزان و ئاگادارن، تەی ئاخرین مسەوبەی ستاد[ێ] کرۆنای کیشوەری، وە ستاد[ێ] کرونای شەهرستان مەهاباد موتەئەسیفانە وەزعیەتی ....مەتلوب نییە. مەخسوسەن وەزعیەتی شەهرستان[ێ] مەهاباد وەزعیەتێکی شووری هەیە تا بەرەو تیرە دەڕوات...»(بڕوانە لاپەڕەی فەیسبووکی زمان و زمانناسیی کوردی، لە Hashem Rezai وەرگیراوە).

لە ئەم نموونەیەشیان دا دەبینین کە ئاخێوەری ئەم دەقە تەنانەت /ی/ خستنەسەر(اضافه)ی کوردیش دەگۆڕێت بۆ /ێ/ ی فارسی. واتە، کاریگەرییەکانی زمانی فارسی بەڕادەیەکە، تەنانەت وشە ئەرکییە ڕێزمانییەکانی کوردیشی تووشی گۆڕان کردووە. یان لەباری واتاسازییە ‹وەزعیەتی شوور›، گۆڕانێکی هۆشەکیی نیشاندەدات. کورد لەباری زەینییە وەک فارسێک پانتای دەوروبەر و شتەکان وەسف دەکات. هەر بۆیە، ئاوەڵناوی ‹شوور› یان /تیرە/ کە لە فارسییەکەشیدا لە واتای فەرهەنگیی خۆیاندا (سوێر) (تۆخ و تاریک)بەکار نەهاتوون، بەڵکوو واتایەکی خوازراوەیان وەرگرتووە و فرەواتا بوون. ئەمیش لە ڕستەی›مەهاباد وەزعیەتێکی شووری هەیە تا بەرەو تیرە دەڕوات› دا بەکاریان دەهێنێتەوە.

بەگشتی، هەرچەند کاریگەرییەکانی زمانی فارسی لەسەر ئاخێوەرانی زمانی کوردی، بە پێی ئاستی پێوەندییان بە دامەزراوە حکومییەکان، ئاگایی و هەستیاریی تاکییان بە شوناسی نەتەوەیی و زمانی دایکیان، بەستێنی گەورەبوون و ژینگەی کۆمەڵایەتییان لە شار یان گوند، و خوێندەوارییان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەکرێت جیاواز بێت، بەڵام وەک فیشمەن(٢٠٠٦) دەڵێت: «هەر زمانێکی سروشتی بە شێوەیەکی باو پەیوەستە بە کۆمەڵەی ئاخێوەرەکانییەوە». هەرتاکێک لەگەڵ کۆمەڵە زمانییەکەی خۆی لە کارلێککردندایە. بۆیە تا بەستێنێکی لەبار لە ڕووی کۆمەڵایەتی، پیشەیی و دامەزراوەییەوە پێک نەیەت گۆڕانی زمان بە ئەوڕادەیە لە ئاستەکانی زماندا، بەتایبەتی لە باری ڕێزمانییەوە، وا لەناکاو ڕوو نادات. هەر بۆیە دەکرێت، ئەم دوو نموونەیە بە نیشانەی گۆڕانی ئاخاوتنی زۆربەی ئاخێوەرانی کوردستانی ڕۆژ هەڵات لانیکەم لە ناوچە شارستانییەکان دابنێین. هەر وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، بە پێی سیاسەتی ئیستعماریی ناوخۆیی ئێران، لانیکەم بۆ ماوەی سەدەیەکە دەوڵەت پێوەندیی زمانیی تاکەکان لە کۆمەڵی کوردستاندا لە چوارچێوەی حکومەتمەندیدا ڕێکدەخات و کۆنترۆڵ دەکات. تاک و دامەزراوەکانی دەوڵەت ڕەفتار و هەڵسوکەوتی گشتیی خەڵک شێوەپێدەدەن و پلان و بەرنامەکانی دەوڵەت جێبەجێ دەکەن. بەتایبەتی، دامەزراوەی پەروەردە و فێرکردن بە وردی ئایدۆلۆژیای زمانیی زاڵ بە هەموو قوژبنێکی ژیانی کۆمەڵایەتیدا بڵاو دەکاتەوە. «قوتابخانە لەوانەیە تێڕوانینێکی نەرم و چارانخوازانەی لە ئاخاوتن بە زمانی دایک لە ژینگە فێرکارییەکەدا گرتبێتەبەر، بەڵام ‹ئەمەش هەر قۆناغێکی تێپەڕە کە ئامانجەکەی ڕێگە خۆش کردنە بۆ ئەوەی تاک (گەورە/منداڵ) بە ئاسانی تێکەڵ بە ژیانی دامەزراوەیی و گۆڕانی زارەکەی بەرەو فرەچەشنیی دامەزراوەیی بێت›»(Fishman ٢٠٠٦).

بەم پێیە، زمان لە ئەو ڕووەوە کە بۆ چوارچێوەبەندیی ئەو شێوانەی خەڵک لەبارەی کێشەکانەوە دەدوێن و ئەوە کە چۆن خەڵک چاوەڕوان دەکەن زمان بەکار بێنن بۆحکومەتمەندی بنەڕەتییە. هەربۆیە، حکومەتمەندیی زمان دەکرێت بەواتای ئەوەی کە چۆن ‹› بڕیارەکان لەبارەی زمان و فۆرمە زمانییەکان لە نێوان زنجیرەیەکی جۆراوجۆری دامەزراوەکان(قانوون، پەروەردە و فێرکردن، پزیشکی و چاپ)دا و لە ڕێگای شەبەنگێکی بەربڵاوی ئامرازەکان(کتێب، ڕێسا، تاقیکردنەوە،

وتار و ڕاستکردنەوەکان)ەوە بەکارهێنانی زمان، بیر و کرداری تاکەکان، تاقم و ڕێکخراوە جیاوازەکان کۆنترڵ و سنووردار دەکرێت، دەرک پێبکرێت(Pennycook, ٢٠٠٦). لەسەر ئەم بنەمایە، دەوڵەتی ئیستعماری لە سەربنەمای›یەک زمان› کە نوێنەرایەتیی نەژادێک یان ئەتنیکێکی تایبەت دەکات، «چوارچێوەیەکی مەعریفی بۆ خۆی بەرهەم دێنێت کە دەیهەوێت تاکی نیشتمانیی دەستەمۆ دروست بکات (Gal ٢٠٠٦). بەهەر بۆیە، ‹›حکوومەتمەندی دەکرێت وەک ژێرمەندییەکی سیاسی بزانرێت کە لە ڕێگای ژمارەیەکی زۆری دامەزراوەکانەوە وەک بەشێک لە بەرهەمهێنانی سوژە/تاکی شیاوی حکومەت بەسەردا کردن لە ناو بەستێنێکی تایبەتی مێژوویی- کۆمەڵایەتیدا هەڵدەسووڕێت(Miller & Rose, ١٩٩٠). بەلای ئەمانەوە، حکومەتمەندی ‹›بەستێنێکی گوتارییە کە ‹دەوڵەت› تێیدا وەک ئامرازێکی زمانیی بگۆڕ بەشێوەیەکی مێژوویی بۆ پێکەوەنانی چەمکە کان (موفهوم سازی) و دەربڕینی ڕێگاکانی زاڵ بوون خۆی دەردەخات. بە بۆچوونی ڕۆز و میلەر، گرنگیی گوتار هەر لە پێوەندیی بە ‹ئایدۆلۆژیا›ەوە سەر هەڵنادات. چونکە زمان هەر لایەنی تێڕامان و پاساودانی نییە، بەڵکوو ڕاپەڕاندن و جێبەجێکردنە. هەربۆیە، شیکردنەوەی زمان و گوتاری سیاسی یارمەتیمان دەدات تا نەک هەر ئەو پێڕەوە هزرییانەی کاربەدەستان کێشەکانیان بۆ دەوڵەت تێدا خستووەتە ڕوو و دیارییان کردووە، بەڵکوو ئەو سیستەمە کردارییانەش کە لە ڕێیانەوە دەیانهەوێت حکومەت کارا بکەن، ڕوون بکەیەنەوە(Miller & Rose, ٢٠٠٨).

«چەمکی حکومەتمەندی گرنگە بۆ ژمارەیەک لەو ئالینگارییانەی کە بۆ یاسا پەسندکراوەکانی سیاست و پلانی زمانی دروستی دەکات:

تێگەیشتنی دەسەڵات دوور دەخاتەوە لە تەرکیزی لەسەر ستراتیجییە مەبەستدار و ناوەندییەکانی دەسەڵاتدارانی حکومەتی و لەجیاتی ئەوە سەرنج دەخاتە سەر چەندین شێوە کە تێیاندا کردارەکانی دەسەڵات دەکرێت تەشخیس بدرێت. بە ئەم کارەی، تیشکۆی سەرنجی ئێمە لە دەوڵەتەوە وەک کارایەکی مەبەستدار کە لە دووی سەپاندنی خواستەکانی بەسەر خەڵکدایە دەترازێنێت و بەرەو کردارە بە شوێنیکراو و زۆرجار هاودژەکانی دەسەڵات ڕادەکێشێت. ئەوە هەروەها ئاماژە بەوەش دەکات کە بۆ تێگەیشتن لەوەی چۆن ڕێساکانی بوارەکانی ژیان کاریان تێدەکرێت، پێویست

ناکات هێندە چاومان لەسەر یاساکان، ڕێساکان، چاوەدێریکردن، یان ئایدۆلۆژیای زاڵ بێت، چونکە دەبێ زیاتر ئاگامان لە ئەرکی گوتارەکان، کردە فێرکارییەکان، و بەکارهێنانی زمان بێت. سەرەنجام، تیشک دەخاتە سەر ئەو ڕێگایانەی کە تێیاندا بەڕواڵەت حکومەتی دەسەڵاتخوازتر(اقتدارگرا) بەرەو حکومەتی لیبڕاڵتر دەڕوات و لەوانەیە شێوەی ڕوولەزیادەی حکومەتمەندی شێوەی جۆراوجۆرتری چاوەدێریی لەگەڵ بێت(Pennycook ٢٠٠٦).

لەوانەیە، قۆناغی بەهێزی حکومەتمەندیی ئیستعماریی ئێران لە کوردستاندا لە قۆناغی ئیسلاحاتەوە دەست بێت. لەم قۆناغە بەدواوە، ڕێژیم گەیشتبووە ئاستێک کە بە بەکارهێنانی هەندێک تاکی دەستەمۆ و ڕاهێنراوی خۆی لە ناو کورددا کە لایەک لە ڕێی میدیاوە پاکانە بۆ ڕەوایەتی دەوڵەتی ئیستعماری بکات، لەلایکی تریشەوە، وەک دەمڕاستی داگیرکەر بەگژ بزوتنەوەی بەرەنگاریخوازی نەتەوەیی کوردیان دا بکاتەوە، هێژێمۆنیی خۆی زیاتر زاڵ بکات.لاوازیی تیۆری، هزری و دابڕان و لێکترازانی ڕێکخراوەیی ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد کە دەکرێت بڵێین ئێستا تەسکتر بووەتەوە، دەرفەتی زاڵبوونی هێژێمۆنیی ئیستعماری شێوە ئێرانی زیاتر ڕەخساندووە. هەر بۆیە دەزگا ئایدۆلۆژییەکانی دەوڵەتی داگیرکەر و نوخبە و توێژەرانی سیاسەتی زمانیی نەتەوەی زاڵ هەوڵیان دا و بەردەوامیشن کە بە توێژینەوەکانیان فرەیی و جۆراوجۆریی زمانی لە چوارچێوەی چاران(tolerance )دا ڕێکبخەن. واتە، لە بریتیی پاراستنی مافی ئەرێنی نەتەوەی کورد لە برەودان و پەرەپێدانی زمان و شوناسی خۆی، سیاسەتە زمانییەکەی لە قەدەغەکردنی دەستبەجێ و تەواوە بۆ گۆڕانێکی درێژخایەنی نەرم بەڕێت و لە ڕێگای دەزگا ئایدۆلۆژییەکانییەوە و لەچوارچێوەی حکومەتمەندیدا زمانی کوردی لە ئاخاوتنی ڕۆژانـەی گشتیی خەڵکدا بـەرەو گۆڕانێکی زۆر بـەرێت. ڕێژیم لە میدیا، و پڕۆپاگاندای هەڵبژاردنەکانی خۆیدا، و هەندێکجار تێخزاندنی لە چالاکییە مەدەنی و سینفییەکانی کورد و خەڵکانی نافارس دا هەوڵ دەدات ئەسڵی ١٥ی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی بکاتە سنووری کۆتایی داواکانی خەڵکی کوردستان و نەتەوەکانی دیکە لە حکومەتی ئیستعماریی خۆی دا. هەندێک جار کەسایەتیی سیاسی کورد، لێکۆڵەر یان چالاکی سیاسیی سەر بەڕەوتێکی ریفۆرمخوازی ئێران داوای چارەسەری مافی زمانیی نەتەوەکان لە چوارچێوەی ئەو ئەسڵەدا

هەواڵنامەی کتێب

دەکەن. لەم ڕوانگەیەوە دەچنە ژێر باری سەپاندنی سیاسەتی ئیستعماری کە هەمان ڕاهێنان یان ملکەچکردنی ئاخێوەرانی زمانە بەکەمینەکراوەکانە بە پەراوێز بوونی خۆیان و زمانەکەیان و ڕازی بوون بە باڵادەستیی زمان و نەتەوەی زاڵ. ڕاستییەکەی، ئەم شێوە ڕوانینە پاساوێک دەبێت بۆ ڕەوایەتی دەوڵەتی داگیرکەر و سیاسەتی زمانیی بەردوامی لە کوردستان  و نیشتمانی نەتەوە نافارسەکانی دیکە کە ئەولەویەت یان بەراییەکانی داوای کورد وئەو نەتەوانە لە مافە سیاسییە کانیان بۆ هەڵبژاردنی شێوازی خۆبەڕێوەبردن یان سەروەریی سیاسی، هێز، ئابووری و شوناسی نەتەوایاتییەوە بۆ شوناسی هاووڵاتی بوون یان کۆمەڵێک ئەتنیکێک لە چوارچێوەی دەوڵەتی داسەپاودا دەگۆڕێت. لەلایەکی دیکەشەوە، ڕواڵەتی کۆمەڵگایەکی دیموکراتیکی لیبراڵ بە ئەو ڕێژیمە سیاسییە سەرکوتکەرانە دەبەخشێت کە لە پاش پێکهاتنی دەوڵەتی نوێ ئیستعماری تا ئێستا بەسەر نەتەوە نافارسەکاندا زاڵبوون. گەیشتن بەم قەناعەتە، دەکرێت زۆر هۆکاری تاکییانە، لاوازیی ڕێکخراوەیی و بەرهەمهێنانی فکری، ڕۆشنبیریی زانستی و سیاسی یان جێگیربوونی چەمکی ‹حکومەتمەندی› بێت کە بتوانێت تاڕادەیەک لەو ئەرکەیدا سەربکەوێت کە کەس/سوژەی شیاوی حکومەت بەسەرداکردن بۆ خۆی پەروەردە بکات.

- **بەکارهێنانی میدیا بۆ پڕکردنەوەی کەلێنەکان لە پێوەندیی نایەکسانی هەرێمەکاندا**

زاراوەی ئیستعماری ناوخۆیی لە دەیەی ١٩٦٠ەوە وەک زاراوەیەک بۆ ئەو ناوچانە بەکارهاتووە کە هاوکات هەم لەباری ئابووری و هەم لە بواری کولتووریشەوە لە کولتوری ناوچە ناوەندییەکەی ئەو وڵاتەی تێیدان جیاوازن. ئاماژەیە بۆ دانوساندنێکی نایەکسان لە نێوان هەرێمەکانی دەوڵەتێکی دیاریکراودا کە جگە لە پاراستنی ئەوەی زیاد بوونی پێوەندیی پەراوێز-ناوەند پێکچوونی پێکهاتەیی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە، پێوەندییەکی بەتەواوی جیاوازیش لە نێوان ئەم ناوچانە دەسەپێنێت. ناوەندەکە لە ڕووی سیاسییەوە بەسەر پەراوێزەکەدا زاڵە و لەڕووی ماددیشەوە دەیچەوسێنێتەوە(Hechter ١٩٩٩) لە پێوەندی لەگەڵ وڵاتێکی وەک ئێراندا، «ئەم نایەکسانییانە لەپاڵ کەلێنە ئەتنۆ زمانیی، نەژادی، و ئایینییەکاندا پێکهاتوون». (Soleimani, & Mohammadpour ٢٠١٩). هەر بۆیە، هەموو هەوڵی دەوڵەتی

زاڵی کۆلۆنیاڵ ئەوەیە کە لەگەڵ داگیرکردنی نیشتمانی کۆمەڵە ئەتنۆزمانییەکان، لە ڕێی دابەشکردنی یەکە کارگێڕییەکانەوە پێوەندییە کولتوری -کۆمەڵایەتییەکانیان لە ناوخۆیاندا هەڵبوەشێنێت و بە ناوندەوە بیانبەستێتەوە. هەرچەندی مامڵەی نێوان کۆمەڵی (زاڵ و ژێردەست) زیاتر بێت، شیمانەی ئەوەی کە زیاتر پێکبچن زیاتر دەبێت، هەربۆیە لە پاش ئەمە، بە هاندانی هێندێک مامڵەی نێوان کۆمەڵی لە ڕەوتی مێژوویی دا بە پێی میکانیزمەکانی ‹حکومەتمەندی› بە پەرەسەندنی دامەزراوەکان لە ناوەندەوە بۆ پەراوێزهەوڵی پڕکردنەوەی کەلێنەکان دەدرێت و بە گۆڕینی کولتوری هەرێمە ئیستعمارکراوەکە هەوڵ دەدرێت هاوسەنگیی کولتوری خوازراوی دەوڵتی ئیستعماری بەدی بێت. دیارە چونکە مامڵە نێوان کۆمەڵییەکە بەتەنیا کارا نییە، بە هاندان لە ڕێی میدیا یان بە هێزی سەرکوت هەوڵدەدرێت هەم خۆڕاگریی و سەربزێویی نەتەوەی ژێردەستکراو بشکێنێت، هەم وای لێبکات کولتوری نەتەوەی زاڵ بپەژرێنێت و لە زەینیەتێکی ئیستعمارکراوانەدا لە زمان، کولتور و بەها کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی خۆی بڕوانێت.

نموونەیەک لە زەینییەتی ئیستعمارکراو، ئەم سەردێڕەی هەفتەنامەی «سیروان»ە کە دەڵێت:

[سەر سەردێڕ]: (فعالان سیاسی و مدنی کرد در دیدار با معاون سیاسی وزیر کشور مطرح کردند):

[سەردێڕە سەرەکییەکە]: (احیای اعتماد دوباره ایران به کردها) (سیروان، ٢٢، جوونی ٢٠١٩)

بۆ لێکدانەوەی ئەم سەردێڕە هەواڵییە لە بەستێنی بڵاو بوونەوەی خۆیدا ڕوونکردنەوەی چەند خاڵێک پێویستن:

یەکەم، لە ریفراندۆمی هەرێمی کوردستانی باشوردا ٩٣٪ی خەڵک دەنگی پێدا، خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات دیمەنێکی کەم وێنەیان لە پشتیوانی لە ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستاندا لە سەر شەقامەکانی ڕۆژهەڵات لەخۆیان نیشان دا. لەپاش ئەوەی ئێران و دەستوپێوەندەکانی لە ئێراق بە زەبری هێزی سەرکوت، ناوچە ئازدکراوەکانی کوردستان، بەتایبەتی، کەرکوکیان داگیرکردەوە، گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات ئەمجار هەم بە زمانی لۆمە وەک ‹لێرە کەس نیشتمان نافرۆشێت، لە پێناویدا دەمرێت»، براکانی لۆمەکرد، هەم بە دروشمی ‹›هەتا کوردێک بمێنێت

کەرکووکیش هەر دەمێنێت» بە خۆ نیشاندانی بەربەرینی جەماوەری ئەم گەلە کۆمەکێ داگیراکارانەیان مەحکوم کرد. بەڵام هێڵی چەماوەی ڕووە و ئێران، لە ناو دەسەڵاتی باشووری کوردستاندا، بەناوی دانوسانی کولتورییەوە بەرەو ئێران داگەڕاوە. هەر بۆیە، دەوڵەتی داگیرکەری ئێران، «کۆنگرەی ناودارانی کورد»ی بەڕێ خست کە بە پێی گوتەی کاربەدەستانی دەوڵەتیی ئێران» یارمەتی سیاسەتی ناوچەیی ئێران بدات.»واتە، سنوورە ئیستعمارییەکانی خۆی پتەو بکاتەوە و بەرهەڵستییە نەتەوەییەکانی کوردیش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێک بشکێنێت.

دووەم، ئەوەیە کە ئەم شێوە هەواڵانە لە هەفتەنامەیەکی ناوچەیی(لۆکاڵی) دا بڵاو دەبێتەوە، نەک لە ڕۆژنامە سەرانسەرییەکانی ئێراندا. واتای هاوپێچی ئەم کۆکردنەوەیەی کوردەکان ئەوە بوو، لە لایەک، هەم دڵی خەڵکی باشووریش لە شکست پێهێنانی پرۆسەی ریفراندۆم بداتەوە، هەم وەک پاشکۆیەکی کولتوری ئیستعماری ئێرانی پێناسەی بکات. لەلایەکی دیکەشەوە، کوردستان بەگشتی بەرێتەوە ناو ئەو هەرێمە بچوککراوە کە وەک یەکەیەکی کارگێڕی بە ناوەندێتی شاری سنە وەک پارێزگا بەکوردستان ناسراوە. لێکەوتە مەبەستناسانەکەی ئەم ڕستەیە، ملکەچکردنی نەتەوەی ژێردەستی کورد بەوەی کە دەسەڵاتی ئیستعماریی ئێران لەسەر خۆی بەئاسایی وەربگرێت، و لەگەڵ هێژێمۆنییەکەی کە ئامانجی سەرەکیی هەر دەسەڵاتێکی ئیستعمارییەڕابێت.

بەگشتی، لەم سەردێڕەی هەفتەنامەی سیرواندا کورد لەجیاتی «زۆرلێکراو» وەک خەتاکارێک ناسێنراوە کە ئێران باوەڕی پێی نەماوە و ئەم کۆمەڵە چالاکە مەدەنی و سیاسییانە چوون تکای لێبکەن باوڕی بەکورد بێتەوە. بە گشتی هێنانی ناوی «کورد» وەک نەتەوەیەکە(کوردەکان)، لەبەرانبەر «یاریدەدەری سیاسیی وەزیری ناوخۆ»دا ، وەک کاربەدەستێکی پلە نزمی دەسەڵاتی داگیرکەر کە لە سیستەمی پێچەڵاوپووچی ئیسلامیی ئێراندا هەر ژمارە نییە، خۆسەپاندنێکی داگیرکەرانەیە کە میدیا ناوچەییەکە بە نواندنەوەی خۆی بەرهەمی هێناوەتەوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە «... ئەمە بەشێکە لە سیاسەتێکی کولتووریی بەر بڵاو کە ئامانجەکەی بەدیهێنانی ئاپۆرایەکی ‹دەستەمۆ› یە کە لە ڕووی سیاسی دەستەوەستان(پاسیڤ) و داگەڕاو بۆ هاوکاریکردن لە چەوساندنەوە (ئیستسمار) ی خۆیدایە(Pennycook, ٢٠٠٢).

**●لە نایەکسانیی زمانییەوە بۆ زمانکوژی**

ئیستعمار و سیاسەتی زمانکوژی پێوەندییەکی توندوتۆڵیان بە بەدیهێنانی پلەبەندیی زمانییەوە لە پرۆسەی داگیرکردنی نیشتمانی نەتەوە ژێردەستکراوەکاندا هەیە؛ لە دەست ڕاگیشتنیان بەسەرچاوەکانی هێزدا پێگەیەکی زاڵ بە ئاخێوەرانی زمانە زاڵکراوەکە دەبەخشێت. نایەکسانی زمانی زاراوەیەکە تۆڤە سکوتنەب -کانگاس لە ١٩٨٨ دایهێناوە، ئاماژەیە بۆ ئەو»ئایدۆلۆژی، پێکهاتە، و کردانەی بەکاردێن بۆ ڕەوایەتدان، مسۆگەرکردن و بەرهەمهێنانەوەی دابەشکردنێکی نایەکسانی دەسەڵات و سەرچاوەکان لە نێوان گروپەکاندا  کە لەسەربنەمای زمان دیاریکراون»( Skutnabb-Kangas ١٩٩٦). هەروەها « ئاماژەیە بۆ هەڵاواردنێکی پشتبەستوو بە زمان کە بەشێوەیەکی نادادپەروەرانە لەگەڵ کۆمەڵەی زمانیی دیاریکراو ڕەفتار دەکات، یان زمانێک بە سەرزمانگەلی دیکەدا سەردەخات»( Galloway and Rose ٢٠١٥). هەڵبەت ئەم سیاسەتی هەڵاواردن و سەرکوتی زمانی نەتەوەی زۆرلێکراوە لە شێوە توندڕۆیانەکەیدا دەگات بە «زمانکوژیی(Linguicide)». واتە « ئەوکاتەی کە ئاخێوەرانی زمانێک زمانەکەیان دگۆڕێت بۆ زمانێکی دیکە و هی خۆیان لەناودەچێت، خەسارە کۆمەڵناسی، دەروونناسی، پەروەردەیی و زمانییەکەیان دەکرێت وەک زمانکوژی سەیر بکرێت (Skutnabb-Kangas ٢٠١٦). «کەواتە، یەکێک لە هۆکارەسەرەکییەکانی مردنی زمانەکان زمانکوژییە کە لە پەروەردەی ڕەسمیدا  کە کاتێک منداڵی خەڵکی ڕەسەنی خۆجێیی یان بەکەمینەکراو دەخرێنە بەر خوێندن بە زمانێکی زاڵکراو، ڕوودەدات.» (Skutnabb-Kangas, ٢٠٠٠) کوشتنی بە ئەنقەستی زمان[ی کورد] سیاسەتیی ڕەسمیی سێ وڵاتی ئێران، تورکیا و سووریا بووە کە کوردیان بەسەردا دابەشکراوە(Hssanpour, ٢٠٠٠).

ئەم شێوەیەی زاڵکردنی زمان کە لە کولتوری ئیستعماری ڕۆژئاواییەوە سەرچاوەی گرتووە، لە پێوەندی لەگەڵ زمانی ئینگلیزیدا، بەتایبەتی، بە «ئیمپریالیزمی زمانی» ناو دەبرێت. ئەمە بۆ ڕەفتاری زمانی هەرنەتەوەیەکی فەرمانڕاو کە دەیهەوێت تواندنەوەی زمانی نەتەوەی زۆرلێکراو بکاتە ئامرازی تواندنەوەی نەتەوەکانی دیکە و کولتورەکەشیان هەر هەمان شتە.

هەولێرنامەی کتێب

«زمانێکی ئیمپریالیستی، وەک زمانێک پێناسە دەکرێت کە ڕۆڵێکی زاڵبووی وەرگرتووە لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا وەک ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی داگیرکاری یان کۆلۆنیزەکردن بە دەسەڵاتێکی دیکە. واتە بێ بوونی زمانی زگماکیی ئەوانەی کەوتوونەتە بەرداگیرکاری یان بە کۆلۆنی بوون.( ٢٠١٢ Mazrui)». سیاسەتێکی زمانیی تواندنەوەی ئاوا بوو بە هۆی لەناوچوونی گەلێک زمانی وەک زمانی خەڵکە خۆجێیە ڕەسەنەکانی ئەمریکا، یان بەکارهێنانەکانیان سنووردارکران وەک زمانی «مائۆری»(Māori) لە لە نیوزیلەند لە لەسەدەی نۆزدە و بیستدا(Tollefson & Tsui, ٢٠١٨). ئەمە بەتایبەتی، بۆ زمانی کوردی لە تورکیا و ئێستاش لە ئێران لەپارێزگاکانی کرماشان و ئیلام ڕاستە.

« تێڕوانینێکی توندڕۆیانە هی ئەڵمانییەکان بوو، کە پێی وابوو هیچ ئەفریقییەک بەڕادەیەکی پێویست باش نییە بۆ ئەوەی بە ئەڵمانی قسەبکات. سیاسەتی ئەڵمانی بەدوای پاراستنی مەودای کولتووریی ئەفریقییەکان و فەرمانڕەواکانیان و نێوان کولتوری ئەڵمانی و ئەفریقییەوە بوو. تێڕوانینێکی توندڕۆیانەی دیکە هی فەرانسییەکان بوو کە لە ڕێگای تواندنەوەی سیاسەتی فەرانسییەوە، حاشای دەکرد لە ڕەوایەت دان بە کولتوری ڕەسەنی خۆجێیی(native) و هاوڕێیەتییەکی کولتوریی ڕێگەپێدراو [لەگەڵ کولتوری ئەفریقی] (Mazrui, ٢٠١٢). هەر بەم پێیە زمانی فارسی دەکرێت وەک زمانێکی ئیمپریالیستی سەیر بکرێت، چونکە ئەم حاشاکردنە لە کولتور، ئەدەبیات و پریستیژی زمانیی نەتەوەکانی دیکە، زۆر بە زەقی لە گوتاری ئیستعماری ئێرانیدا دەبینرێت. ئەمە کاتێک کە زمانی باڵادەست بۆ ماوەیەکی درێژ خایەن خۆ دەسەپێنێ، و بەدەسەڵات، میدیا، پەروەردە لەبەرانبەر زمانە خۆجێییەکەدا پشتیوانی دەکرێت، «لەبەر ئەوەی خەڵک عادەت بە بەکارهێنانی زمانەکە دەکەن، (ڕاست وەک ئەو هەوایەی هەڵیدەمژن) پێی نازانن. بۆ زۆربەی خەڵک زمان بەبەراورد لەگەڵ زۆر بابەتی دیکە زۆر سەرنجڕاکێش نییە. سەرەڕای ئەوەی کە «دەزانین» لە کۆمەڵەی زانیارییەکاندا دەژین، و زمان ڕۆڵێکی سەرەکی لە گەیاندنی زانیارییەکاندا هەیە، لەوانەیە زۆرکەسان هەست بە ڕۆڵی زمان لە پاراستن و بەرهەمهێنانەوەی پێوەندییە (نایکسان)ەکان و داگیرکردنی ئاگایی خەڵک نەکەن»( Skutnabb-Kangas, ٢٠٠٠).

یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی مافی مرۆڤ ئەو مافەیە کە بە ‹مافی ئەرێنی› ناسراوە، واتە»مافی ڕاگرتن و پەرەپێدانی شوناس لە ڕێگای ئازادیی ڕاهێنان و بەکارهێنانی ئەو لایەنە تایبەت و تاقانانەی پێوەندییان بە ژیانی کەمینەوە هەیە- بە شێوەی ئاسایی لەوانە دەکرێت کولتور، زمان و ئایین بێت.» ئەمە جگە لەو مافەیە کە بە ‹مافی نەرێنی› ناسراوە و پێوەندیی بە ‹›مافی هەڵنەواردران لە هەبوونی مافەکانی مرۆڤ»ەوە هەیە( Van der Stoel ١٩٩٩). دەوڵەتی ئیستعماری ئێران بە پێشێلکردنی هەردووکی ئەم مافانە، سیاسەتێکی لەبنەوەبڕانەی سەبارەت بە زمانی کوردی بەکار هێناوە. هەر لەبنەڕەتدا سیاسەتی فێرکردنی زمان بە زمانی دایک کە ئەرکی وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنە، وەک ئەرکێکی لاوەکی لە چوارچێوەی چالاکیی ئەنجومەنە ئەدەبی و کولتوریی و کۆمەڵایەتییەکاندا بە وەزارەتی ئیرشاد و ئیسلامی سپاردووە. ئەم ئەنجومەنانە بە پێی بەستێنی پارێزگاکان جۆری مۆڵەتەکەیان، ماوەی کارکردن و جۆری چالاکییەکانیان دەکرێت جیاواز بن، کردنەوەی خولی فێرکردن بە زمانی دایک، لەڕووی دڵسۆزیی و هۆگریی ئەندامان و بەڕێوەبەرانی ئەنجومەنەکان پێکدێت، و لەسەر ویستی خۆیان خولی فێرکردنی زمانی کوردیشیان کردووەتەوە. ‹ناوەندی هزری ئەحمەدی خانی›(بە هێزی دەوڵەت و زۆرهێنانی ڕەیسیزمی پانتورکیزم داخراوە)، ‹سۆما›(پاش ١٨ساڵ چالاکی داخراوە)، ‹نۆژین›(بەڕێوەبەرەکەی بە بێ ڕوونکردنەوەی تاوانەکەی، بەڵام لەبەر بەکارهێنانی مافی ئەرێنیی زمانی بۆ پاراستنی شوناس و برەودان بەزمانی کوردی بە ١٠ ساڵ و پاشان بۆ پێنساڵ کەمکرایەوە حوکم دراوە)، ‹ڤەژین›(چەندجار بنکەکەی سوتێنراوە)، ‹زاگرۆس›، ‹بەیان›، ‹مەولەوی›، ‹واران› بەردەوام لەگەڵ کێشەی ماددی، شوێنی وانەگوتنەوە، بەرەوڕوون و هەموو مامۆستاکان بێ هەقدەست و خۆبەخشانە وانە دەڵێنەوە. ئەم سیاسەتە نایەکسانییەکی قووڵی زمانی پێکهێناوە.

گایاتری سپیواک، ڕەخنەگری ئەدەبیی پاش ئیستعمار (١٩٨٨) ئەو پرسیارەی هێنا گۆڕێ کە ‹ئایا ژێردەست دەتوانێت قسە بکات؟» و گەیشتە ئەنجام کە نەخێر ناتوانێت. دیارە مەبەستی ئەو واتای دەقاودەق و بێژەیی وشەکە نەبوو. ئەوە دیارە کە هەموو کەسانێکی پەراوێزخراویش دەتوانن بە شێوەی جەستەیی بدوێن. کێشەکە ئەوەیە ئەوەی دەیڵێن بە ناچاری هەر لە نێو و لەڕێگای ئەو ڕوانگەیەوە

لێکدەدرێتەوە و تەرجمە دەکرێت کە وەک بەشێک لە ئیستعماری دەوڵەتی نەتەوەی زاڵدا بەرهەم دێت، واتە، «چوارچێوەکانی ئێستای کردارە زمانییەکانیان بەردەوامە لە نواندنەوەی ئاخاوتنەکانیان لە ڕوانگەیەکی ئیستعمارییەوە کە ڕەتی دەکاتەوە گۆڕان ئەزموونەکانیان و بزێویی کردارە زمانییەکانیان لەخۆ بگرێت» (Flores ٢٠١٣). نموونەیەکی ئەم زمانکوژییە، تاقیکردنەوەی شایستەیی و توانستی زمانیی منداڵانی کورد و نافارسی ئاخێوەکان لە پێش خوێندنی سەرەتاییدا لە لێهاتوویی بیستن، ئاخاوتن، خوێندنەوە و نووسینداپە، کە بەناوی ‹بەستەی گۆڕانی پۆلی پاراویی دەربڕین لە قۆناغی پێش سەرەتاییدا›یە، و لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو کراونەتەوە. هێندێک لە خاڵەکانی ناو ئەم بەستەیە لە لێهاتوویی بیستن و گوتن کە لەژێر ستونی ‹چاوەڕوانییە ئەرکییەکان›دا ڕیزکراون ئەمانەی خوارەوەن:

گوێگرتن لە چیرۆک و هۆنراوەی فارسیی پێخۆشە[زمانەکەی خۆی لە خوێندن لێ قدەغەکراوە، لە ڕێی دامـەزاروە پەروەردەیی، میدیاییەکانییە فارسی بەسەردا سەپاندووە، دەبێ پێشی خۆش بێت!!]

بە پێی بابەتەکە و ئەو چیرۆکەی دەیبیستێت دەور دەگێڕێت.

حەزی لە ئاخافتن بە زمانی فارسییە؟[کاریگەریی پریستیژی زمانی زاڵی فارسی وەکی زمانی فەرمی کە لە ئەنجامی سەرکوت فیزیکی و دامەزراوەییەوە برەوی پێدراوە، لەسەر تاقی دەکرێتەوە.

– وشە فارسییەکان بە دروستی دەبێژێت؟ [دەیهەوێت بزانێت دامەزراوەکانی سەرکوتکردنی زمانی دایک تا چ ڕآدەیەکی پێکهاتی وشەسازیی زمانی فارسیان لە منداڵی کورددا دەروونی کردووە ]

– جیاوازیی دەنگیی وشـە فارسییەکان تێدەگات؟ [لـە ڕووی فۆنۆلۆژییەوە فۆنیمەکانی زمانی فارسی تا چ ڕادەیەک هۆشەکی بوون کە منداڵێکی پێش سەرەتایی کورد هەست بە دەوری جیاوازیان لە پێکهاتنی وشەی جیاوازدا بکات]

– لە قسەکردندا زمانی فارسیی پێوەر بەکار دەهێنێت؟ [ تا چە ڕادەیەک زمانی ستانداردی فارسی کە زمانی فەرمی دەوڵەتی داگیرکەرە لە ئاخاوتندا بە کاردێت. فارسی ستاندارد، لێرەدا، پێوەرێکە بۆ زاڵبوونی تـەواوی ئایدۆلۆژیا و هێژێمۆنی دەسەڵاتی دەوڵـەت تا ڕوون بێتەوە چەندە سەرکەوتووە لـەوەی تاکی حکومەت بەسەرداکراوی خوازراو بەرهەم بهێنێت.]

( دیسەمبەری ٢٠٢١،  بڕوانە لاپەڕەیفەیسبووکی زمان و زمانناسیی کوردی، د. جەعفەر شێخولئیسلامی،

ئەمە خۆی نموونەی زەقی ئەو ‹توندوتیژیی مەعریفی›یە کو سپیڤاک ئاماژەی پێکردووە. لەگەڵ فەرمانی دەوڵەتی داگیرکەردا، زانست و توێژینەوە ئەکادیمیەکان لە ڕووی زمانناسی، دەروونناسی، و زانستە کۆمەڵایەتیی و پەروەردەییەکانیش بە هاوڕێیەتیی خۆیان دەورێکی سەرەکی لە بەردەوامی و چەسپاندنی ئەم سیاسەتە ئیستعمارییەدا دەنوێنن. ئەمە دەریدەخات کە ناسیۆنالیزمی ئەتنیکی فارس بە ڕەچاوکردنی ئایدۆلۆژیای تاکزمانی ناهاوچەشنیی زمانی وەک کۆسپێک لەسەر ڕێی چەسپاندنی دەوڵەتی داسەپاوی فارسی بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا دەزانێت. هەستی منداڵی کورد زمان بۆ پێخۆشبوونی فارسی تاقیدەکەنەوە، بە دەرخواردانی چیرۆکە فارسییەکان پێیان لە کردەوەشدا دەوری ئەو کەسایەتییە داڕێژراوە فارسیانەشیان پێ دەگێڕن کە نوێنەرایەتیی ئایدۆلۆژی و شوناسی زاڵ دەکەن. بێ ئەوەی گرنگی بە جیاوازیی زمانی کوردی و فارسی لە ڕووی تایبەتمەندییە دەنگسازی، وشەسازی و ڕێزمانییەکان بدەن کە منداڵێکی کورد لە خێزاندا فێری بووە و پێی ڕاهاتووە، شێوە دەربڕینی زمانی داسەپاوی فارسیش بەسەریاندا تاقیدەکەنەوە و بە پێوەری مێشکی فارسی دەیپاڵێون. لەم بەستێنەدا، حکوومەتمەندی[ی زمانی] ئایدۆلۆژیا تایبەتە زمانییەکان وەک بەشێک لە چوارچێوەیەکی مە عریفی بەرهەمهێناوە کە ‹‹وا لە  تاک و جەماوەر دەکات لە پێکهاتەی حاکمیەتدا لە ڕێی پێوەندییەکانی هێز و زانستدا  ڕۆڵی خۆیان بگێڕن.  ئەم حکوومەتمەندییە وا نییە کە لەسەرەوە بۆ خوارەوە بێت کە تێیدا نوخبە/دەستەبژێرەکان لە لوتکەیدا بن، ئەوانەی تر ناچار بکەن ویستی ئەوان جێبەجێ بکەن. لەبەرانبەردا، بە پێی بەرداشتی فۆکۆ لە هێز کە لە هەمووشوێنێک ئامادەیە، حکوومەتمەندی لە هاوتەریبی/هاوشانی دەزگا ئیدارییەکانی دەوڵەت بە زانستی بەرهەم هاتوو لە دامەزراوەکانی دیکە وەک زانکۆ و خەستەخانەکانەوە سەرهەڵدادات››(Flores ٢٠١٣).

سیاسەتی زمانی میکانیزمێکە کە گرووپی باڵادەست لە بەکار هێنانی زماندا هێژیمۆنی [خۆی] پێ دەچەسپێنێت»( Tollefson, ١٩٩١). ئەنجامی ئەم سەرکوتکردنە زمانییە، لەناوچوونی زمانی نەتەوە زۆرلێکراوەکانی ئێرانە. لێرەدایە کە سیاسەتی

زمانی لە چوارچێوی حکومەتمەندیی زماندا پێوەندییەکانی سەردەست و ژێردەست ڕێکدەخات .هەروەک فۆکۆ (١٩٨٢) ڕوونی دەکاتەوە،» ‹حکومەت› هەر بەواتای پێکهاتە سیاسییەکان یان بەڕێوەبردنی دەوڵەتەکان نییە؛ بەڵکوو ئەو ڕێگایانەش دیاری دەکات کە تێیاندا هەڵسوکەوتی تاکەکان یان تاقمەکان ئاراستە دەکرێت. ... حکومەت کردن ڕواڵەت بەخشین و پێکهێنانی ژینگەی کردەی ئەوانەی ترە کە دەشێت هەبن»(Felluga, ٢٠١٥).

«توێژینەوە ڕەخنەییەکان دەریانخستووە کە دامەزراوە پەروەردەییەکان دەتوانن کارئاسانی بکەن بۆ پەراوێز خستنی زمانی کەمینەکان و بەکارهێنەکانیان بە پیادەکردنی سیاسەتی زمانیی هێژمۆنیک (Tollefson ٢٠١٣)». هەروەها، زۆر جار بژاردە و دەسەڵاتی باڵادەست وەک پاساودانی مانەوە لە ژێر سێبەری زمانی باڵادەست زمانە ژێردەستکراوەکان بە ناکارا لەبواری ئەرکی یان ڕەسمی دادەنێن. دیارە ئەمە بە پێی سیاسەتێکی زمانیی درێژخایەنی دەوڵەت و پاساوهێنانەوەی بژاردەی نەتەوەی فەرمانڕەوا لە دامەزراوە پەروەردەیی، ئەکادیمی و کولتوورییەکاندا کاری بۆ دەکرێت و ڕەوایەتی پێدەدرێت.

ئەم پیلانە، بابەتی کۆمەڵاندنی (socialization) منداڵ لە زماندا یان لە ڕێگای زمانەوە لە دوو بواری پێکەوەبەندی کولتووری و کۆمەڵایەتی لەبەر چاو ناگرێت، تووشی داشکانێکی دەروونی و کۆمەڵاتییان دەکات. واتە» پرۆسەیەک کە خەڵک بە بەکارهێنانی زمانی کۆمەڵەکەیان و بە ئەندام بوون لەو کۆمەڵەیەدا تێکەڵاوی کۆمەڵەکەیان دەبن. لە ئەم سۆنگەیەوە کە بەکۆمەڵایەتی بوونی منداڵان لە کردە کولتوورییەکانی کۆمەڵەکەیاندا بە هۆی زمانەوەیە، زمان ئامرازێکی سەرەکییە کە ئەندامانی گروپێکی کۆمەڵایەتی بۆ گەیاندنی بەها، باوەڕ و جیهانبینییەکانیان بە منداڵەکانیان بەکاری دێنن. لەهەمان کاتدا، زمان خۆی زۆربەی پێکهێنە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان دەرمزێنێت [واتاداریان دەکات]، وەک پێوەندییە پلەبەندییەکانی نێوان ئەندامانی گروپەکان، پرۆسەکە[بەکۆمەڵایەتی بوون] کۆمەک دەکات بە پێکهێنانی هستی «خود»ی منداڵ لەکاتی دەرکەوتنی ئەو هەستەدا. ئەوە لە ڕێگای ئەم پرۆسەوەیە کە منداڵ فێردەبێت - هاوشان لەگەڵ ڕێساکانی گروپەکە بە شێوەی شیاو فێر بێت و هەڵسوکەوتیشیان پێبکات» (Guardado, ٢٠١٨).

**ئەنجام**

لە ئەنجامی ئەم شیکردنەوەیەدا دەردەکەوێت کە سیستەمی ئیستعماری ناوخۆیی بە شێوەیەکی سیستیماتیک ئەوی تری زمانیی خۆی(فارسی) ڕەت دەکاتەوە. سیاسەتی زمانیی چاران لە گەڵ زمانی کوردی و زمانە نافارسییەکان، کە لە چوارچێوەی ئەسڵێکی هەڵاوێرانەی یاسا و دەستووری کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بە ناوی ئەسڵی ١٥ هاتووە، لەلایەک تەنیا مافی سەروەریتی زمانی فارسی دەپارێزێت، و لەلایکیشەوە لە ڕێگای تەکنیکەکانی حکومەتمەندییەوە بۆ داشکاندنی داواسیاسییەکانی نەتەوەکان ڕواڵەتێکی لیبراڵانە بۆ بەرهەمێنانەوی ڕەوایەتی دەسەڵاتە ئیستعمارییەکە بەکار دێت. لە ژێر چەتری ئەم ئەسڵەدا و بە هونەری حکومەت کردن ڕێ بۆ گۆڕینی زمانەکانی دیکە بەرەو فارسی خۆش دەکرێت. بە بەکارهێنانی هێز و هێڵە چەماوەکانی ناو کورد بەرەو ئێران لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و نواندنەوە میدیاییەکانی، لەلایەک، دەیهەوێت ئیرادەی سیاسی و نەتەوەیی کورد تێکبشکێنێت، و لەلایەکی تریشەوە، لە چوارچێوەی جوگرافیای ئیستعماریی ئێراندا هەم وەک کارتێک بۆ دیپلۆماسیی ناوچەیی خۆی بەکاری بێنێت، هەم بیکاتە پاشکۆی کولتور و زمانی فارسی. گۆڕانی زمانی کوردی لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی زۆربەی ئەو تاکانەدا دەردەکەوێت کە دەیانهەوێت لەچوارچێوە و بەستێنی دەزگا حکومەتییەکاندا باس لە ڕووداوەکانی ڕۆژ بکەن. بەتاقیکردنەوەی توانستی زمانیی و شایستەیی منداڵی کوردی ئاخێو لە لێهاتوویی و شارەزایی لە بەکارهێنانی زمانی فارسیدا پلانی کوشتنی زمانی کوردی و لەڕاستیدا بەرتەسک کردنی مەیدانی تاقیکردنەوەی چالاکانەی زمانی دایک پەیڕەو دەکرێت. پرش و بڵاویی ڕێکخراوەیی، ناڕێکخراو بوونی هێزی کورد بە بژاردەی ڕۆشنبیری، ئەکادیمیی و حیزبییەکانەوە، هەروەها بەکارهێنانی بژاردەی کوردی دەستەمۆبووی حکومەتمەندی بە شێوەیەک لە پەراوێزخستنی کورد و زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەوریان هەیە. ئەم هۆکارانە وایان کردووە کە ئەو پەرێزە ئاسایشییەی دەزگا سەرکوتکەرە ئاسایشی و چەکدارییەکانی دەوڵەت لە سەرکوتی سیاستیماتیکی فیزیکیی ڕۆژانەی خەڵکی کوردستاندا پەیڕەوی دەکەن، سەرنج لەسەر دەزگاکانی حکومەتمەندیی داگیرکەر لابچێت و دووە نەبینرێ و پرۆسەی تواندنەوەی زمان، کولتوور و ئیرادەی سیاسیی کورد لە پێناو پاراستنی باڵادەستیی ئەتنۆزمانی فارسی و دەسەڵاتەکەیدا خێراتر و سەرکوتکەرانەتر لە دوودەیەی یەکەمی دەسەڵاتی

کۆماری ئیسلامی ڕایی بێت. هەر بۆیە، نەتەوەکامان لە هەموو ئاست و بوارەکانی، سیاسی، ئابووری، کارگێڕی، کولتووری و کۆمەڵایەتی، زانستی و ئەکادیمی، پێوستی بە خۆڕێکخستنەوەیەکی نوێیە کە بتوانێت بەرگری لە بوونایەتیی خۆی بکات. ڕێکخستنەوەی سیاسەتێکی زمانیی خێزانی، کۆمەڵآیەتیی و ڕێکخراوەیی پێویستە بۆ ئەوەی زمان و کولتوورەکەی بپارێزێت و لەهەمان کاتیشدا پلانی زمان و ستراتیژیی سیاسیی لە بەستەیەکی پرۆژەییدا بەرەو پێش بەرێت. سیاستێکی میدیایی بەرپرسیار و نەتەوەیی پێویستە کە بتوانێت نوێنەری چالاکیی و بەرەنگاریی و خۆڕاگریی نەتەوەکەمان بێت.

- **سەرچاوەکان**

رسولی، ح. دهقانی، ر. کریمی، ع. (١٣٩٥) سیاست های زبانی پهلوی اول در کردستان و پیامدهای آن (با تأکید بر مدارس). مطالعات تاریخ فرهنگي؛ پژوهشنامەی انجمن ایراني تاریخ. سال هشتم، شمارهي سي ام، صص ٧٦-٧٧ .

محمدپور، د. احمد.٢٠٢١. ناسیونالیسم فارسی-شیعی:ازحلقەی برلین تا مطالعات پارس، گۆڤاری تیشک(ژ.٥٩-٦٠)

Hassanpour, A. (2000). The Politics of A-political Linguistics: Linguists and Linguicide. In Robert Phillipson(ed) Rights to language equity, Power, and education: Celebrating the 60th birthday of Tove Skutnabb-kangas (pp. 33–40). essay, L. Erlbaum Associates.

Hechter (1999). Internal Colonialism: The Celtic Fringe in British National Development. Routledge.

Felluga, D. F. (2015). Critical theory: The key concepts. Routledge.

Fishman, J. A. (2006). Language Policy and Language Shift. In T. Ricento (Ed.), An introduction to language policy: Theory and methods (pp. 42–59). Oxford, UK: Blackwell Publishing.

Flores. (2013). Silencing the Subaltern: Nation-State/Colonial Governmentality and Bilingual Education in the United States. Critical Inquiry in Language Studies, 10(4), 263–287. https://doi.org/10.108015427587.2013.846210/

Foucault, M.(1982) The Subject and Power, in H. L. Dreyfus and P. Rabinow

(eds), Michel Foucault: Beyond Structuralism and Hermeneutics, 2nd edition. Chicago: University of Chicago Press, pp. 208–26.

Foucault, M. (2007). Security, territory, population: Lectures at the Colle´ge de France 1977 –1978. New York, NY: Picador.

Foucault (1991) "Governmentality," in G. Burchell, C. Gordon, and P. Miller (eds), The Foucault Effect, pp. 87–104.

Guardado. (2018). Discourse, Ideology and Practice: Micro and Macro Perspectives in Language Development and Maintenance (Vol. 104). De Gruyter Mouton.

Galloway, & Rose, H. (2015). Introducing Global Englishes. Routledge. https://doi.org/10.43249781315734347/

Gal, S. (2006). Contradictions of standard language in Europe: Implications for the study of practices and publics. Social Anthropology, 14, 163 –181.

Gonzales-Casanova, ‹Internal colonialism and national development Studies in Comparative International Development, 1, 4 (1965), pp. 2737-.

https://www.facebook.com/groups/١٠٦٣٦٥٩٦٠١٨٩٤٠٢/، زمان و زمانناسیی کوردی/ Kurdish Language and Linguistics.

Lemke. (2001).The birth of bio-politics: Michel Foucault's lecture at the Collège de France on neo-liberal governmentality. Economy and Society, 30(2), 190–207. https://doi.org/10.10800308514012004227 1/

Mazrui, A., (2012). Language and Education in Kenia: between the colonial Legacy and the new Constitutional Order. In J.W. Tollefson.Language Policies in Education: Critical Issue. Routledge.

Miller, P., & Rose, N. (1990). Governing economic life. Economy and Society, 19, 1–31.

Miller, & Rose, N. S. (2008). Governing the present : administering economic, social and personal life. Polity.

Pennycook, A.: 2002, Language policy and docile bodies: Hong Kong and governmentality, in J.W. Tollefson (ed.), Language Policies in Education,

هەوراز ئامێدی كتێب

Lawrence Erlbaum, Mahwah, NJ.

Pennycook, A. (1998). English and the discourses of colonialism. New York, NY: Routledge. Pennycook, A. (2006). Postmodernism in language policy. In T. Ricento (Ed.), An introduction to language policy: Theory and methods (pp. 60–73). Oxford, UK: Blackwell Publishing.

Soleimani, & Mohammadpour, A. (2019). Can non-Persians speak? The sovereign's narration of "Iranian identity." Ethnicities, 19(5), 925–947. https://doi.org/10.11771468796819853059/

Spivak, G. (1988). Can the subaltern speak? In C. Nelson & L. Grossberg (Eds.), Marxism and the interpretation of culture (pp. 271 –313). Basingstoke, England: Macmillan Education.

Skutnabb-Kangas, Tove 1995. 'Review of Bilingualism in a Multilingual Society: Psychosocial and Pedagogical Implications, Ajit K. Mohanty'. TESOL Quarterly, 29:4, 775780.

Skutnabb-Kangas, Tove & Phillipson, Robert (1996). Linguicide and Linguicism. In Goebl, Hans et al. (eds.) Kontakttinguistik/ Contact Linguistics/ Linguistique de contact. Vol. I. Berlin & New York: de Gruyter, 667

Skutnabb-Kangas, & Phillipson, R. (2000). Rights to language : equity, power, and education : celebrating the 60th birthday of Tove Skutnabb-Kangas . L. Erlbaum Associates.

Skutnabb-Kangas. (2000). Linguistic genocide in education, or worldwide diversity and human rights? . L. Erlbaum Associates.

Skutnabb-Kangas, Phillipson, R., & Mohanty, A. K. (2009). Social justice through multilingual education. Multilingual Matters. https://doi.org/10.218329781847691910/

Skutnabb-Kangas, Tove (2016). Linguistic Genocide. In The Deaf Studies Encyclopedia, Volume 2. Eds Genie Gertz and Patrick Boudreault. Sage, 594599-

Tollefson, J. (1991). language Planning, Planning Inequality, Language policy in the community. London: Longman.

Tollefson, J. (2006). Critical theory in language policy. In T. Ricento (Ed.), An introduction to language policy: Theory and methods (pp. 42–59). Oxford, UK: Blackwell Publishing.

Tollefson, J. W. (2013). Language policy and democratic pluralism. In J. W. Tollefosn (Ed.), Language policies in education: Critical issues (2nd ed., pp. 301–310). New York, NY: Routledge.

Tollefson, J. & Tsui, a. (2018). Medium of Instruction Policy. In T. James W. Tollefson and Miguel Pérez-Milans (Ed.),The Oxford Handbook of Language Policy and Planning. Oxford Handbooks Online. DOI: 10.1093/oxfordhb/9780190458898.013.12.

Greene, & Hicks, D. (2005). Lost convictions: Debating both sides and the ethical self-fashioning of liberal citizens. Cultural Studies (London, England), 19(1), 100–126. https://doi.org/10.108009502380500040928/

SHEYHOLISLAMI. (2012). Kurdish in Iran: A case of restricted and controlled tolerance: The Kurdish Linguistic Landscape: Vitality, Lingicide and resistance. International Journal of the Sociology of Language, 217, 19–47.

Schieffelin, Woolard, K. A., & Kroskrity, P. V. (1998). Language ideologies practice and theory. Oxford University Press.

van der Stoel, Max. 1999. Report on the Linguistic Rights of Persons Belonging to National Minorities in the OSCE area. Plus Annex: Replies from OSCE Participating States. The Hague: OSCE High Commissioner on National Minorities.

* ئەم وتارە بەدەستوەردانێکی کەم لە پوختەکەیدا، پێشتر لە گۆڤاری تیشک(٦١)دا بڵاو بووەتەوە.

# زمان لە ڕوانگەی دەروونناسیەوە

د. برزو محمود

زمان ئامرازی سەرەکییە کە مرۆڤ بۆ پەیوەندی زارەکی یان نووسین لەگەڵ هاوڕەگەزەکەی بەکاری دەهێنێت و ئەو ئامرازەیە کە توانای تۆمارکردنی مێژووی مرۆڤ و چیرۆکەکەی لەگەڵ ژیاندا هەیە. ئەگەر هەوڵی فێربوونی ئەم زمانە یان ئەو زمانە بدەین بە ئامانجی پەیوەندی کردن لەگەڵ قسەکەرەکانی بۆ مەبەستێکی بازرگانی، زانستی یان سوودبەخش، لەگەڵ ئەوەشدا کەسانێک هەن کە هەوڵی زۆر دەدەن بۆ ئەوەی لێی تێبگەن و قووڵتر بچنە ناو جەوهەرەکەیەوە وەک پسپۆڕێک لەو بوارانەی کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە زمانەوە هەیە وەک شیعر، ڕیتۆریک و ئەدەب. زمان بابەتی لێکۆڵینەوەیە بۆ زۆرێک لە کەسانی ئارەزومەند، بەتایبەتی زماننasan، فەیلەسوفەکان، دەروونناسەکان، کۆمەڵناسەکان، مرۆڤناسەکان و ئەوانی تر. بۆ ئەمەش هەندێک لە زانایان پێیان وایە زمان بنەمای شارستانیەتی مرۆڤە «و نوێنەرایەتی ئەو ئامرازە سەرەکییە دەکات کە نەوەکان پێوەندییان پێدەکەن و لەڕێگەیەوە گواستنەوەی ئەزموون و مەعریفە و دەستکەوتە کولتوورییەکان بە شێوەی جۆراوجۆر و لەڕێگەیەوە مرۆڤیش ناوەستێت». ژیانی لەگەڵ مردنیدا، چونکە زمانەکە یارمەتی دەدات بۆ درێژبوونەوەی مێژوویی بۆ ئەوەی بەشداری بکات لە پێکهاتنی فیکر و کولتوور و ژیانی نەوەکانی داهاتوودا، بەسە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە ئەوەی میسرییە کۆنەکان بەجێیان هێشتووە لەسەر دیواری شوێنەوارەکانیان نووسراوە یان هەڵکەندراوە ئەوەیە کە وایکرد ئێستا – دوای چەند هەزارساڵێک- ژیانی خۆیان و شارستانییەتەکەیان بناسن» بەهەمان شێوە ئەو کتێبەی کە شەرەفخانی بدلیسی لەسەر مێژووی کورد بەجێی هێشتین، وێنەیەکی ڕاستەوخۆی میرنشین و دەوڵەتە کوردییەکانی پێداین و هەروایە یەکەمین کتێب کە کوردێک لەسەر مێژووی گەلەکەی نووسیویەتی، دەوڵەمەندە بە زانیاری بەسوود لەسەر مێژووی کورد و ناوی خێڵە کوردەکان و دانیشتووانی ناوچەکەی کوردستان. زمان بە ئامرازی سەرەکی لاساییکردنەوە دادەنرێت، وە یەکەم ئامرازە بۆ گواستنەوەی زۆرێک لە داب و نەریتی ڕابردوو، هەروەها بۆ گەیاندنی کاریگەری ئەزموونەکان لە ئاستە جیاوازەکانی ڕێکخستن لە ڕێگەی نەوەکان و لە ڕێگەی مێشکی تاکەکانەوە.

من پێم وایە لێکۆڵینەوە لە زمان لە ڕوانگەی دەروونناسیەوە گرنگییەکی بەرچاوی لە توێژینەوەکانی ئەم دواییەدا داگیرکردووە، بەهۆی ئەوەی سوودێکی زۆری بۆ مامۆستا و فێرخواز و تەنانەت پسپۆڕی زمانەوانیش هەیە، بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی پەیوەندی نێوان زمان و بوارە زۆرەکان لە دەروونناسی وەک فێربوون learning ، یادەوەری memory و بیرکردنەوە thinking). ئەم بوارانە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە پرۆسەی دەروونی مرۆڤەوە هەیە، جا چ سەبارەت بە دروستبوونی هێما فۆنێتیکییەکانی

زمانەکە لە مێشکی قسەکەردا، یان وەڵامی وەرگرەکە بۆ ئەم دەنگانە کە لە ڕێگەی عەقڵەوە کۆد دەکرێنەوە بۆ ئەوەی بگۆڕدرێن بۆ مانای مەبەست، کە پرۆسەیەکی دەروونییە کە دەکەوێتە چوارچێوەی دەروونناسی. هە ڕوە ها پرۆسە ی دیکە هە ن کە پە یوە ندی نێوان زمان و دە ڕوون لە چوارچێوە ی پرۆسە یە کی دە ڕوونی-دە ڕوونیدا بە ڕجە ست دە کە ن، وە ک بە دە ستهێنانی زمان بە مە بە ستی تێگە یشتن لە ئاخاوتن، پە یوە ندی نێوان زمان و بیرکردنە وە، پە یوە ندی زمان بە کە سایە تی، . دەروونناسی خوێندنەوە، و لێکۆڵینەوە لە کەموکوڕیەکانی قسەکردن. ئەم توێژینەوەیانە، کە زانستی زمان و دەروونناسی بەیەکەوە دەبەستنەوە، لە ئەنجامدا لقێکی جیاواز بە ناوی زمانەوانی دەروونی psycholinguistics ، یان دەروونناسی زمان psychology of language دروست بوو. ئەوان بەم شێوەیە پێناسەی دەکەن «ئەو لقەی زمانەوانی کارپێکراو کە لێکۆڵینەوە لە فێربوونی زمانی یەکەم و فێربوونی زمانی بیانی و ئەو هۆکارە دەروونیانەی کە کاریگەرییان لەسەر ئەم فێربوونە هەیە، هەروەها کەموکوڕیەکانی بێژەکردن و پەیوەندی نێوان دەروونی مرۆڤ و زمان بە گشتی دەکۆڵێتەوە». چۆمسکی و پزیشکانی منداڵبوون پێیان وایە سەرەتا دەبێت لێکۆڵینەوە لە زمان لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوە لە عەقڵی مرۆڤ بێت، بەڵام زماننناس هەموو شتێک باس دەکات کە پەیوەندی بە پێکهاتەی زمانەوانی و پێکهاتە فۆنێتیک و مۆرفۆلۆژی و ڕێزمانی و مانا و وشەسازی و چۆنیەتی نووسینی وشەوە هەیە .سەبارەت بە دەروونناس، ئەو لە ڕێگەی ڕێبازە دەروونناسییەکانەوە سەیری زمان دەکات، چۆن زمان فێر دەبین و چۆن بەدەستی دەهێنین؟ زمان گوزارشتە لە هەڵسوکەوتی مرۆڤ یان دەربڕینی بیرکردنەوە، لێرەدا لەڕووی لێکۆڵینەوەوە لەگەڵ دەروونناسیدا کۆدەبێتەوە و هەندێکیش وەک بەشێک لە دەروونناسی دەیبینن، لۆک شیکارییەکی بۆ مانای ئەو وشانە خستەڕوو کە بۆ ئەو مانایە ڕوونکردنەوەیەک بۆ چۆنیەتی وشەکان ئاماژە بە شتەکان دەکەن لە واقیعی دەرەکیدا، و هەندێک لە دەروونناسەکان وشەکانیان وەک دەربڕینی بوونە دەروونییەکان الکیانات العقلیة (بیرۆکە) خستۆتە ڕوو» و هەندێک لە دەروونناسە ئەمریکییەکان دەستیان خستۆتە سەر کاریگەری خووی زارەکی لەسەر تێگەیشتن perception.

لە ڕاستیدا گرنگترین خاڵ کە دەبێت لەبەرچاو بگیرێت توانای زمان و بەتایبەت زمانی هاوبەشە بۆ ئەنجامدانی ئەرکی پەیوەندیی خۆی لە نێوان قسەکەر و گوێگردا. ئەم ئەرکە هەموو زانستەکان لەسەری کۆکن کە زمان جۆرێکە لە پەیوەندی زارەکی لە نێوان قسەکەر و گوێگردا و ئەم چالاکیە پەیوەندییە سێ تاکلە(توخمە) سەرەکییەکان لەخۆدەگرێت:

١. بڵندگۆ یان گواستەرەوە. (متحدث أو مرسل)
٢. گوێگر یان وەرگر. (مستمع أو مستقبل)
٣. سیستەمی ئامادەکردن یان زمانێکی هاوبەش کە لەلایەن نێرەر و وەرگرەوە قسەی پێدەکرێت. پەیوەندیکردن لە ڕێگەی دوو پرۆسەی سەرەکییەوە ڕوودەدات، ئەوانیش قسەکردن و گوێگرتنن، لە پرۆسەی قسەکردندا، قسەکەر بیرکردنەوەکانی دەخاتە ناو وشەیەکەوە کە بە دەنگێک دەیگەیەنێتە لایەنی بەرامبەر، گوێگر، ئەویش لە بەرامبەردا ئەو وشانەی بیستوویەتی بە وشە داڕێژێتەوە. لێرەدایە کە پەیوەندییەکە تەواو دەبێت.

پەیوەندیکردن دەبێت لە ڕێگەی زمانێکەوە ڕووبدات کە هەردوولا لێی تێبگەن و لەسەری ڕێک بکەون بۆ ئەوەی پەیامەکە وەک خۆی بەبێ دووفاقی یان تێنەگەیشتنێک بگەیەنێت کە کاریگەری نەرێنی لەسەر ئامانجی سەرەکی پرۆسەی پەیوەندیکردن لە لایەکدا هەبێت، "بەو پێیەی قسەکەرانی زمانەکە شارەزان لە بەکارهێنانی زمانەکە هەیە، چونکە یاساکانی دەزانن، و لەبەرئەوەی پەیوەندی زمانەوانی کاتێک ڕوودەدات کە هەمان ئەو مانایەی کە قسەکەر دەنگەکانی پێ دەبەستێتەوە هەمان ئەو مانایە بێت کە گوێگر هەمان دەنگەکانی پێ دەبەستێتەوە. پێویستە کۆتایی پێبهێنین لێرەوە قسەکەرانی زمانێکی سروشتی دیارکراو پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا دەکەن، چونکە هەریەکەیان هەمان سیستەمی ڕێزمانیان هەیە. پەیوەندیکردن لەبەرئەوە ڕوودەدات کە قسەکەر پەیامێک دەنێرێت بە بەکارهێنانی هەمان یاسا ڕێزمانییەکان کە گوێگر بەکاریدەهێنێت بۆ ئەوەی بتوانێت تێبگات ئەوان.»

زمانی هاوبەش ئەو زمانەیە کە لەسەری ڕێککەوتن لەسەر پێکهاتە و مانا، تێگەیشتن و هۆشیاری هەیە، واتە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا لە یاساکانی زمان تێدەگەن و لە مانای پێکهاتەکانی تێدەگەن.

جگە لە یاسا ڕێزمانییەکانی زمان، لایەنی نازارەکی هەن کە دەکەونە چوارچێوەی پەیوەندی نازارەکی، کە ئەو نیشانانەی هاوڕێی قسەکردنن کە گرنگن لە دەربڕینی مەبەستی موخاتەب یان قسەکەردا .
١. ڕیتم یان خێرایی قسەکردن
٢. درێژی شەپۆل یان فریکوێنسی
٣. چڕی یان گەورەیی

بەڵام ئەم لایەنە کۆتاییە، واتە فۆنێتیک، وەک تۆن، چڕی، خورانی مەل و با، یان بەرزبوونەوە و دابەزین و ڕیتم..... گرنگ نییە لە پێوەندی لەگەڵ پرسیاری چۆنیەتی گەیشتن بە فۆرمی... زمانی کوردی یەکگرتوو.

# ڕۆڵی وەرگێڕان لە پەرەپێدانی زماندا

## وەرگێڕان لە هەرێمی کوردستان

ڕێباز مستەفا

چاپەمەنی لە هەرێمی کوردستاندا لە دوو دەیەی رابردوودا لە ڕووی چەندایەتیەوە پێشکەوتنێکی خێرای بەخۆوە دیوە. لەنێویشیدا وەرگێڕان بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان لە دۆخێکی باشتردایە، هێشتاش وەرگێڕان لە ئاستی پێویستدا نییە، خواستیش لە ئاستی پێویستدا نییە. بەپێچەوانەی نیازی گەورەی کوردستان بۆ دەستەبەرکردنی بەرهەمی چاپەمەنیی ویژەیی و زانستیی جیهانی، بزاڤی وەرگێڕان هێشتا لە ئاستی تاکەکەسیدایە. وەرگێڕان نە سیاسەتێکی کارگێڕیی لەپشتە کە درکی بە گرنگیی وەرگێڕان کردبێت، نە بازاڕێکی گەرمی هەیە تا وەرگێڕان پێویستی بە پشتیوانیی حکومەت نەبێت. کۆمەڵێک وەرگێڕی باش و دڵسۆز و بەهرەدار بە هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر و وێڕای ئاستەنگی زۆر توانیویانە پەرە بە وەرگێڕان بدەن و زۆر بەرهەمی باشیش چاپکراوە. بەرهەمەکان بە پێی سەلیقەی وەرگێڕەکان هەڵبژێردراون و وەک وەبەرهێنانێکی شەخسی کە زۆربەی جار بە زیانی ماددی شکاوەنەتەوە چاپ و بڵاوکراونەتەوە. پاشەکشەی خوێندنەوە، نەبوونی هەماهەنگی لە نێوان زانکۆکان و ناوەندە ئەکادیمیەکانی دیکە و کتێبخانەی کوردی، خواستی کەم لەسەر کتێب، تیراژی سنووردار، گرفتی سنووری سیاسیی لە نێوان بەشەکانی کوردستاندا، لەتەک چەندین گرفتی سیاسی و تەکنیکیی دیکە بۆ وەرگێر و وەرگێڕان و ئایندەی هەرێمی کوردستان سەرچاوەی نیگەرانین. کێشەی کەمیی ژمارەی خوێنەر بۆ بەرهەمێکی چاپکراو لە هەرێمی کوردستان کێشەیەکی جیوپۆلەتیکیە، بەداخەوە ئەو کارانەی بە زاری کوردی ناوەڕاست دەنووسرێن و وەردەگێڕدرێن تەنها لە هەولێر و سلێمانی و کەرکووک و هەڵەبجە و ئەو ناوچانە دەخوێندرێنەوە، کتێبەکانی زاری سەرووش تەنها لە دهۆک و ناوچەکانی نزیکی دەخوێندرێنەوە، بەرهەمەکانی ئەمدیو بە سانایی ناگەنە خوێنەرانی سنە و موکریان، زارەکانی دیکەش هەریەکە هێندەی قەبارەی خۆیان گرفتی هاوشێوەیان هەیە. ئەمە کێشەیەکی گەورەیە و بەداخەوە لە ماوەی سی ساڵی ڕابردوودا نەک هەر هەوڵ نەدراوە بۆ دروستکردنی زمانێکی ستاندارد و هاوبەش، بەڵکو نەشتواندراوە زارەکان لە یەکدی نزیک بکرێنەوە، بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو ئاستەنگ و ئاریشانەی بەردەم وەرگێڕان، بزاڤەکە بەردەوامە و کاری باش دەکرێت و هەندێ جاریش بەرهەمی لاواز چاپ دەکرێت، کە من پێم وایە دواجار کارە باشەکان جێی خۆیان دەگرن و وەرگێڕانە خراپەکانیش دەناسرێنەوە و دەخرێنەلاوە. بەو پێیەی زۆر بەجێماوین و زۆر پێویستمان بە وەرگێڕان هەیە، زۆر بەرهەمی

گرنگی جیهانی هەن، کە دەبێت تا زووە بکرێنە کوردی، زۆر کتێبی کوردیش هەن کە پێویستە بۆ زمانەکانی دیکە وەربگێڕدرێن، ئەم بزاڤە پێویستیی بە گفتوگۆیەکی نیشتمانیی فراوان هەیە. پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بایەخ بە وەرگێڕان بدات، دەزگایەکی تایبەت بە وەرگێڕان و پاڵپشتی وەرگێڕەکانمان دابنێت و ساڵانە فیستیڤاڵ و کۆنفرانسی تایبەت بە زمان و وەرگێڕان ببەستێت و بەرنامە و پلانی تۆکمە بە ڕاوێژ لەگەڵ وەرگێڕەکان و کەسانی شارەزا دابنێت. خانەی وەرگێڕان زیندوو بکرێتەوە و پشتیوانییەکی سەخاوەتمەندانەی بکرێت.

## سنووری زمان

گەر بمانەوێت باس لە نووسین و داڕشتن و زمان وەک هۆکارەکانی گەیاندنی پەیام بە خوێنەر بکەین، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو تێڕوانینە باوەی کە دەڵێت نووسەر و وەرگێڕی باش بەو کەسە دەگوترێت کە توانیبێتی شێوازێکی تایبەت بە خۆی دروست کردبێت، کاتێک خوێنەر نووسینێکی دەخوێنێتەوە بە شێواز و دەربڕین و ستایلەکەیەوە هەست بکات کە نووسینەکە هی ئەوە. بە خستنەڕووی ئەم کورتە پێناسەیە، من پێم وایە ئەرکی نووسین ئەگەر بەشێکی ئەوە بێت کە نووسەر، یان وەرگێڕ پەیامێک بگەیەنێتە خوێنەرەکانی، ئەوا بەشێکی دیکەی، بە تایبەت بۆ ئێمەی کورد کە زمانەکەمان لەژێر هەڕەشەی دوژمنەکانماندایە، بریتییە لە پەرەپێدان و فراونکردنی ڕووبەری زمان و پاراستنی و کۆکردنەوەی وشە ودەستەواژەگەلی ناوچە و بنزارە جیاجیاکانی کوردستان و چاپکردنیان. وای دەبینم ئەمە زیاتر لە کارە ئەدەبییەکاندا مەیسەر دەبێت و لە بواری نووسینی ئەدەبیدا نووسەر و وەرگێڕ دەستی واڵاترە بۆ بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەی ناوچە جیاجیاکان و فراونکردنی ڕووبەر و بەستەری زمان. بەداخەوە لەبەر ئەوەی تا ئێستا ئێمە نووسەر و وەرگێڕی تایبەتمەندمان زۆر کەمە و هەموو ئەوانەی دەنووسن، بە تایبەت وەرگێڕەکانمان (بە خۆشمەوە) لەسەر چەند ژانرێکی جیاواز کار دەکەین و ڕێچکە و بوارێکی دیاریکراومان نەگرتووە، جارێک کتێبێکی مێژوویی و جارێک ڕۆمان و بە دوایدا کتێبێکی سیاسی، یان ئابووری، یان زانستی وەردەگێڕین، ئەمەش لە سەلیقەی تایبەتی وەرگێڕەوە سەرچاوەی گرتووە، بە هۆکاری بازاڕی لاوازی کتێب لە بوارێک، یان ژانرێکی دیارکراو و نەبوونی پلانێکی نیشتمانی بۆ وەرگێڕان، لەتەک گرفتە

گشتییەکانی دیکەی خوێندنەوە وەرگێڕی کوردستان بە سەختی دەتوانێت ببێتە وەرگێڕی بوارێک، یان ژانرێکی دیاریکراو.

بە خۆشحاڵی و شانازییەوە دەڵێین کە زمانی کوردی زۆر دەوڵەمەندە و نووسەران و وەرگێڕەکانمان ئەگەر خۆیان بە شێوەزاری ناوچەیەکەوە نەبستنەوە و تای شارچێتی و ناوچەگەرێتی و یەک شێوەزاری نەیانگرێت و بێن بایی ئەوەندە خۆیان ماندوو بکەن شێوەزارە جیاجیاکانی کوردی فێر ببن و لەنێو ئەو شێوەزارانەدا وشەی جوان و لەسەر زاران خۆشتر وەربگرن و بیانخەنە نێو کتێب و نووسینەکانی خۆیانەوە، من وای دەبینم هەر نووسینێکیان بە باشی لای خوێنەر وەردەگیرێت و زمانەکەشمان دەوڵەمەندتر و فراوانتر دەبێت، کە بە دڵنیاییەوە ئەمە هەم کارێکی پێویست و هەم ئەرکێکی نیشتمانییە. وەک چۆن داییاب و حەکایەتخوێن و دەنگبێژ و شاعیرە گەورەکانمان تا ئێستا بە هەوڵ و خەباتی خۆیان توانیویانە زمانەکەمان بپارێزن و بە پاکی و پاراوییەوە بیهێڵنەوە و سەرەڕای ئەو هەموو ئاستەنگ و دوژمنکارییەی بەرامبەری کراوە لێنەگەڕێن ڕەسەنایەتی و شیرینییەکەی خۆی لە دەست بدات، لەمەودواش لەسەر نووسەر و وەرگێڕ و شاعیرانمان پێویستە بیپارێزن و ڕۆژ دوای ڕۆژ دەوڵەمەندتری بکەن و هەموو وشە و دەستەواژە کەمتر بیستراوەکانی ناوچە و شێوە ئاخاوتنە جیاجیاکان بخەنە نێو دوتوویێ نووسینەکانیانەوە.

ئەو سەرنجەی دەیخەمەڕوو بۆ زمانی کوردی بە هەموو زاراوەکانییەوە دروستە. ئەگەر بچینە ناو سروشتەوە، زمانی کوردی یەکێکە لە دەوڵەمەندترین زمانەکانی جیهان. زمانێکە کە بۆ هەموو وێنەیەکی سروشت، چەندین وشەی هەیە. بۆ هەر گیانلەبەرێکی سروشتی کوردستان، بە گژوگیا و زیندەوەرەکانەوە، تا خاک و درەخت و چیا و بۆ ڕەفتار و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان مرۆڤەکان، هەنبانێکی پڕاوپڕی هەیە لە وشە و دەستەواژە و ئیدیۆمی کوردی، بەڵام کە دەچینە ناو شار، نێو شارستانیەت، هەست بە کێماسییەکانی زمانی کوردی دەکەین. درک بەوە دەکەین کە زمانی کوردی بە بەراورد لەگەڵ زمانە زیندووەکانی دیکە لە دروستکردنی وشە بۆ ناساندنی بەرهەمەکانی شۆڕشی هزری و دەستەواژە سیاسییەکان، لە کەرەستە و بەرهەمەکانی شۆڕشی پیشەسازی، هەروەها لە کەرەستە و بەرهەمەکانی شۆڕشی زانیاری تەواو لاواز و بەجێماوە. ئەم بۆشاییە تەنها بە وەرگێڕان پڕ دەکرێتەوە، بە وەرگێڕانێک کە نیازی پەرەپێدانی زمانی کوردیشی هەبێت، بەڵام بەجۆرێک کە

تای تەرازووی زمانی کوردی لە بەرامبەر تای دەستەواژەکانی دنیای شارستانیەت دانەکەوێت. ئەمە پێویستی بە پلانێکی زیرەکانە و سیاسەتێکی دروست هەیە.

بەداخەوە ئێمە بە درێژایی مێژوو لەلایەن دوژمنانمانەوە نەک هەر هەوڵی لەنێوبردن و سڕینەوەی فیزیکیمان دراوە و بێبەزەییانە دەستیان لێ نەپاراستووین، بەڵکو لە بواری فەرهەنگی و کلتووری و زمانیشەوە بە هەمان شێوە هەوڵیان داوە زمانەکەمان قەدەغە بکەن و سنووورداری بکەن و لێنەگەڕێن گەشە بکات و وەک زمانێکی زیندوو و کەونار ڕۆڵی پێویستی خۆی لە پەرەپێدانی ڕۆشنبیری و داهێنانی ئەدەبیدا ببینێت، بەڵام خۆشبەختانە زمانی کوردی بە هۆی دەوڵەمەندبوونی و فراوانیی لە وشە و لە ڕێی گەورە شاعیر و نووسەرانمانەوە، دوژمنەکانمانی نائومێد کردووە.

خۆشبەختانە لەم نیوە سەدەیەدا لە بواری نووسین و وەرگێڕاندا کۆمەڵێک ناو درەوشاونەتەوە و سەرەڕای هەموو ئاستەنگەکانی بەردەمیان، بە هەوڵ و ماندووبوونی تاکە کەسیی خۆیانەوە لە بوارە جیاجیاکانی نووسین و وەرگێڕاندا، بە باشی دەرکەوتوون و کاریان کردووە، کە هەقی خۆمانە شانازیان پێوە بکەین و خۆمان بە قەرزارباریان دابنێین. بەشێکی زۆری ئەو وشە و دەستەواژانەی ئەمڕۆ بۆ ناساندنی هەمان ئەو وشانەی بەرهەمی شۆڕشەکانی پیشەسازی و زانیاری بەکاریان دێنین بە هەوڵی ئەو وەرگێڕانە هاتوونەتە نێو زمانی کوردییەوە. شارەزایی زیاتری وەرگێڕەکانمان لە زاراوەکانی زمانی کوردی ڕەنگە کارئاسانییێکی گەورە بوایە لە هەڵبژاردنی وشە و دەستەواژەی گونجاو بۆ ئەو وێنانەی لە دنیای شارستانیەت هەبوون و هەن. ئەم ڕاستییە گرنگیی دروستکردنی فەرهەنگێکی گەورە و هاوچەرخی زاراوەکانی کوردی زەق دەکاتەوە. فەرهەنگێک کە هەموو وشەیەکی زمانی کوردی، بە هەموو زاراوەکانییەوە لەخۆ بگرێت، کە دەبێتە هۆکارێکی کاریگەر بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی و خێراکردنی هێنانەئارای زمانێکی ستاندارد.

حکومەت و دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان، دەبوا تا ئێستا زۆر لەو کار و ئەرکانەیان خستبایە سەر پێ، بەداخەوە ئەمەیان نەکردووە و هیچ زەمینەیەکیان بۆ کەسانی پسپۆڕ و شارەزای ئەو بوارانە نەڕەخساندووە، کە بنەمایەکی باش دابنێن و وردە وردە پەرە بە زمانەکەمان بدەن. ئێستا لە هەموو کات زیاتر نووسینی فەرهەنگێکی زمان بۆ هەموو کورد بە پێویست دەبیندرێت، فەرهەنگێک کە لیژنەیەکی شارەزا لە زارەکان پێکبهێندرێت و دروستکردنی ئەو فەرهەنگەیان پێ بسپێردرێت،

ئاخێوەرانی هەموو زارەکانی زمانی کوردی تێدا ئەندام بن و جگە لەوەی سوود لە فەرهەنگەکانی پێشتریش وەربگرن، بە شێوەیەکی مەیدانی و بەربڵاو هەموو وشە و دەستەواژەکانی زمانەکەمان کۆبکەنەوە و تاوتوێیان بکەن، چاوگ و سەرچاوەی وشە و دەستەواژەکان دیار بکەن و تەتەڵەیان بکەن. ڕەنگە کارەکە سەخت بێت، بەڵام مەحاڵ نییە، پێم وایە وەزارەتی ڕۆشنبیری بە هاوکاری لەگەڵ دەزگا و دامەزراوەگەلی دیکەی زمانی و ڕۆشنبیری دەتوانێت بەو ئەرکە هەستێت.

بەداخەوە حکومەت و دامەزراوەکانی کوردستان، بەپێی پێویست بایەخ بە زمان و پاراستنی نادەن، ئەمە دەکرێت بخرێتە لیستی ئەو شتانەی بە ئاسایشی نیشتمانی دادەنرێن. کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامەکان، کە ئامرازی گرنگی گەیاندنن، بە سیاسەتێکی یەکگرتووی زمانیی کار ناکەن، هەر دەزگایە و بە پێی حەز و تێڕوانینی بەڕێوەبەر و هەڵسووڕێنەرەکانی خۆی کار دەکات، لە کاتێکدا دەبێت ئەکادیمیای کوردی و وەزارەتی ڕۆشنبیری، یان هەر دەزگایەکی دیکەی تایبەت بە بواری زمان و ڕۆشنبیری، بەردەوام ڕێنوێنی بدات و چاودێریی هەموو کارێکی میدیایی بکات، بێگومان ئەوە بەو مانایە نا کە سانسۆر دابنێن، بەڵکو بۆ پاراستن و گەشەپێدان و پاکڕاگرتنی زمانەکەمان، پێویستە زۆر لێبڕاو و هۆشیارانە مامەڵە بکەن، پێویستە ئەم پاشاگەردانییەی کە ئێستا لەنێو ڕاگەیاندندا هەیە کۆتایی پێ بهێندرێت، دەبێ ڕێنووس، خاڵبەندی و ڕستەسازی و هەموو بنەماکانی ڕێزمان یەکبخرێن و چیدیکە هەر لایە لە ئاشێکەوە لێی نەکات. ئەگەر بمانەوێت زمانەکەمان بپارێزین دەبێت سیاسەتێکی دروست لەلایەن کەسانی شارەزا و زمانزان دابڕێژرێت و هەموو ئەوانەی دەنووسن و شت بڵاو دەکەنەوە، پابەند بکرێن کە پەیڕەوی لێ بکەن و لێی لانەدەن. جا ئەمە نەک هەر بۆ وەرگێڕان، بەڵکو بۆ نووسین و هەموو بوارەکانی دیکەش هەر وایە.

سەبارەت بە وەرگرتنی زاراوەی بیانی، زۆر جار ناچار دەبین زاراوەی بیانی دابنێین، کە من پێم وایە لە زمانی کوردیدا ئەو توانایە هەیە لە شوێنی زۆر لەو زاراوە بیانیانە، زاراوەی ڕەسەنی کوردی دابهێندرێن و ئەو گرفتە تا ڕادەیەک چارەسەر بکرێت، بەڵام ئەمە کاری کەسانی شارەزا و پسپۆر و ئەوانەیە کە زارەکانی کوردی بزانن و بە دوای زاراوەی گونجاودا بگەڕێن و لە کاتی تەواو دڵنیابوون و ساغبوونەوەیاندا بڕیاری لێ بدەن. دیسانەوە فەرهەنگی گەورەی زاراوەکانی زمانی کوردی ئەم کێشەیەش بچوک دەکاتەوە.

## سەرنجێک بۆ وەرگێڕی تازەکار

وەرگێڕان لە کورتترین پێناسەیدا ئەوەیە کە مانا و مەبەستی دەقێک لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە بگوازرێتەوە، جا ئەو گواستنەوەیە تا جوانتر بێ و نزیکتر بێ لە دەقە ئەسڵییەکە بە وەرگێڕانێکی باشتر و سەرکەوتووتر دادەندرێت. وەرگێڕان هونەرە، ئەو هونەرەش دوو پایەی بنەڕەتی هەن: یەکەمیان تێگەیشتن لەو زمانەی کە لێیەوە وەریدەگێڕی، دووەمیشیان داڕشتنەوە و جێکردنەوەی ئەو تێگەیشتن و هەڵێنجانەی کە وەرتگرتووە لە چوارچێوەی ئەو زمانەی کە بۆی وەردەگێڕی.

هەڵبەتە نووسەران تایبەتمەندی و خەسڵەت و شێوازی تایبەت بە خۆیان هەیە لە نووسیندا. نووسەر هەیە لە دەربڕین و قسەکردنی ئاسایی خۆیدا نوکتەباز و دەم بەپێکەنین و گاڵتەچییە، نووسەری وا هەیە لەسەرەخۆ، وردەکار، وریا و لەهەمان کاتدا قسەکانی بە هێما و پێچوپەنا دەردەبڕێت، هی واش هەیە وشک و ڕەقەکارە و هیچ ناسککاری و گاڵتە و گەپێک نازانێت، بمانەوێت، یان نا ئەو تایبەتمەندییانە لە نووسینەکانیشیاندا ڕەنگ دەدەنەوە، بۆیە وەرگێڕی باش ئەوەیە کە بتوانێت ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندیانەی نووسەری بەرهەمی یەکەم لە وەرگێڕانەکەیدا ڕەنگ پێبداتەوە.

لە هەموو زمانەکاندا وشەیەک بۆی هەیە چەندین واتای جیاوازی هەبێت، یان بەپێچەوانە چەندین وشە کە لە نووسین و گۆکردندا وەک یەکن، کەچی تەنها یەک واتایان هەبێت. وەرگێڕی باش دەبێ زۆر ئاگادار بێت و لێی تێکنەچێت، دەبێ لە میانی خوێندنەوە و لە چوارچێوەی ڕستەدا بە تەواوی وشە و ماناکان ساغ بکاتەوە و لە وەرگێڕانیاندا وشەی گونجاو و ئەو وشەیەی کە لە هەمووان جوانتر و خۆشئاوازترە لە شوێنیان دابنێت. ئەگەر هەندێک لەو کتێب و بابەتە وەرگێردراوانەی لای خۆمان لەگەڵ دەقە ئەسڵەکانیاندا بەراورد بکەین دەبینین، کە وەرگێڕی بەڕێز نەیتوانیوە هەندێ مانا و وشە و دەستەواژە بە باشی تێبگات و ساغیان بکاتەوە و ئینجا وشەی گونجاو و خۆشئاوازیان لە شوێندا دابنێت. بەداخەوە نەبوونی چاودێری و پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی دەق، چ نووسین، چ دەقی وەرگێڕدراو زۆر زیان دەگەیەنێت و لە هەموو ڕوویێکەوە بێسەروبەری بەدوای خۆیدا دێنێت. مەبەستم لێرە ئەوە نییە کە سانسۆر بخرێتە سەر وەرگێڕان و نووسین؛ هەر ئەو سانسۆرە کۆمەڵایەتی و دینیانەی کە زۆر جار دەستی وەرگێڕ و نووسەرەکان دەبەستن کەم

نین، تا سانسۆری دیکەشیان بێنەسەر. سانسۆر لەگەڵ هەڵسەنگاندن و ڕەخنە و پێداچوونەوە جیاوازیی هەیە. هەڵسەنگاندن و ڕەخنە و پێداچوونەوە بە پێچەوانەی سانسۆر خزمەتی پرۆسەی نووسین و وەرگێڕان دەکەن.

وەرگێڕ دەبێ بایەخی تەواو بەخاڵبەندی بدات. بە بەراورد لەگەڵ زمانە پێشکەوتووەکانی دنیا، لە نووسین و ئەدەبیاتی کلاسیکی نەک ئێمە، بەڵکو هی میللەتانی دەوروبەریشمان ڕەچاوی خاڵبەندی نەکراوە. خۆشبەختانە ئێستا نووسەرانی ئێمەش بە لاساییکردنەوەی داڕشتنی نووسەرانی دیکە بەتایبەت لاساییکردنەوەی نووسەرە ڕۆژئاواییەکان بایەخ بەو خاڵە دەدەن، بەڵام هێشتاش هەوڵەکان سەرەتایین. خاڵبەندی زۆر یارمەتیی تێگەیشتنی باسەکە دەدات و دەبێ نووسەرانمان بەوردی ئاگادار بن و لە شوێنی پێویست نیشانەکانی وەک پرسیار، سەرسوڕمان، گوفتار، هێڵی دەستپێک، پارانتیز، سێ خاڵی بەدوای یەک و خاڵی کۆتایی ڕستە و ئەوانی دیکەش بەپێی پێویست دابنێن، چونکە فەرامۆشکردنی تەنها یەکێک لەمانە ڕەنگبێ مانای تەواوی ڕستەیەک بگۆڕێت. وەرگێڕیش دەبێ وەک نووسەر لە داڕشتنەوەی بابەتەکەی لای خۆی بەتەواوی ڕەچاوی خاڵبەندی بکات، بەڵام ئەو خاڵبەندییەی وەرگێڕ مەرج نییە وەک هی نووسەری دەقە ئەسڵییەکە بێت، بەڵکو دەبێ بەپێی پێویست و داڕشتنی وەرگێڕەکە بێت، چونکە هەر زمانێک داڕشتن و ڕستەسازیی تایبەت بە خۆی هەیە، خاڵبەندیش دەبێ لە چوارچێوەی ئەو داڕشتن و ڕستەسازییەدا ئەنجام بدرێت. زمانی کوردییە.

*زانکۆی سلێمانی – بەشی کوردی

# زمانی کوردی ناسنامە و هەبوونی نەتەوەی کوردە

غەفوور مەخمووری

زمانی کوردی کە ناسنامە و هەبوونی نەتەوەی کوردە، بەردەوام لەلایەن داگیرکەرانی کوردستان هەوڵی قەدەغەکردن و لەناوبردنی دراوە، زمان وەک تایبەتمەندییەکی نەتەوەیی، ئەویش کەوتۆتە بەر مەترسی شاڵاوی بەعەرەبکردن و بەتورککردن و بەفارسکردن.

لێرەدا دەمانەوێت باس لە دژایەتییەکانی زمانی کوردی لەلایەن دەسەڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان بکەین، هەر لە کۆنەوە شۆڤێنییەتی عەرەب و تورک و فارس ویستوویانە زمان و کلتوری کورد بسڕنەوەو زمان و کلتوری خۆیان بسەپێننە سەر کورد، بۆ نموونە ئەگەر باسی دەسەڵاتی عەرەبی بکەین دەبینین لەپاش جەنگی (القادسیە)وە لە ٦٤٠ی زاینیدا، کە سەرەتای دەستبەسەرداگرتنی کوردستان بوو لەلایەن عەرەبەوە، ئەو دەستبەسەرداگرتنە عەرەبییە بزووتنەوەیەکی بەعەرەبکردن بوو بۆ بچووککردنەوەو سڕینەوەی بەها نەتەوەییەکانی کوردو پشتگوێ خستنی زمان و کلتوری کورد و، کارکردن بۆ بڵاوکردنەوەو سەپاندنی زمان و کلتوری عەرەبی، بەمەش ویستیان زمان و کلتوری کورد لەناوببەن، بەڵام خۆشبەختانە زمان و کلتوری کورد لەسەر دەستی هۆزانڤان و رۆشنبیرانی کورد پارێزراو مایەوە، زمانی هەر نەتەوەیەک لەگەڵ لەدایکبوونی نەتەوەکە لەدایکدەبێت، بۆیە دەسەڵاتی عەرەبی بۆ لەناوبردن و سڕینەوەی نەتەوەی کورد هەوڵی سڕینەوەو نەهێشتنی زمانی کوردی داوە، ئەم هەوڵدانەش لەسەدەکانی رابردووەوە تائێستا درێژەی هەیە.

لەگەڵ دروستکردنی دەوڵەتی عێراقیشدا کار بۆ پشتگوێ خستن و سڕینەوەی زمانی کوردی کراوە، دوای دروستکردنی عێراق کەسێکی شۆڤێنی عەرەب کە ناوی (ساطع الحصري) بوو، کرا بە بەڕێوەبەری گشتی زانیاری (المعارف) و لەماوەی نێوان (١٧ی کانوونی دووەمی ١٩٢٣ تا ٣١ی تەمووزی ١٩٢٧) لەکارەکەیدا مایەوە، (ساطع الحصري) کەسێکی شۆڤێنی بوو، لای ئەو زمان یەکەم پێوەر بوو بۆ خۆ بەستنەوە بە وڵاتی عەرەبی و رای وابوو هەر کەسێ بەعەرەبی قسە بکات ئەوە عەرەبە جا ئایین یا رەگەز یا مێژووی هەر چییەک بێت، هەوڵی دەدا زمانی کوردی پشتگوێ بخات و بیانووی زۆری دەدۆزییەوە بۆ ئەوەی کورد بەزمانی خۆی نەخوێنێت و بەزمانی عەرەبی بخوێنێت ئەوەشی بۆ ئەوە بوو وردە وردە زمان و کلتوری کوردی بسڕێتەوە، بێگومان هەر زمانێک کە پێی نەخوێنرێت و پێی نەنووسرێت پێشناکەوێت و گەشە ناکات.

پاشتر رژێمی کۆماری عێراق لەساڵی ١٩٦٠دا دەستیکرد بەراگواستنی مامۆستایانی کورد لە کەرکوک (فەرمانێکی وەزاری دەرکرد و رەوانەیکرد بۆ بەڕێوەبەرایەتی زانیاری لیوای کەرکوک بۆ ئەوی هەرچی دەرچووانی دار المعلمین و معلمات هەیە لە کوردەکان لە سلێمانی دابنرێن، نەک لەکەرکوک)، ئەوەش هەوڵێک بووە بۆ نەهێشتنی خوێندنی کوردی لە کەرکوکدا، خوێندنی کوردی و بزاڤی کلتوری کورد بەردەوام لەلایەن دەسەڵاتی عەرەبییەوە چ لە عێراق و چ لە سوریادا دژایەتی کراوە، هەر چەندە لەبڕگەی (ب)ی ماددەی حەوتەمی دەستووری کاتی عێراقدا هاتووە کە (زمانی کوردی زمانی رەسمی دەبێت شان بەشانی زمانی عەرەبی لەناوچەی کوردیدا)، بەڵام زۆر کەم کار بەو دەقە کراوە، رژێمی عێراق بەتایبەت بەعس بۆ ئەوە سوودی لە زمانی کوردی وەرگرتووە بیرو بۆچوونە بۆگەنەکانی خۆی لەرێی زمانی کوردییەوە بگەیەنێتە کورد، ئەگەرنا بەردەوام دژایەتی زمان و کلتوری کوردی کردووەو بڕیاری تایبەتی لەم بارەیەوە داوە، بڕیاری ٦٣٢ لە ١٩٨٩/١٠/٧ی بەناو (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق) زۆر راشکاوانە دژایەتی زمانی کوردی دەکات و بەشتێکی بێ بایەخی دادەنێ، لەبڕگەی یەکەمی ئەو بڕیارەدا هاتووە کە قوتابی بەدەرنەچوو (راسب) دانانرێ ئەگەر هاتوو لەوانەی زمانی کوردیدا دەرنەچوو، ئەو بڕیارەش هەموو ئەو قوتابخانانە دەگرێتەوە کە زمانی کوردییان تێدا دەخوێنرێت، لەبڕگەی دووەمیشدا بڕیارەکە کراوە بە بڕیارێکی یەکلاییکەرەوەو تێیدا هاتووە (کار بەهیچ دەقێکی تری پێچەوانەی ئەو دەقە ناکرێت). ئەگەر لەعێراقدا خوێندنیش بە زمانی کوردی بووبێ ئەوا بەشتێکی کەم بایەخ سەیرکراوەو، پرۆگرامی خوێندن هەمان پرۆگرامە عەرەبییەکە بووەو وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی، پرۆگرامەکەش بەهیچ شێوەیەک گوزارشتی لەکۆمەڵی کوردەواری نەکردووە، بۆ نموونە ئەگەر سەیری پرۆگرامی خوێندنی کوردی لە عێراق بکەین دەبینین لەبابەتی مێژوودا مێژووی نیشتمانی عەرەب و، لە بابەتی جوگرافیادا جوگرافیای نیشتمانی عەرەب و لەبابەتەکانی تریشدا هەر هەمووی هی عەرەب دەخوێنرێت، ئەوەش بۆ ئەوە بووە کە خوێندەڤانی کورد هەمیشە عێراق بەوڵاتی خۆی بزانێ و لەرێی عێراقیشەوە (نیشتمانی عەرەبی) بەنیشتمانی خۆی بزانێ و مێژوو و جوگرافیا و شارستانییەتی ئەوانیش بەهی خۆی بزانێت و، هەست نەکات کە کوردستان نیشتمانی ئەوەو بەشێکی بە زۆر بەعێراقەوە لکێنراوەو داگیرکراوە.

رژێمی بەعس بە بەردەوامی هەوڵی سڕینەوەی زمان و کلتوری کوردی داوەو قوتابخانە کوردییەکانی داخستووە، لەساڵی خوێندنی (٢٠٠٠-٢٠٠١)ەوە لەسەرتاسەری عێراقدا لە هیچ قوتابخانەیەکدا خوێندنی بەزمانی کوردی نەهێشت و هەمووی کرد بەعەرەبی، لە (کەرکوک، مەخموور، شنگاڵ، زەممار، قەراج، خانەقین،. . .و شوێنانی دیکە) و خوێندنی عەرەبی سەپاندە سەر کورد.

لەو ڕێیەوە رژێمی عێراق ویستوویەتی زمان و کلتوری خۆی کە عەرەبییە بسەپێنێتە سەر کوردو زمان و کلتوری کوردیش کەم بایەخ بکات، ئەگەر سەیر بکەین دەبینین ئێستاش کاریگەرییەکی زۆری زمان و کلتورو هزرو سیاسەتی عەرەبی بەسەر رۆشنبیرانی کورد لە باشووری کوردستاندا دیارە، ئەمە بۆ رۆژئاوای کوردستانیش راستە، لەبەر ئەوەی نەتەوەی سەردەست هەوڵیداوەو هەوڵدەدات هەموو شتێکی خۆی بسەپێنێتە سەر نەتەوەی بندەست، لە باکووردا کاریگەری زمان و کلتوری تورک و لەرۆژهەڵاتیشدا کاریگەری زمان و کلتوری فارس بەسەر زمان و کلتوری کورددا هەیە. ئەم سیاسەتەی داگیرکەرانی کوردستان سێ واقیعی کلتوری جیا لەیەکی دروستکردووە، وایکردووە کەسایەتیی تاکی کورد بشێوێنرێت و هەست بە نامۆبوونی کلتوری بکات، بۆ سڕینەوەی ئەم واقیعە تاڵە پێویستیمان بەوە هەیە کەوا شۆڕشێکی کلتووری بەرپابکەین بۆ بیناکردنەوەی کەسایەتیی تاکی کورد لەسەر بنەمای باوەڕبەخۆبوون و پەیوەستبوون بە زمان و خاک و کلتوورو بەها نەتەوەییەکان، لەم ڕێیەوە پێویستە هەستی عێراقیبوون و تورکیاییبوون و ئێرانیبوون و سوریاییبوون لە هزری تاکی کورددا بسڕینەوە، بۆ ئەوەی تاکی کورد وەک کوردێک و وەک کوردستانییەک پێناسەی خۆی بکاتەوە.

وەک لای هەموو لایەکمان روونە ؛ لەهەریەک لە تورکیا و سوریا و ئێراندا خوێندن بەزمانی کوردی قەدەغەیە و رێی پێنادرێ و کوردیان ناچارکردووە بەزمانی ئەوان بخوێنێ و بنووسێ، دەسەڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان لە کۆنەوە تائێستا زمانی خۆیان سەپاندۆتە سەر کورد، کورد بەناچاری زمانی دەستەڵاتدارانیان لە کاروباری رەسمییدا بەکارهێناوە، وەک لەپێشەوە باسمانکرد عێراق بە بەردەوامی هەوڵی سڕینەوەی زمان و کلتوری کوردی داوەو کەنارگیری کردووە، ئێران و تورکیا و سوریا ئەوانیش لە عێراق زۆر خراپتر کارییان لەسەر شێواندن و قەدەغەکردنی زمانی کوردی کردووە.

لەسوریادا خوێندن و نووسین بەزمانی کوردی قەدەغەیە و تەنها دەبێت بەزمانی عەرەبی بێت و ئەمەش لەماددەی (٤)ی دەستووری سوریادا جێگیرکراوە، کە دەڵێت:

(زمانی عەرەبی زمانی رەسمییە.)، شۆڤێنییەتی عەرەبی هەستی بەوەکردووە، کە ئەگەر زمانی کوردی رێی پێبدرێت ئەوا گەشە دەکات و تایبەتمەندییەکانی خۆی دەپارێزێت، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی کەوا هەستی کوردبوون لەلایەن تاکەکانی کورددا بەردەوام گەشە بکات، بۆیە کەوتۆتە دژایەتیکردن و قەدەغەکردنی زمانەکەمان، بێگومان زمان هۆکاری لەیەکترگەیشتن و خوێندن و نووسین و بیرکردنەوەیەو یەکێکە لەتایبەتمەندییە بنچینەییەکانی هەر نەتەوەک، بۆیە داگیرکەران بۆ سڕینەوەی بوونمان وەک نەتەوەیەک بەردەوام شەڕی نەهێشتنی زمانی کوردییان کردووە.

لەگەڵ ئەو هەموو دژایەتی و قەدەغەکردنەشدا زمانی کوردی لەرێی رۆشنبیرانی کورد بەردەوام بەرەنگاری داگیرکەرانی کوردستان بۆتەوەو خۆی پاراستووەو لە گەشەکردنیشدایە، بەعەرەبکردن و بە تورککردن و بە فارسکردن مەترسییەکی زۆری بۆ سەر مانەوەو گەشەکردنی زمانەکەمان هەبووەو هەیە و بۆتە هەڕەشە لەسەر نەهێشتن و سڕینەوەی زمانەکەمان، بۆیە پێویستە هەموو لایەکمان وەک ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی کاربکەین بۆ سڕینەوەی کاریگەرییەکانی زمان و کلتووری داگیرکەران لەسەر زمانی کوردی و تیبکۆشین لەپێناو بایەخدان بە زمانی کوردی و پێشخستنی.

**سەرچاوەکان:**

١- جەمال نەبەز، کوردستان وشۆڕشەکەی، کوردۆ لە ئەڵمانییەوە کردوویە بە کوردی، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، سوێد - ١٩٨٥ .

٢- مازن بلال، المسألة الكردية الوهم والحقيقة، بيسان للنشر والتوزيع والإعلام، طبعة أولى، بيروت - ١٩٩٣ .

٣- د.حكمت حكيم، الدساتير العراقية المؤقتة وحقوق المواطن العراقي، الطبعة الأولى، ٢٠٠٠.

٤- عەتا قەرەداخی، کاریگەری کەلتوری ئەوان لەسەر کورد، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی - ٢٠٠١ .

٥- جەمال نەبەز، بیری نەتەوەیی کوردی نەبیری (قەومیەت)ی رۆژهەڵاتی و نەبیری (ناسیۆنالیزم)ی رۆژاواییە، بڵاوکراوەی بنکەی کوردنامە، چاپی دووەم، لەندەن - ٢٠٠٢ .

٦- دستور الجمهورية العربية السورية ١٩٧٣ ، والمعدل بالقانون رقم ٦ لعام ٢٠٠٠ ، مؤسسة النوري، دمشق - ٢٠٠٢ .

٧- غەفوور مەخمووری، هزر و رامان، چاپخانەی رۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر - ٢٠١٩ .

٨- غەفوور مەخمووری، بەعەرەبکردنی کوردستان، چاپخانەی تاران، چاپی چوارەم ، تاران - ٢٠٢٠ .

٩- غفور مخموري، تعريب كوردستان، الطبعة الرابعة، مركز القاهرة للدراسات الكردية، القاهرة - ٢٠٢٢ .

١٠- غفور مخموري، استقلال كوردستان (الأفكار والتأملات)، الطبعة الثانية، مركز القاهرة للدراسات الكردية، القاهرة - ٢٠٢٢ .

١١- غفور مخموري، رسالتي ... من أجل كوردستان، الطبعة الثانية، مركز القاهرة للدراسات الكردية، القاهرة - ٢٠٢٢ .

١٢- گۆڤاری مەتین، ژمارە ٩٩ - نیسان ٢٠٠٠ ، دهوک.

١٣- رۆژنامەی ژین، ژمارە (١٥٧٦) ساڵی (٣٥)، دووشەممە ١٠ / ١٠ / ١٩٦٠. سلێمانی .

١٤- جريدة الوقائع العراقية، العدد ٣٢٧٨ ، اليوم ٢٣ / ١٠ / ١٩٨٩ ، بغداد.

هەواڵنامەی کتێب

# زمان وەك ناسنامەی نەتەوەی بێ دەوڵەت

ڕێکار ئەحمەد

زمان توانایەکی خودی و سروشتیی گیانلەبەرانە، بەتایبەتیش مرۆڤەکان بە شێوەیەکی لێزانانە سوودی لێوەردەگرن، بە واتایەکی دیکە، زمان نژیاری بەتوانایە، پردی پەیوەندیکردن لەگەڵ دیتران دروست دەکا، بە کوردییەکەی زمان واتە توانا و ڕایەڵەی ناردن و وەرگرتنی پەیام لە ئاوەزێکەوە بۆ ئاوەزێکی دیکە.

هەندێک زانا بە شێوەیەکی دیکە پێناسەی زمان دەکەن و دەڵێن: زمان سیستەمی پەیوەندیکردنە، لەو ڕێیەوە مرۆڤ دەتوانێ وتارە زارەکی و هێمادارەکانی خۆی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بگۆڕێتەوە. واتە جەخت لەسەر ڕاستی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان دەکاتەوە و مرۆڤەکان بۆ دەربڕینی ناخی خۆیان و دەستکاریکردنی شتەکانی ژینگەکەیان بەکاری دەهێنن.

ئەو دینانەی بانگەشەی ئاسمانی بوون و یەک خودایی دەکەن، نکۆڵی لە فرەزمانی ناکەن، بەڵکو باوەڕییان بە فرەزمانی و فرەنەتەوەیی هەیە و لە گوتاری دینیدا جەختی لەسەر دەکەنەوە. هەر لەم سۆنگەیەشەوە پەڕتووکە دینیەکان کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر پێشخستن و دەوڵەمەندکردن و مانەوەی زماندا هەبووە. دینی زەردەشتی بەهۆی پەڕتووکی ئاڤێستاوە توانی نەتەوەی دیکەش ڕام بکات، تەورات، ئینجلیش ڕۆڵی بەرجەستەیان لە مانەوەی زمان بەرجەستە کرد؛ بەتایبەتیش قورئان توانیویەتی دەیان گەل و نەتەوەی دیکە بگۆڕێ، واتە ئەو نەتەوانە دین و زمانەکەیان پێکەوە سەرپشک کردووە.

ناسنامە پێناسەیەکی دیارکراوی نییە، چونکە بەشی جۆراوجۆری وەک نەتەوە، زمان، فەرهەنگ، دین و گەل دەگرێتەوە. پسپۆڕ و شارەزایان پێیانوایە کە ناسنامە تەنیا لە ڕەهەندی زمان و نەتەوەدا کارپێکراوە و لەو دوو بوارەشدا بایەخی پێدراوە و کارابوونی خۆی کایە کردووە.

پسپۆڕ و توێژەران ڕەهەندی جیاوازیان بۆ ناسنامە و زمان پێشنیار کردووە، دەروونناسانی وەک ‹فرۆید› و ‹پیاژە› خەمڵێنی ناسنامەی مرۆڤ بە قۆناغی ڕەسیوی ئەو مرۆڤە دادەنێن. ناسنامە لە ڕووی تاکەکانەوە دەستپێدەکات و لە ڕێی زمانەوە، بوارەکانی کۆمەڵایەتی و جڤاکی تێپەڕ دەکات، سەرەنجام لە هەستی ناسنامەی کۆمەڵدا بە لووتکەی خۆی دەگات.

هەرچەندە کۆدەنگی و گشتگیری ڕوون لە نێوان زانایاندا سەبارەت بە گرنگی زمان بۆ ناسنامەی فەرهەنگ و کولتووری تێکڕای گرووپێک نییە، بەڵام هەندێک لە

توێژەرانی ناودار، زمان بە هۆکاری سەرەکی بۆ بەرجەستەبوون و ناسنامەی کۆمەڵە مرۆڤێک و مانەوەیان لێکدەدەنەوە. توێژەرێکی ناوداری وەک ئێدوارد ساپیر کە لە ساڵی ١٨٨٤ لە ئەڵمانیا لە دایک بووە و ساڵی ١٩٠٤ خوێندنی زانکۆی لە پۆڵۆنیا تەواو کردووە و حەزێکی تایبەتی بۆ زمان هەبووە، جەختی کردۆتەوە زمان کاریگەری لەسەر چۆنیەتی بیرکردنەوەی مرۆڤەکاندا هەیە. دواتر بنیامین لی ۆرف، ساڵی ١٨٩٧ لە ئەمریکا لە دایک بووە و لە ٢٦ی تەمموزی ١٩٤٦ لە ئەمریکا کۆچی دوایی کردووە، ڕێچکەی ئەوی هەڵگرتەوە و لێکۆڵینەوەکانی خۆی سەبارەت بە زمان چڕ کردەوە. لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا چوار وتاری گرنگی نووسیی: (زانست و زمانزانی" (١٩٤٠)، «زمانزانی وەک زانستێکی ورد» (١٩٤٠)، «زمان و لۆژیک» (١٩٤١)، و "زمان، هزر و ڕاستی" (١٩٤٢). بە کورتی ئەو دوو تۆژەرە پێداگری دەکەن کە زمان کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر هۆشیاری تێکڕایی و ڕەفتاری کۆمەڵی مرۆڤەکاندا هەیە. ساپیر و ۆرف دەیانگوت زمان کاریگەری لەسەر شێوازی بیرکردنەوەی ئاخێوەرانیشدا هەیە، چونکە پێکهاتەی زمانەکە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر زانست و زانیاری دادەنێ.

هەرچەندە توێژەرانی دیکە هەن و ڕەخنە لەوانە دەگرن و بە گومانەوە لە هەبوونی کاریگەری زمان لەسەر هۆشیاری گرووپ، کۆمەڵ و گەلدا دەڕوانن.

بەپێی هەندێ لێکۆڵینەوەی دیکە، پەیوەندی نێوان کولتوور (لەوانەش زمان) و ناسنامە ڕوون نییە. لە لایەکەوە، زۆرێک لە توێژینەوەکان بە شێوەیەکی گشتی ئاماژە بە کاریگەری زمان و ناسنامە لەسەر یەکدیدا دەکەن، چونکە دواندن و ئاخاوتن، واتە بەکارهێنانی زمان لە نێوان تاکەکانی گرووپێکدا، ناسنامەی گروپەکە ڕەنگڕێژ دەکات، هەروەها ناسنامەی گروپەکەش کاریگەری لەسەر ئاخاوتن و بەکارهێنانی زمان و هەڵوێستەکان دادەنێ و فەرهەنگێکی تایبەت دەنەخشێنێ.

بێگومان زمان وەک ئامرازێکی پەیوەندیکردن یەکجار گرنگ و پێویستە، بەڵام لەوانەیە لەگەڵ گواستنەوەی فەرهەنگ و کولتووری گرووپێکدا نەیەتەوە.

ڕاستییەکەی بۆ بەردەوامیی کولتووری کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو، تا ڕادەیەک زمان ڕووبەڕووی پرسیارگەلێک دەبێتەوە، بەڵام دیسانەوە ناسنامەی گەل و نەتەوەکان پیشان دەدا. کاتێک نەتەوەکان زمانی دیکە سەرپشک دەکەن، مەرج نییە فەرهەنگ و کولتوورەکەیان وندا ببێ و نەمێنێ، بەڵگەش گەل و نەتەوەکانی کیشوەرەکانی ئەفریقیا

و ئەمریکان، وێڕای ئەوەی کە زمانی دیترانیان وەرگرتووە، ناسنامەی نەتەوەییان بۆ ناسنامەی نیشتمانی گۆڕاوە، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر وابەستەی دابونەریت و کولتووری خۆیانن و پارێزگارییان لێ کردوون.

زمان وەک پێکهاتەیەکی ناسنامەی فەرهەنگ و کولتووریش سەیر دەکرێ، بەڵام سەرڕاست نەبۆتەوە، چونکە ئەگەر چەند گەل و گرووپێک لە مرۆڤەکان بە یەک زمان یان چەند زمانێکی نزیک لە یەکتر قسە بکەن، ئیدی ناسنامەی فەرهەنگ و کولتوورییان کتومت وەکوو یەک نابێ، بۆ نموونە: زمانی کوردی، فارسی، بەلوچی، تاتی، تالشی، مازنی و ... یەک دایکیان هەیە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات دابونەریت، فەرهەنگ و کولتوور لەیەکتر دوور کەوتوونەتەوە. هەروەها ئەگە سرب و کروات و بۆسنەیی بە نموونە وەربگرین، دیسانەوە بە ڕوونی ئەمە پشتڕاست دەبێتەوە.

هەرچەندە زمان بەردی بناغەی ناسنامەی نەتەوە و گەلێکی دیاریکراوە و پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ فەرهەنگ و کولتووردا هەیە، بەڵام دیسانەوە زمان بە ڕاستییەکانی فەرهەنگ و کولتوور یەکسان نابێ. دەتوانین ئاماژە بە کولتووری ئەو وڵاتانە بدەین کە بە عەرەبی دەئاخفن، کەچی جیاوازییان لەنێواندا هەیە، زۆر بە ئاشکرا هەست بە جیاوازی دابونەریت و کولتووریان دەکرێ.

لەم پێوەندەدا جەخت لەسەر یەکسانی و وەکهەڤی زمان و کولتوور ناکەینەوە، هەرچەندە پەیوەندییەکی نزیکیان هەیە. سەرەڕای ئەم ڕاستیانەش. لە ژیانی ڕۆژانەدا، مرۆڤەکان مەیلیان هەیە تا زمان لەگەڵ ناسنامەی کولتووری و زۆرجاریش ناسنامەی نەتەوەیی یەکسان بکەن. گەرەکە ئەم مەیلە لەبەرچاو بگیرێ و بایەخی پێ بدرێ. لە دۆخی کۆکردنەوەی جەماوەری نیشتمانیدا، زۆر جار ڕاستییە ئەزموونکراوەکان لاوازن، بەڵام خەڵک بە ڕاستییان دەزانن و داکۆکیشیان لێ دەکەن. بە شێوەیەکی گشتی مرۆڤەکان لە ناسینەوەی نەتەوەییدا گرنگییەکی زیاتر بە زمان و بنەچە دەدەن و هۆکارە شیکارییەکانی ئاوەز بە لاوەکی دەبینن و بایەخیان پێنادەن. بەو هۆیەشەوە زۆر جاران زمان، بنەچە و دیرۆک لە دیاریکردنی ناسنامەی نەتەوەییدا وەک کۆڵەگەی بنەڕەتی تا ئەفسانەیی دەڕۆن.

زۆر جار و زۆر کەس دەپرسن: ئایا زمان لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی کولتووری تایبەتدا یەکسان دەکرێ؟ یەکێک لە ئەگەرە ڕوونکراوەکان ئەوەیە، زمان وەک تایبەتمەندییەکی

هەواڵنامەی کتێب

سروشتی، لەگەڵ هاتنە دونیاوە دروست دەبێ، واتە لە دەستپێکی ژیانەوە، کاتێک منداڵ لە نێو گروپێکی کولتووری دیاریکراودا چاوی بۆ ژیان دەکاتەوە.

هەستی هەبوونی ناسنامە بۆ مرۆڤ یەکجار گرنگە، ئەم هەستەش لە زەمانی لاویدا پەرەدەسێنێ، ئەگەر ئەو هەستە مسۆگەر نەبێ، ئیدی لە ناخی ئەو مرۆڤەدا نیگەرانی و ڕاڕایی پەیدا دەبێ، لە نێو دەردی بێ ناسنامەییدا ڕێی ژیان ون دەکات و ڕەفتاری نابەجێ ئەنجام دەدا، دەیەوێ لەو ڕێیەوە کێماسی خۆی پڕ بکاتەوە، بە هۆکاری هەبوونی هەستی بەهێزی ناسنامەی مرۆڤەکان، زمان دەتوانێ وەک هۆکارێکی گرنگ خۆی بنوێنێ و کەسایەتی ڕەنگرێژ بکات.

بێ پێچ و پەنا، زمان هێمای تایبەتی نەتەوەیە، ئەو نەتەوەیەش هەست بە تایبەتمەندی زمانەکەی خۆی دەکات، چونکە هەبوونی سەرڕاست دەکاتەوە، واتە ئاماژەیەکی ئاشکرای ناساندنیەتی. لەبەرانبەردا دابونەریت و کۆدە کولتووریەکان هێندە ئاشکرا هێمای نەتەوە بەرجەستە ناکەن و هەستیان پێناکرێ. ئەو زمان و دەرکەوتنەی کە ئاماژە بە بنچەی ڕەگەزێکی دیاریکراو دەکەن، ڕاستییەکی فیزیکی بەرجەستەیان هەیە. لەو کاتەدا زمان ئەرکێکی پێناسەکردنی ڕوونی دەبێ. سنوورێک دەکێشێ و بەربەستێکی ڕاستەقینەی پەیوەندیکردن لە نێوان گروپە نەتەوەییە جیاوازەکاندا پێکدەهێنێ، چونکە بێجگە لە وشەی جیاواز، تۆخمگەلێکی جیاوازیشی لە وشەسازی و داڕشتنی ڕستەکاندا هەیە. تەنانەت هەندێک جار ئەو جیاوازییە لەنێوان زارەکانی یەک زمانیشدا خۆیان وێنا دەکەن، هەرچەندە کە یەک ژینگەی هاوبەشیان هەیە. جا کاتێک دوو زمان ژینگەی جیاوازییان هەبێ، ئیدی کاردانەوەکانیان قووڵتر دەبێ.

زمان لە ژینگەی تایبەت بە خۆیدا، واتە لە نێو نەتەوەیەکی دیاریکراودا باشتر گەشە دەکات و پێشدەکەوێ، ئیدی لەهەموو پرۆسەکاندا سەرکەوتن مسۆگەر دەکا. بەو پێیەی سنووردارکردن لە هەموو پرۆسەکانی ناسینەوەدا بەشێکی یەکلاکەرەوەیە، ئیدی زمان ئامرازێکی گونجاوە بۆ ئەو ناسینەوەیە. ڕاستییەکەی ئەرکی ڕەمزی زمانە کە بە پلەی یەکەم لە پرۆسەکانی ناسینەوەدا بەشداربێ. واتە دەبێ مرۆڤ جیاوازی لە نێوان هەردوو ئەرکی زماندا بکات، پەیوەندیدار و ڕەمزی، هەرچەندە هەردوو ئەرکەکە بە توندی بەیەکەوەش چەسپاو و گرێدراون.

زمان بناغەی کولتووری مرۆڤەکانە و پسپۆڕانیش لەسەریدا هاوڕان. زمان تەنیا نیشانەی کولتووری وڵاتێک نییە، گرنگتر ئەوەیە دان بە ناسنامەی مرۆڤدا

بنرێ. کاتێک مرۆڤ هیچ بژاردەیەکی دیکەی نامێنێ، ناچار سەر هەڵدەگرێ و زێد و نیشتمانی خۆی جێدەهێڵێ، زمانەکەی لەگەڵ خۆیدا دەبات، ئەوانەی لە سەرووی هەژدە ساڵیەوە بن و لە نیشتمانی خۆیان داببڕێن، تا مردن ئەو زمانە لێیان دوور ناکەوێتەوە و لەگەڵیاندا دەژی.

کاتێک دوو گرووپ لە کاتی دیداردا، بە دوو زمانی جیاواز قسە دەکەن، کاریگەرییە سنووردارکەری زمان دەستبەجێی خۆی پێشاندا دەدا، هەم بە هۆی ئەرکی پەیوەندییەکەیەوە، هەم بە هۆی ئەرکی هێما و ئاماژەکانەوە خۆیان نمایش دەکەن. ئەگەر پەیوەندی نێوان ئەم گروپانە بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام بوو، ئەرکی پەیوەندیکردن گرنگی خۆی لەدەست دەدات، بەو پێیەی گروپەکان بە پەیوەندیکردن لەگەڵ یەکدی ئاشنا دەبەن، لەو کاتەدا زمانی سێیەم یان زمانێکی تێکەڵ بەکاردەهێنرێ یان یەکێک لە گروپەکان باڵادەستی خۆی دەسەپێنێ (بەڵام مەرج نییە ئەو باڵادەستییە بەهۆی لێهاتوویی خودی زمانەکەوە بێ، لەوانەیە بە زۆرەکی و بەهۆی لاوازی کەسایەتیەکانەوە ڕووبدات). ڕەنگە ئەرکی هێمادار و نیشاندانی ناسنامەی زمانەکە بمێنێتەوە، تەنانەت ئەگەر کەسێکی گرووپی دووەم بە زەحمەتیش چەند وشەیەکی گرووپی یەکەم بەکاربهێنرێ. ئەوکاتە چەند وشەیەک دەبن بە هەوێنی درێژەپێدانی ئەو دیدارانە و لە یادەوەرییەکاندا جێوار دەبن. کەچی دیسانەوە زمان وەک نیشاندەری ناسنامە پاشەکشە ناکات و وازناهێنێ و ڕێ نادات هێمایەکی دیکە شوێنەکەی بگرێتەوە.

سەرەڕای هەموو ئەوانەشەوە، زمان وەک نیشاندەرێکی هاوبەشی ناسنامەی کولتووری بەکۆمەڵ دەپارێزێ و لە ئاست زمانی سەردەستدا ناچەمێتەوە، بەڵگەشمان زمانی کوردییە، وێڕای ئەوەی بە درێژایی چەندین سەدە نکۆڵی لێ کراوە، هەوڵی سڕینەوەی دراوە، بەسووک لێیان ڕوانیوە، بەڵام ملکەچی زمانی سەردەستان نەبووە. ڕاستییەکەیشی هیچ شتێک ئاماژە بەوە ناکەن کە زمان  ملکەچی سیاسەتی سەردەستان و ئایدۆلۆژیای دەستەڵاتداران بووبێ.

ئەگەر ئاوڕێک لەو وڵاتانە بدەینەوە کە لەسەر بنەمای نەتەوە دامەزرێنراون (بەتایبەت ئەو وڵاتانەی کە نەتەوەی داگیرکار فەرمانڕەوایەتی تێدا دەکات)، هەندێکیان بە ئاگر و ئاسن هەوڵیان داوە، زمانی دیکە بسڕنەوە، یا سەروەری زمانی و نەتەوەیی درۆیینە بۆ خۆیان دروست بکەن، بەڵام تێیدا سەرکەوتوو نەبوونە، باشترین

بەڵگەشمان دەوڵەتی تورکیایە. بەهۆی ئەوەی کورد لە چوارچێوەی جوگرافیای تورکیای دروستکراودا، خاوەن خاک، مێژوو، هێما و زمانی خۆی بووە، ئیدی زمانی کوردی ملکەچی زمانی تورکی و ستەمی فەرمانڕەوایان نەبووە، لێبڕاوانە بەرگری کردووە و بە زیندوویی ماوەتەوە.

زمانی کوردی بەهۆی پێشینە و دەوڵەمەندییەکەیەوە لەبەرانبەر زمانەکانی دیکەدا نەچەماوەتەوە، وێڕای ئەوەی نکۆڵی لێ کراوە یان بە لاواز و بێبنەچە وێناکراوە، بەڵام دیسانیشەوە کاریگەری لەسەر زمانەکانی دیکە داناوە، هەرچەندە زمانی فارسی برای شیریی زمانی کوردییە، بەڵام زمانی تورکی و عەرەبی سەدان و هەزاران وشەیان لە زمانی کوردی قاچاندۆتەوە. تەنانەت دەستەڵاتداران هێندە لە زمانی کوردی ترساون، قەدەغەیان کردووە، لەم بارەیەوە ئاپێ موسا عەنتەر دەڵێ: (ئەگەر زمانی ڕەسەنی من، بناغەی دەوڵەتی تۆ دەهەژێنێ، مانای وایە کە دەوڵەتەکەت لەسەر خاکی من دروست کردووە).

لەو شوێنانەدا زمانی سەردەست لە بێ توانایی خۆی بووبێ یان نا بەهۆی لێهاتووی زمانی نەتەوەی بندەست بووبێ، نەیتوانیوە هێمای نیشتمانی مسۆگەر بکات، هەروەها زمانی نەتەوەکانی دیکەش بە ئاشی سیاسەتی سەردەستانەوە نەهاڕدراون. لێرەدا ڕۆڵی زمان لە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەی سەردەست و فەرمانڕەویانی ستەمکاردا دا کەمڕەنگ بۆتەوە و بە لاوازی خۆی نمایش کردووە.

لە وڵاتانی وەک فەرەنسا و ئینگلتەرا یەکسانکردنی زمانی بۆ کاریگەریی دەسەڵاتی دەوڵەت و پرۆسەی یەکگرتنی کولتووری لە چوارچێوەی خاکی دەوڵەتدا گرنگ بوو، بەڵام هەرگیز زمانەکە نەکرا بە هێمای نەتەوەیی و بنەمای ناسینەوەی نەتەوەیی، بەڵام لە هەندێک نەتەوەی دژبەری نەتەوەی سەردەست ڕەنگی دایەوە، وەک ئەوەی لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستدا ڕوویدا. چالاکانی نەتەوەیی لە نێو ئەم گەلانەدا بەزۆری هەوڵیان دەدا خەڵک وەک هێمایەکی ناوەندی لە دەوری زمانەکە کۆبکەنەوە. لە هەڵبژاردنی زماندا وەک هێمایەکی نەتەوەیی، کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر ئەو بیرۆکە دەرەکیانە هەبوو، بە پلەی یەکەم لە نەتەوەی ئەڵمانیدا بەرجەستەبوو.

هێردەر بیرمەندی ئەڵمانی ئەڤینداری نەتەوە بوو، لەو بارەیەوە گوتویەتی: ‹سروشت نەتەوەکان دەئافرێنێ، نەک دەوڵەتەکان، هەروەها گوتویەتی: زمان ڕۆحی نەتەوەیە. ئەمەش بەو واتایەیە کە دەبێ زمانی نەتەوەکان پارێزراو بن. لە ژێر

ڕۆشنایی ئەو تیۆرەوە، بزووتنەوە نەتەوەییەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ناوەڕاست کاریگەرییان لەسەر یەکدی دانا، هەروەها بە ئایدۆلۆژیاکردنی زمان بوو بە هۆی ئەوەی کە نەتەوەی لیتوانیا و ئۆکرانیا تێ هەڵبچنەوە و زمان وەک هێمایەکی نەتەوەیی و نیشتمانی بەکاربهێنن. لە بە ئایدیۆلۆژیاکردنی زمان چاوەڕوان دەکرا کاریگەری بەهێز لە یەکگرتن و کۆکردنەوەی نەتەوە بندەستەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین ببینێ. لەم پێوەندەدا دەکرێ ئاماژە بە بێلاڕووسەکان بدەین و بزانین چ مەرجێکیان بۆ دامەزراندنی زمانی بیلاڕووسی وەک نیشاندەری ناسنامە و هێمای نەتەوەیی هەبوو، هەروەها چۆن لەم کارەدا سەرکەوتوو بوون.

لە لایەکی دیکەوە بلیمەت باڕی بوزان کە ساڵی ١٩٤٨ لە شاری لەندەن لە دایکبووە، دەڵێ: ناسنامە گیانی گەل و کۆمەڵگەیە.

کاتێک گوتەکانی هێردەر و بوزان تێکەڵاو دەکەین، دەبن بە: زمان و ناسنامە گیانی گەل و نەتەوەن.

هەندێک لە نەتەوە سەردەستەکان بۆ ئەوەی ناسنامەی نەتەوە ژێردەستەکان بێ بەها و کەمڕەنگ بکەن، هەوڵیانداوە ناسنامەی دینی سەرپشک بکەن. نەتەوەکانی تورک و عەرەبیش هەمان سیاسەتیان بەرامبەر بە کورد پێڕۆ کردووە. لە گوتاری سیاسی و دینیدا ناسنامەی دینیان زەق کردۆتەوە، بۆ خۆیان ڕەوا بینیووە بە زمانی خۆیان بدوێن، بەڵام بۆ فریودانی خەڵکی سادەی کورد بانگەشەی ئەوەیان کردووە کە مادام برای دینین، ئیدی پێویست بەوە ناکات کە ئێوە بە زمانی کوردی بدوێن. مخابن سەتان هەزار بنەماڵەی کورد خاپێندراون و پشتیان لە زمانی باپیرانی خۆیان کردووە. کاتێک زمانی باپیرانیش لە بیر دەکرێ، ئیدی ناسنامەی نەتەوەییش دەگۆڕێ. لەو بارەیەوە ساتع ئەلحەسری (ساطع الحصري) ئەگەرچی خۆی عەرەب بوو، ساڵی ١٨٧٩ لە شاری سەنعای یەمەن لە دایک ببوو، بەڵام تێزی ناسیۆنالیستی خۆی بە پلەی یەکەم لەسەر ڕەهەندی زمانەوانی دامەزراندبوو، پشتی لە فاکتەری دینی کردبوو. تا کۆتایی ژیانیشی پێداگری دەکرد و دەیگوت ڕەگەزی سەرەکی نەتەوەی عەرەب، زانینی زمانی عەرەبی و عەرەببوونە. ئەو سەبارەت بە میسر گوتویەتی: (بەو پێیەی میسرییەکان عەرەببوونی خۆیان لەو زمانە وەرگرتووە کە ئێستا قسەی پێ دەکەن، بەو هۆیەشەوە لە یەکدی تێدەگەن، ئیدی هیچ پاساوێک نییە بۆ ئەوەی بپرسین ئایا میسرییەکان لە ڕەگەز و خوێندا عەرەبن؟). ئەو جەختی دەکردەوە ئەگەر

جیاوازی لە فەرهەنگ و کولتووریشدا هەبێ، بەڵام مادام بە زمانی عەرەبی قسە دەکەن، ئیدی ئەوان عەرەبن و مشتومڕ هەڵناگرێ. ئەو دەیگوت: (وڵاتانی عەرەبی بە تەنیا نیمچە دورگەی عەرەب نین، وەک هەندێک بانگەشەی بۆ دەکەن، بەڵکو هەموو ئەو وڵاتانەن کە خەڵکەکانیان بە زمانی عەرەبی قسە دەکەن). ئەمەش بەو واتایەیە کە زمان لە دید و ڕوانگەی ئەودا ناسنامەی نەتەوەیی بەرجەستە دەکرد.

ئەستووندەگ و تاوڵی زمان ناسنامەی نەتەوەیی ڕایگرتووە، لە هەموو ناسنامە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە جیاوازترە، چونکە لەم ڕێیەوە مرۆڤەکان بنەچەی خۆیان سەرڕاست دەکەنەوە. هەر ئەمەش وا دەکات کە ناسنامەی نەتەوەیی بەردەوام بێ و درێژەی پێ بدرێ. هەر ئەو ناسنامەیەش هەستی قووڵی سەربەخۆیی لە ناخی تاکەکانی کۆمەڵدا دەچێنێ. لە ئاوێنەی ناسنامەی نەتەوەیی، زمان کۆڵەگەی سەرەکییە، لەو ڕێیەشەوە تاکی کۆمەڵ جیاوازیەکانی خۆی لەگەڵ دیتراندا دەبینێ. ڕاستییەکەی تەنیا ڕەچەڵەکی هاوبەش شان لە شانی زمان دەدات. بۆ نموونە لێکچوونی فیزیکی (هاوشێوەیی، ماڵباتی). لەم سۆنگەیەوە مەرج نییە لە هەموو کاتێکدا ناسنامەی نەتەوەیی بە تایبەتمەندییە کولتوورییە تایبەتەکانەوە بپێورێ.

دیسان دووپات دەکەینەوە، زمان و ناسنامەی نەتەوە کار لە یەکدی دەکەن، بەتایبەتیش بە هۆی ئەوەی ناسنامەی نەتەوەیی لەسەر قەد و باڵای درەختی زمان باڵا دەکات. هەر بۆیە کاتێک نەتەوەیەک زمانەکەی خۆی لە دەستدەدا و زمانی نەتەوەیەکی دیکە سەرپشک دەکات، ئیدی بێ ئەملاو ئەولا  هەر بە دەستی خۆی ناسنامەی نەتەوەیی خۆی دەپوکێنێتەوە. بە زۆری پوکانەوەی زمان لە پرۆسەی داگیرکاریدا ئەنجام دەدرێ، بۆ نموونە هەندێک نەتەوەی ئەفریقا و ئەمریکای لاتینی بە هۆی داگیرکارییەوە، زمانەکەی خۆیان وندا کردووە یان لە ژێر ستەمی داگیرکاراندا پوکاوەتەوە، بەو هۆیەوە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان لەدەستداوە، تەنیا بە سنووری جوگرافیای دەوڵەتەکەیان دەناسرێنەوە، واتە ناسنامەی جوگرافیایەک جێی ناسنامەی زمانی نەتەوەی گرتۆتەوە، بەوهۆیەوە سنووری جوگرافیایی ناسنامەی نەتەوەیی بۆ نیشتمانی گۆڕیوە. ئەگەر نەتەوەی بندەست زمانی خۆی بپارێزێ، ئامادە نابێ لە دڵەوە ناسنامەی نیشتمانی پەسند بکات. ئێستا  زۆربەی کورد ئامادە نییە بڵێ من تورکیایی، عێراقی، سوریایی و ئێرانیم، هەروەها زۆربەی تامیلیەکان ئامادەنین بڵێن ئێمە سریلانکایین، فەلەستینیەکان ئامادەنین بڵێن ئێمە ئیسرائیلین.

ناسنامەی نیشتمانی، یان ناسنامەی گەلێکی چەند نەتەوەیی ناو جوگرافیایەکی دیاریکراو، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مۆدێرنەیە، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە دەرگەی بۆ کرایەوە و خۆی لە پێکهێنانی دەوڵەتی نوێدا دیتەوە. ئەو دەوڵەتانە وێڕای ئەوەی پێگەی لەرزۆکیان هەیە، لەبەردەم باهۆزی گۆڕانکاریەکانیشدا خۆیان ڕاناگرن و هەڵدەوەشێنەوە. ڕاستییەکەی لە دەستپێکدا لە زۆربەی ئەو وڵاتانەدا، زمانی نەتەوەی سەردەست سەرپشک کرا، نکۆڵی لە زمانەکانی دیکە کرا، یان بە فەرامۆشی سپێردران و ڕێ بە خوێندن و پەروەردە بە زمانی نەتەوە بندەستەکان نەدرا. بەو هۆیەوە هەستی وڵاتپارێزی و نیشتمانپەروەری وەکو پێویست نەڕسکا و درزی برد، کەچی هەستی ناسنامەی نەتەوەیی باڵای کرد و هەڵکشا. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی پەرەی سەند. لەم پێوەندەدا وڵاتە فرە نەتەوە تازە دامەزراوەکان بە ئیمپراتۆریەتەکان بەراورد ناکرێن. چونکە لە قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریەکاندا ناسنامەی نەتەوەیی نکۆڵی لێ نەدەکرا، بەتایبەتیش ئەوێ ڕۆژی خوێندن و پەروەردە گشتگیر و فەرمی نەبوون، بەڵام لەو دەوڵەتانەی دوای یەکەمین شەڕی جیهان پێکهاتن، ڕەگەزپەرستییان زەق کردەوە و هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوە بندەستەکانیان دا و خوێندن و پەروەردە بە زمانی نەتەوەی سەردەست سەپێنرا.

ئەگەر ناسنامەی تاک و نەتەوەیەک بۆ نیشتمانێک گەڕایەوە و بە زمانەوە گرێنەدرا، واتە بۆ ناسنامەی گەلێکی ناو چوارچێوەی سنوورێکی دیاریکراو چڕ کرایەوە، ئید دەبێ ئەو وڵاتە هێماکانی وەک (ئاڵا، ڕۆژی سەربەخۆیی، جوگرافیایەکی دیاریکراو و سروودی نیشتمانی،....) هەبێ. هەندێکجار ئاین و ئاینزاش ڕۆڵی خۆیان لە پێکهێنانی ناسنامەی وڵات و نیشتماندا دەبینن، بەڵام گەڕان بە دوای ناسنامەی نەتەوەیی، هەم ململانێ و هاوڕکی دروست دەکات، هەمیش کۆسپ و تەگەرە لەسەر ڕێی پێکەوەژیان دادەنێ و جێ بە تەبایی لێژ دەکات. ئەگەر بگوترێ دەوڵەتی نیشتمانی خۆڕاگر هەیە و دەکرێ ناسنامەی نیشتمانی جێی ناسنامەی نەتەوەکان بگرێتەوە!! نموونەی هەڵوەشانەوەی یوگسلاڤیا دەهێنینەوە و دەڵێین بۆچی لە ساڵی ٢٠٠٣ کۆماری فیدراڵی یوگۆسلاڤیا بە فەرمی هەڵوەشایەوە و ناوی یوگۆسلاڤیا بە مێژوو سپێردرا؟ بۆچی وڵاتانی ‹مەکەدۆنیا، کرواتیا، مۆنتینیگرۆ، کۆسۆڤۆ، بۆسنەو هەرزەگۆڤین لە تەنیشت سربستان دروست بوون، لە ناو سربستانیشدا ئۆتۆنۆمی بە ڤۆیڤۆدینا(Vojvodina) درا؟ بۆچی چیکۆسلۆفاکیا هەڵوەشایەوە؟

هەر لەم پێوەندەدا دەکرێ بپرسین بۆچی خەڵکی هەرێمی کوێبیکی(Québec)ی وڵاتی کەنەدا (زمانی فرەنسی تێیدا فەرمیە) پەرۆشی سەربەخۆیی وجیابوونەوەن؟ بۆچی هەرێمی کەتەلۆنیا (Catalonha /Cataluña) هەڵکەوتوو لە ڕۆژئاوای ئیسپانیای کیشوەری ئورووپا، هەرچەندە لە تەنیشت زمانی ئیسپانیایی، زمانی کەتەلۆنیاش فەرمیە، بەڵام داوای سەربەخۆیی و جیابوونەوە دەکەن؟

لێرەدا پرسیارێک بەرسڤی هەموو ئەو گریمانانە دەداتـەوە: ئایا ناسنامەی نەتەوەکان لە نێو ئیمپراتۆریەتی ئاشووریدا چی بوون؟ ئایا ناسنامەی نەتەوەکان لە ناو ئیمپراتۆریەتی میدیادا چی بوون؟ ئایا ناسنامەی نەتەوەکان لەناو ئیمپراتۆریەتی هەخامەنشی، پەهلەوی ئەشکانی، پەهلەوی ساسانی، خەلافەتی ئەمەوی، عەباسی و عوسمانلیدا چی بوون؟ ئایا زمان ناسنامەی ئەو نەتەوانەی بەرجەستە کردبوو؟ یان ئەو نەتەوانە لە ڤالایی بێ ناسنامەییدا گێژ ببوون و خۆیان وندا کردبوو؟

لە سەردەمی دەوڵەتی ئەمەوی، عەباسی و عوسمانلیدا، ئەگەر پرسیار لە کوردێک بکرابایە تۆ چیت، ئایا لە وەڵامدا نەیدەگوت: من کوردم؟ پرسیار لە عەرەبێک بکرابایە، هەر نەیدەگوت من عەرەبم؟ خۆ ئەوکاتە کورد، عەرەب و نەتەوەکانی دیکە ئاڵای تایبەت بە خۆیان نەبوو، کەواتە ئەوێ ڕۆژێ زمان ناسنامەی نەتەوە بوو.

هەروەها دەڵێین: بۆچی ناسنامەی باباتاهیری هەمەدانی کوردیە و هی جەمیل سدقی زەهاوی، وێرای ئەوەی نەوەی مەلا ئەحمەدی بابان بوو، کوردی نییە؟ بۆچی ئەحمەدی خانی کوردە و مەعروف ڕەسافی کورد نییە؟ ئەمانە و دەیان نموونەی دیکە. ئارام تیگران بۆ خۆی ئەرمەنییە، بەڵام چونکە بە کوردی گۆرانی گوتووە و خزمەتی بە هونەری کوردی کردووە، ئیدی شانازی بە ناسنامەی کوردبوونەوە دەکرد، لەبەرانبەردا دەیان گۆرانیبێژی کورد هەن بە زمانی عەرەبی، تورکی یان فارسی گۆرانیان گوتووە، بەڵام ناسنامەی کوردبوونیان پێنەبڕاوە.

هەموان دەزانـن، قسەی نەستەق، پەندی پێشینان، مامک و نوکتەی خۆشی نەتەوەکان، هەموویان بە زمانی نەتەوەی داهێنەریانەوە خۆشن، کاتێک بۆ زمانی دیکە وەردەگێڕدرێن، تام و چێژی خۆیان لە دەست دەدەن، چونکە زمان ڕۆڵی کارای لە داڕشتن و داهێناندا گێڕاوە. تەنانەت چڕینی لاوک، حەیران، هۆرە و بەستەی کوردی بە زمانی ئینگلیزی یان فرەنسی و سوێدی نایەتەوە، جوانی و چێژەکەی خۆی لە دەست دەدا. بەوهۆیەوە دەبێ بگوترێ زمانی کوردی پێگە و کۆڵەگەیەکی

نەتەوەییە، گرانایی فەرهەنگی نەتەوەکەمانی لەسەر شانی خۆیدا هەڵگرتووە؛ لەهەمان کاتیشدا لەبەرانبەر سیاسەتی داگیرکاراندا، ڕۆڵی ڕامیاری کایە کردووە و نەتەوەی کوردی بە پێوە ڕاگرتووە و لە هەڕەشەی لەناوچوون پاراستوویەتی.

چەنگیز ئیتماتۆف(١٢-١٢-١٩٢٨ تا ١٠-٦-٢٠٠٨) خەڵکی وڵاتی قیرقیزستان و نووسەری ناوداری سەردەمی یەکێتیی سۆڤییەت لە پێوەند بە زمان گوتویەتی: (زمانی هەر نەتەوەیەک دیاردەیەکی ناوازەیە، بەرهەمی داهێنەرانەی خۆیەتی؛ لەدەستدانی زمانی هەر نەتەوەیەک، لەدەستدانی خوێنی سوودبەخشی جەستەی مرۆڤایەتیە، بۆیە پاراستنی زمان هەم ئەرکە و هەمیش خودانبوونە لە بەشێکی میراتی مرۆڤایەتی).

**ئاکام لەم چەند خاڵەدا چڕ دەکەینەوە:**

**یەکەم**: زمان و ناسنامە دوو جمکی لە یەک جیانەکراوەن، بناغەی کۆمەڵی مرۆڤایەتی لە پێوەندی نێوان تاک و کۆمەڵ پێکدەهێنن، بەڵام زمان ڕۆڵی کارا و بنەڕەتی لە داڕشتنی ناسنامەی نەتەوەیەکدا دەگێڕێ، چونکە زمان بەرسڤی هۆشیارانەی تاکە لە بەرانبەر ئەو فرە پرسیارەی سەبارەت بە خودی خۆی و ژینگە و گرووپەکەی لێی دەکرێن. بەو هۆیەوە چەمکی زمان لە چەمکی ناسنامە بەرفراوانترە. تەنانەت زۆربەی ئەو ڕامانانەی سەبارەت بە زمان و ناسنامەی نەتەوەکان هەن، ڕۆڵی زمان لە بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەیی بە گرنگ و پێویست پیشان دەدەن.

**دووەم**: زمان ڕۆڵێکی یەکجار گرنگی لە پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیکردندا هەیە. هەر بە یارمەتی زمان، شێوازی بیرکردنەوە دروست دەبێ و بۆ نەوەی داهاتوو دەگوازرێتەوە. وێڕای ئەوانەشەوە زمان پێگەی کۆمەڵ بەهێزتر و ڕاوەستاوەتر دەکات.

**سێیەم**: ناسنامەی نیشتمانی یان وڵات، ناسنامەی ڕەهای سروشتی نییە، بەڵکو لە نێو چوارچێوەیەکی دەستکرددایە، هەندێکجار دەستکردەکە مێژووکردە و هەندێکجاریش بە بێ مەیل و ئارەزووی نەتەوەکانی ناو وڵاتە کێشراوە.

**چوارەم**: کەشتی زمانی کوردی، بە درێژایی هەزار و چوار سەت ساڵی ڕابردوو لە نێو تۆفان و گەردەلوولی داگیرکاراندا سەوڵی ژیانی لێداوە، وێڕای ئەوانەشەوە هەم نەتەوەی کوردی بە پێوە ڕاگرتووە هەم پارێزگاریشی لە خۆی کردووە. ئێستا بە هۆی ئەوەی کە کوردستان داگیر و دابەشکراوە و دەوڵەتی سەربەخۆی نییە، ئیدی زمان ناسنامەی نەتەوەیی بەرجەستە دەکات و لە نەتەوەکانی دیکە جیای دەکاتەوە.

**ژێدەر**

١- محمدرضا قمری و محمد حسن زاده، نقش زبان در هویت ملی. فصلنامه علمی، پژوهش زبان، پژوهش دانشگاه الزهرا، سال دوم، شماره ٣، پاییز و زمستان ١٣٨٩.
٢- داکتر حمیدالله مفید، هویت ، ملت و ملیت چی هستند؟، اردیبهشت ٢٩, ١۴٠١، https://jawedan.com/١٤٠١/٢٤١٥٣
٣- ساطع الحصري، آراء و الاحاديث في التاريخ و الاجتماع، صدر هذا الكتاب عام ١٩٥١. صدرت هذه النسخة عن مؤسسة هنداوي عام ٢٠٢٢.
٤- ذاكرة التنوير، ساطع الحصري: فيلسوف القومية العربية،٢٠١٨/٠١/١٧، https://hafryat.com/ar
٥- العروبة اولا، ابوخلدون ساطع الحصري، مركز دراسات الوحدة العربية، الطبعة الاولى: بيروت: يناير ١٩٨٥
1-Dr. Zerdeşt Haco; Bipêşveçûna dîrokî ya zimanê kurdî û hin taybetmendiyên wî yên xweser; KONFERANSA LI SER ZMANÊ KURDÎ; Weşanên KOMKAR, L 45.
2- Barry Buzan, Ole Wæver, Jaap de Wild; New Framework for Analysis,.
3- Liebkind, Karmela; Henning-Lindblom, Anna; Identitet och etnicitet - och språk? https://helda.helsinki.fi/handle/10138232502/.
4- Nidal Khalil, Marianne Kittel; Identitet Ökänd; Lunds universitet Social högskolan; 2001.
5- Pirjo Kukkonen; Mitt språk mitt liv mitt allt; https://ugp.rug.nl; 2003.
6- https://sv.wikipedia.org/wiki/Johann_Gottfried_Herder.
7- https://sv.wikipedia.org/wiki/Edward_Sapir.
8- https://en.wikipedia.org/wiki/Benjamin_Lee_Whorf.
9- Pool, Ras (1999); Nation and Identity, London: Routledge. 2- Choice.
10- James McDougall; The Emergence of Nationalism; 09 June 2015; https://doi.org/10.1093/oxfordhb.

هەواڵنامەی کتێب

# چەند سەرنجێك لەسەر زمانی زگماك و زمانی ڕەسمیی كوردی

د. سەباحی غالب

بە درێژایی مێژوو، لە کۆن و تازەدا، جارێک لە جاران، کورد دەوڵەتێکی نیشتمانی کە بە هەموو کوردستان ڕابگا نەبووە، واتا یا تەواو ژێردەستە و چەوساوە بووە یا نیوە داگیرکراو و دابەش بووە، لە ڕوانگەی سیاسییەوە مانای وایە، کە کورد خاوەنی سەربەخۆیەتیی فەرمانڕەوایەتی، جوگرافی، کارگێڕی، پەروەردەیی و ئابووری خۆی نەبووە، ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو گشت هەل و مەرجانەی سەرەوەیان لێ زەوت کردووین و لێیان بێ بەری کردووین.

لەو مێژووە تاڵ و نابەرامبەرییەدا، جگە لە هێرشی داگیرکردن، شاڵاوی کوشتاری بە کۆمەڵ، پەلاماری دڕندانە بەرامبەر بە خاک، بە ئاژەڵ، لە ئاست دار و بەرد و سەوزایی، لەو کایەی سیاسەتی دوژمنایەتییەدا، زمانی کوردی لە هەموو لایەنەکانی دیکە هێرشی دڕندانە و بەگژداچوونەوەی زیاتری بەرکەوتووە، هەڵبەت دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان نهێنی ئەوەیان زانیوە کە مانەوەی زمان، مانەوەی نەتەوەیە، هەر بۆیە لە ڕووی سیاسەتی دوژمناندا، هەر لە کۆنەوە، مەلا و فەقێ و زانایانی کورد هەستی تەواوی ئەوەیان هەبووە کە بۆ مانەوەی نەتەوەکە، پێویست و ئەرکێکی مرۆیی، ئاییینی ئیسلامی، عەقڵ و ویژدان و هەست و ناخ و ئامرازەکانی دیکەی زیندوێتی کورد، ئەوە زمانی کوردییە کە لە هەمووان زیاتر و لە تەواوی پانتایی خاک و ئەم سەر و ئەو سەری ڕۆژگاردا، لە مەیدانی شەرافەت و مانەوەدا، ماوەتەوە و بەرگری کردووە.

زمان و پێناسە یەک شتە، جا پێناسەی تاک بێ یا کۆمەڵ. هەمیشە بەهۆی زمانەوە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆیان دەنوێنن، لەو ڕوانگەیەوە، داگیرکەر بەهەر ناوێکەوە بێ، لە سەرەتاوە، لە ڕێگای زمانەوە دوژمنایەتی نەتەوەی داگیرکراو دەکا، نهێنی ئەو بیر و هەڵوێستەش لەو بۆچوونەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە کە زمان نەتەوەیە، پاراستنی زمان، بە پێوەمانی نەتەوەیە، پێچەوانەی ئەوەش ڕاستە، واتا نەمانی زمان، نەمانی نەتەوەیە، هەڵبەت لە چەرخی بیستیشەوە بە لایەنی کوردەوە، لە پێش سیاسەتمەدار و خەڵکی کاربەدەستانەوە، دەستەبژێری نەتەوە، شارەزایانی زمان، شاعیر و نووسەران لەناو ئەوانەدا مەلا و فەقێ لە سەنگەری هەرە پێشەوەی خزمەتکردن و بەکارهێنانی زمانی خۆیان بوون، بۆ وتنی شیعر، پەخشان، شیعری میللی، جۆرەکانی دیکەی نووسین.

ئەو کاتەی حکومەتی نەتەوەی سەردەستە لە ڕێگای قانوون و زۆرداریییەوە بە هاوکاری نووسەران و شاعیرانی بیر تەسک و ڕەگەزپەرستی خۆیان، هێرش و شاڵاو بۆ سەر زمانی نەتەوەی داگیرکراو دەستپێدەکەن و هەوڵی لەناوبردنی زمان و کولتوور دەدەن، ئەوە مانای سڕینەوەی نەتەوەیە، بۆیە هەر کاتێک کە دوژمنانی هەر نەتەوەیەک، گومانی لە پێناسەی نەتەوەیەک هەبوو، ئەوا ڕاستەوخۆ، مەسەلەی زمان دێتەپێشەوە و نکولی لێ دەکەن. حکومەتانی داگیرکەری کوردستان بە پیادەکردنی سیاسەتی دوژمنانە و بە مەبەست  بەرامبەر بە کورد، بە بیانووی ئەوەی کوردی زمان نییە، یا زمانی کوردی یەکگرتوو نییە و چەندان زاراوەی هەیە، ئاستەنگ و کۆسپیان بۆ زمانی کوردی دروستکردووە، هەڵبەت ئەوە بۆتە ڕێگر لەبەردەم گەشەنەکردن، پێشنەکەوتن و یەکنەگرتن و بە ڕەسمی نەناساندنی زمانی کوردی.(١) لەو ڕوانگەیەوە، کاری سەرەکی دوژمنانی کورد ئەوە بووە کە زمانی کوردی نەبێتە زمانی نووسین و هەر بە زمانی زگماک بمێنێتەوە.

مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە کە باوکی مەلای گەورە و باپیری مامۆستا مەسعود محەمەدە، بلیمەتێکی گەورەی سەردەمی خۆی و چاو و دڵڕوونێکی یەکجار باڵابووە، لەسەردەمی بەردەوامی هێرشی عوسمانی بۆ سەر میرنیشینەکانی بابان، سۆران و بۆتان ژیاوە، کە ئەو هەموو دڕەندەیەتییەی لە سوپای بێ بەزەیی عوسمانی بە چاوی خۆی دیوە، هەرگیز نەیویستووە فێری زمانی تورکی بێ و ڕستەیەکی بە تورکی لە زاری هەڵنەگوتووە، بۆیە بە درێژایی ژیانی، لە حوجرە و مزگەوتدا وانەی بە کوردی وتۆتەوە و ئەدەبیاتی بە کوردی نووسیوە، ئەو بۆچوونەی مەلا عەبدوڵڵا درێژەپێدانی ڕێبازی حوجرە و مزکەوتەکانی کوردستان بووە بە تایبەتی لە دەوڵەتی عوسماندا، کە کاریگەریەکی سەرەکی لە مانەوە و پێشخستنی زمانی کوردیدا بینیوە، بەرهەمەکەشی هەموو ئەو شاعیرە بەرزانەی کورد بوون کە ئەدەبیاتێکی باڵایان بۆ بەجێهێشتووین، کە دەتوانرێ بە شانازییەوە دیوانەکانیان بەسنگەوە بگرین و شان بەشانی بەرهەمی شیعری کلاسیکی نەتەوە دراوسێکانمان ڕابووەستین.

فێربوونی زمانی تورکی بۆ مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە، وەک خواردنەوەی ئاو و دۆ وا بوو، بەڵام ئەو هەڵوێستەی مەلا عەبدوڵڵا، کاردانەوەیەکی ئینسانی بووە بەرامبەر بە کردوە دڕندە و نابەجێکانی تورک، خۆبەدەستەوەنەدان بووە بە داگیرکەر، دەنا ئەو زانا و مەردێک نەبووە کە ڕقی لە تورک یا تورکی بووبێ، ئەو بە هەموو

توانایەوە ڕقی لە داگیرکردن و دڕندەیی سوپای عوسمانی بووە، نەیویستووە خەلیفە وەک خەلیفەی موسڵمانان و سوڵتان وەک فەرمانڕەوای موسڵمانان تەماشا بکا، کاتێک ئەو هەموو غەدرەیان لە نەتەوەکەی کردووە، هەر کاتێک خەلیفە و سوڵتان لە چوارچێوەی یەکسانی ماف و ئەرکی ئایینی دەرچوون، بەلای ئەوەوە ئەو دوو پلە و پایە، مانایان نەماوە. هاوکات، هەر ئەو هەست و زمان خۆشەویستی کوردی و گیانی شانازی کوردایەتییە بووە، مەحوی شاعیری وا هەڵناوە، کە بە سەر دوندی و دڵسۆزییەوە بۆ زمانی کوردی بڵێ:

**کوردی زومانی ئەسڵمە، گەر تەرکی کەم بە کول**
**بۆ فارسی، بە کوللی ئەمن دەبمە بێ وەفا**

واتا مەحوی، کە زمانی کوردی، زمانی زگماک و سروشتی خۆیەتی، با لە زمانی فارسیدا شارەزاش بووبێ، بەڵام هەر دەبوایە بە کوردی شیعر بڵێ، چونکە کەسێک وەفای بۆ زمانەکەی خۆی نەبێ، ئەوا ناتوانێ بۆ هیچ زمان و بۆ هیچ کەسێک کەڵکی هەبێ و دڵسۆز بێ.

لە مێژووی تازەی جیهاندا، نموونەوەی هەرە دیار و بەرچاوی گرنگی زمان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە لە ١٩٤٨دا، دەوڵەتی ئیسرائیل دروستکرا، یەکێک لە کارە سەرەکییەکانی بەرپرسیارنی ئەو دەوڵەتە تازەیە، زیندووکردنەوەی زمانی مردووی (هیبرو - عیبری) بوو، لە بەرامبەر ئەوەدا، عەرەبی فەلەستینیش گرنگی زیاتریان بە زمانی عەرەبی لە قسە و نووسیندا دا (٢).

سیاسەتمەداران و کاربەدەستانی بەرپرسیاری نەتەوە و دەوڵەتانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای جیهان، زۆر چاک حەقیقەتی شکۆی زمانی خۆیان زانیوە و دەزانن، بۆیە نەخشەی بەردەوامی هەموو حکومەتێک کە دێتە سەر کار، خاڵێکی سەرەکی لە بەرنامەی حکومەتەکەیان، گرنگیدان و خزمەتکردنی زمانەکەیان و پەروەردەیە. کاتێک کۆمپیوتەر دروستکرا، بەرنامەی ڕێنووس و دەنگ و پیتەکانی هەرچی وشەی ئینگلیزی هەیە، بە زانستانە تێیدا جێکراوەنەتەوە، بۆ نموونە هەر کەسێک لە نووسینی وشەیەکی ئینگلیزیدا هەڵەیەک بکا، ئەوا وەک ئاگاداری و هاوارکردن، خەتێکی سووری بۆ بەژێر وشەکەدا دێنێ و سەرنجی بۆ هەڵەکەی ڕادەکێشێ، دەمێکیشە لە کاری

نووسین و کتێبدا لە بریتانیا و وڵاتانی زمان خۆشەویستدا، بۆتە باوێکی زانستی، کەسێک لە هەر بوارێکدا چەندە زانا بێ، دەبێ یەکێکی زمانزان، بە زمانی نووسینەکەیدا بچێتەوە، ئەمەش لە زانکۆ و دەزگا زانستییەکانی جیهاندا پەیڕەوی دەکرێ.

بمانەوێ یا نا، مێژوومان بە تایبەت مێژووی سیاسەتی کورد، پڕە لە حەقیقەتی تفت و تاڵ، یەکێک لەوانە ئەوەیە، کە بە داخەوە سیاسەتمەدارانی بەرپرسیاری کورد، لە بەرامبەر هاندان و گەشەکردن و پێشکەوتنی زمانی کوردیدا، هەتا بڵێی کۆڵەوار و بێ ئاگان، کار گەیشتۆتە ئەو ئەندازەی بە هەموو مێژووی کورد، هێندەی ئێستا کە سەردەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، زمانی کوردی بێ ناز و بێ خزمەت نەبووە و نییە، لەوەش زیاتر، هەتا بڵێی بەر شاڵاوی لە جوانیکردن و سەقەتکردن بۆتەوە. جوانکاری لە نووسین و هونەر بەکارهێنانی وشەی زمانەکەمان، مایەی داهێنانی مانای بەرز و بیرکردنەوەی قووڵ و ڕاگرتنی چێژی دەرەوون و ناخی کوردە، چ لە ناوخۆ و چ بۆ بێگانە.

لە بەهاری ١٩٩٢دا، بۆ یەکەمین جار لە باشووری کوردستان، هەڵبژاردنێکی فراوان بۆ دامەزرانی پەرلەمان کرا، دواتر حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکهات، پێش ئەو کاتە زۆری وەک ئێمەمانان، خەونمان بە ڕەسمی ناساندنی زمانی کوردییەوە دەبینی، دەمانزانی زمان و نووسینی کوردی مێژووییەکی هەیە، تا سنوورێک، خزمەتکراوە و فەرهەنگی وشەی کۆکراوەتەوە، ڕێزمانی هەیە و ڕێنووسی بۆ دانراوە، کتێبی خوێندن و سەدان لێکۆڵینەوەی زانستانەی بۆ نووسراوە، هەموو ئەوانە لە هەستی بەرپرسیارێتی تاکە شارەزاکان و زمانناسەکانەوە ئەنجام دراون، مخابن، هێندە دەرفەتی درێژخایەن، نەڕەخسێنراوە بۆ ئەوەی زمانناسانی کورد لە دەزگایەک و کۆڕێکی زانستیی زماندا کۆیان بکاتەوە، خۆیان بۆ خزمەتکردن و پێشخستنی زمانەکەمان تەرخان بکەن، ئەمە جگە لەو چەند ساڵەی کە کۆڕی زانیاری لە بەغدا وەک دەسکەوتێکی بەیان ١١ی ئازاری ١٩٧٠ بەدەستهات.

ئەوە زانراوە کە پێبەندبوون بە کۆمەڵگە و نەتەوەوە بە هۆی زمانەوە داوالێکراوە، ئەگەرچی لەو داواکردنەدا، ئازادی هەیە، بەڵام ئازادییەکە بۆ پاداشت و خۆ لارکردنەوەیە بەلای خزمەتی نەتەوەکەدا، بۆیە دەستوور وایە، دەرچوون لەو داواکردن و ئازادییە، هەڵەیەکی گەورەیە و دەبێتە مەترسی لەسەر کۆمەڵگە و نەتەوە. ئەوانەی لە چوارچێوەی فێربوونی زمانی زگماک و زمانی ڕەسمی دەردەچن، دەبێ

دووچاری شێوە سزایەک ببنەوە سەبارەت بە بێ باکی و گوێپێنەدان، چونکە بە فێرنەبوونی زمانی زگماک و زمانی ڕەسمی نەتەوەکە، هاوکێشەی نەتەوەکەی خۆیان، دادەلەنگێنن، بەوەش زیان بە یەکێتی نەتەوە دەدەن، بۆیە فێربوونی زمانی زگماک، پێویستییەکی گەورەی ڕەوشت، سروشتی و بەجێهێنانی ئەرکێکی گەورەی دایک و باوک، کۆمەڵگە و حکومەتە.

لە کاتی دامەزرانی حکومەتی هەرێمدا، خۆشی کەوتە دڵ و گەشی کەوتە چاوەکانمان، ئاوات کەوتە گیان و بیرمانەوە، کە ئیدی کاتی ئەوە هاتووە زمانی کوردی لە سەردەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ببێتە زمانی ڕەسمی لە هەرێمدا، واتا زمانی خوێندن و نووسین، زمانی بەکارهێنان لەفەرمانگەکان و لە میدیادا بە هەموو جۆرەکانییەوە، هەروەها لە دادگادا. بەڵام بەداخەوە، نە پەرلەمانی ئەو کات و نە پەرلەمان تا ئێستا، بە هۆی نەبوونی سیاسەتی تایبەت بە زمان لای حیزب لە کوردستان و لە دەسەڵاتدا، نەیانوێراوە و ناوێرن بەلای ئەو بابەتە هەرە بایەخدارەدا بچن، نازانم ئاخۆ دەزانن یا نا، خۆ ئەوە ئاشکرا و ڕوونە کە بێ زمانی ڕەسمی، نە نەتەوە کامڵ دەبێ نە دەوڵەتیش دادەمەزرێ. زمانی ڕەسمی لە هێزی چەکدار مەزنترە، لە ئابووری بەفەڕترە، لە دوژمن بەهێزترە، لە ئاڵا بەرزترە، لە قانوون شەرعیترە، لە سیاسەت بە تواناترە، واتا بێ زمانی ڕەسمی هیچ شتێک بە چاکی نا ڕەخسێ و بەردەوام نابێ، مانەوەی زمان، مانای مانەوەیە، بەردەوامی پێناسەی نەتەوەیە، دابەشکردنی زمانی ڕەسمی، یا بەکارهێنانی دوو زاراوە وەک زمانی ڕەسمی، جگە لەوەی غەدرێکی یەکجار گەورەیە، هاوکات زوو یا درەنگ، نەتەوەیەک دەکا بە دوو نەتەوە. (ئەمە بابەتێکی یەکجار گرنگە، گەلێک لێکۆڵینەوەی زانستی هەڵدەگرێ، نە من لە ئێستادا ئەوەم لە دەست دێ، نە حکومەتیش مەیدان دەڕەخسێنێ!).

## سیاسەتی تایبەت بە زمان:

سیاسەتی زمانی، بریتییە لە شێوەی مامەڵەکردنی ڕەسمی دەزگاکانی دەوڵەت لەگەڵ زمانە سەرەکییەکەی خۆی و زمانی کەمە نەتەوەییەکان کە لە چوارچێوەی سیاسەتی دەوڵەت یا فیدراڵیدا چ هەڵوێستێک دەنوێنێ و پەیڕەوی لێ دەکەن. سیاسەتی زمانی، ڕەنگدانەوەی ڕێباز و تێڕوانینی بیر و عەقڵیەتی سیاسی دەوڵەتێکی تایبەتە بەرامبەر بە زمان. ئەو دەوڵەتانەی باوەڕیان بە ماف، ئازادی

و دەنگ و مەزنی مرۆڤ هەیە، ئەوا سیاسەتێکی مرۆڤپەروەرانە، سروشتیانە، عەقڵانی و ئاشتیانەی کۆمەڵایەتی پیادەدەکەن، لەو ڕوانگەیەوە مامەڵە لەگەڵ زمانە سەرەکییەکەی خۆیان و زمانی کۆمەڵگە یا ڕەوەندە جیاوازەکانی دیکەی چوارچێوەی دەوڵەتێک یا قەوارەیەکی سیاسیدا دەکەن، جا ئەو کۆمەڵگەیانە کەمە نەتەوەیی بن یا ڕەوەندی پەنابەر، بە پێچەوانەوە، ئەو دەوڵەتانەی باوەڕیان بە ماف و ئازادی و بابەتی مرۆڤانە نییە، بەناوی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە دەبنە ڕەگەزپەرست، جگە لە زمانی سەرەکی حوکمداران یا حیزبی فەرمانڕەوا، باوەڕیان بە زمانی ڕەسەن و سەرەکییەکانی دیکەی چوارچێوەی دەوڵەتەکەیان نییە. سەیرە و زۆریش سەمەرە و بێ مانایە، دەوڵەتی تورکیا جگە لەوەی کە زمانی کوردی لە باشووری کوردستان و ناوهێنانی کوردستان قەدەغەیە، بەڵام بەرامبەر بە دەوڵەتی عێراق ئازایەتی دەنوێنێ، کاتێک لە سێ هەفتە لەمەوبەر، دیوانی سەرۆکایەتی وەزیرانی عێراق داوای لە پارێزگای کەرکوک کرد کە زمانی عەرەبی و کوردی لە فەرمانگەکان، نووسینی تابلۆی سەرشەقام و بازاڕەکاندا بەکاربێنن، هەر زوو بە توڕەییەوە، وەزارەتی دەرەوەی تورکیا بۆ بەرگریکردن لە زمانی تورکمانی نارەزایەتی دایە حکومەتی عێراق و داوایکرد بە زووترین کات ئەو بڕیارە هەڵوەشێنرێتەوە. لەوانە سەیرتر و نابەجێتر ئەوەیە، حکومەتی تورکیا بێ شەرمانە لە دەستووری خۆیدا تا ئێستا، زمانی کوردی وەک زمانی ڕەسمی و بوونی زمانی زیاتر لە بیست و پێنج ملیۆن کورد لە باکووری کوردستان کە لە لایەن تورکیاوە داگیرکراوە، حیسابی بۆ ناکا، لە تورکیا زمانی کوردی دادەپەڵۆسرێ، قەدەغە دەکرێ، بە بەکارهێنانی، خەڵکەکەی دەخرێنە زیندانەوە، بە خۆڕایی و بێ بیرکردنەوەیەکی ئادەمیانە، تەنیا زمانی تورکی بەکاردێ، بە بەردەوامی دەوڵەتی تورکیا بە دەوڵەتێکی یەک زمانی دەناسێنن، تەنانەت لەگەڵ خۆشیاندا درۆ دەکەن کە کورد بە تورکی چیایی لە قەڵەم دەدەن، ئێ کە ئێمە تورکی چیایین بۆ دەبێ نکولی لە تورکی چیایی بکرێ و ژیان و سەرفرازی هەر بە تورکی دەشتەکی ڕەوا ببینن!؟. هاوکات، ئەوەتا لە باشووری کوردستانیش دەست و دەم دەخەنە کاروبارەوە و خۆیان لە کورد دەهرێ و هەڵخەڵتاو و بێ هۆش و گۆش دەکەن. ڕەگەزپەرستی و خۆپەسەندی شیتانە نەبێ، کەی مرۆڤێکی شارستانی و ئاسایی وا لە خۆی دەکا بڵێ: «من تورکم، ڕەگەز و زمانەکەم مەزنن.»(٣)

داڕشتنی پێویستی یەکڕیزی نیشتمانی و گونجان و پێکەوەلکاندنی پەیوەندی کۆمەڵایەتیی: زمانە، لەو بارەیەوە، حکومەت بەشێوەیەکی ڕەسمی لەسەر یەک زمانی نەتەوە پێدادەگرێ، زمانی زگماک و زاراوە جیاوازەکان لە ناو خێزان و لە قسەو باسی ڕۆژانەی کۆمەڵایەتیدا بەکاردێن، بە واتایەکی دیکە، خوێندن بە شێوە جیاوازەکانی زارەوە یا (دیالێکت)ی هەر زمانێک بوون و بایەخی زمانی ڕەسمی ناهێڵێ، بەو پێوانەیە، حکومەت لە هەر وڵاتێکی جیهان، لە بەرامبەر زمانانی دیکە، گرنگییەکی گەورە بە زمانی ڕەسمی خۆی دەدا و لە دوژمنی ڕووناکبیریی و کولتووری کە خراپترین شێوەی دوژمنە، دەیپارێزێ، هەرگیز ڕێگانادا بە هەر بیانوویەک بێ، زمانی ڕەسمی نەتەوەکە بکاتە قوربانی زمانانی دیکە. بەڵام لە سایەی دەسەڵاتی هەرێمدا، زمانی کوردی نەک نەکراوەتە زمانی ڕەسمی، تا ئێستا لەگەڵێک دامەزراوەی هەرێمدا زمانی عەرەبی یا تاکە زمانە یا سەرکییە، جگە لەوە زۆربوونی قوتابخانە و زانکۆی تایبەتی بە زمانانی بێگانە لە شارەکانی هەرێم، خەریکە ماڵی زمانی کوردی کاول بکا، زمانی تورکی و زمانی ئینگلیزی جێیان بە زمانی کوردی لێژ کردووە، حکومەتی هەرێم و سەرمایەدارانی چلێس و چاوچنۆک زۆر چاک دەبێ ئەوە بزانن، دەبێ پارێزگاری لە سیستەمی پەروەرد و خوێندنی بەرز لە هەرێمی کوردستان بکرێ، لە پێش هەمووانەوە مەرجە و دەبێ زمانی ڕەسمی کوردی، زمانی پەروەردە و خوێندنی باڵا بێ، ناکرێ و نابێ و دوورکەوتنەوەیە لە خزمەتی کورد و کوردستان کە لەسەر حسابی زمانی ڕەسمی کوردی و بۆ قازانجی کۆمەڵێک خەڵکی دارا، ئەو هەموو قوتابخانە و زانکۆ تورکی، عەرەبی، ئینگلیزی و فەڕەنسییە بکرێنەوە، لەو ڕێگەیەوە، کورد خۆی ببێتە سووری بەر لەشکری نەهێشتنی زمان، کولتوور، پەروەردە و خوێندن، کە ئەوەش ڕێگا بۆ داگیرکردنی ڕۆشنبیریی داگیرکەران و ناحەزان دەکاتەوە. ئەوە ڕاستە فێربوونی هەر زمانێک، دەروازەیەکی دیکە بۆ جیهانبینی و زانست و زانیاری دەکاتەوە، بەڵام ناکرێ و نابێ زمانی نەتەوەکە پاش بخرێ و هانی فێربوونی ئەوان بدرێ و زمانی کوردیش بێ ناز و بێ خزمەت بکرێ.

لە ڕوانگەی مێژووییەوە، گرنگیدان بە زمان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەرەتایی مرۆڤایەتی. لەو کاتەوە، زمان بۆتە پێناسە و جوداکردنەوەی ڕەگەزە جیاوازەکان، هەر لەو کاتەشەوە خۆهەڵکێشان بە زمانەوە، گەیشتۆتە بیر تەسکی و لە سنوور دەرچوون. یۆنانی کۆن، وا بیریان دەکردەوە کە زمانی ئەوان لە هەموو زمانێکی دیکە،

گەورەتر و پیرۆزترە، تەنانەت وایان دەزانی کە ئەوەی بە یۆنانی قسەی نەکردایە، بە دڕندە ناویان دەهێنان و بە گێل تەماشایان دەکردن،(٤) هەرچی جوانی و تێگەیشتن هەبوو دەیانخستە پاڵ زمانی یۆنانی، زمانەکانی دیکەشیان بە مایە پووچ و ناکامڵ باس دەکرد. لەناو عەرەبدا، بۆ زاڵ بوون و بن دەستکردنی نەتەوە موسڵمانەکان، زمانی عەرەبیان وەک چەک بەکاردەهێنا، تا ئەندازەی بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە ئەوانەی بە عەرەبی قسەیان بکردایە، بەهەشتی بوون، ئەوانەی دیکە دۆزەخی، یا عەرەبییان بە زمانی بەهەشت ناودەبرد. فارسیش باوەڕیان بە سەربەخۆبوونی زمانی کوردی نییە و بە زار یا لقێکی فارسی لە قەڵەمی دەدەن. تورکیش هێندە لە خۆیان بایین و ڕەگی ڕەگەزپەرستی بەسەریاندا زاڵە، زمانی تورکی بە زمانی خۆر دەزانن، ئەو گیانی ڕەگەزپەرستییە وای لە دەوڵەتی تازە دروستکراوی کۆماری تورکیا کرد، کە لە ساڵی ١٩٢٤ەوە، دەرگای مزگەوت و حوجرەی کوردستان پێوەدران بۆ ئەوەی بە زمانی کوردی وانەیان تێدانەوترێتەوە و موسڵمانەتی لە ناویاندا نەهێڵرێ (٥).

یەکێک لە هەرە زۆرانبازییە سەختەکانی ئەورووپا لەسەر زمان بووە، لە پێشدا، فڕەنساییەکان پێیانوابوو کە فڕەنسایی زمانی دادگا و قانوونە، لاتینی زمانی زانست و ئایینە، ئینگلیزیش زمانی زگماکی ئینگلیز و خەڵکی گشتیی و ناوبازاڕە، بۆ ئەوە ناشێ واتا زمانی ئینگلیزی پێی بنووسرێ و کتێبی پێدابنرێ.(٦) دوای ئەوەی نۆرماندی بووە بەشێک لە فڕەنسا، لە سەردەمی مەلیک ئێدواردی سێیەمدا (١٣١٢ ـ ١٣٧٧)، فەرمانێکی دەرکرد و پەرلەمانیش پەسەندی کرد، زمانی ئینگلیزی مەیدانی بۆ کرایەوە و بە ڕەسمی ناسێنرا و بووە زمانی دادگا و بەڵگەنامەی قانوونی، لە چەرخی هەژدەهەمیشدا بە تەواوەتی بووە زمانی دادگا، بەو جۆرە زمانی فڕەنسایی بە تایبەت لە بواری قانووندا تا ئێستا کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر زمانی ئینگلیزی هەیە. لەو چوارچێوەیەدا، تا ئێستا زمانی فڕەنسایی و ئینگلیزی لە ناکۆکیدان، هەریەکەیان دەیەوێ زیاتر خزمەت بکرێ، ئەوە تا ئەمڕۆ ماوە، فرانکۆفۆنی (ڕێکخراوی پەیوەندار بە زمانی فڕەنسایی) و کۆمۆنولس (ڕێکخراوی پەیوەندار بە زمانی ئینگلیزی) دوو دەزگای زەبەلاحی دەوڵەتانی ئاخاوتنی زمانی فڕەنسایی و ئینگلیزین، دوو هێزی گەورە و بە خەرجین بۆ برەودان بە فڕەنسایی و بە ئینگلیزی.

ئەو زانیارییە زمانی و مێژوویانەی سەرەوە بە پێویست زانران سەبارەت بە گرنگی زمان. لێرەدا مەبەستمە لەسەر، فەرمانێک و داواکارییەکی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی

کوردستان ، کە ٢١ی شوباتی ٢٠٢٣، سەبارەت بە زمانی کوردی بۆ وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەریکردن و بڵاویکردنەوە، چەند سەرنجێکی کورت بنووسم.
لە فەرمانەکەدا هاتووە کە «لە پێناو گرنگیدان بە زمانی کوردی وەک زمانی دایک، بڕیارماندا بە: ڕاسپاردنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی پەروەردە بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەکادیمیای کوردی و شارەزا و پسپۆڕانی ئەم بوارە، بە ئامادەکردنی پڕۆگرامێکی گونجاوی فێربوونی زمانی کوردی بۆ ئەو هاوڵاتییە بیانییانەی بە مەبەستی کارکردن لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێ دەبن.»

لە داخوازییەکەی سەرۆک وەزیراندا هاتووە: «پشبەست بە یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە ٦، ساڵی ٢٠١٤، لە پێناو پاراستنی زمانی کوردی وەک زمانی سەرەکی لە هەرێمی کوردستان، کاری پێویست ئەنجام بدەن بۆ نووسینی تابلۆ بە زمانی کوردی لەسەرجەم دامەزراوە و فەرمانگە حکومی و ناحکومییەکان و نووسینگە و نوێنەرایەتی و کونسوڵگەری وڵاتان و ڕێکخراوە بیانییەکان و گشت کۆمپانیا و دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت. بە پێی حوکمەکانی یاسای ئاماژە پێدراوی سەرەوە.

هەروەها لە هۆتێل، شوێنە گەشتیاری و ڕێستورانتەکان دەبێت گرنگی بە زمانی کوردی بدرێت و لیستی خواردن و ڕێبەر و ڕێنماییەکان بە زمانی کوردیش هەبێت.»

ئەو فەرمان و داواکارییە، گرنگی خۆیان هەیە، جێبەجێکردنیان ئەرکە، بەڵام زۆر درەنگ و زۆریش کەمە، هەروەها گەلێک پرسیار و سەرنج هەڵدەگرن، هەر بۆ نموونە:

١. پرسیاری یەکەم، بۆ لە سەرەتای دامەزرانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمەوە، قانوونێکی تایبەت بە زمانی ڕەسمی دەرنەکرا؟

٢. وەک لە داخوازییەکەی سەرۆک وەزیراندا هێمای بۆ کراوە، یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٩١٤ەوە دەرچووە، لێرەدا ئەو پرسیارە خۆی دەسەپێنێ، بۆ دوای ٩ ساڵ ئەو فەرمانە دەردەچێ و کێ بەرپرسیارە لە دواکەوتنی؟

٣. ئەوەی دروست و سروشتییە کورد دەڵێ زمانی زگماک، نەبیستراوە بوترێ زمانی دایک، ڕەنگە زمانی دایک لە کوردستاندا بە سەدان هەبن، لەوانە: سریانی، کلدانی، عەرەبی، بەنگلادیشی، ئوردو، ئینگلیزی، فارسی، ئەڵمانی، چیکی، کۆری، ئیتالی، تورکی، چینی، ئیسپانی و تا دوایی، هەر خێزانی نەتەوەیەکی جیاواز لە کوردستاندا

هەبێ بە زمانی زگماکی خۆیان قسە دەکەن کە مەرج نییە زمانی ڕەسمی وڵاتانی خۆیان بن.

٤. ئەگەرچی داواکارییەکە بۆ دەزگا پەیوەندیدارە حکومی و ناحکومییەکانە و بە پێی قانوونی زمانە ڕەسمییەکانی هەرێم دەرچووە، بەڵام فەرمان نییە، داخوازییەکی لاوازە، تەنانەت هێزی ڕێنماییشی تێدا نابینرێ.

٥. سەرۆک وەزیران وەک ئەوەی یەکێک لەگەورەترین دەسەڵاتە لە هەرێم، دەبێ و مەرجە کە زمانی نووسراوەکانی بە زمانێکی بێ هەڵە و پەتی و کوردانە بنووسرێن. بەڵام لەو نووسراوانەدا چەندان هەڵەی داڕشتن، ڕێزمانی و وشەییان تێدایە، وەک: دوا ڕستەی فەرمانەکە بەم جۆرە جوانتر و دروستترە، (کە بەرنامەیەکی فێربوونی زمانی کوردی بۆ ئەو هاوڵاتییە بیانییانەی بە مەبەستی کارکردن لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن.) دوا وشە لە بڕیارەکەدا نیشتەجی دەبن، هەڵەیە، لە ڕووی مانا و کاتەوە دروست نییە، وەک لە سەرەوە ڕاستم کردۆتەوە دەبێ بکرێ بە (نیشتەجێن). ئەگەر (نیشتەجێ دەبن) بێ وەک لە فەرمانەکەدا هاتووە، واتا ئەو بیانییانە ناگرێتەوە کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن، بۆ ئەوانەیە کە لە داهاتوودا لە هەرێم نیشتەجێ دەبن، بەڵام لە (نیشتەجێن) هەر سێ تافەکە، ڕابووردوو، ئێستا و داهاتوو پێکەوە دەبەستێتەوە.

٦. بەکارهێنانی وشەی (ڕێستۆرانتەکان)، زۆر ناجوان و نادروستە، کورد دەڵێ چێشتخانە یا (خواردنگە ـ ئەمەی دوایی کەمتر بەکار دەبرێ)، لە کاتێکدا کە وشەی کوردی هەبێ، خۆپارێزی لە وشەی بێگانە، پێویستییەکی زمانەوانی و فەرهەنگییە. هەروەها (ڕێنماییەکان بە زمانی کوردیش هەبێت) کە لە کۆتایی دووەم نووسراودا هاتووە، دوو هەڵەی تێدایە، یەکەمیان زمانی کوردیش، ئەو (یش)ە مانای پێشخستنی هەموو زمانەکانە بەسەر زمانی کوردیدا، دەبوایە بنووسرایە گرنگی بە زمانی کوردی بدرێت و لیستی خواردن و ڕێبەر و ڕێنماییەکان بە زمانی کوردی و زمانانی دیکەش .. .» دوا وشە کە نووسراوە (هەبێت)، دیسان هەڵەیە، دەبێ بکرێ بە (هەبن)، جونکە دەگەڕێتەوە بۆ کۆی (لیستی خواردن و ڕێبەر و ڕێنماییەکان). هەر لە فەرمانەکەدا وشەی (هەماهەنگی) بەکارهاتووە کە وشەیەکی فارسییە، کورد وشەی هاوکاری یا یارمەتی هەیە، دەبوایە یەکێک لەو دوو وشەیە لە جیاتی وشە فارسییەکە بەکاربێ.

٧. هەموومان دەزانین زمانی خوێندن لە (ناوچەی کوردستانی حوکمی زاتیدا - زەمانی ڕژێمی عێراق) زمانی ڕەسمی کوردی بوو، لێرەدا ئەو پرسیارەش دەکەم، بۆ لەسەردەمی حکومەتی هەرێمدا، خوێندن کرایە دوو شێوە زمان؟ ئەم پرسیارە و ئەوانی دیکە، دەبێ حکومەتی هەرێم وەڵامیان بداتەوە.

## چەند پێشنیازێک

حکومەتی هەرێم و شارەزایانی کورد بە تایبەت لە بواری زمان، قانوونی دەستووری و مێژوو، بەرامبەر بەرەسمی ناساندنی زمانی کوردی بەرپرسیارن، پێویستە ڕۆژێک زووتر هەموو لایەک کۆببنەوە و بیر لەو بابەتە بایەخدار و ستراتیژییە بکەنەوە، بۆ کەمێک سووککردنی باری زمانی کوردی و دەرفەتدان بە پێشکەوتن و گەشەکردنی زەمینەی تەواو ئامادەبکەن، لەم کاتانەدا کورد پێویستی بە سیاسەتێکی نەتەوەیی و نیشتمانی و هاوچەرخانەیە بۆ بەرنامە و نەخشەی پەروەردە و خوێندن، بە مەرجێک ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندیتی کورد و کوردستان بێ، بۆیە وەک سەرەتایەک پێویستە، پەروەردە و زانیاری و خوێندنی بەرز لە دەستی حکومەتدا بن و چاودێری بکرێن، ئەو گەرەلاوژە و بەرنامە سەپاندنە بەسەر قوتابیان و دەرگاکردنەوە بۆ خاوەن پارە و پوڵ و دەوڵەمەندەکانی کوردستان کە بالادەست بن لەو بارەیەوە، کۆتاییان پێبهێنرێ. بۆیە لە سەرەتادا پێویستە:

١. گرنگییەکی گەورە و تەواو بە خوێندن لە قوتابخانە حکومییەکاندا بدرێ، مامۆستای چاک، خانووبەری زۆر باش، کتێبی پەروەردەیی و زانستی کە لەگەڵ کولتوور، زمان، مێژوو، جوگرافیا، ئایینی خەڵکی کوردستان یەکبێنەوە، بەردەست بکرێن.

٢. دابینکردنی ژەمێک خواردن بۆ قوتابیانی سەرەتایی کە لەگەڵ هەلومەرجی لەش ساغیدا بگونجێ، ئەگەر بکرێ قوتابخانە ناوەندییەکانیش بگرێتەوە.

٣. کەمکردنەوەیەکی بەرچاوی قوتابخانە تایبەتییەکان، ئەگەر چەند قوتابخانەیەکیش هەبن، ئەوا یا دەبێ زمانی کوردی زمانی خوێندن بێ یا بایەخێکی گەورە بە خوێندنی زمانی کوردی بدرێ.

٤. پەرەپێدان و ئاراستەکردنی ئاکادیمیای کوردی، بە جۆرێک کە بایەخێکی سەرەکی بە زمانی کوردی بدا و بەرپرسیار بێ لە پەیڕەوکردنی ڕێزمان، ڕێنووس و

فەرهەنگی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا، بۆیە پێویستە بەلای کەمەوە نیوەی ئەندامانی کارای ئاکادیمیا، گەورە زمانناسان و شارەزایانی بەرزی زمانی کوردی بن، لە کاتێکدا مخابن، ئێستا وا نییە.

٥ . گرنگیدان بە هەموو بەشەکانی زمانی کوردی لە زانکۆکانی کوردستاندا، بە شێوەیەک کە بەلای کەمەوە لە نێوانی ٨ بۆ ١٠ وانە لە هەفتەیەکدا بیخوێنن، جا ئەوە دابەشبکرێ بەسەر وانەی: ڕێزمان، زانستی زمان، فەرەهەنگنووسی، وشەسازی، ڕستەسازی و بەشە جیاوازەکانی پەیوەندیدار بە زمانی کوردییەوە، لە هەمان کاتدا فەرزە کە زمانی کوردی وەک وانەیەکی هەرە سەرەکی بخرێتە تاقیکردنەوەی بەکالۆریای پۆلی شەشی ئامادەییەوە، دەشبێ بۆ ئەو کۆلێژانەی زانکۆ کە دیراساتی مرۆیی دەخوێنن، مەرجێک دابنێن کە نابێ لە زمانی کوردیدا، نمرەی لە سەدا ٦٥ کەمتریان هەبێ.

٦. پێویستە هەموو توانایەک بۆ پێشخستن و گەشەکردنی زانکۆ حکومییەکان بڕەخسێنرێ بۆ ئەوەی بگەنە ڕیزی زانکۆ پێشکەوتووەکانی جیهان، لەو بارەیەوە، وەردەکاری زۆر هەیە بنووسرێ، بەڵام لێرەدا ئەو دەرفەتە نییە.

٧. نەهێشتنی قەبوڵی تایبەتی لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا، هیچ بیانوویەکی پەروەردەیی، قانوونی، سروشتی، دادپەروەری و عەقڵانی نییە کە یەکێک توانای نەبێ لەبەر خاتری خاتران کە حەقی نەبێ لە خوێندن و زانکۆکان وەربگیرێن.

٨. کەمکردنەوەی زانکۆ ئەهلییەکان، لە هەمان کاتدا دەبێ و پێویستە لە ژێر چاودێری ڕاستەوخۆی حکومەتی هەرێمدا بن، بە هیچ شێوەیەک ڕێگا نەدرێن کە پارە و پوڵ بکرێتە مەرجی یەکەم بۆ وەرگرتن و بۆ دەرچوون.

٩. هەر وەزیرێک کە بۆ وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا و زانستی دادەنرێن، با کەسانی شارەزا و لێهاتوو بن، خاوەنی تێڕوانین و تێگەیشتنی پەروەردە و زانست و توێژینەوە و زانستە جیاوازەکانی پەیوەست بەو بوارانە بن. ئەگەر ئەندامێکی حیزبی نەبێ ئەو مەرجانەیان تێدا بێ، ئەوا بەرژەوەندی کورد و کوردستان وا دەخوازێ کە کەسانی نا حیزبی و شارەزا و دڵسۆز دابنێن، کورد خەڵکی چاک، دڵسۆز و پسپۆڕی بە توانای هەیە، حەقە کەڵکیان لێوەربگیرێ.

١٠. زۆر چاک دەبێ ئەوە بزانرێ کە ڕاگەیاندن بەشێکی سەرەکییە لە سیستەمی پەروەرد و زانیاری، کەرەسەی هەرە بنەڕەتیش زمانە، بۆیە ڕەوا نییە هەر تەلەفزیۆن،

ڕادیۆ، ڕۆژنامە و گۆڤارێک بە ئارەزووی نووسەران و دەستەی بەڕێوەبەرانیان، وشە و دەستە وشە، یا دەستووری زمان دابهێنن. ئەوە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەوە لە ئێستادا، ڕاگەیاندنی کوردی بە گشتی لە ڕووی زمان و تورەکردنی خەڵک و بڵاوکردنەوەی ڕق و قین، بێ ڕێزی و سووکایەتی بە خەڵک کردن، بوونەتە ئاگردان و تەندووری گەرم و کڵپە و سووتاندنی شکۆی کۆمەڵایەتی و پیرۆزی خەڵک و زمان.

١١. ڕاگەیاندنی کوردی، هەر لەوە دەچێ تایبەت و بە ئەنقەست و بە پێی بەرنامە، تاوان بەرامبەر بە وشەی زمانی کوردی و ڕێزمانی کوردی بکەن، ئەوەش لەسەر چوار ئاستی ناقۆلا و نازانستانە:

**یەکەمیان**: دەیان و بگرە سەدان وشەی بێگانە ڕۆژانە بەکار دەهێنن کە کەم و زۆر هیچ پەیوەندییەکیان بە هەستی سروشتی و زمانی کوردییەوە نییە، بۆ نموونە دەبێ نەهێڵرێ لە ڕاگەیاندنەکاندا، ئەم وشە و زاراوانە بەکاربێن: «دۆکۆمینت، فۆکەس، کابینە، ستۆپ، سەپرایس یا سوپرایس، مەگەزین، شۆک، ئۆپۆزیسۆن یا ئۆپۆزیشن، لۆکەڵ، وەن مان شۆ، کۆمێنت، مینتالیتی، دیالۆگ، لۆجیک، سیسۆلۆگ، ئێکسپایەر، دیبەیت، بایکۆت، ستریس، ئەدڤایس، سپۆرت، نۆرمەڵ، گێم، مەڵتیمیدیا، کۆمینتاری، پرۆپۆزەڵ، پانۆراما، بووڵتەن، نێگەتیڤ، پۆزەتیڤ، بایکۆت، پریس کۆنفرانس، نیوز، سوپ، فریش، پۆست، بەیبی شاوەر، ئۆکەی، بزنس، بزنسمان، ئەڵتەرنەتیڤ کەپڵ ...» دەیان وشە و دەستە وشەی بێگانەی دیکەی نامۆ، بەزۆر و بەناڕەوا، ترینجێنراوەنەتە زمانی کوردییەوە، کە لە زمانەکەماندا وشەی پەتی و جوان و بەرامبەریان هەیە. ئەو نا بەرپرسیارانە دەبێ چۆن مامەڵەی ئەو وشانە لە (فەرهەنگی کوردی)دا بکەن و بە چ شێوەیەک و لە کوێدا جێگایان دەکەنەوە، ئەگەر ئێستا، شێخ محەمەدی خاڵ، هەژاری موکریانی، عەلادین سەجادی، گیوی موکریانی و زەبیحی و فەرهەنگنووسانی دیکەی کورد لە ژیاندا بوونایە، ئاخۆ چییان بەو داهێنەرە نەزانانە دەوت.

**دووەم**: داهێنانی کۆمەڵە وشەیەک کە لەوە دەچێ شێوە کوردی بن، بەڵام هیچ پەیوەندییەکیان بە زمانی کوردییەوە نییە و هەموویان وشە و دەستەوشەی داتاشراون، کە لەگەڵ هیچ هەلومەرجێکی وشە و زاراوە داهێنان ناگونجێن. لە زمانی کوردیشدا وەک هەر زمانێکی دیکە، چۆنێتی ڕۆنانی وشە هەیە، دەرچوون لەو پەیڕەوە، ئاژاوە لە زمان و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و بوارەکانی زانستدا پەیدا دەکا، لەو وشە داتاشینەدا سیاسەتمەدار، ڕاگەیاندنکار، ڕووناکبیر و نووسەرانیش

هاوبەشی نەشارەزایی و چاولێکەرین. هەندێک نموونە لەو بارەیەوە وەک: «مافی چارەی خۆنووسین، دەستپێک، ئاشتەوایی، (...) پیرۆز دەکا، پارساڵ، ماسی یو کەی، کاڵفام، هاوژین، پرۆسەی هاوسەرگیری، زەواج، هیواخواز، بەکارانیتان دەسپێرم...»

**سێیەم:** خواستنی دەیان و سەدان ناوی بێگانە بە تایبەتی ئەوروپایی بۆ ناولێنانی شوێنە گشتییەکان، بۆ نموونە: «بەنزینخانەی ئەمستردام، هۆتێلی پاریس، ڕێستۆرانتی ئەستەمبوڵ، شەقامی تاران، پیتزای بریتانیا، سەرتاشخانەی لەندەن، کاشی ئەڵمانی، کاغەزی دیواری ئیتالی...»، لە زمانی کوردیدا هەزاران وشەی جوان و ئاسان و سووک لەسەر زاران هەن بۆ ناونانی کەسێک، جێگەیەک و شتێک، حەیفە ئەوانە بەرچاو نەبن و لە جێیاندا وشەی بێگانە بەکارببرێن.

**چوارەم:** هێندەی ئێستا نووسەرانی کورد، نەشارەزایانە دەنووسن و پەیڕەوی ڕێزمانی کوردی ناکەن، کە هەرگیز لەسەردەمی پێش دامەزرانی حکومەتی هەرێمدا بەو جۆرە سەرگەردان و نالەبار نەبووە، هەر ئەوەش وایکردووە کە لەو ماوەیەدا، نووسەرێکی گەورەی بەرچاوی وەک مامۆستا مەسعود محەمەد، شێخ محەمەدی خاڵ یا عەلادین سەجادی و عەبدوڵڵای حەسەنزادە هەڵنەکەوتۆتەوە، ئەوانەی کە ئەم ڕۆژانە ناوێکیان هەیە، هەموویان بەرهەمی پێش دامەزرانی هەرێمی کوردستانن.

هەڵبەت زۆر لایەن و بەرنامەی زانستانە هەن کە سەبارەت بەم بابەتە هەرە بایەخدار بنووسرێن، بەڵام ئەوی ڕاستی بێ من لە ئێستادا هێندە دەرفەتم نییە، لەوە زیاتر درێژە بەم کورتە لێکۆڵینەوەیە بدەم.

هیوادارم ئەو سەرنجانە بکەونە بەر سەرنجی سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجوومەنی وەزیران و وەڵامی زانستانە نەک سۆز و ناوچەگەریێتییان هەبێ، لەسەر حکومەتی هەرێم پێویستە زیاتر و بە جددیتر بیر لە سیاسەتی زمانی ڕەسمی کوردی بکاتەوە.

لە کۆتاییدا دەڵێم و پێویستە هەموو حیزب و گشت شارەزایان و کوردێکی دڵسۆز ئەوە بزانن کە:

هیچ گومانێک نییە کە زمان بناغەی هەرە سەرەکی پێناسەیە، پاراستنی، پاراستنی نەتەوەیە، بۆیە فەرزە خزمەت بکرێ و پێش بخرێ. هیچ زمانێک نییە چاکترین زمان بێ، هیچ زمانێکیش نییە تەنیا زمانی نیشتمانێک یا دەوڵەتێک بێ. ئێمەی کورد، پێویستمان بە (منی مێژوویی و شارستانییەت هەیە)، ئەگەر هەست بە بوونی خۆمان نەکەین

لە مێژوودا، ئەگەر گیانی هاوبەشی شارستانییەتمان لەناو ناخ و هەستی ناوخۆماندا نەبێ، ئەوا زمانەکەمان، نەتەوەکەمان، نیشتمانەکەمان، ئابوری و مۆسیقاکەمان لە بەیندەچن.

بەداخەوە تا ئێستا، بە شێوە فراوانییەکە، وەک چۆن مێژووی کورد قوربانیی سیاسەتی کوردە، بەهەمان شێوە زمانی کوردیش هەر وایە. ئەوە حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە نەیتوانیوە زمانی ڕەسمی بناسێنێ، نەبوونی زمانی ڕەسمی یەکێکە لە ئامرازە مەترسییەکانی ترازانی سیاسەتی کورد و بەردەوامی ئاژاوە لەناو ماڵی عەقڵ و هزری کورددا، بێ ناساندنی زمانی ڕەسمی، هەرگیز ناتوانرێ کارگێڕییەکی گشتیی چاک پەیڕەو بکرێ و لە بەرژەوەندی نەتەوەدا بەڕێوەببرێ.

لەندەن ٢٢ی شوباتی ٢٠٢٣

هەواڵنامەی کتێب

**پەراوێزەکان:**

10 Kreyenbroek, Philip G. (1992). On the Kurdish language, in The Kurds: A contemporary overview, ed by Philip G. Kreyenbroek and Sperl, Stefan, Routledge, London, p. 68.

2. Ben Rafael, Eliezer (1994). A Case Study of Israel, Oxford, p. 210.

3. (2) Jack, Ernest (1944). The Rising Crescent: Turkey yesterday, today, and tomorrow, Farrar & Rinehart, London, pp. 131 -132.

4. Ager, Dennis (2001). Motivation in language planning and language policy, Multilingual Matters Ltd, pp. 177 -178.

5. Atacan, Fulya (2001). A Kurdish Islamist Group in Turkey: Shifting Identities, Middle Eastern Studies, Volume 37 Number 3, July 2001, p. 112.

6. Waedhaaugh, Ronald (1987). Languages in competition, Dominance, Diversity and Decline, Basil Blackwell, p. 68.

# زمان لای ویتگنیشتاین

## 1951_ludwig wittgenstein1889

ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:
ڕاپەڕ عوسمان عوزێری

**لە کاتی بەکارهێنانی زماندا: دوو پڕۆسە هەیە :**

**یەکەمیان:** دەرەکییە، کە بریتییە لە مامەڵەکردن لەگەڵ (نیشانەکاندا)..

**دووەمیان:** ناوەکییە، کە بریتییە لە تێگەیشتنی پەیوەندییەکانی نێوان نیشانەکان..

بە وتەی ویتگنیشتاین: ئەرکی زانا و فەیلەسوفەکان ئەوەیە کە دەبێت گەمەکانی زمان پەکبخەن، و ئاگاداری تەڵەکانی ڕێزمان بن لە ئاستی بەکارهێنانی نیشانە ناوەکیی و دەرەکییەکاندا ..

**ویتگنیشتاین:** زیاتر گرنگی بە زمان داوە وەکوو برۆسەیەک کە ملکەچی ڕێزمان دەکات.. لەبەر ئەوەی کێشە فەلسەفییەکان بریتیین لە بە هەڵە تێگەیشتن کە (بەڕوونکردنەوەی ئەو ڕێزمانەی کە لەکاتی بەکارهێنانی فریودانەوە بە کاردێت) ، بەوە ئەو بەهەڵەتێگەیشتنە نامێنێت..

چوارچێوەی فەلسەفە بەوە پێناسە دەکرێت کە بەرەنگاربوونەوەی کێشەی بیرکردنەوەمان دەبێتەوە، لە ڕێگای (زمان) ەکەماندا..

**فەلسەفە:** لە پێش هەموو شتێکدا، بەرەنگاربوونەوەی ئەو کێشانەیە کە هەندێک لە شێوەکانی دەربڕین درووست کراون و هۆی کێشە فەلسەفییەکانیش: کەمی زانست نییە، بەڵکوو بەهۆی تێکەڵ و پێکەڵبوون و ناڕێکوپێکی ئاستەکانی زانستە..!

**زمان لای ویتگنیشتاین:** ڕێگایەکە بۆ زانست.. بەهۆی ئەوەی زمان ئامرازێکە بۆ تێگەیشتنی مانا لە وتاردا.. و بەبێ ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان زمان و بیرکردنەوەدا هەیە زمان هیچ مانایەکی نامێنێت بۆ فەلسەفەی زانست و بیرکردنەوە و تێگەیشتن.. لەبەر ئەوەی هەموو شتێک لەنێو زماندا ڕوو دەدات.

**مەبەستی ویتگنیشتاین:** ئاشکراکردنی ئەو پەیوەندییەی نێوان زمان و جیهانە.. و چی دەتوانرێت بزانرێت دەربارەی ئەم پەیوەندییە؟ و چی دەتوانین ئاشکرابکەین و بیسەلمێنین دەربارەی ئەم پەیوەندییە؟.. ویتگنشتاین بە شپرزەییەوە گەیشتە ئەوەی کە (زمان لە چەندەها پێکهاتەی لۆجیکییەوە پێکهاتووە) و ( ئەم پێکهاتانە ئەو سنوورانەن کە یاریدەرمان دەبن بۆ دیاریکردنی ماناکان) ، لەبەر ئەوە (سنووری زمان) بە پێی بیرکردنەوەی ویتگنیشتاین دەکاتە (سنووری فەلسەفە)

.

هەروەها نەخۆشی هەر سەردەمێک لەسەردەمەکان چارەسەردەکرێت، بە جۆرێک شێوازی ژیانی خەلک بگۆردرێت، بەلاَم نەخۆشییە فەلسەفیەکان ناتواندرێت چارەسەر بکرێن، تەنیا دەبێت جۆری بیرکردنەوەیان بگۆڕدرێت.

هەروەها (ئەو شتەی کە ناکرێت هیچی لەسەر بڵێیت، ئەوا دەبێت بێدەنگیی لێ بکەیت) ، ویتگنیشتاین هەڵگری پارادۆکسێکی ئاشکرایە: ئەمە خۆی قەدەغەیەکی سەربار (superfluous) ی لەخۆیدا هەڵگرتووە، چونکە شتێک قەدەغەدەکات کە خۆی هەر (قەدەغە) و مەحاڵە. (واتا شتێک کە نەتوانین بیڵێین، ئیدی بۆ هەوڵنەدەین بیڵێین، کاتێک خۆی هەر بەبوونیاد قەدەغەیە و ناتواترێت بگوترێت, ئیدی تۆ بێدەنگ بیت و نەبیت, ئەو هەر نایەتەگۆ. لێرەدا لەبری یەک جار بێدەنگی, بێدەنگییەکی دووقات بەرهەمدێنین کە خاڵی نییە لە ژاوەژاودا. لێرەدا فەلسەفە و عیرفان یان فەلسەفە و ئێستاتیکای کارەسات دەکەونە بەرانبەر یەکترییەوە کە یەکەمیان لانی کەمی وتن بەرهەمدێنێت و دووەمیش بەشێوەیەکی لەخۆباییانە بێدەنگییەکی وەڕسکەر دەخولقێنێت: خاڵی ڕادیکاڵ ئەوەیە ئەو شتە نەڵێیت کە دەشێت ئاسان بگوترێت. ئەم بێدەنگییە مانا و وزەی وتنێکی دووجای لەخۆیدا هەڵگرتووە کە یەکەمیان وتراوە و باوە کە پووچەڵیدەکاتەوە و دووەمیشیان ئەگەری وتنێکی دیکە و نوێی لەخۆیدا پاراستووە).

هەواڵنامەی کتێب

# سیستەمی خۆماڵی لەپێناو خزمەتکردنی زماندا

کازم عەباس زەندی

گومان لـەوەدا نییە، کە هەبوونی توانای ئەقڵی و بەهرەی خۆڕسک و حەزو ئارەزووی مرۆڤ بەیەکەوە، کەسەکی زیرەک و بلیمەت لەو بوارەدا پێ دەگەیەنێت، کە هەوڵی بۆ دەدات، پلانی لەبارو ویژدان و دادپەروەری لە بڕیارو دڵسۆزی لەکارو لە جێبەجێکردنیشدا، دوا ڕۆژەکی پڕشنگدار و نەوەیەکی بەرپرسیار بەرهەم دەهێنیت، کە دواڕۆژی گەل و نەتەوە دەگۆڕێت و بەرەو پێشی دەبات، بەڵام مەرج نییە هەمو ئەمانە بۆ نەتەوەیەکی وەک ئێمەی کورد لەڕابوردودا مابێتەوەو بۆمان دەستەبەر بوو بێت،، بۆیە دەکرێت لەئێستاو لەداهاتوودا بەدانانی سیستەمەکی خۆماڵی لەڕێی پەروەردە و فێرکردن و خوێندن و نووسینەوە هەوڵی بەدەستهێنانی ئەم مەبەستە بدرێت بە مەرجێک پەیڕەوو پرۆگرامەکانی ئەم سیستەمە تایبەتمەندی و ئاستی رۆشنبیری و پێداویستییەکانی خۆمانی تێدا رەچاو بکرێت .

سیستەمی خۆماڵی لەشێوەی ئەو پارچە قوماشەدایە، کە بە پێوانەی خۆت دوورابێت، بۆیە بۆت شیاوو گونجاو دەبێت، بەڵام ئەگەر هەمان قوماش بەهەمان پێوانە بۆ کەسێکی تر بەکار بهێنرێت، نارێک و نەشیاو دەردەچێت، چونکە لەگەڵ هەڵکەوتەی لەش و پێوانەیدا ناگونجێت، جیاوازی نێوان سیستەمی خۆماڵی و لاساییکردنەوەی سیستەمەکی تریش کە بەتایبەتمەندی کۆمەڵگایەکی تر دانرابێت بەهەمانشێوەیە، چونکە هەر سیستەمەک بۆ کۆمەڵگایەکەی خۆی دەگونجێت، لەمەشدا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت، کە مەرج نییە بەلاساییکردنەوەی سیستەمەک کە بەتایبەتمەندی کۆمەڵگایەکی تر دانرابێت هەمان دەرکەوتەی بۆ ئێمەش هەبێت، ئەگەر لەڕوالەتدا ئەم سیستەمە، جوان و سەرنج ڕاکێشیش بێت، چونکە لەگەڵ تایبەتمەندی ئێمەدا ناکۆک دەبێت، بۆیە پێویستە ئێمەی کوردیش بۆ گۆڕین و پێگەیاندنی کۆمەڵگاکەمان، بۆ خزمەتکردنی زمان و پاراستنی کەلتورو داب و نەریت و بەها نەتەوەیییەکانمان، پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنمان بەسیستەمەک ڕێک بخەین، کە خۆمالی بێت و بەتایبەتمەندییەکانی خۆمان دانرابێت، تاوەکو ئەنجامەکی بەرهەمداری لێ بەرهەم بهێت، کە بەسودو قازانجی دواڕۆژی نەتەوەکەمان تـەواو ببێت، چونکە پرۆسەی پـەروەردەو فێرکردن بوارەکی فرەوانە، جێگەی باسکردنی هەمو بابەتەکی تێدا دەبێتەوە، بۆ ئێمەی کوردیش تاکە ڕێگەیە لەئێستادا، کە بتوانین لەهەمو بوارەکاندا پاشکەوتنی خۆمانی تێدا قەرەبو بکەینەوە .

هـەروەک دەزانیـن دەوڵـەتـی عیراق بەسنورو چوارچێوەیەکی دیاریکراو لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم دامەزراوە ئینجا کوردستانی باشوری پێوە لکێنراوە، لەو کاتەوەشڕا هەردەم سیستەمەک پەیڕەوکراوە، کە بەبیری عارەب دانراوەو پڕۆگرامەکانی خوێندنی لەبەرژەوەندی ئەواندا ڕێکخراوە، بەلام لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری(١٩٩١ز) لەکوردستانی باشوردا، دەرفەتەکی زێڕینمان بۆ هاتەپێش، چونکە نەتەوەی داگیرکەری عارەب لەبنکەی بڕیار دورکەوتەوە، بۆیە توانیمان بەسیستەمەکی جیا، چەندین پلانی پەروەردەیی و پڕۆگرامی خوێندنی جیاوازو هەموارکراو تاقی بکەینەوە، ئەوەبو بەپێی یاسای وەزارەتی پەروەردەی ژمارە(٤)ی سالی (١٩٩٢ ز) هەموارکراوو پالپشت بەبڕیاری ژمارە (٧) ی ئەنجومەنی وەزیران لەکۆبونەوەی ژمارە (٣٠) لەڕێککەوتی (٢٠٠٩/١/٢١) بەپێی ئەو ڕونکردنەوەی کە لەلایەن بەڕێز وەزیری پەروەردە پێشکەشکرا، بڕیاردرا بەدەرکردنی سیستەمی قوتابخانە بنەڕەتییەکانی ژمارە (١)و سیستەمی خوێندنگە ئامادەییەکانی ژمارە (٢)ی سالی (٢٠٠٩ز) ئەم سیستەمەش لەلایەن لیژنەیەکی وەزارەتی پەروەردە ئامادەکراو پێشکەشکرا، لەم کاتەوەشڕا پڕۆگرام و سیستەمی پەروەردەی کوردستانی باشور لەعیراق جیاکرایەوەو بەسیستەمە لاساییەکان گۆڕدرا، بەڵام بەداخەوە دەبینین لەڕوی پەروەردەو خزمەتی زمانەوە ئەو سودەی نەبووە کە ویستراوە، ئەم گۆڕانە ئەو ئەنجامەی لێ بەرهەم نەهات کە مەبەست بو، ئەو ئامانجەشی نەپێکا کە بۆی دانرابو، چونکە گۆڕانی سیستەمەکە تەنیا لەپێناو گۆڕاندابوو، لەجێی سیستەمی سەپێنراوی داگیرکەرەک کە هی عیراق بو، بەکوێرانە لاسایی سیستەمەکی تری بیانی کرایەوە کە سویدی و بەئینگلیزی کردن بو، بەپێی دەرئەنجامەکانیش ئەو ڕاستییەمان بۆ دەرکەوت، کە ئەگەرچی ئەم سیستەمانە بۆ وڵات و نەتەوەکانی خۆیان بەکارو سودبەخش بوینە، بەڵام بۆ ئێمە ئەو بەرهەمەی نەبو کە دەمانویست، چونکە خۆماڵی نەبون، هەر سیستەمەکیش ئەگەر خۆماڵی نەبێت، دەرئەنجامەکەی ئەو بەرهەمەی نابێت کە هەوڵی بۆ دەدرێت، بەڵکو لەوانەیە لەجیاتی سودو قازانج، بەلاڕێدابردنی کۆمەڵگاشی لێ پەیداببێت، چونکە لەگەڵ ژینگەو ئاستی ڕۆشنبیری و تایبەتمەندییەکانی ئەو کۆمەڵگایە ناکۆک دەبێت، کە بۆی بەکار دەهێنرێت، بۆیە واپێویست دەکات لەئێستادا، هەڵوێستە لەسەر سیستەم و پڕۆگرامەکان بکرێت، چونکە بەردەوامبون لەسەری لەڕێگەچارەی گرفتەکان دورمان دەخاتەوەو زیاتر بەلاڕێماندا

دەباتەوە، ئەمەشمان لەڕوانگەی ئەو دەرئەنجامانەی خوارەوەدا بۆ دەردەکەوێت، کە لەئێستادا هەستی پێ دەکرێت :

١ – مێژوی داگیرکەرانی لەمێژوی خۆمان ئاشناترکردووە، چونکە لەدانانی بابەت و ڕێکخستنی پرۆگرامەکاندا، ئەوەندەی ڕەچاوی مێژوی داگیرکەران کراوە مێژوی خۆمان بەهەند وەرنەگیراوە، ئەمەش وایکردووە : هەردەم تاکی کورد بەمێژوی خۆی نامۆبێت ... پەند لەهەڵەکانی ڕابوردوی وەرنەگرێت و بەردەوام دوبارەیان بکاتەوە ..... هەستی هاوولاتی بون و نەتەوەیی کزو لاواز ببێت .

٢ – تاک و خوێندەوارەکی لاوازو بێ باوەڕی بەرهەمهێناوە، کە توانای بڕیاردانی لەهیچ بوارەکدا نەبێت، ئەمەش وایکردووە : ئاستی ڕۆشنبیری فێرخوازانی دابەزێت ... هەردەم ئامادەی ژێردەستی بێت، لاساییکردنەوەی لەڕەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانی خۆی بەلاوە پەسندتر بێت .

٣ – زمانی زال لەزمانی خۆی بەگرنگتر بزانێت، زمانی دووەمی لەزمانی دایکی کە کوردییە بەلاوە بایەخدارتر بێت، ئەمەش وایکردووە : زمانی خۆی بەهاوتای زمانی داگیرکەران نەزانێت .

٤ – فێربوون و زانیاری خوێندەوارانی دابڕدابڕ ببێت، چونکە لەهەر پارچەیەکیدا بەبابەت و پرۆگرامی لەیەکتر جیاواز ڕۆشنبیر دەبون، ئەمەش وایکردووە : هەردەم ناوچەگەری ڕۆڵەکی زیندوی هەبێت .... زاناو سەرکردەی گشتگیری لێهەل نەکەوێت .

٥ – بەدەستهێنانی شەهادەی موچەی لەفێربونی زانست و زانیاری گرنگترکردووە، ئەمەش وایکردووە : خاوەن شەهادەکان لەبواری خۆیاندا توانادار نەبن، چونکە بەکەمترین ماندوبون دەتوانن بەرزترین پلەو شەهادەی زانستی وەربگرن .

٦ – سەنگ و سام و کەمترین ڕێژەی ڕێزو شکۆی بۆ فێرکاران لەبەر چاوی فێرخوازان و بەخێوکەراندا هێشتۆتەوە، ئەمەش وایکردووە : فێرکاران لەڕۆلی پێشەنگی کۆمەڵگادا دوربکەونەوە، قەڵەم بەدەستان پاشەکشەبکەن و سەرمایەدارو چەک بەدەستان جێگەیان بگرنەوە .

٧ – دەرفەتی زیاتری بۆ دەرچونی فێرخوازە لاوازەکان دابینکردووە، ئەمەش وایکردووە : هەوڵ و هاوبڕکێی فێرخوازە ناوەنجی و زیرەکەکان کەم ببێتەوە .

٨ – زیرەکی فێرخوازانی کردووە بەبەهرەیەکی خۆڕسک نەوەکو لەڕێی فێربونەوە، ئەمەش وایکردووە : جیاوازی لەنێوان فێرخوازی لاوازو زیرەک نەمێنێتەوە ...فێرخوازان

بێ ئومێد بین لەڕوی هەوڵدان و خۆماندوکردنەوە .....تاد بەلام لەگەڵ هەمو ئەم کەموکوڕی و دەرئەنجامە نەخوازراوانەشدا، پەیڕەوکردنی سیستەمە کۆنەکان و بابەت و پڕۆگرامەکان چەند سودەکیشی بۆمان هەبووە، کەوا پێویست دەکات لێرەدا ئاماژەی پێ بدەین, ئەویش ئەوەیە، کە لەئێستادا، دەتوانین بەئەزمونی کردەیی، ڕاست و هەلە, گونجان و نەگونجان، سود و زیان لەپەیڕەوکردنی سیستەم و پڕۆگرامەکاندا بەپراکتیک لەیەکتر جیابکەینەوە لەهەمانکاتدا بیرکردنەوەی بیرمەندەکانیشمانی فرەوانتر کردووە، چونکە جیاوازی نێوان سیستەمەکانیان بۆ بووە بەهەوێن و بەردی بناغە، تا بیرۆکەی تری لەسەر دابڕێژن و هەنگاوی تری لەدوادا بهاوێژن، کە بەقازانجی پڕۆسەکە بشکێتەوە .

## پڕۆگرامەکانی خوێندن

پێویستە بەرنامەو پڕۆگرامەکانی خوێندن لەگەڵ پێداویستییەکانماندا بگونجێت و بەپێی بەرژەوەندی نەتەوەیی دابنرێت، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت گۆڕانکاری لەبابەتەکانی خوێندندا بکرێت، چونکە هەندێ لەو بابەتانەی کە لەئێستادا دەخوێنرێت، بۆ نەتەوەیەک، بۆ ولاتەک، بۆ کۆمەلگایەک گونجاوە، کە ئازادو سەربەخۆ بێت، چارەنوسی پارێزراو بێت، بۆ گەل و بۆ زمانەکە، کە هەڕەشەی تواندنەوەی لەسەر نەبێت، ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندەوارانی لەپلەیەکی بەرزدابێت نەک بۆ گەلەکی ژێردەستەی وەکو ئێمە، کە خاکەکەی دابەشکراوو زمانەکەی بێ بایەخکرابێت، لەقۆناغی خۆناسین و خۆ دروستکردندابێت، لەشەڕی مانەوەو خۆ پاراستندابێت، هەڕەشەی لەناوبردنی ناسنامەو پلانی تواندنەوەی کەلتورو زمانی لەسەر بێت .

پێویستە ئامانج لەدانانی بابەتەکاندا بۆ نەهێشتنی کاریگەری پلان و هەڕەشەی دوژمن و ناحەزان بێت تاوەکو مەبەستەکانیان پوچەل و خالّی ببێتەوە هەروەها دەبێت بابەتەکان وەک قەلغانی خۆپاراستن لەپێناو پەروەردەکردنی تاکەکدا بێت، کە ژێردەستەیی قبوڵ نەکات ... هەستی نەتەوەیی تێدا گەشە بکات ... بایەخ و شکۆ بۆ زمانی کوردی بگەڕێنێتەوە ... بیرو باوەڕی مرۆڤایەتی بلاوبکاتەوە ... ئاستی ڕۆشنبیری بەرز بکاتەوە...تاد چونکە بەدیهێنانی ئەم مەبەست و ئامانجانە چوارچێوە بۆ هەر کۆمەڵگاو نەتەوەیەک دروست دەکات، کە دوژمن نەتوانێت بەسەریاندا زال ببێت .

## چەند ڕێنماییەکی گشتی

١- ناوەرۆکی بابەتەکان لەپێناو گەشەکردنی هەستی نەتەوەیی و دلسۆزی بێت، بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندی گەل و نیشتمان و دواڕۆژی نەوەکانی داهاتوبێت .

٢- لەهەر چەند ساڵەکدا پێداچونەوە بۆ بابەت و پرۆگرامەکان بکرێت ئینجا ئەوەی بەکەلک و گونجاو بێت بهێلرێتەوە، ئەوەی نەگونجاویش بێت بگۆڕدرێت یان هەموار بکرێت، چونکە لەدوای ئەزمون وەرگرتن و دەرکەوتنی دەرئەنجامەکان، ئەو ڕاستییانە ڕون دەبێتەوە، کە کامە پرۆگرام و کامە بابەت بەسود و قازانجی پرۆسەکە تەواو دەبێت و پێویست بەوە دەکات لەسەری بەردەوام ببین, کامەشیان نەشیاوەو پێویستی بەگۆڕان و بەهەموارکردنە .

٣ - پرۆگرامەکانی خوێندنی ساڵ بۆ دو وەرز دابەش بکرێت (وەرزی یەکەم – وەرزی دووەم) بەڵام لەقۆناغی گشتییەوە دەکرێت پرۆگرامی هەر وەرزەک بابەتەکی سەربەخۆی تێدا بخوێنرێت .

٤– بابەتە بەهرەیییەکانی (وەرزش و هونەرو میوزیک) بەئاستەکان دیاربخرێن نەوەکو بەنمرە، تاوەکو لەگەڵ نمرەی بابەتە زانستی و وێژەیی و بیرکاری و زمانەکان کۆنەکرێنەوەو ڕیزبەندی فێرخوازە دەرچووەکانی پێ دیار نەکرێت، چونکە ئەم بابەتانە تواناو بەهرەی خۆرسکی فێرخوازان پیشان دەدەن نەوەکو ئاستی زیرەکی و هەوڵدان و خۆماندوکردن و ڕاددەی فێربون

٥- ساڵانە بەهرەو حەزو ئارەزوی فێرخوازان لەبوارەکانی وەرزش و هونەرو زانست و پیشەو. تاد دیاربکرێت، کە لە چ بوارەکدا تواناداروو سەرکەوتوترە، بۆ ئەم مەبەستەش تۆمارەکی تایبەت دروست بکرێت، کە ئاستی بەهرەمەندی فێرخوازان دیار بکات (تۆماری بەهرە) ئینجا ئەم تۆمارە بکرێتە پاڵپشت و یاریدە بۆ بایەخ و هاوبڕکیی فێرخواز لەو بوارەی کە بەهرەمەندە لەکاتی وەرگیرانی لەقۆناغ و بەشەکانی داهاتودا .

٦ - سزاو پاداشت بۆ فێرکارو فێرخوازان بەپێی بەرنامەیەک ڕێک بخرێت، کە ببێتە پاڵنەر بۆبەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و ڕۆشنبیری .

٧ - بۆ دەرچون لەپۆلە ناکۆتایەکان، فێرخوازان مافی وەرگرتنی پێنج نمرەی بڕیاریان هەبێت بێجگە لەزمانی دایک، دەربازبون لەیەک بابەتدا هەبێت، بەمەرجەک دو ساڵ لەدوای یەکتر هەمان بابەت نەبێت .

٨- لەڕێکخستنی بابەتەکاندا، بایەخ بە(دادپەروەری و ژیانداری و دڵسۆزی و خێزانداری و خۆشەویستی و ڕاستگۆیی و دەستپاکی و دەستنیشانکردنی ئەرک و ماف و زانستی فەلسەفەو دەرونزانی و کاری دەستی ) بدرێت، چونکە پێدانی زانیاری لەم بوارانەدا :

ا - کاریگەری لەسەر ژیانی ڕۆژانەو شارەزایی فێرخوازاندا دەبێت .

ب - ئاسۆی بیرکردنەوەو ڕۆشنبیری فێرخوازان فراوانتر دەبێت .

پ - فێرخوازان فێرە هەڵسوکەوتی گونجاو دەکات لەبەرامبەر یەکتردا .

ت - کۆمەڵگایەکی بەئاگاو شارەزاو مەدەنی و بەرپرس بەرهەم دەهێنێت .

د - ڕەنگدانەوەی لەسەر خۆشەویستی خاک و نیشتماندا دەبێت .

ج - لەکاتی کارو هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتیدا، فێرخوازان فێرە دڵسۆزی دەکات .

چ- فێرخواز شارەزای دەستکاری ئەو کەلو پەلانە دەبێت، کە ڕۆژانە لەدەوروبەری خۆی دەیانبینێت و بەکاریان دەهێنێت .

٩- بابەت و پڕۆگرامەکان لەخوێندنگەو قوتابخانە حکومی و ناحکومی و گشتی و تایبەتییەکاندا وەکو یەکتربێت و هیچ جیاوازییەکیان لەنێواندا نەبێت .

١٠- بۆ قۆناغی سەرەتایی و بنەڕەتی : پێویستە قوتابخانە لەنزیک ماڵی قوتابیان بێت، چونکە قوتابی لەم قۆناغەدا بچوکەو توانای هاتوچۆی دوری نییە، بەڵام بۆ قۆناغی گشتی و ئامادەیی دەکرێت، لەچەند گەڕەکەکی نێو شارەکاندا، خوێندنگەیەک هەبێت، بۆ گوندەکانیش لەنێوان چەند گوندەکدا یان لەقەزاو ناحیەکاندا، خوێندنگەیەک بۆ هەموان هەبێت، ئەمەش سودی بۆ دابەشکردنی میلاکی فێرکارو کەمی خوێندنگاکان دەبێت بەمەرجەک هۆکارو پێداویستی فێرکردن و گواستنەوەو نیشتەجێبون بۆ فێرکارو فێرخوازان ئاسانکاری بۆ بکرێت .

١١- مەلزەمەی پوختەکراو نەمێنێت، کتێبەکانی مەنهەج لەچاپخانەکانی ناوخۆ چاپ بکرێن و لەپەڕاوگەو کتێبخانەکان بەکەمترین نرخ و قازانج بەقوتابی و خوێنکاران بفرۆشرێن، چونکە لەم حالەتەدا بایەخ بۆ کتێبی مەنهەج زیاتر دەبێت و لەلایەن فێرخوازانەوە پارێزراوتر دەبێت، لەهەمانکاتدا چەند سودەکی تریشی بۆ حکومەت و هاو وڵاتییان دەبێت، لەلایەکەوە دەرفەتی کار لەچاپخانەو کتێبخانەکان زیاتر دەبێت، لەلایەکی ترەوە بارو خەرجی تێچوی کتێب لەسەر حکومەت کەم دەبێتەوە، بەمەش دەرفەتی دروستکردنی قوتابخانەو خزمەتکردنی پرۆسەکە زیاتر دەبێت .

١٢- ساڵانە لە دوامانگی خوێندندا، لەموچەی مامۆستایانی هەمو قۆناغەکاندا، بڕە پارەیەکی کەم و دیاریکراو، بۆ نمونە(٥٠٠٠)دینار بگێڕدرێتەوە، ئەم پارەیەش لەسندوقێکدا دابنرێت ئینجا بەسەر خوێنکارە دەرچووە یەکەم و تواناداروو پێشەنگەکانی ئامادەیی دابەش بکرێت، تاوەکو فێرکارانیش بەشداربن لەدانانی بەها بۆ فێرخوازەکانیان .

١٣- پرسیارەکان زیاتر نوسینەکی بن، بەشێوەی هەڵبژاردن و پێناسەو ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و بۆشایی و شەرح دابنرێن .

١٤- لەتەک یارییە وەرزشییەکاندا، بایەخ بەمەلەوانی و یاری بیرکردنەوەی شەترەنج بدرێت .

١٥-کتێبی مامۆستا بۆ هەمو بابەتەکان هەبێت، لەم کتێبەشدا شلۆڤەی بابەتەکان و پلانی نمونەیی بابەتەکان دیاربخرێت، بەلام پلانی ڕۆژانە بۆ مامۆستا جێ بهێلرێت .

١٦- بابەتی دارشتن لەناو پۆلدا بنوسرێت تاوەکو قوتابی و خوێنکار سود لەبەهرەی کەسی تر وەرنەگرێت .

١٧- بەشە وانەکان لە (٣٠) وانەی هەفتانە زیاتر نەبێت، بەلام بابەتە بەهرەییەکان بەپێی خشتەیەکی جیاواز ڕێک بخرێن، کە لەڕۆژەکی هەفتەدا ماوەیەکی دیاریکراویان بۆ دەستنیشان بکرێت، کە لەماوەی وانەکان زیاتر بێت تاوەکو فێرخوازان چێژی زیاتر ببینن و توانای هەلسەنگاندنیشیان لەلایەن مامۆستاوە زیاتر بێت .

١٨- بەشە وانەی مامۆستایان بەپێی تەمەن و خزمەت دیار بکرێت .

١٩- دەرچوون و دەرنەچوون و کەوتن .

ا- لە پۆلە ناکۆتاکاندا : ئەگەر قوتابی و خوێنکار لەئەنجامی کۆتایی وەرزدا، لەچوار بابەت و زیاتر کەوت، بەدەرنەچوو هەژمار بکرێت و مافی خولی دووەمی نەمێنێت، بەلام ئەگەر لەچوار بابەت کەمتر کەوت بەکەوتو هەژمار بکرێت و مافی خولی دووەمی بمێنێت .

ب- لە پۆلە کۆتاکاندا : ئەگەر قوتابی و خوێنکار لەئەنجامی تاقیکردنەوەکانی هەردوو وەرزدا، لەچوار بابەت و زیاتر کەوت، مافی داخیلبوونی تاقیکردنەوەی کۆتایی نەبێت، بەلام ئەگەر کەمتربوو مافی تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵی هەبێت .

٢٠ - ئەگەر قوتابی لەقۆناغی سەرەتایی و بنەڕەتی بەشێوەیەکی هەڕەمەکیش فێرە نووسین ببێت، ئاسایی بێت، چونکە گرنگترین مەبەست لەم قۆناغەدا ناسینی

هەواڵنامەی کتێب

پیت و فێربوونی نووسین و خوێندنەوەیە بەهەر شێوەیەک بێت، بەڵام لەقۆناغەکانی دواتردا، پێویستە ڕێنووس بکرێتە بابەتەک و بخوێنرێت، یاساکانی شی بکرێتەوە ئینجا خوێنکاران فێر بکرێن، کە بەپێی یاسا، ڕێنووسی ڕاست و هەڵە، لادەرو ناوازە لەیەکتر جیابکەنەوە .

٢١- ساڵانە بڕە پارەیەکی سنوردارو ڕەمزی لەفێرخوازان وەربگیرێت، بۆ نمونە (١٠)هەزار دینار لەخوێنکارانی قۆناغی گشتی و (٢٠) هەزار لەئامادەیی بێت، ئینجا ئەم پارەیە لەسندوقێکدا دابنرێت، بۆ ئەوەی سالانە وەک موچەیەکی مانگانە بدرێتە فێرخوازانی زانکۆ، ئەمەش بەپێی میکانیزمەک ڕێک بخرێت، کە لە دوای تەواوکردنی زانکۆ، فێرخوازان پارەکە لەسندوقەکە دابنێنەوە

٢٢- لەخوێندنگاکاندا، کەسەک وەک ڕێکخەر دابنرێت، کەسیفەتی پۆلیسی هەبێت و کاری پاراستنی دەستەی فێرکارو خوێنکاران بێت لەهەمانکاتدا بتوانێت لێپرسینەوە لەخوێندکارە بێ ڕێزو بەدخووەکان بکات.

٢٣- دەرماڵـەی هاتووچونی مامۆستایان، بەپێی دورو نزیکی قوتابخانەو خوێندنگاکان، لەشوێنی نیشتەجێبوونیان هەژمار بکرێت، بۆ نمونە : ئەگەر لەیەک کیلۆمەتر کەمتر بوو، دەرماڵەی نەبێت، ئەگەر لە (٢ تا ٢٠) کیلۆمەتربوو، دەرماڵەیەک دابنرێت، ئەگەر لە(٢٠)کیلۆمەتر زیاتربوو، دەرماڵەیەکی تری بۆ دەستنیشان بکرێت .

٢٤- ئەرکی مامۆستایان جێبەجێکردنی سیستەم و پرۆگرامەکان و هەڵسەنگاندنی فێرخوازان بێت، بـەڵام ئەرکی دەستەی کارگێڕی فێرگەکان، کە لەبەڕێوەبەرو هاریکارەکان پێک دێت، چاودێری و بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی کارەکانی نێو خوێندنگاکان بێت، ئەرکی سەرپەرشتیارانیش، بەدواداچون و چاودێریکردنی سیستەم و پرۆگرامەکان بێت لەهەمانکاتدا ئەلقەی پەیوەندی و گوێزەرەوەی بیروبۆچوونی مامۆستایان بۆ دانەرانی پرۆگرامەکان بێت .

٢٥- ڕۆڵی مامۆستا و قوتابی و خوێنکار لەناو پۆلدا تەواوکەری یەکترو هاوتابێت

٢٦- گرنگی زیاتر بەزمانی دایک (کوردی) بدرێت :

ئ - لە کتێبە مەنهەجییەکاندا، بەپێی توانا دەستـەواژەی هەمو شێوەزارەکان بەکاربهێنرێت و هەوڵ بدرێت ئەو دەستەواژەو سەرەناوانە بەکاربهێنرێت، کە لە نێوان شێوەزارەکاندا کەمترین جیاوازییان لێ دەردەکەوێت .

ب - کتێبە مەنهەجییەکان وەک فەرهەنگەکی گشتی, پەیڤ و ڕامانی شێوەزارە جیاوازەکانی تێدا بنوسرێت تاوەکو ببێتە سەرچاوە بۆ قوتابی و خوێنکاران لە شارەزابونیان لەدەستەواژەی شێوەزاری جیا لەخۆیان .

پ- لەقۆناغی گشتییەوە، خوێنکاران شارەزای ڕێنووسی کوردی بکرێن بە هەردوو ئەلفبێی عارەبی و لاتینی .

ج- لەپۆلی(٤)ی بنەڕەتییەوە ژیاننامەی ناوداران و چیرۆکی کورتی فۆلکلۆری و بەرئاگردانی کوردی سەرنج ڕاکێشەوە مەبەستەکانی خوێندن و فێرکردن دەربخرێت ئینجا لەقۆناغەکانی دواتردا لە هەر پۆلەکدا چیرۆکی درێژو داستان و ڕۆمان وەک بەشەک لەزمانی کوردی بەدرێژایی ساڵ بخوێنرێت .

چ- لەهیچ قۆناغەکدا دەربازبوون لەزمانی دایک کە کوردییە نەبێت .

ت- یەکەم دەست بەکاربونی مامۆستا، لەناوچەو دەڤەرەکی جیا لەشێوەزاری خۆی بێت، کە ماوەکەی سێ ساڵ تا پێنج ساڵ بێت، بۆ ئەوەی مامۆستا شارەزای شێوەزارەکی جیا لەشێوەزاری خۆی ببێت .

د- خوێنکاری کورد لەڕێزمانی هەردوو شێوەزاری بابانی و بۆتانی شارەزا بکرێت، چونکە هەریەکە لەم دو شێوەزارە، زیندوترین شێوەیە لەنێو شێوە گفتوگۆی خۆیدا .

ز- زمانی کۆمپیوتەر بەکوردی بکرێت .

س- سەرچاوە پێویستەکان لەزمانەکانی تر وەربگێڕدرێنە سەر زمانی کوردی .

ژ - هەوڵ بدرێت لەپۆلی چوارەمەوە، قوتابی فێرە خوێندنەوەی کتێبی دەرەوە بکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش یان کتێبخانە لەخوێندنگاکان دروست بکرێت یان مامۆستایەک ڕابسپێردرێت کە کتێب لەکتێبخانەکانی دەرەوە بۆ قوتابییان بهێنێت .

## دابەشکردنی قۆناغەکانی خوێندن

قۆناغەکانی خوێندن بەڕێڕەوی بەدەستهێنانی زانست و پەروەردەبوون و شەهادە دەزانرێت، ئەم ڕێڕەوەش بەسەر چەند ساڵەکدا دابەش دەبێت، کە تێیدا فێرخواز زانیاری لە هەموو بوارەکاندا وەردەگرێت، پەیوەندی نێوان قۆناغەکانیش لەشێوەی سوڕانەوەیە لەچواردەوری بازنەیەکدا، چونکە خاڵی کۆتایی تێدا هەر بەخاڵی دەست پێکردنەوە دەزانرێت، هەمو قۆناغەکان تەواوکەری یەکترن و هەر قۆناغەک بناغەیە بۆ ئەو قۆناغەی کە بەدوایدا دەهێتن، بەواتایەکی تریش وەک سوڕی ژیان و گەورەبونی

مرۆڤەکانیش وایە، چونکە هەر لەو ڕۆژەوەی کە مرۆڤ لەدایک دەبێت و ئەو قۆناغانەی کە لەژیانیدا پێیدا تێپەڕ دەبێت، ئەو کەسە بە چ زانیاری و ژینگەیەک پەروەردە ببێت، کە خێزان دروست دەکاتەوە، هەمان پەروەردەبونی خۆی تێدا دەردەخاتەوەو هەمان ژینگە بۆ نەوەکانی دەڕەخسێنێتەوە، هەر ئەمەشە وایکردووە خێزان بەگرنگترین ژینگەو بەسەرەتاییترین قۆناغ و قوتابخانەی پەروەردەیی بزانرێت، چونکە هەمو کەسەک لەسەرەتادا، لەخێزانەکەیەوە فێر دەبێت و وانەی پەروەردەیی و زانیاری لەهەمو بوارەکاندا وەردەگرێت ئینجا لەگەڵیدا ژینگەی دەوروبەر بەسەرچاوەیەکی تری پەروەردەبون هەژمار دەکرێت، بۆ ئەو کەسانەی کە بواری خوێندنیش هەڵ دەبژێرن، لەبەر ئەوەی قۆناغەکانی خوێندن لەفێرگەکاندا، ژینگەیەکی تریان بۆ دەڕەخسێنن، بۆیە بەژینگەیەکی زیاتر پەروەردە دەبن ئینجا لەدەرئەنجامدا بەهەمو ژینگەکان، بەرهەم و ڕۆلی پەروەردەو فێربونی کەسەکان دەردەکەوێت .

لەئێستادا قۆناغەکانی خوێندنی کوردی لەکوردستانی باشوردا، لەدوای قۆناغی یەکەمی خێزان و دایانگەو باخچەکانی ساوایانەوە، بەسێ قۆناغی تر تەواو دەکرێت و سالەکانی خوێندنیان بەسەردا دابەش دەکرێت، قۆناغی یەکەمی (بنەڕەتی) لەشەش ساڵییەوە دەست پێ دەکات، پۆلەکانی (١) تا (٩) دەگرێتەوە لەپاشاندا قۆناغی دووەمی (ئامادەیی) پۆلەکانی ( ١٠– ١١ – ١٢)ی بەدوادا دێت ئینجا بەقۆناغی سێیەمی (زانکۆیی) کۆتایی دێت، بەلام بەپێی پێداویستی و تایبەتمەندی کۆمەلگاکەمان، دەتوانین سالەکانی خوێندن بەچەند شێوەیەکی تریش بەسەر قۆناغەکاندا دابەش بکەین و گۆڕانکارییان تێدا بکەین، ئەویش بەکەمکردنەوەی سالەکی خوێندن لەقۆناغەک و زیادکردنی لەقۆناغەکی تردا، بەڵام بۆ ئەم گۆڕانکارییە، دەبێت لە هەموو حاڵەتەکدا ڕێککەوتنی شارەزایانی بواری پەروەردەو فێرکردن بەمەرج و سەرچاوەی گەڕانەوە بزانرێت ئینجا بڕیار لەسەر گۆڕانکارییەکان بدرێت، ئەم بڕیارەش بەپێی ئەزمون وەرگرتن لەهەڵسەنگاندنی دەرئەنجامەکان لە جێبەجێکردنی قۆناغەکاندا بدرێت، بە مەرجێک سودی زیاتری بۆ پێگەیاندنی فێرخوازان و خزمەتکردنی پرۆسەکە هەبێت .

ئێمە لایەنگری ئەو شێوە دابەشکردنەی خوارەوەین، چونکە ئەم شێوە دابەشکردنە زیاتر لەگەڵ ژینگەو ئاستی خوێندەواری و پێداویستی و تایبەتمەندی خۆماندا دەگونجێت (قۆناغی بنەڕەتی لەپۆلی سفرەوە دەست پێ بکات، پۆلی شەش کۆتا ساڵی خوێندنی ئەم قۆناغە بێت، ئینجا قۆناغی گشتی و ئامادەیی هەریەکەیان لەسێ ساڵ

پێک بهێت) ، ئەم شێوە دابەشکردنەش تێکەڵەیەکە لەڕێنماییە کۆنەکان و ئەزمون وەرگرتن لەسیستەمی پەیڕەوکراوی وڵاتان لە هەمانکاتدا تا ڕاددەیەک لێکچوونی لەگەڵ هەندێ لەبڕگەو بنەماکان و وردەکاری ئەو سیستەمەشدا هەیە، کە لە ئێستادا پەیڕەو دەکرێت، بۆیە لەوانەیە لەهەندێ ڕوودا لەیەکتر جیاوازبن و لە هەندەکی تردا هاوشێوە بن .

– قۆناغی یەکەم (سەرەتایی) : تا تەمەنی پێنج سالی بەردەوام دەبێت، دایانگەی ساوایان و باخچەی منداڵان دەگرێتەوە .

– قۆناغی دووەم (بنەڕەتی) : لەتەمەنی پێنج ساڵییەوە دەست پێ دەکات، پۆلەکانی (سفر ، ١ ، ٢ ، ٣ ، ٤ ، ٥ ، ٦) دەگرێتەوە .

– قۆناغی سێیەم (گشتی) : پۆلەکانی ( ٧ ، ٨ ، ٩) دەگرێتەوە .

– قۆناغی چوارەم (ئامادەیی) : پۆلەکانی(١٠ ، ١١ ، ١٢) دەگرێتەوە .

– قۆناغی پێنجەم ( زانکۆیی) : پەیمانگاو کۆلیژەکان دەگرێتەوە .

قۆناغی یەکەم : سەرەتایی

(ئەم قۆناغە لەدوای یەک ساڵییەوە دەست پێ دەکات، تا تەواوکردنی تەمەنی پێنج ساڵی)

– پرۆگرامەکانی ئەم قۆناغە بەزمانی دایک بێت،لەباخچەی منداڵانەوە بەشێوەیەکی سادەو سەرەتایی ڕێک بخرێت، بەو بابەتانەوە ئاشنا بکرێن کە لەگەل تەمەن و بیرکردنەوەیاندا دەگونجێت چونکە منداڵ لەم قۆناغەوەڕا فێرە زمان و کردە سەرەتاییەکان دەبێت .

**قۆناغی دووەم : بنەڕەتی**

(ئەم قۆناغە لەتەمەنی پێنج ساڵییەوە دەست پێ دەکات، پۆلەکانی (سفر ، ١، ٢ ، ٣ ، ٤ ، ٥ ، ٦) دەگرێتەوە .

١– خوێندن لەم قۆناغەدا بەناچاری و بەسەپاندن بێت .

٢– دەستەواژەی (مامۆستا) بۆ فێرکەری ئەم قۆناغە بەکاربهێنرێت .

٣– فێرخوازانی ئەم قۆناغە بەدەستەواژەی (قوتابی) ناوبنرێن .

٤– فێرگەکانی ئەم قۆناغە بە(قوتابخانە) بناسرێن .

٥- بەشێوەیەکی بنەڕەتی ئامانج لەم قۆناغەدا، پێدانی زانیاری گشتی لەبابەتەکاندا بێت.
٦ - لەم قۆناغەدا مامۆستا پسپۆڕی دو بابەت بێت، یەکەمیان سەرەکی بێت ئەوی تریان لاوەکی، ئەمەش سودی بۆ ڕێکخستنی میلاک و پسپۆری لەقوتابخانەکان دەبێت .
٧- کاتی وانە (٤٠) خولەک بێت و پێنج خولەک دەرفەتی نێوان وانەکان بێت .
٨- لەم قۆناغەدا، زیاتر نوسین و خوێندنەوە، کۆکردنەوەو کەمکردنەوەو جاران و دابەشکردن لەگەڵ زانیاری بنەڕەتی ڕەچاو بکرێت .
٩- قوتابی لەتەواوکردنی ئەم قۆناغەدا شەهادەی خوێندەواری پێ بدرێت .

**پۆلی سفر**

(ئەم پۆلە جیاکەرەوەی قۆناغی سەرەتایی و بنەڕەتی بێت)
- ئەم پۆلە لەتەمەنی پێنج سالییەوە دابنرێت .
- لەم پۆلەدا قوتابی تەنیا فێرە ناسینەوەی پیتە کوردییەکان و ژمارەکان بکرێت، هیچ زمانەکی تر نەخوێنێت .
- لەم پۆلەدا دەرنەچون و کەوتن نەبێت .
- فێرخوازانی ئەم پۆلە، ڕۆژانە دو وانەی کوردی و بیرکاری بخوێنن .
- فێرخواز لەم پۆلەدا ئەرکی نەبێت، تەنیا لەناو پۆلدا فێربکرێت .
- دەکرێت دەوامی فێرخوازان لەم پۆلەدا، لەهەفتەو ڕۆژانەدا، لەپۆلەکانی تر کەمتر بێت، کاتی وانەکان درەنگتر دەست پێ بکات و زوتر دەوامیان تەواو ببێت .
١٠- ئەم قۆناغە بۆ دو بازنە دابەش بکرێت :
بازنەی یەکەم : پۆلەکانی (١ - ٢ - ٣) دەگرێتەوە
- لەم بازنەیەدا خوێندنی هەمو بابەتەکان بەزمانی دایک (کوردی) بێت و هیچ زمانەکی تری تێدا نەخوێنرێت .
- باس و سەرە ناوی بابەتەکان زیاتر ناوی خواردن و باڵندەو ئاژەڵەکان بێت، چونکە منداڵ لەم تەمەنەدا بەم بابەتانە سەرسام و ئاشنایە .
– قوتابی، دەفتەری ڕاهێنان و نوسینەوەی هەبێت، بۆ ئەوەی بەنوسینی دەست ڕابهێت .
- پێوەری سەرەکی بۆ دەرچون و دەرنەچونی قوتابی لەم بازنەیەدا، هەردو بابەتی (کوردی و بیرکاری)بێت .

- ئەنجامی هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوەکانی وەرزو کۆتایی هەمو بابەتەکان بەدەستەواژەی ئاستەکان بنوسرێت :

- لاواز ..... (سفر تا ٤٩)
- پەسند ... (٥٠ تا ٥٩ )
- ناوەند ... (٦٠ تا ٦٩ )
- باش ..... (٧٠ تا ٧٩ )
- زۆرباش...(٨٠ تا ٨٩ )
- نایاب ... (٩٠ تا ١٠٠)

- هەڵسەنگاندنی ڕۆژانەی وەرزی، کە لەلایەن مامۆستای بابەتەوە ئەنجام دەدرێت، لەسەر (٦٠) نمرە بێت، ئەم نمرەیەش دابەشی (٢٠ + ٢٠ +٢٠) بکرێت و بەسەر جێبەجێکردنی ئەرک و خەتخۆشی و نوسینەوەو خوێندنەوەو ڕێنوس و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی ناو پۆلی قوتابی و بەپێی پابەندبونی بەدەوام و پاک و خاوێنی خۆی و پەڕاوەکانی دابەش بکرێت .

- نمرەی تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرز لەسەر(٤٠)نمرە بێت، ئەم نمرەیەش بەپێی هەڵسەنگاندنی قوتابی بەپرسیاری زارەکی و خوێندنەوەو نوسین و ڕێنوسی سەر تەختە دابنرێت .

- بەکۆکردنەوەی نمرەی هەڵسەنگاندنی ڕۆژانەو تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرز، ئەنجامی کۆتایی وەرز دەستنیشان بکرێت (٦٠ + ٤٠) = ئەنجامی کۆتایی وەرز

- بەکۆکردنەوەی نمرەی کۆتایی هەردو وەرز، ئەنجامی دەرچون و دەرنەچونی کۆتایی ساڵ دیاربخرێت .

- ژمارەی قوتابیان لەناو پۆلدا لە(٢٥) قوتابی زیاتر نەبێت، بەلام ئەگەر زیاتر بو، یاریدەدەرەک بۆ مامۆستای بابەتی کوردی و بیرکاری دابنرێت، تا بتوانێت بەشێوەیەکی دروست بەدواداچون بۆ قوتابییەکان بکات .

((( **پۆلی یەکەم** )))

ئەگەر قوتابییەک لەهەردو بابەت یان لەیەکەک لەبابەتەکانی (کوردی - بیرکاری) لاوازبو، پێویستە بەر لەدەست پێکردنی خوێندنی ساڵی داهاتو، خولەکی بەهێزکردن بۆ ئەم قوتابییانە بکرێتەوە، ئەم خولەش لەلایەن مامۆستایەکی دیکە لەهەمان قوتابخانە

یان لەنێوان چەند قوتابخانەیەکی نزیکی یەکتر بەڕێوە ببردرێت، چونکە ئەگەر مامۆستایەکی دیکە، وانە بەم قوتابییانە بڵێنەوە، لەوانەیە سودی زیاتر وەربگرن، چونکە مامۆستای سال لەبابەتەکەدا دەگۆڕێت و قوتابی لاواز بەشێوازەکی جیاواز فێردەکرێت ئینجا بەشێوەیەکی سەربەخۆ تاقی بکرێنەوەو هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت تا بڕیار لەسەر دەرچون و دەرنەچونیان  بدرێت .

(((**پۆلی دووەم و سێیەم**)))

١- ئەگەر قوتابی لەکۆتایی وەرزدا، لەهەردو بابەتی کوردی و بیرکاری کەوتبو, لەخولی دووەمدا لەیەکێکیان کەوتەوە، بەدەرنەچو هەژماربکرێت .

٢- ئەگەر قوتابی لەکۆتایی وەرزدا، لەکوردی و بیرکاری دەرچوبو, بەڵام لەسێ بابەتی ترو کەمتر کەوتبو, مافی خولی دووەمی بمێنێت ئینجا ئەگەر لەیەکەک لەبابەتەکان کەوتەوە ، بەدەربازبون دەربچێت .

٣- ئەگەر قوتابی لەکۆتایی وەرزدا، لەیەکەک لەبابەتەکانی کوردی یان بیرکاری کەوتبو, لەگەڵیدا لەدو بابەتی تریش کەوتبو، مافی خولی دووەمی بمێنێت ئینجا ئەگەر لەبابەتەکی کوردی یان بیرکاری کەوتەوە بەدەرنەچو هەژمار بکرێت .

٤- تاقیکردنەوەی (کۆتایی وەرز- خولی دووەم) لەسەر (١٠٠)نمرە بێت، نمرەی هەڵسەنگاندنی پێشتری، ڕۆژانەو کۆتایی وەرزی بۆ هەژمارنەکرێت، چونکە لەم قۆناغەدا (منداڵ) قوتابی لەو پەڕی چالاکی و گەشەو گۆڕاندایە، بۆیە لەوانەیە جیاوازی تێگەیشتن و گەشەی ژیری لەکاتی خوێندن و پشوی هاویندا گۆڕانی بەسەرداهات بێت، ئەمەش وا پێویست دەکات بەشێوەیەکی سەربەخۆ و بەپێی ئەو کات و تەمەنەی کە تێیدایە هەڵ بسەنگێنرێت ئینجا بڕیاری لەسەر بدرێت کە ئەم قوتابییە لەپۆلەکەیدا بمێنێتەوە یان شایانی ئەوەیە دەربچێت، هەڵسەنگاندنەکەش بەپرسیاری زارەکی و خوێندنەوەو  نوسین و ڕێنوسی سەر تەختە دابنرێت .

**بازنەی دووەم : پۆلەکانی** (٤ — ٥ - ٦) **دەگرێتەوە**

١- لەم بازنەیەدا بێجگە لەزمانی دایک (کوردی) زمانەکانی (عارەبی و ئینگلیزی) یش بخوێنرێت .

٢ - تافیکردنەوەی نوسینەکی پەیڕەو بکرێت .

٣ – ئەنجامی تاقیکردنەوەکان بێجگە لەبابەتە بەهرەییەکانی (وەرزش و هونەرو میوزیک) بەژمارە بنوسرێت .

(((**پۆلی چوارەم و پێنجەم**)))
١ – هەڵسەنگاندنی ڕۆژانەی قوتابی لەسەر(٤٠)نمرە بێت، ئەم نمرەیەش بەسەر دو (٢٠) دابەش بکرێت :
– (٢٠)نمرەی یەکەم : بەپێی جێبەجێکردنی ئەرک و نوسین و خوێندنەوەو ڕێنوس و پابەندبون بەدەوام و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی ناو پۆلی قوتابی دابنرێت .
– (٢٠)نمرەی دووەم : نوسینەکی بێت، بەتاقیکردنەوەی سەرکاغەز دابنرێت .
٢– تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرز نوسینەکی بێت، لەسەر (٦٠)نمرە بێت ئینجا بەکۆکردنەوەی هەر سێ نمرە (٢٠ + ٢٠ + ٦٠) ئەنجامی کۆتایی وەرز دیاربخرێت .
٣ – کۆکردنەوەی نمرەی کۆتایی هەردو وەرز، پێوەری دەرچون و دەرنەچون بێت ... بەکۆکردنەوەی نمرەی کۆتایی هەردو وەرز ئەنجامی کۆتایی ساڵ دیاربخرێت :
ا– ئەگەر قوتابییەک لەچوار بابەت و زیاتر کەوت، مافی خولی دووەمی نەمێنێت .
ب – ئەگەر قوتابییەک لەسێ وانەو کەمترکەوت، مافی تاقیکردنەوەی خولی دووەمی هەبێت .
ج– ئەگەر قوتابییەک لەخولی دووەمدا، لەیەک بابەت کەوتەوە، بەپەڕینەوە لەمساڵەدا دەربچوێنرێت بەمەرجەک بابەتەکە زمانی دایک نەبێت .

(((**پۆلی شەشەم**))) **کۆتا پۆلی قۆناغی بنەڕەتی**
١– لەم پۆلەدا، تاقیکردنەوەکان بەم شێوەیە بێت :
– لەوەرزی یەکەمدا تاقیکردنەوەی مانگانە لەسەر(٥٠ نمرە) بێت، ئەم نمرەیەش دابەش بکرێت بەسەر هەلسەنگاندنی ڕۆژانە(٢٥ نمرە) + تاقیکردنەوەی سەر کاغەز (٢٥نمرە) ئینجا تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرز لەسەر(٥٠ نمرە) بکرێت، بەلام لەوەرزی دووەمدا تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرز نەبێت، هەلسەنگاندنی ڕۆژانە لەسەر (٢٥ نمرە) + تاقیکردنەوەی سەر کاغەز لەسەر(٧٥) نمرە بێت (دەتوانرێت ئەم نمرەیە بەسەر دو یان سێ تاقیکردنەوە دابەش بکرێت) ئینجا بەکۆکردنەوەی نمرەی هەردو وەرزو

دابەشکردنی بەسەر (٢) دا ئەنجامی داخیلبونی قوتابی بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی سال و قۆناغ دیاربخرێت، تاقیکردنەوەی کۆتایی قۆناغیش لەسەر ئاستی پەروەردەی قەزاو پەروەردەکانی ناوشار ڕێک بخرێت، لەسەر (١٠٠) نمرەبێت، بەتاقیکردنەوەی (فێربون) ناو ببرێت .

((٢٥) نمرەی هەلسەنگاندنی ڕۆژانە + (٢٥) نمرەی نوسینەکی مانگانە( و١) +(٥٠) نمرەی کۆتایی وەرزی یەکەم) + (٢٥) نمرەی هەلسەنگاندنی ڕۆژانە(و٢) + (٧٥) نمرەی نوسینەکی مانگانە(و٢) ÷ (٢))

٢- ئەگەر قوتابییەک ، لەچوار بابەت و زیاتر کەوت، مافی تاقیکردنەوەی کۆتایی نەمێنێت و لەم سالەدا بەدەرنەچو هەژمار بکرێت .

٣- ئەگەر قوتابییەک، لەتاقیکردنەوەی کۆتایی قۆناغ، لەچوار بابەت و زیاتر کەوت، لەم سالەدا بەدەرنەچو هەژمار بکرێت و مافی خولی دووەمی نەمێنێت .

٤- لەخولی دووەمدا ، دەربازبون نەبێت، دەبێت قوتابی لەهەمو وانە کەوتووەکان دەربچێت .

**قۆناغی سێیەم : گشتی**

(ئەم قۆناغە لەیەک بازنە پێک دێت و پۆلەکانی (٧ – ٨ – ٩) دەگرێتەوە)

١- فێرخوازانی ئەم قۆناغە بە(خوێنکار) بناسرێن .

٢- دەستەواژەی (فێرکار) بۆ فێرکەرانی ئەم قۆناغە بەکار بهێنرێت .

٣- فێرگەی ئەم قۆناغە بە(خوێندنگە) ناوبنرێن .

٤- پرۆگرامەکانی خوێندن لەم قۆناغەدا، لەپاڵ بابەتەکانی زمانی (کوردی و عارەبی و ئینگلیزی) و بەهرەییەکانی(هونەرو وەرزش و میوزیک) بۆ هەر بابەتەک (دو وانەی زانستی تەندروستی گشتی – دو وانەی ماتماتیکی – دو وانەی ویژەیی) لەخۆ بگرێت ئینجا بابەتەکان بەپێی برینی پۆلەکان فرەوان بکرێن و ڕێک بخرێن و گۆڕانکارییان تێدا بکرێت .

٥- خوێنکار لەم قۆناغەدا، بێجگە لەزمانی دایک و هەردو زمانی ئیجباری عارەبی و ئینگلیزی زمانەکی تری ئیختیاری بخوێنیت، ئەمەش بەپێی بەرنامەیەک ڕێک بخرێت کە ئارەزوی خوێنکاری تێدا ڕەچاوبکرێت و کاریگەری لەسەر بابەتەکانی تردا نەبێتز

٦- لەم قۆناغەوەڕا، خوێنکاران بەهەردو ئەلفبێی عارەبی و لاتینی فێرە نوسینی کوردی بکرێن .
٧- لەم قۆناغەوەڕا، خوێندنەوەی چیرۆکی درێژ پەیوەستی ئەدەب و ڕێزمانی کوردی بکرێت .
٨- لەم قۆناغەوەڕا، بابەتی پەروەردەی ئاینی پەیوەستی زمانی عارەبی بکرێت .
٩- لەم قۆناغەوەڕا، دەتوانرێت لەوەرزەکدا بابەتەک بخوێنرێت و لەوەرزەکەی تردا بابەتەکی تر, هەر وەرزەکیش بەجیا تاقیکردنەوەی بۆ بکرێت .
١٠- لەم قۆناغەوەڕا، وانەیەکی پڕاکتیکی هەبێت، کە خوێنکار فێرە دەستکاری ئەو کەلوپەلانە بکات، کە لەژیانی ڕۆژانەیدا دەیانبینێت یان کاری پێیان دەبێت تاوەکو ڕاهاتن و زانیاری سەرەتایی لەبوارە پیشەییەکانی وەک کارەباو چاککردنەوەی ئامێرو چێشت لێنان و ......تاد وەربگرێت .
١١- لەم قۆناغەوەڕا، بەپێی بەدەستهێنانی تێکڕای کۆتایی، خوێنکار بۆی دەربکەوێت، کە لەقۆناغی داهاتودا، لە چ بەشەک دەتوانێت درێژە بەخوێندن بدات .
١٢- لەم قۆناغەدا ماوەی وانەکان (٤٠) خولەک و دەرفەتی نێوانیان (١٠) خولەک بێت.

((( **پۆلی حەفتەم و هەشتەم** )))

١- تاقیکردنەوەی مانگانە لەسەر (٤٠)نمرە بێت، (٢٠)نمرە هەلسەنگاندنی ڕۆژانە بێت ، (٢٠)نمرە نوسینەکی .
- تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرز لەسەر(٦٠)نمرە بێت .
- کۆکردنەوەی (٢٠ + ٢٠ +٦٠ = ئەنجامی کۆتایی وەرز بێت .
٢- کۆکردنەوەی ئەنجامی کۆتایی هەردو وەرز ببێتە ئەنجامی دەرچون و دەرنەچون لەساڵەکەدا .
(ئەنجامی کۆتایی وەرزی یەکەم + ئەنجامی کۆتایی وەرزی دووەم = ئەنجامی کۆتایی ساڵ)
٣-ئەگەر خوێنکار بەئەنجامی کۆتایی سال لەچوار بابەت و زیاترکەوت، بەدەرنەچو لەم سالەدا هەژماربکرێت، بەلام ئەگەر کەمتر بو مافی خولی دووەمی هەبێت .
٤- لەخولی دووەمدا: بێجگە لەزمانی کوردی دەربازبون و پەڕینەوە لەیەک بابەتدا هەبێت بەمەرجەک سالی پێشو هەمان بابەت نەبوبێت .

((( **پۆلی نۆیەم** ))) **کۆتا پۆلی قۆناغی گشتی**

١- لەم پۆلەدا، تاقیکردنەوەکان بەم شێوەیە بێت :

لەوەرزی یەکەمدا : دو تاقیکردنەوەی مانگانە بکرێت، هەر تاقیکردنەوەیەک لەسەر (٢٥) نمرە بێت .

- تاقیکردنەوەی یەکەم / هەلسەنگاندنی ڕۆژانە بێت .

- تاقیکردنەوەی دووەم / بەنوسینی سەر کاغەز بێت .

- تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرز / لەسەر(٥٠) نمرە بێت، بەلام لەوەرزی دووەمدا : تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرز نەبێت، هەلسەنگاندنی ڕۆژانە لەسەر (٢٥ نمرە) + تاقیکردنەوەی سەر کاغەز لەسەر(٧٥) نمرە بێت (دەتوانرێت ئەم نمرەیە بەسەر دو یان سێ تاقیکردنەوە دابەش بکرێت) ئینجا بەکۆکردنەوەی نمرەی هەردو وەرزو دابەشکردنی بەسەر (٢) دا ئەنجامی داخیلبونی قوتابی بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی سال و قۆناغ دیاربخرێت .

((٢٥)نمرەی هەلسەنگاندنی ڕۆژانە + (٢٥) نمرەی نوسینەکی مانگانە) +(٥٠) نمرەی کۆتایی وەرزی یەکەم) + (٢٥) نمرەی هەلسەنگاندنی ڕۆژانە + (٧٥) نمرەی نوسینەکی مانگانە ÷ (٢))

٢- تاقیکردنەوەی کۆتایی قۆناغ لەسەر ئاستی پەروەردەی گشتی پارێزگاکان ڕێک بخرێت، لەسەر(١٠٠)نمرە بێت، بەتاقیکردنەوەی (پەروەردەیی) بناسرێت .

٣- ئەگەر خوێنکارەک لەئەنجامی کۆتایی قۆناغدا، لەچوار بابەت و زیاتر کەوت، بەدەرنەچو لەم ساڵەدا هەژماربکرێت و مافی خولی دووەمی نەمێنێت، بەلام ئەگەر کەمتر بو، مافی خولی دووەمی هەبێت .

٤- تاقیکردنەوەی کۆتایی لە (٩) بابەت بکرێت، بابەتەکانیش (دو بابەتی تەندروستی + دو بابەتی ماتماتیکی + دو بابەتی وێژەیی + هەرسێ بابەتی زمانی کوردی و عارەبی و ئینگلیزی) بێت ئینجا بەپێی ئەو تێکڕایەی کە دەردەچێت، خوێنکار لەو بەشە شایستەیە وەربگیرێت کە لەقۆناغی ئامادەیی بۆی دەگونجێت .

**قۆناغی چوارەم : ئامادەیی**

(لەم قۆناغەدا خوێنکار ئامادە بکرێت، کە لە چ بوارەکی زانکۆییدا بخوێنیت)

- ئەم قۆناغە لەیەک بازنە پێک دێت، کە پۆلەکانی ( ١٠ - ١١ - ١٢) دەگرێتەوە، دابەش دەبێت بۆ سێ بەشی سەرەکی :

بەشی یەکەم : زانستی (ماتماتیکی – تەندروستی)
بەشی دووەم : وێژەیی
بەشی سێیەم : پیشەیی (کشتوکال – پیشەسازی)
(لەهەر بەشەک لەم بەشانەدا(٨) بابەت بخوێنرێت، کە سێ بابەتی سەرەکی پەیوەندی بەبەشەکەوە هەبێت لەگەڵ دو بابەتی بەشەکانی تر ئینجا لەگەلیاندا هەر سێ زمانەکە بخوێنرێت)

١- فێرخوازانی ئەم قۆناغە بە (خوێنکار) بناسرێن .
٢- دەستەواژەی (فێرکار) بۆ فێرکەرانی ئەم قۆناغە بەکار بهێنرێت .
٣- فێرگەکانی ئەم قۆناغە بە (خوێندنگە) ناوبنرێن .
٤- لەم قۆناغەدا کات و ماوەی وانەکان (٥٠) خولەک و دەرفەتی نێوانیان (١٠) خولەک بێت .

## - بەشی زانستی تەندروستی

لەم بەشەدا سێ بابەتی زانستی تەندروستی تایبەت بەبونەوەرو زیندەوەرو مرۆڤ و ئاژەڵ و ڕوەک و بەشەکانی کیمیا....تاد بخوێنرێت ئینجا لەگەڵیاندا یەک بابەتی بیرکاری و وێژەیی و هەرسێ زمانەکە .

## - بەشی زانستی ماتماتیکی

لەم بەشەدا سێ بابەتی زانستی ماتماتیکی تایبەت بەژمێریاری و ئەندازەیی و بیرکاری و جەبرو جیاکاری و بەشەکانی فیزیا......تاد بخوێنرێت ئینجا لەگەڵیاندا یەک بابەتی زانستی تەندروستی و وێژەیی و هەرسێ زمانەکە .

## - بەشی وێژەیی

لەم بەشەدا سێ بابەتی وێژەیی تایبەت بەمێژو و جوگرافیا و کۆمەڵناسی و نیشتیمانی و ئابوری و بازرگانی و یاسا گشتییەکان....تاد بخوێنرێت ئینجا لەگەڵیاندا یەک بابەتی زانستی تەندروستی و ماتماتیک و هەرسێ زمانەکە .

(((**پۆلی دەیەم و یازدەیەم**)))

١ – هەڵسەنگاندنی مانگانە لەسەر (٤٠)نمرە بێت ،

- (٢٠)نمرە هەلسەنگاندنی ڕۆژانە بێت ،

- (٢٠)نمرە نوسینەکی بێت .

- نمرەی کۆتایی وەرز لەسەر (٦٠)نمرە بێت .

٢ - لەکۆکردنەوەی نمرەی کۆتایی هەردو وەرزدا، ئەنجامی کۆتایی ساڵ دیاربکرێت .

٣- ئەگەر خوێنکارەک بەکۆکردنەوەی نمرەی کۆتایی هەردو وەرز، لەچوار بابەت زیاتر کەوت بەدەرنەچو هەژماربکرێت و مافی خولی دووەمی نەمێنێت .

## بەشی پیشەیی

ئەم بەشە بەشێوەیەکی تایبەت ڕێک بخرێت، کە لەخزمەتی پەرەپێدانی هەردو کەرت و پێداویستییەکانی (کشتوکاڵ و پیشەسازی) ناوخۆدا بێت .

- بەشی کشتوکال هەمو ئەو بابەتانەی تێدا بخوێنرێت، کە پەیوەندی بەڕووەک و بەچاندن و چنینەوەی بەروبوم و بەخێوکردنی ئاژەل و بابەتە خۆراکییەکانەوە هەبێت.

- بەشی پیشەسازی هەمو ئەو بابەتانەی تێدا بخوێنرێت، کە پەیوەندی بەهۆکارەکانی گواستنەوەو بەئامێرە ئەلکترۆنی و دروستکردن و چاککردنەوەی کەلوپەلە کارەباییەکانەوە هەبێت .

٢ – لەم بەشەدا، لەپاڵ بابەتە پیشەییەکان, هەرسێ زمان و یەک بابەتی زانستی (تەندروستی و ماتماتیک) و وێژەیی بخوێنرێت .

٣ - پرۆگرامەکانی ئەم بەشە زیاتر پراکتیکی بێت، بۆ ئەوەی لەدوارۆژدا، خوێنکارەکی پیشەوەری شارەزاوکارامە لەبوارەکی پیشەیی بەشێوەیەکی زانستی بەرهەم بهێنێت .

٤- دانانی نمرەو هەڵسەنگاندنی ئەم بەشە جیاوازی هەبێت لەگەل بەشەکانی تردا، نیوەی نمرە تاقیکردنەوەی پراکتیکی بێت، نیوەکەی تری نوسینەکی بێت ئینجا بەکۆکردنەوەی هەردو نمرە ئەنجامی دەرچون و دەرنەچونی سال دیاری بکرێت .

٥- ڕێژەیەکی دیاریکراو لەم بەشە لەپەیمانگاو کۆلیژەکانی نزیک لەپسپۆڕییەکانیان وەربگیرێن و بەردەوامی بەخوێندن بدەن

((( پۆلی دوازدەیەم))) کۆتا پۆلی قۆناغی ئامادەیی

١- لەم پۆلەدا، تاقیکردنەوەکان بەم شێوەیە بێت :

وەرزی یەکەم : هەڵسەنگاندنی ڕۆژانە (٢٥ نمرە) + تاقیکردنەوەی نوسینەکی (٢٥ نمرە) ئینجا تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرز لەسەر (٥٠) نمرە بکرێت .

وەرزی دووەم : تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرز نەبێت، هەڵسەنگاندنی ڕۆژانە لەسەر (٢٥ نمرە) + تاقیکردنەوەی سەر کاغەز لەسەر(٧٥) نمرە بێت (دەتوانرێت ئەم نمرەیە بەسەر دو یان سێ تاقیکردنەوە دابەش بکرێت) ئینجا بەکۆکردنەوەی نمرەی هەردو وەرزو دابەشکردنی بەسەر (٢) دا ئەنجامی داخیلبونی خوێنکار بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی قۆناغ دەربهێنرێت، ئەم تاقیکردنەوەیەش لەسەر ئاستی وەزاری ڕێک بخرێت و بەتاقیکردنەوەی (وەزاری) بناسرێت .

(٢٥ + ٢٥ ) نمرەی تاقیکردنەوەی مانگانەی وەرزی یەکەم) +(٥٠) نمرەی تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرزی یەکەم) + (٢٥ + ٧٥) نمرەی تاقیکردنەوەی مانگانەی وەرزی دووەم ÷ (٢)

- ئەگەر لەچوار بابەت و زیاتر کەوت، مافی تاقیکردنەوەی کۆتایی قۆناغی نەمێنێت و بەماوە لەمسالەدا هەژمار بکرێت، بەلام ئەگەر کەمتربو ئەو مافەی هەبێت .

- لەهەر چوار بەشدا، تاقیکردنەوەی کۆتایی، لە(٨) بابەتدا بکرێت، کە بەم شێوەیە بێت : (سێ بابەتی بەشی سەرەکی + دو بابەتی بەشەکانی دی + سێ بابەتی زمان)

یەکەم : تاقیکردنەوەی کۆتایی بەشی زانستی تەندروستی

(٣ سێ) بابەتی زانستی تەندروستی + (١ یەک) بابەتی ماتماتیک + (١یەک) بابەتی ویژەیی + (٣ سێ) زمانەکە .

دووەم : تاقیکردنەوەی کۆتایی بەشی زانستی ماتماتیکی

(٣ سێ) بابەتی زانستی ماتماتیکی + (١ یەک)بابەتی تەندروستی + (١ یەک)بابەتی ویژەیی + (٣ سێ) زمانەکە .

سێیەم : تاقیکردنەوەی کۆتایی بەشی ویژەیی

(٣ سێ) بابەتی ویژەیی + (١ یەک) بابەتی تەندروستی + (١ یەک) بابەتی ماتماتیکی + (٣ سێ) زمانەکە .

چوارەم : تاقیکردنەوەی کۆتایی بەشی پیشەیی (کشتوکاڵ) یان (پیشەسازی) :

(٣ سێ) بابەتی پیشەیی + (١ یەک) بابەتی زانستی (تەندروستی + ماتماتیک) + (١ یەک) بابەتی ویژەیی + (٣ سێ) زمانەکە

تاقیکردنەوەی کۆتایی قۆناغی ئامادەیی لەسەر (٨٠) نمرە بێت ئینجا تێکڕای بابەتەکانی لێ دەربهێنرێت پاشان لەگەلیدا خوێنکار (٢٠)نمرەی تێکڕا لەئەنجامی کۆتایی قۆناغی گشتی لەگەل خۆیدا بهێنێت تاوەکو بەکۆکردنەوەی هەردو تێکرا تێکڕایەکی گشتی لەسەر (١٠٠)نمرە بۆ دەربچێت ئینجا بەپێی بەرزی و نزمی ئەم تێکڕایە لەبەشەکانی زانکۆو پەیمانگاکان وەربگیرێت

**قۆناغی پێنجەم : زانکۆیی**

١- ئەم قۆناغە بەشەکانی پەیمانگاو کۆلیژەکان دەگرێتەوە .

٢- کاری ڕێکخستن و پڕۆگرامەکانی ئەم قۆناغە بەوەزارەتی خوێندنی باڵا بسپێردرێت.

٣- ئەم قۆناغە بەرهەمهێنەری تاکەکی کارامەو شارەزاو پسپۆڕ بێت لەبوارەکی تایبەتدا

٤- خوێنکاران لەم قۆناغەدا بە(فێرخواز) بناسرێن .

٥- فێرگەکانی ئەم قۆناغە بەزانکۆ(کۆلیژو پەیمانگە) ناوبنرێن .

٦- دەستەواژەی (مامۆستای زانکۆ) بۆ فێرکارانی ئەم قۆناغە بەکار بهێنرێت .

میکانیزمەکانی پەڕینەوەی خوێنکاران لەنێوان قۆناغەکاندا

قۆناغی بنەڕەتی ئەو قۆناغەیە، کە قوتابی تێیدا فێرە نوسین و خوێندنەوە دەبیت، بۆیە مەرجی وەرگرتنیان لەقۆناغی داهاتودا تەنیا دەرچون دەبێت، لەمەشدا هەمو دەرچووانی ئەم قۆناغە بەشێوەیەکی یەکسان ئەو مافەیان بۆ دەستەبەر دەبێت، کە لەقۆناغی گشتی بەردەوامی بەخوێندن بدەن، بەلام دەرچووانی قۆناغی گشتی بۆ قۆناغی ئامادەیی و دەرچووانی ئامادەیی بۆ زانکۆکان، ئەو مافە یەکسانەیان نامێنێت، بەلکو دەبێت هاوبڕکێی وەرگرتنیان بۆ بەشەکان لەنێواندا دروست بکرێت، حەزو ئارەزوی خوێنکارو بەرزی و نزمی تێکڕاکانیان ڕەچاو بکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە سالانە نمرەیەکی جیاکەرەوە بۆ وەرگرتن و وەرنەگرتنی دەرچووانی قۆناغی گشتی پۆلی (٩) لەبەشەکانی ئامادەیی ... دەرچووانی ئامادەیی پۆلی(١٢) لەزانکۆکان، لەوەزارەتەوە دیاربکرێت ئینجا ئەم نمرەیە بەراوردی تێکڕای نمرەی کۆتایی قۆناغەکان بکرێت، کە لەدابەشکردنی نمرەکانی تاقیکردنەوەی کۆتایی بەسەر ژمارەی بابەتەکان بەدەستیان دەهێنن، دیاریکردنی ئەم نمرەیەش سالانە لەلایەن وەزارەتەوە

بەشێوەیەکی هاوسەنگ دەستنیشان بکرێت ئینجا بەپێی ئەو تێکڕایە خوێنکار لەو بەشەی قۆناغی داهاتو وەربگیرێت، کە شایستەترە، لەمەشدا ڕەچاوی پێداویستی بوارەکان و هەبونی کورسی لەبەشەکانی زانکۆو پەیمانگاکان و پڕکردنەوەی بۆشایی میلاک لەفەرمانگەو ناوەندە خزمەتگوزارییەکان و بواری پۆلیس و سەربازی بکرێت .

لەقۆناغی گشتیدا : کۆکردنەوەی نۆ نمرەی تاقیکردنەوەی کۆتایی بابەتەکان و دابەشکردنی بەسەر ژمارە(٩)دا .

لەقۆناغی ئامادەییدا : کۆکردنەوەی هەشت نمرەی تاقیکردنەوەی کۆتایی بابەتەکان و دابەشکردنی بەسەر ژمارە(٨) دا .

١- ئەگەر تێکڕای خوێنکارەک لەنمرەی وەزارەت بەرزتربو، ئەوا ئەم خوێنکارە ماف و هاوبڕکێی وەرگرتنی لەیەکەک لەبوارو بەشەکان بۆ دەستەبەر ببێت، ئەمەش بەشێوەیەک ڕێک بخرێت، کە بەشی زانستی تەندروستی بەبەراورد بەبەشەکانی تر لەهەردو قۆناغدا پێشبەندی هەبێت و بەبەرزترین تێکڕا خوێنکارەکانی لێوەربگیرێت پاشان ماتماتیکی ئینجا بەوێژەیی و لەدواتردا بەپیشەیی ڕیزبەند بکرێت .

٢- ئەگەر خوێنکارەک لەتاقیکردنەوەکانی کۆتایی دەرچوبو، بەلام تێکڕایەکەی لەنمرەی وەزارەت کەمتر بو، ئەم خوێنکارانە سود لەم خولانە وەربگرن، کە سالانە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی ناوخۆ، لەبوارە جیاوازەکانی کاری پیشەیی و خزمەتگوزاری و ئاینی و سەربازی.....تاد کە بەمەبەستی کارامەیی و شارەزایی و پسپۆڕی لەبوارە جیاوازەکان ئەنجام دەدرێن .

### دەرهێنانی تێکڕا لەقۆناغی گشتی

پەڕینەوەی خوێنکار لەقۆناغی گشتی بۆ یەکەک لەبەشەکانی ئامادەیی بەپێی بەرزی و نزمی تێکڕاکەی بێت ئینجا بەپێی ئەم تێکڕایە خوێنکاران لە بەشەک لەو بەشانەدا وەربگیرێن، کە لە ئامادەیی بۆیان دەگونجێت، ئەویش بەپێی ئەو ڕیزبەندییە بێت (زانستی تەندروستی - زانستی ماتماتیکی - وێژەیی - پیشەیی) دەرهێنانی تێکڕاکەش بەم شێوەیە بێت :

- کۆکردنەوەی (نمرەی سێ زمانەکە +نمرەی دو بابەتی زانستی تەندروستی + نمرەی دو بابەتی زانستی ماتماتیکی + نمرەی دو بابەتی وێژەیی) ÷ ٩

## دەرهێنانی تێکرا لەقۆناغی ئامادەیی

لەو کاتەی کە خوێنکارەک لەتاقیکردنەوەکانی کۆتا پۆلی (١٢)ی ئامادەیی سەرکەوتو دەبێت، ئەو مافەی بۆ دەستەبەر دەبێت، کە لەپەیمانگاو زانکۆکان درێژە بەخوێندن بدات بەمەرجەک تێکرا گشتییەکەی لەو نمرەیە بەرزتر بێت، کە سالانە لەوەزارەتەوە بۆ وەرگرتن و وەرنەگرتنی خوێنکاران لەپەیمانگاو زانکۆکان دیاری دەکرێت،
بۆنمونە :

– (ئەگەر خوێنکارەک لەپۆلی دوازدە : ئەم نمرانەی لەهەشت بابەت لەسەر(٨٠) بەدەستهێنابێت، بەدابەشکردنی بەسەر (٨)دا ئەم تێکرایەی بۆ دەردەچێت )
(٧٥ + ٧٣ + ٨٠ + ٧٠ + ٦٥ + ٧٤ + ٦٨ + ٦٥ ) = ٥٧٠ ÷ ٨ = ( ٢٥، ٧١) لەسەر (٨٠)

– (ئەگەر خوێنکارەک لەپۆلی نۆ: ئەم نمرانەی لەنۆ بابەت لەسەر (١٠٠) بەدەستهێنابێت، بەدابەشکردنی بەسەر (٤٥)دا ، ئەم تێکرا ڕێژەیییەی لەسەر(٢٠) بۆ دەردەچێت)
(٦٧ + ٧١ + ٧٢+ ٨١ +٧٠ + ٥٧ + ٨٢ + ٨٣ + ٦٥ = ٦٤٨ ÷ ٤٥ =(٤ ، ١٤ )
لەسەر(٢٠) ئینجا بەکۆکردنەوەی هەردو تێکرا، خوێنکار تێکڕایەکی لەسەر(١٠٠)نمرە بۆ دەردەچێت، کە بەم شێوە دەبێت ( ٢٥، ٧١) + (٤.٠ ، ١٤ ) دەکاتە ( ٦٥ ،٨٥ )لەسەر (١٠٠) ..... ئەم تێکڕایەش بۆ وەرگرتنی خوێنکاران لەبەشەکانی زانکۆ(کۆلێژو پەیمانگا) کان پشتی پێ ببەسترێت .

لەکۆتاییدا دەلێین : لەوانەیە ڕۆژەک دابێت ئەم سیستەمەش پێویستی بەگۆڕان هەبێت، بەلام بەلای ئێمەوە جێبەجێکردنی ئەم سیستەمە بۆ ئەم قۆناغەی کە ئێستا تێیدا دەژین لەسیستەمی لاسایی پەسندترە، چونکە لەگەل پێداویستی و تایبەتمەندییەکانی خۆماندا دەگونجێت ... زۆرترین ڕێژەی ژیری و زیرەکی و شایستەیی تێدا دەردەکەوێت ... وا دەکات هەمو کەسەک خوێندەوار بێت، بەلام ناهێلێت هەمو خوێندەوارەک شەهادەدار بێت، ئەمەش سودی بۆ شکۆو گرنگی پڕۆسەکەو دوارۆژی نەتەوەکەمان دەبێت، چونکە کەمی پوخت و کەسی شایستە دەکاتە پێشەنگ و خاوەن شەهادەی شیاو، زۆری بۆرو کەسانی ناشایستە، بەئاستی خۆیان لەقۆناغەک لەقۆناغەکان جێ دەهێلێت لەهەمانکاتدا دەتوانرێت ئەو هەستەشی تێدا دروست بکرێت، کە لەخزمەتی مرۆڤایەتی و نەتەوەییدا بێت، بەمەرجەک، ئەگەر

پرۆسەکە لەلایەن خەلکانی پسپۆڕو دلسۆزو خەمخۆرو شارەزاوە بەڕێوەببردرێت و سەرپەرشتی بکرێت، بەلام لەگەل هەمو ئەمانەشدا، دان بەو ڕاستییەدا دەنێین، کە مەرج نییە هەمو شەهادەدارەک خاوەن پەروەردەبونەکی تەندروست بێت … بیرکردنەوەی لەخزمەتی مرۆڤایەتی و نەتەوەکەیدا بێت یان خاوەن ڕۆشنبیری و زانیارییەک بێت، کە لەئاستی شەهادەکەیدا بێت، چونکە بەپێی ئەزمون و دەرئەنجامەکان، ئەو ڕاستییە بۆ هەمو لایەک ڕونبۆتەوە، کە ئەوە بەرژەوەندییە زۆربەی مرۆڤەکان دەجولێنێت، نەوەکو هەبونی شەهادەو ئاستی ڕۆشنبیری، بۆیە شەهادە بەپێوەری دلسۆزی و هەبونی هەستی مرۆڤایەتی و نەتەوەیی نازانرێت.

هەواڵنامەی کێتێب

دۆسیێیەکی تایبەت
بە زمانی ستانداردی کوردی

ئامادەکردنی: گۆڤاری زمان و زار

د.هیوا سەلام خالد:

# زمانی ستاندارد زیاتر وابەستەی هەبوونی دەسەڵاتە

بەمەبەستی قسەکردن لەسەر پرسی زمانی ستانداردی کوردی و پێشنیاز و ڕێگەچارەکانی ، چەند پرسیارێکمان ڕوو بەڕووی چەند کەسایەتیەکی ئەکادیمی و زماننناس کردەوە، دیارە سەبارەت بە هەر هۆکارێک بێت، هەندێ لەو بەڕێزانە ئامادەگی ئەوەی تێدا نەبوو وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە، هاوکات هەندێ لەو مامۆستاو زمانناسانە دڵسۆزانە هاتنە وەرام وبە خۆشحاڵییەوە هەوڵدەدەین لەهەر ژمارەیەکی گۆڤاری زمان و زار وەرامی یەکێکیان بخەینە بەر چاوی خوێنەرانی هێژاو خۆشەویست، د.هیوا سەلام خالد هەڵگری دکتۆرا لە زمان و کولتووری کوردی لە زانکۆی دیجلەی دیاربەکری باکووری کوردستان، ماستەر لە خوێندنی کوردیی زانکۆی ئێکسیتەر – بەریتانیا، هەروەها بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردیی زانکۆی کۆیە – کۆیەی باشووری کوردستان. وەرامی پرسیارەکانی داینەوە و بۆ بەرچاوڕوونیش لێرەدا پرسیارەکان لە پێشەکی ئەو هەڤپەیڤینەدا وەک دیالۆگێکی کراوە دەخەینە بەرچاوی خوێنەرانی هێژای گۆڤارەکەمان ، بەو هیوایەی ببێتە سەکۆیەک بۆ وتوویژو سەکردنلەسەر ئەو پرسە گرنگەی زمانەکەمان:

•تا چەند باوەڕت بە زمانی ستاندارد هەیە و پێناسەت بۆ زمانی ستاندار چییە وچۆن دەڕوانیتە پرسی جووتستانداردی بۆ زمانی کوردی•کۆسپەکانی سەر ڕێی زمانی ستانداردی کوردی چین، نووسەران تا چەند لە جیهانی سایبەریدا(سۆسیال میدیاو ئینتەرنیت) لە پێناو زمانێکی ستاندارد یان پێوەر دەور دەبینن•ئەکادیمیای کوردی چی دەورێکی لە چاودێری کردن بەسەر زمانی کوردیدا دەبینن•لە پێناو بە کوردیکردنی زاراوە نوێباوەکانی سەردەمدا کێ بەرپرسە.

کێ بەرامبەر ئەو پاشاگەردانییەی لە زمانی کوردی درووست بووە بەرپرسە و هۆکارەکانی چین، کە هێشتا میدیای کوردی خاوەنی زمانێکی ستاندارد نییە•پێتوایە بوونی دووجۆرە ڕێنووس یان پتر خزمەتی زمانی کوردی دەکات•ئایا فرەیی لە ژمارە و نفووس دەبێتە هۆکار بۆ درووست بوونی زمانی ستانداردی کوردی•چۆن چاو لە پرسی هەبوونی پرۆژە و سیاسەتی زمانی بۆ زمانی ستاندارد بکەین، سەردەمی جیهانگیریی هەڕەشەیە یان دەرفەتیکە بۆ زمانی ستانداردی کوردی؟

**⁎تا چەند باوەڕت بە زمانی ستاندارد هەیە؟**

**د.هیوا سەلام:** بابەتی هەبوون یان نەبوونی زمانی ستاندارد پەیوەندیدارە بە بارودۆخی زمانێکی دیارکراوەوە، نەک بە باوەڕبوون یان باوەڕنەبوون. ئێمە نابێت بە چاوی زمانەکانی دیکە لە زمانی خۆمان بڕوانین و بڵێین مادام فلان و فیسار زمانی ستانداردیان هەیە، کەواتە دەبێت زمانی ئێمەش لە هەمان ڕەوش و بارودۆخدا بێت. زمانی ستاندارد زیاتر وابەستەی هەبوونی دەسەڵاتە. چونکە مرۆڤ هەتا دەسەڵاتێکی دیارکراوی نەبێت لەوانەیە پێویستی بە زمانێکی ستاندارد نەبێت. چونکە لە ژیانی ڕۆژانەی خۆماندا دەکرێت ئێمە بە زار و زمانی جیاوازیش قسە بکەین و لە یەکدییش تێ بگەین. دەتوانین شیعر بە زمان و زاری جیاوازیش بنووسین و گۆرانی بە زمان و زاری جیاوازیش بڵێین و چێژیشیان لێ ببینین. ئەمەش هەر هەمان شتە کە کوردانی کۆن کردوویانە. بەڵام لەو شوێنەی دامودەزگا دێتە ناوەوە و خوێندن دەست پێ دەکات، ئنجا پرسیاری کام زمان و کام زار دەست پێ دەکات. ئێمە لە بارودۆخی ئێستای کوردستانی گەورەدا دامودەزگای هاوبەشمان نییە، بۆیە هەموو قسەکردنێک لەسەر بەستانداردکردنی زارێک لەوانەیە زیانەکانی زۆرتر بن. لە ڕۆژئاوای کوردستان زاری کورمانجی بە ڕێنووسی لاتینی لە کار دایە، لە پارێزگای دهۆک شێوەزاری بادینیی زاری کورمانجی بە ڕێنووسی عەرەبیی چاککراوی هاوشێوەی کوردیی ناوەندی (سۆرانی) لە کاردایە و لە بەشەکانی دیکەی هەرێمی کوردستانی عێراق زاری کوردیی ناوەندی لە کاردایە. لەم بارودۆخەدا دەکرێت بپرسین کە ئایا دەکرێت ستانداردێک بەسەر ئەو سێ ناوچەیەدا بسەپێنین و خەڵکیش قبووڵیان بێت. بێگوومان وەڵامەکە ئاسانە و پێم وایە هەمووومان دەیزانین کە نەخێرە! تەنانەت لە نێوان کورمانجیی ستاندارد و شێوەزاری بادینییش ئەم ڕێککەوتنە نەهاتۆتە ئاراوە. هەر بۆیە من پێم وایە هەوڵدان بۆ بەستانداردکردنی کوردی هەوڵدانێکی واقیعی نییە و شکست دەهێنێت. لە جیاتی ئەمە دەکرێت زارەکان لەناوخۆی خۆیاندا و بە ڕەچاوکردنی دەستووری زارەکانی دیکە ستاندارد بکرێن. ئەمەش بە جۆرێک لە جۆرەکان هەیە و جێی گرتووە. بۆ نموونە ئەو دوو شێوازە ستانداردەی بۆ کوردیی ناوەندی و کورمانجی دروست بووە، جێیان گرتووە و بەکار دەهێندرێن.

***پێناسەت بۆ زمانی ستاندار چییە و چۆن دەڕوانیتە پرسی جووتستانداردی بۆ زمانی کوردی؟**

**د.هیوا سەلام:** زمانی ستاندارد بریتییە لە سەپاندنی زارێکی زمانێک بە پاڵپشتیی هێز و دەسەڵات بەسەر شێوەکانی دیکەی هەمان زماندا، ئیتر ئەو هێز و دەسەڵاتە دەکرێت سەربازی بێت هەر وەکوو ئەوەی تورکەکان بەرامبەر زمانی تورکی کردییان، دەکرێت ئایینی بێت وەکوو ستانداردی زمانی عەرەبی و دەکرێت هێز و دەسەڵاتی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بێت وەکوو ستانداردی زمانی فەڕەنسی و ئینگلیزی. هەر ئەمەش هۆکاری دەرکەوتنی خواستی بەستانداردکردنی زمانی کوردییە. کاتێک لەناو کورددا هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەسەڵات پەیدا دەکەن بیر لە سەپاندنی زاری کوردیی ناوەندی بەسەر زارەکانی دیکەدا دەکەنەوە. بەڵام ئەم هەوڵە لە بەرانبەر زاری کورمانجیدا شکست دەهێنێت و لە قۆناغی دووەمدا پێشنیازی جووتستانداردی دێتە پێشەوە. جوتستانداردی بریتییە لە هەوڵی کوردیی ناوەندی و کوردیی باکوری بەیەکەوە، ئەم دووانە پێکەوە دەیانەوێت خۆیان بسەپێنن چونکە لە ڕووی سیاسییەوە ئاخێوەرانی ئەم دوو زارە دەسەڵاتی سەربازییان بە بەراورد بە ئاخێوەرانی دیکەی زارەکانی دیکەی زمانی کوردی بەهێزە. بەڵام من پێم وایە زمانی کوردی لە ئێستادا پێویستی بە ستاندارد نییە هێندەی پێویستی بە یەکخستنی ئەلفبێیەکەی هەیە. ئەمە بەو مانایە نا کە پێویست ناکات زارەکان لەیەکتر نزیک بکەین، نا، بەڵکوو من پێم وایە ئێمە پێویستمان بە پلانی زمانیی درێژخایەن هەیە بۆ کارکردن لەسەر لەیەکدی نزیکردنەوەی زارەکانی زمانی کوردی نەک بڕیاردان لەسەر زارێک بۆ ئەوەی ببێتە ستاندارد یان دوو زار بۆ ئەوەی ببنە ستاندارد. من لە ٢٠١٥دا ئەوەم لە چوارچێوەی تیۆری بەردەوامیی زمانی خستە ڕوو. ئەگەر لێرەدا نموونەیەکی سادە بخەمە ڕوو: زۆرینەی قسەکەرانی هەردوو زاری کوردیی ناوەندی و کورمانجی بۆ نەناسراوی مۆرفیمی (ەک) بەکار دەهێنن. بەڵام لە ستانداردی کوردیی ناوەندیدا ئێمە (ێک) بەکار دەهێنین. هۆکاری ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەوانەی ڕێزمانی زاری کوردیی ناوەندییان نووسییەوە خەڵکی سلێمانی بوون. لێرەدا ئەگەر ئێمە خواستی لەیەکدی نزیکردنەوەی زارەکانی زمانی کوردیمان هەبێت دەبێت لە خۆمانەوە دەست پێ بکەین و ئنجا داوای هەنگاوی هاوشێوە لە کورمانجی و کوردیی باشووری و هەورامی و زازاکییش بکەین. ئەگەر سبەی لیژنەی وەزارەتی پەروەردە لە پەرتووکەکانی خوێندن لەجیاتی بنووسێت (کوڕێک/کچێک) بنووسێت (کوڕەک/کچەک)، نووسینەکە لە جیاتی

ئەوەی بە تەنیا کوردیی ناوەندی بێت، ڕاستەوخۆ دەبێتە وشەی هەردوو زاری کوردیی ناوەندی و کورمانجی. ئەمە لە کاتێک دایە کە وشەکە هەر لە چوارچێوەی کوردیی ناوەندی ماوەتەوە و تەنیا ئامانجمان هاوبەشییە، نەک دەرخستنی جیاوازییەکان. ئەگەر شێوەزاری هەولێری یان موکریانی لە شتێکدا لە زارەکانی دیکە نزیکترن با سوودیان لێ ببینین، چ پێویست دەکات لەسەر کۆمەڵێک شت بچەقین؟! لە بەرامبەریشدا دەتوانین شتێکی هاوشێوە لە کورمانجی و زارەکانی دیکەش بخوازین. بۆ نموونە لە وشەکانی وەکوو (بچیک، هەمی...هتد) دەکرێت ئەوانیش بادینی بەکار نەهێنن و شێوەزاری ناوەندیی کورمانجی (مێردین، ئامەد، باتمان) بەکار بهێنن کە هاوشێوەی ئێمە دەڵێن (بچووک، هەموو...هتد.). بە کورتی و بە کورمانجی دەتوانم بڵێم چارەسەرەکان ئاسانترن لەوەی کە ئاڵۆز کراون، ئەگەر خواستی چارەسەر هەبێت. هەموو ئەوەش پێی دەگووترێت پلانی زمانی نەک بەستانداردکردنی زمان.

***کۆسپەکانی سەر ڕێی زمانی ستانداردی کوردی چین؟**

**د.هیوا سەلام**: وەکوو لە پرسیارەکانی پێشوودا ئاماژەم پێدا، کە زمانی ستاندارد گرێدراوی دەسەڵاتە. کۆسپی سەرەکیی بەردەم هەبوونی زمانی ستانداردی کوردی نەبوونی دەسەڵاتێکی هاوبەشیی کوردییە. ئەمەش مانای ئەوە نییە کە دەست لە زمانەکە بەر بدەین، بەڵام دووبارەی دەکەمەوە کە دەسەڵاتە کوردییەکان پێویستە لەسەر لیژنەیەکی هاوبەش بۆ پلاندانان بۆ زمانی کوردی نەک بەستانداردکردنی ڕێک بکەون. ئەگەر ئێمە گەییشتینە قۆناغێک کە زۆر لە یەکدییەوە نزیک بین، بە شێوەیەکی خۆڕسکانە زمانی هاوبەش خۆی دەر دەخات. هەر کەسێک لە لیژنەی لەم جۆرە بێت لانیکەم دەبێت زارەکانی زمانی کوردی بزانێت. ئەگەر خواستی دروستکردنی لیژنەی لەم جۆرە هەبێت پێویست بە دووبارەکردنەوەی هەمان دەمووچاوەکانی پێشوو ناکات، دەکرێت حکوومەت لیژنەیەکی دە کەسیی گەنج لە دەرچووانی نوێی زانکۆکان دروست بکات. پێنج ساڵ تەرخان بکات بۆ ئەوەی ئەو کەسانە بنێرێتە شوێنی جیاواز و مامۆستایان بۆ دابین بکات و فێری هەموو زارەکان بین، دواتر خوێندنی باڵا لە بواری زمانەوانی بخوێنن، ئنجا بێن قسە لەسەر ئەم بابەتانە بکەن. ناکرێت کەسێک کە دوو وشەی هەورامی نازانێت، قەت زازاکی نەبیستووە، نازانێت کورمانجی بخوێنێتەوە و هەرگیز ئیلامی نەبینیوە بێت قسە لەسەر داهاتووی زمانی

کوردی بکات. ئەمە بۆ کاکی بادینی و دادەی کرماشانی و نووسەرێکی هەورامانیش هەر ڕاستە. هەر بۆیە ناچارم بڵێم کە کۆسپی سەرەکیی زمانی کوردی نەبوونی پلان و چەقینە لە کۆمەڵێک دەستەواژەی سواو.

*** تا چەند نووسەرانی کورد لە جیهانی سایبەریدا(سۆسیال میدیاو ئینتەرنیت) لە پێناو زمانێکی ستاندارد یان پێوەر دەور دەبینن؟**

**د.هیوا سەلام:** بەداخەوە کە خەڵکێکی بێشوومار بە زمانی کوردی قسە دەنووسن و لەبارەی شت دەئاخڤن کە زمانی کوردی بەباشی نازانن. ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئێمە بە خەڵک بڵێین مەنووسن. چونکە لە جیهانی نوێدا مرۆڤ ئازادە کە چی دەکات. ئەوەی لە کۆمەڵگای ئێمەدا کێشەیەکی گەورەیە ئەوەیە کە خەڵکانێک بە پلان پێش دەخرێن لەبەر ئەوەی لە فلان کەس و فلان حیزبەوە نزیکن کە نازانن، لە کاتێکدا خەڵکی زانا دوور دەخرێنەوە و لەبەر ئەوەی چۆک بۆ ئەو سیستەمە دا نادەن. ئەرکی دەسەڵاتە کوردییەکان ئەوەیە کە پلانی زمانی کە لە لایەن خەڵکی شارەزاوە پشتگیری دەکرێت لە سیستەمی خوێندندا جێ بکەنەوە. بۆ ئەمەش سەرەتا پێویستیمان بە کۆکردنەوەی ئەو شارەزایانەیە لە دەستەیەک بۆ پلاندانان بۆ زمانی کوردی و دواتر دەستوالاکردنی ئەو دەستەیە لە سیستەمی پەروەردەی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان. نابێت بابای سیاسی بابەتی سیاسی بێنێتە ناو کۆمیتە و دەستەی لەم جۆرە. چونکە لەوانەیە لە تێڕوانینی سیاسیدا هاوبەش نەبین، بەلام لە خاوەندارێتیی زمانی کوردیدا هاوبەشین و هەمان چارەنووسمان دەبێت. گۆڕانکاریی زمانی پرۆسەیەکی درێژخایەن و هێواشە و پێویستی بە بڕیاری لەناکاو و بەپەلە نییە. تاکە بڕیاری بەپەلە کە پێویستمان پێی بێت لەوانەیە ڕێزگرتن لە زمانی کوردی بێت بە تایبەتمەندییەکانی خۆیەوە.

*** باشە ئەکادیمیای کوردی چی دەورێک لە چاودێریکردن بەسەر زمانی کوردیدا دەبینن؟**

**د.هیوا سەلام:** ئەکادیمیای کوردی دەزگایەکە تەنیا نوێنەرایەتیی باشووری کوردستان دەکات و وەکوو هەموو دەزگاکانی دیکەی هەرێم لە لایەن حیزبە سیاسییەکانەوە ئیفلیج کراوە. ئەرکی سەرەکییان دەبوایە پەیوەندیگرتن بێت لەگەڵ کۆمیتەی بەستانداردکردنی زاری کورمانجی، زازاکی، کوردیی باشووری و دەزگاکانی زمانی

کوردی لە ڕۆژهەڵات و سازیا زمانی کوردی لە ڕۆژئاوا. چونکە هەمووان بەیەکەوە باشتر دەتوانن کار بکەن. هەروەها ئەرکی ئەکادیمیای کوردی دەبووایە چاودێریکردن بێت بەسەر شارەکانەوە کە هەتا ئەمڕۆ ئەوەیان نەکردووە. با ڕاستگۆ بین لەگەڵ خۆشمان، لەوانەیە نەتوانن و کەسیش گوێیان بۆ نەگرێت. بەڵام ئەگەر من لە لیژنەی باڵای ئەکادیمیای کوردی بووایەم داوای دەسەڵاتی نووسینی هەموو تابلۆیەکم لە هەرێمی کوردستان دەکرد و بۆ ئەو مەبەستە وێبسایتێکم دروست دەکرد. هەڵواسینی هەموو تابلۆیەکی حکومی و بازرگانیم قەدەغە دەکرد ئەگەر بە ئەکادیمیا تێپەڕ نەبووایە. بەم جۆرە دەیانتوانی ڕەنگێکی کوردەواری بۆ شارەکان بگێڕنەوە. ئەمە تەنیا نموونەیەکی سادەیە لەو دەیان کارەی دەتوانن بیکەن. ئەکادیمیای کوردی دەسەڵاتێکی مەعنەویی گەورەیان هەیە و دەبووایە ئەندامان هاوشێوەی لیژنەکانی قایمقامییەت بچوونایە بۆ بازاڕ و سەردانی شوێنەکانیان بکردایە و لە بارودۆخی زمانی کوردییان لەناو کۆمەڵگا بتوێژیایەوە. بۆ نموونە ئەگەر لیژنەی ئەکادیمیا بچێتە چێشتخانەیەکی هەولێر و پسووڵەکانیان بە کوردی نەبێت با بە فەرمی داوای داخستنی لە دەسەڵاتی پەیوەندیدار بکەن. پێم وا نییە هیچ بەرپرسێک جورئەتی بەگژداچوونەوەی زمانی کوردی هەبێت. خۆ ئەگەر گوێیان بۆ نەگیرا، لە پێناو هەیبەتی زمانی کوردی دەکرێت دەست لە کارەکەیان بکێشنەوە. ئەرکی ئەکادیمیای کوردی دەبووایە زۆر فراوانتر و گەورەتر بووایە. ئەگەر چەند گەنجێکی خۆبەخش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەتوانن دەزگایەکی وەکوو ڤەژین دروست بکەن و هەموو ئەدەبیاتی کوردی بەئەلیکترۆنی بکەن، ئایا دەبێت بۆ ئەکادیمیا نەتوانێت کاری گەورە بکات و خەریکی چاپکردنی کتێب بێت؟ ئایا دەزگایەکی چاپیش ناتوانێت هەمان کار بکات؟!

***لە پێناو بە کوردیکردنی زاراوە نوێباوەکانی سەردەمدا کێ بەرپرسە؟**

**د.هیوا سەلام:** دەسەڵات بەرپرسە. دەسەڵاتی کوردی بە بودجەیەکی زۆر کەم دەتوانێت داتای زمانی کوردی بە هەموو زارەکانیەوە داخلی سیستەمی ئەنتەرنێت بکات و لە وێبسایتێکی هاوشێوەی فەرهەنگی زمانی ئینگلیزی جێگای بکاتەوە هەر وەکوو لە www.dictionary.com هەیە. ئەمەش دەبێت لە ڕێگەی لیژنەی پلانی زمانییەوە بێت و هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی هەر وشەیەکی نوێ، وشە نوێیەکە

داخلی سیستەمەکە بکرێت و هەموو ڕاگەیاندنەکان پێوەی پابەند بکرێن. هەموو ئەو پرۆسەیەش تەنیا لیژنەیەکی خاوەن بڕیاری چالاک و چەند کارمەندێکی چالاک و زماننناسی دەوێت. زاراوەسازی چی دیکە بە نامیلکە و نامیلکەکاری چارەسەر ناکرێت. زمانی کوردی و هەموو زمانەکانی دیکەش یان خۆیان لەگەڵ سیستەمی مۆدێرنی جیهانی دەگوونجێنن یان مەحکوومن بە سنووردارکردن. مەرج نییە مەترسیی لەسەر زمان تەنیا لەناوچوون بێت، ئەو زمانەی ناتوانێت لەگەڵ کۆمەڵگای مۆدێرندا خۆی بگونجێنێت دیسان لە پەراوێزدا دەمێنێتەوە.

***کێ بەرپرسە بەرامبەر ئەو پاشاگەردانییەی لە زمانی کوردی درووست بووە ؟**

**د.هیوا سەلام:** لە بەشە داگیرکراوەکانی کوردستان داگیرکەرانی کوردستان بەرپرسن و لە باشووری کوردستان دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی بەرپرسن. هێزی زمان بەشێکی بەرچاوی گرێدراوی هێزی ئابووری زمانەکەیە. ئایا هەتا چەند خەڵک لە ڕێگای ئەم زمانەوە دەتوانن ژیانێکی کەرامەتمەندانە دەستەبەر بکەن؟ ئەوە ڕوونە کە لە تورکیا و ئێران زمانی کوردی لە بەردەم پرۆسەیەکی گەورەی لەناوبردن دایە و دژایەتییەکی گەورە دەکرێت. هێشتا زۆر زووە قسە لەسەر کاری حکوومەتی ڕۆژئاوای کوردستان بکەین بۆ زمانی کوردی، هەنگاوە بەراییەکانیان جێگای دڵخۆشین. بەڵام هەرچی پەیوەندیدارە بە هەرێمی کوردستان، دەیان هەزار کارمەند لە هەرێمی کوردستاندا کار دەکەن بێئەوەی هیچ لە زمانی کوردی بزانن. مەرجی کۆمپانیاکان زانینی زمانی کوردی نییە، بەڵکوو زانینی زمانێکی بێگانەیە. لە عێراقدا کە زمانی کوردی زمانی فەرمییە لە پاڵ زمانی عەرەبی، هیچ پەرلەمانتارێکی کورد لە پەرلەمانی عێراق بە کوردی قسە ناکات. هەموو ئەوانە و دەیان و سەدان هۆکاری لەم شێوەیە لە پێگەی زمانی کوردییان کەم کردووەتەوە. هەموو ئەو کەس و لایەنانەی بەرپرسن لە دروستکردنی ژینگەی لەم جۆرە، بەرپرسن لەوەی کە بەسەر زمانی کوردی دێت.

***هۆکاری چییە کە هێشتا میدیای کوردی خاوەنی زمانێکی ستاندارد نییە؟**

**د.هیوا سەلام:** میدیا و ڕاگەیاندن بۆ خەڵکە و من پێم وا نییە کە پێویستمان بە میدیا بە زمانی ستاندارد بێت. ئێمە میدیای حکوومیمان نییە، بەڵام من خۆزگەم

دەخواست کە میدیای حکومیمان هەبووایە و زمانی کوردی لە خزمەتی سیاسەت بەکار نەهێندرابووایە و هەموو کوردێک خۆی تێدا بدیایەوە.

*** پێتوایە بوونی دووجۆرە ڕێنووس یان پتر خزمەتی زمان دەکات؟**

**د.هیوا سەلام:** لە سەرەوە وەڵامی ئەم پرسیارەم داوەتەوە. من پێم وایە هەوڵی کوردان بۆ یەکخستنی ڕێنووسەکەیان گوونجاوترە لە هەوڵیان بۆ لەقاڵبدانی زمانەکەیان. لە ڕێنووسیشدا باش و باشتر بوونی نییە، ڕێککەوتنی گشتی هەیە. هەرچەندە خۆگونجاندن لەگەڵ تەکنەلۆژیای سەردەم لە بابەتی ڕێنووسدا دەبێت لەپێشینە بێت.

***ئایا فرەیی لە ژمارە و ژمارەی دانیشتوان دەبێتە هۆکار بۆ درووستبوونی زمانی ستاندارد؟**

**د.هیوا سەلام:** فرەیی سروشتی مرۆڤایەتییە. هەموو هەوڵێک بۆ سڕینەوەی ڕەنگەکانی دیکە هەوڵێکی هەڵەیە و ئەنجامی هەڵە بەدەستەوە دەدات. کۆمەڵگای کوردی هەزاران ساڵە بەبێ زمانی ستاندارد خۆی پاراستووە و ماوەتەوە، ئەگەر زمانی کوردی بۆ بەرژەوەندیی سیاسی بەکار نەیەت، توانای مانەوەی بۆ هەزاران ساڵی دیکەش هەیە. بەکورتی دەتوانم بڵێم کە فرەیی هەرگیز مەترسی نییە لەسەر زمانی کوردی، بەڵکوو بەکارهێنانی زمانی کوردی بۆ یەکلاکردنەوەی بابەتی سیاسی مەترسیی جدییە لەسەر زمانی کوردی.

***چۆن چاو لە پرسی هەبوونی پرۆژە و سیاسەتی زمانی بۆ زمانی ستاندارد بکەین؟**

**د.هیوا سەلام:** من لەگەڵ هەبوونی سیاسەتی زمانیم بۆ زمانی کوردی بە جۆرێک کە شارەزایانی ڕاستەقینەی زمانی کوردی لە هەموو زارەکان تێیدا ئەندام بن و ئەندامەکانی لەسەر بنەمای سیاسی لەوێ نەبن. بەڵام قسەکردن لەبارەی زمانی ستانداردی کوردی لە ئێستادا بە ناواقیعی دەزانم و پێم وا نییە کە خزمەتێک بە زمانی کوردی بکات.

***بە ڕای ئێوە سەردەمی جیهانگیریی هەڕەشەیە یان دەرفەتیکە بۆ زمانی ستانداردی کوردی؟**

**د.هیوا سەلام:** داڕشتنی ئەم پرسیارە بە دروست نازانم. ئامانج زمانی ستاندارد

نییە بەڵکوو ئامانج پاراستنی زمانی کوردییە. جیهانگیرییش پاڵپشتییەکی گرنگ و گەورەی زمانی کوردییە. ئەوەی کوردان خۆیان بۆ خۆیانیان نەکردووە، کۆمپانیاکانی وەکوو مایکرۆسۆفت و گووگڵ بۆ زمانی کوردییان کردووە. ئەگەر ئەو پاڵپشتییە جیهانییە نەبووایە بۆ زمانی کوردی، ئێمە لە قۆناغێکی زۆر دواکەوتووتردا دەبووین. وا باشترە دەسەڵاتدارانی کوردیش فێری ڕێزگرتن لە زمانەکەیان بن و هەر کەسێک دەیەوێت لە هەر یەک لە هەرێمە کوردییە خۆبەڕێوەبەرەکان بکات، دەبێت ناچار بکرێت کە کارەکانی بە کوردی بڵاو بکاتەوە. ئیتر گرنگ نییە کە ئەو کوردییە لەسەر قتووێکی دۆشاوی تەماتەیە یان لۆگۆی کۆمپانیایەکی زەبەلاحی بازرگانییە. وەکوو چۆن لەسەر ئاستی جیهان کوردی ڕێزی لێ دەگیرێت، دەبێت بە هەمان شێوە لە ناوخۆشدا ڕێزی لێ بگیرێت.

* لیستی بڵاوکراوە زانستییەکانی د.هیوا سەلام لێرەوە سەیر بکەن: https://scholar.google.com/citations?user=oZWQoi٤AAAAJ&hl=en&authuser=١

# ئەحمەد بەحری:
# زمانی ستاندارد ئەو زمانەیە کە دەبێ دەسەڵات پێی بدوێ

**• تا چەند باوەڕت بە زمانی ستاندارد هەیە؟**

* **ئەحمەد بەحری**: هەر ئەوەندەی لە قووڵایی دڵەوە باوەڕم بەوە هەیە کە ئێمە نەتەوەیەکین و خاوەنی ئەو پاڕامێترانەین کە نەتەوەکانی دیکە هەیانە بۆ نەتەوە بوون؛ کەلتوور، خاک، مێژوو، زمان و ....، ئەوەندەشم باوەڕ بە ئەوە هەیە کە دەبێ زمانێکی هاوبەشمان هەبێ و ئاخێوەرانی هەموو زار و بنزارەکان تێی بگەین و پێی بدوێین و کاروباری پێوەندی و ئیداری و پەروەردەیی خۆمانی پێ ئەنجام بدەین. ئەمە سەرەکیترین هەنگاوی یەکبوونە و دالّدەیەکی بەهێزە بۆ مانەوە و نەفەوتانمان؛ زمان کوولەکەی ڕووحی هەر نەتەوەیەکە. کاتێک باسی زمانی ستاندارد دێتە گۆڕ، یەکگرتوویی لە زماندا بەرجەستە دەبێتەوە. دیارە ئەو یەکگرتووییەش لە سەر تەوەرەی ئەو یاساوڕێسایانە دادەمەزرێ کە هەموو زارەکان تێیدا بەشدارن.

**• پێناسەت بۆ زمانی ستاندارد چییە و چۆن دەڕوانیتە پرسی جووتستانداردی بۆ زمانی کوردی؟**

* **ئەحمەد بەحری**: زمانی ستاندارد ئەو زمانەیە کە دەبێ دەسەڵات پێی بدوێ، زمانی پێوەندیی حکوومەت و جەماوەرە. لە نێو هەموو گەلاندا زارێک ـ زۆربە بە هۆی هەڵسوکەوت و جموجۆڵی سیاسییەوە ـ لە گوزەری زەماندا زاڵ دەبێ بە سەر زارەکانی تردا و بەرە بەرە وەک زمانێکی گشتگیر دێتە ئاراوە. ڕەمەنی ئەو زاڵبوون و گشتگیرییەش ڕاستەوڕاست بە ڕێژەی هێزی دەسەڵات و چەشنی حوکمدارییەکەیەوە بەستەیە.

بۆ نموونە بنزاری موکریانی هەر سەبارەت بە ڕەسەنایەتی و سەبارەت بە پردی جوغرافیایی نێوان زارەکانی باکوور و ڕۆژهەڵات نییە، کە ئێستا وەک یەکێ لە ستوونەکانی زمانی کوردیی ستاندارد چاوی لێدەکرێ. سەرهەڵدانی کۆماری کوردستان دەورێکی بەهێزی لە هێنانە ئارای ئەو بنزارە هەبوو بۆ نێو گۆڕەپانی زمانی پێوەر. زمانی کەسانی وەک هێمن و هەژار بەرهەمی ئەو بزاڤە سیاسییە بوون کە کاتی خۆی لە موکریان سەری هەڵدا. ئەم شوێن دانانەی سیاسەت لە سەر زمان، بە ڕوونی لە سەردەمی بەدرخانییەکان، لە سەردەمی شێخ مەحموود و دوورتریش لە سەردەمی بابانەکاندا بە هەر دوو دیالێکتی زمانی کوردییەوە دیارە. هەر جێیەک سیاسەت برووزی بەستووە، زمان بەرەو هەمەگیر بوون گەشەی کردووە.

هەلومەرجی تێکڕای زمانی کوردی و پارچە پارچەبوونی خاکی کوردستان، پێمان خۆش بێ یا ناخۆش بێ، بەستێنی بۆ بیرۆکەی جووتستانداردی خۆش کردووە. گۆڕانی خەت بۆ سەر لاتین لە تورکییە، بەشی هەرە زۆری جەماوەری کوردی لە خەتی ئارامی دوور خستەوە. ئەمە بەکردەوە دابڕانێکی گەورەی لە سەر ڕێی یەکستانداردی سازکرد

و کوردی خستە سەر دووڕێیانێک لە هەڵبژاردن. یان خۆ داسەپاندنی لایەنێک بە سەر لایەنێکدا و یان مل ڕاکێشان بۆ جووتستانداردی. کردەوەی ئاقڵانە هەڵبژاردنی لایەنی دووەمە. نە ئیمکان و هێز و دەسەڵاتی ئەوە هەیە لایەک بە سەر لایەکدا زاڵ بێ و نە دەگونجێ و تەنانەت دەڵێم نە پێویستیشە. کورد خۆی بە دەستی دووبەرەکی و چەند بەرەکییەوە دەناڵێ؛ بە هیچ لەونێک شیاو نییە بەربەرەکانی و ململانی زمانیشی بکەینە سەربار. بێتوو وا نەکەین تێچوویەکی قەرەبوونەکراو دەکەوێتە سەر دەستمان و دەبێ ماڵاوایی لە یەک بوونی نەتەوەییش بکەین.

- **کۆسپەکانی سەر ڕێی زمانی ستانداردی کوردی چین؟**

* **ئەحمەد بەحری**: هەبوونی زمانێکی ستاندارد سەرەڕای ئەوەی وەک زەروورەتێک لە نێو ڕۆشنبیراندا باسی لێدەکرێ و تا ڕادەیەکیش هەوڵی بۆ دەدرێ؛ بەداخەوە نەبووەتە بزاوێکی فەرهەنگیی هەمەگیر و وەک نیاز و پێداویستییەکی ڕۆژ ئەو جۆرەی پێویستە چاوی لێناکرێ. ئەوە بەبێ هەبوونی زمانی ستانداردیش، ژیانی جەماوەری کورد بەردەوامە. زاراوەکان لە لایەک دەوری سەرەکی لەم پێوەندییە زمانییەدا دەگێڕن و بۆشایی زمانی ستانداردیان پڕ کردووەتەوە و لە لایەکیش ئەوەندە پەل‌وپۆیان هاویشتووە هەندێ لە دەمڕاستەکانیان ـ بێ لە بەر چاو گرتنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی ـ ئیدعای ئەوە دەکەن زاراوەکەیان بووەتە زمانێکی سەربەخۆ!! تەنانەت بنکە فەرهەنگییەکان و هەوڵە ڕۆژنامەیی‌یەکانیش ئەو جۆرەی پێویستە خۆ بۆ زمانی ستاندارد ماندوو ناکەن. ڕێکخراو و حیزبە سیاسییەکان لە هەر چوار پارچە تێدەکۆشن زمانی تایبەتیی خۆیان هەبێ و ئەمە خۆی دژایەتی هەیە لەگەڵ باوەڕ بە زمانێکی یەکگرتوو، چ بگا بە ئەوەی هەوڵی بۆ بدەن.

نەبوونی دەسەڵاتێکی ڕێکخەر، کۆسپی هەرە گەورەی سەر ڕێگای ئەم بزاڤەیە؛ هەتا کورد ئەو دەسەڵاتە بەبڕشتەی نەبێ، هەنگاوەکان هەر پەلەپرووزێن و تێکۆشانەکانی تێکۆشەرانی ئەم بوارە ئامانجەکانی خۆی بەتەواوی ناپێکێ و تەنیا دەبێ بە ئەوە دڵخۆش بکەین کە ڕێ بۆ داهاتوو هەموار دەکەین.

خاڵێکی تر کە دەبێ بیخەینە سەر لەمپەرەکان، نەبوونی کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لە بەستێنی بەستانداردکردنی زمانەکەمانە. بەداخەوە لە نێو ئەو هەموو خەباتکارە فەرهەنگییەدا، کەسانی شارەزا لە باری زانستی زمانییەوە ئەوەندە هەڵنەکشاون کە بۆچوونەکانیان جێی باوەڕی هەموو لایەک بێ و باوەڕمەندانی زمانی ستاندارد باوەڕیان پێ بێنن و ئیقتدایان پێبکەن.

وەک نموونە؛ گەڕانەوەی هەژار و هێمن دوای ساڵانێکی زۆر بۆ موکریان، ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی بە سەر خەباتی فەرهەنگیی ئەو مەڵبەندەدا هێنا و زوو مردنیان بوو بە کارەسات. بێگومان ئەگەر ماوەیەکی زۆرتر ژیابان موکریان گەشەی فەرهەنگیی پتری بە خۆیەوە دەبینی. با کەسایەتیی کاریزمایی لە بەستێنی فەرهەنگیشدا بە ئەزموویین؛ ویدەچێ بە قازانجمان بێ. ئێمە لە بەستێنی زماندا کەسانی بەوەجی وەک مەسعوود محەممەد، ئەوڕەحمانی حاجی مارف، شوکر مستەفا و عەزیز گەردیمان لە نێودا پەروەردە بوون و گەشەیان کرد. دەیانتوانی هەر کام کاریزمایەک بن. ئەوانە بۆ گەشەی زمانی کوردی دەرفەت بوون، سەرەڕای ئەو هەموو توانایە زمانییەی هەیانبوو، نەمانتوانی لەو دەرفەتە بە قازانجی زمانەکەمان کەلکی پێویست وەرگرین!! وا باشترە بڵێم دەرفەتمان پێنەدان!! بەرهەمەکانی ئەوڕەحمانی حاجی مارف ئێستاش دەتوانێ بەشی هەرە زۆری گرفتەکانی ڕێنووسیمان چارە بکا. بۆ قەدری ئەو پیاوەمان نەزانی!؟ فارسان پسپۆڕ و زمانزانی زۆر باڵایان هەیە؛ ئەوڕەحمانی ئێمە سەروگەردنێک لە هەموویان باڵاترە؛ بەڵام حەیف کوردە و لە نێو کوردان کورتێ دێنێ.

**• نووسەران تا چەند لە جیهانی سایبەریدا (سۆسیال میدیا و ئینتەرنێت) لە پێناو زمانێکی ستاندارد یان پێوەر دەور دەبینن؟**

* شوێنی نووسەری کورد بە سەر زماندا با هەر نەبەینە نێو جیهانی سۆسیالمیدیا. دروستە چەکی نووسەر زمانە، بەڵام بۆ چوونە نێو قووڵایی ئەو هەلومەرجەی ئەمڕۆ بە سەر زمانی کوردیدا زاڵە، وا باشە ڕوانینێکی تایبەتمان بە سەر نووسەرانی کوردەوە هەبێ. بارودۆخی ژیان لە سەرجەم کوردستاندا وای کردووە، پێگە و ئەرکی نووسەر بکەوێتە هەلومەرجێکی تایبەت. جەماوەر لە نووسەری دەوێ کەسێکی خەباتگێڕ بێ! دەوری سیاسەتوانانی بۆ بگێڕێ، بەستێنی هونەری بۆ بەرفراوان بکا، تەنانەت دەیەوێ دەوری موسلیحی هەبێ!

ویدەچێ گوشاری زۆر و جۆربەجۆری سەر ژیان، ئەو بیرۆکەیەی لە مێشکی جەماوەردا بەهێز کردبێ کە نووسەر ڕزگاریدەرە. جەماوەری کورد لە زەینی خۆیاندا دەوری ئەو بیرمەندانەیان داوە بە نووسەری کورد کە بە بۆچوونەکانیان جیهانیان گۆڕیوە! من لە سەر ئەو باوەڕەم بەستێنی فەرهەنگی و ئابووری و سیاسیی کوردستان ئەوەندە لەبار نییە، نووسەری گەورەی تێدا هەڵکەوێ؛ هەر ئەو جۆرەی بەستێن بۆ وەدیهاتنی بیرمەندی گەورەش فەراهەم نییە، تەنانەت بۆ سیاسەتوانیش، بۆ وەرزشوانیش، بۆ ئەکتەرایەتیش، بۆ ... ئەو چاوەڕوانییەی جەماوەری کورد لە نووسەرانی خۆی هەیەتی،

لە هەلومەرجی ئاوادا زۆر لە قەبارەیان زیاترە. نووسەری کورد لە دەرەوەی جیهانی سۆسیالمیدیادا چی بۆ کراوە هەتا بەشێک لە تواناییەکانی لە نێو جیهانی سایبەریدا تەرخانی خزمەت بە زمانی پێوەر بکا!؟ وا باشە چاوەڕوانی موعجیزەی نەبین لەم توێژە؛ بەتایبەت کە بەشێکیان «دەم پڕ لە هەران».

لەلایەکی ترەوە ئەگەر بڵێین ئەرکی نووسەر سازکردنی زمانی ستاندارد نییە، ئایا نابەجێمان کوتووە؟ کێ ئەو بارە قورسەی خستووەتە سەر شانی نووسەر؟ وێدەچێ ئەو توێژە وشیار و هەستیارە بن، کە ژیانی نابەسامانی کورد و پارچە پارچەبوونی و پلانی نەیاران ئۆقرەی لێهەڵگرتوون و قەڵای زمانیان وەک سەنگەرێکی لە گیراننەهاتوو بۆ پاراستنی بایەخەکانی نەتەوەیی هەڵبژاردووە. ئەوانە لایان وایە نووسەر پێشەنگیی ئەو خەباتەی لێدەوەشێتەوە!!

• **ئەکادیمیای کوردی چ دەورێکی لە چاوەدێری کردن بە سەر زمانی کوردیدا دەبینن؟**

***ئەحمەد بەحری:** ئەو ڕێکخراو و جموجۆڵانەی لە قەبارەی وەک ئەکادیمیادا خزمەت بە زمانی کوردی دەکەن زۆر نین و کاتێک باسی لەو چەشنە دێتە ئاراوە، خێرا زەین دەپەڕێتە سەر «ئەکادیمیای کورد»؛ بەو پێشینەیەی لە کۆڕی زانیاری کوردەوە پێی براوە. دەبێ بڵێم «پێگە» و «توانایی» دوو ڕوکنی سەرەکی هەر تەشەکوڵ و ڕێکخراوەیەکن. بێتوو هەر یەک لەم دووە زەدەی تێکەوێ پرۆژەکە نوشستی دێنێ. بەداخەوە ئەکادیمیا لە هەر دووی ئەم ڕوکنانەدا کەمبەشە. چاوەڕوانی ئەمە دەکرا ئەکادیمیای کورد دڵسۆزانە باڵ بکێشێ بە سەر هەموو مەڵبەندەکانی کوردستان و کەسایەتییە لێهاتوو و هەڵسووڕاوەکان لە خۆی کۆبکاتەوە، دانیشتنی پڕ پیتی مانگانە و ساڵانەی هەبێ، تەوەرەی تێکۆشان و پێداویستییە سەرەکییەکان دەستنیشان بکا، لێژنەی تایبەت بۆ تاک تاکی ئەو پێداویستییانە دابنێ، زمانزان و نووسەری باشی سەر بە زارە سەرەکییەکان بکاتە ئەندامی فەرمی یا نافەرمیی خۆی، دەبووایە ڕای یەکلاکەرەی گرفتەکانی زمانی ـ چ لە باری ڕێنووس و چ لە باری ڕێزمانەوە ـ ئەو دابای، بۆچوونەکانی بەڵگەمەند و بێ گرێوگۆڵ بووبان، بەرهەمە بەنرخەکان لە ژێر چاوەدێریی ئەو لە چاپ درابان. کورتی ببڕمەوە، ئەکادیمیا دەبووایە چەترێک با بە سەر هەموو ئەو کەسانەی خۆبەخشانە لە سەنگەری خەباتی فەرهەنگیدا سینەیان کردووەتە قەڵغان.

لەو هەلومەرجەی ئێستا ئەکادیمیا پێیدا گوزەر دەکا، چۆن دەتوانێ چاوەدێری بە سەر هەوڵی دروست بوونی زمانی ستانداردا بکا!؟ بەداخەوە نە پێگەی ئەوەی هەیە و نە توانایی. بریا وا نەبووایە!!

- **لە پێناو بەکوردی کردنی زاراوە نوێباوەکانی سەردەمدا کێ بەرپرسە؟**

*__ئەحمەد بەحری__: بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکە شوێنێکی وەک ئەکادیمیا دەیتوانی دەوری سەرەکی بگێڕێ؛ هەر و کارەی «فەرهەنگستانی زمانی فارسی» بۆ وشە و ناو و زاراوەی نوێ و سەردەمیانە دەیکا لە ئێراندا. لەو بنکەیەدا کەسانی شارەزا بە پێداویستییەکانی ڕۆژانەی زمانی فارسی ڕادەگەن. وشەی تازە بە پێی قالب و یاساوڕێسای زمانی فارسی دادەڕێژن. دەسەڵاتیش لە پشت ئەو هەوڵە ڕاوەستاوە و بۆ سەقامگیریی ئەو وشە تازانە دەزگای پڕ هێزی ڕاگەیاندنی خۆی خستووەتە گەڕ. تا ئێستا بەشی هەرە هەرە زۆری ئەو وشە داڕێژراوانە خزاونەتە نێو زمانی فارسی و ئیدی جەماوەر بۆژەیان لێناکەن. بەرهەمی ئەو تێکۆشانە هەر ئێستا گەیوەتە هەزاران وشە لە هەموو بوارەکاندا؛ لە ئەو کەرەسانەی تازەسازن هەتا بابەتە ئابوورییەکان، ڕامیارییەکان، دەروونناسی، هونەر بەگشتی، ... ئەمە زمانی فارسییان ئەکتیڤ کردووە و بێژەر یان نووسەری فارس وەک زمانێکی سەربەخۆ بە هاسانی ویستە زمانییەکەی خۆی دابین دەکا.

بارودۆخی ژیانی کورد، ئێزنی ئەو هەوڵە تۆکمەیەی هەتا ئەمڕۆ نەداوە. خۆ ماندوو کردنەکان تاکەکەسین. زۆربە کەسانێک دەیکەن کە نیازمەندن، بەڵام توانایی ئەو داهێنانەیان نییە! لە لایەکیش بە جێ گەیاندنی ئەو ئەرکە خراوەتە سەر شانی قەڵەمبەدەستان و ئەوە ئەوانن دەبێ ئەم گرفتەی کۆمەڵگا چارەسەر بکەن.

ئەمە وای کردووە بەشی زۆری قەڵەمبەدەستی کورد بێتە سەر ئەو باوەڕە کە لە پەنا توانایی هونەرەکەیدا، زمانزانیشە. بێ ترس لە مەقبوولییەت، ئەو مافەی بە خۆی داوە و دەستی کردووە بە دانانی وشە و زاراوەی تازە. دەبینی شاعیرێک وشەی سیاسی دادەتاشێ، ئەکتەرێک باس لە داهێنانی زاراوەی ئابووری دەکا، گۆرانیبێژێک ئێتیمۆلۆژیی وشەکان دێنێتە گۆڕ! لەو نێوەدا ئەوەی هەمێت و بایەخی پێنادەرێ، لێزانین و تەخەسوسە. دیارە ئەو دەست تێوەردانە ناشارەزاییانە لە ئەوە دەکەوێتەوە کە نیازەکان زۆر زەروورین و کەسانی کارامە و لێزان نییە بۆ پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییە.

بەرچاوترین بواری گەشە کردنی زمانیمان لە بەستێنی ئەدەبیاتدایە و ئەدەبیاتیش بەشی هەرە زۆری هەر ئێستاش زمانی گوندە بە هەر دوو لایەنی ئاژەڵداری و وەرزێرییەوە. زاراوە نوێباوەکان سەردەمیانەن و هی شارن، هی تێکنۆلۆژین، هی ژیانی مۆدێرنن، بەشی هەرە زۆری کەرەسەکانی مۆدێرن کە هەڵگری وشە و زاراوەی نوێن، لە کوردستاندا ساز نەکراون. زۆربەیان لەگەڵ ژیانی کوردەواریدا تەنانەت نامۆن. ناو و زاراوەکانیان دەبێ سەرلەنوێ ساز بینەوە و کوردانە بکرێن. کەمکەس ئەو توانا زانستییەی هەیە؛ گرفتەکە لەم بۆشاییەوە دەست پێدەکا. جێیەتی حکوومەتی هەرێم

هەولێرنامەی کتێب

هەست بەم بۆشایی بکا و بە گەلاڵەیەکی تۆکمە، لە ڕێژەیەکی بەرچاودا، لێزان پەروەردە بکا بۆ هەموو بوارەکان؛ زانست دەبێ فێری بێ.

**• باشە کێ بەرپرسە بەرامبەر ئەو پاشاگەردانییەی لە زمانی کوردی دروست بووە ؟**

*__ئەحمەد بەحری__: هەلومەرجی ژیانی سیاسی و ئابووریی کوردستان بە بەرپرسی سەرەکیی ئەو پاشاگەردانییە دەزانم. کام لایەنی ژیانی کورد تووشی پاشاگەردانی نییە هەتا زمانەکەی نەبێ؟ ئەوە خەباتی سیاسی و حیزبەکان؛ لەبەر خۆخۆری، نەتەوی فەرامۆش کراوە!! ئەوە پێوەندیی پارچەکان؛ هەر بڵێن سنووری دەستکرد!! ئەوە شوێنی خۆی بەتەواوی لە سەر پارچەکان داناوە و لێکی دابڕیون. ئەوە هەلومەرجی ئابووری؛ بە ئێزن دەژین و بیانەوێ بژیوی ڕۆژانەشمان دەتوانن ببڕن!! چیاکانیش ئیتر پەنا و داڵدە نین. لەو نێوەدا هەر سێ زمانی دراوسێ بوونەتە پێویستییەکی هەرە پێویست بۆ ژیانی کورد. ناتوانی لە ژێر هێژمۆنی قورسی ئەوانە بێیەدەر. لە بەرانبەردا هەڵوێستی ئێمە دژکردنەوەیەکی کەممایەن و کەمدەسەڵات. نووسەری کورد ئێستاش ئەوەندەی بەردەنگ نییە کە زمانە حکوومییەکان هەیانە! لە بارودۆخی ئەوتۆدا تاوانی پاشاگەردانیی زمان خستنە سەر ملی لایەنێک چارەساز نییە؛ دەبێ ئاڵوگۆڕی هەمەلایەنە بە سەر ژیانی کورد دابێ و لە پەنای ئەویشدا بە سەر زماندا.

**• هۆکاری چییە کە هێشتا میدیای کوردی خاوەنی زمانێکی ستاندارد نییە؟**

* **ئەحمەد بەحری**: میدیای کوردی هەڵقوڵاوی ناخی ئەو بارودۆخەیە کە بە سەر گشت کوردستاندا زاڵە. کاتێک زمان ئاوا تووشی ئەو پاشاگەردانییە بووە، کاتێک یاساوڕێسایەکی هەمەگیر ـ تەنانەت ئەگەر پڕ بە پێستیش نەبێ ـ لە گۆڕێدا نییە، کاتێک بۆ هەڵبژاردنی بەرپرسان و کارگێڕان بواری زمانی، دیاردەی زمان دەوری نییە، یاسای هەر کەس هەر کەسی مەیدانگێڕ دەبێ و مەقوولەی ستانداردی زمان دەبێ بارگەوبنەی جاری تێکەوە پێچێ. هەرەجمەرەجی نالەباری نێو کۆمەڵگای کوردەواری لە سەر شاشەی تەلەڤیزیۆنەکان ـ وەک بەرچاوترین نموونەی میدیای کوردی ـ قوولەی دەکا!! نامەوێ زێدەڕۆیی بکەم و وەک مرۆڤێکی ڕەشبین بڕوانمە ئەو بابەتە، بەڵام کاتێک بەشی هەرە زۆری بەرپرسان، کارگێڕان، پەیامنێران، وتوویژکاران، ... دێنە سەر شاشە و بە زمانێکی نالێکی نالەباری تێکەڵپێکەڵی کوردی بۆت دەدوێن، قووڵایی هێژمۆنی ڕووخێنەرانەی هەر سێ زمانی زاڵ و دەسەڵاتی سەر کوردستان پتر هەست پێدەکەی و دەروونت دەهاژێ و ترست لێدەنیشی و هەستی ڕووخانی بنەماکانی زمانەکەت هەموو ماسوولکەکانت دەتەزێنێ.

دەبووایە «زمانزانی» یەکێک لە فاکتەرەکان بووایە بۆ هەڵبژاردنی پەیامنێران و بێژەران و بەتایبەت نووسەرانی بەرنامە و پرۆگرامەکان، کەچی وا نییە و «لێنەزانی و تێنەگەیشتنی زمانی» بە ڕوونی لە قسە کردنیاندا دیارە. بێتو ئەزموونێکی ڕێنووسی و ڕێزمانی زمانی کوردی لە ئەمانە وەرگیرێ، دەرچوویان کەم دەبێ. گەندەڵیی لەم بەستێنەدا زۆر ڕووخێنەرە و ئێمە بەباشی نایبینین و تەنانەت لێی بێئاگاین!! بریا هەر ئەوجۆرەی گەندەڵیی ئابووری ئازارمان دەدا و لە قاوی دەدەین، گەندەڵیی زمانیشمان لە قاو دابا. ئەویان گیرفانمان بەتاڵ دەکا و ئەمەیان ڕۆحی نەتەوەییمان لێدەستێنێ.

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش دەرفەتی ئەوەی بە کورد داوە زمانەکەی بێتە نێو زمانان. پرسیار ئەوەیە ئایا بەباشی لەو بەستێنە کەلکمان وەرگرتووە؟ وەڵام بێگومان نایە. دیارە زۆر هۆکاری لە پشتە و پێویستی بە خەسارناسییەکی بەرفراوان لە ڕوانگە جۆراوجۆرەکانەوە هەیە و ئەوەش دەخەینە سەر شانی پسپۆڕانی خۆی.

- **پێتوایە بوونی دوو جۆرە ڕێنووس یان پتر خزمەتی زمان دەکات؟**

* **ئەحمەد بەحری:** بێگومان دوو یا چەند جۆرە ڕێنووس کەلێن دەخاتە سەر یەکگرتوویی زمانی و وەک خاڵێکی نگەتیو چاوی لێدەکرێ. کەمترین زیانی چەند ڕێنووسی یەکانگیر نەبوونی نووسەرانە لە سەر زمانەکەیان. عادەت کردن بە نووسینی هەڵە، ماکەی ئەو چەند ڕێنووسییەی بەدیهێناوە. دەکرێ ئەم گرفتە بە هاسانی چارەی بێ.

من شێوەی ئیعتدال پێشنیاز دەکەم لە نووسیندا. شێوەی پێکەوە لکانی ناپێویست و لێکدابڕانی دیسان ناپێویست، بیچم و ڕوخساری وشەی نادادە لە سەر هێڵی ڕستە دەشەمزێنێ. ئەم گرفتە لە پێشگر و پاشگرەکان، لە وشە داڕێژراو و لێکدراوەکان، لە کردارە نادادەکان و لە وردەواژەکاندا خۆ دەردەخا. دەبێ چارەیەک بۆ ئەم چوار بابەتە بدۆزینەوە؛ شێوە دۆزینەوەیەکی کە لێکمان نیزیک بکاتەوە. کاتێک باسی گرفتی ڕێنووس دەکرێ، زەین دەپەڕێتە سەر هاتنە ئارای دوو خەتی ئارامی و لاتین کە ئەمڕۆ کوردی پێدەنووسرێ. دیارە یەکڕێنووسی ئەوپەڕی ئیدەئالی شێوەنووسینە بۆ هەر نەتەوەیەک و ڕوکنێکی سەرەکیی زمانە، بەڵام کاتێک هەلومەرجێکی تایبەت دێتە گۆڕێ و دوور لە دەسەڵات و پێوەستان، گرفتێک و تەنانەت نیازێک دێتە ئاراوە و بە سەر هەلومەرجێکی وادا دەکەوی گەڕانەوەی بۆ نییە، قبووڵ کردنی هەلومەرجی تازە کردەوەیەکی مەنتیقییە. ڕێگەچارە کەلک وەرگرتن لە بارودۆخی نوێیە بۆ دەوڵەمەندتر کردنی زمانەکەمان. با جارێ بە هەر دوو خەت، خزمەت بە زمانی کوردی بکرێ و نەتەوە لە دواڕۆژدا بڕیاری خۆی بدا بۆ یەکلایی کردنەوە یا هەر وا مانەوەی.

• **ئایا فرەیی لە ژمارە و دانیشتوان دەبێتە هۆکار بۆ دروست بوونی زمانی ستاندارد؟**

*⁎ئەحمەد بەحری*: زمانی ستاندارد بە دەسەڵاتەوە بەستەیە. زمانی ستاندارد و ئیداری و پەروەردەیی فارسی، زمانی ناوچەیەکی بەرتەسکی فارسییە لە ئێران کە زاڵ بووە بە سەر هەموو ناوچە فارسزمانەکاندا. بێتو لەو هەرێمە زارانەی کە ئاخێوەرانی ڕێژەی باڵاشیان هەیە، دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری زاڵ نەبێ، زمانی ستانداردی تێدا وەدینایە.

زمانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کوردی ناوەند-سۆرانییە، سیاسەتوانان و کارگێڕانی ئیداری لە پایتەخت، سەر بە هەر زارەک بن، بە سۆرانی دەدوێن. ئەگەرچی هەندێ بزاڤ لە ئارادایە کە بە زاری باکووریش ئیش بکرێ، بەڵام سۆرانییەکە هەر زاڵە.

• **چۆن چاو لە پرسی هەبوونی پرۆژە و سیاسەتی زمانی بۆ زمانی ستاندارد بکەین؟**

*⁎ئەحمەد بەحری*: حوکمداری لقوپۆی زۆرن و پرۆژە و سیاسەتەکان بە پێی نیازەکانی کۆمەڵگا دادەڕێژرێن و هەوڵیان بۆ دەدرێ. نالێکی و ناتەبایی و پیلان و گوشاری نەتەوی و ئەو گەندەڵییە ڕەنگاوڕەنگانە، وەک کۆسپ و لەمپەر، سەرجەم کۆمەڵگا پێیەوە دەناڵێ. لە بارودۆخی ئاوادا ئیعتماد و باوەڕی جەماوەر و حکوومەت بە یەکتر لە کزی دەدا. بێ چارەسەر مانەوەی گرفتەکان، بەڕێوە بردن و بە ئەنجام گەیاندنی پرۆژەی زمانی ستاندارد تا ڕادەیەک نەگونجاو دەکا. بێتوو پێوەندیی دەسەڵات و جەماوەر پێوەندییەکی سالم بێ، نووسەر و میدیاکان و ناوەندە فەرهەنگی و کەلتوورییەکان و سەرجەم ئەوانەی بە شوێن زمانی ستانداردەوەن، یەکتر دەگرن و هەنگاوەکان بەرەو ئەو کارە بەجێ و پێویستە بەگوڕتر دەبن.

گەڵاڵە و پرۆژەکان بە چەشنێک دەبێ دابڕێژرێن کە سەرجەم هەوڵە تاکەکەسییەکان لە خۆیدا کۆ بکاتەوە، کەسانی کارامە ئەرکی بەڕێوە بردنی بگرنە ئەستۆ، دەسەڵات شێلگیرانە لە پشت بڕیارەکان ڕاوەستێ، لە ناوەندە پەروەردەیی‌یەکان هەوڵی بەرچاو بۆ زمانێکی هەمەگیر بە پێی یاساوڕێساکانی زمانی کوردی بدرێ، ئەمانە بەبێ دەسەڵاتێکی بەرپرس نەگونجاون. بیتوو نیاز بە زمانێکی ستاندارد نەبێتە خواستێکی جیددیی دەسەڵات، پرۆژەکان بەروبوویەکی ئەوتۆیان نابێ.

• **سەردەمی جیهانگیریی هەڕەشەیە یان دەرفەتێکە بۆ زمانی ستانداردی کوردی؟**

*⁎ئەحمەد بەحری*: ئەگەر لە سەر ئەو باوەڕە بین کە سەردەمی جیهانگیری هەڕەشەیە بۆ سەر زمانەکەمان، ئەوە یانی زمانی ئێمە لەگەڵ ڕەوتی جیهانی ناگونجێ و مەحکووم

بە فەنایە. ئەو بیرۆکە چەوتە هەموو ڕیسەکانمان دەکاتەوە خوری، گرینگترین فاکتەری نەتەوایەتیمان کە زمانەکەمانە، بە هیچ دەگیرێ و ئەو هەموو خەباتە خوێناوییە بە فیڕۆ دەچێ. ئیزن دەخوازم ئەم پرسیارە ئاوا بەیان بکەم کە «سەردەمی جیهانگیری چلۆن بکەینە دەرفەت بۆ ستاندارد کردنی زمانی کوردی؟»

دنیا بەخێرایی لە ئاڵوگۆڕدایە، تێکنۆلۆژی سنوورەکانی نەهێشتووە، دەنگەوەرەگشتییەکان ڕۆچوونەتە نێو هەموو ماڵەکان، پێوەندی زۆر لەوە هاسانتر و بەربڵاوترە بیری لێدەکەیەوە. گلەیی لە بارودۆخی زمانیی کاناڵە تەلەڤیزیۆنییەکان لە هۆوەی بە جێ دێڵین. ئەو کاناڵانە زاراوەکانی کوردییان بردووەتە هەموو مەڵبەندەکانی کوردستان و دەرگای زمانی بەرفراوانی کوردییان بە سەر هەموو ماڵەکاندا کردووەتەوە. لەم بارەوە کارەکەیان گرینگە و حاشای لێناکرێ. ئیدی وەک جاران نەماوە، لێک تێگەیشتن و تێکەڵاویی زاراوەکان بەرچاوە و ئەمە دەتوانێ وەک دەرفەت بە قازانجی پەرە گرتنی زمانەکەمان کەڵکی لێوەرگری. ئەمە نموونەیەکە لەو کەلک وەرگرتنە ئیجابییە و ماجەرای سەردەمی جیهانگیری .....

**تێبینی:**

من وەک وڵامدەری ئەو پرسیارانە، کەسێکم لە کوردستانی ئێران و لە ناوچەی موکریان دەژیم. مەڵبەندی ژیانم ڕەنگدانەوەی بە سەر بۆچوونەکانمەوە دیارە و لێرەوە لە هەموو کوردستانم ڕوانیوە.

*ئەحمەد بەحری سەرنووسەری گۆڤاری مەهاباد

**ئەحمەد بەحری**

**٢٠٢٣/٤/١٩**

**مەهاباد**

هەواڵنامەی کتێب

# دیاکۆ هاشمی؛
# جووتستاندارد بۆ کوردستانی گەورە
# ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە

**دیاکۆ هاشمی ڕێنوێنی زمان لە خولی وەرگێڕان لە وڵاتی سوید. وەرگێڕ لەنێوان زمانەکانی سویدی، فارسی، دەری و کوردی (کوردیی ناوەندی و کوردیی خواروو). فەرهەنگنووس (کۆمەڵێک وشەنامە و فەرهەنگ لە بواری جۆربەجۆری وەک کۆمەڵناسی، نەخۆشەوانی، کۆچ و کۆچبەری، یاسا، سوپا، نەخۆشییە تایبەتییەکانی ژنان و ئایتی و هتد). خاوەنی ماڵپەڕی «فێرگەی زمانی کوردی» (diyako.yageyziman.com)ە. لەو سایتەدا کۆمەڵێک بابەتی جۆربەجۆر لەسەر زمان، ڕێنووس، ڕێزمان، وشەسازی و هتد هەیە.**

**هەروەها دانەری کتێبی «پوختەی ڕێنووس و خاڵبەندی» کە هەم لە ئورووپا و هەمیشە لە باشوور و ڕۆژهەڵات بڵاو بووەوە.**

- **تاچەند باوەڕت بە زمانی ستاندارد هەیە؟**
- **دیاکۆ هاشمی:** بەگشتی، زمانی ستاندارد، لە بواری زماندا، دیاردەیەکە لە ئارادایە و شتێک نییە کەس نکووڵی لە بوونی بکات. بەڵام ئەگەر مەبەستی پرسیارەکە ئەوەیە کە تا چەندە بۆ کورد باوەڕم پێی بێت، ئەوە شتێکی ترە. ئەمە باسێکی زۆر تایبەتە و کورد زۆر زۆر لەسەری دواوە. زۆر بۆچوونی جۆربەجۆر لەم بارەیەوە کەوتوونەتە ئاراوە. لە پێشدا دەبێت بزانین مەبەست لە زمانی ستاندارد چییە؟ هەروەها دەبێت دەستنیشانی بکەین کە ئەم زمانە ستانداردە بۆ کێ بەکار بهێنرێت؟ بۆ پارچەیەکی کوردستان یان بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان؟ لە چ بوارێکدا؟ بۆ حکوومەت؟ بۆ دامودەزگاکان؟ بۆ ڕاگەیاندن؟ بۆ قوتابخانە؟ بۆ ئەدەبیات بەگشتی؟ هەموو ئەمانە جێگەی پرسیارن و جێی تێڕامانن.

بەڕاستی مەبەست لە زمانی ستاندارد بۆ کورد چییە؟ مەبەستمان کام لەمانەی خوارەوەیە:

**یەک: زمانێکی نوێ**

زمانێکی نوێ بۆ هەموو کورد دروست بکرێت؟ وەک پەرجوویەک یان لە کارگەیەکدا ساز بکرێت؟ یان بە پێشنیاری زمانەوانێک ڕۆ بنرێت؟ ئەوە هەر نەلواوە و شتی وا بۆ هیچ نەتەوەیەک دەستی نەداوە. کەوا بێت ئەوە دەست نادات.

**دوو: زمانێکی یەکگرتوو**

لە کۆی زارەکان زمانێکی یەکگرتووی هاوبەش ساز بکرێت؟ وەک ئەو هەوڵەی پرۆفیسۆر جەمال نەبەز لە کتێبی «زمانی یەکگرتووی کوردی»دا ئاماژەی پێ دەکات؟

ئەو لەوێدا هەوڵ دەدات بەرەو «زمانێکی یەکگرتووی ئەدەبی» بڕۆین.

د.جەمال نەبەز لەوێدا پاش هەڵسەنگاندنی زاراوە کوردییەکان و دەستنیشانکردنیان، هەوڵ دەدات دوو زاراوەی گەورەی کرمانجیی ژووروو و کرمانجیی نێوەڕاست وەک پێوانە پێکەوە بەراورد بکات. لە ڕووی مۆرفۆلۆژی، فۆنۆلۆژی، لێکسیکۆلۆژی و ئۆرتۆگرافییەوە بەراوردیان دەکات. هەوڵ دەدات خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانیان بخاتە ڕوو. پاشان پێکەوە بەراوردیان دەکات بزانێت فێربوونی خاڵە جیاوازەکانی کامیان ئاسانترە. پێشنیار دەکات لەنێوان هەردووکیاندا ئەوەیان هەڵبژێرین کە ئاسانترە و ئەوی تریان وەلا بنێین. بۆ نموونە لە باتیی ئەوەی بڵێین: دایکا من، باڤێ من، هەر ئاسانترە بوترێت دایکی من، باوکی من.

واتە شێوە قورسەکە، دۆخی نێر و مێ، وەلا بنێین و شێوە سادەکە پەرە پێ بدەین و بیکەینە باو، تا فێربوونیشی بۆ هەمووان ئاسانتر بێت.

ئەمە زیاتر لە زمانێکی متوربەکراو دەچێت، ئەویش زەحمەتە لێک بدرێت، کەوا بێت ئەویش هەرچەندە بیرێکی جوان و شیرینە، بەڵام بە کردەوە دەست نادات. واتە بە کردەوە بینیومانە کە ناکرێت زارەکوردییەکان تێکەڵ بکەین و لە کۆی ئەوان یەک زمانی یەکگرتوو دروست بکەین.

**سێ: یەکێک لە زارەکان بکەینە زمانی ستانداردی کوردی**

واتە لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا بە هەموو کورد بڵێین یەک شێوەزار ستانداردە و هەر ئەوە دەبێت بەکار بهێنرێت. ئەمە یان بە دەنگدان، یان بە ڕەزامەندی یان بە زۆرەملێ. وەک دەبینین ئەوەش بە کردەوە نەکراوە و ناشکرێت.

**چوار: جووتستانداردی**

وەک ئەوەی کە تا ئێستە بووە و بە شێوەیەکی سروشتی هاتووەتە پێشەوە، بەردەوام بین. باسی یەک زمانی ستاندارد بە شێوەیەکی فەرمی بۆ هەموو کوردستانی گەورە نەکەین. کرمانجیی ژووروو لە باکوور و ڕۆژاوای کوردستان وەک ستانداردێک جێی خۆی گرتووە و بە هیچ زارێکی تر جێگیر ناکرێت. کوردیی ناوەندی لە ڕۆژهەڵات و لە باشووردا وەک زمانی ستاندارد جێگیر بووە و بە زاری تر جێگیر ناکرێت.

ڕێز لە زارەکانی تری وەک بادینی، هەورامی و کوردیی خواروش بگیرێت.
هەوڵ بدرێت ئەوەی کە هەیە دەوڵەمەندتر بکرێت و پێش لە ڕەوتی گەشەی هیچ زاراوەیەکیش نەگیرێت. کەڵک لە یەکتر وەربگیرێت و بەو کەڵکوەرگرتنە هەنگاویش بنرێت بۆ لێکنزیکبوونەوە.

- **پێناسەت بۆ زمانی ستاندار چییە وچۆن دەڕوانیتە پرسی جووتستانداردی بۆ زمانی کوردی؟**
- **دیاکۆ هاشمی؛** زمانی ستاندارد جۆرێکە لە زمانی سەرەکی کە لە چوارچێوەی فەرمیدا بەکار دەهێنرێت و بنەمای زمانی نووسراوی پێک دەهێنێت. واتە پێوانەیەکە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیارکراو یان کۆمەڵە خەڵکێکی تایبەتی و لەلایەن هەمووانەوە دانی پێدا نراوە و بە شێوەیەکی گشتی لە بەڵگەنامە فەرمییەکان، پەروەردە، میدیا و چوارچێوە فەرمیەکانی دیکەدا بەکار دەهێنرێت. زمانی ستاندارد زۆر جار لە ڕێگەی یاساکانی ڕێزمان و ڕێنووس و وشەسازییەوە ڕێک دەخرێت. بەزۆری لەسەر ئەو زمانە دامەزراوە کە نوخبەی خوێندەوار قسەی پێ دەکەن و وەک ئامرازێک بۆ پەیوەندیکردن لە نێوان قسەکەرانی زاراوە جیاوازەکان و گۆڕانکارییە ناوچەییەکانی هەمان زماندا کار دەکات.

پەرەسەندنی زمانێکی ستاندارد زۆر جار بە هۆی هۆکارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە دەڕوات و دەتوانێت کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر پرسەکانی کێیەتی (هوية)، ناسیۆنالیزم و فرەچەشنیی کولتووری هەبێت.

جووتستانداردی لەناو یەک زماندا، بە دوو زار دەوترێن کە شان بە شانی یەکتر گەشەیان سەندووە. ئاخێوەرەکانی زیاترین ئاپۆرەیان لە ناوچەی خۆیاندا هەیە. بۆیە یەک تاکەشێواز ناتوانێت بەتەواوی زاڵ ببێت بەسەر ئاخێوەرانی ئەو ناوچەکەی تردا، بەڵکوو لەوێش شێوازێک بۆ دەربڕین گەشە دەستێنێت. وەک کرمانجیی ژووروو بۆ باکووری کوردستان کە زۆرینەیان بە کرمانجی دەدوێن. وەک کوردیی ناوەڕاست بۆ ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان کە زۆرینە بە کوردیی ناوەندی (سۆرانی) دەدوێن.

تێڕوانینی من بۆ جووتساندارديی ئەوەیە کە ئەم ڕەوتە، وەک سروشتی خۆماڵیی زمانی کوردی، خۆڕسک پێش کەوتووە و گەشەی سەندووە. ئەوە ڕاستییەکە کە ئێمە ناتوانین شێوازی کوردیی ناوەندی لە باکووری کوردستاندا جێگیر بکەین. کرمانجیی

ژوورووش شێوازێک لە کوردییە و زۆرینەی کورد لەوێ بەو زارە دەدوێن و دەبێت زۆریش لامان ئاسایی بێت تا ئەوانیش هەست بە ئاسوودەیی بکەن. دەتوانین لە ڕووی تەکنیکی و زمانییەوە کارێک بکەین کە ئاخێوەرانی هەردوو زارەکە، بەئاسانی لە یەکتر تێ بگەن، با هەر کەسێکیش بە زاری خۆی بدوێت. بەڵام هەم لە کرمانجیی ژووروودا و هەمیش لە کوردیی ناوەڕاستدا دەبێت هەوڵ بدرێت زمانەکە بەباشی گەشە بستێنێت. هەنبانەی وشە و ڕێزمان بەجوانی دیاری بکرێت و لە کاتی پێویستیشدا بۆ دەوڵەمەندبوون و لێکنزیکبوونەوە لە یەکتر، بەبێ دوودڵی کەڵک لە وشە و پەیڤی یەکتر وەربگیرێت لەبیرمان نەچێت کرمانجیی ژووروو بۆ نموونە لە دنیای دیجیتاڵیدا زۆر پێش لە کوردیی ناوەڕاست جێگیر بووە و پێش چووە. نموونەی ئەوانە وەرگێڕانی گووگڵ، فەیسبووک و پلاتفۆرمە جۆربەجۆرەکانی ترە. لە باشووردا دەبینین کە زمانی فەرمیی حکوومەت و تەنانەت زمانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکەکانی تر و تەنانەت زمانی فەرمیی پەرلەمانیش هەر کوردیی ناوەندییە. هەرچەندە خۆیان لە ماڵدا ئەگەر بە بادینی بدوێن یان ئەگەریش بە هەورامی و تەنانەت بە کوردیی خواروو بدوێن، وەک نوێنەری حکوومەت بە کوردیی ناوەندی دەدوێن.

کەوا بێت ئەوە ڕەوتێکە خۆی لە خۆیەوە بە شێوەیەکی سروشتی دروست بووە. من ڕام وایە بهێڵین کە ڕەوتی گەشەی زمانی کوردی وەک ئەوەی خۆڕسک هاتووەتە پێشەوە، بەردەوام بێت. بەم جۆرە زۆر باشتر هەستی کوردبوون و یەکبوون و تەبابوون بەهێزتر دەبێت و هەمووومان بە هەستێکی خۆشەوە خۆمان بە کورد دەزانین و هەستی ئەوەی کە پەراوێز خراوین یان زارێک بە سەرماندا سەپێنراوە، لامان دروست نابێت. ئەو کاتە هیچ دوژمنێک ناتوانێت لەو جیاوازییە کەڵکی نالەبار وەربگرێت و درز و دووبەرەکی بخاتە نێوان یەکڕیزیی کوردەوە وەک نەتەوەیەکی هاوبەش. وەک وەڵامی پرسیارەکە بەکورتی بڵێم جووتستاندارد بۆ کوردستانی گەورە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە. ئەم ڕەوتە، خۆی خۆکار خۆی سەپاندووە و ئەوە ڕاستیی کۆمەڵگەی کوردەوارییە.

• **کۆسپەکانی سەر ڕێی زمانی ستانداردی کوردی چین؟**

• **دیاکۆ هاشمی** ئەو کۆسپانەی کە لەسەر دروستبوونی زمانێکی ستانداردن بۆ کورد بریتین لە: چڕووبوونی ئاخێوەران لە ناوچەی تایبەتیدا:

ئاخێوەرانی هەر زارێک لە ناوچەیەکی بەریندا بە دەوری یەکتر کۆبوونەتەوە، بۆ نموونە لە باکووری کوردستاندا زۆرینەی ئەوانەی بە کرمانجیی ژووروو دەدوێن لەوێ کۆبوونەتەوە. هەر بۆیە ناکرێت شێوازی زارێکی تر لەوێ وەک ستاندارد جێگیر بکرێت.

بە هەمان شێوە، لەو ناوچانەی کە کورد بە کوردیی ناوەندی دەدوێن، زۆرینەی خەڵک بەو شێوازە قسە دەکەن، هەر لەبەر ئەوە ناکرێت شێوازێکی تر وەک زمانی ستاندارد لەوێ جێگیر بکرێت و هەر کوردیی ناوەندی وەک ستانداردی ئەو ناوچەیە خۆی جێگیر کردووە.

کەوا بێت چڕیی ئاپۆرەی هەر زارێک لە ناوچەیەکی تایبەتیدا وا دەکات کە زارەکانی دیکە لەوێ نەتوانن ببنە زمانی ستاندار بۆ ئەو بەشە.

**کێشەی دووئەلفبێیی:**

هەروەها کێشەی دووئەلفبێیی خۆی لە خۆیدا کوردی کردووەتە دوو بەشی زمانی و ئەدەبی. جیاوازیی ئەلفبێ، دوو بەشەکەی لە یەک نامۆ کردووە. وای کردووە کە کورد بەگشتی لە ئەدەبیاتی یەکتر بێبەش بن و زۆربەی زاراوە و پەیڤەکانی یەکتریان لا نامۆ بێت و توخنی ئەدەبیاتی یەکتر نەکەون، مەگەر ئەوانەی خۆیان تێکەڵی هەر دوو بەشەکەن یان حەزیان لە فێربوونی ئەو زارەکەی دیکە بێت.

**نەبوونی وڵاتێکی سەربەخۆ:**

نەبوونی وڵاتێکی سەربەخۆ یەکێکی ترە لە کۆسپەکانی دروستبوونی زمانێکی ستاندارد بۆ هەموو دانیشتووانی وڵاتەکە.

**کەمیی پەیوەندی:**

لەبەر ئەوەی کوردستان ناوچەیەکی شاخاوی و بەربڵاوە، هەروها لەبەر نەبوونی کەمیی هاتوچۆ و نەبوونی پەیوەندی بەگشتی، کۆسپێک دەکەوێتە سەر ڕێی بەدیهاتنی زمانێکی ستاندارد. هەڵبەت هەرچەند جاران هاتوچۆ کەم بوو، بەختەوەرانە لەم سەردەمەدا دنیای ئینتەرنێت سنوورەکانی کەم کردووەتەوە.

**• نووسەران تا چەند لە جیهانی سایبەریدا (سۆسیال میدیاو ئینتەرنیت) لە پێناو زمانێکی ستاندارد یان پێوەر دەور دەبینن؟**

**• دیاکۆ هاشمی:** ئەوەی لە جیهانی سایبەریدا بەکار دەهێنرێت ڕەنگدانەوەی کوردە لە دەرەوەی دنیای دیجیتاڵیدا. دنیای ئینتەرنێت و هەموو لقوپۆپەکانی دنیایەکی ئازادە کە کەس ناتوانێت ڕێ لە کەس بگرێت و شتی خۆی بەسەر کەسی تردا بسەپێنێت. ئەوەی لەوێ دەبینرێت ئەوەیە کە زمانێکی تاکەستاندارد بەکار ناهێنرێت، بەڵکوو جووتستاندارد گەشە دەستێنێت. نابێت لەبیرمان بچێت کە زارەکانی تریش لەوێ باشتر دەستیان کراوەیە بۆ گەشەسەندن. ئەمە واتە خەڵک لایەنگری ئەوە نین کە تاکەستانداردێک هەبێت و ئەوانی تر پەراوێز بخرێن. باشترە ڕێز لە یەکتر بگرین و بەو ڕێزلێنانە زیاتر لە دەوری یەکتر کۆ بینەوە.

**• ئەکادیمیای کوردی جی دەوریکی لە چاودێری کردن بەسەر زمانی کوردیدا دەبینن؟**

**• دیاکۆ هاشمی:** ئامانجی سەرەکی لە دامەزراندنی ئەکادیمیای کوردی وەک لە یاساکەیدا ڕوون کراوەتەوە، پاراستن و پتەوکردنی زمانی کوردی و کەلەپوور و ناسنامەی نەتەوەیی کوردە. هەروەها چارەسەرکردنی کێشەکانی زمانی کوردی لە (ڕێنووس و زاراوەسازی و شێوەزارەکان و زمانی ستاندارد). ئەکادیمیا خۆی ڕای گەیاندووە کە بۆ هەر پرس و کێشەیێک لیژنەی هەمیشەیی هەیە و بە پێڕەو و بەرنامەکانی (Language Planning) کار دەکەن. بەڵام سەبارەت بەوەی کە ئەوان چییان کردووە، من نامەوێت لەلایەن ئەکادیمیای کوردییەوە قسە بکەم. چونکە ئەوان ئەندام و نوێنەری خۆیان هەیە. باشترە بەگشتی ئەم پرسیارە لە خۆیان بپرسرێت. بەڵام ئەوەی کە من وەک هەموو کەسێکی تر چاوەڕێ دەکەم ئەکادیمیا بیکات بەشێکیان بریتین لەمانە:

لەم دنیای دیجیتاڵییەی ئەمڕۆدا کە زانیارییەکان بە چرکە دەگوازرێنەوە و مرۆڤەکان بە چرکە چاوەڕێی وەرگرتنی نوێترین زانیارین، دەبوا ئەکادیمیا ئێستە لەسەر سایتەکەی پەڕەیەکی تایبەتی بۆ ڕێنووس دانابا و بە وردەکاریی زۆرەوە هەموو گیروگرفتەکانی ڕێنووسیان تێدا بخستایەتە بەرچاو و وەڵامی یەکلاییکەرەوەیان خستبێتە پێش چاوی خەڵک. پێشتر نامیلکەی ڕێنووسیان چەندجار بڵاو کردووەتەوە و بە شێوەی کتێب و پیدیئێفیش لە بەردەستدان. بەڵام ئەوانە کۆنن و پڕن لە هەڵەی ڕێنووسی. لەم دنیایەدا

بەرهەم دەبێت بە شێوەی نووسین و دەقی ئاسایی لەسەر سایتێک دابنرێت تا مرۆڤ بتوانێت لە وێبگەڕەکاندا پشکنیان بۆ بکات، نەک بە شێوە پیدیئێف. بە هەمان شێوە پێویستە ڕێزمانێکی بەپێز و دەوڵەمەندیان دیسانەوە بە شێوەی دەق لەسەر ئینتەرنێت دانابات کە جێی متمانەی هەمووان بێت و هەر کاتێکیش بیانەوێت دەستکاریی بکەن و نووژەنی بکەنەوە. هەروەها دەبوا تا ئێستە وشەنامەیەکی دەوڵەمەندی دیجیتالییان لەسەر ئینتەرنێت هەبوایە. هەر چەندە ئێستە وشەنامەیەک دەوڵەمەندیان لەچاپ داوە بە ناوی فەرهەنگی فەرهەنگەکانە. بەڵام بەرهەمی وا دەبوا دیجیتالی بێت. گرنگیی بەرهەمی دیجیتالی لە هەر زمانێکدا باشییەکەی ئەوەیە کە دەکرێت بکرێتە بنەمای دەیان کاری باشتری دیجیتالیی تر.

زمانی کوردی بۆ ئەوەی بەشی وەرگێڕانی زمانەکەی لەسەر ئینتەرنێت باشتر و باشتر ببێت پێویستی بە دەقی زۆری بێهەڵەی یەکدەست هەیە. هەموو ئەو کارانە دەتوانن یارمەتیدەر بن بۆ ئەو مەبەستە.

هەواڵنامەی کتێب

• **لە پیناو بە کوردیکردنی زاراوە نوێباوەکانی سەردەمدا کێ بەرپرسە؟**

• **دیاکۆ هاشمی**: هەموو ئەوانەی پسپۆڕن و زمان دەزانن و لە بوارە تایبەتییەکاندا شارەزاییان هەیە دەتوانن کاری فەرهەنگنووسی بکەن، ئەوە خۆی زمان دەوڵەمەند دەکات، بەڵام دانانی وشەی نوێباو زۆر تایبەتی ترە و باشترە لێژنەیەک ئەو کارە بکات، بۆ نموونە ئەکادیمیای کوردی دەتوانێت لێژنەی دانانی زاراوەی هەبێت. چالاک بێت و شوێندەستیان ببینرێت.

ئەوڕۆکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، بۆ نموونە لە فەیسبووک، کۆمەڵێک گرووپی جۆربەجۆر دروست بوون و خەریکی وشەسازین. بەڵام زۆربەی ئەو کارانە لە شوێنێکی دیارکراودا کۆ نابنەوە. پێشنیاری جوانیان تێدایە و بێگومان پێشنیازی کرچوکاڵی زۆریشیان تێدایە. بەداخەوە هەموو ئەو هەوڵانەی پرشوبڵاون. گرنگە لە سایتێکی تایبەتیدا کۆ بکرێنەوە. بەڵام کاری وا هیچ جێگەمتمانە نییە و وەک وتم پێویستە لێژنەی تایبەتی هەبێت.

• **کێ بەرامبەر ئەو پاشاگەردنییەی لە زمانی کوردی درووست بووە بەرپرسە؟**

• **دیاکۆ هاشمی**: نازانم ناوی لێ بنرێت پاشاگەردانی یان نە. ئەوەندە دەزانم کە زمانی

کوردی بە بەراورد لەگەڵ مێژوویدا کە بەردەوام بەربەست خراوەتە سەری، زۆر باش چووەتە پێشەوە. دەکرا زۆر زۆر کاری باشتریش بکرابا. بەڵام زمانی کوردی ئێستە ڕێنووسی دیارە، ڕێزمانی دەستنیشان کراوە و لە ڕووی زمانەوانییەوە زۆر لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە.

بەداخەوە هەندێ کەس ئاگاداری ڕێنووس نین. ئەمە کێشەی گەورەی ئافراندووە. وەزارەتی پەروەردە بەشێک لەو بەرپرسیارێتییەی لە ئەستۆدایە. کتێبەکان نوێ دەکرێنەوە، بەڵام ڕێنووسەکان هێشتا هەر هەڵەیان تێدایە، ئەویش لەبەر ئەوەیە کە ئەوانەی بە کتێبەکاندا دەچنەوە نازانن چی بکەنە سەرچاوە بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکان. مامۆستاکانمان هەندێکیان کێشەی ڕێنووسیان هەیە و هێشتاش شوێنێکی فەرمی نییە کە ببێتە مەکۆیەک بۆ ئەوانەی وا کێشەیان هەیە، وەڵام وەربگرن. کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە هەر کەسێک پێی وایە خۆی باشترین شێوازی لایە، واز لە ڕای تاکەکەسیی خۆیان ناهێنن، ئامادە نین ئەو ڕێنووسەی کە ئەکادیمیای بڵاوی کردووەتەوە بکەنە بنەمای ڕێنووسی خۆیان. من پێم وایە کورد خاوەنی ڕێنووسێکی زۆر پێشکەوتووە، ئەگەر تاکەکان بیانەوێت بەکاری بهێنن. ئەگەر هەمووان ئەو ڕێنووسە بەکار بهێنن، بەزووی زمانەکەمان دەبێتە خاوەنی ڕێنووسێکی یەکدەست. ئەگەریش گۆڕانی بەسەردا بێت دیسانەوە پێکەوە ئەو گۆڕانە جێبەجێ دەکەین.

- **هۆکاری چییە کە هێشتا میدیای کوردی خاوەنی زمانێکی ستاندارد نییە؟**
- **دیاکۆ هاشمی**: وەک پێشتر باسم کرد زمانی کوردی ڕەوتێکی سروشتیی خۆی بڕیوە، ئەو دوو ستانداردەی کە هەن لە میدیای کوردیدا بەکار دەهێنرێن. من پێم وایە زمانی میدیای کوردی خاوەنی ستانداردی خۆیەتی، بەڵام بە دوو ستاندارد. ئەویش هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت. ئەوانەی بە کرمانجی دەدوێن ئەو ستانداردە بەکار دەهێنن. ئەوانەش بە کوردیی ناوەندی دەدوێن ستانداردی کوردیی ناوەندی بەکار دەهێنن.

بۆ نموونە ئێستە لەم دیمانەیەدا زمانێک بەکار دەهێنین کە لە هەموو ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕاگەیاندنەکاندا ئەم زمانە بەکار دەهێنرێت. کەوا بێت لە جیهانی میدیای کوردیدا بۆ کوردیی ناوەندی ئەرکی زمانی ستاندارد دەگێڕێت. ڕەنگە تاکەکەس لێرە و لەوێ هەڵەی زمانی و میدیایی بکەن، ئەوە واتای ئەوە نییە کە زمانەکە کێشەی هەیە، بەڵکوو ئەو کەسە دەبێت بەخۆیدا بچێتەوە.

- **پێتوایە بوونی دووجۆرە ڕێنووس یان پتر خزمەتی زمان دەکات؟**
- **دیاکۆ هاشمی:** پێم وایە مەبەستتان لە دوو جۆرە ڕێنووس، دوو جۆرە ئەلفبێیە. ڕێنووس بەپێی ئەلفبێ دادەڕێژرێت. بێگومان زۆر باشتر دەبوو کە کوردیش وەک زۆربەی زمانەکانی دنیا خاوەنی یەک ئەلفبێ بوایە. بەڵام بەدڵنیاییەوە تەنها زمانی کوردی نییە کە دوو جۆرە ئەلفبێی هەیە. من ئەمە بە باش نازانم، بەڵام پێم وایە ئەم کێشەیە هەرگیز چارەسەر نابێت و هەمیشە وەک خۆی دەمێنێتەوە. چونکە کوردیی باکووری و کوردیی ناوەندی دوو ئەلفبێی جیاواز بەکار دەهێنن.

باشترە خۆمانی پێ ماندوو نەکەین و تەنها هەوڵ بدەین بە پرۆگرامی تایبەتی ئاسانکاریی وا بکەین کە ئەلفبێیەکەمان بۆ بگۆڕێت. پرۆگرامی بگۆڕی ئەلفبێ دەمێکە دروست بووە و مرۆڤ دەتوانێت بە کرتەیەک ئەلفبێکان بگۆڕێت بۆ یەکتر، تەنانەت ئەلفبێی سایت و ماڵپەڕیش.

- **ئایا فرەیی لە ژمارە و دانیشتوان دەبێتە هۆکار بۆ درووست بوونی زمانی ستاندارد؟**
- **دیاکۆ هاشمی:** زۆریی ژمارەی دانیشتووان بۆ نموونە لە شارێکدا دەتوانێت کار بکاتە سەر شێوەی قسەکردنی شارۆچکە و لادێکانی دەوروبەری خۆی یان تەنانەت لە هەرێمێک یان لە وڵاتێکدا. کێشەکە ئەوەیە کە لەم سەردەمەدا کە دوو ستانداردی کوردی دروست بوون، زۆر زەحمەتە گەورەییی شارێکی بۆ نموونە باکووری کوردستان بتوانێت کاریگەریی هەبێت لەسەر شارێکی باشووری کوردستان کە بە کوردیی ناوەندی دەدوێن و لەوێ ببێت بە زمانی ستاندارد، یان بەپێچەوانەکەی. ڕەنگە لە سەردەمی کۆندا زیاتر کاریگەریی هەبوایە. ڕەنگە ئەگەر هەموو ئاخێوەران لە دەوربەری یەکتر بژیایەن کاریگەریی هەبوایە. بەڵام لەم سەردەمەدا زەحمەتە زۆربوونی ژمارەی ئاپۆرەی شارێک بتوانێت وەک زمانی ستاندارد لە هەموو کوردستاندا جێگیر بێت.

- **چۆن چاو لە پرسی هەبوونی پرۆژە و سیاسەتی زمانی بۆ زمانی ستاندارد بکەین؟**
- **دیاکۆ هاشمی:** دیسانەوە دەڵێم زمانی کوردی تازە ڕەوتێکی بۆ خۆی دروست کردووە. هەرگیز ناتوانین هەموو باکووری کوردستان قایل بکەین کە زمانی نووسین و خوێندنیان بکەنە کوردیی ناوەندی، بە هەمان شێوەش ناکرێت هەموو خەڵکی

باشوور و ڕۆژهەڵات ناچار بکرێن کرمانجی بکەنە زمانی ستانداردی خۆیان. بۆیە باشترە واز لەوە بهێنین کە زمانێکی ستاندارد بۆ هەموو کورد دروست بکەین، بەڵام لە پارچەیەکی کوردستاندا دەکرێت ئەو کارە بکرێت. بۆ نموونە لە باکووری کوردستان زمانی ستاندارد کرمانجییە و هیچ زارێکی تریش ناتوانێت پەراوێزی بخات. هەروەها لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش زمانی ستاندارد کوردیی ناوەندییە و هیچ زارێکی تریش توانای نییە وەک ئەو زارە، وەک زمانی ستاندارد خۆی جێگیر بکات. لە ڕۆژاوای کوردستانیش وەک دەزانین کرمانجی بەهێزە.

- **سەردەمی جیهانگیریی هەڕەشەیە یان دەرفەتێکە بۆ زمانی ستانداردی کوردی؟**
- **دیاکۆ هاشمی:** ئەم سەردەمە سەردەمی جیهانیگیری و تەکنۆلۆژیایە. زمانەکان تۆمار دەبن، لە مردن ڕزگاریان دەبێت و گەلێک ساڵ دەمێننەوە و دەپارێزرێن. نە هەڕەشەیە بۆ سەر زمان و نە دەرفەتێکە بۆ کورد یەک زمانی ستاندارد بۆ هەموو پارچەکان دروست ببێت.

باشترە خۆمان بەو باسانەوە خەریک نەکەین و ئەوانەی بە کرمانجی دەدوێن کار بکەن لەسەر بەهێزکردنی کرمانجی. ئەوانەش لە ڕۆژهەڵات و باشوور دەدوێن کار بکەن لەسەر بەهێزکردنی کوردیی ناوەندی وەک زمانی ستاندارد لە ڕۆژهەڵات و لە باشووردا. هەروەها نابێت ڕێ لە بەکارهێنانی زارەکانی دیکە لە ناوچەی خۆیاندا بگیرێت. نە ئەوان قەبووڵ دەکەن و نە مافی مرۆڤ ڕێگەی پێ دەدات. بۆیە با بهێڵین ڕەوتی زمانەکەمان وەک ئەوەی خۆی، چۆن هاتووە با بڕوات، بە ڕێزگرتن لە یەکتری، هەموومان لە یەک نزیک دەبینەوە. کوردیی خوارووو و هەورامی و بادینی هیچ هەڕەشەیەک بۆ سەر کوردیی ناوەندی نین. ئەوان ئەوەندە گەورە نین تا جێی کوردیی ناوەندی وەک ستانداردی ڕۆژهەڵات و باشوور لەق بکەن. ڕێگەپێدان بەوانیش ڕێزلێنانە لەوان و هاندانی ئەوانیشە بۆ ئەوەی بە دڵخۆشییەوە پێکەوە بژین و هەموو پیلانێکی دوژمنیش پووچەڵ بکەینەوە.

هیچ زمانێک لەم دنیایە کە خاوەنی چەند زمانە نەیانتوانیوە کێشەی چەند زاراوەیی چارەسەر بکەن. خەڵکی سکاندیناڤیا ڕێک وەک کوردن، زمانەکانی سویدی، نەرویجی، دانیمارکی و ئیسلەندی هەموو چەند زاراوەیەکن سەر بە یەک زمان کە پێی دەوترێت زمانی سکاندیناڤی. ئەگینا ئەوانە بەرانبەر یەکتر بەپێی پێوەری زمانەوانی زمانی

سەربەخۆ نین، بەڵکوو چەند زارێکن سەر بە هەمان خێزانەزمان. فارسی و دەری و تاجیکی کۆمەڵە زارێکن سەر بە یەک خێزانەزمان. واتە هیچ کامیان نەیانتوانیوە بۆ زارەکانیان زمانێکی ستاندارد چێ بکەن. هەر کام لەو زارانە لە ناوچەی خۆیاندا بووە بە ستانداردی ئەو خەڵکەی بەو شێوەزارە قسە دەکەن.

کەوا بێت کوردیش وەک زۆربەی زمانەکانی دنیا کە نەیانتوانیوە کێشەی زاراوەکانیان چارەسەر بکەن، باشترە بەدوای پەرچوو و ئاڵۆزکردنی دۆخەکە نەگەڕێن و بە ڕێزگرتن لە یەکتر پێکەوە شان بە شانی یەکتر بە ئاشتی و تەبایی و خۆشەویستی بژین.

هەواڵنامەی کتێب

# سوورەوەردی لە نێوان فەلسەفە و زمانی کوردیدا

هۆشەنگ شێخ محەمەد

خوێندنەوەی بەردەوامم بۆ کارەکانی سووڕەوەردی و ئەو بابەت و لێکۆڵینەوە و وەرگێڕانانەی تر کە لەبارەی چیرۆک و نامەکانی سووڕەوەردییەوە دەکرێن، وایان کردووە هەمیشە پێداچوونەوە بە وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە و پێشەکییەکانمدا بکەم، کە لەبارەی سووڕەوەردییەوە بە زمانی کوردی پێشکەشیان دەکەم.

سووڕەوەردی چونکە بە زمانی کوردی نەنووسیوە، ئێمەی تووشی چەندین کێشە و یەخەگیری کردۆتەوە، چونکە زۆر ڕۆشەنبیری کورد، پێش ڕۆشەنبیری نەتەوەکانی تر، بە کوردی نەنووسینەکەی دەکەنە بەهانەیەک بۆ (کوردنەبوونی) یان بە کورد حسێب نەکردنی و دوور خستنەوەی لە ڕۆشەنبیری و بیرکردنەوەی فەلسەفییانەی کورددا!

زمانی بەرهەمەکانی سووڕەوەردی زۆرینەی عارەبی و کەمی فارسییە، تا ئێستا هیچ نامە و چیرۆک و کتێبێکی بە کوردی ئاشکرا نەبووە، بە نیوەچڵی قسە لە سەر هەندێ شیعری دەکرێت بە کوردی، بەڵام تا ئێستا شتێکی ئاشکرا و متمانە پێ کراو لەبەردەستدا نییە. بۆ من زمانی بەرهەمەکانی سووڕەوەردی لە بارەی (کوردبوون) ییەوە کێشە نییە، چونکە لە بەرهەمەکاندا، چ نامە و چیرۆکەکان بن، یان کتێبی سەرەکی پیری ئیشراق (حیکمەتی ئیشراق) بێت، ئەوا بە تەواوی دیارە کە نەزمی بیرکردنەوەی سووڕەوەردی، نەزمێکی کوردییە! سەرچاوەی بیرکردنەوە و کەرەستە و بنەما و بەهای چیرۆکەکان و نامە و کتێبەکانی لە (کوردبوون) سەرچاوە دەگرن!

کورد لە بنەڕەتدا بوونەوەرێکی سروشتییە، هۆشیاریی کورد هۆشیارییەکی سروشتییە، لەنێو ئەم هۆشیارییە سروشتییەدا، هەموو پێکهاتە و توخمەکانی سروشتی، بەتایبەتی هەر چوار پێکهاتە سەرەکییە: «ئاو، با، ئاگر و خاک» وەک بوونەوەرێکی سروشتییان دەبینێت، نەوەک وەک پێکهاتەیەکی بێ گیان. جیاوازی نێوان (بوونەوەر) و (پێکهاتە) لە هۆشیاریی گشتی کورددیا گەورەیە. هەر ئەم جیاوازییەش وای کردووە، کە کورد سروشت وەک ماددەیەکی خاو نەبینێت، تەنیا بۆ قازانجی خۆی بەکاری بێنێت، بەڵکو وای دەبینێت، کە موقەدەسە و دەرگەیەکە بۆ تێگەیشتن لە هەقیقەت، بوون، جیهان، خودا، ڕەهایی، ژیان و مرۆڤ خۆی. دەرگەیەکە تا وەڵامی پرسگەلی وجوودی لێ وەربگرێتەوە!

بۆ کورد سروشت تەنیا ماددەیەکی خاو نییە، تا لە ژێر دەسەڵات و هێزدا ئەو شێوەی پێ ببەخشرێت کە مرۆڤی هێز دڵخوازییەتی!

پێکهاتەکانی سروشت لە هۆشیاریی کوردیدا نابنە ماددەیەک تا مرۆڤ بەسەریاندا زاڵ ببێت و وەک کەرەستەیەکی خاو بەکاریان بێنێت، بە پێچەوانەوە لە دینگەلی کۆنی کورددا وەک میترایی، ئێزیدی، زەردەشتی، یارسانی و مانی، پێکهاتەکانی سروشت وەک ئەیزەد و خوداوەند بیندراون! واتا ئەم پێکهاتانە توخمی سروشتی نەبوون، بەڵکوو بوونەوەر و نیمچە خوداوەند بوون، موقەدەس، پاک و خاوەن ڕەوان بوون، دەبوایە وەک مرۆڤ خۆی پارێزگارییان لێ بکرێت، ئەم قودسییەتە تا ئێستاش لەنێو ئێمەدا هەر ماوە، هێشتا ئاو، با، ئاگر و خاک موقەدەسن. هێشتا باڵندە و ئاژەڵ و دار و درەخت و گیانەوەران موقەدەسن، پێکهاتەکانی سروشت ژیان پەیدا دەکەن، وەک چۆن ئاو لای میترایییەکان و لای ئێزیدییەکان نهێنی ژیانە، کە دواتر (تالیس) لە یۆناندا دەڵێت ئاو نهێنی ژیانە! پێکهاتەکانی سروشت لەگەڵ مرۆڤدا لەنێو یەک وەحدەتی وجوودی و شهوودی دان، پێکەوە ئەزموونی ژیان و جیهان دەکەن.

ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە، موقەدەسیی سروشت و جیهان و بوون بەگشتی، بە هەموو پێکهاتەکانییەوە لای سوورەوەردی ڕوون و ئاشکرایە. سوورەوەردی لە کاتی خۆیدا، پەی بەم سستەمە بردووە کە مرۆڤ و توخمەکانی تر بە موقەدەس و لەنێو وەحدەتێکی وجوودیدا ببینێت. بۆیەشە دەبینین کە باسی نەزمی بوون دەکات، بۆ بیردۆزی زەردەشتی لەبارەی بوون دەگەڕێتەوە، دیارە لە نێو هزری زەردەشتیدا، توخمەکانی سروشت، ئەیزەد بوون، هەر ئەیزەدێک لەم ئەیزەدانە پێکهاتەیەکی سروشتی بوو، واتا هەموو ئەیزەدەکان خواوەندێکی سروشتین.

سوورەوەردی دەڵێت: یەکەم بوونەوەر کە لە ڕووناکی ڕووناکییەکان جیا دەبێتەوە ناوی (بەهمەن)ە. دوای ئەو ناوی خورداد و مورداد و ئەسفەهبەد و ئەسفەندارمەد و کەدبانوو فریشتەکانی تر دەهێنێت. کە هەر یەک لەم فریشتانە، ئەیزەدی پێکهاتەیەکی سروشتین.

وەک لە چیرۆکگەلی ڕەمزی ئەم کتێبەشدا دەبینین سوورەوەردی، خۆر و مانگ و ئەستێرە و باڵندە و درەخت و چیا و دەشت و ئاسمان و زیندەوەر و بوونەوەرەکانی سروشت، وەک بوونەوەرێکی زیندوو، خاوەن ڕەوان و ڕووح و پاک دەبینێت.

سوورەوەردی کە لە سەدا نۆوەدی بەرهەمەکانی بە زمانی عارەبی نووسیون، ئەگەر نەزمی بیرکردنەوەی عارەبی بوایە و کوردی نەبوایە، چۆن بۆ بیردۆزی بوون و ژیان و جیهان و مردن و هەستانەوە و بەهەشت و دۆزەخ و ڕزگاری و ڕێبەری

و پاکبوونەوە و چاکە و فەزیلەت و ڕاستی و جوانی پەنای دەبردە بەر ئەیزەدەکانی زەردەشت؟ چۆن پەنای دەبردە بەر باڵندەگەلی وەک سیمرغ و شالوور و باز و پەپووسلێمان و کوندەپەپوو و تاووسەوە؟ چۆن پەنای دەبردە بەر مانی و ئەندامانی ئەنجوومەنی پیرانی موغانی، وەک بوزورگمیهر و جاماسپ و فرەشەوشترەوە؟ چۆن پەنای دەبردە بەر زمانی مێروولە و کیسەڵ و خەمخەمەگڕ و چێل و کرمەوە؟ چۆن پەنای دەبردە بەر چیا و دەشت و تەلارسازی و هونەر و ڕەمز و هێماکانەوە؟

خوێندەوەی ورد و قووڵی سوورەوەردی، بە زمانی عارەبی، یان فارسی، نەزمی بیرکردنەوەی کوردانەی سوورەوەردیمان بۆ ورد دەکاتەوە، یەکێک لە دەرکەوتەکانی ئەم وردکردنەوەیەش، ئەمەیە کە سوورەوەردی لەنێو سستمی کوردبوونەوە بیر دەکاتەوە و دەنووسێت و بەشداری لە هزری میتافیزیکی دەکات، گەڕانەوەی بۆ سروشت، تێگەیشتن لەوەی پێکهاتەکانی سروشت توخم نین و بوونەوەرن، پاک و موقەدەس و بێگەردن، دەبێت وەک گیانی مرۆڤ بپارێزرێن، ئارگۆمێنتێکە لەسەر بیرکردنەوەی لە نێو نەزمی کوردبووندا.

گرنگی ئەم تێزەش لەمەدایە، کە سوورەوەردی و فەلسەفەکەی (فەلسەفەی ئیشراق) مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی سروشتی دەبینێت، نەوەک بوونەوەری هێز؟! جیاوازی ئەم دیتنەش جیاوازییەکی وجوودی و مەعریفییە، لە بیرکردنەوەدا جیاوازییەکی گەورەیە، مرۆڤی سروشت، لەنێو فەلسەفەی ئیشراقدا بە دوای هەق و هەقیقەتەوەیە و بەرگریان لێ دەکات، بە پێچەوانەی مرۆڤی هێز و دەسەڵات، کە بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکات. لەلایەکی دیکەوە، گەڕانەوەی سوورەوەردی بۆ بابەتی سروشت و ئەیزەدەکانی زەردەشت و ئەو باڵندانەی لە دینگەلی کورددا پیرۆزن، وەک (تاووس) بۆ نموونە کە لای ئێزیدییەکان سەرتۆپی فریشتەکانە، پایەیەکی دینی و ئاسمانی گەورەی هەیە. (تاووس) کە باڵندەیەکی ڕەنگین و جوانە، لای سوورەوەردی دەبێتە ڕەمزێکی میتافیزیکی بۆ دەربڕینی ڕەهەندێک لە بیروڕاکانی لەبارەی زانین و مەعریفەی سۆفیگەرییەوە.

سوورەوەردی وەک شاگردێکی ئەفلاتۆن، سروشت لە چوارچێوەی نموونەکانی ئەفلاتۆن دەردەکات، کوردانە سەودا لەگەڵ سروشت دەکات، لە بیرکردنەوەی میتافیزیکی سوورەوەردیدا، سروشت بەهایەکی ئۆنتۆلۆجی و مەعریفی دەبێت، وەک ئەفلاتۆن وەک سێبەر و بێ بەها و جیهانێکی ساختە تەماشای ناکات.

سوورەوەردی لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا، باسی هێزەکانی سروشت دەکات، وەک هێزێکی کاریگەر و ڕاستەقینە کە جێدەستییان لەسەر ڕەوانەکاندا دیارە. (خۆر) وەک سەرچاوەی ڕووناکی لە ڕووی ئۆنتۆلۆجی و مەعریفییەوە بەهای هەیە، ئەگەر لە ڕووی ئۆنتۆلۆجییەوە واقعێک بێت، لەگەڵ دەرکەوتنی بۆ خۆی، بوون دەربخات، ئەوا لە ڕووی ئەخلاقیشەوە، لەگەڵ دەرکەوتنی بۆ خۆی چاکە دەردەخات.

هێزی پێکهاتەکانی سروشت، لەگەڵ دەرکەوتنیان لەنێو بووندا، واقعی ئەخلاقیش دەردەخەن. وەک چۆن لە هزری زەردەشتیدا، ئەگەر ڕووناکی و تاریکی، لە ڕووی ئۆنتۆلۆجییەوە ببنە ڕەمزی بوون و نەبوونی جیهان، لە ڕووی ئەخلاقییەوە دەبنە ڕەمزی چاکە و خراپە. سوورەوەردی هەمان ئەم تێگەیشتنە بە پێکهاتەکانی سروشت دەدات و زیندەوەر و باڵندە و درەخت و ڕەوانگەلی تر بۆ وردکردنەوەی هەقیقەت و چاکە بەکار دەبات. ئەمەش لەبیر نەکەین، کە (نووری نووران) وەک سەرتۆپی هێزەکانی بوون، بە خۆر و ڕووناکییەکەی دەشوبهێنێت، لێرەدا ئەگەر نووری نووران چییێتی هێزی ڕەها- خودا بێت، بەڵام لە ڕێی خۆرەوە وێنەکەی دەردەخات. بەم وێچوونە، نووری نووران ڕووناکی ڕەهایە، بوون هەمووی ڕووناکییە، بوونەوەران هەموویان ڕووناکین و لەجەوهەردا یەکن، جیاوازیشیان تەنیا لە هێز و لاوازی ڕووناکییەکە دایە نەوەک لە جۆردا.

سوورەوەردی کە بە عارەبی دەنووسێت، لە ڕێی خوداوەندەکانی سەردەمی بتپەرستی (لات و عزە و هوبەل و مەنات و هتد..،) بۆ نموونە فەلسەفەکەی دادەڕێژێت، چونکە ئەو بابەتی بتپەرستی و سروشت و مەعریفەی سۆفیگەری لەنێو نەزمێکی بیرکردنەوەی کوردیدا دادەڕێژێتەوە، لە کاتێکدا کە لە لۆگۆسی ئەفلاتۆن دووردەکەوێتەوە، لەهەمان کاتدا ناکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو دیدە بتپەرستییەی (پیرۆزی) لە ڕێی بت و بتپەرستیدا بە بوون دەدات. خوداوەندەکانی عارەب، (سەنەم ن، سەنەمیش توانای ئەوەی نییە ڕێگە بەرەو زانینی هەقیقەت خۆش بکات، بە پێچەوانەی ئەیزەدەکان کە لای سوورەوەردی دەبنە (ئایکۆن) و زانین بەرەو هەق و هەقیقەت دەبەن.

سوورەوەردی لە ڕێی پێکهاتەکانی سروشتەوە، جیاوازی نێوان بتپەرستی وەک سەرچاوەیەک بۆ (پیرۆزی) و و ئەیزەدەکان وەک سەرچاوەیەک بۆ (موقەدەس) دەردەخات.

پیرۆزی لەو دیدەوە هەڵدەقوڵێت کە (وەسنییەت- بتپەرستی) دەکاتە بنەما بۆ بیرکردنەوە لە سروشت و پێکهاتەکانی، دواتریش بە پیرۆزکردنی ئەم بتانە و قوربانیکردن بۆیان و پاڕانەوە و داواکردن و خۆزگەی خۆشگوزەرانی و هتد... بەڵام ئەیزەدەکانی زەردەشت- سوورەوەردی، هێزەکانی سروشت خۆی دەکاتە بنەما بۆ کەشفکردنی موقەدەس و هەقیقەت. لە ناوەڕکی ئەفسانەکانی کوردی نزیک دەبێتەوە، (شاماران) بە نموونە، کە سروشت تێیدا بوونەوەرێکی موقەدەسە، سەرچاوەی زانینی مرۆڤی عارفە.

لە فەلسەفەی ئیشراقدا، ڕەگی عرفانی کۆنی کوردی دیارە، هەر ئەم ڕەگەشە موقەدەس دەباتەوە شوێنی ڕاستەقینەی خۆی، کە خودی مرۆڤە.

سوورەوەردی بە عارەبی و فارسی نووسیوە، بەڵام فەلسەفەکەی لە قووڵایی خۆیدا نەزمێکی کوردانەی ڕووناکی هەیە!

هەواڵنامەی کتێب

# زمانی کوردی و بەرنامەی پێشنیازکراوی دوارۆژی زمان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ئا: کاروان مێراوی

زمان کۆڵەگە و خوێنی ناو دەمارەکانی نەتەوەیە و زمانی کوردییش بە شاڕەگی خەباتی ناسنامەخوازانەی کورد ئەژمار دەکرێت، لە مێژوودا زمانی کوردی بنەمای شۆڕشەکانی نەتەوەی کورد و ئەو دەسەڵاتە جیاوازە کوردییانە بووە کە لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا دامەزراون. هەنووکەش بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پلان و بەرنامەی دواڕۆژیـان لەسەر زمانی کوردی و بەتایبەت شێوەزارەکانی زمانی کوردی کە پرسێکی ئاڵۆزە، چییە. لەسەر ئەم پرسە دیبەتێکمان بۆ دوو پسپۆڕی زمانناسی کورد و پێنج ئەندامی ڕێبەریی لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێک خستووە. دیبەیتەکە لە دوو بەش پێک هاتووە؛ بەشی یەکەم باسێک لەسەر زمانی کوردییە و بەشی دووهـەم باس لەسەر پلان و بەرنامەی زمانیی لایەنەکانە بۆ دواڕۆژی ڕزگاریی کوردستان. بەهۆی ئەوەی کە ئەم دیبەیتە بە بۆنەی ٢ی ڕەشەمە (٢١ی فێبریە)، ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک ڕێکخراوە، ئاوڕێکی کورت لە مێژووی ئەو ڕۆژە دەدەینەوە.

مێژووی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک بۆ ساڵی ١٩٥٢ی زایینی دەگەڕێتەوە. کاتێک هیندوستان لە ساڵی ١٩٤٦ی زایینی لەژێر ئیمپراتۆریی کۆلۆنیالیستیی بریتانیا ڕزگاری بوو و سەربەخۆییی خۆی ڕاگەیاند و پاش جیابوونەوەی پاکستان لە هیندستان،(ئەلف) کە ئەو کاتە وڵاتی بەنگلادش بەشێک بوو لە پاکستان و بە پاکستانی ڕۆژهەڵات دەناسرا. لەو سەردەمەدا زمانی ئۆردوو، زمانی فەرمیی هەردوو بەشی پاکستانی ڕۆژئاوا و پاکستانی ڕۆژهـەڵات بوو و بەنگالییەکان کە لە پاکستانی ڕۆژهەڵاتدا هەڵکەوتبوون، ناچار بوون زمانی ئوردوو لە پەروەردە و چەندین بواری دیکەی ڕووتینیی ڕۆژانەیاندا بەکار بهێنن.

لە ساڵی ١٩٥٢ی زایینی، کۆمەڵێک خوێندکاری زانکۆی بەنگلادش کەمپینێکیان بۆ زیندووکردنەوەی زمانی بەنگالی ڕێک خست و داوای بەفەرمیناسینی ئەو زمانەیان لە هەرێمەکانی پاکستانی ڕۆژهەڵاتدا کرد.

بەڵام حکوومەتی ناوەندیی ئەو سەردەمەی پاکستان، داواکاریی ئەو خوێندکارانەی ڕەت کـردەوە و خوێندکارانی بەنگالییش بانگەوازێکیان بـڵاو کـردەوە و داوای مانگرتنێکی گشتییان کرد و لەسەر داوا ڕەوا زمانی و نەتەوەیییەکانی خۆیان و نەتەوەکەیان پێداگربوون.

هەواڵنامەی کتێب

سەرلەبەیانیی ڕۆژی ٢١ی مانگی فێبریەی ساڵی ١٩٥٢ی زایینی، پۆلیسی پاکستان بە فەرمانی حکوومەت هێرشی کردە سەر خوێندکارانی ئەو زانکۆیە و لە ئاکامدا چەندین خوێندکاری بەنگالی گیانیان لەدەست دا و بوون بە شەهیدی زمانی نەتەوەکەیان. دواتر پاش جیابوونەوەی بەنگلادش لە ساڵی ١٩٧١ی زایینی، لە پاکستان و سەربەخۆیی ئەو وڵاتە، خوێندکارێکی بەنگلادشیی دانیشتووی وڵاتی کانادا بە ئامانجی ڕێزگرتنی لە شەهیدانی زمان و بەهابەخشین بە زمانی سەرجەم پێکهاتە و نەتەوە جیاوازەکانی جیهان، پیشنیازنامەیەکی لە ڕێگەی باڵوێزی وڵاتەکەیەوە ئاراستەی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد کە ٢١ی فێبریە وەک ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک بناسرێت. لە ئاکامدا ڕۆژی ٢١ی فێبریەی ساڵی ١٩٩٩ی زایینی، ئەم پیشنیازنامەیە لەلایەن ڕێکخراوی کولتووریی نەتەوە یەکگرتووەکان (یونسکۆ) تاووتوێ و پەسەند کرا و بەفەرمی وەکوو ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک یان زمانی زگماکی دەستنیشان کراوە.

**ئەلف: هاوکات لەگەڵ جیابوونەوە هیندوستان، پاکستانیش کە بەشێک بوو لە هیندوستانی کۆلۆنیالیزەکراو، جیا کرایەوە. بەڵام لە ساڵی ١٩٥٦ی زایینی، بەفەرمی سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند.**

**سەرچاوە: قەرەنی، فەرهەنگ. «ڕۆژی زمانی دایک ٢١/٢». ماڵپەڕی «ڕوانگە و ڕەخنە».**

## بەشی یەکەم:

ئەم بەشەی دیبەیتەکە تەرخان کراوە بۆ پێناسەیەک لە زمانی دایک، کورتەیەک لەسەر زمانی کوردی، کورتەیەک لە مێژووی زمانی کوردی و زمان لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستاندا. سەرەتای باسەکەمان بە دوو پرسیار لەسەر پێناسەی زمانی دایک و زمانی کوردی لە مامۆستا هیوا سەلام خالد، دوکتۆرا لە زمان و کولتووری کوردی، زماننناس و مامۆستای زانکۆ دەست پێ دەکەین و پاشان دوو پرسیاری دیکە لەسەر مێژووی زمانی کوردی لە دوکتۆر ڕەحیم سورخی، دوکتۆرا لە زمان و وێژەی کوردی، زماننناس و مامۆستای زانکۆ دەپرسین.

**کاروان مێراوی: مامۆستا هیوا سپاس بۆ تەرخانکردنی ئەم دەرفەتە. زمانی دایک یان پێناسەی زمانی دایک چییە؟**

**د.هیوا سەلام**: زمانی دایک یان زمانی یەکەم بریتییە لەو زمان یان ئەو زارەی کە

کەسی قسەکەر لە دوای لەدایکبوونییەوە لە دەوروبەری فێری دەبێت و بەرەوانی بەکاری دەهێنێت. لەناو ئەو نەتەوانەی کە ناتوانن زمانی دایکیان بەتەواوی فێر بن و ڕێگریی زمانییان بۆ دروست دەکرێت یان مافی خوێندنیان بە زمانی خۆیان لێ زەوت کراوە، زمانی دایک ئاماژەیە بۆ زمانی نەتەوە یان پێکهاتە ئیتنیکییەکانی خۆیان. زمانی دایک ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی و کولتووری لەسەر قسەکەر هەیە و لە هەندێک ژینگەی وەکوو بارودۆخی هەنوکەیی زمانی کوردی، زمانی دایک کۆڵەگەی مانەوەی شوناس و نەتەوەیە. لە ئەگەری لەدەستدانی زمانەکە، کەسی قسەکەر بە جۆرێک لە جۆرەکان هەبوونی مەعنەویی خۆیشی لە دەست دەدات و لە دەستدانی قسەکەرەکانیش لەوانەیە لە داهاتوودا ببێتە هۆی لەناوچوونی نەتەوەکە. ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە زۆرینەی وڵاتەکانی جیهان لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزم دامەزراون و ئەو هاووڵاتییانەی کە زمانەکەیان لە دەست دەدەن، لە پاشخانە بنەماڵەیی و نەتەوەیییەکانی خۆیان دادەبڕێن. لە هەمان کاتیشدا ناتوانن ببنە بەشێک لە گرووپی دووهەم، چونکە هیچ پاشخانێکی بنەماڵەییان لەناو ئەو گرووپەدا نییە. واتە پاراستنی زمانی دایک تەنیا بۆ کۆی گرووپەکە گرنگ نییە، بەڵکوو بۆ داهاتووی خودیی کەسەکانیش زۆر پڕبایەخە.

**کاروان مێراوی: مامۆستا، پێناسەیەکمان لە زمانی کوردی بۆ بفەرموون؟**

**د.هیوا سەلام:** زمانی کوردی زمانێکی فرەچەشنی دەوڵەمەندە. مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە و هەزاران ساڵە گەلی کورد بەو زمانە قسە دەکەن و هەتا ئەمڕۆ پاراستوویانە. بە دەیان هەزار پەند و ئامۆژگاری و چارەسەر و دەربڕینی جۆربەجۆری لەناو خۆیدا حەواندووەتەوە. زمانەوانان لە ڕووی جوگرافیاییەوە زمانەکە دابەش دەکەن بۆ سەر چوار یان پێنج زاری سەرەکی. سێ لەو زارانە بریتین لە زاری کوردیی باکووری (کورمانجی)، کوردیی ناوەندی (سۆرانی)، کوردیی باشووری (لەکی و پەهلەوانی). هەرچی سەبارەت بە زاری چوارەمە بریتییە لە زازاکی-گۆرانی. هەندێک لە زمانەوانان بە باشی دەزانن کە ئەم دوو زارە بە یەکەوە گرێ بدەن بەهۆی لێکچوونەکانیان، لە کاتێکدا هەندێکی دیکە پێیان وایە کە هەر یەکەیان زارێکی سەربەخۆی زمانی کوردین. هەروەها، بەشێک لە کوردەکان لوڕییش وەکوو زارێکی زمانی کوردی دەناسێنن، لە کاتێکدا زمانەوانانی دیکە ئەو بابەتە ڕەت

دەکەنەوە و پێیان وایە لوڕی زمانێکی سەربەخۆیە و بەشێک نییە لە زمانی کوردی. بۆچوونێکی باوی دیکەش لەناو زمانەوانە بێگانەکان ئەوەیە کە زازاکی و گۆرانی دوو زمانی سەربەخۆ و جیاوازن لە زمانی کوردی و ئەوان پێیان وایە هەموو ئەو زمانانە بەیەکەوە نەتەوەی کورد پێکدەهێنن، لە کاتێکدا زۆرینەی زمانەوان و سیاسەتمەدارە کوردەکان ئەوە ڕەت دەکەنەوە و پێیان وایە کە هەر وەک چۆن گۆرانەکان و زازایەکان بە نەتەوە کوردن، زمانەکەشیان بەشێکە لە زمانی کوردی. زمانی کوردی هەتا ئەمڕۆ زمانێکی ستانداردی یەکگرتووی نییە و بەگشتی کوردەکان زاری کوردیی ناوەندی بە ڕێنووسی عەرەبیی چاککراو و زاری کوردیی باکووری بە ڕێنووسی لاتینیی چاککراو بۆ نووسین و خوێندنەوە بەکار دەهێنن. لێرەولەوێ، هەندیک جار نووسین بە زارەکانی دیکەش بە شێوەیەکی پەرشوبڵاو دەبینین. هەندێک لە زمانەوانەکان ئەو فرەستانداردییە بە سیمیایەکی ئاساییی زمانی کوردی دەزانن و پێیان وایە کە بارودۆخی سیاسیی کوردەکان بەم جۆرەیە. لە کاتێکدا هەندێکی دیکەیان بڕوایان بە یەک زمانی ستاندارد بۆ زمانی کوردی هەیە و تەنانەت چەند تاقم و دەستەیەک هەن کە بڕیاریان لەسەر شێوازی ستانداردەکەش داوە و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەوەی ئەوان بە گونجاوی دەزانن، بۆ زمانی کوردییش هەر ئەوە باشە.

لە کۆتاییدا دەکرێت بڵێین کە زمانی کوردی بارودۆخی نەخوازراوی سەدەی ڕابردووی تێپەڕاندووە و چیی دیکە مەترسی لەناوچوونی لەسەر نییە. ئەوەی هەموو ئەو بیروڕایانەش لەبارەی زمانی ستانداردی کوردی لە داهاتوودا یەکلایی دەکاتەوە، بارودۆخی داهاتووی نەتەوە و سیاسەتی کوردییە.

**کاروان مێراوی: دوکتۆر ڕەحیم سورخی، سپاسی ئێوەش دەکەین بۆ تەرخانکردنی ئەم دەرفەتە. کورتەیەک لە مێژووی زمانی کوردی باس بفەرموون؟**

**د.ڕەحیم:** ڕهچهڵهکی زمانی کوردی لە خێزانی زمانی هێندوئوورووپایی و لە بنهماڵهی هیندی-ئێرانی و لە گرووپی زمانە ئێرانییهکانی باکووری ڕۆژاوایە. زۆربهی زانایانی کورد وهک «تۆفیق وهبی» و بیانی وەک «ماکس مولێر» (١٨٢٣-١٩٠٠) و «ئۆسکارمان» (١٨٦٧-١٩١٧)، زمانی کوردی بە گرووپە زمانە ئێرانییەکانی باکووری ڕۆژاوا دهزانن. لەبەر نەبوونی دامـەزراوە نەتەوەییەکان و هەبوونی بەربەستە جوگرافیاییەکان وەک ناوچەی شاخاوی و ڕووباری زۆر و بەخوڕ، زمانی کوردی

بەشێوەی فرەجۆری کورمانجی، سۆرانی، گۆرانی و دیمیلی و هەورامی دەرکەوتووە. بهگشتی، زمانی کوردیی نوێ شێوهی گۆڕاوی زمانی «پەهلەوانی/پارتی»یە. ئهم زمانه سهردهمی دهسهڵاتی ئهشکانییهکان (٢٥٠ی پێش زایین تا ٢٢٤ زاینی) زمانی فەرمی و ئیداریی وڵاتێک بووە کە هەموو پادشانشینییهکانی کوردی وهکوو؛ بتلیس، هەولێری، لوڕستان، کرماشان، موکریان، شارەزوور، بارزان، سههنه و کهنگاوهر ئەندامی کارا، پڕکار و نیمچه سەربەخۆی ناو ئهو فیدراسیۆنه بوون. زمانی پههلهوانی/ پارتی هی قۆناغی ناوهڕاستی زمانی کوردی و شێوەی گۆڕاوی زمانه کۆنهکهی «مادی/ئاڤێستایی» و له باکووری ڕۆژاوای ئێران بووە.

**کاروان مێراوی: زمان له مێژووی بزووتنەوەی ناسنامەخوازیی کوردستاندا چ ڕۆڵێکی هەبووە؟**

**د.رەحیم:** زاراوەی کوردی، بۆ زمانی کوردی وەک زاراوەیەکی داپۆشەر دەرخەری یەکێتییەکی ئیتنۆزمانییە، کە لانی کەم هەم بەپێی دەقە نووسراوە کلاسیکییەکانی کوردی لە شێعری شاعیرانێکی وەک «ئەحمەدی خانی»، «خانای قوبادی» و«نالی»دا بە هەر سێ جۆری باکووری، ناوەندی و باشووریی زمانی کوردی و هەروەها ئاخێوەرەکانیان لە ئێستەدا سەرەڕای جیاوازیی جۆرەکانی کوردی، جەختی لەسەر کراوە و لێ دەکرێتەوە. زمانی کوردی، لەڕاستیدا شیرازەی پێکەوەنان و پێکبەستنەوەی کولتووری، کۆمەڵایەتی و جوگرافیایی ناوچەکانی کوردستان بووە و هەیە. بەتایبەتی، لەبەر دەوڵەمەندیی میراتی کولتووریی زمانەکە و ڕەنگدانەوەی لە دەقە فرە جۆرە فۆلکلۆرییەکان و دەربڕینە جیاوازە مۆسیقاییەکاندا خاڵێکی گرنگ و بەهێزی ناسنامەی کولتووریی کوردستانییان بووە. ئەمە ئەو کاتە بەهێزتر و کاریگەرتر بووە کە زمانی کوردی، زمانی ئایینە نەریتی و کۆنەکانی کوردیش وەک ئێزەدی و یارسان بووە و دەقی پیرۆزی ئەو ئایینانە بە کوردییە. هەروەها زمانی کوردی وەک زمانی وانەوتنەوەی ئایینی لە پەروەردەی ئیسلامیشدا بووە. واتە تەفسیر و لێکدانەوەکانی دەقی پیرۆزی قورئان بە کوردی بووە. هەر بۆیەشە «خانی» (١٦٥٠٠ـ١٧٠٧) بە کوردیی کورمانجیی ژووروو فەرهەنگی نۆبەهاری دانا و شێخ مارفی نۆدی (١٧٥٣–١٨٣٧) بە کوردیی ناوەندی کتێبی «ئەحمەدی (الاحمدیه)» فەرهەنگێکی عەرەبی ـ کوردی بە مەبەستی فێربوونی زمانی عەرەبی بۆ فەقێیەکان داناوە.

ئەم تایبەتمەندییە ئەتنۆزمانییە بە سەرهەڵدانی بیرۆکەی نەتەوایەتی لە سەدەی نۆزدەهەمدا و پێکهاتنی دەوڵەت . نەتەوەکان لە ناوچەکەدا بەخێرایی گۆڕدرا بۆ چەمکی «نەتەوە» و کوردان لە پارچەی دابەشکراوە جیاوازەکانی کوردستانیشدا لە بیرۆکە و وێناسازیی نەتەوەبووندا وەک دروستەیەکی مۆدێرنی سیاسی بە ئامانجی یەکەی سیاسیی یەکپارچە لە سنووری سروشتی و زمانیدا بە نیشتمانێک وەک کوردستان خۆ وێنا دەکەن. دیارە، ئەمە بەو مانایە نییە کە کوردستان ناوێکە لە سەردەمی نوێدا سەری هەڵدابێت. ئەم ناوە لە شێعری شاعیرێکی وەک مەلای جزیری (١٥٧٠– ١٦٤٠)دا هاتووە کە خۆی وەک «شەوچرای شەوی کوردستان دەناسێنێت»، هەروەها لە هەندێک دیکۆمێنتی دیکەشدا وەک نیشتمانی کوردان ناوی هاتووە، بەڵام لەباری گوتارییەوە، وەک چەمک و تێگەیەکی مۆدێڕن، کوردبوون ببێتە ئایدئۆلۆژیایەکی نەتەوەیی بۆ دامەزراندنی سەروەریی سیاسی، زاراوەیەکی مۆدێڕنە. میراتی ئەتنۆزمانیی کوردی لە سەردەمی مۆدێڕندا لەبەر تیشکی ئەم خۆوێناکردنەی کورداندا وەک نەتەوەیەک، بەتایبەتی لە «حاجی قادری کۆیی» تا دەگاتە سەیفولقوزات، سوارە، هەژار، هێمن، شێرکۆ بێکەس، پەشێو، جگەرخوێن و دەیان شاعیر و ئەدەبیی نەتەوەییی دیکەدا لە ناوەڕۆک و فۆرمی جیاوازدا هاوهەنگاو لەگەڵ فۆرم و جۆرە ئەدەبییە جیاوازەکاندا زیاتر درەوشایەوە و بە پێکهاتنی ڕەوتی ڕۆژنامەنووسی لە بەدرخانییەکانەوە بەتەواوەتی سیمایەکی ناسیۆنالیستی بەخۆیەوە گرت و بە دامەزراندنی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە چوار پارچەی کوردستاندا بوو بە زمانی ڕاهێنان و پێگەیاندنی کادر و قوتابیی کوردیش لە قوتابخانەی کوردایەتیدا.

ئەوەی ئێستە دەبینین، بەهۆی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان، پێوەندییە تەکنۆلۆژی و ئێنترنێتییەکانەوە ئاگامەندیی مرۆڤی کورد لە بیرۆکەی کوردایەتی وەک بیرۆکەیەکی نەتەوایەتی، مافە نەتەوەییەکانی و مافی مرۆڤیی زمانی وەک یەکێک لەو مافانەی، چیی دیکە زمانی کوردی تەنیا زمانێکی ئاسایی و ئامرازیانە لە پێوەندییەکی سادەی کۆمەڵایەتیی ڕۆژانەی خەڵکی کوردستاندا نییە، بەڵکوو ڕەمزێکە لە کوردایەتی و کوردبوون. دەرککردن بەم بە ڕەمزبوونەی زمانی کوردییە وەک ناسنامەیەکی کوردایەتی کە وای کوردووە ئێستە سەدان لاوی کیژ و کوڕ و ژن و پیاوی کورد بوونەتە مامۆستای خۆبەخشی وانەبێژیی زمانی کوردی لە فێرگە هەژارەکانی کوردستاندا بەبێ ئەوەی کە لەلایەن دەسەڵاتەوە هیچ پشتیوانییەک بکرێن، بەڵکوو

بە شێوەی جۆراوجۆر پەلاماریش دەدرێن، دەستبەسەر دەکرێن، ئازار دەدەرێن و دەخرێنە بەندیخانە و ماوەی بەندکردنی قورسیشیان بەسەردا دەسەپێندرێت. مامۆستا «زارا محەممەدی» نموونەیەکە لەوانە. ئەمە بابەتێکی زۆر گرنگە، چونکە نیشان دەدات کە دەوڵەتی داگیرکەر دەسەڵاتی خۆی لەسەر سنووری زمانیی ئێمە بینا کردووە، هەر بۆیە زۆر سەیر نەبوو و نییەش کە نەتەوەی کورد بە هەوڵی بەردەوامی بیرۆکەی بەرگری لە زمان، وەک بەرگری لە مان و بوونی نەتەوەیی دابنێت و هەر بۆیەشە دوژمن زمان و ڕەمزی کوردایەتیمان وەک هەڕەشە لەسەر ئاسایشی دەسەڵاتەکەی خۆی دەزانێت.

نموونەیەکی دیکە، لەو بە ڕەمزبوونەی زمانی کوردی وەک ناسنامە و ڕەمزێکی کوردایەتی، گۆڕانی دیمەنی زمانی بە ناو و دروشمە کوردییەکانە لە فەزای گشتیدا. ئەمەش وای کردووە، خۆپیشاندانەکانی کوردستان لە شۆڕشی «ژینا»دا بەتەواوەتی لە خۆپیشاندانەکانی نەتەوەکانی دیکە لە ئێراندا زۆر جیاواز بێت. تەنانەت پێگەی ناسیۆنالیزمی کورد بگاتە ئەو ڕادەیە کە شۆڤینیزمی باڵادەست بە بێمەیلیی خۆشی دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» بە کوردییەکەی لەگەڵ زمانی زاڵدا لە ڕاگەیەندراوە فەرمییەکانیدا بنووسێت، لە کاتێکدا ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوە و فرە زمانە و پێکهاتەی نەتەوەییی گەورەتر لە کورد لەپاڵ فارسیشدا لە ئێران بوونی هەیە. ئەمە لەڕاستیدا نموونەیەکی زەقی دووانەی زمان - نەتەوە یان باشترە بڵێین ڕووەکانی یەک دراوی لە زمانی کوردی و نەتەوی کورد دەردەخات، کە گەیشتووەتە ئەو پێگەیە لە ڕووی نەتەوایەتی. لەگەڵ ئەوەشدا، هەوڵەکان بۆ پەروەردەکردنی زمانی زانست، زمانی تەکنۆلۆژی و بە جیهانیکردنی زمانی کوردی لە ڕێی گووگڵەوە، هەوڵێکی ڕژد و ئاگامەندانەیە بە ناسنامەی کوردایەتی و نرخاندنی زمانی کوردی وەک نوێنەری ئەو ناسنامەیە.

### بەشی دووهەم:

بەشی دووهەمی دیبەیتەکە تەرخان کراوە بۆ پلان و بەرنامەی دوارۆژی زمانیی لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بۆ باسکردن لەسەر ئەم پرسەش میوانداریی بەڕێزان کەماڵ کەریمی، ئەندامی ناوەندی بەڕیوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ساڵح شەریفی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی

زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، سروە ناسری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ڕێکخراوی کوردستانی ـ کۆمەڵە، شۆڕش حاجی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران و محەممەد خۆشچهرە، جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتیی دیموکراتیکی کوردستان کە هەر کەسیان بە نوێنەرایەتیی لایەنەکانی خۆیان لەم دیبەیتەدا بەشدارییان کردووە.

**کاروان مێراوی: بەڕێزان سەرەتا سپاستان دەکەم کە کاتتان تەرخان کرد و لەم دیبەیتەدا بەشداریتان کرد، سەرەتای ئەم بەشەش بەم پرسیارەوە دەست پێ دەکەین. بەرنامە و پلانی زمانیی ئێوە بۆ چارەسەری کێشەی زمانی لە دوارۆژی ئێرانی فرەپێکهاتەدا چییە؟**

**کەماڵ کەریمی:** ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە کە نەتەوەی جۆراوجۆری وەک کورد، بەلووچ، تورکمان، فارس، تورک، عەرەب و کاسپییەنی و کەمینەکانی تری تێدا دەژین. هەر بەو پێیە زمانی جۆراوجۆر لە ناوچە جیاجیاکانی ئێران وەک زمانی کار و ژیانی ڕۆژانەی خەڵک لەو ناوچانەدا بەکار هاتووە و هەرکام لەم نەتەوانە لەنێو خۆیاندا بە زمانی خۆیان دواون. لەم وڵاتە لە سەد ساڵ لەمەوبەرەوە و بەتایبەت دوای بە دەسەڵاتگەیشتنی ڕەزا شا و پڕۆژەی دروستکردنی دەوڵەت ـ نەتەوە بە دروشمی یەک وڵات و یەک نەتەوە لە ئێراندا دەستی پێکرد و لە سێ دەورەی دەسەڵاتداری پەهلەویی یەکەم و دووهەم و کۆماری ئیسلامیدا لە ڕێگەی سەپاندنی زمانی فارسی لە خوێندن و کار و بازاردا، بۆ لەناوبردنی زمانی نەتەوەکانی دیکەی نیشتەجێی ئێران و تەنانەت بە دروستکردنی فەزایەکی کولتووری و ڕەوانی بۆ بەشێک لە خەڵک کە فێربوون و بەکارهێنانی زمانی فارسی وەک زمانی فەرمی، یارمەتییان دەدات بەوەی کە لە کۆمەڵگەی ئێرانیدا باشتر جێگە و پێگەی خۆیان ببیننەوە، هەوڵی زۆر دراوە. هەموو ئەم هەوڵانە لەو ماوەدا کە لە بیری شۆڤێنیستی دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە سەرچاوەی گرتووە وەک بەشێک لە سیاسەتی سڕینەوەی شوناس و ناسنامەی مێژوویی نەتەوەکانی دیکەی ناو ئێران جگە لە فارس بووە لەو وڵاتە فرە پێکهاتەیەدا. بەڵام لە پاڵ ئەم نکۆڵیکردنە لە زمانی نەتەوەکانی ناو ئێران و لەژێر هەموو ئەو گوشارانەی خراوەتە سەر چالاکوانانی پاراستنی زمانی کوردی وەک پێگەیەکی شوناسی نەتەوەییمان، دەبینین ساڵانێکە لە ڕۆژهەڵات خەباتی خۆبەخشانەی چالاکانی پارێزەری زمانی کوردی، بۆ فێرکردنی زمانی کوردی

قوتابخانە و خولگەلێکی تایبەتیان کردووەتەوە و منداڵانی کورد فێری زمانی دایکی خۆیان دەکەن و کردوویانەتە سەنگەرێک لە بەرانبەر هەوڵی سڕینەوەی زمانی دایکیان.

ئێمە بە تێگەیشتن لەو ڕاستییەی کە زمان کۆڵەکەی سەرەکیی شوناس و بوون و مانەوەی هەر نەتەوەیەکە، بەردەوام پێداگریمان لەوە کردووە کە ئەگەر تا ئێستاش دەسەڵاتی ئێران ڕێگەی بەفەرمی ناسینی زمانەکانی دیکە جگە لە فارسی لە ئێراندا نەداوە، دەبێت لە هەر گۆڕانکارییەکدا کە لە ئێران بێتە پێش، پێداگری لەسەر بەفەرمیناسینی زمانی کوردی وەک زمانی نەتەوەیەک کە بە هاوبەشی لەگەڵ خەڵکانی دیکە کە لە ئێراندا بەیەکەوە دەژین، بکرێتەوە. بێگومان لە وڵاتێکی فرەنەتەوەدا دەبێت زمانێکی پێوەندیی فەرمی بۆ هەموو نەتەوە و پێکهاتەکانی ناو ئەو وڵاتە هەبێت کە هەتا ئێستە زمانی فارسی ئەو پێگەیەی خۆی پاراستووە، ئەگەرچی بە هۆی سەپاندنیشی بێت. بەڵام لەگەڵ بەفەرمیناسینی زمانی فارسی کە زمانی پێوەندییەکانی نێوان هەموو خەڵکانی ئێران بە یەکەوە دەبێت لەنێو یەکتردا، پێویستە زمانی کوردییش بەپێی یاسا وەکوو یەکێک لە زمانە فەرمییەکانی وڵاتی فرەزمانیی ئێران لە یاسای بنەڕەتیی حکوومەتێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا بە فەرمی بناسرێت و پلۆرالیزمی زمانی بپارێزرێت و بەتایبەت لە ئاستی سەرجەم قۆناغەکانی پەروەردەکردندا، هەروەها لە کوردستانیشدا بۆ زمانی پەروەردەکردن لە هەموو ئاستەکانی خوێندن هەر لە باخچەی ساوایانەوە تاکوو بەرزترین پلەکانی خوێندن، زمانی فەرمیی حکوومەت، زمانی بڵاوکراوە و چاپکراوەکان، زمانی ڕاگەیاندن و تەکنۆلۆژی و دیجیتاڵ، زمانی سەرجەم کاروباری ئیداری و بەڕێوەبەری لە هەموو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان بەکار بهێندرێت.

**ساڵح شەریفی:** بەپێی هەموو لێکۆڵینەوە زانستییەکان و هەروەها پسپۆڕان و کۆمەڵناسان، زمان یەکێک لە گرنگترین پێناسەیە هەم بۆ مرۆڤ و هەم بۆ هەر نەتەوەیەک. نەتەوەی بێزمانکراو نەتەوەیەکی ژێردەست و دیلە کە حاشا لە بوونی، مێژووی، کولتوور و دابونەریتی کراوە لە زێد و نیشتمانی خۆیدا. نە خاوەن ماڵ، بەڵکوو میوان و بێگانەیە، نەک تەنیا هاووڵاتی و مافی هاووڵاتیبوونی نییە، بەڵکوو بە دوژمن یان پەنابەر لەقەڵەم دەدەرێت.

لە ئێرانی فرەپێکهاتەدا نەتەوەی کورد بە درێژاییی مێژووی، وەک نەتەوەیەکی ژێردەست چەوساوەتەوە و حاشا لە بوونی کراوە و دەسەڵاتداران بەردەوام و بە شێوەی سیستەماتیک بۆ ئاسەمیلەکردن و تواندنەوەی لە هیچ دوژمنکارییەک درێغییان نەکردووە، لە بەرانبەردا گەلی کورد بۆ مان و پاراستنی شوناسی نەتەوەیی بەردەوام لە خەبات و بەرگریدا بووە و لەم خەباتەیدا لەلایەن نەتەوەی باڵادەستەوە گەورەترین زیان و خەساری مرۆیی، سیاسیی، ئابووری و کولتووریی بەر کەوتووە، لە درێژەی ئەم ململانێیەیدا نە پلانی نەتەوەی دەسەڵاتداران بۆ فەوتان و تواندنەوەی گەلی کورد سەرکەوتوو بووە و نە گەلی کوردیش وەک نەتەوەیەکی زوڵملێکراو بە مافەکانی گەیشتووە، بۆ گەیشتنی نەتەوەی کورد بە مافە پێشێلکراوەکانی، درێژەدانی خەباتێکی هاوبەش و شان بە شانی سەرجەم نەتەوەکانی دیکەیە لە ئاستی سەرانسەریدا و دامەزراندنی دەوڵەتێکی فیدراڵ و دێموکراتیکە کە پابەندە بە پێڕەوکرنی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ و کونڤانسیۆنە جیهانییەکان و یاسا نێودەوڵەتییەکان لە ئێرانی داهاتوودا. دەوڵەتێک بە بەشدارییی دادپەروەرانەی هەموو نەتەوەکان، دەسەڵاتێک بەرپرس بێت لە ژیانەوە و گەشەدارکردنی زمانی هەرکام لە نەنەتەوەکان، هاوکات لەگەڵ زمانی هاوبەش و سەرانسەریی خوێندن و پەرورده بە زمانی دایک لە هەموو ئاستێکی خوێندندا وەک مافی سروشتی بەفەرمی بناسرێت و بە یاسا پشتیوانی لێ بکرێت.

بە کەڵکوەرگرتن لە تەکنۆلۆژیی سەردەم، هەموو هەڵاواردنی زمانی قەرەبوو بکرێنەوە و بۆ هەمیشە بنەبڕ بکرێن و زەمینە و بەستەری هێمن و شیاو بۆ پاراستن و گەشەی زمانی بۆ هەموو پێکهاتەکان دابین بکرێن، بەبێ دامەزراندنی دەسەڵاتێکی دێموکراتیک نە نەتەوەکان بە مافی ڕەوای خۆیان دەگەن و نە لە ئازادی و دادپەروەری بەشدار و بەهرەمەندن.

**سروە ناسری**: لە ڕۆژی ٢١ ی فێبریە، ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک نزیک دەبینەوە. پیرۆزبایی ئەو ڕۆژە لە هەموو خەڵکی ستەملێکراو دەکەم کە لەو مافە بێبەشکراون. ئەم ڕۆژە و ئەم مافە وەکوو مافێکی سەرەتاییی مرۆڤگەلێکی قوربانی بۆ دراوە و لەلایەن لانی کەم ١٨٨ دەوڵەتی جیهانەوە بەفەرمی ناسراوە و تەنانەت دەوڵەتێکی دژە مروڤی وەک کۆماری ئیسلامییش واژۆی کردووە کە بەڕێوەی نابات و پێشێلی دەکات.

ئێمە خوازیاری ئەوەین کە یەکەم: هەموو ئەو زمانانەی کە خەڵکی ناوچە جوراوجۆرەکانی ئێران قسەی پێ دەکەن، بە فەرمی بناسرێن. لە هەمانکاتدا خوازیاری ئەوەین کە زمانێک وەکوو زمانی هاوبەش کە زۆرینەی خەڵکی ئێران لە ناوچە و بەشە جۆراوجۆرەکاندا قسەی پێ دەکەن، لە یاسای بنەرەتیی وڵاتی ئێراندا بۆ کاروباری ئیداری و رۆژانە دیاری بکرێت. واتە خوازیاری ئەوەین کە زمانی هەموو کەمایەتییە زمانییەکانی دیکە هاوکات لەگەڵ زمانی هاوبەش بەفەرمی بناسرێن و زمانی قسەکردن، خوێندن و نووسین لە هەموو ئاستێک لە ناوچەکانی خۆیاندا هەبن. بە واتایەکی دیکە؛ خوازیاری ئەوەین کە هیچ زمانێک لە زمانەکانی دیکە کەم بایەختر یان باندەستتر نەبێت و فێربوونی بەزۆرەملێ لە فەرهەنگی ئەو وڵاتە بەتەواوەتی بسڕدرێتەوە. خوازیارین زمانی هەموو کەمایەتییەکان لە ئێراندا وەک زمانی ئەو ناوچانەی کە خەڵکەکەی قسەی پێ دەکەن وەک زمانی ئیداری، خوێندن و نووسین، کتێب، ڕۆژنامە، ڕادیو و تەلەفزیۆن بەفەرمی بناسرێن. خوازیاری ئەوەین کە هەر جۆرە قەدەغەکردن، بێڕێزی و سووکایەتی بە زمانی کەمینەکان کۆتاییيان پێ بێت.

سەرەڕای ئەوەی کە خوێندن بە زمانی دایک مافێکی سەرەتایی و مرۆڤیی هەموو کەسە، پێشکەوتن و گەشەی کۆمەڵگەش لە گرەوی پێشکەوتنی هەموو تواناییەکانی خەڵکی ئەم کۆمەڵگەیەدایە کە فێربوون بە زمانی دایک یەکێک لە بنەما سەرەکی و گرینگەکانیەتی.

جۆراجۆربوونی زمان و کولتوور لە ئێراندا نەک تەنیا هەڕەشە نییە، بەڵکوو هۆکار و فاکتۆری دەوڵەمەندکردنی کولتووره و پۆتانسییەلێکە بۆ گەشەکردن. حاشاکردن لە مافی نەتەوەیی و بەفەرمینەناسینی مافی خوێندن بە زمانی دایک، پێشێلکرنی مافی میلیۆنان کەس لە هاووڵاتییانی ئێرانە کە زمانی دایکیان زمانی فارسی نییە.

**شۆڕش حاجی**: ئێمە وەک یەکێک لە ڕەگەزەکانی چەمکی نەتەوە بە بایەخەوە ئەڕوانینە زمانی دایک و بێگومان پاراستن و گەشەدان بە زمانی نەتەوەیی لە ئێستە و داهاتوودا بە یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی خۆی دەزانێت. سازمانی خەبات لەسەر ئەو باوەڕەیە کە لە دوارۆژی ئازادی و نەمانی ئەو دەسەڵاتە دیکتاتۆرەی ئێستە، زمانی فەرمیی حکوومەتی کوردستان لە هەموو ئیدارە و ئۆرگانە دەوڵەتیدا، کوردییە. زمانی فارسی، عەرەبی و ئینگلیزی لە قوتابخانە و ناوەندەکانی خوێندندا دەخوێندرێت

و پێویستە بایەخ بە زمانی کەمینە نەتەوەکان بدرێت و لەناویشیاندا زمانی کوردی دەبێت جێگە و شوێنی تایبەت و شیاوی خۆی پێ بدرێت و بپارێزرێت.

**محەممەد خۆشچهرە**: ئێمە باوەڕمان بەوەیە کە ئێرانی داهاتوو بەهۆی فرەپێکهاتەیەوە، دەبێت ئێرانێکی دیموکراتیک و فیدراڵ بێت، لە وەها سیستەمێکدا، چارەسەری کێشەی زمانی زۆر ئاسان نییە، بەڵام بێچارەسەریش نییە. ئێمە بەرنامەمان ئەوەیە کە لە هەرێمەکاندا، زمانی سەرەکی، زمانی هەرێمەکان بۆ خۆی بێت، یانێ هەرێمی کوردستان لە ئێران دەبێت زمانی کوردی، زمانە سەرەکییەکەی بێت و لاپاڵی زمانی سەرەکی دەتوانرێت زمانێکی یەکگرتوو و گشتگیر لە کۆی سیستەمە فیدراڵەکەدا و لەنێوان هەرێمەکان و پێکهاتەکانی ئێراندا بخوێندرێت و بە شێوەی فەرمی لە پەروەردەدا وانەی بۆ تەرخان بکرێت، بەڵام تەنیا وەک زمانی دووهەم لە هەرێمەکاندا کاری پێ بکرێت.

**کاروان مێراوی: بەرنامەی زمانیی ئێوە بۆ دوارۆژ لە کوردستان بەگشتی و بەتایبەت بۆ پرسی زار و بنزارەکانی زمانی کوردی چییە؟**

**شۆڕش حاجی**: هەڵبەت دەزانن بەداخەوە ستەمی نەتەوایەتی و نەبوونی هیچ دەسەلاتێکی سیاسی و بەڕێوەبەری، بەدرێژایی مێژوو زیانی زۆری گەیاندووە بە زۆریک لە بنچینە و ژێرخانەکانی فکری و فەرهەنگی و پەروەردەیی گەلی کورد و لەناویشیاندا نەبوونی زمانێکی ستانداردی نەتەوەیی کە هەموو زاراوەکان لەخۆ بگرێت زۆر دیار و بەرچاوە. ئەوەی ڕاستییە زمانی کوردی خاوەنی شێوەزاری جۆراوجۆرە و سەروو و ناوەند و خوارووی کوردستان کۆمەڵێک شێوەزاری جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت کە تاکەکان پێی دەدوێن. بە باوەڕی ئێمە ئەو جۆراوجۆرییە نەک زیان نییە، بەڵکوو سەرمایە و داهاتێکی گرینگە و کۆکردنەوەی هەموو دیالکتیک و شێوەزارەکان لە چوارچیوەی زمانێکی ئیستانداری نەتەوەییدا دەتوانێت هەنگاوێکی ڕپرایەخی نەتەوەییانە بێت بو نەهێشتنی کێشەی شێوەزارەکان لە کوردستاندا. ئەوەش بێگومان لەسەر دەستی شارەزایان و پسپۆڕانی زمان لە کوردستانی ئازادکراودا وەدی دێت.

**محەممەد خۆشچهره:** خۆشبەختانە زمانی کوردی بەهۆی هەبوونی زار و بنزارەکانییەوە زمانێکی دەوڵەمەندە، زمانێکی فەرمی و یەکگرتوو بۆ کورد لە ڕۆژهەڵاتدا دەتوانێت نزیک لە هەمان شێوەزاری سۆرانی بێت، بەو واتایە کە تێکەڵەیەک لە هەموو زار و بنزارەکانی ڕۆژهەلات لەخۆ بگرێت، تێکهەڵکێشکردنی شێوەزارەکان لەگەڵ شێوەزاری سۆرانی، بە باوەڕی ئێمە دەتوانێت ڕێگەچارەیەکی گونجاو بێت بۆ پرسی زمانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. بەکارهێنانی یەک شێوەزار لە کورتماوەدا ناتوانێت وەڵامدەرەوەی ڕۆژهەلات بێت، بەڵام تێکهەڵکێشکردنی لەگەڵ یەکتر، دەتوانێت لێکتێگەیشتن ئاسان بکاتەوە و دواجار گشتگیر و جێگیر ببێت لە ژیانی ڕۆژانە و لە هەموو بوارەکاندا بەبێ فەوتاندنی هیچ زار و بنزارەکانی تر.

**سروه ناسری:** ئێمە خوازیاری ئەوەین کە زمانی کوردی وەک زمانی هەموو پێکهاتە سەرەکییەکانی ئێران لەلایەن دەسەڵاتی سیاسیی ئەم وڵاتە بەفەرمی بناسرێت و لە یاسای گشتیی وڵاتدا جێگیر بکرێت. هاوکات پێمان باشە و خوازیاری ئەوەین کە زمانی ستانداردی کوردی لەلایەن شارەزایان و پسپۆڕانی ئەو بوارە پاراو بکرێت و وەکوو زمانی فەرمیی کوردی لە خوێندن و کاروباری ئیداریدا بەکار بێت.

ئێمە داواکارین و هەوڵ دەدەین کە منداڵان هەر لە باخچەی ساوایانەوە تا قۆناخەکانی دیکەی خوێندن بە زمانی دایکی خۆیان بخوێنن و ئەمەش مافێکی سروشتی، مرۆیی و دێموکراتیکە. دابینبوونی ئەو مافە، هەم دەبێتە هۆی گەشەی توانایی و لێهاتووییان و هەم لەگەڵ یەکەم هەنگاوی چوون بۆ باخچەی ساوایان و قوتابخانە، لەگەل ترس و خۆف و هەڵاواردنی نەتەوەیی و سڕینەوەی زمانییان بەرەوڕوو نابن. دیارە ئەمە لە هەموو قۆناغەکاندا تێچووی هەموو ئەم کارانە پێویستە لەسەر دەوڵەت بێت و بۆ هەموو خوێندکاران وەک یەک و بەبێ بەرانبەر بێت. پێویستە لە پۆلێک کە سێ تا پێنج منداڵی لێ بێت و بە زاراوەی هاوبەش قسە دەکەن، مامۆستای ئەو زمانەیان بە هەزینەی دەوڵەت بۆ دابین بکرێت تاکوو ئەو منداڵانە فێری زمانی دایک و زمان یان شێوەزاری سەرەکیی ئەو ناوچەیە کە کوردییە بکرێن. ئەوە سەرەتاییترین مافی مرۆیی و سروشتیی هەر منداڵێک و بنەماڵەکەیەتی کە بە زمان یان شێوەزارێکی هاوبەش لە ماڵەوە پێکەوە دەدوێن. منداڵان دەتوانن بە ئاسانی چەند زمان فێر بن و منداڵی چەندزمانە توانای فێربوونی لە سەرترە.

بەفەرمیناسینی مافی خوێندن لە هەموو ئاستەکاندا بە زمانی دایک، بنەمای سەرەکیی پێگەیشتنی کەسایەتیی سالمی منداڵان و تازەلاوانە و ڕێگایەکە بەرەو پێشکەوتن و گەشەی کۆمەڵگەیش.

**کەماڵ کەریمی**: بۆ پاراستن و بەهێزکردنی شوناسی نەتەوەیی، گرینگیدان بە زمان و کولتووری نەتەوەییمان ئەرکێکی گرینگی بەردەممانە. بۆ ئەم مەبەستە حێزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەموو قۆناغەکانی شۆڕشدا پلانی خۆی هەبووە. ئەگەر سەردەمی کۆماری کوردستان (١٩٤٥ - ١٩٤٦) بە نموونەیەکی بەرچاو دەبیندرێت، دەزانن لە قۆناغی دواتردا کە تەنانەت کاتێک کوردستان کەوتە بەر پەلاماری هێزەکانی کۆماری ئیسلامی، ئێمە لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی پێشمەرگەدا قوتابخانەمان بۆ منداڵانی کوردستان کردەوە هەتا هەم لە خوێندن دوا نەکەوەن و هەم فێری زمانی کوردی ببن. کۆڕی پەروەردە دامەزرێندرا و ژمارەیەکی زۆر لە کادرەکانی حیزب لەژێر ناوی مامۆستای شۆڕشدا ئەرکی مامۆستای قوتابخانەکانیان گرتە ئەستۆ. دواتر و بەتایبەت لە ماوەی پانزە ساڵی ڕابردوودا وەک باس کرا بەشێک لە چالاکوانانی نێوخۆ ئەم ئەرکەیان خستە ئەستۆی خۆیان و لە فێرکردنی زمانی کوردیدا زەحمەتی زۆریان کێشا. بۆ داهاتووش لەگەڵ ئەوەی کە زمانی کوردی زمانێکی ڕیشەدار و دەوڵەمەندە، دەکرێت بۆ بەهێزترکردنی هەوڵی جێخستنی شێوەزارێکی سەرەکی بدرێت و بکرێتە بناغەی دروستکردنی زمانێکی ستاندارد کە بەداخەوە هەتا ئێستا کورد لێی بێبەشە. هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا یارمەتی بدرێت بە ساغکردنەوەی ئەو شێوەزارانە کە بە جۆرێک کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی کاریگەریی زمانی ئەوی ترەوە کە زمانی فارسییە. دەزانین یەکێک لە هۆکارەکانی دەوڵەمەندیی ئەم زمانە، شێوەزارە جیاجیاکانیەتی کە بۆ پاڵپشتیی دروستکردنی زمانی ستانداردی کوردی دەبێت پشتیان پێ ببەسترێت و کەڵکیان لێ وەرگیرێت. بەگشتی بۆ خوێندن و سەرجەم کاروباری فەرمیی حکوومەتی و پێوندیی نێوان ناوچەکانی کوردستان کە هەر کامەیان خاوەن شێوەزارێکی دیاریکراون، دەکرێت یەکێک لە شێوەزارەکان کە تاکوو ئێستە زیاتر کوردیی ناوەندی (سۆرانی) بووە، بکرێت بە بنەمای زمانی و شێوەزارەکانی دیکە بۆ ئاخاوتن و کاری ئەدەبی، بڵاوکراوە و چاپکراوەکان، ڕاگەیاندن و بەتایبەت ئامادەکردنی قامووسی ئەو شێوەزارانە یارمەتی بدرێن و

ڕەسەنایەتییە کوردییەکەیان بپارێزرێت. بۆ ئەم کارەش دەکرێت لە قوتابخانەکاندا بۆ فێرکردنی منداڵانی کورد لە شیعر و ئەدەبیاتی هەموو شێوەزارەکان کەڵک وەرگیردرێت.

**ساڵح شەریفی**: بێگومان سیاسەتی دوژمنکارانەی نەتەوەی دەسەڵاتدار بەرانبەر بە نەتەوە بێمافەکان لە ئێراندا، ئاستەنگ و کەلێنی گەورەی بۆ زمان و پرسی زمان دروست کردووە و پێ ناچێت لە کورتماوەدا هەموو گرفت و کەلێنەکان چارەسەر بکرێن، چارەسەری داهاتووی ئەم پرسە پێویستی بە ویست و ئیرادەیەکی نەتەوەییە تاکوو هەر لە ئێستەوە ببێتە بابەتی لێکۆڵینەوەی پسپۆڕان و زمانناسان و وەک پڕۆژیەکی نەتەوەیی بە شێوەی زانستی کاریان لەسەر بکرێت.

بە زۆر هۆکاری ئابووری، جوگرافیایی و شێوازی ژیان و هەروەها ئاسەمیلەکردنی نەتەوەیی و... نەتوانراوە زمانی یەکگرتووی نەتەوەیی پێک بێت، لە زۆر شوێن شێوەزار و لکەزاری جیاواز بووەتە زمانی نووسین و وێژەی دانیشتووانی ئەو ناوچانە. ئەم شێوەزار و لکەزارانە زۆرتر لۆکاڵین، بەڵام لە ڕووی مێژووییەوە دەوڵەمەند و پڕناوەڕۆکن، ژێرخانێکی بەهێز و بەربڵاوی بۆ گەشەی ئێستە و داهاتووی ئەدەب و وێژەی نەتەوەیی هەیە، بۆیە پاراستن و پەرەپێدانی ئەم شێوەزار و لکەزارانە ئەو کات دابین دەبێت کە لە پاڵ زمانی یەکگرتووی نەتەوەییدا لە قۆناغی سەرەتاییەوە تا کۆتایی ئەو قۆناغە زمانی خوێندن و نووسینی قوتابخانەکان بێت بۆ دانیشتوانی ئەو ناوچانە.

**کاروان مێراوی**: لە کۆتایی ئەم دیبەیتە پڕناوەڕۆکەدا جارێکی دیکە سپاسی هەموو بەڕێزانی هەردوو بەشی دیبەیتەکە دەکەین بۆ ئەوەی کاتیان تەرخان کرد و بەشدارییان کرد. هیوادارین توانیبێتمان وەڵامی لانی کەمی ئەو دوو پرسیارە سەرەکییەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر پرسی چارەسەریی پێشنیاریی لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەرگرتبێت.

# زمانی شیێیی و تیمبوکوشوو

وەرگێڕانی/ رزگار شێخانی

چەند مانگێک لەمەوبەر لە بوتسوانا بووم. لە بیابانی کەلەهاری و شار و گوندەکان گەڕام، لە باکووری بوتسوانادا، زۆنگاوێکی گەورەی سەیر هەیە. ڕووباری ‹‹ئوکەڤانگۆ›› دەڕژێتە ناو بیابانی ‹‹کەلەهاری››، بەڵام ڕێگە دەرناکات، بەڵکە لە دێلتایەکی گەورەدا پەنگ دەخواتەوە و لەوێ ئاوەکە لەم ئاووهەوا وشکە و لەبەر ئەم هەوا گەرمەدا دەبێتە هەڵم. دێلتاکە خاکێکی یەکجار زۆر جوانی بە سروشتێکەوەیە، کە مرۆڤ کەمێک کاری تێ کردووە. لێرە فیل و شێر، زەڕافە و گامێش دەژین. چەند گوندێکی بچووکیش هەن، کە دانیشتوانەکانیان بە ماسیگرتن و کەمێک کشتوکاڵیشەوە ژیان دەگوزەرێنن. لە جوانترین شوێنەکانیشدا، خانووی نایاب و بچوکی گەشتیاریی هەیە. ئێستا دێلتاکە ناوچەیەکی پارێزراوە.

ئەو خەڵکانەی کە لە دێلتاکە و دەوروبەریدا دەژین، سەر بە چەند گرووپێکی ئێتنیکیی زمانجودان. لە هەمووان بە ژمارە زۆرتر ‹‹وایییی››یە، Wayeyi کە بە زمانی ‹‹شیییی›› Shiyeyi قسە دەکەن. مەزەندە دەکرێت بیست و پێنج هەزار کەس بن. گرووپێکی تری گەورە ‹‹هەمبوکوشوو››ە، Hambukushu کە بە زمانی ‹‹تیمبوکوشوو›› Thimbukushu قسە دەکەن. ئەوان لە نێوان پێنج هەزار و دە هەزار کەسدا دەبن. لەوێیش زۆر کەس هەیە، زمانی ‹‹سێتسوانا›› Setswana قسە دەکەن، کە زمانی سەرەکییە لە بوتسوانا. ئەم گرووپە گەشە دەکات، هاوکات ئەوانیتر بچووکدەبنەوە.

ئەگەر لە دوورەوە سەیریان بکەین، ڕەوشەکان بۆ ‹‹شیییی و تیمبوکوشوو›› زۆر زۆر هاوشێوەن. هەردووکیان لە گۆشەیەکی دوورەپەرێزی وڵاتدا، کەمینەی بچووک پێیانەوە قسە دەکەن. هیچ لە زمانەکان لە قوتابخانە ناخوێندرێن، کە زۆربەی منداڵەکان دەچنە قوتابخانە. لەوێ لە چەند ساڵی سەرەتاییدا، هەموو شتێک بە زمانی ‹‹سێتسوانا››یە و لە پۆلەکانی سەرووترەوە خوێندن بە زمانی ئینگلیزییە. هیچ لەم زمانە بچووکانە وەک زمانی نووسین بە کار نەهاتوون، بە ئاستێکی یەکجار زۆر کەم نەبێت.

بەڵام ئەم دوو زمانە وەکو یەکدی گەشە ناکەن. ‹‹شیییی›› وا خەریکە زۆر خێرا قسەکەری کەمدەبێتەوە. ئیتر منداڵەکانی گوند زمانەکە وەک زمانی یەکەم

فێر نابن، بەڵکە، ڕەنگە وەک زمانی دووەم و ئەوسایش هێندە باش فێری نابن. لەو بیست و پێنج هەزار کەسەی کە پێیان وایە سەر بە گرووپی ‹‹واییی››ن، لەڕاستیدا نزیکەی هەر نیوەیان بە ڕاستی زمانی ‹‹شیییی›› وەکو زمانی یەکەمیان قسەی پێ دەکەن. ئەوانیتر زمانی ‹‹سیێتسوانا››یان وەک زمانی دایک و زمانی ‹‹شیییی›› وەکو زمانی دووەم قسەی پێ دەکەن، یان هەر نایزانن.

کەچی وا پێدەچێت ‹‹هەمبوکوشوو›› قەت نەیەوێت دەستبەرداری زمانی خۆی ببێت. ئەگەرچی ئەوان ژمارەیان زۆر کەمترە، بەڵام ئێستا هیچ ئەو ترسە نییە کە زمانەکەیان لەناوبچێت. منداڵەکان لە ماڵ فێری دەبن و دایکوباوکەکانیش لە ژیانی ڕۆژانە بە کاری دەهێنن.

جیاوازییەکە پێوەندی بە فاکتەری دەرەکییەوە نییە، بەڵکە پێوەندی بە دابونەریت، مێژوو و ویستی خۆیانەوە هەیە. ‹‹وەیییی›› هیچ ئیدارەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێزی خۆی نەبووە و زوو خۆیان لەگەڵ ئەو بارە نوێیەدا گونجاندووە، کە لە سەدەی نۆزدەدا، دیلتاکە لە ڕووی سیاسییەوە کەوتە دەست ‹‹بەتاوەکان››، کە گرووپێکن بە ‹‹سیێتسوانا›› قسە دەکەن. ئەوان نەریتیانە گەڕۆک بوون و لەملاوئەولادا کاریان وەرگرتووە. ئێستا هەر لە نزیکی خۆیان کاری گەشتیاریان دەست دەکەوێت. ئێستا هاوسەرگیریی لە دەرەوەی گرووپەکەیاندا باوە. کاتێک چەند دەیەیەک لەمەوبەر دەرفەتی خوێندنیشیان بۆ ڕەخسا، دەرفەتەکەیان بۆ منداڵەکانیان قۆستەوە.

‹‹هەمبوکوشوو›› ئەزموونێکی بەهێزی لە خۆبەڕێوەبردندا هەیە و لە چەند ناوچەیەکدا زۆر لەگەڵ یەکدیدا دەژین. ڕوانینیان وەکو ئەوان باش نەبووە بەرانبەر بە قوتابخانە، بەڵام هەستێکی تا ڕادەیەک بەهێزیان بۆ دابونەریتی خۆیان هەیە. ئەوان زێتر لەناو گرووپی خۆیاندا گرد دەبنەوە و پێوەندییان بە جیهانی دەرەوە کەمە.

جیاوازیی وا، جیاوازیی نێوان ئەوەن، کە زمانێک بەردەوام دەبێت لە مانەوەدا و یەکێکی تر لەناو دەچێت. ئەوە بەتەنیا فشاری دەرەکی و باشیی مرۆڤەکان نییە، ئەوە یەکلا دەکاتەوە، کە ئەوان کام زمان هەڵدەبژێرن بە کاری بهێنن، بەڵکە تێگەیشتنی ئەوانیشە لەوەی چی گرنگە و لە بنەچەیشدا خۆیان چین.

* ئەم نووسینەی سەرەوە، چەند پەرەگرافێکی گوتارێکە. توری یانسۆن Tore Janson نووسیویەتی. ئەو پرۆفیسۆری خانەنیشە لە زمانی لاتین و زمانە ئەفریقاییەکان. لە زانکۆی کالیفۆرنیا و لۆس ئەنگێلس و زانکۆکانی سویدا کاری کردووە. دەیان کتێب و لێکۆڵینەوەی زانستی لەبارەی زمان و مێژووی زمانەوە نووسیوە.

هەواڵنامەی کتێب

### بە بۆنەی ڕۆژی زمانی دایکەوە

# زمانی کوردیی و گرفتەکانی

د. حوسێن موحەممەد عەزیز

**ئەڵقەی یەکەم: زمانی نووسین و خوێندنەوە**

لە ڕاستیدا، ئەم گوتارەم بۆیە نووسی، چونکە لە لایەکەوە، هەست بە ئەو مەترسییە گەورەیە دەکەم، کە ڕووبەڕووی زمانی کوردی بووەتەوە. لە لایەکی دیکەشەوە، ڕۆژی (٢١. ٢)ی هەموو ساڵێ، یادی ڕۆژی زمانی دایک دەکرێتەوە، کە ساڵی (١٩٩٩) لە (پاکستان)، هەموو لایەنە پێوەندیدارەکان کۆبوونەوە، هەوڵێکی زۆریان دا، تا زمانی نەتەوەیی گرووپە ئێتنیکە جیاجیاکانی ئەو وڵاتە ببوژێننەوە. لەبەرئەوە ئەو ڕۆژەیان ناونا: ڕۆژی زمانی دایک و تا ئێستەش، هەموو ساڵێ لە ئەم ڕۆژەدا، لە هەموو وڵاتانی جیهان بە گشتیی و وڵاتەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بە تایبەتی، یادی ئەم ڕۆژە گرنگە دەکەنەوە. سەیر ئەوەیە، دوای ئەوەی پتر لە (٩٠) ساڵ دەبێ، ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد، دووچاری ئەم هەموو کوشتوبڕ و چەوساندنەوەیە بوون، چەندین ساڵیشە، سەرکردایەتی شۆڕشەکانی کورد هەوڵدەدەن، دەوڵەتە داگیرکەرەکانی وڵاتەکەمان، دان بە زمانی کوردیدا بنێن، چونکە هەمیشە دوژمنی داگیرکەر هەوڵیداوە، زمانەکەمان لە بۆتەی زمانە نەتەوەییەکەی خۆیدا بتوێنێتەوە. کەچی جگە لە ئەوەی، دەسەڵاتدارانی میری هەرێمی باشووری (کوردستان)، بە دەیان خوێندنگەی توورکیی و عەرەبییان کردووەتەوە، منداڵانی کورد بە ئەو دوو زمانە بیانییە دەخوێنن، نزیکەی ماوەی (١٠) ساڵیش دەبێ، شالیارگەی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێم، نەک هەر بڕیاریداوە، زمانی خوێندن لە زانکۆکانی هەرێمدا، بە عەرەبی یا ئینگلیزی بێ، بەڵکوو تەنانەت پرسیاری تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵیش، بە یەکێ لە ئەو دوو زمانە نەبێ، ڕێی پێ نادەن و وەری ناگرن!

ئەوە لە کاتێکدا، سەرۆکایەتی زانکۆی (زاخۆ)، یەکەمین هەنگاویان نا، ڕۆژی (٤. ٣. ٢٠١٤) بڕیاریدا، زمانی کوردی، زمانی فەرمی زانکۆ بێ، وەک سەرەتایەکیش بۆئەوەی ئەم بڕیارە جێبەجێکرێ، (١٢) پەرتووکیان بە زمانی کوردی ئامادەکردووە. ئاخر هەر نەتەوەیەک هەوڵ نەدا، زمانی دایک بکا بە زمانی هونەر، وێژە و زانست، بە تەواوی ڕاژەی نەکا و پێشی نەخا، ئەوا زمانەکەی تەنیا هەر، وەک زمانی قسەکردن بەکاردەهێنرێ و بایەخێکی ئەوتۆی نابێ. واتە: ئەو نەتەوەیە، زمانی نووسینی نابێ، ئەوەش خۆی لە خۆیدا، دیاردەیەکی گەلێ ترسناکە، هەڕەشە لە ئاییندەی زمانەکە و نەتەوەکەش دەکا. جگە لە ئەوەی، دوژمنان و داگیرکەرانی (کوردستان)یش هەر لە کۆنەوە، ئەوە ئامانجیان بووە و هەوڵیانداوە، ئەو زمانە وەک زمانی خەڵکی گوند

و چیانشینەکان بناسێین، کە خۆمان زۆر بێ ئاگایانە، ئەوڕۆ خەریکین، ئەو ئاواتە دێرینەی ئەوان جێبەجێدەکەین!
بە داخەوە، ئەوا (٣١) ساڵ دەبێ، باشووری (کوردستان) ئازادە، دەسەڵاتێکی کوردی دامەزراوە، کەچی بایەخێکی ئەوتۆیان، بە زمانەکەمان نەداوە. ئاخر دەبووایە، لە ئەو ماوە درێژەدا، هەر هیچ نەبووایە، هەوڵێکی زۆریان بدایە، لە هەموو نێوچەکانی نیشتمانەکەمان، زمانێکی یەکگرتووی کوردییان بچەسپاندایە! ئایا ئەم کارەی تا ئێستە نەکراوە، هەڵە و تاوانی دەوڵەتە داگیرکەرەکەیە، یا خەمساردیی و کەمتەرخەمی دەسەڵاتەکەی خۆمانە؟! خۆ گەر هێندێ گرفت و کێشەی نەتەوەیی و ڕامیاری، تا ئێستە چارەسەرنەکرابێ و لە دەسەڵاتی سەرانی پارتەکاندا نەبووبێ، بۆچی تا ئەوڕۆ، ئەم هەموو نووسەر و زمانەوان، ئەم هەموو کادێرە ئەکادێمیک و زیاد لە (٣٥) زانکۆمان هەیە، نەیانتوانیوە، زمانێکی یەکگرتووی نووسین و خوێندنەوە گەڵاڵەکەن و پێشنیازکەن، تا پەرلەمان و میری هەرێمیش، کاری لەسەر بکەن و فرمانێ دەرکەن، هەر لە خوێندنگە سەرەتاییەکانەوە پێڕەوکرێ و وردەوردەش، جێی خۆی بکاتەوە. بەڵام ڕاستیان فەرمووە، تا خوا کێو نەبینێ، بەفری تێ ناکا! بۆیە لە کۆتایی ئەم ئەڵقەیەدا پێشنیازدەکەم، کۆنگرەیەکی زمانەوانیی فراوان بگیرێ، کەسانی پسپۆڕ و شارەزا بەشداری تێدا بکەن، تا بە هەموو بڕیاربدەن و کارێبکەن، ئەو زمانە یەکگرتووە، لە کلاوڕۆژنەی بڕیارەکانی کۆنگرەکەوە سەردەربێنی و لایەنە پێوەندیدارەکانیش، بە یاسا و فرمان بیسەپێنن!

## ئەڵقەی دووەم: گێژاوی زمانەوانی

بڕواناکەم، ڕۆژێ لە ڕۆژان، زمانی کوردیی، هێندە مەترسی لەسەر بووبێ و شێوێنرابێ. چونکە هەر کەسێ هەڵدەسێ، بە ئارەزووی دڵی خۆی، وشە دادەتاشێ و بە هەڵە بڵاویدەکاتەوە. یا وشەیەکی زۆری بیانیی بەکاردێنێ، کە بەرانبەرەکانیان بە کوردی هەن! هیچ کەس و لایەنێکیش، هێندەی هۆکانی ڕاگەیاندن (نووسراو، بینراو و بیسراو)، زمانی کوردیی بە خراپ بەکارناهێنن، زۆر وشەی هەڵەی باو دەجوونەوە، بێ ئەوەی بزانن، ئەم وشانە هەڵەن و کوردیی نین، بە تایبەتی ئێزگەکانی ڕادیۆ و تێلێفیزیۆن، لە هەموو هۆکانی دیکەی ڕاگەیاندن، مەترسییان بۆ سەر زمانی کوردیی زیاترە. چونکە زۆربەی هەرە زۆری خەڵک، پتر بایەخ بە ئەو دوو دەزگەیە دەدەن و ئەوانیش وا دەزانن، هەرچی لە ئەو دوو دەزگەیەوە گوترا، ئیدی کوردیی عەیارە (٢٤)ە و زۆر تەواوە!

جگە لە ئەوەی دەقەکان، لە ڕووی داڕشتنەوە، بە تایبەتی ئەو دەقانەی لە زمانێکی بیانییەوە، بۆ سەر زمانی کوردی وەردەگێڕرێن، زۆر لاوازن، با هەموو وشەکانیش کوردیی بن، بەڵام بە شێوازێ دەنووسرێن و دادەڕێژرێن، دەردی مام (هێمن) دەڵێ: تێیان ناگەم! ئاخر وەرگێڕان هونەرە و هونەریش، پێویستی بە کادیری زمانەوانی شارەزا هەیە، لە ئەم بوارەشدا، کورد هەژارە!

بە داخەوە، ئەمەش لە ئەوەوە هاتووە، کادێرە زمانەوانەوانەکانمان، سەرپەرشتی ئەو دەزگایانە ناکەن، هەر کەسێ ویستی، لە یەکێ لە ئەو دوو دەزگەیە دامەزرێ و کاربکا، بە هۆی یەکێکەوە یا لایەنێکەوە، بە ئاسانی کاری دەسدەکەوێ، گەر فرێ بەسەر کاری زمان، وێژە و وەرگێڕانیشەوە نەبێ، ئیدی بۆ خۆی گۆشەیەک ئامادەدەکا، یا بەرنامەیەک بەڕێوەدەبا و ژاری هەڵەی باوی زمانەوانی بڵاودەکاتەوە!

**ئەڵقەی سێیەم: بایەخی زمان لە ژیانی نەتەوەکاندا**

پێناسە و بایەخی زمان، بەپێی بۆچوونە ئایدۆلۆژیی و فەلسەفییەکان دەگۆڕێ. بەپێی ئایدۆلۆژیا و فەلسەفەی ناسیۆنالیزم بێ، زمان بە یەکێ لە مەرجە هەرە سەرەکییەکانی دروستبوونی نەتەوە و بە ژێرخانی کۆمەڵ دادەنرێ.

گومانی تێدا نییە، هیچ نەتەوەیەک لە ئەم جیهانەدا، هەرگیز بێ زمان نەبووە، نییە و ناشبێ. جا هەر لە تیرە و هۆزە دواکەوتووە دڕندە و کێویلەکانی، نیشتەجێی نێو دارستانەکانی ئەفریکا و خەڵکی دوورگەکانی ئۆقیانووسەوە بیگرە، تا بە پێشکەوتووترین کۆمەڵی ئێتنی ئەم جیهانە دەگا. چونکە زمان و نەتەوە، تەواوکەری یەکدین، وەک ماسی و ئاو وان، هیچ کامێکیان بێ ئەوی دیکەیان ناژین.

زمانی نەتەوەیی، گیانێکی گەش و ژیانێکی پڕ بە جۆشوخرۆش، بە بەر هەموو نەتەوەیەکدا دەکا. دڵی زیندووی هەموو نەتەوەیەک، پتر بە هۆی زمانەکەیەوە لێدەدا، گیانی نەتەوەکەش، هەر خۆی لە چوارچێوەی بەسەرهات، سەرگوزشتە، چیرۆک، هۆنراوە و مێژوودا دەبینێ، کە بە زمانی باپیران ڕاڤەدەکرێ و دەردەبڕرێ.

هەرچەندە، هێندێ لە ڕووداوەکانی ژیانی کۆمەڵی کوردەواری، ئەوەیان سەلماندووە، تەنیا هەر زمان، بە یەکەمین مەرجی نەتەوە و کوردبوون دانانرێ، بەڵکوو هەستی هاوبەشی نەتەوەیی و خۆبەکوردزانین، بە پلەی یەکەم دێ. چونکە، هەزاران کورد

هەبوون، بۆ نموونە: دوکتۆر (فوواد) لە باکووری (کوردستان)، گیانی خۆیان بە نەتەوەی کورد و خاکی پیرۆزی نیشتمان بەخشیوە، لەگەڵ ئەوەشدا، زمانی زگماکی خۆیان نەزانیوە! بەپێچەوانەشەوە، هـەزاران کوردیش هـەن، کوردییەکی باش دەزانن، بەڵام چەکی ناپاکییان، بۆ دوژمنی داگیرکەر هەڵگرتووە، دژی هاوزمان و نیشتمانەکەی خۆیان جەنگاون! بایەخی زمان، پتر لە ژیانی ڕۆژانەدا دەردەکەوێ. چونکە (زمان هۆیەکە لە ئەو هۆیانەی، ئادەمیزاد بە کۆمەڵەوە دەبەستێ.)٣ هەموو مرۆڤێ، تەنیا بەهۆی زمانە نەتەوەییەکەیەوە، تێکەڵاویی لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵەکەیدا پەیدادەکا و لە یەکدی دەگەن. هەر بە هۆی ئەو زمانەی پێشی دەدوێ، بە ئەندامێکی ئەو نەتەوەیە دادەنرێ. هەردوو بەشەکەی زمانی نەتەوەییش (ئاخافتن و نووسین)، یارمەتییەکی زۆری گۆڕان و گەشەسەندنی، ژیانی کۆمەڵایەتی نەتەوەکان دەدەن. گەر بە هۆی زمانەوە نەبووایە، جیاوازییەکی ئەوتۆ، لە نێوان هۆشی مرۆ و هەموو ئاژەڵەکانی دیکەدا نەدەبوو. بۆیە زمان وەک وەرگێڕی هۆش و دەروون وایە، بیر و بۆچوونەکانی مرۆ وەردەگێڕێ.

جگە لە ئەوەی، هەموو نەتەوەیەک لە ئەم جیهانەدا، بە پلەی یەکەم، تەنیا بەهۆی زمانەکەیەوە دەناسرێ. گەر هەر نەتەوەیەک، زمانی نەتەوەیی نەبوو، ئەوا ناو و ناونیشان، ژیان و بوون، قەوارە و ڕێزیشی نابێ! بەڵێ، زمان بایەخێکی زۆری هەیە و نەتەوەکانی سەر ڕووی زەوی، شانازی بە خۆیان و زمانە نەتەوەییەکەیانەوە دەکەن. تەنانەت زمان لە ژیانی گەلاندا، هێندە بایەخی پەیداکردووە، چەندین دەوڵەتی جیاجیای کیشوەرەکانی جیهان، لە سنووری خۆیدا کۆدەکاتەوە و هەر بەهۆی ئەو زمانە هاوبەشە بیانییانەی دەشیزانن، لە خەڵکی وڵاتانی دیکەی جیهان تێدەگەن و گفتوگۆیان لەگەڵ دەکەن، بۆ ئەوەی لە بوارەکانی کەلتوور، زمان، ئابووریی، ڕامیاریی و دیبلۆماسییدا، پێکەوە هاوکاریبکەن، وەک: (کۆمەڵەی ئینگلیز زمانەکان- ئەنگلۆسەکسۆن) و (کۆمەڵەی فرەنسیزمانەکان- فرانکفۆن).

یەکێ لە خاڵە گرنگە تایبەتییەکانی هەر زمانێ ئەوەیە، بەهۆی وێژە، فەرهەنگ و زمانی نەتەوەییەوە دەتوانرێ، ڕەگوڕیشە و ڕەچەڵەکی هەموو گەل و نەتەوەیەک، لە نێوچەیەکی دیاریکراوی مێژوویدا دەسنیشانکرێ، ئەو گەل و نەتەوانە، بۆ سەر بنەڕەتی ڕەسەنی خۆیان بگەڕێنرێنەوە و نەژادیان ڕوونکرێتەوە . ئەمەش بە ئەوە دەبێ، زمانی کۆنی گەلانی ئەو ناوچانە دیاریکرێ، بە باڵای زمانی ئێستەی ئەو

گەل و نەتەوانە بگیرێ، پاشان لە ڕێی فۆنێتیک، ڕێزمان و وشە لەیەکچووەکانەوە، هەردووکیان لەگەڵ یەکدیدا بەراوردکرێن، خاڵە هاوبەش و لێکچووەکانیان دەسنیشانکرێن و بنچینەکانیان ڕوونکرێنەوە. هەڵبەتە، هەموو دەزگە ئەکادیمیکە کوردییەکان گەر بیانەوێ، لە بنەچە و بناوانی نەتەوەکەی خۆیان بکۆڵنەوە، شارەزای زمانەکەی خۆیان بن، پێویستە، ڕێبازی زانستانە بگرن و دوو خاڵی گرنگ ڕەچاوکەن:
١. لە مێژووی دروستبوون و پەیدابوونی کورد لە نێوچەکەدا بکۆڵنەوە.
ئەندازە و هێندسە، ئەستێرەناسی، ژمارە و مووسیقا .

زانستی ئەستێرە ناسی کردۆتە پێنج بەشەوە

چەشنین زانستێن کرداری بریتییە لە رامیاری و ئاکار و خووووخدە،ماڵبەڕێوەبەری .بەڵام ئەو زانستانەی خۆمەبەست نین دووچەشنن :

یان سەبارەت بە واتا و مانایە کە (ڕێبیر )زانستی مەنتق یان بابەتی وەک پەیڤ و ئەلفوبێ کە بە "ناوبژی" وان مانا و واتا دێنە بوون. و زانستێک کە هاوپێوەند بە زانستی ئەدەبەوە.

**ب: کۆبەرهەم**

دەکارین کتێبێن ویی، لە دوو بەشی توێژینەوەی بژیشکی و لێکۆلینەوەی زانستنامەدا بپۆلێنین:

**١ . بژیشکی:**

بژیشکی بەرایی وگشتی. چاودەرمانی (کحالی)

دە واقعدا شەمسی شنگال، پێش هەموو زانست وکارستێک چاوبژیشکێکی هەرەگەورەی سەردەمی خۆی بووە وەک ج.ج.ویتکام. لەزاری :J.HIRSCHBRG,وە دە گێڕێتەوە، چاودەرمانی دە ئەورووپا لە سەدەی هەژدەیەم گەیشتە ئاستی زانیاری ئێبن ئەکفانی،

حەجامەت. پوختەی بەرسڤ وپرسیاری حونین ئیبن ئێسحاق. کتێبک سەبارەت بە لێدانی نەبز.پەیڤێن بوقرات.یاریدەری بەرایی نەخۆش. ژیاننامەی بژیشکان. خاسی بەهارات .کە چ دەسنووسێکی لێ بەجێ نەماوە.

تەندروستی کۆیلە. کە بەشێک لە بژیشکی ئەو سەردەمە بووە و کە ناسین و ڤەناسین و ڤەدیتنی نوخسانی و کەمایەسی کۆیلەی زێڕ خەڕی، لەکاتی کڕین وفرۆتنی کۆیلەکاندا.

پاد ژاری، لەبارەی چز ودەرمان کردنی.

کتیبی خۆدەرمانی: ئەم کتێبە لە چوار بەش پێک هاتووە :

ئەلف: پاراستنی تەندروستی بەگشتی.

ب.دەرمان کردنی نەخۆشی لە کاتی، لە کاتی نەبوونی بژیشکدا، لە راستیدا جۆرێک خۆدەرمان کردن .

پ. راسپێری و ڕێنوێنی شیاو وبەسوود، ڕێنوێنی کارناسانە و هۆناسانەی بژیشکی .

ت.ناساندنی هێندێ تایبەتمەندی دەرمانی هێندێ دەواو دەرمان .

بەم ڕوون کردنەوە، گرینگی ئەم کتێبەمان بۆ دەردەکەوێ. چۆن دەتوانین لە کاتی نەبوونی بژیشکدا بەو شتە کەمانەی لە بەردەستن، لەشساخی و تەندروستی خۆمان بپارێزین .

ئەم کتێبە لە راستیدا گەلێک بابەت و چەمکی دەگمەن و سەمەرەی گرتۆتە خۆ، کە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و لێی وردبوونەوەی هۆگرانی زانیاری نەپەنی و کیمیایە، کە خاسی و تایبەتمەندی نائاسایی و شاراوەی شت و تشتی دەوروبەریان ناسیوە و شێوەی بەهرە وەرگرتن لە شت و مەکی بە ڕواڵەت بێکەڵک و بایەخی وەک بەرد و ...هێندێ نەخۆشی یان دەرمان کردووە.

دیارە ئەم رێکار و شێوە تەندروستی و دەرمانی یانە بۆ سەردەمی ئێمە هێندێکیان لەباو کەوتوون و بە دەرمانی نەریتی دەژمێردرێن .

**٢.بەرهەمێن بیرۆکی :**

لەبارەی نوێژونزاوە. دیم وقەلافەتناسی. کە کەملێنەری تەندروستی کۆیلەیە.

ئەستێرەناسی:سەبارەت بە ژمارە، ئەحجاری کەریمە. کیمیا. خەولێکدانەوە. کشتوکاڵ. فەلسەفە. ئامۆژگاری بۆ شاو کاربەدەستان. شێعر. کە هەر چەند پارچە شێعرێکی لێ بە جێماوە.

بیرۆک شێوازی ئەدەبی.

ئەوەی جێ سەرەنجە ئەوەیە کە لە بەرهەمە نابژیشکییەکانی ئیبن کەفانی، ژمارێکی کەمی بە جێماوە، ئەوەش ماوە سەر بەزانستە سروشتییەکانە.

هێندی کەس لایان وا هۆی کەم خوێنەر بوونیەتی. بەڵام هۆیەکەی لە راستیدا دە گەڕێتەوە بۆ بیرو بوچوونی جیاوازی ویی لە بواری فە لسەفی وئایینیدا .

**٣.. زانستنامەک**

ناوی "ارشادالقاصد الی اسنی المقاصد"ە

لەسەردەمی ژیانی شەمسی شنگالیش دا، بەرهەمێکی ناسراو بووە.

ئیبن کەفانی ناس (ج.ج.ویتکام ).کە دەقی ئەم زانستنامەی ساقکردۆتەوە و دەسنووسەکانی کۆکردۆتەوە و حەوت دەسنووسی پێکیگرتوون و راستیکردۆتەوە.

دەنووسێ زانستنامەنووسی شنگالی کەم تافرە لەسەرشۆپی ئیبن ئیبنەدیم ڕۆیشتووە و شێوازی"فهرست"ی ڕەچاوکرودووە. هەروەها کەوتۆتە بن کاریگەری دووزانەڤانی گەورەی وەک فارابی و ئیبن سینا لە احصاءُ العلوم و نجات دا ، خاسما کاتێ زاراڤە فەلسەفییەکان پێناسە دەکا.

هەواڵنامەی کتێب

دە واقعدا بیرگە ورێبازی فەلسەفی ویی مەشاییە.

جیاوازی ارشاد القاسد وفهرست لەوەدایە کە ئیبن ئەکفانی بەنیاز نەبووە، مینا فهرست زانیارییەکی گش داگرو تۆکمە و ورد لە و زانستەی پێناسەی کردوون، بەدەستەوە بدات. بەڵکوو هەوڵی داوە لە هەر بابەتێکدا پوختەیەک بەدەستەوە بدا. ئاشکرایە ڕووی قسەی لە خوێنەری گشتییە نەک هۆناسان و سەرهۆناسان. پسپۆڕان.

کتێبی ئیبن نەدیم لەڕاستیدا ئاخروئۆخری سەدەی ڤەرگێڕان و ڤەرگیرانی لەزانستێن وێنانی، ئێرانی و هێندی دەنێو موسڵمانان گەیشتە لووتکە و بزاڤێکی نوێ لە بواری ڤەرگرتن و دانانی بەرهەمی ڕەسەن دەستی پێکرد، چواریەک تا پێنج یەکی دەقی دانشنامەی زانای شنگال تەرخان کراوە بەکتێب ناس، واقیع ئەوەیە کە هێنانی پاژێک وەک کتێبناسی، جۆرێک نوێ گەرێتی وکارێکی داهێنەرانەیە. چونکە فارابی وئیبن سینا و و ڕازی ئەم کارەیان نەکردووە. زانەوانی شنگال، ئێژی کە زانستنامەکەی پوختە وشیلەی ٤٢٠ کتێبە.،ج.ج.ویتکام دەڵێ، ئەم ژمارە زۆرە و سێسەد وهەشتاو حەوت کتێب ڕاستە، بەڵام ئەگەر کتێبێن پیرۆزی جوولەکە و فەلەش لەبەرچاو بگرین، لە چوارسەد تێ دەپەڕێ.

تالش کویری زادە، لە دانانی زانستنامەکەی خۆیدا "مفتاح السعادە..."دا لە وپێناسە گەلە وا ئێبن ئەکفانی کردوونی و هەروەها لە بەشێکی زۆر لە کتێبناسییەکەی بەهرەی وەرگرتووە .

کتێبێکە سەبارەت بە چەشنێن زانست پۆلێن کردنی و بەگشتی مێژووی زانست، ئێبن ئەکفانی لە دوو زانستنامەی "العلوم فارابی" و کتاب "النجاە" ئێبن سینا، کەلکی وەرگرتووە.

گاهەس، هەر ئەم هۆکارەش بێ کە ناحەزانی هان دابێ ناوی ئێبن کەفانی لە سەر ناوی کتێبی هەرە بەناوبانگی وێی "ارشاد القاصد ...بسڕنەوە و بە سەرناوی "الدرالنظیم فی احوال العلوم و التعلیم "ەوە بینووسنەوە .ڤیتکام دەڵێ پێنج دەسنووسی لەم زڕناوە ی دیتوە کە ناوەرۆک و نێواخنی کوتومت زانستنامەکەی ئێبن کەفانی بووە و تەنێ ، ناوی ئێبن کەفانی لێ سڕدراوەتەوە .

ڤیتکام بێ ئەوەی بتوانێ ئەم هۆکاری ئەم دزێتی و چەواشەکارییە بە دروستی ناوبگیر بکا. دەڵێ :"وێدەچێ هۆکارێکی عەرەبی- جوو لەم سەرنێو گۆڕکێ و کتێب دزینەدا لە ئارادا بووبێ .

کاتی کتێبە زانستییەکەی بەو دەردە بردرابێ، دیارە کە چارەنووسی بەرهەمە فەلسەفی و بیرۆکییەکانی ئەشێ چۆن بێ !؟

بۆیە ئەکفانناسی وەک بوارێک لە مێژووی زانستی و فەلسەفیدا ، هێشتا لە چەقی رێگادایە . کۆچی دوایی شەمسی شنگال لە سەفەری ٧٤٩ و بە قسەیەکی دێ لە ٢٣ شەوالی ٧٤٩ کۆچی روویداوە. وشکەسالّی و قات وقڕی بێڕەزای وڵاتی مێسر و تەشەنەی چاوقوولّکە لەم سالّەدا، ئەویشی وەک زۆربەی هەرە زۆری خەڵک تووش کرد و مرد.

بۆ هێنانەئارای ڤەژیانێکی زانستی و ژیرۆکی، دەبێ نەریت و کەلەپووری زانستی و بیرۆکی روون وساق بکرێنەوە.

ئەگەر ئەم نووسینە، توێژەران هان بدات پێوشوێنی کەلەپوورو دەسنووسەکانی ئێبن کەفانی کەون و هەولّی ڤەدۆزین، پێکگرتن و ساقەوکردنی بدەن ، دۆزینەوە . ژیاندنەوەی بدەن ، بە مرازی خۆی گەیشتووە .

هەژییە وجێی خۆیەتی، بۆ رێزگرتن و بەرزڕاگرتنی یادی شەمسی شنگال و، بەرهەمێن بیرۆکی، ژیرۆکی و زانستی ئەم زانستوەرە جهیانییە، زانکۆ یان زانستگەیەک ، د شنگال ، بادینان یان شوێنێکی دیی کوردەواری، بەناوی شەمسی شنگالەوە ڕۆبنرێت .

داوا ژ خوێنەر و دۆستێن هێژا دەکەم، ل دیوی باشوورو نەخوازە، دەڤەری بادینان، ڤێ داخوازو پێشنیار، بێتە بەرباس وگرینگی پێی بێتەدان .

# رووژ ناودەوڵەتی زوان داڵگی و پەیوەندی زوان وەگەرد نەتەوە

فاتمە سەڵاح

زوان یەکیگە لە ئامرازەیل فرە گرنگ لە ژیان رووژانە، چونکە زوان ناسنامە و هووکار ژیان و مەنن نەتەوەس، هووکار پەیوەندی بەسانە لە ناونی تاکەیلە، ئەوەگ ئایەم لە گیاندارەیلتر جیاوە کەیڎ زوانە، وە زوان تونێد  گوزارشت لە هۆر و خەیاڵ خوەی بکەیڎ، هەر زوانە نەتەوەیلە لەیەک جیاو کەیڎ، هەر وە زوان توەنرێەید پەیوەندی وەگەرد ئەو نەتەوە جیاوازەیلە دروسبکریەیڎ، زوان داڵگیش ئەو زوانەس ک زارِوو لە باوانەو هوکارەی بوود.

ئەوەگ رووشن و ئاشکراس هەر نەتەوەیگ زوانەگەی لەلی بسینیەیڎەو لەناو چوود و تەفروتونا بوود،  لەهەمان وەخت ئەگەر نەتەوەیگ ژێر دەسەیش بوود باوجی خاوەن زوان خوەی بوود و مقیەتی لە لەناوچگن زوانەگەی بکەیڎ، هەرگیز لەناو نێچوود هەر رووژیگ تیەیڎ سەرکەفێد، هوکارِەبۆن زوانەیلتر فرە گرنگە باوجی نەک زوان داڵگیەگە فراموش بکریەیڎ، هەر لەوەر ئی هووکارە گرنگەس دۆنیمن لە تورکیا و ئیران نواگیری کریەیڎ لەوەردم مەردم کوردگە ئەرا هوکارە بۆن زوانەگەمان وە جۆر تاوانیگ وەلایەن ئەو وڵاتەیلە هەشمار کریەیڎ.

لە ئاشکەراترین ئەو نمونەیلە لەماوەی گوزەشتە مامووستایگ زوان کوردی وەناوەی (زارا) توش پەنج ساڵ سزای زندانیکردن هات وە لایەن حکومەت ئیران تەنیا وە تۆمەت هوکارە کردن زارِوویەیلە وە زوان کوردی، هەرچەن  ئی کارە زارا و زوان کوردی وەناوبانگترەو کرد، و دووس زوانەگە فرەتر خستە دڵ کورد زوانەیل، یە تەنیا نموونەیگ بۆچگ بۆی لە نموونەیلە ئەگەر باس هۆردەکاری نواگیری کردن لە زوان داڵگیمان وە لایەن نەتەوەیلتر بکەیمن کۆتایی نێتیەیڎ.

زەفتکردن و پشتگوش خستن مافەیل زوانی نەتەوە وەلایەن دەسڵات یانیا نەتەوەیگتر بووەدە مدووی خوەشەکردن ئاگر جەنگ لە مابەیٚن وڵاتەیلە،  لەهەمان وەخت هەر ئی هووکارە بۆی رووژ زوان داڵگی دروسکرد، لە خوەرئاوای پاکستان وە زوان "ئوردوو" قسە کریا، مەردم خوەرهەڵات پاکستان وە "بەنگلایی" قسە ئەکردن،  لە ساڵەیل ١٩٥٢-١٩٥٠ چین ناوەندی گەشەسین لە خوەرهەڵات بەنگاڵ دەسکردۆنە شۆرشیگ ک دۆیای ئەوە وە "بزووتنەوەی زوان بەنگلایی Bangla Language Movement" ناسریا، حکومەت ئەو وەختەی پاکستان لەناکاو لە جارِنامەیگ راگەیان تاکە زوانیگ فەرمی  لە سەرانسەر پاکستان لە خوەرهەڵات تا خوەرئاوا بایەت  تەنیا ئۆردوو بوود.
خوەرهەڵات پاکستان، لەوەر ئەو بڕیارە ئاڵۆزیی کەفتە ناوی دژ وە بڕیارەگە رشیانە بان جادەیلە.

هەرچەن نواگیری کریا لە هەر گردەوبۆنیگ باوجی خوەنەوارەیل زانکۆ لە شار داکا و زانکۆی پزشکی داکا و چالاکوانەیل سیاسی وەردەوام بۆن لە نارِازیی، لە ٢١ شوبات ١٩٥٢ پۆلیس تەقە

له خوەپیشاندەریل کرد و کۆمەڵێگ کەس لەلیان کوشت. بزووتنەوەگە فراوانەو بۆ ئەرا گشت خوەرهەڵات پاکستان و تەواوی هەرێمەگە وسیا، دۆیای ئەوەگ حکوومەت پاکستان دەس بەردار بۆی و زوان بەنگلاییەیل بردە رز زوان نەتەوەیی لە پاکستان.

هەر وەو بوونە یوونێسکۆ لە ساڵ ١٩٩٩ بڕیار دا ٢١ شوبات بوودە "رووژ ناودەوڵەتی زوان داڵگی"، ئی رووژە گشت ساڵێگ وە لایەن دەوڵەتەیل ئەندام لە یوونێسکۆ، ئەرا پاڵپشتیی زوان و فەرهەنگ و هەمەجۆری زوان، لە نۆسینگەی سەرەکیی یوونێسکۆ لە پاریس یاد کریەێد.

ئیمەیش جۆر کورد بایەت مقیەتی زوان داڵگیمان بکەێمن نواگیری لەناوچینی بکەین، چۆنکە زیاتر لە ٧٠٠٠ زوان لە دونیا هەس، مەزەنە کریەێد تا کۆتایی ئی سەدە نزیکەی ٩٠٪ ئەو زوانەیلە لەناوبچن. مقیەتیکردن لە ناوچگن زوان کوردی ئەرکیگە لەبان گشت تاکیگ وەتایبەت زوانناسەیل و نۆسەرەیل و رووژنامەوان و راگەیان کارەیل، چۆنکە ئی کۆمەڵە تۆنن فرەتر ئەوزەڵبیەن وە زوان و و نەیلین زوانەگەمان چەق بەستوو بوود و گام وەرەو کزی بنەێد، گرنگی دان وە زوان داڵگی و مقیەتیکردنی هۆچی لە خەبات چەک هەڵگردن و جەنگکردن لە پێناو نەتەوە کەمتر نییە یەیش رییگە ئەرا نواگیری کردن لە لەناوچگن نەتەوە.

**کی وەرپرسە لەبان لەناوبردن شیوەزار فەیلی لە خانەقین؟**

گشت ساڵێگ لە رووژیگ جویر ئمڕوو ٢١ شوبات یاد زوان داڵگی کریەێد، هەر وەی بوونەوە کۆمەڵێگ مەراسیم و کۆڕ و سیمینار ئەنجام دریەێد لە شار خانەقین، وە بانگهێشت کردن کەسەیلیگ پسپۆر زوانەوانی و شارەزا و باوجی سەرەڕای ئەوە شیوەزار داڵگی ئیمە ها لە ژێر سایەکی تاسنیگ، رووژ لەدوای رووژ وشە لەدوای وشەی خنکیەێد و لەناوچوود، هوکارەگەییش وەرجە ئەوەگ سیاسی بوود خوەمانی!.

هەر یەک لە ئیمە خوەمان خەمخوەر زوان داڵگیمان زانیمن لە وەختیگ تەنیا وە زوان خەمخوەریمن نەک وە کردار، خوەمان زەرپرسیمن لە زنی وە گورج کردن وشەیل شیوەزارمان، نووگەری لە زوان گرنگە، باوجی نە بان هەشمار لەناوبردن وشەیل رەسەن.

کەسەیلیگ ک خوەی وە پسپۆر زوان و شارەزا زانێد رووژانە خوەی کۆڕ و دانیشتن و سیمینارەیل تایبەت وە زوان و زار خەریک کردیە هەر فرەیگ لەو کەسەیلە مناڵیان لە خوەنین مەکتەوەیل

ئینگلیزی و عەرەوی دانانە و لەماڵیش وە شیوەزار فەیلی پەتییش قسە نیەکەێد یەیش ری خوشکەرە تا منالەگە هووکارەی وشە رەسەنەگە نەوود جینشین ئەرەوی و ئینگلیزی و فارسی وەکار بارێد، راسە خوەنین لە مەکتەوەیل کوردییشمان وە شیوەزار کوردی ناوڕاسە هەر هویچ نەوود زوان کوردیە، لەبانان وەگەرد گەوربوینی توانێد هوکارەی زوانەیلتریش بوود، هەر ئی کار ئەوانە بویسە جی لاسایکردنی لای مەردمەیلتر لەخوەیانەو وەیجویرە لەناو مەردم روشنهویر دەرکەفن.

واز لەوەیش تیارم منال منال خوەدە هەر چوین ئەزرەت کەێد با هووکارە بوود، ئەگەر وە راسی خوسەی زوانەگەد خوەێد لەجیای قسەیل زریقوباق دەس بکەن وە هەڵمەتەیل جیاواز روشنهویری مەردم ئاڵشت بکەن، هەڵمەت وە بەرز نرخانن شیوەزار فەیلی و شەرم نەکردن لە وەکارهاوردنی دەسوەپی بکەن، هەڵمەت ئاڵشتکردن تابلۆی بان دوکان و نوڕینگە و شوینەیل گشتی هەر کەس وەلای خوەی وەگەرد نوسینە ئەرەوی و ئنگلیزیەگە وە فەیلییش بنوسێدەێ، لە گشتی گرنگتر هەڵمەت نوسینە وە زوانەگەی خوەمان لەبان تووڕەیل کۆمەڵایەتی ئەگەر هەرکەس وەلای خوەی دەسوەپی بکەێد دڵنیابوون هەڵمەتەگە سەرکەفتی بوود چوینکە مەردم فرەیگ وەکارهاور تووڕەیل کۆمەڵایتین.ئەرا وەپیمان شەرمە، زوان داڵگیمانە و لە روی زوانەوانیش هویچی لە شیوەزار و زوانەیلتر کەمتر نییە، بەڵکم میژووی رەسەنیگ دیرێد لە روی وشەیش دەوڵەمەنە تەنیا گرفتی ئەوس ک بویەسە قوربان شیوەزار سۆرانیەگە و ئەرەوی و فارسیەگە، ریگری کریەێد لە دەرکەفتن و سەرکەفتنی.

### تا کەی خەفەت مقەیەتیکردن زوان داڵگیمان نەخوەیمن

زوان داڵگی ئەو زوانەس منال لە باوانیەو هووکارەی بوود و هەرچەن وەگەر گەورەبۆینی زوانەێلتریش یای بگرێد هەر وە ئەو زوانە هۆیر لە چشتەێلە کەێد، "فێرمان براێدل" لە باوەت زوان داڵگی ئۆیشد: "ئەر نەتەوەیگ خریابۆیە ژیردەس باواجی مقیەتی لە زوان خوەیان بکەن، جۆر ئەوەس لە زندان زنەیی بکەن و کلیل زندانەگە وە دەس خوەیان بوود.

لە میژوو فرە زوانەێلیگ هەبۆین رووژانێگ باڵادەس بۆین زوان ئەرۆستۆکرات و چینەێل باڵا و پلەبەرزەێل بۆیە، خاوەن نوسین و هونەرەێل بەرز بۆینە باوجی لە رووژگار ئیسە لەناوچیە وە زوانیگ مردی دانریەد نمونەش ئەرا ئەو زوانەێلە زیادە لە گشتی ناودار و دیاتر زوان یۆنانییە، لەوەر

ئەوە بایەد وەرجە لەناوچین زوانەگە خوسەی بخوەێمن ریگری بکەێمن لە مردنی چۆنکە وەختیگ زوان بمرێ دی زنییەو ناکریەێد و وەیخاترە هەتا ڕووژێگ ئایەم خوەی نەناسێ و شانازی وە زوان و فەرهەنگ خوەی نەکەێد ناتوانێد هۆیچ کارێگ ئەڕا ناسنامەی خوەی بکەید.

ئەر ئسفابکەێمن دۆینیمن زوان چەن لق و پەلێگ وەلی جیاو بۆیە ک وە زاراوەێل زوانەگە دانریەد، گەشەکردن و پتەو بۆین زاراوەێل راستەوخۆ کارکەێدە بان زوانەگە وەرەو وەردەم ئەوەدێ، لە زوان کوردیش جۆر زوانەێلتر زاراوەێلە دروس بۆینەو وە گشتیان هانە ژیر چەتر زوان کوردی، زاراوەی فەێلیش یەکێگە لە لقەگان زوان کوردی بایەد هەڵگرەێل زوانەگە خوسەی زینگ مەنن زوانەگە بخوەن تا بتوەنن زوان کوردی دەوڵەمەنەو بکەن وەپ.

مقیەتی کردن لە زوان کار فرە سەختیگ نییە، باوجی پێوست وە دەسمەتی گشتی کەێد وەی مانایەی وە تاک و دوان ناکریەد بایەد گشت چین و توێژەێل قسەکەر زوانەگە دەسبخەنە ناو دەس یەک و هەاوکار یەکبۆین ئەرا مقیەتی کردن لە لەناوچین زاراوەگە و چەن رێکارەێلیگ بگریمنەوەر جۆر ئەوەی وەچەی نوو گاڵ بدریەد وە زوانەگە قسە بکەن و دەسمیەتیان بدەێن وە بی خەوش قسەبکەن وەی مانای وشە هەڵچن زوانەگە بکریەد لە وشەی بیگانە.

خزمەت زوانەگە بکەێمن لە رۆی فەرهەنگی و وشەسازی گونجیایگ ک وەگەر وەرەو نواچگن سەردەم بپورێد، تەقەلا بدریەێد فەرهەنگیگ تۆکمە وەبان بنەما و یاسای زانستی دروسبکریەێد و لێکۆلینەوە لە ریشگ وشەێل بکریەد باوجی وە وەکارهاوردن یاساو ریسایەێل رێزوان زوان کوردی نەک فارسی و عەربی و تورکی چۆینکە کار کردن لەی زاراوەیەی زوان کوردیە لەسەر بنەمای یاسا رێزوانیەێل زوانەێلتر نەک زوانەگە دەوڵەمەن ناکەد بەڵکم ئەرا گومراهی و سەرلێ شیویایی ئەوەدێ.

وەگەرد وەرەو نواچگن سەردەم وشەی نوو تێدە ناو زوانەگە زوانیش بایەد گەشە بکەێد و وەرەو نوا بچێد تا ریگری لە لەناوچینی بکەێد، وە تایوەتی لەی رووژگارە پویستیەێل سەردەم لە گەشەی تۆنێگن وە مدووی گەشەی پیشەسازی و میدیایی و توورەێل کۆمەڵایەتی رووژانە چەندین وشەی نوو ساز دریەد و تێدە ناو زوانەگە، ئەر وشەی بێگانە هاوردینە ناو زوانەگە بخەێمنەی ژێر کاریگەری فۆنەێکی و فۆنۆلۆجی زوانەگەمان وەگورەی دەستور فەرهەنگی ئیەش ریگەیگە ئەرا دەوڵەمەن کردن زوان.

له گشتی گرنگتر بایەد تەقەلای نۆسین و دۆکۆمێنت و بەڵگەنامە وەی زوانە بدەێمن چۆینکە هۆیچی لە زاراوە و زوانەێلتر کەمتر نیە جی داخە قسەکەرەێل ئێ زاراوە وە زوانەیل فارسی و عەرەبی و زاراوەیتر نۆیسینەێلیان توومارکەن وە تایوەت ئەو نۆسین و دۆکۆمێنتەێلە تایوەتن لە باوەتیگ لە باوەتێل ناوچەێل زاراوەگە جۆر لایەن مێژوویی یان هونەری و باسکردن لە ئێلیگ یان رێزوان زارەگە ...تادۆیایی، ئێ کارە ناچێدە چوارچمگ زوانپەرەسی یان زاراوەپەرەسی و جیاکاری بەڵکم گشت زوان و زارێگ ماف خوەیە مقیەتی لە شۆناس خوەی بکەێد، چۆینکە وەی رێیە کارئاسانی کریەد ئەرا پاراستن هەزاران وشە نایلەێد لە ناوبچن.

کۆکردن وەرهەمەێل فلکلۆری نەک تەنها خزمەت وە فلکلۆر و کەلپوور کەێد بەڵکم خزمەت گەپێریگ وە زوانەگە کەێد لەوانەگ بوودە سەر لە نوو خوەشەکردن وشەیگ.

راسە قسەکردن سەردەم وەگەرد سەردەم وەرجە خوەی جیاوازە جۆر ئەوەی مناڵ جۆر جیاوازتریگ قسە کەێد وە چەو داڵگە و باوگە چۆینکە وەگەرد وەرەو نواچگن سەردەمەگە زوانەێلەش وەرەو نواوە چێن بەس ئەرک بان شانمانە مقەیەتی لە زوان و زارمان بکەێن نەهێلین وشەێلمان وەرەو مردن بچن بەڵکم رێیەێلەی وەرەو نواچینی ئەرای بکەێمنەو وەرجەوەی بمرد و خوسەی بخوەیمن و خزمەتی بکەین نەک دۆیای مردنی.

هەواڵنامەی کتێب

# کوردناسێ مەزن ئەڤگەنیا (ئیلنچنا ڤاسیلیڤا)ی ژیانئاڤایی کر

ئا/ زارا سامانۆڤا

یەک ژ ستوونا کوردۆلۆژی یا سۆڤیەت-رووسیا و جیهانێ یا سەدسالا دا ئەڤگەنیا ئیلینچنا ڤاسیلەڤا د ١٥ سباتا ٢٠٢٣ دە د ٨٩ سالیا خوەدە خاتر ژ مە خوەست.

ە.ی ڤاسیلەڤا د ٢٢,١٢,١٩٣٥ ل هەرێما باژارێ نۆڤگۆرادێ سۆلەتسکیێ هاتیە دنیێ. رۆژهلاتناس, وەرگەر و کوردۆلۆگا ناڤدار ئا رووسیا و جیهانێ تەڤایا ژیانا خوە یا زانستی (لمی) دا تاریخا کورد و کوردستانێ ئا قرنێ ناڤین و سەردەما نوە.

مالباتا ئە.ی ڤاسلەڤا د سالا ١٩٤٤ دە تێن ل لەننگرادە ب جە دبن خاتوونا ئە.ی ڤاسیلەڤا د سالا ١٩٥٣ دە دەرباسی فاکولتا رۆژهلاتناسیێ ئا ئونڤەرسیتا دەولەتێ ئا لەننگرادە دبە, د سالا ١٩٥٨ دە بەێ دیرۆکا رۆژهلاتا نێزیک و ناڤین ئا ئونڤەرستێ خەلاس دکە و ل ئینستیتووتا رۆژهلاتناسی ئا ئاکادەمیا سۆڤیەتێ د خەبتە. د سالا ١٩٧٧ تەزا خوە یا کاندیدات ل سەر کرۆنیکا خوسرەو ئیبنی مهەمەد تاریخ-ی بەنی ئەردەلان وەکی چاڤکانیەک دیرۆکی و ئەتنۆگرافیا کوردێن ئەردەلان قرنێ خڤ -خخ د پارێزە, د سالا ١٩٩٢ دە تەزا خوەیا دۆکتۆرا ل سەر مۆنۆگرافیا "باشوورێ رۆژهلاتێ کوردستانێ د سەدسالا خڤ - دەستپێکا سەدسالا خخ ئان دە, دیرۆکا میرێ ئەردەلان و بابان" دپارێزە.

خاتوون ئە.ی ڤاسلەڤا بێ وەستان ل سەر کوردان خەباتێن زانستی کر

هنەک ژ خەباتێن وێ یێن سەر درۆک , کولتور و ژیانا جڤاکی ئا کوردان ئەڤن:

- باشوورێ رۆژهلاتێ کوردستانێ د سەدسالا خڤ - دەستپێکا سەدسالا خخ دە. گۆتارێن ل سەر دیرۆکا میرێن ئەردەلان و بابان. مۆسکۆڤا: ناوکا, ١٩٩١.

- شەرەف خانێ بدلیسی. سەردەم,ژیان و نەمری. پەتەرسبورگ: ناوکا, ٢٠٠٣

- دابەشکرنا سیاسی یا کوردستانێ, ١٥١٤-١٩١٤: تراژەدیا کوردی. پەتەرسبورگ: نەستۆر-ستۆریا, ٢٠١٧.

گۆتار:

-میرەکیێن فەۆدال ئێن کورد د سەدسالا ١٦. دە. (ل سەر بنگەها ماتەریالێن "شەرەف-نامە") // ئابیدەیێن نڤیسکی و پرسگرێکێن دیرۆکا چاندا گەلێن رۆژهلاتێ (ل ڤر - پیپکنڤ). جڤینا زانستی یا سالانە یا لۆ ن. ل.,, ١٩٦٥.

-بەندا تەکۆشینا شاە ئەبباس ب ئەشیرا کوردێن موکری رە // پیپکنڤ. جڤینا زانستی یا سالانە یا شاخا لەنینگرادێ یا ئاکادەمیا زانستی یا یەکیتیا سۆڤیەتێ. م.,, ١٩٧٠.

- ل سەر مالباتەک ئەسلزادە میرێن ئەشیرا کوردا ئا دومبولی // پپپکنڤ. جڤینا زانستی یا ڤ یا سالانە یا شاخا لەنینگرادێ یا ئاکادەمیا زانستی یا یەکیتیا سۆڤیەتێ. م., ١٩٧٢.
-رەوشا جڤاکی-ابۆری یا میرەکتیا ئەردەلان د نیڤێ پێشین ئێ قرنێ خخ. پپپکن رووںشتنا زانستی یا سالانە یا شاخا لێنینگرادێ یا ئاکادەمیا زانستی یا یەکیتیا سۆڤیەتێ. م., ١٩٧٧.
-دەربارێ چیرۆکا ماه شەرەف-خانوومێ کوردستانی - هەلبەستڤان و دیرۆکناسێ کورد یێ نیڤێ سەدسالا خخ. // پپپکنڤ. جڤنا زانستی یا سالانە یا شاخا لێنینگرادێ یا ئاکادەمیا زانستی یا یەکیتیا سۆڤیەتێ. م., ١٩٨١. بەشا (١).
-ل سەر تایبەتیێن ئادەتێن کوردی // ئادەت د ناڤ گەلێن رۆژاڤایێ ئاسیایێ دە. م., ١٩٨٨. (هەڤ-نڤیسکار ر.س. رەشید)
-یەکەمین چاپێن فارسی, فرەنسی و رووسی یا "شەرەف-نāما" // مانوسجرپتا. عورەنتالا. ڤۆل. ٥. نۆ ١, ئادار ١٩٩٩.
-ەشیرا کوردا د چاڤکانی و ئەدەبیاتێ دە // ئابیدەیێن نڤیسکی یێن رۆژهلات. ٢(٣). ٢٠٠٥.
-دیرۆکنڤیسێن کورد ل سەر ئەشیرێن کوردان (ژ شەرەفخانێ بدلیسی - سەدسالا خڤ هەتا میرزا ئەلی ئەکبەر کوردستانی - سەدسالا خخ) // ئابیدەیێن نڤیسکی یێن رۆژهلات. ٢(١٣). ٢٠١٠.
وەرگەر:
-شەرەف خان بن شەمسەددین بدلیسی. شەرەفنامە / وەرگەر, پێشگۆتن, تێبنی و پێڤەکێن ئە.. ڤاسلیەڤا. ت. . م., ١٩٦٧.
-شەرەف خان بن شەمسەددین بدلیسی. شەرەفنامە / وەرگەر, پێشگۆتن, تێبنی و پێڤەکێن ئە.. ڤاسلیەڤا. ت. . م., ١٩٧٦.
-خوسرەو بن مهەمەد بەنی ئەردەلان. پێهەڤیا دەمانە. (دیرۆکا میرەکتیا بەنی ئەردەلان) / فاکسیمیلا دەستنڤیسێ, وەرگەراندنا ژ فارسی, پێشگۆتن و تێبنیێن ئە.. ڤاسلیەڤا. م., ١٩٨٤. ٢١٩ ر.
-ماه شەرەف خانووم کوردستانی. کرۆنیکا مالا ئەردەلان (تاٴرە- ئاردالان) / وەرگەر. ژ فارسی, دەستپێک و نێزیک. ئە.. ڤاسلیەڤا. م., ١٩٩٠.

-باخچەیێ میرەکتیا ناسر / ئەلی ئەکبەر دیرۆکنڤیسێ کوردستانی / وەرگەر. ژ فارسی, پێشگۆتن, تێبنی. و مەرسووم. ئە.. ڤاسلیەڤا. پەتەرسبورگ: نەستۆر-ستۆریا, ٢٠١٢.

خاتوونا ئە.ی ڤاسیلەڤا ژ سالێن ١٩٨٤ دە ناس دکم مرۆڤەک نەفس بچووک خەباتکار, ب مارفەت, ب شەخسیەت و دۆستەکە مەزن یا مڵەتێ کورد بوو ئەو ل سانکت پەتەرسبوورگە دما ئەز ل مۆسکۆڤابووم تێکلیێن مە هەر هەبوون جار جاران ب هاتا مۆسکۆ ئان ئەز بچووما سانکت پەتەرسبوورگێ مە هەڤ ددیت. ژ بۆ ل سەر دیرۆکا قرنێ ناڤین ئا کوردان گەلەک خەبات کربوو,گەلەک سەربلند بو ب درۆکا کوردان. هەر کو من ئەو بدتا ئان ب تەلەفۆنێ ب پەیڤیانا تم دگۆت,وێ هەر ئەز ب ناڤێ ئازاد ناس دکرم د گۆت " ئازاد لازمە هەر کوردەک ب پێیێن خوە ئیفتخار بکە, لێ مەنێرە ئیرۆژ هاور دۆر ئێرپی کوردان دکن, کورد گەلەک ئێاندنە لێ دڤێ کورد بزانبن پێیێن وە ریتساریێ رۆژهلاتێ بوون, و میر و ئەیرێ کوردان کورد هەتا نوها ل سەر نگا هیتنە" ڤان چەند سالێن داوی رەوا وێ یا سهی نە پر با بوو, جارا داوی دەما ئەز ل ئونڤەرسیتا مێردین مامۆستە بووم مە ئەو دەەوەتی کۆنفەرانسەکێ کر ل سەر کوردۆلۆژیا رووسیا کۆنفەرانسا بدا, پر کێفا وێ هات بەس رەوا سهەتا وێ دەستنەددا. وێ دەمێ ژ منرە هەنەک کر گۆت" ئازاد دەما سهەتا من دەست ددا تو نکاری بوو.

هەزارنامەی کتێب

# کە زمان دەبێتە پزیشك

## ( دۆزینەوەی نەخۆشییە مێشکییەکان، لە ڕێگای زمانەوە)

نووسینی: EVA BARKEMA
وەرگێڕانی: شاسوار هەرشەمی

تا نووسەرانی کارامە و لێهاتووش، وشەی پێویستیان بۆ نایەت، کاتێک کە تووشی نەخۆشییەکی مێشکیی دەبن. داستاننووس ئاگاتا کریستی، Agatha Christie چ ئاماژەیەکی نەخۆشکەوتنی بۆ نەکراوە، بەڵام گومان هەبوو، کە تووشی نەخۆشیی لەبیرچوونەوە، یان ئالزهایمەر ببوو.

ساڵی ٢٠١١ز، لێکۆڵەرەوەیەکی زمانیی کەنەدیی، دەریخست کە دوو کتێبەکانی هەرە دوایی ئاگاتا کریستی، لە ڕووی زمانییەوە، لەگەڵ نووسینەکانی پێشوتری جیاوازن. لە هەردوو کتێبەکانی Elephants can remember و Posterm of fateی ساڵی ١٩٧٣ز، ڕێژەی وشەکانی کەمترن. کردارەکان سادەترن و دووپاتکردنەوەکانیش پتر بوون، بە بەراوردێکی وەک نموونە، لەگەڵ Destination unknownی ساڵی ١٩٥٤ز.

-لێکۆڵەرەوان، بەڵگەی بەهێزیان لەبەر دەستدا بوو، کە دەریدەخست ئاگاتا کریستی، تووشی نەخۆشیی مێشکیی ببوو، وەک شارەزای زمان و تەکنەلۆژی زمان Dimitrios Kokkinakis، دیمیتریۆس کۆککیناکیس وادەڵێت.

ئەو لە کۆنفرانسێکدا، لەسەر لێکۆڵینەوەی کەنەدییەکانی بیست، بۆیە خولیای ئەوەی کەوتە سەر، تا مودول، یان میناک و نموونەیەک بئافرێنێت، بۆ دەستنیشانکردنی چەندان نیشانەی زمانیی، لە کاتی دەرکەوتنی نەخۆشییە مێشکیەکاندا. بە درێژایی ساڵی ٢٠١٦ز، ئەو لەگەڵ هاوکارانی دی، لە بانکی زمانی زانکۆی Göteborg، یۆتۆبۆری، کەوتە دابینکردنی داتا و سەرژمێری تۆمارکراو. مەتریالە کۆکراوەکەی، بریتی بوو لە ئەزمونی زمانیی، کە هەندێکی لە کەسانی ساغ وەرگیرابوون و هەندێکی دیش، لەو نەخۆشانەی، کە ناتەواوی ناسراویان پێوە دەرکەوتبوو، یان دەکرێت بڵێین، ناهاوسەنگییەک لە ئەرکی مێشکییان دەرکەوتبوو، کە بەرپرسی ئاگاداری و زانیارییەکان بوو.

یەکێک لە مەبەستەکانی پرۆژەکە، بریتییە لە پەرەپێدانی میتۆدەکانی تەکنۆلۆژیای زمانیی، تا بتوانێت کار لەسەر لێکدانەوە و وەرگێڕانی هەردوو زمانی نووسین و دوان بکات. بەڵام دیدگای درێژخایەن، بریتییە لە هێنانەکایەی میتۆدێکی کەم کات ویست و کەم تێچووی، دیارکردنی چالاکانەی ئەزمونی نەخۆشییە مێشکییەکان.

ئەمڕۆ، بۆ دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی نەخۆشییە مێشکییەکان، لای پزیشکانی پسپۆڕەوە، پێویستیی بە لێکۆڵینەوەی دوور و درێژ و پڕ خەرجی هەیە، بۆ زانینی

ڕادەی تووشبوونەکە، وەک پشکنین بە کامێرای موگناتیکیی، نمونە و ئەزمون وەرگرتنی، مۆخی ناو بڕبڕەی پشت و پشکنینی دەمارە دەروونییەکان، هەروەها ئەزموونی زمانەوانیش. زۆرێک لە تووشبووەکان، تا پازدە ساڵ دەبوو، کە نیشانەکانی نەخۆشیی مێشکییان تێدابەدەر کەوتبوو، تا لە کۆتاییدا، بۆیان دەسەلمێندرا کە تووش بوون.

-زۆرجاران، کەسانی نزیک، یەکەمین کەس دەبن کە هەست پێدەکەن شتێکی هەڵە هەیە. وەک کە کەسی تووشبوو، وردەکارییەکانی ڕووداوی ڕۆژی لەبیرنەماوە. هاوکات نیشانەی دیش، لە زمانی گفتوگۆو دوانیش دەردەکـەون، کە پێکەوە، تا ڕادەیەکی زۆر تووش بوون بە نەخۆشی مێشک دەردەخـەن، وەک کە کەسەکە بە سەختیی دەتوانێت وشەی گونجاو بدۆزێتەوە، بە گوێرەی لێدوانەکانی دیمیتریۆس کۆککیناکیس.

بیرۆکەکە ئەمەیە کە یەکەمجار، بڕێکی زۆر لە قسە و لێدوان، دوای کۆکردنەوە و تۆمارکردنیان، هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت. ئیدی لەمەشەوە، میناک و مودولێکی کۆمپیوتەری بئافرێندرێت، کە بتوانێت بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکیی، نیشانە هەرەباوەکانی، سەرەتا زۆر زووەکانی دەرکەوتنی نەخۆشییەکانی مێشک بدۆزێتەوە.

ئەمە بریتییە لە فێرکردنی مەکینەیی، یان هۆشێکی دەستکرد و میکانیکیی، کە تێیدا بەرنامەیەکی کۆمپیوتەر وا ڕادەهێندرێت، تا بتوانێت ئەو نیشانە نازک و بچوکانەی نەخۆشیی مێشک لێکجیابکاتەوە.

بێگومان پێشتر لێکۆڵەرەوانی زمان، دەبێت خۆیان لێکدانەوەیان بۆ قسە و گوتە کۆکراوەکان کردبێت. دەبێت لێکۆڵینەوەیەکی پڕ لە وردەکاریشیان کردبێت، لەسەر دەنگی هەر یەک لە جۆرەکانی قسە و دوانەکان، وشە، نرخ و بەهای واتاکانیان و دیارکردنی هەموو ئەوانەش، لە ناو مەتریالە کۆکراوەکەدا.

دوایی هەموو ئەمانە، بە لێکدانەوەکانی پسپۆڕیانەی خۆشیانەوە، دەخەنە ناو پرۆگرامی کۆمپیوتەریەوە. ئەویش بە شێوەیەکی ماتیماتیکی و ژمێریاری دەیانخاتە کارەوە. کۆمپیوتەر، وەک باوە و لە ئەنجامی زۆر بەکارینانییەوە، پتر و پتر فێری کارەکە دەبێت و شارەزایی هەڵدەکشێتە سەر، تا وای لێدێت، ئەو نەخشە و شێوانەش دەناسێتەوە، کە دواتر دەخرێنە سەر پرۆگرامەکە، ئیدی وەکو بڕی دی کۆمپیوتەریی، هێشتا نەناسراو، ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

لە پرۆژەکەدا، لێکۆڵەرەوەکان تەنیا نین، بەڵکو هاوکارن لەگەڵ دکتۆرانی دەمار، لە نەخۆشخانەی Sahlgrenska، ساهێلگرێنسکەی شاری یۆتۆبۆری سویدی، تا لەلایەکەوە، کەسانی گونجاویان لەوێ دەست بکەوێت، بۆ ئەزموون لێوەرگرتن، لە لاکەیدیشەوە، لە نیشانەکانی ئەو ئەزموونییە زمانییە بکۆڵنەوە، کە ئەمڕۆ دکتۆرەکان لەبەردەستیاندایە و بەکاریدێنن.

زۆرجاران کارەکە بریتییە لە ئەزموونی شەپۆلە وشە. بەمە دەتواندرێت، توانایی کەسێک بپێورێت، کە بۆ نمونە، دەتوانێت لە ماوەیەکی سنورداردا، چەندە وشەی بەبیردا بێتەوە، کە بە پیتێکی دیارکراو دەست پێدەکەن. بۆ نمونە پیتی ”ف“، ”ئە“ یان ”س“. یان ئەو وشانەی، کە سەر بە کاتیگۆریەکی واتا تایبەتن. بۆ نمونە جیهانی گیانەوەر و ئاژەڵان.

هێشتا ئەزمونی شەپۆلە وشەی ئاڵۆزتریش هەن، وەک ئەوەی، کە لە ماوەی خولەکێکدا، ناوی چەند گیانەوەری بەبیردا دێت، کە بە (ئا) دەستپێدەکەن. نەخۆش بۆ هەر وەڵامێکی ڕاست، خاڵێکی پێوەردەگیرێت.

جیاوازییەکی گەورە هەیە، لە نێوان کەسانی ساغ و کەسانی دی، کە جۆرێک لە نارێکیان لە سیستەمی زانیارییدا هەیە. ئەوانەی دوایی، زۆرجاران، هەر پێنج تا شەش وشە دەزانن. بۆ کەسێکی ساغ، ژمارەکە دەشێت دوو ئەوەندەش بێت.

لێکۆڵەرەوانی زمان، کەرەستەیەکی بە چۆنایەتیی و چەندایەتیی جیاواز لەوەیان لەلا هەیە، کە لای دەمارناسان هەیە. دیمیتریۆس دەڵێت، لام وایە، کە هێشتا باشتریش دەبێت، ئەگەر لێکۆڵینەوە زمانییەکانمان، پێکەوە و لەگەڵ ئەواندا بکەین.

ئەو، لەناو کارەکاندا، دەیەوێت هێشتا پلەی جیاکەرەوەی پتر، بە ئەزمونە تۆمارکراوەکان بدرێت، وەک وشە سەخت و ئاڵۆزەکان، پلەیەکی پتری، لە وشە ئاسانەکان پێبدرێت. بیرکەوتنەوەی ناوی ”کەڵە کێوی، antilope“، سەختترە لە بیرکەوتنەوەی ناوی ”مەیمون“وەک نموونە.

لەناو بەرەنجامە شیکراوەکانی، ئەزمونە دیگیتاڵکراوەکاندا، لێکۆڵەرەوان وشەی وەک ”ملدرێژ“یان دۆزیوەتەوە، کە گومان وایە بۆ ”زەڕافە“ بەکارهاتبێت، یان ”مامرێوی“ بۆ ”ڕێوی“ بەکارهاتووە.

-لای پزیشکانی دەمارناسییدا، مامرێوی، لە ناوی گیانەوارانی بە ”ڕ“ دەستپێکردوودا، هیچ پلەی وەرنەگرتووە، بەڵام دیمیتریۆس دەڵێت دەبوایە، شتێکی

هەواڵنامەی کتێب

وەک ٠,٣ ی وەرگرتبایە. گۆڕیلاش، کە هەر جۆرێکی مەیمونە، بۆ گیانەوەرانی بە "م" دەستپێکردوودا، دیسان هەر هیچی وەرگرتووە، کە دەبوایە بەرزتر نرخاندرابایە، چونکە ئەویش هەر مەیمونە، با بە "گ"یش دەستپێبکات.

جگە لە لێکۆڵینەوە لە ئەزمونە زمانییەکانی پزیشکان، دیمیتریۆس کۆککیناکیس و هاوکارانی دی وی، لەم چەند ساڵانەدا، دەستیان بە تۆمارکاری دیش کردووە، تا لێکۆڵینەوە لە جیاوازییەکانی زمانی بەکارهێنان بکەن، لە نێوان ٥٠ کەسی ساغ و ٥٠ ی دیش، کە بە سوکیی، ناڕێکیان لە زانیارییەکان، تێدا دەرکەوتووە.

کەسە ئەزمونکراوەکان، کە لە نێوان ٧٠-٦٠ ساڵیی دان، دوو جۆر ئەزمونیان پێدرا. لە یەکەمیاندا، سەیری وێنەیەکی ئاڵۆزیان کرد. وێنەی ژووری چێشتلێنان، یان ناندینێکە، کە دایکێک و دوو منداڵی تێدایە. یەکێک لە منداڵەکان، کێک لە ناو قوتویەک دەردێنێت و هاوکات وا لەسەر ئەو کورسییەش دەکەوێتە خوارەوە، کە لەسەری ڕاوەستاوە.

کەسەکان وەسفی هەموو شتێک دەکەن، کە لە وێنەکەدا ڕوودەدات. چەندەش دەکرێت، وەسفەکان بە وردەکارییەوە بێت. چەندە کاتیشیان پێویست بێت، پێیاندەدرێت. زۆرجاران، یەک تا حەوت خولەک دەخایەنێت. چەندە تێبینیان، لەسەر وێنەکە دەبێت؟ وشەی سادە، یان سەخت و ئاڵۆز بەکاردێنن؟ پێویستیان بە لێگەڕان بە دوای وشە دەبێت؟ بەکارهێنانی زۆری جێناو، یان ئامرازەکانی ئاماژە بۆ کردن، نیشانەی ئەوەیە، کە ئەوان ناوی گونجاویان بۆ نایەت، بۆیە لەجیاتی ناوی شتەکان، دەبێتە شتی وەک:- ئەو، ئەم، ئەوە، ئەمە. ئەوان، ئەوانە و تاد..

لە ئەزمونکارییەکەی دیکەشدا، کەسەکان دەقێکی کورت دەخوێننەوە، کە لە نزیکەی ٦٠٠ وشە پێکهاتووە. دوای ئەوە، وەڵامی پێنج پرسیاری سادە دەدەنەوە، کە هەر پرسیارێکیان، چەند وەڵامێکی بۆ هەڵبژاردن هەیە. یەکەمجار دەقێکیان پێدەدرێت، تا بە بێدەنگی بیخوێننەوە، دواتر دەقێکی دی، کە بە دەنگی بەرز دەیخوێننەوە. لە هەردوو باردا، چاوتروکاندنەکانیان، بە دەزگای پێوانی جوڵەی چاو تۆماردەکرێت، تا دەریبخات، چاویان چۆن دەتروکێن. بەسەر دەقەکەدا، بۆ پێشەوە و دواوەی دەتروکێنن، هەروەک ئەو کاتانەش، کە چاو ناتروکێندرێت. بەمەش زانیاری میکانیزمیی پترمان دەستدەکەوێت، کە چەند بە خێرایی دەخوێننەوە. چۆن چاو بە دەقدا دەخشێندرێت. هەروەها چەند جاران، پێویستیان بە گەڕانەوە دواوە و دیسان خوێندنەوەی دەقەکە هەیە.

لێکۆڵەرەوان، دواتر کارە تۆمارکراوەکانیان، دەکەنە نوسین. ئەمەش بۆ ئەوەیە تا شیکردنەوەیەکی وردی لەسەر بکەن، کە چۆن دەقخوێنەکان، یەکە بچوکەکان لێکدەدەن و دەیکەنە ساختارێکی ئاڵۆزتری، وەک دەربڕین و ڕستە. جگە لە وشەکان، هەموو ئەو وردە شتانەش دەنوسنەوە، کە گۆ دەکرێن، وەک ئاواز پێدان، پشو وەرگرتن، پۆلێنکردن و لێکهەڵاواردن، دووپاتکردنەوە، هەڵەی زمانیی و کۆکە کردنەکانیش، بە هەموو وردەکاریەکانیەوە.

وای دادەنێین، کە بۆ هەر دەقخوێنێک، سەرجەم سەدان گۆڕانکاری کۆبکرێنەوە. دەکرێت گۆڕانکاریەکان، لەسەر چڕی بەکارهێنانی کردارەکان بێت، یان ژمارەی دەربڕینەکان، پۆلێن کردنی وشەکان، ماوەی پشودانەکان، یاخود فریکڤێنسی شەپۆلی جیاواز و پارامەتری بەرینیی.

میناک و نمونە کۆمپیوتەرییەکە، دواتر بەدوای ساختارێک دەگەڕێت، بۆ پێوانەکردنی گۆڕانە لێکجیاوازەکان، تا ئەو نەخشەیەی دەستبکەوێت، کە گونجاوە بۆ (بە ناوساڵدا چوونێکی ئاسایی)، بە بەروارد لەگەڵ ئەو کەسانەی، کە لە سەرەتای تێدا دەرکەوتنی نەخۆشییەکانی مێشکییان دان، وەک نەخۆشیی ئالزهایمەر.

نزیکەی لە سەدی ٩٠-٨٠ی کەرەستەی تۆمارکراو، بۆ شیکردنەوەکان سودی لێوەردەگیرێت، بە مەبەستی دروستکردن، یان "ڕاهێنانی" مودێلە کۆمپیوتەریەکە. ئەوەی دیش کە ماوەتەوە، دواتر بۆ هەڵسەنگاندنی مودێلەکە سودی لێوەردەگیرێتەوە.

لێرەدا پرسیار ئەمەیە، کە ئایا بە ڕاستیی، کەرەستە تۆمارکراوەکان، یەکلاخەرەوەن، لەسەر ئەوەی، کە گوتە تۆمارکراوەکان، لە کەسێکی ساغەوە دێن، یان کەسێک کە ناڕێکیی لە زانیارییەکانی ناو مێشکی تێدا دەرکەوتووە؟

-دوای گەلێک جاران مەشق و ڕاهێنان لەسەر کردن، لە بەرەنجامە کۆتاییەکاندا، مرۆڤ ژمارەی باوەڕپێکراوی دێتە بەردەست و دڵنیا دەبێت.

ئەمڕۆ تەکنۆلۆژیای شیکردنەوەکان، زۆر ئاڵۆز و پێشکەوتوون، کە زۆر جاران، ٨٥-٨٠ لە سەدی بارەکان، ڕاست و دروست دەردەکەون. بێگومان دیسان دەکرێت بڵێین، کە بەشێک لە شتەکانمان دەستناکەوێت، بەڵام سەرەڕای ئەوەش، بەرەنجامەکان هێشتا زۆر باشە و دڵخۆشکەرانەیە.

تەنیا چەند خولەکێکی گوتەی تۆمارکراو بەسە، تا تێبگەین هەندێک نیشانەی زمانیی، دەرکەوتەی زۆر زووی نەخۆشیی مێشکیین یان نا!. مۆدێلەکە، تەواوکەرێکی

باشە بۆ لێکۆڵینەوە و پشکنین و ئەزمونەکانی ئەمڕۆ، کە دەکرێن. لە پێشی پێشەوە، بۆ دەرخستنی ئەوە بەکاربێت، کە داخۆ کەسەکە نەخۆشیی مێشکیی هەیە. هەروەک لە دوورمەداشدا، زانینی ئەوەی، کە کەسەکە چەندێکە تووشی نەخۆشییەکە بووە.

-چەند جۆرێک لە نەخۆشییەکانی مێشک، لە بەشی جۆراوجۆری موخ دەدەن، شتێکی دڵخۆشکەرە، گەر بتوانین بشزانین، چ جۆرە نەخۆشییەکی مێشکییشە، کەسەکە تووشی بووە.

ئەمڕۆ، چ دەرمانێک بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیی مێشکیی نییە، بەڵام بە زانینی زووی تووشبوون، دەکرێت کەسوکاری نەخۆش، ئامادە بکرێن کەچی ڕوودەدات. ەەروەک دەکرێت، دەرمانی ڕاگرتنی بۆ وەربگرن، یان ڕاهێنانی لە جۆری sudo-ku، سودۆکوی پێبکەن، کە جۆرێکە لە یاری بیرکاریی یان ماتیماتیک، یان هەندێک ڕاهێنانی دی کۆمەڵایەتیی.

**تێبینی١**

نەخۆشیی ئالزهایمەر، یەکێکە لە نەخۆشییە مێشکییە هەرە باوەکان. نیشانەکانی، زۆرجاران بە خشکەیی دێن. دەرکەوتنی نەخۆشییەکەش زۆر بە سستییە. چەندان ساڵ دەخایەنێت، تا نیشانەکان ئەمەندە دیار دەبن، کە پێویست بە داواکردنی یارمەتی بکرێت.

هەر لە وڵاتێکی بچوکی وەک سوید، ئەمڕۆ ١٠٠ هەزار نەخۆشیی ئالزهایمەر هەن. ساڵانەش ١٥٠٠٠ کەس، نەخۆشییەکەی پێوەدەردەکەوێت. زوربەی جاران، تووشبووان بەم نەخۆشییە، کەسانی لە سەرووی ٦٥ ساڵیدان.

نیشانە سەرەتاییەکانی نەخۆشییەکە، بریتییە لە لەبیرچوونەوە، هەروەک سەرەتای نیشانەکان، بریتییە لە سەختیی لە نەخشەدانانی شتی سادە و ساکار، لە ژیانی ڕۆژانەدا. دواتر توانای ناسینەوەی شتەکانی، دادەبەزێت و خراپ دەبێت، وەک دوان، لە کات گەیشتن. هەروها باری پەشیمانیی و دوودڵیش، یەکێکە لە نیشانە ناسراوەکان.

نەخۆشیی ئالزهایمەر، بەهۆی ئەوەوەیە، کە خانەکانی دەمارەکانی مێشک، لەسەرەخۆ و بە هێواشی، وشک هەڵدەگەڕێن. مەبەست خانەکانی شیلکی سەرە، کە بەرپرسن لە دیارکردنی شوێن و دوورییەکان و دەوروبەر، هەروەها کاری پراکتیکیی، نووسین و ژماردن. هەروەک ئەو خانانەی تەنیشتە سەر، کە بەرپرسن

لە بیرکردنەوە، فێربوون، دوان و زمان و توانای بۆن. ئیدی ئەمە وا دەکات، کە سەرەنجام بەبیر هاتنەوەش، بەرەبەرە خراپتر دەبێت.

تا ئێستا بە دڵنیایی نازاندرێت، هۆکارەکان چین، بەڵام کاردانەوەی گۆڕانی ماددەیەکی سپێنەی هێلکە، بە ناوی beta-amyloid، بێتا- ئەمییلۆید، بەشێکە لە هۆکارەکانی پەرەسەندنی نەخۆشییەکە.

**تێبینی ٢**

**ئاگاتا کریستی، بەم شێوەیە ئاشکرا بوو، کە ئالزهایمەری هەبووە.**

چوار لێکۆڵەری کەنەدیی، سەرجەم لە شازدە داستان و بەرهەمی داستاننوسەکەیان کۆڵییەوە. ئەوان داستانەکانیان، لەگەڵ داستانی دوو نووسەری دی بەریتانی، بەراورد کرد. نووسەر Iris Murdoch، ئیریس موردۆخ، کە بە نیشانەکانی ئالزهایمەر مردووە، هەروەها P,D, James، پ. د. جەیمس، کە زۆر پیر ببوو، بێ ئەوەی نیشانەکانی پەرتیی مێشکیی تێدا دەرکەوتبێت. لێکۆڵەرەوەکان، سەرجەم ٥١ بەرهەمیان بەراورد پێکرد، تا وێنەیەکی چەسپاویان بداتێ، لەسەر بەکارهێنانی زمان، لە ماوەیەکی درێژی چەندان دەیەدا، لای هەمان نوسەر. ئەوان تواناشکان بەسەر وشەیان، خستە بەرچاو. هەروەک دووپاتکردنەوەکان، جۆرەکانی وشە، کردار، لە باری گەردانبوونی بکەر نادیار و زۆر شێوەی دیش. چونکە نەخۆشانی ئالزهایمەر، باری ڕێزمانیی سادەتر بەکاردێنن، لێکۆڵینەوەکان بە ڕوونی دەریانخست، کە ئەمباری وشە، لای هەردوو ئاگاتا کریستی و ئیریس موردۆخ، کەمی کردووە، هەروەک لە دوا بەرهەمەکانیاندا، وشەی کەمتر، لەبەرامبەر وێنەی پتر بەکارهاتوون. هاوکات دەربڕینی چەسپاو، پتر دووپات بوونەتەوە. گۆڕانی هاوشێوە، لای پ.د. جیمس نەبیندراوە، هەرچەند لە بارێکی تەواو باش و تەندروست دانەبوو، کاتێک کە دوا ڕۆمانی خۆی The private patient، لە تەمەنی ٨٨ ساڵیدا نووسی.

**سەرچاوە؛**

-گۆڤاری زمان. ژمارە ٢. ساڵی ٢٠١٧

- Snart kan datorn upptäcka demens utifrån språket
- Språktidningen

Nummer 2  2017

# مێژووی نووسین و ئاسۆی ئایـندەی

فەیسەڵ عەلی

مرۆڤ بە جیا لە هەموو بوونەوەرەکانی تر عەقڵ و توانای بیرکردنەوە و بەدەستهێنانی مەعریفە و داهێنان و ئەفراندنی هەیە، زیاد لەوەش توانای گوزارشتکردن و گواستنەوەی ئەوەی دەیەوێ لەڕێی قسە و نووسینەوە بۆ ئەوانیتری هەیە، ئەمەش هێز و گوژمێکی گەورە بە تواناکانی دەدات. ڕۆڵی نووسین تەنها لە گواستنەوەی ڕاستەوخۆی نێوان خەڵکی لە کاتی یەکتر بینین و گفتوگۆکانیاندا کورت نابێتەوە، بەڵکو گواستنەوەیەتی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکیتر و نێوان شارستانییەکانیش دەگرێتەوە، ئەمەش لەبەر گرنگییەکەی شایانی زانینی ئەو ڕەوتەیەی نووسینە، بەتایبەتی ئامرازەکانی لە پەرەسەندنێکی بەردەوامدان، وێڕای ئەوەی پێویستیمان بە نووسین بە بەردەوامی لەگەڵ پەرەسەندنی خێرای مەعریفەدا ڕوو لە زیادبوونە، لێرەدا هەوڵ دەدرێ تیشک بخرێتە سەر مێژووی نووسین لە ژیانی جیهاندا.

نووسین بەر لە چەند هەزار ساڵێک لە شێوەی وێنەی هەمەجۆر کە لەسەر تابلۆی قوڕ و مۆم و کانزا و درەخت دەکێشران، لەسەر بەرد هەڵدەکۆڵران، تا گوزارشت لەوەی خاوەنەکانیان بە زمانە جیاوازەکانیان لە ناوچە جیاجیاکانی جیهان دەیانەوێت بکات. کۆنترینی ئەو نووسینانەی کە ئاسەوارەکانی بە ئێستاشەوە ماون، نووسینی بزمارییە کە سۆمەرییەکان بەکاریانهێناوە، دوای ئەوانیش ئاشوری و بابلییەکان بەکاریانهێناوە.

سەرچاوەکان باس لە ئاسەواری (١٣٠) تابلۆی قوڕین دەکەن کە ئێستا لە مۆزەخانەی بەریتانیا دانراون. هاوکاتی نووسینی بزماری، نووسینی هیرۆگلیفی لە میسری فیرعەونی دەرکەوت، ئەویش هەر نووسینی وێنەیی بوو، بۆ چەندین نەوە بە نەزانراوی مایەوە، تا ساڵی ١٨٨٢، کاتێک زانایەکی فەرەنسایی نیشانەکانی ئەو نووسینەی کردەوە، دوای ئەوەی سەربازێکی فەرەنسایی کە بەشداری لە هێرشی فەرەنسایییەکان بۆ سەر میسر کردبوو و لەگەڵ خۆی بەردێکی نووسراوی بۆ وڵاتەکەی خۆی بردەوە.

مرۆڤ لە نووسینی وێنەییەوە بەرەو نووسینی پیت هەنگاوی نا، کە پێی دەگوترا ئەبجەدی، هەر پیتەوە وا دیزاین کرابوو کە گوزارشت لە دەنگێکی دیارکراو بکات، لەسەر ئەو بنچینەیە، هەر وشەیەک بە پیتە جیاوازەکانییەوە دەنووسرا، کاتێک بە دەنگێکی بیستراو دەخوێندرایەوە گوێت لەو دەنگە دەبێت کە لێوەی دێت، واتە ئەو دەنگەی گوزارشتی لێدەکات، ئەگەر دەنگی خوێندنەوەی لەلایەن ئەوانیترەوە

نەدەبیسترا، ئەوا سەداکەی لە مێشکی خوێنەری بێدەنگدا بەرجەستە دەبوو. سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن لە جیهاندا یەکەم ئەبجەدی لە ساڵی ١١٠٠ پێش زایین دانراوە، ئەبجەدی ئۆگاریت بووە کە لە (٣٠) پیت پێکهاتووە. ئۆگاریت شارێکی کۆنە و تووشی بورکانێکی وێرانکەر بووە و هێشتا ئاسەوارەکانی ماون، ئەو شارە دەکەوێتە سەر کەناری باکووری خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاست لە نزیکی شاری لازقیەی سوریا. ئەم ئەبجەدیە لە ساڵی ٤٣٠ پێش زایین بۆ دانانی ئەبجەدی گریک بەکارهێنراوە.

لە میانی دەرکەوتن و پەرەسەندنی نووسیندا، گەڕانی بەردەوام بەدوای ئامرازێکی ئاساندا بۆ ئەوەی لەسەری بنووسرێت، کاغەز دۆزرایەوە. میسرییەکان کاغەزیان لە گەڵای زەل بەرهەمهێنا و چینییەکانیش هەروایان کرد، بەڵام ئەمان لە داری حەیزەران و دواتریش لە کوتاڵ. پیشەسازیی کاغەز پەرەیسەند تا ئەوەی کاغەزیان لە سلیلۆزی ررەخت بەرهەمهێنا. بەکارهێنانی کاغەز تا ئەوکاتەی چاپخانەی گۆتەنبێرگ -GUTEN BERG لە ئەڵمانیا لە ساڵی ١٤٣٦ دروستکرا، سنووردار بوو، دوای ئەم داهێنانە کۆپیکردنی نووسین و بڵاوکردنەوەی بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ببینن ئاسان بوو. مێژوونووسانی ئەم بوارە دەڵێن، بڵاوبوونەوەی چاپەمەنی بە شێوەی فراوان لە سەدەی حەڤدە دەستیپێکرد، سەدەی هەژدە بە تایبەتیش ساڵی ١٧٨٢، سەرەتای رۆژنامەی چاپکراو بوو لە ئەمریکا، لە ساڵی ١٧٣١ یەکەمین کتێبخانەی گشتی لەسەر دەستی بنیامین فرانکلین BEN FRANKLIN کرایەوە.

دەگەین بەم سەردەمی تێیدا دەژین، کە کاغەزی رۆژنامە و گۆڤار و کتێبەکان دەبنە شاشە رووناک و فایلی کۆمپیوتەری، کە لە پانتاییەکی زۆر بچووکدا هەڵدەگیرێن، کە دەکرێ کتێبخانەیەکی ئێجگار گەورە لە میمۆرییەکی ئەلیکترۆنییدا خەزن بکرێت کە مرۆڤ دەیخاتە گیرفانییەوە. کاتێک لەسەر شاشەی کۆمپیوتەر یان مۆبایلەکەت دەنووسیت، کاتێک لەوێش دەیخوێنیتەوە، کاتێک خەزنی دەکەیت پێویستت بە کۆگا و رەفە نابێت، بەڵکو بە ئامرازی بچووکی ئەلکترۆنییە، بەڵام ئەو ئەبجەدییەی بیرۆکەکەی بەر لە سێ هەزار ساڵ دەرکەوت هێشتا لەگەڵمان دەژی، ئەوەیش بەڵگەیە کە ئەوەی ئەمرۆ دەیبینین و مامەڵەی لەگەڵ دەکەین تەنها بەرهەمی ئەمڕۆمان نییە، بەڵکو ریشەیەکی مەعریفی هەیە کە لەوکاتەوە کەڵەکە بووە، بۆ ئەوەی مرۆڤ لێیەوە بەمەی ئێستا بگات.

سەربارى ئەوەى سەرەوە، رەنگە تێبینى ئەوە بکەین، نووسین لەسەر ئەو شاشانەى لەگەڵى راهاتووین، ئاراستەیەکى ترى وەرگرتووە ئەویش پێویست بە کیبۆرد ناکات، بەڵکو قسەکردنەکەت بەبێ خۆ ماندووکردن بە تایپکردنەوە یەکسەر دەکاتە نووسین. بێگومان ئەمەیش زمانێکى پاراوى قسەکردنى دەوێت، چونکە رێکخستنى زمانى نووسین کاتێکى زۆرى گەرەک بووە بە بەراورد بە قسەکردن بۆ خەڵکى. لێرەدا ئامۆژگارییەکە ئەوەیە، دەبێ وابکەین قسەکردنمان وەک ئەوەى دەنووسین رێکبخەین، تاوەکو بتوانین ئەوەى دەمانەوێ لە بوارى کار، پەیوەندیى کۆمەڵایەتى، یان هەر پرۆسەیەکى تردا بەشێوەیەکى دروست دەستەبەر بکرێت.

ئەگەر لە چوارچێوەى ژیریى دەستکردا لە ئایندەى بینراوى نووسین بڕوانین، رەنگە ئەو گفتوگۆیەى دەیکەین لەسەر شاشەکەى بەردەستمان بە غەیرى ئەو زمانەى قسەمان پێکردووە ببینین، بەڵکو ئەو ژیرییە دەستکردە راستەوخۆ بە چەندین زمانى تریش وەردەگێڕدرێت. ئەگەر لەم نووسینەدا چاو بە مێژووى مرۆڤ لەگەڵ نووسیندا لە میانى سەردەمەکان تا ئایندەى بینراوى بگێڕین، ئەوا ئایندەى نادیارى نووسین پێدراوى ترى دەبێت کە ئەمڕۆ ئەستەمە دەرکى پێبکەین.

### نووسین بەرپرسیارێتییە با باشترى بکەین

سوکرات Socrates بیرمەندى ناودارى گریک دەڵێ، « قسە بکە تا بتبینم»، مەبەست لەم قسەیەى سوکرات ئەوەیە، کە مرۆڤ گوزارشت لە زاتى خۆى دەکات، رووى مرۆڤ ناتوانێ بە تەواوى گوزارشتى لێ بکات، دەبێ گوێمان لێى بێت تا تێڕوانینمان بۆى روانگە راستەقینەکەیمان نیشان بدات. سەبارەت بەم قسەیەى سوکرات تێبینییەک هەیە، قسەکردنى مرۆڤ دەشێ دەرئەنجامى بیرکردنەوەیەکى خێرا بێت کە بەدواى وەڵامێکى بە پەلەدا بگەڕێت، واتە ئەو قسەیەى بە بیرکردنەوەیەکى قووڵى لەسەرخۆوە نییە، زۆرجار ئەگەر قسەکردن یان گفتوگۆ پێشوەخت خۆت بۆ ئامادە نەکردبێت، واتە بەشى خۆى لە بیرکردنەوەى قووڵى نەبردبێت، ئەوا تێڕوانینى گشتى بۆ ئەو کەسە لە روانگەى رووکەش و قسەکردنییەوە دەشێ تێڕوانینێکى تەواو نەبێت، بەوەى نەتوانراوە لەو قسەکردنەیەوە ناخى بخوێندرێتەوە.

لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە، چۆن لە بیرکردنەوەى قووڵى مرۆڤ بڕوانین؟ لێرەوە رۆڵى نووسین دێت کە دەکرێ لێوەى لە مرۆڤ تێبگەین. نووسین بەپێى پێناسەکەى

هەموو نامەی کتێب

ولیەم زینسەر William Zinsser، بیرکردنەوەیە لە سەر کاغەز، هەرچەندە ئێستا زۆربەی بیرکردنەوەکان لەسەر شاشەکانە وەک ئەوەی لەسەر کاغەز بێت، بیرکردنەوەی پێویست بۆ نووسین بیرکردنەوەیەکی خێرا و راستەوخۆ نییە، بەڵکو بیرکردنەوەیەکی قووڵە، تێڕوانینێکی وردتر لەسەر مرۆڤ دەخاتەڕوو، زیاتر کەسایەتییەکی نیشان دەدات، ئیزافەیەکی زیاتر بە رووکەشی کەسەکە دەدات، زیاتر لەوەی کە سوکرات باسی لێوە کرد.

بیرکردنەوەی زۆر قووڵ تەنها پرۆسەیەکی زیهنی لۆجیکی نییە، واتە تەنها بەرهەمی عەقڵ نییە، بەڵکو دەرئەنجامی مەنزومەی عەقڵە کە هۆکارەکانی دەوروبەریشی دەگرێتەوە، واتە ئەو زانیارییانەی لەسەر ئەو بابەتەی خراوەتەڕوو هەیە، بۆچوونی ئەو کەسە لەسەر ئەو بابەتە، هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی، و هیتریش لە خۆدەگرێت. بەرئەنجامی بیرکردنەوە لە بابەتێکی دیاریکراو بە هۆکاری ئەو کاریگەرییانەیە لە کەسێکەوە بۆ یەکێکیتر دەگۆڕێت، تەنانەت ئەگەر هەمان شێوازی لۆجیکی لە بیرکردنەوە و دەرئەنجامەکان پەیڕەو بکرێن. سەرباری ئەوانە، بەهرەی زیهنی مرۆڤ لەم بابەتە یان هەر بابەتێکیتر، رۆڵێکی دیاری لەسەر ئاستی ئەو داهێنانەی لە ئەنجامی بیرکردنەوەی کەسێک بۆ یەکێکیتر دێتە بەرهەم، دەبێت.

دوای ئەوە، جێی خۆیەتی توانای دەربڕین لە نووسیندا بەهێز بکرێت، بیرۆکە بخرێتەڕوو، کۆمێنت لەسەر هەندێک بۆچوون و راسپاردەی نووسەران بدرێت، مەبەست لەمە دەستوەردان نییە لە بیرکردنەوەی ئەوەی بە نووسین دەخرێنەڕوو، بەڵکو هەوڵدانە تا بەشێوەیەکی باشتر و رەوانتر گوزارشت لە کەسەکە بکات.

راسپاردەی یەکەم کە لێرەدا دەخرێتەڕوو، هی ولیەم باتلەری William Butler شاعیرە، کە دەڵێ: «وەک پیاوێکی دانا بیربکەرەوە، و بە زمانی خەڵکی بدوێ». ئەم وتەیە یان ئەم ئامۆژگارییە پێداگیریی لەسەر سەلامەتی بیرکردنەوە دەکات، بێگومان بەپێی ئاراستەی سیستمی عەقڵی ئەوەی دەینووسێت، وەک پێشتر ئاماژەی بۆ کرا ئامۆژگارییەکە داوای داڕشتنێک دەکات کە خەڵکی بە ئاسانی لێی تێبگات، لێرەدا گرنگیی گوزارشتکردن لە بۆچوونەکان دێت کە دەبێت بە رێگەیەکی ئاسان و سادە بخرێنەڕوو تا بەو کەسانە بگەن کە دەمانەوێت.

راسپاردەی دووەم، سەلامەتی رێزمانە، ئەم راسپاردەیە پشت بە وتەیەکی کاریگەر دەبەستێت وەک هۆشدارییەکی زمانەوانییە و کاریگەرییە نەرێنییەکانی دەردەخات، کە

ڕووبەڕووی نووسین دەبێتەوە کاتێک پابەندی بنچینەکانی ڕێزمان نابێت. وتەکە دەڵێ: « ڕێزمان لە پاکوخاوێنی شەخسی دەچێت، کە مرۆڤ دەتوانێ ئەگەر بیەوێت بە ئاستی جیاواز پشتگوێی بخات، بەڵام دەبێ دووچاری سەرسوڕمانیش نەبێت، کاتێک خەڵک تێدەگات چی دەوێت، واتە لەوە ناگەن نووسەرەکە چی دەوێت».

ئەم وتەیەی ڕێزمان بە پاکوخاوێنی شەخی چوێندرا کە لە کەسێکەوە بۆ یەکێکیتر جیاوازە، مرۆڤ چەند ناوازە بێت، دەشێ بە دروستی لێی نەڕوانرێت، ئەگەر وەک پێویست شێوەی دەرەوەی پاک نەبێت، ئەمە لە حاڵەتی نووسیندا، لە لاوازی تێگەیشتن لەوەی نووسیویەتی دەربکەوێت، ئەگەر بنچینەکانی ڕێزمانی لەبەرچاو نەگرتبێت، واتە نووسین دەبێ پاکوخاوێن بێت، بنچینەکانی ڕێزمانی بەهەند وەرگرتبێت، بۆ ئەوەی ئەوەی مەبەستێتی بەبێ خڵتە بە ڕوونی بگەیەنێت.

ڕاسپاردەیەکیتری گرنگ لەمەڕ نووسین هەیە، کە دەبێ لەبەرچاو بگیرێت، پەیوەستە بە نیشانەکانی خاڵبەندییەوە (الترقیم)، لین ترەس Lynne Truss وتەیەکی جوانی لەم بارەوە هەیە، کە دەڵێ: « نیشانەکانی خاڵبەندی لە نووسین و دەقەکاندا لە هێماکانی هاتوچۆی سەر شەقامەکان دەچێت، کە پێمان دەڵێت کەی هێواشی بکەینەوە، کەی بوەستین و لە کوێ لابدەین. ئەم وتەیە مەبەستی نیشانەکانی خاڵبەندی دەردەخات، چۆن خوێنەر بەپێی پێداویستییەکانی دەقە بڕوات، لەکاتی بوونی فاریزەدا هێواشی بکاتەوە و لە خاڵ بوەستێت، و هتد. بەبێ ئەو نیشانانە خوێندنەوە دووچاری فەوزا دەبێت، بەرئەنجامی ئەم ڕاسپاردەیە ئەوەیە کە دەبێ نووسەر نیشانەکانی خاڵبەندی بۆ نووسینەکەی دابنێت، تا بە دروستی بخوێندرێتەوە و سوودی لێ وەربگیرێت.

لە میانی ڕاسپاردەی خاڵبەندیدا، ڕاسپاردەیەکی تر دێتە گۆڕێ، ئەویش بە سنووری ڕستەوە پەیوەستە، پێویستە نووسەر ڕستەکەی بۆ عەقڵی خوێنەر دابڕێژێت، وەک ئەوەی چۆن کەسێک تیکەیەک خواردن بۆ دەمی ئامادە دەکات، ئەگەر تیکەکەی گەورە بێت ناتوانێ بە ئاسانی قووتی بدات، دەشێ پێی بخنکێت، یەکسەر فڕێی دەدات بۆ ئەوەی خۆی لێ ڕزگار بکات، ڕێک ئەمە لەگەڵ ڕستەی درێژ ڕوودەدات، کاتێ عەقڵ بە ئاسانی هەزمی ناکات، ڕەنگە بە ئاسانی ئەو ڕستەیەی بۆ قووت نەدرێت. لەبەرئەوە دەبێ سەلیقەیەکی زۆر باش لە داڕشتنی ڕستەدا هەبێت. لەم بوارەدا باش بەکارهێنانی خاڵبەندی یارمەتیدەرێکی باشی خوێنەر دەبێت لە خوێندنەوەی ڕستە و تێگەیشتن و ئاسان خوێندنەوەیدا.

لەسەر بنەمای ئەوەی سەرەوە، مرۆڤ نە بە رووکەش و نە قسەکردنی کە گوزارشتی لە بیرکردنەوەی خێرای دەکات ناناسرێتەوە، بەڵکو بەو بیرکردنەوە لەسەرخۆ و قووڵەی کە لە کاتی نووسیندا دەریدەبڕێت دەناسرێتەوە. نووسین تەنها پێویستی بە بیرکردنەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە سادەیی داڕشتن و پابەندبوون بە ڕێزمان و خاڵبەندی و بایەخدان بە رستەوە چونکە نووسین خواستێکە هەموو پێویستی پێی دەبێت، دەشێ ئەو راسپاردانە سوودی بۆ هەمووان هەبێت.

**سیستمی نووسین لە نێوان زانست و ئەدەبدا**

وەک ولیەم زینسەر William Zinsser دەڵێ: «نووسین بیرکردنەوەیە لەسەر کاغەز». ئێستا لەسەر شاشەی کۆمپیوتەر و مۆبایلە نەک لەسەر کاغەز، بەڵام سەرچاوەکەی بیرکردنەوەیە، جا ئەو بابەتە زانستی بێت یان ئەدەبی بێت. جیاوازیی نێوان نووسین و قسەکردن لەوەدایە نووسین پشت بە بیرکردنەوەیەکی قووڵ دەبەستێت، وەک لە نووسینی پێشوودا ئاماژەی پێکرا. قسە لە ژینگەیەکی کارلێکدا دەکرێت و پێویستی بە وەڵامی خێرایە، لەبەرئەوە بەرهەمی بیرکردنەوەیەکی خێرایە، ئەگەر پێشتر ئامادەکاریی بۆ نەکرابێت، پێشوەختیش بە قووڵی بیری لێنەکرابێتەوە. بەڵام نووسین بە ژینگەی کارلێکی قسەکردنەوە پابەند نابێت، زۆربەیجار پانتاییەکی باشی کاتیی هەیە، وادەکات توانای پشتبەستنی بە بیرکردنەوەیەکی قووڵی هەبێت.

ئەگەر بڕوانینە بیرکردنەوەی پێویست بۆ نووسینی زانستی، دەبینین بە کۆمەڵێک هۆکار زۆر جیاوازە لەو بیرکردنەوەیەی بۆ نووسینی ئەدەبی پێویستە، کە پەیوەستە بە کاریگەرییەکانی ژینگەی زانستی لەسەر بیرکردنەوە، لەلایەکی تریشەوە کاریگەریی ژینگەی ئەدەبی لەسەر بیرکردنەوە، واتە: سیستمی بیرکردنەوە لە بواری زانستیدا لە بواری ئەدەبی جیاوازە، ئەگەر بیرکردنەوەی قووڵ خاڵی هاوبەشی نێوان هەردووکیان بێت، ئەوا ژینگەی نووسینی ئەدەبی ژینگەی هەست و سۆزە کە لەژێر کاریگەریی راستییەکانی ژیاندایە، بەتایبەتیش ئەوەی بە ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤەوە پەیوەستە، ئەم ژینگەیە لە میانی هاندانی خەیاڵەکانی مرۆڤدا بۆ دەربڕینی بۆچوون و تێڕوانینەکانی دامەزراوە، کە بە شێوازی جیاوازیی نووسین

وێنای دەکات، وێنەیەک بە ژیان دەبەخشێت، کار لە خوێنەر دەکات بۆ ئەوەی بەهایەکی مەعنەوی تێدا ببینێت و هەستەکانی دەوروژێنێت، ئاستی تێڕوانینی بۆ ڕووداوەکانی ژیان فراوان دەکات.

بەڵام ژینگەی نووسینی زانستی، ژینگەی گەڕانە بەدوای ڕاستییەکانی ژیاندا، بەتایبەتیش ڕاستییە سروشتییەکان، هەوڵدان بۆ لێتێگەیشتنی و بە پشت بەستن بە هزری نوێی زانستی کە بە شێوازی ئەزموونی لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت، یاخود لەڕێی مشتومڕێکی هزری لۆجیکییەوە بیروبۆچوون و تیۆر بۆ گوزارشتکردن لێی دێنە بەرهەم وێڕای گەڕان بەدوای هزری نوێ و نوێبووەوەدا تا سوود لەو ڕاستییە وەربگیرێت و بە کارایی و لێهاتووییەوە بخرێتە خزمەتی مرۆڤایەتییەوە. لە بواری توێژینەوەدا لەم جۆرە بیرکردنەوانە، خەیاڵی مرۆڤ وەک ئامرازێکی هەڵێنجاندن ڕۆڵ دەگێڕێت، خەیاڵی مرۆڤ لە هەریەک لە نووسینی زانستی و ئەدەبیدا ئامرازی بیرکردنەوەیە، بەڵام ڕاستییەکانی واقیع لە نووسینی زانستیدا سنوورێک بۆ ئەو خەیاڵە دادەنێت، لە بەرامبەریشدا زیاتر لە هۆکارەکانی نووسینی ئەدەبی سەربەخۆترە. لە نووسینی زانستیدا ئەوەی خەیاڵ پێی دەگات دەبێ بسەلمێنرێت، بەڵام ئەمە بۆ نووسینی ئەدەبی وانییە.

دوای ئەوانەی سەرەوە، هەوڵ دەدەین زیاتر لە هەر دوو جۆری نووسینی ئەدەبی و زانستی نزیک بینەوە. ئەگەر بە نووسینی ئەدەبی دەستمان پێکرد، قسەیەکی یەکێک لە ئەدیبە ناودارەکانی جیهان وەبیر دەهێنینەوە، ئەویش ئێرنیست هەمەنگوایە Hemingway Ernest، کە چەندین ڕۆمانی نووسیوە و لە زۆربەی دەوڵەتانی جیهان بڵاوبوونەتەوە، ئەم ئەدیبە دەڵێ: «نووسین جگە لە دانیشتن لە بەردەم ئامێری چاپکردن و لێت بچۆڕێت، هیچی تر نییە»، دیارە لێرە مەبەستی لە لێچۆڕاندن دەربڕینی هەستە کە هاوتای لێچۆڕینی خوێنە. هەستی ئەدیب هەستێکی ناسک و قووڵە، ئەگەر لەمەڕ بابەتێک دەریبڕی، وەک ئەوەی خوێن لە لەشی فیچقەی کردبێت، کە هانی ئەدیب دەدات تا گوزارشتی لێ بکات و لەو کەسایەتییەکاندا بەرجەستەی بکات، دەیخاتە چوارچێوەی هزرەوە، تێیدا هەستی مرۆیی کارلێک دەکات، وەک ئەوەی لەسەر ئەرزی واقیع ڕوودەدات، یاخود وەک ئەوەی لە ئەندێشەی ئەدیبدا ڕوودەدات.

بێگومان، نووسینی ئەدەبی تەنها ڕۆمان نییە، بەڵکو هونەرە هەموو شێوەکان دەگرێتەوە،، هەموویان پێدراوی ورووژێنەر پێشکەش دەکەن، چونکە بایەخ بە ژیانی مرۆڤ دەدات، هەرچەندە دەشێ لە لۆجیک و واقیع و ئاسایی بچێتە دەرەوە، لە فەزایەکدا بێت هێندەی دڵ بەڕێوەی دەبات عەقڵ حوکمی ناکات. بێگومان شیعر یەک لە گرنگترین شێوەکانی ئەدەبە، بەوەی کە دەقەکانی ریتمێکی جوانیان هەیە کاریگەریی زیاتر لەسەر خوێنەر بەجێدەهێڵن.

دێینە سەر نووسینی زانستی، زۆرجار پێیشی دەگوترێ نووسینی هونەری یان تەکنیکی Technical Writing، بۆ ئەم جۆرە نووسینە وتەیەکی جوان هەیە، دەڵێ:» نووسینی زانستی یان تەکنیکی بەردەوامبوونی بابەتیانەیە لە بوارێکدا، بە ئامانجی گواستنەوەی زانیارییەکی دیاریکراوە، لە پێناوی ئامانجێکی دیاریکراو و خوێنەرێکی دیاریکراو، یان کۆمەڵێک خوێنەری دیاریکراو». لە ڕوانگەی ئەم دیاریکردنەوە هەر یەک لە: سروشتی بەردەوامیدان، بوار، ئامانج، خوێنەر، ئەم جۆرە نووسینە بە دادگاییکردنی زیهنی واقیعییەوە پەیوەستە، بە زانیاری ورد لەو بوارەی باسی لێوەکراوە، بێلایەنی لە خستنەڕوو و دوور لە سۆز و بێنەوبەردەکەی، لە حوکمی هەست و زاتیەتی مانادا.

بەو جۆرە دەبینین، نووسینی زانستی پێویستی بە سیستمی بیرکردنەوەی بابەتیانە هەیە کە بایەخ بە ڕاستی و ئەو هزرەی پێوەی پەیوەستە دەدات، دەستوەردانی حەز و هەست ڕەت دەکاتەوە، خاڵی یەکلاکەرەوەی ئەو بەڵگەیە کە پێشکەشی دەکات و ئەو ئەنجامەیە کە لە ئەزمون و لۆجیکەوە دەستەبەر دەکرێت. بەڵام نووسینی ئەدەبی، سیستمی بیرکردنەوە تێیدا زاتییە گوزارشت لە تێڕوانینی نووسەر و کەسایەتی بۆ ژیان، هەست و زەوق و ئاراستە و خەیاڵی، هەروەها ئەزموونیشی لە ژیان دەکات. ئەوەی جێی ئاماژە پێکردنە لێرەدا، ئەوەی بە داهێنانی ڕۆمان یان شیعر لە نووسینی ئەدەبیدا دادەنرێت، لە نووسینی زانستیدا ڕەتدەکرێتەوە بەوەی زانیارییەکانی جێی متمانە نین و بە بەڵگەی بابەتیانە نەسەلمێندراون.

نووسین بە فیعلی بیرکردنەوەیە لەسەر کاغەز یان شاشەی کۆمپیوتەر و مۆبایلەکان، بەڵام کاریگەرییەکانی سەر بیرکردنەوە لە نێوان زانست و ئەدەب لێک جیاوازن، لەمەوە هەر یەکەیان سیستمێکی بیرکردنەوەی جیاوازیان لەیەکتر هەیە. نووسینی زانستی، هزرێکە پشت بە لۆجیک و حەقیقەت دەبەستێت و هەست و

ئارەزووی کەسی جێی نابێتەوە، جگە لە حەماسی کەسەکە بۆ کارکردنی زانستی و لۆجیکی و ئەزموونی کە دەیخاتەڕوو و پێدراوەکانی نیشان دەدات، بەڵام نووسینی ئەدەبی، ئەمیش هزرە، بەڵام هزرێکە هەڵگری هەست و سۆزی نووسەرەکەیە، هەروەها تێڕوانینی و دنیابینییەتی بۆ ژیان. بێگومان مرۆڤ بە سروشتیی خۆی، هەردووکیان بە دڵفراوانییەوە وەردەگرێت، وێڕای ئەوەی پێویستی بە هەردووکیشیانە.

هەواڵنامەی کتێب

# زماننانسی کوردی سۆڤیەتی
# زارا عەلی (زارا ئالییێڤنا یوسوپۆڤا)

ئا/ هەڵۆ دەلۆیی

**سەد حەیف (٠٣.٠٢.٢٠٢٢) زانیار و کوردۆلۆگا مەزن، پرۆفەسۆر، مامۆستەیا زمانێ کوردی مەتا زەرێ (زارا ئالەڤنا یوسوپۆڤا) کۆچا داوی کر.**

**مامۆستەیا مەزن هەموو ژیانا خوە پێشکەشی نەتەوا خوە کر، ژ بۆ پێشخستنێ زانستیا کوردی و زمانێ کوردی کەدەک بێهەمپا رژاند. ل پەی خوە ژ ٧٠ ی زێدەتر بەرهەمێن زانستییا گرانبها هشت.**

**چەند بەرهەمێن وێ:**

- فەرهەنگا کوردی- رووسی (زاراڤێ سۆرانی) تەڤی قاناتێ کوردۆ
- زاراڤێ زمانێ کوردیی سلێمانی
- لێکۆلینا زاراڤێ کوردیی گۆرانی ب هەیکەلێن ئەدەبییە سەدسالێن ١٨-١٩
- لێکۆلینا زمانێ کوردی ب سەرەتاجێن ئەدەبیەتا نڤیسار(یا سەدسالێن ١٨-١٩)
- زاراڤێ کوردیی هەورامانی ل سەر هیمێ هەیکەلەکی ئەدەبیەتا نڤیسار: دیوانا سەیدی
- تێکستێن زارگۆتنا کوردییا باشوور
- لیریکا شایرێ کوردایی سەدسالا ١٩- ئان مەولەوی (زاراڤێ گۆرانی).
- مەم و زینا ئەحمەدێ خانی هەیکەلا چاندا جهانییە.

زمانزانا کوردا ناڤدار، دۆکتۆرا زانیارییا فیلۆلۆگیێ، پرۆفیسۆر زەرا ئەلی (یووسووبۆڤنا) سالا ١٩٣٤ا ل باژارێ تلبیسێ مالبەتەکە کوردێن ئێزدی دا ژ دایکا خوە بوویە.

مالبەتا وان، سالێن رەڤ و بەزێ تەڤی ب هەزارا مالبەتێن ئێزدی ژ هەرێما وانێ، ژ زولما رۆما رەش، و ئۆلپەرەستێن فانافیک رەڤیایە.

سالا ١٩٥٣ ب قیمەتێ هەرە بلند مەکتەبا باژارێ تلبلیسیان ١٨ خلاس دکە. وەلاتێ سۆڤێتێ دا شاگرتێن کو ب قیمەتێن هەرە بلند دەوی خوەندنا خوەیا دبستانێ تانین، مێدالا زیڤ یانیا زێر ددانە وان. وەلێت دا دەرێ هەر ئێدارەکە خوەندنا بلند ل بەر وان ڤەکری بوو. زەرێ مێدالا زێر دستینێ و بەرێ خوە ددە

ئوونیڤێرسیتێتا لێنینگرادێیا رۆژهەلاتزانییێ و پارا فیلۆلۆگیا ئیرانیدا تێ پەژراندن.

ژ پەی قەداندنا خوەندنا بلند را، سالا ١٩٥٨ کەچا زیرەک دکەڤە ئاسپیرانتوورا ئینستیرووتا لێنینگرادێیا رۆژهەلاتزانییێ (نها سانکت- پێتەربوورگ)یا ئاکادێمیا رووسیاییێیە زانیارییێ، پارا فیلۆلۆگیا کوردی. سەرۆکێ وێ یێ زانییاری بوو کوردزانێ مەزن قاناتێ کوردۆ. نژارا خەباتا وێیا زانیاری لێکۆلینا سەر زاراڤێ کورمانجیا ژێرین (سۆرانی) بوو.

ژ پەی دەوی ئانینا خوەندنا ئاسپیرانتوورایێ را د "کابینێتا کوردی"یا وێ ئینستیتووتێ دا وەک خەباتکارا زانیاری دەرباسی سەر کار دبە.

هێژایی گۆتنێیە، کو ئەڤ کابینێت سالا ١٩٥٩ ب پێسدانین و ئینسیاتیڤا رۆژهەلاتزانێ دنێەیانی.ا ئۆربێلی هاتیە دەمەزراندین. پاشوەختیێ کابینێت بوو مەرکەزەکە کوردزانیا چهانێیە هەرە ب ناڤ و دەنگ، ل ور دا خەبتین و خەباتێن خوەیە گرانبها د وارێ کوردزانیێێ دا نڤیسینە کوردزانێن ووسایە ئەیان واک ق. کوردۆ.ی. سووکێرمان، م.روودێنکۆ، ی. ڤاسیلیێڤا،ی. سمیرنۆڤا، ک، ئەیووبی، ژ. مووساییێلیان، ئۆ.جەلیل وییێن دن...

زەرا ئووسڤ١٩٦٥ا دۆکتۆریا خوەیە ئەولن دپارێزە و ناڤێ کاندیداتیا زانیاریا فیلۆلۆگیێ دستینە. دەڤەدەڤی نیڤ سەدسالی زەرا ئووسڤ ل وێ مەرکەزا کوردزانیێ دا خەبتی و تەمیا هێز و زانینێ خوە پێشکێشی لێکۆلینا پرسگرێکێن زمانزانیا کورد کر. گوهداریا وێ هیملی ل سەر زاراڤێن،

هەواڵنامەی کتێب

# خوێندنەوەیەکی زانستیی لە بارەی "بەیت"ەوە

## بەیتی کوردی لە خوێندنەوەیەکی بەراوردکارانە لەگەڵ ئەدەبی کلاسیکدا

د.ڕەهبەر مەحموودزادە

لە مێژووی لێکۆڵینەوەکانی بەیتناسیدا، هەمووکات شیوازە جوداوازەکانی بەیت و باو و بەگشتی لقە جۆراوجۆرەکانی ئەدەبی فۆلکلۆریی کوردی، هەر کامەیان بە جودا و بە شێوەیەکی لێکدابڕاو تاوتوێ کراون. لاوک بە ژێرکۆمایەک (زیرمجموعە) لە خەرمانی ئەدەبی زارەکی کوردی و حەیران بە ژێرکۆمایەکی تر حسیاب کراوە. ئەوپەڕی پێوەندی نێوان ئەم دوولقە فۆلکلورییە کە بە رەسمی ناسرابێ و باسی لێوەکرابێ، لەوانەیە هاوسنووری و جیرانەتی بەستێنەکانیان بووبێ، تەنانەت ئەوکاتەی بۆ نموونە کار لەسەر بەیتەکان کراوە هەرکام لە بەیتەکان، سەربەخۆ لەوانی تر شرۆڤەکراون. سەیدەوان باسێکی تایبەتی لەسەر کراوە و خەج و سیامەند باس و خواسی جوداوازی تری بۆ ئامادەکراوە. دەکرێ بڵێین بەگشتی دوو هۆکار بۆ پێک هاتنی ئەم بارودۆخە، کاریگەریێتی تایبەتیان بووە:

ئەلف. جەختکردن لە سەر ناوەرۆکی هەرکامە لە بەیتەکان بە جودا و گرینگی نەدان بە فۆرم و پێکهاتەی گشتییان.

ب. جۆرە تێڕوانینێک بۆ بەیت کە گرینگی بەیت هەر بەتەنیا لە زانیارییە مێژوویی و کۆمەلایەتی و زمانییەکانی ئەم بابەتەدا دەبینێ و بەیت وەکوو بابەتێکی هونەری کە خاوەنی جوانیناسی تایبەت بە خۆیەتی و وەکوو ژانرێکی ئەدەبی خۆبژیو کە خاوەنی یاسا و رێسای خۆیەتی، بەڕەسمی ناناسێ.

دیارە هەرکام لەم گریمانانە، گرفتی تایبەت بە خۆیان بۆ هەرێمی باس و بابەتەکانی بەیتناسانە ڕەکێش دەکەن. ئەگەر ئێمە هەر بەتەنیا قسە لە سەر ناوەڕۆکی بەیتەکان بکەین، ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە بۆ نموونە مەنزوومەی شێعریی ”قەڵای دمدم“ی مەلاکەریم فیدایی، چ جوداوازییەکی بنەڕەتی لەگەڵ بەیتی ”دمدم“ی رەحمان بەکر دەبێ؟ یان مەم و زینە وەرگێڕدراوەکەی هەژار چ جوداوازییەکی بنچینەیی لەگەڵ مەم و زینی نوسخەی ئۆسکارمان دەبێ؟ ئەگەر لە وەڵامدا بڵێین ”قەڵای دمدم“ی مەلا کەریم فیدایی لەباری ناوەڕۆکەوە، جوداوازە لە بەیتەکەی رەحمان بەکر. دەکرێ ئەم وڵامە بەم پاساوە ڕەت بکرێتەوە کە ئەم چەشنە جوداوازییە ناوەرۆکییانە، تەنانەت جوداوازی لەمەش زیادتر، زۆر جاران لە نێوان دوو نوسخەی بەیتێکیشدا بەدی دەکرێ. ئەگەریش بڵێین جوداوازی ئەم مەنزوومە شێعرییە، لەگەڵ بەیتە

هەواڵنامەی کتێب

فۆلکلۆرییەکە، جوداوازییەکە واوەی جوداوازی ناوەڕۆکی و پێوەندی بەفۆرم و پێکهاتەی هەرکام لەو بابەتانەوە هەیە. ئەودەم ڕاست دەگەین بەو قەناعەتە کە بۆ ناسینی بەیتەکان جەختکردنی ڕووت لەسەر ناوەرۆکی بەیتەکان، کەڵکێکی ئەوتۆ نابەخشێ بەو کەسانەی بە ڕاستی بەدوای ناسینی بەیتەوەن. ئەو شێوازە بەیتناسییە وا نەتوانێ بە شێوەیەکی شیکارانە جوداوازییەکانی بەیتێکی فۆلکلۆری لەگەڵ مەنزوومەیەکی شێعریی لێک بداتەوە، شێوازێکی شیاوی پشت پێ بەستن نییە.

دیسان گرفتێکی تر کە هەر گریمانەی ئەلف بۆمانی سازدەکا، ئەوەیە کە بۆ نموونە لەبابەتی وەکوو ئازیزە یان پاییزە یان گەلۆدا، کەم و زۆر چوارچێوە ناوەرۆکییەکان دیارکراون. زۆربەی نوسخەکانی پایزە، بە چاوپۆشی کردن لە هەندێک جوداوازی ناگرینگ، ناوەرۆکێکی هاوبەشیان هەیە. ئازیزە و گەلۆش هەروەتر دەی ئەگەر گرینگی باسەکە هەر لە ناوەرۆکی ئەو بەندانە دایە، ئێمە بەچی دەزانین نوسخەیەکی ئازیزە لە نوسخەیەکی دیکە جوانتر و هونەریترە؟ بەیتناسێک کە تەواو ئاشنای بەندی گەلۆیە، ئەگەر نوسخەیەکی تازە دۆزراوە لەم بەندەی –کەپێشتر نەیدیتووە– لە بەردەست دابندرێ، تەنانەت بەر لە خوێندنەوەشی، زۆر و کەم دەزانێ بەندەکە باسی چی دەکا، ئەوەی ئەو بەیتناسە لە یەکەم خوێندنەوەیدا سەرنجی دەداتێ، چۆنیەتی داڕێژرانی ڕستەکان و ڕادەی ناسک بوونی تەعبیرەکان و بە گشتی شێوەی دەربڕین لەم نوسخەیەدایە و ئەوانە هەموویان لە دەرەوەی بەستێنێکی ناوەرۆکی ڕووتن.

بۆچوونی دووهەمیش بە شێوەیەکی تر لە گرینگی بەیت کەم دەکاتەوە. گومان لەوەدا نییە بەیتی کوردی سامانێکی چڕ و پڕ و دەوڵەمەندی لە زانیارییە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و زمانییەکان لەخۆ گرتووە. بەڵام بەم حاڵەشەوە بەیت نە بەتەنیا بابەتێکی مێژووییە و نە بابەتێکی کۆمەڵایەتی ڕووتیشە. ئەگەر وابا دەبوو بەهۆی وتارێکی شیکارانەی مێژوویی لەسەر کارەساتی دمدم، هەرچی نوسخەی بەیتی دمدمە وەلا نرابان، بەڕاستی ئەگەر لە بایەخە تایبەتەکانی جوانیناسی بەیت بترازێین، ئەو بەندانەی خوارەوە لە بەیتی دمدم، لەباری مێژووییەوە هەڵگری چ زانیاریگەلێگی بەقەدر و قیمەتن؟

**سوارێک هات بە نادری**
**کەس نییە چەکانی وەرگری**
**خان دەپرسێ: "ئەوهە کێیە؟"**
**"خان ئەوە عەزرەتی خدری"**
**سوارێک هاتووە لەبۆ گەشتێ**
**بەویە سوورەتی بەهەشتێ**
**خان دەپرسێ: "ئەوهە کێیە؟"**
**"ئەوهە وەیسی ماهی دەشتێ"**
**سوارێک هاتووە لە کارخانێ**
**بەویە سوورەتی ئیمانێ**
**خان دەپرسێ: "ئەوهە کێیە؟"**
**"خان شێخ عەبدولقادری گیلانێ"**
**سوارێک هاتووە هونەرمەندە**
**ئەسپابی دەعوایەی رەندە**
**خان دەپرسێ: "ئەوهە کێیە؟"**
**"خان ئەوهە شاهی نەخشبەندە"**

بەڕاستی بڵێی بکرێ ئەم بەندانە وەکوو بەشێک لەو ڕاپۆرتە مێژووییە چاویان لێ بکرێ کە باسی ڕووداوی دمدم دەکێڕنەوە؟ لەوانەیە لە نووسراوە مێژوویەکانیشدا، گەیشتن بەو عەینییەتەی هەموو جوداوازییەکان لە هەموو ڕاپۆرتە جۆراوجۆرەکان بسترێتەوە، کارێکی گونجاو نەبێ. بەڵام بەلانی کەمەوە دەکرێ بڵێین لە نووسراوە مێژووییەکاندا، گەیشتن بەو عەینییەتە دەتوانێ وەکوو ئامانجێک ـ تەنانەت ئەگەر زۆر دوورە دەستیش بێ ـ لەبەرچاوی هەموو مێژوونووسێک بێ. کەچی ئێمە لەو بەشەی بەیتی دمدمدا، لەجیاتی عەینییەتی مێژوویی، لەگەڵ زەینییەتی تایبەتی کوردێک بەرەوڕوو دەبینەوە، کە ئەگەرچی باپیرانی لە مەیدانی شەڕێکی نابەرانبەردا دۆڕاون، بەڵام لە چوارچێوەی تایبەتی بەیتەکەدا، دیارکردنی ئارایشتی سوپای هەردووک لا بە مافی خۆی دەزانێ. بۆیە زۆر بەشێنەیی و لە سەرەخۆ، بەوپەڕی تێڕادیوییەوە، سوڵتان مەعرووفی کەرخی و شەمسی تەورێزی و ڕابیعەی عەدەوی و سەعدی وەقاز ڕەوانەی ناو سوپای کوردان دەکا و لەبەرانبەردا هەرچی کافر و مەلعوونە، بە

هەواڵنامەی کتێب

پاڵەوەپەستۆ دەباڵ قۆشەنی هەنگامەی عەجەم دەپەستێ. کەواتە دەڵێین دەقی بەیتی دمدم، وەکوو هەموو بەیتەکانی دیکە دەقێکی هونەرییە.

نیشانەناسی، وەکوو زانستی تاوتۆی کردنی دەلالەتە جۆراوجۆرەکان پێمان دەڵێ هەرچی نیشانەی زانستی یە تەعبیر لە عەینییەتێک دەکا، بەدەر لە شوێن وەرگرتن لە زەینییەتە تاکەکان. بەڵام نیشانەی هونەری تەعبیر لەو زەینییەتانە دەکەن کە دەیانهەوێ لەسەرڕاوە، بەشێوەیەکی تازە جیهان بخوڵقێنیتەوە. بۆیە هیچ لەمپەرێک ڕێگا لە بەیتبێژی کورد ناگرێ هەتا شەڕی قەڵای دمدم بە خەزایەک ببینێ کە ئاڵای نەبی تێدا هەڵکراوە.

ڕوانینی ڕووتی مێژوویی بۆ بەیت تەنانەت ئەم ختووکەیەشمان لە دڵ دەهاوێ کە بۆ نموونە نوسخەکانی بەیتی هەمزاغای مەنگوڕ کۆکەینەوە و بە پێی سەرچاوە باوەڕ پێکراوەکان، هەڵە مێژووییەکانیان لێ هەڵپەڕتێوین و نوسخەیەکی پاڵاوتە لە بەردەستی خوێنەر بنێین!

مێژوونووس حەقی خۆیەتی بۆ ناسینی زیادتری کەسایەتی کاکەمیر و کاکە شێخ، ئاوڕ لەو نوسخانە نەداتەوە کە لەگەڵ دەقی شەرەفنامە ناکۆکن و زیادتر ئەو نوسخانەی بەلاوە پەسند بێ کە نێوەرۆکیان لەگەڵ نێوەڕۆکی سەرچاوە مێژوویيە باوەڕ پێکراوەکان یەک دەگریتەوە، بەڵام نە ئەو مێژوونووسە دەتوانێ بەم پاساوە کە ئەو نوسخانە هەڵەی مێژووییان تێدایە شورت و گومیان بکا و نە بەیتناسیش دەتوانێ لە کاری بایەخدانان بۆ ئەم نوسخانە، جوانکاری و ناسککارییە هونەرییەکانیان پشتگوێ بخا و هەر بە تەنیا گرینگی بە سەنەدییەتی مێژووییان بدا.

وەکوو دوایین گوتە لەم بارەیە دا دەمهەوێ پرسیارێک ئاراستەی بەیتناسان و خوێنەرانیش بکەم، پرسیارێک کە لەناو چوارچێوەی بارودۆخێکی گریمانەییدا دەتوانێ بێتە ئاراوە: با وای دابنێین دوو نوسخەمان لە بەیتی "کاکە میر و کاکە شێخ" لە بەردەست دایە. ناوەرۆکی یەکێکیان لەگەڵ دەقی سەرچاوە مێژووییەکان یەک دەگریتەوە و ئەوی تریان ئەو هاوجووتییە ناوەڕۆکییەی تێدا بەدی ناکرێ، بەڵام ئەو نوسخەیەی نارێکە لەگەڵ دەقە مێژووییەکان، خاوەنی فۆرمێکی زۆر پتەو و پێکهاتەمەندە و ڕستەکانی زۆر وەستایانە دارێژراون و تەعبیرەکانی لەوپەڕی ناسکی دان و نوسخەکەی تر لەم ڕووەوە ناگاتە ئاستی ئەمەیان. بەڕاستی لەم حالەتەدا بەیتناسێکی شارەزا، کامە نوسخە بە هونەری تر و گرینگ تر دەزانێ و بێ ئەوەی

هەوڵی شورت و گوم کردنی هیچ کامیان بدا، کامەیان بەرزتر دەنرخێنێ؟

بە وەلانانی ئەو شێوە لێکۆڵینەوانەی هەر بە تەنیا جەخت لە سەر لایەنی مێژوویی یان کۆمەڵایەتی بەیت دەکەن، ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە چ مێتۆدێک بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر بەیت لەبار و بەکەڵکە؟ چ جۆرە شیکارییەک دەتوانێ چوارچێوەی بەیتمان پێ بناسێنێ و لە تاوتوێ کردنی دەقە جۆراوجۆرەکاندا شارەزامان بکا؟

ئەو بابەتەی لێرەدا دەمانهەوێ بیخەینە ڕوو، هاوچەشنی ئەو بابەتەیە وا لە وەڵامی پرسیارێکدا گەڵاڵە دەکرێ کە لە بارەی چۆنیەتی فێربوونی زمانێکی تازەوە پرسیار دەکا. دوای ئەوەی کەسێک ڕێزمانی زمانێکی تازە فێربوو و تا ڕادەیەکی شیاو ئاشنای وشە و زاراوەکانی ئەم زمانە تازەیە بوو، ئینجا بۆخۆی دەتوانێ ڕستەی ڕێزمانی تازە کە دەلالەت بۆ مانای دڵخوازی دەکەن، دابهێنێ.

ئایا دەتوانین بەیتیش بە خاوەنی ڕێزمانێکی ئەوتۆ بزانین کە بکرێ یاسا و ڕێساکانی بدۆزرێتەوە و چوارچێوە گشتییەکەی وێنا بکرێ؟ بەڕاستی دەتوانین بڵێین ئەگەر ئەو ڕێزمانەی دانە دانە ڕستەکانی ناو بەیتی پێ دادەڕێژرێ، ڕێزمانی کوردی بێ، ڕێزمانێکی بووتیقاییش هەیە کە بەگوێرەی ئەم ڕێزمانە تایبەتە چۆنیەتی بەدوای یەکدا هاتنی ڕستەکان و بەندەکان و بە گشتی چۆنیەتی تەرکیبی بەیت، دیاری دەکرێ. دۆزینەوەی چوارچێوەکانی ئەم ڕێزمانە بووتیقاییە، گەورەترین هەنگاوە کە لە بواری بەیتناسی دا دەتوانین هەڵیهێنینەوە.

ئێمە ئەگەر بزانین بۆ نموونە هەر بەندەی حەیران لە سێ بەش پێک دێ و کۆتایی هەر بە شەش لە خۆگری ڕێکەوەندێکی سەرواداره کە سەرواکەی لەگەڵ سەروای دوو بەشەکەی تر یەکن، ئەو دەم دەتوانین ئەوەندە شارەزاییە وە دەست بهێنین کە بزانین لەو دوو بەندەی خوارەوە، کامەیان بە شێوەیەکی ڕێزمانی داڕێژراون و کامەیان لەم دەربڕینە ڕێزمانییە بێ بەرین.

**بەندی یەکەم:**

**ئەمن دەڵێم لەوێ نۆڕێ هەتا ئەوێ نۆڕێ**

**ئەوە مەڕ و مێگەلی خۆیان ڕاکێشان بۆ سەر گۆلی دە بەرخ شۆڕێ**

**ئەتۆ دای و خوشکی دە خۆت نەبوون**

**لە بۆتیان ناردبانەوە بە دیاری هەر دۆلاغ و گۆڕێ**

**بەندی دووەم:**

**ئەی خودا هاوار ئەی موسولمانان!**

**کوڕم کوژراوە**

**بە پیرە سەری جەرگم بڕاوە**

نەک هەر فۆرمە فۆلکلۆرییەکان خاوەنی ڕێزمانی تایبەت بە خۆیانن، بەڵکوو چۆنیەتی ئاڵ و گۆڕ کردنی فۆرمەکان و چۆنیەتی گۆڕانیان لە قاڵب و شێوە گوتنێکەوە بۆ قاڵب و شێوە گوتنێکی تریش، خاوەنی ڕێزمانێکی ڕێک و پێکە.

بەر لەوەی بپەرژێینە سەر چۆنیەتی وەدی هاتنی ئاڵ و گۆڕ لە فۆرمی بەربڵاوی بەیتی کوردی دا، با بە شێوەیەکی بەراوردکارانە، ئاوڕ لە بەستێنی ئەدەبی کلاسیک بدەینەوە و قسە لە سەر قالبێکی شێعری کلاسیک بکەین کە لکی چکۆڵەتری لێ بووەتەوە و دواتر ئەم لکە وەکوو قالبێکی تازە لە بەستێنی ئەدەبی کلاسیکدا بەڕەسمی ناسراوە، ڕووداوێک کە لە بەستێنی بەیتی کوردیش دا ڕووی داوە بەڵام زۆرکەم ئاوڕی زانستی لێ دراوەتەوە.

قەسیدە قالبێکی شێعریی زۆر گرینگ لە شێعری کلاسیکی عەرەبی و فارسی دایە، گرینگی قەسیدە بێژی لە شێعری عەرەب دا تەنانەت بۆ دەورانی بەر لە ئیسلامیش دەگەڕێتەوە و ئەو حەوت پارچە قەسیدە فەسیح و بەلیغە کە بە "معلقات سبع" ناویان دەرکردووە و دەڵێن هۆنراوەی حەوت شاعیری بە نێوبانگی عەرەبی زەمانی جاهیلین و وەختی خۆی لە دیواری کابە هەڵاوەسراون، شاهیدی ئەم بۆچوونەن. فارسەکان ئەم قاڵبە شێعرییەیان لە عەرەبەکان وەرگرتووە و بۆ مەدحی پادشا و ئەمیرە گەورەکانیان بە کاریان هێناون. (لە بەر ئەوەی لە کۆمەڵگای کوردی دا، حکوومەتێکی نەتەوەیی بەهێز نەبووە کە بە دیاریکردنی ناوەندێک، حوکم بەسەر هەموو بەشەکانی وڵاتی کوردان دا بکا، یان ئەگەر هەبووە وەکوو نموونەی فەرمانڕەوایی بەدرخان، زۆرکەم خایەن بووە، هەر بۆیە دەرباری ئاواش نەبووە کە بە پووت زێڕ و زێو بخاتە بەردەمی ئەو شاعیرە مەدداح و پەسن بێژانەی کاریان هەر بەتەنیا هۆندنەوەی قەسیدەی مەدحی بێ. ئەوەتا لە ئێرانیش دا، لە سەدەی شەشەم و حەوتەم بەم لاوە، بە دوای تێک چوونی فەرمانڕەواییەکی بەهێزی ناوەندی لە ئاکامی هێرشی مەغوول دا، گوتنی قەسیدەش بەم شێوەیە لەناو چوو و قەسیدە بێژەکانیش لە مەدحی پادشاکانەوە بایان داوە بۆ پەسنی وەلی و پیاوچاکان.

قەسیدە پارچە شێعرێکی درێژە و تەنانەت جاری وایە هەتا حەفتا بەیتیش خۆی لە بەریەک دەکێشێتەوە. ئەم قاڵبە شێعرییە لە چوار بەش پێک دێ. بەشی یەکەم (تەشبیب)ی پێ دەڵێن. وشەی تەشبیب کە لەگەڵ وشەی (شباب) هاوریشەیە، بەمانای یادکردنەوەی هەڕەتی لاوی یە. لەبەر ئەوەی قورسایی زۆرتری هەست و سۆزی ئەم دەورەیە، دەگەڕێتەوە بۆ خۆشەویستی و ئەویندارى، کەواتە ئەم بەشەی قەسیدە، زیادتر لەخۆگری شێعری ئەویندارانەیە. هەربۆیە ئەو بەشە سەرەتاییە، جگە لە (تشبیب) بە (تغزل) واتە گوتنی شێعری ئەویندارانە و هەروەها بە (نسیب) واتە گوتنی شێعری ناسک بۆ ژنانیش ناسراوە. دیارە لە بەر ئەوەی بەشی سێهەمی قەسیدە، مەدح و پێهەڵگوتنی پیاوێکی گەورە لە خۆی دەگرێ، دەبێ شاعیر بتوانێ بە شێوەیەکی زیرەکانە بەشی یەکەم یان بەشی تەشبیب لە بەشی سێیەم واتە بەشی مەدح گرێ بدا و لێکیان ببەستێتەوە. ئەوبەشەی کاری ئەو پێوەندی ساز کردنە مانابیە دەکا (تخلص)ی پێ دەڵێن کە بەشی دووەمە و سەرکەوتنی بەرچاوی شاعیریش بۆ رێکخستنی ئەم پاژە کە ئەگەرچی لە هەموو بەشەکانی دیکەی قەسیدە کورت ترە بەلام لە هەمووشیان دژوارترە، (حسن تخلص)ی پێ دەگوترا. دوای بەشی مەدح کە زۆرترین پێوانە لە ڕووبەری قەسیدەکە دەگرێتەوە، لە دوایین بەشی دا کە (شریطه)ی پێ دەڵێن، شاعیر دوعای بەخێر بۆ کەسایەتییە گەورەکە (مەمدووح) دەکا و لە بەر ئەوەی شاعیری قەسیدە بێژ لەم بەشەدا زۆرتر هیوای تەمەن درێژی هەتاهەتایی و ژیانی ئەبەدی بۆ مەمدوح دەخواست، ئەم بەشە، (دعای تابید)یشی پێ دەگوترێ کەبەمانای دوعای هەتا ئەبەد مانەوەیە.

نموونەیەک لەم قەسیدە مەدحییانە بەهەر چوار بەشەکانییەوە ئەم پارچە شێعرەی خاقانی یە:

(تشبیب)

**ما فتنه بر توایم و تو فتنه بر آینه　　ما را نگاه در تو، ترا اندر آینه**

**تا آینه جمال تو دید و تو حسن خویش　　تو عاشق خودی، ز تو عاشق تر آینه**

.........

**در آینه دریغ بود صورتی کزو　　ببیند هزار صورت جانپرور آینه**

(تخلص)

هەواڵنامەی کتێب

**از روی شاه گیرد نور و ضوء آفتاب** **و ز روی تو پذیرد زیب و فر آینه**

(مدح)

**سلطان اعظم آنکه اشارات او زغیب** **چونان دهد نشانی کز پیکر آینه**

**شاهنشهی که بهر عروس جلال اوست** **هفت آسمان مشاطه و هفت اختر آینه**

(شریطه)

**بادت جلال و مرتبه چندان که آسمان** **هر صبحدم برآورد از خاور آینه**

ئەوە قاڵبی تایبەتی و فۆرمی گشتی قەسیدە بوو. بەڵام ئەم بابەتەی دەمانهەوێ لەم وتارە دا جەختی لەسەر بکەین، باسێکی واوەی باسی ئەم قالب و فۆرمەیە. قەسیدە لە لایەکەوە لەبەر ئەوەی دوور و درێژ بوو و بێبەری بوو لە تایبەتمەندی کورت بڕینەوە و لە لایەکی تریشەوە لە بەرئەوەی بەردەنگەکەی هەر بەتەنیا کەسێک یان کەسانێکی تایبەت بوون، وێڕای ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتییانەی باسمان کردن، بەرەبەرە لە کورتی و لە کزی دا. بەڵام لە جیاتی ئەو، بەشی یەکەمی واتە تەشبیب هەم لە بەر ئەوەی ناسک ترین و هونەری ترین بەشی قەسیدە بوو و هەم لەبەر ئەوەی سەرنجی جەماعەتێکی یەکجار زۆری بۆلای خۆی ڕادەکێشا، بەرەبەرە لە قەسیدە جودا بووەوە و وەکوو قاڵبێکی شێعریی سەربەخۆ بە ناوی "غەزەل" ناوی دەرکرد. لە غەزەلدا بەگوتەی نووسەرێکی ئێرانی، مەعشووق جێگای بە مەمدووح لێژ کرد و بە سیمایەکی دلڕفێنی ئەوتۆ کە تێکەڵاوێک بو لە سێ سیمای مەعشووق و مەعبوود و مەمدووح، هاتە مەیدانی شێعری کلاسیک. لەبەر ئەوەی شاعیر لە قەسیدەدا، بەر لە دەستپێکردنی بەشی مەدح، تەخەللوسی بەناوی مەمدووحەکەوە دەکرد، دوای لەکزی دانی قالبی قەسیدە و وە رمێن کەوتنی قالبی غەزەل، تەخەللوس بوو بە کۆتایی غەزەل و شاعیر لە جیاتی ناوی مەمدووح، ناوی خۆی دەهێنا.

غەزەل تا ئەو ڕادەیە لە لایەن شاعیران و شێعرناسانەوە گرینگی پێ درا کە دیوانی زۆریەک لە شاعیرە گەورەکان، لە راستیدا دیوانی غەزەلیات بوو. بەڵام دیسان ئەو قسەیە هەتا ئێستاش لە سەرزاری شێعرناسان بووە کە: "غەزەل تەشبیبی قەسیدەیە". بەم شێوەیە غەزەلێک کە ئەوپەڕی هەتا دە بەیت درێژ دەبووەوە جێگای

قەسیدەی حەفتا بەیتی گرتەوە و ناوەرۆکی تەڕی وەسفی ئەویندارانە جێگای نێواخنی ئیشکی وەسفی دەستەڵاتدارانی گرتەوە.

حافز لە قەسیدەیەک دا بۆمەدحی دەستەڵاتدارێک دەڵێ:

**وزیر شاەنشان، خواجەی زمین و زمان          که خرمست بدو حال انسی و جان**

**قوام دولت و دنیا محمد بن علی          که میدرخشدش از چهره فر یزدان**

بڵێی بەلای شێعر ناسانەوە زیادتر ئەم دوو بەیتەی سەرەوە پەسند بێ یان ئەم دوو بەیتەی خوارەوە کە هەر لە غەزەلێکی حافزەوە هەڵبژێردراون.

**آه از آن نرگس جادوو که چه بازی انگیخت          واه از آن مست که با مردم هشیار چه کرد**

**اشک من رنگ شفق یافت ز بی مهری یار          طالع بی‌شفقت بین که درین کار چه کرد**

بەیتی کوردی مەدحی دەستەڵاتداران ناکا. وێکچوونی بەیت و قەسیدە، نەک لەم لایەنە ناوەرۆکییەدا بەڵکوو لە لایەنێکی فۆرمی و پێکهاتەیی‌دا زەق دەبێتەوە. بەیتە درێژەکان لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی چەندین بەشی جۆراوجۆر لە خۆ دەگرن کە مەنتیقی فۆرمیی و ناوەرۆکیی ئەم بەشە جۆراوجۆرانە تاڕادەیەک پێکەوە جوداوازییان هەیە.

بەیت لە هەندێک بەشی‌دا بە وەسفی ناسک و ئەویندارانە شێوازێکی لیریک و غینایی بەخۆیەوە دەگرێ. لەم بەشانەدا زۆرتر وەسف و نزایەکی ئەویندارانە و پاڕانەوەیەکی دڵسووتاوانە لە قاڵبی مۆنۆلۆگ دا بەدی دەکرێن:

**مەرزینگان هەر لە کن من مەرزینگانە**
**لە کن من چاوی کۆترە ولێی ون بووە هێلانە**
**لەکن من بەرخە کۆرپەڵەی دوای مێگەلانە**
**لە کن من گەوهەری خەزێنەی شاە و سوڵتانە**
**هەر لە کن من موحتەبەرە، لەبەر دڵانە**
**یان دەبێ سەری خۆم بەرمەوە گۆڕ و گۆڕخانە**
**یان دەبێ سەری خۆم بکەم بە کۆی مەیدانە**

لە هەندێک بەشی تردا، بەهۆی زەق بوونەوەی کێشەکان (کێشە بە مانا دراماتیکییەکەی)، ڕەنگی دراماتیکی بەیت بەشێوەیەکی تۆختر خۆی دەنوێنێ. بەیت ئەگەر لە بەشە لیریکییەکەی‌دا مەنتیقێکی ستاتیک و نەرم و نیانی هەیە لە بەشە

دراماتیکەکەیدا خاوەنی مەنتیقێکی دینامیک و پڕ جووڵەترە. لەم بەشانەدا کارەساتە تراژیدییەکان بە خێراییەکی زۆر لە حاڵی قەومان دان:

**دەجا سواران با وەخڕ بن. جڵەوگیری دوژمن بکەن ڕۆژی لێ قەومانە**

**کەلاک دەکەوێتە گۆڕێ و ڕۆژی دڵ هێشانە...**

لەشکر بەرانبەری یەکتری دەبوون، دەنگی قەرەبینایە و رمبی دەم ڕەشی هەژدە قەماوە شۆڕ مەحموود هەرجارێکی رکێفی بۆ وڵاغی شێرخەزاڵی (؟) دەهێناوە

**دوازدە کەسی لە ئەمیر و سەردار عێلان لەسەر پشتی رکێفی فڕێ دەداوە.**

**مەستی مەرزینگانە، دەربەستی مردن نییە هیچ ئاگای لەخۆی نەماوە**

**وادەزانێ دەستی لە گەردنی مەرزینگان دایە، هەر نازانێ ڕۆژی دڵ هێشانە و قەوماوە**

جودا لەم دووبەشە، لە هەندێک بەشی تردا، شێوازی بەیت نە ئەوەندەی شێوازە دراماتیکە پڕ جووڵەکە، تەژی لەکێشە یەو نە ئەوەندەی شێوازە لیریکە نەرم و نیانەکە، ڕاوەستاوە یان بڵێین هەم جووڵەیەکی دراماتیک و هەم نەرم و نیانییەکی لیریکی تێدایە. لەم شوێنانەش دا هۆی دراماتیک بوونی دەق، گوتوبێژێکی بەردەوام لە نێوان دووکەسە و هۆی لیریک بوونیشی، ئەوەیە کە ئەم گوتوبێژانە زۆرتر ئەویندارانەن و لەبەر ئەوەی وەسفەکان درێژ دەبنەوە و دەلالەت بۆ کردە و کێشە بگۆڕەکان ناکەن بەڵکوو دەلالەت بۆ حاڵەت و وسفە نەگۆڕەکان دەکەن، خەسڵەتێکی ڕاوەستاویان هەیە:

شۆڕ مەحموود هاتە بەر پەنجەرە بانگی مەرزینگانی کرد و گوتی:

**کێژێ بێ بەعسەتی، بەعسەت پێ نەدراوی**

**ڕەشە ڕێحانەی ئێستا دەست لێ نەدراوی، نەژاکاوی و هەڵنەکەندراوی**

**زەردە مەمامن حەفس کردووە لە ژێر کراسی مەخمەڵ دارایی دا بەمیسالی هەرمێ گوڵاوی**

**تێچووی تەرکە و تورکومانم دەیە بۆم هەڵێنە گۆشە چاوی ...**

**مەرزینگان ئەگەر چاوی بەشۆڕە مەحموود کەوت، بەرۆکی ئاواڵە کرد و گوتی:**

**ئەوە کاری بابمە دەتنێرێ بۆ جەنگی جوکلی هەمەوەند و سمێڵ سپی کامەرییە**

**ئاگاداری تۆبێ ئەلیاس لە بەحرێ و خدر لە چۆلی و لە بەرییە ...**

**لە پاشت بە جێ نەمێنێ بەژنێکە باریک و دوو کوڵمەی لیمۆییە**

لە هەندێک شوێنی تر دا، قورسایی بەیت دەکەوێتە سەر شین گێڕی و نزای عەودالانە. لەم بەشانەدا، دیالۆگی ئەویندارانە جێگای خۆی دەدا بە وایلۆکی مەزلوومانەی کەسێکی لێقەوماو:

**سوارینە وەرن لە دڵێکە من گەڕێن ئەوە چ بووە چ قەوماوە**

**ئەی لەوی خەبەری لە نەدیو و لە نەکاوە!**

**کورە خۆ ڕاستە دەڵێن شۆڕ مەحموود لە گێژی دەریایە دا خنکاوە**

**سەڵای گەورە و گرانم لێ ڕابوو کەسم لە ماڵە باوانی نەماوە**

**شەرت بێ پاش تۆ یەخەی کەتانی من بۆ کەس ئاواڵە نەکراوە**

**تا ئەو ڕۆژەی دەڵێن ڕۆژی قیامەتە و ڕۆژی عەرشە و خودا دیوانی داناوە.**

کەواتە وەکوو ئەنجامگیرییەک دەکرێ بڵێین، لە بەیتەکاندا، چەند بەشێکی وەک وەسف و نزا، گێڕانەوەی ڕووداوەکان و شینگێڕی، کری بەیت دەچنن، ئینجا لە بەشی گێڕانەوەشدا جاری وایە ڕەوتی ڕووداوەکان خێرا و پرکێشە دەبێتەوە و جاری واشە بە هاتنی گوتو بێژێکی دوولایەنە بێ ئەوەی ڕەوتەکە تەواو بوێستێ، تاڕادەیەک لە خێراییەکەی کەم دەبێتەوە. لە بەشی وەسف و نزا دا، هیچ ڕەوت و ڕووداو و ئاڵوگۆڕێک بەدی ناکرێ و ئەوەی هەیە پێهەڵگوتنە. بەشی شینگێڕی بەچەند هۆ تارادەیەک تایبەتمەندی بەشەکانی تریشی پێ دەبڕێ. هۆی یەکەم ئەوەیە کەسی شینگێڕ بە بیانووی شینگێڕییەوە، بەشێک لە ڕووداوە تراژیدییەکە دەگێڕێتەوە ڕەنگدانەوەی کێشەکان لەم بەشەدا تاڕادەیەکی کەم وەبەر چاو دەکەوێ. هۆی دووەم ئەوەیە چونکە کەسی قوربانی نزیک و خۆشەویستی کەسی شینگێڕە، کەواتە وەسف و نزا و پێهەڵگوتنیش دێتە ناو شینگێڕییەکەوە.

لە نێو ئەم بەشە جۆراوجۆرانەدا، جوانترین و ناسکترین و سەرنجڕاکێشترین بەش، دیالۆگی ئەویندارانەی کیژ و کورە. هەر ئەو بەشەیە کە لە پێکهاتەی بەیت جودا بووەتەوە و وەکوو جۆرێکی فۆلکلۆری سەربەخۆ بەناوی حەیران، درێژەی بە ژیانی خۆی داوە. ئەگەر غەزەل تەشبیبی قەسیدە بێ، حەیرانیش ئەو غەزەلەیە کە لە تەغەزوللی بەیتەکانەوە سەرچاوەی گرتووە. حەیران بە پێچەوانەی بەیتە درێژەکان، دەتوانێ تەنانەت هەتا سێ ڕستەش کورت بێتەوە. کەواتە هیچ سەیر

نییە کە حەیران لەبەر ئەم سووک و چکۆڵە و گردو کۆ بوونە لە لایەک و لە بەر ناسکبێژی و جوانکارییەکانی لەلایەکی ترەوە، جێگای بە بەیت لێژ کردبێ و زیادتر لە جۆرە فۆلکلۆرییەکانی تر وەڕمێن کەوتبێ. ئێستا بەم ئاکامە گرینگە دەگەین کە بەر لەوەی لە بارەی جوغرافیاییەوە پرسیار لە شوێنی سەرهەڵدانی حەیران بکەین، دەبێ لەباری فۆرمی و پێکهاتەییەوە، لە چۆنیەتی ئەم سەرهەڵدانە ورد بینەوە. ئەوە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە بڵێین حەیران لە دەشتی هەولێر یان ناوچەی موکریانەوە سەری هەڵداوە. ئەگەرچی ئێستا ئەم دوو هەرێمە، وەک دوو ناوچەی جوداواز لە ناو جۆغرافیای دوو وڵاتی جیران چاویان لێ دەکرێ، بەڵام لە کاتی سەرهەڵدانی حەیران دا، ڕۆژهەڵاتی موکریان هەتا ڕۆژاوای دەشتی هەولێر لە ناو یەک یەکە (واحید)ی جۆغرافیایی‌دا بوونە. لە زەمانی زوو دا ئەو هۆزانەی نیوەی ساڵیان لە کۆیە و بیتوێن و پشدەر، ڕابواردووە، نیوەی تری ساڵیان لە شنۆ و لاجان و سندووس و شاروێران بردووەتە سەر و بە پێچەوانە ئەو هۆزانەی نیوەی ساڵ لە کوێستان ژیابێتن، نیوەکەی تری لە گەرمین ژیاون. ڕاستە هۆزی واهەبووە مەودای هێڵی گەرمێن و کوێستان کردنەکەی مەودایەکی بەرتەسک بووبێ، بەڵام بەگشتی ئەو هێڵەی دەشتی هەولێر بە موکریان دەلکێنێ، بەسەر ئەو ناوچانە تێدەپەڕێ کە هەموویان بۆ هۆزە کوردەکان ئاشنا بوونە. هۆی ئەوەی هەندێک تەعبیر و زاراوەی وەکوو بەری سوێسنایەتی و بەری پیران و وڵاتی مەرگە و پشدەرییان و زۆر زاراوەی تری لەم دەستەش هەر لە کۆنەوە لە ئاخاوتنی کوردی دا باوبوونە، ئەمەیە هۆزە کوردەکان سەرەڕای هەموو گەرمێن و کوێستان کردنەکانیان بۆ کاروباری ئاژەڵداری، ناچاربوون بۆ کار و باری کشت و کاڵیش، تارادەیەک خۆیان بە شوێنێکەوە ببەستنەوە. بەڵام کێ هەیە حاشا لەوە بکا کە ئەو خۆ بەستنەوە و مانەوەی وەک ئەو دامەزران و مانەوەیە نەبووە کە کوردەکان لەسەدەکانی نۆزدە و بیست دا بەرەبەرە وەکوو شێوەی ژیان هەڵیانبژاردووە و ئەم شێوە ژیانە بەهۆی سنوورەکانیشەوە هێندەی دیکە پەرەی سەند.

بەراستی کێ هەیە بڵێ عەشیرەتێکی وەکوو مەنگوڕ هەر بەتەنیا خەڵکی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن یا بڵێ هەر بەتەنیا خەڵکی باشوورن. پەرژ و بڵاوی ئەو شوێنە جۆغرافیاییانەی عەشیرەتی هەرکی تێیاندا نیشتەجێن لە شوێنی نیشتەجێ بوونی مەنگوڕەکانیش زۆرترە و هەر سێک هەرێمی باشوور و باکوور و ڕۆژهەڵاتی

کوردستان دەگرێتەوە. کەواتە با چیتر بە پرسینی ئەو پرسیارە ساویلکانەیە کە حەیران لە کامە ناوچەی کوردستان سەری هەڵداوە، خەریکی دۆزینەوەی وەڵامی لەویش ساویلکانەتر نەبینەوە و نەمانهەوێ بە دەمارگرژییەکی ناوچەییەوە خۆمان لە قەرەی بابەتێکی زانستی بدەین. شوێنی سەرهەڵدانی حەیران، هەموو ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە لە نێوان موکریان و دەشتی هەولێر هەڵکەوتوون. دیارە دوایەش بەهۆی گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی سەدەی نۆزدە و بیستەم و بە هۆی لێکدابڕانی ئەو ناوچانە، حەیرانی دەشتی هەولێر و حەیرانی موکریان لەباری چۆنیەتی بەکارهێنانی تەعبیرەکانەوە نەختێک لێک جوداواز بوونە.

کەواتە لە جیاتی ئەوەی دەربارەی شوێنی سەرهەڵدانی حەیران پرسیار بکەین، باشتر وایە ئەو پرسیارە بهێنینە گورێ کە پێکهاتەی حەیران لە چ پێکهاتەیەکیترەوە سەری هەڵداوە. بۆ ئەوەی باشتر ئەو بابەتە بسەلمێنین کە پێکهاتەی حەیران، بەشێکە لە پێکهاتەی بەیت، با ئەم بەشەی خوارەوە لە گوتوبێژی لاس و خەزاڵ لەگەڵ بەشێکی تر کە لە حەیرانێک هەڵبژێردراوە، هەڵسەنگێنین:

خەزاڵ دەڵێ:

**بریا ئەمن دیوە خانێک بوایەم بەرەو قوبلە، شوعرەی منیان بکێشایە**
**پەنجەرەی سێدەریان لە پێشی من لێ بدایە**
**ئێوارە و سبحەینان لێی بدرایە شوبایە**
**کەسێکی ماندوو بوایە و عێجز بوایە**
**بیکوتایە ئەوە جێگای ئیسڕاحەتگایە.**

لاس دەڵێ: ...

**چاوت بە من بمێنێ بە ئەستێرەکەی رۆژێ ئەگەر تازە هەڵدێ پڕیشکان داوێ**
**بەژنت بە من بمێنێ بە چووزەی پیرە لاولاوێ**
**سبحەینان تاو لێی نادا گوڵی لاولا وگەشە، نیوەڕۆیان هیچ کەس لێی نابینێ کام و کاوێ**

...

حەیران:

**دەجا براینە برادەرینە بریا ئەمن گولێک بام لە گوڵی کەس نەناسی**
**ڕەخسابام لە نەویان، لە کەویان، لە قووچەکەی بڵباسی**
**دەلێم بریا شتڵە ڕێحانێک بام لە سەر هەیوانی ماڵە بابی نازدار حەیرانێ**
**هەموو ئێوارە و سبحەینانێ ئاوی ئیستکانی دەبن کردبام...**
**بەژنی تۆ بەمن بمێنێ بە کەوێ سەهەند و سۆلاوان**
**سوورە قورینگێ گەردەن گۆزەڵێ، بەوی خارێ گوڵ بەدەمێ**
**ئەگەر شەختێ پایزانی لێدەدا لە رووباری پیرە کەڵوێ**
**بەژنی تۆم بە من بمێنێ بەوێنەی لکە ڕیواسی**
**ئەگەر بوهاران دێنەدەرێ لەسەر قەبری حاجی مەمێندی غولامکێ لەگەڵ گوڵی بێژانێ**

لەوانەیە لە بەیتێکدا هەر بەتەنیا بەشی شینگێڕییکە مابێتەوە و چۆنیەتی ڕوودانی کارەساتە تراژیکەکە لە ڕێگای شینگێڕییەوە بگێڕدرێتەوە. لە ڕاستیدا زۆر بەیتی وەک سەیدەوان، سوارۆ، ئەحمەدی شەنگ و کاکە میر و کاکە شێخ بەم شێوەیەن لە بەر ئەوەی لەم بەیتانەدا لە جیاتی ئەو مەنتیقە مەجازییەی لە بەیتە درێژەکان دا وە بەرچاو دەکەوێ، زۆرتر مەنتیقێکی خوازەیی دەبیندرێ، دەکرێ ناوی، "بەیتی خوازەیی" لەسەر ئەم جۆرە بەیتانە دابنێین.

هەر بەم شێوەیە و بە پێی ئەو مێتۆدەی لەم وتارە دا قسەی لێ کراوە، دەکرێ چۆنیەتی سەرهەڵدانی فۆرمە چکۆڵەترەکانی فۆلکلۆری لەناو فۆرمی بەربڵاوی بەیت، شی بکەینەوە.

**سەرچاوەکان:**

١. ئۆسکارمان، تحفه مظفریه، پێشەکی و ساغکردنەوە مامۆستا هێمن، انتشارات سیدیان لل٣-٢١٢
٢. سەلاح پایانیانی، کانی مرادان، انتشارات صلاح الدین ایوبی، ارومیه، ١٣٨١، ل ١٩٥
٣. سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٦.
٤. میمنت میرصادقی، واژەنامه هنر شاعری، کتاب مهناز، چاپ دوم، تهران، ١٣٧٦، پێ ٢١٠-٢٠٨
٥. دکتر سیروس شمسیا، انواع ادبی، انتشارات فردوسی، چاپ پنجم، تهران، ١٣٧٦، ێ ٢٧٩
٦. سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٩.

٧. لسان الغیب، با تصحیح و مقدمه پژمان بختیاری، انتشارات امیرکبیر، چاپ یازدهم، تهران، ۱۳۷۸، ێ ٥١٥.
٨. سەرچاوەی پێشوو ل ١٣٧.
٩. قادر فتاحی، قاچی، شۆر مەحموود و مەرزینگان، انتشارات دانشگاه تبریز، ١٣٤٨، ێ ٧٢
١٠. سەرچاوەی پێشوو لل ٥٥-٥٤.
١١. سەرچاوەی پێشوو ل٤١
١٢. سەرچاوەی پێشوو ل ٨٩
١٣. قادر فتاحی، قاضی، منظومه کردی لاس و خزال، انتشارات دانشگاه تبریز، ١٣٧٩، ێ ٦٦.
١٤. سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٠
١٥. ئەحمەد بەحری، گەنجی سەربەمۆر. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلیمانی ٢٠٠٠، ل ١٧٢
١٦. سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٢

+ نوشته شده در چهارشنبه سی ام شهریور ساعت ٨:٥ توسط ئەنجومەنی ئەدەبیی شنۆ

هەواڵنامەی کتێب

# ChatGPT و فێرکردنی زمان

د. موئمین زەڵمی

ChatGPT کە کورتکراوەی ”Chat Generative Pre-trained Transformer“ە، مۆدێلێکی زمانی زیرەکی دەستکردی پێشکەوتووە (AI) کە لەلایەن OpenAI پەرەی پێدراوە.

ChatGPT بۆ تێگەیشتن و دروستکردنی دەقی هاوشێوەی مرۆڤ داڕێژراوە بە پشتبەستن بەو زانیارییەی کە وەریدەگرێت.  دەتوانرێت بۆ چەندین ئەرکی جۆراوجۆر بەکاربهێنرێت، وەک وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، پێشکەشکردنی پێشنیارەکان، بەشداریکردن لە گفتوگۆکان، دروستکردنی ناوەڕۆک و زۆر شتی تر. ئەم پرۆگرامە لەسەر کۆمەڵە داتایەکی بەرفراوان لە دەق لە ئینتەرنێتەوە ڕاهێنراوە، ئەمەش وای لێدەکات وەڵامی پەیوەندیدار و یەکگرتوو لە ڕووی کۆنتێکستەوە دروست بکات.

لە بواری فێرکردنی زمانی ئینگلیزیدا، دەتوانرێت ChatGPT وەک ئامرازێکی گشتگیر بەکاربهێنرێت بۆ پشتگیریکردنی مامۆستایان لە لایەنە جیاوازەکانی کارەکانیاندا، وەک پلاندانان بۆ وانەکان، بەشداریکردنی خوێندکاران، هەڵسەنگاندن پەرەپێدانی پیشەیی. لێرەدا چەند بیرۆکەیەک بۆ بەکارهێنانی تواناکانی Chat-GPT دەخەینەڕوو:

هەواڵنامەی کتێب

١. ناو تۆمارکردن بۆ ئەکاونتی OpenAI: بۆ دەستگەیشتن بە ChatGPT، مامۆستایان دەتوانن ناوی خۆیان تۆمار بکەن بۆ ئەکاونتی OpenAI، ئەمەش دەستڕاگەیشتنیان بە API و سەرچاوەکانی تر دەستەبەر دەکات.

٣. پلاندانان بۆ وانەکان: ChatGPT دەتوانێت یارمەتی مامۆستایان بدات لە دروستکردنی پلانی وانەکان، دروستکردنی چالاکییەکان، و پەرەپێدانی هاندەری گفتوگۆ کە بەپێی پێداویستی و ئارەزووەکانی خوێندکارەکانیان بگونجێت. ئەمەش دەتوانێت کاتی باش بگەڕێنێتەوە و بیرۆکەی نوێ پێشکەش بکات بۆ چالاکی فێرخوازان.

٤. یارمەتیدانی ڕێزمان و وشەسازی: مامۆستایان دەتوانن لە ChatGPT سود وەربگرن بۆ وەرگرتنی یارمەتی لە یاساکانی ڕێزمان و دەربڕینی ئیدیۆماتیک و پێشنیارەکانی وشەسازی، کە دەتوانێت سوودی هەبێت بۆ پلاندانانی وانەکان یان هاوکاریکردنی خوێندکاران لە پەرەپێدانی زمانەکەیان.

٥. پراکتیزەکردنی گفتوگۆ: ChatGPT دەتوانێت وەک هاوبەشێکی گفتوگۆ بۆ خوێندکاران بێت، دەرفەتیان بۆ دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی زمانی ئینگلیزی خۆیان لە ژینگەیەکی ئارامدا ڕابهێنن. ئەمەش دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ دروستکردنی متمانە و ڕواندنەوەی ترس و شەرم و ڕاڕایی.

٦. پشتگیری نووسین: ChatGPT دەتوانێت یارمەتی مامۆستایان بدات لە راهێنانی نووسینی ئەکادیمی و پێدانی فیدباک لەسەر کاری خوێندکاران، و دروستکردنی نموونەو شێوازی جیاوازی نوسین.

٧. هەڵسەنگاندن: مامۆستایان دەتوانن ChatGPT بەکاربهێنن بۆ دروستکردنی مادەی هەڵسەنگاندن وەک هەڵسەنگاندنی رۆژانە، پرسیاری تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندن. سەرەڕای ئەوەش، دەتوانن AI بەکاربهێنن بۆ پێشکەشکردنی فیدباکێکی تاکەکەسی لەسەر ئەدای خوێندکار، کە یارمەتیدەرە بۆ دیاریکردنی بوارەکانی باشتربوون و بەدواداچوونی پێشکەوتنەکان بە تێپەڕبوونی کات.

٨. گەشەپێدانی پیشەیی: ChatGPT دەتوانێت وەک سەرچاوەیەکی بەنرخ بۆ گەشەپێدانی پیشەیی مامۆستایانی زمانی ئینگلیزی بەکاربهێنرێت. مامۆستایان دەتوانن AI بەکاربهێنن بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕێگاکانی وانەوتنەوە، زانیارییەکانیان لە پێداگۆجیدا نوێ بکەنەوە و بیرۆکەی نوێ بۆ پۆلەکەیان بخەنەڕوو.

٩. فێربوونی هاوبەش: مامۆستایان دەتوانن ChatGPT بەکاربهێنن بۆ ئاسانکاری فێربوونی هاوبەش لە نێوان خوێندکاراندا لە ڕێگەی دیزاینکردنی چالاکیی گرووپی یان پرۆژە کە پێویستیان بە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و چارەسەرکردنی کێشەکان و توانای پەیوەندیکردن هەیە.

١٠. تۆڕی پشتگیری: مامۆستایان دەتوانن بەشداری لە مەکۆی ئۆنلاین، بۆردی گفتوگۆ، یان گروپەکانی سۆشیال میدیا بکەن کە پەروەردەکارانیتر لە پۆلەکانیاندا ChatGPT بەکاردەهێنن. ئەمەش دەتوانێت دەرفەتێک بۆ هاوبەشیپێکردنی ئەزموونەکان و گفتوگۆکردن لەسەر باشترین وانە کردارییەکان و فێربوون لە سەرکەوتن و ئاڵونگارییەکانی یەکتر دابین بکات.

بۆ ئەوەی زۆرترین سوود لە ChatGPT وەربگرن، پێویستە مامۆستایانی زمانی ئینگلیزی خۆیان ئاشنا بکەن بە توانا و سنوورەکانی پلاتفۆرمەکە، و

ئامادەبن بۆ گونجاندن و تاقیکردنەوە لەگەڵ ستراتیژییە جیاوازەکان لە پراکتیکی وانەوتنەوەیاندا. چونکە بە بەکارهێنانی کاریگەرانەی ChatGPT، دەتوانن وانەکانیان دەوڵەمەند بکەن، و هەروەها خوێندکاران بە شێوەیەکی کاریگەرتر بەشداری بکەن و پشتگیرییەکی تایبەتمەند بۆ فێرخوازانی زمان پێشکەش بکەن.

هەواڵنامەی کتێب

# زمانی دادگاکان لە هەرێمی کوردستاندا

## - لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری مەیدانییە -

پ.د.شۆڕش حەسەن عومەر
د.لەتیف مستەفا ئەمین

**پێشەکی:**

زمان تەنها ئامرازێک نییە بۆ لێک تێگەیشتن و گفتوگۆ ، بەڵکو شوناسیشە ، بەتایبەتی بۆ نەتەوەیەکی ژێردستی بێ دەوڵەت رەمز و نیشانەی بەرەنگاری و مانەوەشە. دادگاش وەک دامەزراوەیەکی گرنگی دەوڵەت و جێگایەک بۆ ئەوەی هەرکەس مافی خورا داوای مافی خۆی لێ بکاتەوە و کێشەکان یەکلایی بکاتەوە زمان رۆڵی گرنگی دەبێت چ بۆ داواکردنی ماف یان بۆ بەرگری لەخۆکردن ، زانینی زمانی دادگا گرنگە و یەکێکە لە گەرەنتی و ستانداردەکانی دادبینی دادپەروەرانە و تێگەیشتن لە ماجەرای دادبینیەکان، هەر بۆیە رێکخراوەکانی بواری مافی مرۆڤ جەخت لەوە دەکەنەوە کە پێویستە لەو وڵاتانەی فرە پێکهاتەن و نەتەوەو کەمینە و نەتەوەی جیا جیایان تێدایە، پێویستە هانی بەکارهێنانی ئەو زمانانە بدەن لە دادگاکان ، هەروەها یاساکان بەگشتی و یاسای عێراقیش و کوردستانیش بەتایبەتی باس لە بایەخی زمان دەکەن ، ئەگەر یەکێکیش زمانی دادگای نەزانی پێویستە وەرگێڕی بۆ دابین بکرێ.

لەهەرێمی کوردستان سەرەڕای ئەوەی کە دەستوری عێراق دانی بەزمانی کوردیدا ناوە وەک زمانێکی فەرمی لە پاڵ زمانی عەرەبی ولە یاسای زمانە فەرمییەکانی عێراق ساڵی ٢٠١٤ جەختی لێ کراوەتەوە کە پێویستە نەک هەر لە کوردستان بەڵکو لەتەواوی عێراق زمانی رەسمی بێت و بەکار بهێنرێت، و یاسای دەسەڵاتی دادوەریش لەهەرێمی کوردستان ساڵی ٢٠٠٧ جەخت لەوە دەکاتەوە کە زمانی کوردی زمانی فەرمی دادگاکانە لە هەرێمی کوردستان و دەشێ بەگوێرەی پێویست زمانی عەرەبیش بەکار بهێنرێ.

**کێشەی توێژینەوەکە:**

ئەوە نزیکەی ٣٠ ساڵ بەسەر حوکمڕانێتی کوردیدا تێ دەپەڕێ ، کەچی بەداخەوە تا ئێستا لە زۆرێک لەدادگاکانی کوردستان دادوەرە بەرێزەکان زمانی عەرەبی بەکار دەهێنن.

لەوەش خراپتر ئەو دادوەرانەش کە کوردی بەکار دەهێنن بە میزاجی بەکاری دەهێنن، چونکە زمانی رەسمی ستانداردی کوردیمان نییە هەر دادوەرە و بە شێوەزاری ناوچەکەی خۆی زمان بەکار دەهێنێ ، لەکاتێکدا مەلای گەورە پێش زیاتر لە ٨٥ ساڵ لە دادگای کۆیە زمانی کوردی بەکار هێناوە، ئێستا دوای ٣٠ ساڵ وەختی ئەوە هاتووە دەست بخەینە سەر ئەو کێشەیە و بپرسین هۆکاری بەکارنەهێنانی زمانی کوردی لە دادگان چیە و چی بکرێت بۆ ئەوەی ئیتر زمانی کوردی بەکار بهێنرێ ؟

**میتۆدی توێژینەوە:**

بۆ ئەوەی بتوانین هەموو لایەنی تیۆری و کردەیی بابەتەکە باس بکەین میتۆدی وەسفی شیکردنەوە و ئەزمونیمان بەکارهیناوە.

**پلانی توێژینەوەکە:**

بۆ داپۆشینی هەموو لایەنەکانی تویژینەوەکە بابەتەکەمان کردووە بە دوو باسەوە باسی یەکەم بۆ لایەنی تیۆری و چوارچێوەی یاسایی و دەستوری بەکارهینانی زمانی کوردی لە دادگاکاندا تەرخان کردووە، باسی دووەمیش بۆ لایەنی کردەیی و باسی واقیعی زمانی کوردیمان کردوە لە دادگاکان و ئەو کێشانەی دێنە ڕێی بەکوردی کردنی زمانی دادگاکان و پیشنیازو ڕێگاچارەسەر بۆ بابەتەکە لەگەڵ پێشەکییەک و دواجار گرنگترین ئەو دەرەنجام و پێشنیازانەی  کە لە ئەنجامی تویژینەوەکەوە پێی گەیشتووین.

**باسی یەکەم:**

**چوارچێوەی یاسایی بەکوردی کردنی زمانی دادگا:**

بۆ دەرخستنی بنەمای یاسایی بەکوردی کردنی زمانی دادگاکانی هەرێمی کوردستان، پێویستە بگەڕێینەوە سەرەتای دروست بوونی دەوڵەتی عێراق و لکاندنی ویلایەتی موسڵ پێوەی، تا بزانین ئەو بنەمایە بوونی هەبووە لەو دیکۆمێنتە نێو دەوڵەتییانەی لەسەر پرۆسەی ئەو لکاندنە دەرچوون، هەروەها هەڵوێستی دەستور ویاساکانی عێراق لەو بارەیەوە چۆن بوون، هەموو ئەمانە لە داواکراوی یەکەم باس دەکەین،  لەداواکراوی دووەمیش باس لە هەڵوێستی دەستوری عێراقی ٢٠٠٥ دەکەین لەسەر بەکوردی کردنی زمانی دادگاکان، لەگەڵ هەڵوێستی ئەو یاسایانەی کە لەسایەیدا دەرکراون لە عێراق وهەرێمی کوردستان.

**داواکراوی یەکەم:**

**پاشخانی یاسایی بەکوردی کردنی زمانی دادگا:**

لە دوای دامەزراندنی دەوڵەت عێراق لە ساڵی ١٩٢١ یەکەم دەستوری عێراق بەناوی یاسای بنچینەیی ساڵی ١٩٢٥ دەرچوو کە هێچ دەقێکی تێدا نەبوو سەبارەت

بە زمانی کوردی یا هیچدا مافێکی تری کوردی لەخۆ نەگرتبوو، مادەی ١٧ ئەو دەستورە بەدەق دەیگوت کە زمانی عەرەبی زمانی فەرمییە تەنها ئەگەر بەیاسایەکی تایبەت دەقێک لەسەر بەفەرمی بوونی زمانێکی تر بێت. دوای ئەوەی لە ١٦ ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٢٥ کۆمەڵەی گەلان بڕیاریدا کە ولایەتی موسڵ بخرێتە سەر عێراق، کۆمەڵێک پابەند بوونیشی خستە سەر ئەستۆی عێراق لەوانە کە پێویستە ئیدارەیەکی کوردی تایبەت بە ناوچە کوردنشینەکان دروست بکرێت و زمانی کوردیش زمانی فەرمی بێت لە سنوری ئەو ئیدارەیەدا. بەڵام لەڕووی دەستورییەوە هیچ گۆڕانکارییەک ڕووینەدا و دەستور هەر وەک خۆی مایەوە. ساڵی ١٩٣١ یاسای زمانە لۆکاڵییەکان بە ژمارە ٧٤ دەرچوو وەک تەمهیدێک بۆ ئەوەی عێراق ببێتە ئەندام لە کۆمەڵەی گەلان .

یاسای زمانە لۆکاڵییەکان لە ٢ ئارتیکڵیدا بڕیاری دابوو کە زمانی کوردی زمانی دادگاکان بێت، مادەی ٢ لە یاساکە دەڵێت زمانی دادگاکان کوردی دەبێت لە قەزاکانی ئامێدی و زاخۆ و زیبارو ئاکرێ لە سنوری لیوای موسڵ، وە لە قەزاکانی کۆیەو ڕانیەو ڕەواندوز لەسنوری لیوای ئەربیل، وە قەزاکانی گێل و چەمچەماڵ لە لیوای کەرکوک، و قەزاکانی سلێمانی و هەڵەبجە و شارباژێر لە لیوای سلێمانی، واتە زمانی دادگاکان لەو قەزایانەدا هەر کوردی دەبێت وەک زمانی فەرمی دادگا. مادەی ٣ لە یاساکەش دەیگوت زمانی عەرەبی یان کوردی یان تورکی بە بڕیاری دادگا و بەگوێرەی ئەو حاڵەتەی دێتە پێشەوەو پێویست دەکات بەکار دەهێنرێن لە دادگاکانی قەزاکانی دهۆک و شێخان لەلیوای موسل، وقەزاکانی ئەربیل و مەخمور لە لیوای ئەربیل، و قەزاکانی کەرکوک و کفری لە لیوای کرکوک. واتە لە دەسەڵاتی خەملاندنی دادگایە لە یەکێک لەو قەزایانەی دوایی یەکێک لەو سێ زمانە بەکار بهێنریت بەگوێرە ئەوەی کە لایەنەکانی دۆسیەکە سەر بە یەکێک لەو سێ زمانە بن ، لەهەموو ئەو دادگایانەی ئەو قەزایانە لە هەموو بارێکدا مافی تۆمەتبارە کە دادبینی زارەکی بۆ وەرگێڕدرێتە سەر زمانی خۆی جا کوردی یان عەرەبی یان تورکی بێت، هەروەها کۆپیەک لە حوکمەکەی بەوەرگێڕدراوی بە هەر یەکێک لەو سێ زمانە دەست بکەویت وە داواکاریش بە هەریەک لەو زمانانە پێشکەش بکات .

یاساکە بڕیاریشی داوە کە شێوەزاری کوردی کەپێویستە لە لیواکانی سلێمانی و هەولێرو کەرکوک بەکاربهێنرێ ئەو شێوەزارە کوردییەیە کە ئێستا بەکاردەهێنرێ واتە مەبەستی کاتی دەرچوونی یاساکەیە . بەڵام لە قەزاکانی لیوای موسڵ خەڵک ئەو

هەوارنامەی کتێب

شێوە زارە کوردییە هەڵدەبژێرن کە خۆیان پێیان خۆشە لە ماوەی ساڵێک لە بەرواری جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە ، ئەم یاسایە بە پێشکەوتنێکی بەرچاو دادەنرا لەبواری داننان بەمافەکانی گەلی کورد لەعێراقدا بەتایبەتی مافی بەکار هێنانی زمانی کوردی.

بەڵام بەداخەوە لەڕووی پراکتیکەوە سوود لەم یاسایە وەرنەگیرا و کەمێک لە دادگاکان نەبێ زمانی کوردیان بەکار نەهێنا ، لەوانە زانای گەورەی کورد مەلا محەمەدی کۆیە ناسراو بە(مەلای گەورە) کە ئەو سەردەم قازی بووە لە دادگای کۆیە چەندان بڕیاری دادگای بەزمانی کوردی بۆ بەجێهێشتوین کە لەڕووی مێژووییەوە بەهایەکی گەورەیان هەیە.

لە بەرواری ٥ی مایسی ساڵی ١٩٣١ عێراق ڕاگەیەندراوێکی ئاراستەی کۆمەڵەی گەلان کرد ، کە لە ١٦ مادە پێک هاتبوو بەسەر دوو چاپتەردا دابەش ببوو ، چاپتەری یەکەم کە لە ١٠ مادە پێک هاتبوو تایبەت بوو بە پاراستنی مافی کەمینەکان و بڕیاردرابوو لە دوای ڕاگەیەندراوەکەوە مافی بەکارهێنانی زمانی دایک لە ژیانی تایبەت و کۆبوونەوە گشتییەکان و ڕۆژنامەگەری و لە دادگاکان و بواری فێرکردنیش بەکار بهێنریت . بەڵام لەڕووی دەستورییەوە دەستوری عێراق هیچ هەموارێک نەکرایەوە تا لەگەڵ ئەو واقیعە تازەیە بگونجیت کە عیراق لە ڕاگەیەندراوەکەیدا خستبوویە سەر شانی خۆی وەک پابەندییەک و مەرجێکیش بۆ وەرگیرانی لە کۆمەڵەی گەلان، تەنانەت لە هەمواری دەستوری سالی ١٩٤٣ یش بەهیچ شێوەیەک خۆی لەقەرەی ئەم بوارە نەدا و وەک خۆی مایەوە.

لە دوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی و بوون بەڕژێمی کۆماری لە کۆدێتای ساڵی ١٩٥٨ ەوە هەموو دەستورەکانی عێراق ئەگەرچی دەستوری کاتی و نادیموکراتی بوون، بەڵام هەموویان دانیان نا بە بوونی گەلی کورد لە عێراق و بە مافەکانیدا، بەڵام دووبارە هیچ کامیان خۆیان لەقەرەی بابەتی زمان نەدا لەناو دوو توێی بڕوانامەی دەستووردا وە بڕیاریان نەدا کە زمانی کوردی بە دەقێکی دەستوری زمانی ڕەسمی بێت.

دەستوری ساڵی ١٩٧٠ کە دەکاتە دووەم دەستوری بەعس دوای دەستوری ساڵی ١٩٦٨، یەکەم دەستوورە کە لە مادەی(٧/ب) دانی ناوە بەوەی کە زمانی کوردی زمانی ڕەسمیە لە پاڵ زمانی عەرەبی لە ناوچە کوردییەکان ئەویش وەک بەرجەستەکردنێک بۆ بەیانی ١١ ئازاری ساڵی ١٩٧٠ تایبەت بە ئۆتۆنۆمی کوردستان . بەڵام ئەم دەقە

دەستورییە لە چوارچێوەی تیۆری دەربازی نەبوو چونکە سنوری ناوچە کوردییەکان دیار نەکرا، هەتا ڕۆژی دەرچوونی یاسای ئۆتۆنۆمی ژمارە ٣٣ سالی ١٩٧٤ ، کە لە مادەی دووەمیدا هاتبوو زمانی کوردی زمانی رەسمییە لە ناوچەکانی حوکمی زاتیدا ، بەڵام دووبارە ئەم دەقە وەک خۆی جیبەجێ نەکراو تەنانەت خودی دامەزراوەکانی حوکمی زاتیش وەک ئەنجومەنی یاسادانان و ئەنجومەنی جێبەجێ کردن زۆر جار خۆیان زمانی عەرەبیان بەکار دەهێنا و نەیانتوانی یاساکە جێبەجێ بکەن .

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حسێن لەساڵی ٢٠٠٣ دەستوورێکی کاتی لەلایەن ئەنجومەنی حوکمەوە بەناوی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە دەرچوو ساڵی ٢٠٠٤، بە وەرچەرخانێکی گرنگ هەژمار دەکرێ لە بواری دان نان بەزمانی کوردی وەک زمانی رەسمی لە هەموو عێراقدا نەک تەنها لە ناوچە کوردییەکان ، لە مادەی ٩ ئەو یاسایەدا هاتوە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی زمانی ڕەسمین لە سەرانسەری عیراقدا، ئەم دانپیانانە دەستووریە هەنگاوێکی پێشکەوتو بوو لەچاو دەستوورەکانی پێشوو، وە جەختی کردەوە کە چوارچێوەی زاراوەی زمانی رەسمی و چۆنیەتی پیادەکردنی بە یاسایەک دەردەچێ بەمەرجێک کۆمەڵێک بوار بگریتەوە لە ناویاندا دەرکردنی جەریدەی رەسمی وەقایعی عێراق بەهەردوو زمانەکە وە قسەکردن و نوسراوکردن و ڕادەربڕین و داننان بە بڕوانامە ڕەسمیەکان و نامەو نوسراوەکان و بڕوانامە فەرمیەکان بە دڵنیاییەوە بە دادگاکانیشەوە بەهەردوو زمان. هەروەها دەستوری عیراقی بەرکاریش لەساڵی ٢٠٠٥ دەرچو هەمان شتی دوپات کردەوە لە ماددەی ٤ یدا .

لەوەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە بنەمای یاسایی و دەستوری بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی لە دادگاکان هەیە، کە بریتین لە بڕیاری کۆمەڵەی گەلان تایبەت بەلکاندنی ولایەتی موسڵ بەعێراقەوەو پابەند کردنی عێراق بەدروست کردنی ئیدارەیەکی کوردی و بەکارهینانی زمانی دایک، هەروەها یاسای زمانە لۆکاڵییەکان ٧٤ ساڵی ١٩٣١، وە ڕاگەیاندنی عێراق بۆ کۆمەڵەی گەلان لە مایسی ساڵی ١٩٣٢ کە خۆی پێوە پابەند کرد ١٩٣١، تا دەگاتە سەر دەستوری کاتی ساڵی ١٩٧٠ و دەستوری ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥، سەرەڕای ئەم بنەما یاسایی و دەستوریە رون و ئاشکرایانە بەداخەوە نەچونە بواری جێبەجێ کردنەوە بەتایبەت لە دادگاکان نەک هەر لە ئاستی عیراق بەلکو لەناوخۆی خودی هەرێمی کوردستانیش زمانی عەرەبی بەکاردەهێنریت وەک لە م تویژینەوەیە پیشانی دەدەین.

**داواكراوی دووەم**

**هەڵویستی دەستوری عیراقی ٢٠٠٥ لەسەر بەكوردی كردنی زمانی دادگاكان**

دەستوری عیراقی بەركار ساڵی ٢٠٠٥ دەستورێكی باشە لەم ڕوەوە و دانی ناوە بە هەرێمی كوردستان وەك هەرێمیكی فیدرالی لە چوارچیوەی عێراقدا ، وە هەروەها دانی ناوە بەدامەزراوە فەرمیەكانیشی و هەموو ئەو كردەوە یاساییانەی لە بەرواری دروست بونیەوە لە ساڵی ١٩٩٢ ەوە ئەنجامی داون ، هەروەها دانی ناوە بەوەی كە عێراق وەلاتیكی فرە پێك هاتەیە لەرووی ئاینی، مەزهەبی، و نەتەوەیی .

دەستورەكە هەردوو زمانی كوردی و عەرەبی كردوە بە زمانی فەرمی لە هەموو عیراقدا ، وە دانی بەوەش داناوە كە زمانەكانی توركمانی و سریانی زمانی فەرمین لەو یەكە كارگێریانەی چڕی دانیشتوانیان تیێدا هەیە، لەوەش زیاتر دەستورەكە ڕێی داوە بە هەر پاریزگاو هەرێمێك كە هەر زمانیكی تری لۆكاڵی بكاتە زمانی فەرمی لەسنوری خۆیدا ئەگەر دانیشتوانەكەی بە ریفراندۆمیكی گشتی پەسەندی بكەن ، ئەمەیان لە یاسای كارگێری دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە نەبوو. هەروەها لە یاسای كارگێری دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە هەردوو زمانی كوردی و عەرەبی تەنها بەسەر دام و دەزگا فیدرالیەكان لەهەریمی كوردستان سەپاندبوو كە بەكاری بهینن نەك دام و دەزگاكانی هەریم ، بەلام لەدەسەتوری ٢٠٠٥ دا بەسەر هەموو دامەزراوە فیدرالی و هەریمیەكانی سەپاندوەو كە هەردوو زمانەكە بەكار بهینن .

هەروەها دەستور بڕیاریداوە كە قسەكردن و نامە و تەعبیر كردن لە بوارە فەرمیەكانی وەك ئەنجومەنی نوینەران و ئەنجومەنی وەزیران و دادگاكان و كۆنفرانسە گشتیەكان بە هەر یەكیك لەو دوو زمانە بیت ، ئەمەش دانپێدانانیكی فەرمی و ڕوونی دەستورە بەوەی كە زمانی كوردی زمانی رەسمی دادگاكان بیت نەك هەر لەناو هەریم بەڵكو لە سەرتاسەری دەوڵەتی فیدرالدا كەی پێویستی كرد زمانی كوردی بەكار بهێنریت ، چونكە دەستورەكە زمانی كوردی بەرەسمی ناساندوە شانبەشانی زمانی عەرەبی لە سەرتاسەری دەوڵەتی عیراقدا، وە بەیەكەم دەستوری عیراقیش دادەنرێ كە بڕیاریداوە بە ناساندنی دوو جۆر زمان وەك زمانی فەرمی وڵات، جۆریكیان لەسەرتاسەری ولاتەكە، جۆریكی تریان ناوچەیی لەسەر ئاستی ئەو یەكە كارگێریانەی كە لەداهاتوو بڕیاردەدەن لەسەر بنەمای چڕی دانیشتوان و ئەمە دەستپێشخەریەكی گرنگە .

لەبەر ڕۆشنایی ئەو دانپێدانانە دەستوریە یاسای زمانە فەرمیەکان ژمارە ٧ ساڵی ٢٠١٤ لە عیراق دەرچوو ، پێناسی زمانی فەرمی کردوە بەوەی کە زمانێکە کە دەوڵەت پشتی پی دەبەستێ لە قسەکردن و تەعبیرکردن و نامەو نوسراوە رەسمیەکان و دراوی کاغەزو پول و بڕوانامە فەرمیەکان و لەهەموو کاروبارە پەیوەندی دارەکانی دەوڵەت لە ناوەوەو دەرەوە و هەر بواریکی تر ، سەبارەت بەزمانی دادگاکان دەبینین کە یاساکە بڕیاریداوە لەسەر بەکارهێنانی هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی لە کۆبونەوە فەرمیەکان و ئەنجومەنی نوێنەران و سەرۆکایەتی کۆمارو ئەنجومەنی وەزیرانی فیدراڵ و ئەنجومەنی دادوەری باڵاو و دەستەو دامەزراوە فیدراڵیەکانی تر و کۆبونەوە فەرمیەکان لە هەریمی کوردستان و پەرەلەمانەکەی و سەرۆکایەتیەکەی و ئەنجومەنی وەزیرانەکەی ، بەم پێیە زمانی کوردی زمانی فەرمیە لە دادگاکانی هەریمی کوردستان و دادگاکانی دەوڵەتی فیدراڵیش .

یاساکە جەختی لەسەر دابین کردنی یەکسانی لە نێوان هەردوو زمانەکەدا کردۆتەوە لە ماف و ئیمتیازات سەبارەت بە بەکارهینانی لە دامەزراوە فیدرالیەکاندا ، وە پیویستە بڕوانامەو نوسراوەکان بەهەردوو زمانەکە پشتیان پێ ببەسترێ و کاریان پێ بکرێ لە هەرێمیش و دەوڵەتی فیدرالیش ، کۆڕی زانیاری عیراق و ئەکادیمیەی کوردی مەرجەعی پشت پێ بەستوو دەبن بۆ شیکردنەوەی زاراوەکان و وشەکان لە بارێکدا ئەگەر جیاوازی هەبوو تیایاندا ، هەروەها یاساکە سزای بۆ هەرکەسیک داناوە کە سەرپێچی دەقەکانی دەکات جا فەرمانبەر بێ یاخود فەرمانبەر نەبێت ، هەروەها هەرکەسیک زەرەرمەند بیت لەسەرپیچی دەقەکانی ئەم یاسایە دەتوانی سکاڵا تۆمار بکات ، وە بەگوێرەی یاساکە لیژنەیەک پێک دەهینریت بۆ جێبەجی کردنی بەسەرۆکایەتی نوینەرێک لە ئەمینداریتی گشتی ئەنجومەنی وەزیران و ئەندامیتی نوێنەرێکی حکومەتی هەریم و نوێنەریک لە دیوانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و ئەم دەستەیە سەر بە ئەنجومەنی وەزیران دەبیت وە لیژنەیەکی پسپۆڕ لە زمانەوانان و ئەکادیمیان و نوینەرانی تورکمان و سریان و مەندائیەکان ئەندامی دەبن و وە دەشتوانی نوێنەری هەر زمانێکی تری عیراقی بکات بە ئەندام .

یەکێک لە ئامانجەکانی یاساکە پاڵپشتی کردن و پێشخستنی هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی و زمانە عیراقیەکانی ترە ، بەڵام لە ڕوی پراکتیکەوە تا ئیستاکە واتە تا ئەو دەمەی ئەم توێژینەوەیە پێشکەش دەکەین لە دام و دەزگا فیدراڵیەکان

نوسراوەکان بەزمانی کوردی قبوڵ ناکەن، ئەگەر نوسراویکی کوردی ئاراستەی یەکیک لە دام و دەزگا فیدرالیەکان بکریت بە دادگا کانیشەوە دەیگێڕنەوەو داوا دەکەن بکریت بەعەرەبی ، لەوانەیە ئەوانیش ناهەقیان نەبێت و تێی نەگەن ، کەمتەرخەمیەکە لە ئەستۆی دەسەلاتی جیبەجی کردنە کە تا ئیستا هەنگاوی کردەیی نەناوە و هیچ ژێرخانیکی دروست نەکردوە کە زەمینەسازی بکات بۆ بەکارهینانی زمانی کوردی لەدام و دەزگا فیدرالیەکان ، مایەی ئاماژەیە ئەو دامەزراوانەش کە لەدوای روخانی رژیمی بەعسەوە بەدەست خودی کوردەوەن وەک سەرۆکایەتی کۆمار، کاریان نەکردوە کە زمانی کوردی وەک زمانیکی کوردی بەگویرەی دەستور لە دامەزراوەکەی خۆشیان واتە سەرۆکایەتی کۆمار بەکاربهینریت لەکاتیکدا سەرۆک کۆمار پاریزەری دەستورە دەبوایە کاری بکردایە بەگویرەی مادەی ژمارە ٤ ی دەستوری عیراق و یاسای زمانە فەرمیەکان زمانی کوردی لەهەموو دام و دەزگا فیدرالیەکان کاری پێ بکری وەک زمانی عەرەبی و هاوشانی ئەو، جا کە ئەو پۆستانە کە بەناوی کوردو بە حیساب بۆ بەرگری کردن وبەدەست هینانی مافە دەستوریەکانی کوردە، ئەگەر ئەو کوردانەی ئەو پۆستانەیان وەرگرتبێ و کاریان بۆ بەکارهینانی زمانی کوردی نەکردبی لەناو دامەزراوەکەی خۆیاندا، ئیتر چۆن گلەیی یان ڕەخنە لە بەرپرسانی تری عەرەب بکەین لە دامو دەزگا فیدرالیەکانی تر .

لەهەریمی کوردستان لەساڵی ١٩٩٢ دوای پێک هێنانی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە ١٤ ی ساڵی ١٩٩٢ دەرچوو ، لەو یاسایەدا بەدەق و بەڕونی دەڵیت زمانی دادگاکان لە هەریمی کوردستان زمانی کوردیە، هەروەها دواتر یاسای دەسەاڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣) ی ساڵی ٢٠٠٧ دەرچوو ، ئەو یاسایە دەسەڵاتی دادوەری لە وەزارەتی داد جیا کردەوە، وە لەماددەی ٦ دا دەڵیت زمانی دادگاکان زمانی کوردیەو دەشێ بەگویرەی پێویست زمانی عەرەبیش بەکار بهێنریت ، کەواتە زمانی دادگاکان بە شێوەیەکی وجوبی کوردیە بەڵام ئەگەر لایەنەکانی دەعوا عەرەب بوون دەشی دادگا زمانی عەرەبی بەکار بهێنیت، واتە بەکار هێنانی زمانی عەرەبی ئیستیسنایە واتەبەدەرە لە بنەما گشتیەکە کە زمانی کوردیە ئەویش بۆ حاڵەتی پیویست، تەنانەت لەو بارەشدا ڕیپێدراوە زمانی کوردی بەکار بیت ، هەروەک دیارە بەرواری دەرچونی یاسای دەسەلاتی دادوەری هەرێم لەدوای بەرواری دەرچونی دەستوری عیراقە ولە حوکمەکانیدا پشتی بەو بەستووە.

دوای ئەوە لەساڵی ٢٠١٤ یاسای زمانە فەرمیەکانی هەریم ژمارە ٦ دەرجوو کە دەڵێت زمانی کوردی و زمانی عەرەبی زمانی فەرمین لە هەموو عێراق، وە زمانی کوردی زمانی فەرمیە لەکوردستانی عێراق ، و پێویستە هەموو ڕێوشوێنە دادوەرەیەکان بڕیارەکانی دادگاکان بەکوردی دەربچن ، وە ئەگەریەکێک لە لایەنەکانی دەعوا زمانی فەرمی دادگای نەزانی کە کوردیە ئەوا وەرگێڕیکی بۆ دابین دەکرێت ، دەبینین ئەم یاسایە رونترو ڕاشکاوتر لە یاسای دەسەلاتی دادوەری زمانی کوردی بە تەنها زمانی فەرمی داناوە بۆ دادگاکان و ئەوەی نەیزانێ دادگا وەرگیریکی بۆ دابین دەکات ، هەروەها سزاشی داناوە بۆ سەرپێچی کەران واتە دادوەران وهەر کەسێکی تر ئەو زمانە فەرمیە پیادە نەکا ، وە دەقەکەش وجوبیەو هەر کەسێکیش زەرەر مەندە لەبەکار نەهێنانی زمانی کوردی دەشێ سکاڵا بکات .
دیارە ئەم یاسایە دوای یاسای دەسەلاتی دادوەری دەرچوەو بەمەش ئەو دەقانەی باس لەزمانی دادگا دەکەن و لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری بە پوچەڵ دادەنرێن ئەگەر دژ بن یان پێچەوانە بن لەگەڵیدا چونکە بنەمای یاساییەکە دەڵێ یاسای نوێ یاسای کۆن پوچەڵ دەکاتەوە.

لە خستنەرووی ئەو بنەما یاساییانە دەبینین کە بنەماو چوارچێوەی یاسایی پتەوەو توندو تۆڵ هەن لە کوردستان هەر لەدەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ و یاسای زمانە فەرمیەکانی فیدرالی ژمارە ١٤ ساڵی ٢٠١٤ و یاسای زمانە فەرمیەکانی هەریم ژمارە ٦ ساڵی ٢٠١٤ و هەردوو یاسای دەسەلای دادوەری هەرێم ژمارە ١٤ سالی ١٩٩٢ وە یاسای ژمارە ٢٣ ساڵی ٢٠٠٧ ، هەر هەموویان جەخت لەوە دەکەنەوە کە زمانی کوردی زمانی رەسمیە لە سەرانسەری عیراق و زمانی کوردییش زمانی فەرمیە لەکوردستان، پێویستە هەموو دامەزراوەکان بەتایبەتی دادگاکان هەموو ڕێوشوین و کۆنوس و بڕیارەکانییان بەکوردی بێت و هیچ گومانیکی تیدا نەهێشتۆتەوە، کەچی بەداخەوە لەسەر زەمینی واقیع وانیە بەتایبەتی لەدادگاکان وەک لە بەشی دوەمی باسەکە دەیبینین کە تائیستاش کۆنوس و ڕێو شوین وبریارەکانی زۆرێک لەدادگاکان بەعەرەبین و کەسیش سزا نادرێ یان لێپرسینەوەی لەگەڵ ناکرێ وەک ئەوەی لە یاساکەدا هاتوە، هەروەها دەسەڵاتی دادوەریش مشوری پێویستی نەخواردوە بۆ دامەزراندنی سەنتەریکی لیکۆلینەوەو زمانی یاسایی بۆ دروست کردنی زمانیکی یاسایی کوردی یەکگرتوو

وە بڕیاردان لەسەر زاراوە یاساییەکان کە لەمسەر تا ئەوسەری کوردستان لە دادگاکان بۆ هەر ووشەیەک هەمان شت بەکار بهێنرێ و نەبێتە میزاجی دادوەران . لەبەرامبەردا حکومەتەکانی عیراق دەمێکە هەستاون بەکاری پێویست بۆ پاراستنی زمانی عەرەبی، سەرەرای ئەوەی هەموو دەستورەکانی عێراق دانیان ناوە بە فەرمی بوونی زمانی عەرەبی، هاتون یاسای تایبەتیان بە پاراستنی زمانی عەرەبی دەرکردوە، وەک یاسای پاراستنی زمانی عەرەبی ساڵی ١٩٧٣، یاسای پاراستنی سەلامەتی زمانی عەرەبی ژمارە ٦٤ ساڵی ١٩٧٧ ، وە یاسای کۆڕی زانیاری عێراق ژمارە ٢٢ ساڵی ٢٠١٥ ، بۆیە داوا لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتی دادوەریش دەکەین هەستن بەکاری پێویست بۆ دروست کردنی سەنتەری زانستی زمانەوانی پێویست وە پاراستنی زمانی کوردی وە بەکارهینانی لە هەموو بوارەکان و سزادانی سەرپێچی کەران.

## باسی دووەم

## واقیعی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە دادگاکانی هەرێم

دوای ئەوەی لە باسی یەکەمدا رونمان کردەوە کە بەگوێرەی مادەی ٦ لە یاسای دەسەلاتی دادوەری ژمارە ٢٣ ساڵی ٢٠٠٧ ی و پێشتریش یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە ١٤ ساڵی ١٩٩٢ وە یاسای زمانە فەرمیەکان ژمارە ٦ لەساڵی ٢٠١٤ پەرلەمانی کوردستان، زمانی کوردی زمانی دادگاکانە لەهەرێم و دەقەکەش بەوجوبی هاتوە واتە پویستە کوردی بێت، بەلام ئەگەر سەیری واقیعی زمانی کوردی بکەین لە دادگا دوای ٢٩ ساڵ بەسەر دروست کردنی حکومەتێ هەرێم و دەرچوونی یەکەم یاسای دەسەلاتی دادوەری لە هەرێم لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە کە ئەویش یاسای ژمارە ١٤ ی ساڵی ١٩٩٢ ە، کە لەماددەی پێنجەمدا زۆر بەرونی دەڵێ زمانی کوردی زمانی دادگاکان دەبێ و ئەگەر یەکێک زمانی دادگا واتە کوردی نەزانی دادگا لەرێی وەرگێڕی سوێندراو گوێبیستی وتەی لایەنەکانی دەعواو شەیەتەکان دەبێت. هەروەها تێپەڕبوونی ١٤ ساڵ بەسەر دووەم یاسای دەسەلاتی دادوەری ژمارە ٢٣ سالی ٢٠٠٧ وە حەوت ساڵ بەسەر دەرچونی یاسای زمانە فەرمیەکانی هەرێم ٢٠١٤ ،بەلام دەبینین تا ئێستا زمانی رەسمی بەشێوەیەکی میزاجیەو دەکەوێتە سەر ویست و میزاجی دادوەر یان دادگاکە.

**داواکراوی یەکەم**

**کێشەکانی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە دادگاکان**

سەرەتا دەبێ بڵێین و بەرونی ببینین کە جیاوازی هەیە لە نێوان دادگا سەرەتاییەکان جا مەدەنی بن یان جەزایی یان شەرعی زیاتر کوردی بەکار دەهێنن بەلام دادگاکانی پێداچونەوەو تێهەلچونەوەو تەنانەت تاوانەکانیش جا بەسیفەتی ئەسلی بێت یان بەسیفەتی پێداچونەوە زیاتر زمانی عەرەبی بەکار دەهێنن. هەروەها تێبینی دەکرێت کە لە دادگاکانی دهۆک زیاتر عەرەبی بەکار دەهێنرێت وەک دادگاکانی هەولێر و سلێمانی، ئێمە لەم توێژینەوەیە هەندێ نموونەی دادگا سەرەتایی و دادگاکانی تانە لێدانیش ئاماژە پێ دەدەین و وێنەیەک لە کۆپی بڕیارەکەش وەک پاشکۆ لە کۆتایی ویژینەوەکە دادەنێین.

هەواڵنامەی کتێب

**لقی یەکەم**

**کێشەکانی بەردەم بەکارهێنانی زمانی کوردی**

وەک باسمان کرد دەبوایە لە ساڵی ١٩٩٢ ەوە زمانی ڕەسمی لەدادگاکان کوردی بوایە بەلام نەکراوە ، هۆکارو تەنگ و چەڵەمەکانیش لە چەند شتێکدا خۆیان دەبیننەوە کە دەتوانین هەندێکیان دەست نیشان بکەین:

١. باڵادەستی زمانی عەرەبی لە ناو دادوەران و پارێزەران و یاساناسان. زمانی ڕەسمی خوێندن لە کۆلێجەکانی یاسا عەرەبیە. دوای ڕاپەرین دادوەران و یاریدەدەرانی دادوەری و لێکۆلەرەوانی دادی و پارێزەرو یاساناسان کە لەدادگا کاریان دەکرد، چەندین سال بوو لە دادگاکان زمانی عەرەبیان بەکار دەهێنا بۆیە کە ڕاپەرین کراو حکومەت و پەرلەمانی هەرێم دروست بوو یاسای دەسەلاتی دادوەری دانرا، هەرچەندە ئیلزامی کرد کە زمانی دادگاکان کوردی بێت بەلام پیادە نەکرا چونکە نەیاندەتوانی و نەشیان دەویست بەزمانی کوردی دادبینیەکان بەرێوە بەرن و پێیان وابوو کارێکی ئەستەمە.

٢. نەبونی ئیرادەیەک بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی و دانەمەزراندنی دامەزراوەیەک کە بەکاری وەرگێران و دانانی زمانێکی یەکگرتویی یاسایی کوردی هەلبستێ.

٣. تەماشا کردنی زمانی کوردی بە زمانێکی کەم بایەخ و هەژار لە روی زاراوەو ووشە سازیەوە کە توانای ئەوەی نیە وەک زمانی یاسا بەکاربێت.

٤. تەماشاکردنی ئەو دادوەرو کارمەندە یاساییانەی کە عەرەبیان بەکار نەدەهێنا بەوەی کە نەزانن یان توانایان کەمە، بۆیە کەسی تازە کەدەهاتە ناو سیستەمی دادوەری بۆ ئەوەی وەک کەسی کەم توانا و نەزان تەماشا نەکرێ هەولی دەدا بەعەرەبی بنوسێ وزمانی عەرەبی بەکاربێنێ.

٥. بە کەم تەماشا کردنی زمانی کوردی و ئەوانەی بەکاری دەهێنن لەلایەن جیلی پێش خۆیان ، چۆن کاتی خۆی شاعیرانی سەردەمی نالی تانەیان لە نالی دەدا بەوەی کە شیعر نابێ بەکوردی بنوسرێ بەهەمان شێوەش لەلایەن دادوەران و کارمەندانی پێشوتری دادگاوە وا تەماشای ئەوانە دەکرا کە هەولیان دەدا کوردی بەکار بهێنن.

٦. نەبوونی زمانێکی یەکگرتوی یاسایی کوردی، بە ئێستاشەوە هیچ دامەزراوەیەکی فەرمی نیە ئەم ئەرکەی گرتبێتە سەرشانی خۆی بۆیە زاراوەکان لە دادوەرێکەوە بۆ دادوەرێکی ترو لە دادگایەکەوە بۆ دادگایەکی ترو لەشارێکەوە بۆ شارێکی تر دەگۆرێن، ئەوەش هاندەر نیە بۆ ئەوەی زمانی یاسایی کوردی لەدادگاکان بەکار بهێنرێن. ئەوەی تا ئێستاش هەیە وەرگێرانی کەسیەو هەرکەسەو بە ئارەزوو وداتاشینی خۆی وشەیەک بۆ زاراوەیەکی یاسایی دادەتاشێ.

٧. وەک لە باسکردن و پیشاندانی نمونەی بریارە جیاجیا کانی دادگا بۆمان درکەوتن، بریارەکانی دادگای تەمییز وەک بالاترین دادگای بالای پێداچونەوە بۆ بریارەکانی دادگا سەرەتاییەکان عەرەبین چونکە زۆرێکیان لەو جیلە کۆنەن کە کوردی باش نازانن بۆیە دادگاکانی ژێرەوەش بەناچاری هەندێکیان بە عەرەبی دەنوسن بۆ ئەوەی ئەندامانی دادگای تەمیز لە ناوەرۆکەکەی بگەن. روشیداوە دادوەری دادگای تەمییز گلەیی لەدادوەرێک کردوە کە بۆچی بریارەکانی بەکوردیەو ئەوان تێی ناگەن ، بۆیە دادوەرەکەش ناچار بریارەکانی کردوە بەعەرەبی .

٨. هۆکارێکی تری بەرەو پاشچون یان بەکار نەهێنانی زمانی کوردی بەتایبەی لەدوای ڕوداوەکانی ساڵی ٢٠١٧ەو لەدەست دانی نیوەی خاکی هەریم و لاوازبونی هەریم، زۆریک لەدادگا فیدرالیەکان کاتیک بڕیارێکی دادگایان بەکوردی بۆ دەچێت دەیگێڕنەوەو داوا دەکەن بکرێت بەعەرەبی بۆیە دادوەرانیش لەو داوایانەی کە پەیوەندیان بە دامەزراوە فیدرالیەکانەوە هەیە راستەوخۆ بریارەکە بەعەرەبی دەردەکەن.

### لقی دووەم

### چەند نمونەیەکی پراکتیکی لە بڕیارەکانی دادگاکان

لەم بەشەدا چەند نمونەیەکی پراکتیکی بە هەرەمەکی لە بڕیاری دادگا جیاوازەکان بە نمونە وەدەگرین، وە ئێمە زیاتر تەکیزمان کردۆتە ئەم ساڵانەی دوایی واتە ساڵانی ٢٠١٩ و ٢٠١٢ و ٢٠٢١ بۆ ئەوەی بزانین کە ئایا تا ئەم ساڵانەی دواییش زمانی عەرەبی و کوردیش بەکار دێت یان نا ؟ لە ئەنجامی پیشاندانی بڕیارەکانەوە بۆمان دەردەکەوێت کە تا ئێستا بەشێوەی میزاجیەو دەکەوێتە سەر خودی دادوەرەکە خۆی ئێمە لەناو توێژینەوەکە ئاماژە بە ژمارەو بەرواری هەندێ لەو بڕیارانە دەدەین و دەقی کۆپی بڕیارەکەش وەک پاشکۆ لەگەل توێژینەوەکە پێشکەش دەکەین.

**یەکەم : دادگای تەمییز:**

بەگشتی ئەگەر سەیر بکەین دادگای تەمییزی هەرێم کە بالاترین دادگای کوردستانە بۆ پێداچونەوەی بڕیارەکانی دادگا سەرەتایی و بەراییەکان مەدەنی و سزایی هەموو بڕیارەکانیان بەعەرەبی دەردەچن جا چ لەلایە دەستە جیاوازەکانی دادگاکەوە بێت وەک دەستەکانی سزایی و مەدەنی کاروباری کەسێتی و متەفەریقەو دەستەی فراون یان دەستەی گشتی بێت و هیچ بڕیارێکی کوردی نیە لێرە تەنها وەک نمونە ئاماژە بە هەندێ لەو بڕیارانە دەدەین:

١. ژمارەی بڕیار ١١٧٥/ الهیئە الجزائیە الاولی / ٢٠١٩ لە ٤/ ١١/ ٢٠٢٠ دەستەی سزایی یەکەم لە دادگای پێداچونەوەی هەرێمی کوردستان.

٢. ژمارەی بڕیار ٧٦٠/ الهیئە الجزائیە الپانیە / ٢٠٢١ لە ٢٠/ ٢٠٢١/١١ دەستەی سزایی دووەم لە دادگای پێداچونەوەی هەرێم.

٣. ژمارەی بڕیار ٤٦٨/ الهیئە الجزائیە الپانیە /٢٠٢١ لە ٢٨/ ٢٠٢١/٤ دەستەی سزایی دووەم لە دادگای پێداچونەوەی هەرێم.

٤. ژمارەی بڕیار ٩/ تقاعد/ ٢٠٢١ لە دەستەی کشتوکاڵی وموتەفەریقەو کار لە دادگای پێداچونەوەی هەرێم.

٥. ژمارەی بڕیار ٢١٤٠/ ب/ ٢٠١٩ لە ٢٠١٩/٧/٢٢الهیئە المدنیە الاستئنافیە ٢٠٢٠ لە دەستەی مەدەنی تێهەڵچونەوەی دادگای پێداچونەوەی هەرێم.

٦.

٧. ژمارەی بڕیار ٤٨/ الهیئە المدنیە الاستئنافیە/ ٢٠٢٠ لە دەستەی مەدەنی تێهەڵچونەوەی دادگای پێداچونەوەی هەرێم.

**دووەم :دادگاکانی تێهەڵچوونەوە:**

ئاشکرایە کە لەهەرێم چوار دادگای تێهەلچونەوە هەن، بریتین لە دادگاکانی تیەلچونەوەی هەولێر، سلێمانی، دهۆک، و گەرمیان ، بە دوو سیفەت دەعوا دەبینن ئەوانیش بەسیفەتی ئیستیئنافی وە سیفەتی پێداچونەوە . دیارە سەرۆکایەتی دادگاکانی تێهەلچونەوە بەهەردوو سیفەتەکەی لە دهۆک و هەولێریش بریارەکانیان بەشی هەرە زۆری تا ئێستا هەر بەعەرەبیە . لەسلێمانی جیاوازە هەیە بەکوردیە هەیە بەعەرەبی تەنانەت لەلایەن هەمان دەستەوە یان دادوەرەوە ، تێبینی دەکرێ کە بریارەکانیان جار هەبووە بەعەرەبی جار هەبووە بەکوردی. ئەمەش نمونەی بریارەکان:

١. بریاری ژمارە ٣١٣/ا س /٢٠١٩ لەلایەن دادگای تێهەلچونەوەی ناوچەی سلێمانی بەسیفەتی ئەسڵی لە بەرواری ٢٠٢٠/٢/٢٥ بەعەرەبیە.

٢. بریارێکی تری هەمان دادگای تێهەلچونەوەی ناوچەی سلێمانی بەسیفەتی ئەسڵی یان بنەرەتی ژمارە ٢٣/س/٢٠٢٠ لەبەرواری ٨/١١/ ٢٠٢٠ دەرچوە بەکوردیە.

٣. بریاری دادگای تێهەلچونەوەی ناوچەی سلێمانی بەسیفەتی پێداچونەوە ژمارە ٦/پ/٢٠٢٠ بەکوردی.

٤. بریارێکی تری دادگای تێهەلچونەوەی سلێمانی بەسیفەتی پێداچونەوە هەمان دادوەرانی پێشو ژمارە ١٨٢/پ کەتن / ٢٠٢١ لە بەرواری ٢٠٢١/١/١١ بەعەرەبی.

**سێیەم: دادگا بەرایی و سەرەتاییەکان:**

مەبەستمان هەموو دادگاکانی سزایی و مەدەنی و شەرعیە وەک دادگاکانی تاوانەکان و کەتن و بەرایی و کاروباری کەسێتی و دادگای کارو ...هتد، تێبینی دەکرێ ریژەی بەکارهێنانی زمانی کوردی لەو دادگایانە زۆر زیاترە لە دادگا بالاکانی پێداچونەوەو تێهەلچونەوە بەلام هێشتا لەلایەن هەندێ لەو دادگایانەشەوە زمانی عەرەبی زمانی دادگایەو بریارەکانیان بەعەرەبی دەردەچێ. هەروەها تێبینی ئەوەشمان کردوە لەلایەن دادوەری هەمان دادگا جار هەیە زمانی کوردی بەکار دەهێنێت جاری تریش زمانی عەرەبی واتە بەگوێرەی میزاجی کەسی دادوەرەکە.

لێرەدا تەنها وەک سامپڵ ئاماژە بەهەندێک لەو بریارە عەرەبیانە دەدەین کە لەم دوو سێ ساڵەی دوایدا لەلایەن ئەو دادگایانەوە دەرچوون. دیارە رۆژانەو مانگانەو ساڵانە سەدان و بگرە هەزاران بریار لە دادگا جیاوازەکانی هەرێمی کوردستانەوە

دەردەچـن ، ئێمە لێرە چەند نمونەیەکی هەرەمەکی لە بریاری دادگاکا دێنینەوە، بەتایبەتی نمونە بۆ بەکارهێنانی زمانی عەرەبی هەندێ نمونەی کوردیش دەهێنینەوە بەتایبەتی ئەو بریارانەی لەهەمان دادوەر یان دادگاوە دەردەچن جارێک بەکوردی و جارێکی تر بەعەرەبی. ئێمە لە ناواخنی توێژینەوەکە تەنها ئاماژە بە ژمارەو بەرواری بریارەکەو ئەو دادگایەی دەری کردوە دەکەین ، وێنەیەک لەو بریارانەش کە ئاماژەمان پێداوە وەک بەلگە بۆ بەکارهێنانی زمانی عەرەبی لەلایەن دادگاکانەوە وەک پاشکۆ لە کۆتایی توێژینەوەکە دادەنێین بۆ ئەوەی ئەگەر یەکێک بیەوێ چاویان پێدا بخشێنێ، ئەمەش نمونەی بریارەکان:

١- بریاری دادگای تاوانەکان:

a. بریاری دادگای تاوانەکانی هەولێر ژمارە ٤٧/ج/٢٠٢١/٢ بەعەرەبی.

b. بریاری دادگای تاوانەکانی دهۆک بەسیفەتی پێداچونەوە ژمارە ١٥ /ت/٢٠٢٠ لە ٢٠٢٠/١٠/٤ بەعەرەبی.

c. بریاری دادگای تاوانەکانی هەولێر بەسیفەتی پێدا چونەوە ژمارە ١٠٦/ت ج/ ٢٠١٩ لەبەرواری ٢٠١٩/٥/٢٢ .

d. لە سلێمانی لەدوای سالی ٢٠١٧ ەوە دادگاکانی تاوانەکان زیاتر بەرەو کوردی کردنی زمانی دادگا هەنگاو دەنێن.

٢- بریارەکانی دادگاکانی باری کەسی:

دەبینین زۆرترین بریار لەو دادگایە تا ئێستا هەر بەعەرەبیە بەلام دادوەریش هەیە بریارەکانی بەکوردین دادوەریش هەیە بەگوێرەی میزاجی خۆیەتی جارێک بریارێک بەکوردی دەردەکات جارێکی تر بەعەرەبی و ئاماژە بەچەند نمونەیەک دەدەین:

a. بریاری ژمارە٢٢٢٠/ش/٢٠٢٠ لەبەرواری٢٠٢١/١/١٢ کە لەدادگای باری کەسی سلێمانی /٤ دەرچوە، یان بریاری ٢٧٩٧/س/٢٠٢٠ لە هەمان دادوەرە، بەلام هەمان دادوەر بریاری ژمارە٤٧٩١ /ش/٢٠٢٠ لە بەرواری ٢٠٢٠/١٢/٨ بەکوردی دەرکردوە .

b. بریارێکی تر لە دادگایەکی تری باری کەسی دەرچوە ئەویش بریاری ژمارە ٢٠٥٦/ش/٢٠٢١ لە بەرواری ٢٠٢١/٤/١٨ لە دادگای باری کەسی سلێمانی/٢ دەرچوە بەعەرەبی، هەمان دادگاو دادوەر بریاری ژمارە ٣٧٩٥/ش/٢٠٢٠ لەبەرواری٢٠٢٠/١/١٩ بەکوردی دەرکردوە.

c. بریاری ژمارە ٤٥٣٩/ش/٢٠١٩ لەبەرواری ٢٠٢/٧/٢٦ لە دادگای باری کەسێتی/

هەواڵنامەی کتێب

٥ لە سلێمانی درچوە بەعەرەبی ، هەروەها بریاری ژمارە ١٥٥/ش/٢٠٢٠ لەبەرواری ٢٠٢٠/٨/١٩ لە دادگای باری کەسێتی سلێمانی /١ بەعەرەبی دەرچوە.

d. لەکاتێکدا دادوەری باری کەسیشمان هەیە زۆربەی هەرە زۆری بریارەکانی بەکوردی دەردەکات بۆ نمونە خاوەنی بریاری ژمارە ١٤٤٤/ش/٢٠١٩ لە بەرواری ٢٠٢٠/٢/٣ لە دادگای باریکەسی سلێمانی/٢.

هەروەها ئەوەی تێبینیمان کرد ئەوەیە کە زۆربەی هەرە زۆری بریارەکانی دادگای بەرایی لە سلێمانی بەکوردین.

دوای پیشاندانی ئەو چەند نمونەیە کە وەک مشتێک وایە نمونەی خەروارێک و بەهەرەمەکی هەلمان بژاردون بۆمان دەردەکەوێ کە سەراری ئەوەی زمانی کوردی بەگوێرەی یاسا زمانی فەرمی دادگاکانە لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی وجوبی بەلام تا ئێستا دەکەوێتە سەر میزاجی دادوەرانی کوردستان هەیانە کوردی بەکار دەهێنێ هەشیانە تا ئێستا هەر عەرەبی بەکار دەهێنێت هەشیانە چۆنی بۆ بلوێ وادەکات جارێک کوردی و جارێک بە عەرەبی.

**داواکراوی دووەم**

**ڕێوشوێنی گونجاو بۆ سەرخستنی پرۆسەی بەکوردی کردنی زمانی دادگاکان**

دیارە یاسا دەبێ جێبەجێ بکرێ بەتایبەتی لەلایەن دەسەلاتی دادوەریەوە بەلام ئەوەی جێی داخە دوای نزیکەی ٣٠ ساڵ لە حوکمڕانی کوردی و دەرچونی یەکەم یاسای دەسەلاتی دادوەری لەهەرێم لەسالی ١٩٩٢ کە تیایدا بریاریدا زمانی دادگاکان کوردی بن، ئەم یاسایە هەر جێبەجێ نەکراو بێ دودڵی دەتوانین بلێین لە سەردەمی یەکەم یاسای دەسەلاتی دادوەری هەرێم کە دەبوایە تەنها زمانی کوردی زمانی رەسمی دادگاکان بێت تا سالی ٢٠٠٧ لە هیچ دادگایەکی هەرێم کوردی بەکار نەهات.

لەدوای دەرچونی یاسای دەسەلاتی دادوەری ژمارە ٢٣ سالی ٢٠٠٧ یش یاسای زمانە فەرمیەکانی هەریمیش لەساڵی ٢٠١٤ هەرچەندە ئەوانیش زمانی کوردیان وەک زمانی رەسمی دادگا داناو بەتایبەتی یاسای زمانە فەرمیەکان هەروەها یاسای دەسەلاتی دادوەریش هەر دەڵێ زمانی کوردی زمانی دادگاکانە و دەشێ زمانی عەرەبی لەپال کوردیدا بەکار بهێنرێ بەگوێرەی پێویست. بەلام دوبارە هیچ بەرنامەیەک و

ئاراستەیەکی ناوەندی نیە لە ئەنجومەنی دادوەریەوە کە دادوەر و دادگاکان ناچار کات بەبەکارهێنانی زمانی کوردی، بەڵێ گشتاندن کراوە بەلام ئەنجومەن لەو گشتاندنەی خۆی ناپرسێتەوەو دادوەران ئیلزام ناکات، بەوەش کارەکە وەک کارێکی میزاجی و شەخسی دەمێنێتەوە، هەرچەندە لەم ساڵانەی دوایدا دادوەران زیاتر بەهەولی خۆیان بەرەو کوردی کردن دەرۆن کە دەبوایە ئەنجومەنی دادوەری هاوکار بێت و فشاریشی هەبێت و هەروەها ناوەندێکی وەرگیرانی یاسایی و لێکۆلینەوەی یاسایی دروست بکردایە و هەولی دابین کردنی زمانێکی یاسایی یەککگرتوی بدایە لەسەرجەم دادگاکان و دام و دەزگا دادوەری و دادیەکاندا.

ئەوەش زیاتر بۆ پاشخانی مەعریفی و خوێندنی دادوەرانی ئەوکات دەگەرایەوە کە زۆربەیان سەرچاوەی رۆشنبیری و خوێندنیان بەعەرەبی بوو. جگە لەنەبونی ئیرادەو نەبونی بڕوا بەوەی کە دەشێ زمانی کوردی زمانی یاساو زمانی دادگاکان بێت . چۆن سەردەمی نالی شاعیران و نووسەران ڕەخنەیان لە نالی دەگرت کە زمانی کوردی بۆ شیعرو ئەدەب ناشیت و ئەوەی بە فارسی و عەرەبی و تورکی نەنوسیت شاعیر نیەو توانای نیە، ئاوهاش زۆرێک لەدادوەران یاساناسان پێیان وابوو ئەو دادوەرو یاساناسەی بەکوردی دەنوسێت توانای کەمە و هەروەها زمانی کوردیش زمانیکی هەژارە و ناتوانێ ببیت بەزمانی یاسا بویە :-

یەکەم: پێویستمان بە ئیرادە هەیە لە جێبەجێ کردنی یاساکە لەلایەن ئەنجومەنی دادوەریەوە، بەوەی گشتاندن بکات و بەرواریک دابنێ و لەدوای ئەو بەروارەوە هەر دادگاو دادوەریک زمانی کوردی بەکارنەهێنێ سزا بدریت بەگویرەی ئەوەی لە یاسای زمانە فەرمیەکانی هەریمدا هاتوە ، ئیرادە هەبی ئیستاش دەتوانرێ زمانی کوردی بەکاربهێنری بی کێشە هەروەک چۆن هەندێ دادوەر بەدەست پێشخەری خۆیان ماوەیەکی باشە تەنها زمانی کوردی بەکاردەهێنن و ئیمە پیمان وایە بەکارنەیێنانی زمانی کوردی وەک ئەوەی یاساکە دەخوازێت بڕیاری دادگا لەڕوی ڕوالەتیەوە لەکەدار دەکات، ئیتر دەبێ دادگاکانی پیداچونەوەو تێهەڵچونەوە چاودیری ئەم لایەنە بکەن و ئەگەر بینیان بڕیاریک بەزمانی عەرەبی نوسراوە لە کاتیکدا لایەنەکانی دەعوا کوردن دەبی هەڵی بوەشێیننەوە لەروی روالەتیەوە ، دیارە ئەگەر چەند بڕیاریک هەلبوەشینرێتەوە ئیدی دادگاکانی ژێرەوە ناچارن یاساکە کوردی بەکار بهێنن، بەلام وەک لە پیشاندانی نمونەکان بینیمان دادگای پێداجونەوە خۆی هەموو بریارەکانی تا

ئێستاش بەعەرەبین دوای ئەویش دادگاکانی تیَ‌هەڵچونەوە.

دووەم: پێویستە لەسەر سەرپەرشتیاری دادوەری لەکاتی بەدواداچون و پشکنینی کاروبارو بڕیارەکانی دادگاکان ئەم لایەنەش بپشکنێ و ئەگەر بینی دادوەریک زمانی کوردی پەیڕەو ناکات لە ڕاپۆوتی خۆی ئاماژەی پێبدات.

سێیەم: بۆ نەهێشتنی هیچ بیانویەک پێویستە لەسەر ئەنجومەنی دادوەری سەنتەریکی لیکۆلینەوەی یاسایی و وەرگیڕان بکاتەوەو کاری ئەوە بیت زمانێکی یەکگرتوی یاسایی دروست بکات و لەسەر زاراوە یاسییەکان ڕیک بکەون و گشتاندنی بۆ بکری بۆ هەموو دادگاکان .

چوارەم: پێویستە ئیمە جەخت و تەرکیزمان لەسەر ناوچەکانی دەوڵەتی فیدرالیش بێت، چونکە وەک ئاماژەمان پێدا زمانی کوردی بەگویرەی دەستوری عێراق و یاسای زمانە فەرمیەکانی فیدرالی زمانی رەسمیە لەسەرتاسەری عیراق، بۆیە دەبی کار بکەین بۆ ئەوەی زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی لەسەرجەم داموەزگا فیدرالیەکان بەتایبەتی دادگاکان بەکاربهێنری .

بەلاَم بەبێ ئەوە بلێین  ئەگەر وەزعی ناو هەرێم وابێت ئیتر بۆچی گلەیی لە ناوچەکانی تری عێراق بکەین بەناوچە جێناکۆکەکانیشەوە کە تا ئێستا نە لەدادگاکان و نە لەهیچ دام و دەزگا فەرمیەکان زمانی کوردی بەکار نایەت لە کاتێکدا بەگوێرەی دەستوری عێراق و یاسای زمانە فەرمیەکانیش زمانی کوردی زمانی فەرمیە لە هەموو عێراقدا هاوشان لەگەل زمانی عەرەبی دەبێ لە هەموو دام و دەزگا فەرمیەکان بە دادگاکانیشەوە بەکار بێت. کەچی  بەداخەوە ئەو دەقەی دەستوریش کە مادەی ٤ ە وە یاسای زمانە فەرمیەکانیش پشتگوێ خراون، نەک هەر ئەوە ئەگەر هاولاتیەکی هەرێم بریارێکی دادگای لەهەرێم بۆ دەرچێ بەکوردی و بیبات بۆ مامەڵەیەکی فەرمی لەیەکێک لە دام و دەزگا فیدرالیەکانی ناوەراست و باشوری عێراق لێی وەرناگرن و دەیگێرنەوە بۆ دادگا یان دام و دەزگاکانی هەرێم  لە کامیانەوە دەرچوبێ ، بۆئەوەی یان بیکەن بەعەرەبی یان وەریگێرنە سەر عەرەبی و پەسەندیشی بکەنەوە وە توێژەر خۆی ئەمەی لە دادگا بینیوە ئەگەر دادوەرەکە بەقسەی ئەو دادگایە یان فەرمانگە فیدرالیە نەکات و بۆیان نەکات بەعەرەبی ئیشەکەی پەکی دەکەوێت و بۆی ناکرێ.

بەداخەوە نوێنەرانی کورد و هەرێمیش لەبەغدا چی لە ئەنجومەنی وەزیران یان پەرلەمان بێت کاریان نەکردوە بۆ چارەسەرکردنی بابەتی بەکارهێنانی زمانی کوردی

لەسەرجەم دام و دەزگاکانی عێراقدا، کە ئەوە هەڵەو کەم و کورتی خۆمانە هەروەک چۆن چەند سالە لە ناو خۆش کەمتەرخەمین بەرامبەر زمانی خۆمان. بۆیە پێویستە تیمی کورد لە ئەنجومەنی وەزیرانی فیدرال پێدابگرێت و پرۆژەی هەبێت کە زمانی کوردی لە هەموو عیراق وەک عەرەبی بەکار بهێنرێت هەروەک چۆن عەرەبی بەکار دێت ئەویش بەپشت بەستن بە دەستورو یاسای زمانە فەرمیەکان بەتایبەتی لە ناوچەی جێناکۆک کە لەسەردەمی پاشایەتیەوە بەگوێری یاسای زمانە لۆکالیەکانی سالی ١٩٣١ کوردو عەرەب و تورکمان مافیان هەیە هەر لایەو زمانی خۆی لەو ناوچانە بەکاربێت وەک زمانی فەرمی لە دام و دەزگاکان بە دادگاشەوە. وەپێویستە فشار بکرێ بۆئەوەی کە حکومەتی فیدرال بودجەو توانای مرۆیی بۆ دابین بکات.

هەروەها دەبێ پەرلەمانتارانی کورد فشار بکەن لەسەر حوکمەت و وەزیری تایبەتمەند کە ئاسانکاری و هاندانی پێویست بکەن بۆ دروست کردنی سەنتەرێکی یاسایی کوردی و هەروها دامەزراندنی لاوانی کوردی دەرچووی زانکۆ لەو ناوچانە بۆ زیندوکردنەوەو پەرەپێدانی زمانی کوردی، وە لەهەر وەزیرێک یان بەرپرسی فەرمانگەیەک یان دامەزراوەیەک بپرسنەوە کە یاسای زمانە فەرمیەکان جێبەجێ ناکات و زمانی کوردی بەکار ناهێنێ. هەروەها گرنگە کار لەسەر جالیەی کوردی بکەین لە ناوچەکانی ناوراست و خواروی عیراق بە راهێنانی چەندین کادر لەبواری زمانەوانی کوردی بەگشتی و زمانی یاسایی کوردی بەتایبەتی بۆ یاساناسە کوردەکانی ئەو ناوچانە، هەروەها کردنەوەی خویندنگەو پەیمانگای نمونەیی و خولی خیرا بۆیان ، وە ئەگەر زمانی کوردی لەسەرجەم دامـەزراوە فیدرالیەکان بەکار هات ئەوکات دەشێ ئەوانی ئامادەکراون لەدامەزراوەکان وەک وەرگێر دابمەزرێن، بەمەش چەن چۆلەکەیەک بەبەردیک دەپێکین و هەم خزمەتی زمانی کوردی دەکەین و زیندوی دەکەینەوە لەلایەکی تریشەوە هەلی کاریش بۆ ژمارەیەکی زۆر پەیدا دەبی کەئەمەیان کاریکی ئاسان نیە وە هەوڵ و تیکۆشان و تەرخان کردنی بودجەی باشی پیویستە.

**دەرەنجام و پێشنیازەکان**

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە گەیشتینە ئەم دەرەنجام و پێشنیازانەی خوارەوە:

**دەرەنجامەکان:**

**یەکەم : سەبارەت بە زمانی کوردی بەگشتی:**

١-یەکەم دەستوری عیراق کە ناسراو بوو بەیاسای بنچینەیی ساڵی ١٩٢٥ دانی نەنابوو بەزمانی کوردی وەک زمانیکی فەرمی لە عێراقدا.

٢- بۆ یەکەم جار یاسای زمانە لۆکاڵیەکان ژمارە ٧٤ ی ساڵی ١٩٣١ لە مادەکانی (٢ و ٣ و ٤ ) بڕیاریدا کە زمانی کوردی زمانی فەرمی بێ لەناوچە کوردنشینەکان و لەدادگاکانیش.

٣- لە ٥ مایسی ساڵی ١٩٣٢ وەک مەرجەکانی خۆگونجاندن بۆ وەرگرتنی عێراق لە ئەندامێتی کۆمەڵەی گەلان لەو ساڵەدا عیراق ڕاگەیەنراوێکی ئاراستەی کۆمەڵەی گەلان کردو پابەند بونی خۆی لەبەکار هێنانی زمانی دایک لە ژیانی تایبەت و کۆبونەوە گشتیەکان و رۆژنامە گەری و دادگاکان ڕاگەیاند.

٤- هەرچەندە دەستورە کاتیەکانی کۆدیتاچیەکانی ساڵەکانی ١٩٥٨ و ١٩٦٤ و ١٩٦٨ دانیان نا بەنەتەوەی کورد وەک نەتەوەیەکی سەرەکی و هاوبەش لەعێراقداو جەختیان لە مافە نەتەوەییەکانی کردەوە بەڵام هەمویان خۆیان لەوە لادا دان بەزمانی کوردیدا بنین لە چوارچێوەی دەستورەکەدا.

٥- دەستوری کاتی عێراق ساڵی ١٩٧٠ کە دوەم دەستوری حکومەتی بەعسە یەکەم دەستورە لەمادەی ٧ یدا دان بە فەرمی بونی زمانی کوردیدا داناوە و یاسای ئۆتۆنومی ژمارە ٣٣ ساڵی ١٩٧٤ یش جەختی کردەوە کە زمانی کوردی زمانی فەرمیە لە ناوچەکانی ئۆتۆنۆمی، بەلام ئەم دانپێنانە تەنها لە چورچێوەی تیۆری بو لە بواریکی تەسکدا نەبێت پیادە نەکرا.

٦- یەکەم دەستوری کاتی دوای ڕوخانی رژیمی بەعس کە ناسروابوو بە یاسای بەریوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە ساڵی ٢٠٠٤دانی بەوەدا نا کە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی زمانی رەسمین لەسەرتاسەری عیراقدا.

٧- دەستوری دیموکراتی عیراق ساڵی ٢٠٠٥ کە ڕپراسی لەسەر کراو لەسەدا هەشتای دەنگدەرانی عیراق دەنگیان بۆدا جەختی لەسەر فەرمی بوونی زمانی کوردی هاوشانی زمانی عەرەبی کردەوە لەسەرتاسەری عێراقدا.

**دوەم :سەبارەت بە زمانی کوردی لە دادگاکان:**

١- لە ساڵی ١٩٩٢ یەکەم یاسای دەسەلاتی دادوەری دەرچوو لە هەریم و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە زمانی کوردی  زمانی فەرمی دادگاکانە هەروەها لەساڵی

٢٠١٤ یاسای دەسەلاتی دادوەری نوێ دەرچووو جەختی کردەوە لەمادەی ٦ کە زمانی کوردی زمانی دادگاکانەو دەشێ لە کاتی پێویست زمانی عەرەبیش بەکاربهێنری.

٢-لە سالی ٢٠١٤ یاسای زمانە فەرمیەکان دەرچوو جەختی کردەوە کە زمانی فەرمی دادگاکان زمانی کوردیە وە ئەگەر لایەنەکانی دەعوا زمانی دادگا کە کوردیە تینەگەیشتن ئەوا پیویستە لەسەر دادگا وەرگێریان بۆ دابین بکات.

٣-سەرەڕای ئەو چوارچێوە دەستوری و یاساییە باشە بەلام بەداخەوە لەسەر زەمینی واقیع وانەبوە لە دوای راپەرینەوە تا سالّی ٢٠١٧ هیچ دادگایەک نەبوە زمانی کوردی بەکاربهێنی مەگەر بەجهودی کەسی کەسیک لیرەو لەوی کە بەحوکمی نەبوو بوە، لە دوای سالّی ٢٠١٧ کەمیک لە دادگاو دادوەرەکان دەستیان کرد بەبەکار هینانی زمانی کوردی ئەویش بەشیوەی ئیختیاری لەم سالانەی دواییدا زۆریک لە دادگا سەرەتاییەکان بەتیبەتی لەسنوری سلیمانی دادبینی و بریارەکانیان کردوە بەکوردی بەلام تا ئیستا بالاترین دادگای هەریم کە دادگای پێداچونەوەیە هەمووبریارو ڕیوشوێنەکانی هەر بەعەرەبین.

**پێشنیازەکان** :

بەمەبەستی بەکوردی کردنی زمانی دادگاکان ئەو پێشنیازانەی خوارەوە دەخەینە بەرچاو:-

١-پیویستە بەزوترین کات زمانی یەکگرتوی کوردی لە کوردستان وەک زمانی فەرمی دیاری بکری و بڕیاری لەسەر بدرێ.

٢-دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد بۆ گرنگی دان بەزمانی کوردی.

٣-دامەزراندنی سەنتەریکی لیکۆلینەوە و وەرگیڕان و زمانەوانی یاسایی سەر بە ئەنجومەنی دادوەری، ئەرکی وەرگیڕان و دروست کردنی زمانی یاسایی کوردی بگریتە ئەستۆ.

٤-گرنگی دان بە زمانی کوردی لەناوچەکانی دەولەتی فیدرال و هەولّدان بە جێبەجی کردنی یاسای زمانە فەرمییەکانی فیدرالی و بەکارهێنانی زمانی کوردی لەسەرجەم دامەزراوە دستوریەکان و دابین کردنی پیداویستیە مرۆیی و مادیەکان وە بەکارهینانی زمانی کوردیش وەک زمانی فەرمی دادگاکان لە سەرتاسەری عیراق.

٥- سوود بینین لە کوردانی ناوچەکانی خوارو ناوەراست و راهینانیان وئامادەکردنیان لەرێی خول و پەیمانگاو خویندنگەی نمونەیی بۆ ئەوەی ببنە وەرگیری زمانی کوردی لە سەرجەم دامەزراوە فیدرالیەکان بە دادگاکانیشەوە.

هەواڵنامەی کتێب

**سەرچاوەکان:**

یەکەم: کتێب بەزمانی عەرەبی:
١. بکر حمه ڍدیق عارف ،التگهیر الپقافی فی العراق کجزء من التغییر القومی و الگائفی من ١٩٦٣–٢٠١٥، بدون مکان وتارخ النشر .
٢. جلال الگالبانی، کردستان والحرکه القومیه الکردیه، گ٢، دار الگلیعه،بیروت،١٩٧١.
٣. عبدالرزاق الحسنی، ترریخ العراق السیاسی الحدیپ، ج ٢،گ٧، الرافدین للگباعه والنشر والتوزیع، لبنان_ بیروت،٢٠٠٨ .
٤. د. محمد الهماوندی، قراءه قانونیه لفکره الحکم الژاتی وتگبیقها فی کردستان العراق، مجله (دراسات کردیه)، مجله سنویه تێدرها المعهد الکردی فی باریس، العدد (٣–٧) السنه الپامنه ١٩٩٢.
دووەم: دەستورو یاساکان:
١. القانون الاساسی العراقی لسنه ١٩٢٥.
٢. دستور العراقی لسنه ١٩٥٨المؤقت.
٣. دستور العراقی لسنه ١٩٦٤المؤقت.
٤. دستور العراقی لسنه ١٩٦٨المؤقت.
٥. دستور العراقی لسنه ١٩٧٠ المؤقت.
٦. قانون اداره الدوله العراقیه للمرحله الانتقالیه لسنه ٢٠٠٤.
٧. دستور جمهوریه العراق لسنه ٢٠٠٥.
٨. قانون اللغات المحلیه رقم ٧٤ لسنه ١٩٣١.
٩. التێریح العراقی المقدم الی عێبه الامم بتاریخ ٥/مایس/١٩٣٢
١٠. قرار مجلس قیاده الپوره المرقم (٢٨٨) فی ١٩٧٠/٣/١١.
١١. قانون الحکم الژاتی رقم ٣٣ لسنه ١٩٧٤.
١٢. قانون السلگه القچائیه لرقلیم کوردستان رقم ١٤ لسنه ١٩٩٢.
١٣. قانون السلگه القچائیه لرقلیم کوردستان رقم ٢٣ لسنه ٢٠٠٧.
١٤. قانون اللغات الرسمیه رقم (٧) لسنه ٢٠١٤.
١٥. قانون اللغات الرسمیه فی إقلیم کوردستان–العراق رقم (٦) لسنه ٢٠١٤.
سێیەم: ڕۆژنامەو خولاوەکان:
١. الوقائع العراقیه، العدد (٨٩٨) فی ١/حزیران/١٩٣١ .

٢. الوقائع العراقيه، العدد(١٨٦٣)فى ١٩٧٠/٤/٤.
٣. الوقائع العراقيه، العدد(٢٣٢٧) فى ١٩٧٤/٣/١١.
٤. الوقائع العراقيه، العدد ٢٥٨٧، بتاريخ ١٩٧٧/٥/١٦.
٥. الوقائع العراقيه، العدد (٤٣١١) بترڕيخ ٢٠١٤/٢/٢٤.
٦. الوقائع العراقيه، العدد ٤٣٧٢، بتاريخ ١٣ /تموز/٢٠١٥.
٧. ياساو بڕيارەکانی ئەنجومەنی نيشتمانی کوردستان-العراق لە ١٩٩٢/٦/٤ تا ١٩٩٢/١٢/٣١، بەرگی يەکەم،چاپی يەکەم، ١٩٩٧.
٨. ياساو بڕيارەکانی ئەنجومەنی نيشتمانی کوردستان-العراق لە ٢٠٠٧/٣/٢٦ تا ٢٠٠٧/١٢/٣١، بەرگی دەيەم،چاپی يەکەم، ٢٠٠٨.
٩. ياساو بڕيارەکانی پەرلەمانی کوردستان-عێراق لە ٢٠١٤/١/١ تا ٢٠١٤/١٢/٣١،بەرگی حەڤدەم، چاپی يەکەم،٢٠١٧.

هەواڵنامەی کتێب




# کتێبی ئەم جارە:

## ناوی کتێب ؛ فەرهەنگی فەرهەنگەکان

## ئا: لیژنەی بیبلیۆگرافیا لە ئەکادیمیای کوردیدا

**فەرهەنگی فەرهەنگەکان**
**بڵاوکراوەی ؛ ئەکادیمیای کوردی ژمارە ٥٠٩**
**چاپخانە ؛ زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر**
**سەرپەرشت ؛ عوسمان پیرداود**
**لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٠٩٨) ی ساڵی (٢٠٢٢) ی دراوەتێ.**

**پێشەکیی کتێبەکە**

ئامانجی سەرەکیی لیژنەی فەرهەنگ لە ئەکادیمیای کوردیدا، ئامادەکردنی (فەرهەنگی نەتەوەیی)ی زمانی کوردییە. بۆ وەدیهێنانی ئەم ئەرکە لیژنەکە پلانێکی درێژخایەنی نەخشاند، بەم جۆرە:

١- ئامادەکردنی کتێبخانەی فەرهەنگی کوردی، بە کۆکردنەوەی هەموو فەرهەنگە کوردییەکان.

٢- هەڵبژاردنی شیاو و باشەکانیان لەلایەن لیژنەییکەوە.

٣- .دابەزاندیان لە کۆمپیوتەر و تێکهەڵکێشکردنیان و کردنیان بە یەک.

یەکەم فەرهەنگی کوردی ، فەرهەنگێکی (ئیتالی- کوردی ) یە، لەلایەن (ماوریزۆ گارزۆنی) یەوە ئامادەکراوە و لە ڕۆما لە ساڵی (١٧٨٧ز) چاپکراوە ، بەناونیشانی: (ڕێزمان و وشەکانی زمانی کوردی)

.Grammatica E Vocabolario Della Lingua Kurda

لەوساکەوە تا ئیستا زیاتر لە ٥٠٠ فەرهەنگ دەرچووە، (کوردی کوردی) و (کوردی، زمانانی بیانی). لیژنەی فەرهەنگ هەنگاوی یەکەمی بە سەرکەوتوویی ئەنجام داوە، بە ئامادەکردنی لیستێک بە ناونیشانی هەموو ئەو فەرهەنگە کوردییانەی تا ئێستا دەرچوون، کە بە پێی ئەم کۆششە گەیشتۆتە(٥١٠) ناونیشان.

ئەم کتێبە لە دوو بەش پێکهاتووە.

١- بەشی یەکەم بە پێی ڕیزبەندی ناوی دانەرانی فەرهەنگەکانە.

٢- بەشی دووەم بە ناونیشانی فەرهەنگەکان بە پێی زمان دەخاتەڕوو.

ئاواتەخوازین هەنگاوەکانی تریش بنرێن لە پێناو ئامادەکردنی فەرهەنگی نەتەوەییمان.

لیژنەی فەرهەنگ - ئەکادیمیای کوردی
وریا عمر امین - سەرۆکی لیژنە
محەمەد وەسمان – ئەندام
عبدولڕەحمان مەعرووف - ئەندام

# درآمدی بر شیوه‌های واژه‌سازی معاصر

## (نمونه‌های موردی:زبانهای انگلیسی،کردی و فارسی)

نویسنده: کامران رحیمی
مترجم: جعفر سریش‌آبادی- بیجار

## زبان و زمان

زبان ، به عنوان پدیده‌ای اجتماعی، ارتباط مستقیمی با زمان دارد . با گذشت زمان، بسیاری از آداب و رسوم و باورهای اجتماعی دستخوش تغییر و تحول می‌شوند و زبان نیز به عنوان پدیده‌ای اجتماعی، نمی‌تواند از این روند جدا باشد.

ظاهرا « واژه» اولین سطح از زبان است که در فرایند تغییر و تحول قرار می‌گیرد، به همین جهت ، اهالی فرهنگستان به نحو مناسبی می‌توانند از این تحول معنایی برای واژه‌سازی استفاده کنند . واژه در گذر زمان با چهار حالت مواجه می‌شود که عبارت اند از:

۱- برخی از واژگان به جهت مسائل و تحولات سیاسی، دینی و فرهنگی از فهرست کلمات زبان سترده می‌شوند ، و احتمالاً این زدایش، برای همیشه باشد ؛ به عنوان مثال ، وقتی زبان ادبی کردی از «گورانی» به «سورانی» و «کرمانجی» تغییر یافت ، بسیاری از واژگان زبان ادبی گورانی متروک و مهجور ماندند و در دایره زبان نوپای جدید قرار نگرفتند ؛ به عنوان نمونه: ویر(یاد)، نه‌مانو (نماند)، مه‌چم (می‌روم) ، په‌ی (برای)، جه، ژه (از)، خاس(خوب) ، یاوام(رسیدم) ، ساچنا(ساخت) ، و ... . همچنین می‌توان به تغییر دین مردم ایران از زرتشتی به اسلام اشاره کرد که باعث از بین رفتن بسیاری از واژگان مربوط و متناسب با کیش زرتشتی شد .

۲- برخلاف مورد اول، برخی از واژگان ،عمری طولانی و جاودان گونه دارند به گونه ای که در چندین دوره به حیات خود ادامه داده‌اند، نظیر: دیل (اسیر) ، روژ (روز) ، شایی (شادی)، شه¬وگار (شب هنگام) ، به¬ش (سهم، قسمت)، چاف/چاو/چه¬م(چشم)، هیفی/ هیوا/ ، همی (امید) و... .

۳- پاره ای از واژگان ، براثر تحول و دگردیسی سیاسی، فرهنگی و معیشتی جامعه ، با حفظ معانی گذشته، معانی نو و امروزین را می‌پذیرند . این فرایند، مناسب‌ترین شیوه در امر واژه‌سازی است که به چند نمونه اشاره می‌شود:

هێڵ / hêll: این واژه در گذشته و حتی امروز به معنای شیار شخم بوده است . امروزه علاوه بر آن به معنی خط و سطر نوشته نیز به کار می رود .

جوان/cwan : در اصل به معنی جوان است که امروزه در سورانی با حفظ معنی گذشته، به معنی زیبا و قشنگ هم هست ؛ چه، ایام جوانی سن طراوت و زیبایی است.

خاڵ/xall: نشانه ی معروف سیاه رنگ بر پوست ، که امروزه علاوه بر آن ، در معنی «نکته» و«نقطه» هم به کار می‌رود.

سوور/sûr: به رنگ سرخ گفته می‌شود . امروزه غیر از معنی مشخص آن ، در کردی«فیلی» به معنی «داغ» است ، زیرا بسیاری از اشیا به ویژه آهن به واسطه¬یِ گرم شدن ، سرخ می‌شوند .

زین / zîn: امروزه ، علاوه بر معنای سنتی آن که همان نشستگاه چرمی اسب است ، در مفهوم صندلی و محل نشستن راکب دوچرخه و موتور هم گفته می شود .

٤- بر خلاف واژگان فوق، واژگان این دسته، معنی قبلی خود را از دست داده و معنی جدیدی را می‌پذیرند؛ نظیر: گه¬ور/ gawr ، که ریشه‌ی این کلمه به «گەور» یا «گور» و یا «گبر» به معنی زرتشتی برمی‌گردد (معین، ۱۳۷۵: ج۳) ، واژه‌ی «گوران» هم که نام‌گویشی قدیمی از زبان کردی است از همین کلمه گرفته شده است. چنان چه ابولفتوح رازی در«روضه‌الجنان» می‌نویسد: «اما یهودیان و مسیحیان و گوران یا باید مسلمان شوند و یا جزیه بدهند» (ابولفتوح رازی، ج۲: ۲۳٦).

امروزه «گەورە» معنی گذشته‌اش را از دست داده و فقط به معنی «بزرگ» است.

رند/ rind: در اصل به معنی زرنگ و مکار است ، اما امروزه در کردی «کرمانجی» به معنی، خوب و زیبا به کار می‌رود.

چکیده¬ی بحث آن است که با حفظ جوانب لازم و پرهیز از افراط ، می توان از واژگان کهن برای ساخت واژگان در معنی و مفهوم نزدیک بهره برد .

## شیوه‌های واژه‌سازی معاصر

در گذشته واژه‌سازی عموماً به روش‌های سنتی و طبیعی صورت می‌گرفته است، اما در این اواخر به سبب این که نویسندگان، زبان¬های دیگری را هم فراگرفته‌اند ، شیوه‌ی ترجمه¬ی کلمه به کلمه (calgue) در بیشتر زبان ها رایج شده است.

دیگر این که واژه‌گزینی به واسطه¬ی پیشرفت علم و تکنیك و هنر و... در هر زمینه‌ای زایش داشته است، در این جا به مهم ترین شیوه‌های واژه‌گزینی و واژه‌سازی در مهم¬ترین زبان‌های اروپایی که با زبان کردی سنخیت دارند ، اشاره می‌شود:

### ۱- وام‌گیری (borrowing)

در این روش، واژه یا واژگان ، مستقیماً از زبان بیگانه اخذ می‌شوند و ممکن است تا اندازه‌ای تلفظ این وام واژه‌ها در زبان وام گیرنده تغییر یابد، نظیر: فوتبال، والیبال، سینما، تلفن و ... .

این روش، امروزه در بین زبان¬های زنده‌ی دنیا به خاطر مبادلات فرهنگی و بازرگانی و ... امری طبیعی محسوب می‌شود؛ به عنوان نمونه، زبان انگلیسی به همان اندازه که به زبان های دیگر واژه وام داده، به همان اندازه هم از زبان های دیگر تأثیر گرفته است، به عنوان نمونه: alcohol (عربی) ، boss (هلندی) croissant، (فرانسوی) lilac، (فارسی)، piano (ایتالیایی)، pretzel (آلمانی)، tycoon (ژاپنی) و yogurt (ترکی) (جورجیول، ۷۹:۱۳۸٤).

پیداست هر ملتی که از وام گرفتن واژه و داد و ستد با زبان های دیگر بپرهیزد ، زبانش درمانده¬تر وامانده¬تر می شود و گستره¬ی واژگانش محدودتر . آن چه برپیکره¬ی زبان ، آسیب اساسی و جدی وارد می کند ، نه وام واژه که تاثیر پذیری صرفی و نحوی از زبان بیگانه است و شاهد این مدعا نحوه‌ی

تلفظ واج های «گ وچ» در گویش‌های مرکزی کردستان به ویژه موکریانی و هولیری است که  ترکانه تلفظ می شوند  و نیز تاثیر دستگاه واجی عربی در دو آوای «ح و ع»  است که بر کردی مرکزی و شمالی سایه افکنده است  و باز نشانه¬ی جمع «ها» در فارسی است که  به لهجه مهابادی وارد شده است؛  به عنوان نمونه: «ساله‌هایه»  .

این در حالی است که وام واژه  تنها به یك منظور و در یك معنی به كار می‌رود ، اما واج ، آوا یا تکواژ و هر قاعده¬ی نحوی و صرفی بیگانه¬ی دیگر ، در بلند مدت با هزاران واژه در می‌آمیزند و ریخت طبیعی و کارکرد زبان را دستخوش تغییرات غیر قابل پیش‌بینی می‌کنند.

از سوی دیگر وظیفه‌ی اصلی واژه، نشان دادن منظور و مفهوم است، اما ممکن است بعد از مدتی این واژه دیگر نتواند در آن زبان چنین نقشی را بازی کند و رفته‌رفته به آرشیو رفته ، بایگانی شود.

طرز تفکر جزمی و متعصابانه در مورد وام‌گیری واژه هیچ نتیجه‌ای غیر از محدود کردن زبان در بر ندارد. زیرا کلمات بسیاری هستند که در کردی معادل ندارند و اگر هم معادل‌سازی شده‌اند چندان زیبا و خوشایند و با مسما نبوده اند.

پیشنهاد می‌شود کلماتی همچون: ساختار، ساخت، ساختمان،و ... از زبان فارسی وام‌گرفته شود تا در صورت لزوم و در فرصت مناسب معادل مناسبی برای آن ها ساخته شود ، کما این که  در فارسی ، واژه‌هایی همچون «هلیکوپتر» و« غیر مترقبه » پس از چهل سال کاربرد، در همین اواخر واژه¬های «بالگرد» و «پیش‌بینی نشده» جایگزین آن‌ها شده است . همچنین فرهنگستان زبان و ادب فارسی واژه‌ی دو بخشی «خبر» را از عربی وام‌گرفته و از این «وام واژه» ده‌ها ترکیب جدید ساخته است، مانند : خبری، خبرنامه، خبرنویس، خبرنگار، خبرگزاری، خبرچین، خوش‌خبر، باخبر، خبردار، خبردادن، خبرداشتن، خبرگیر، خبرساز، خبردهی، خبررسانی، بی‌خبر و... .

وام‌گیری واژه به شیوه‌ای دیگر رایج است و آن ترجمه ی  لفظ به لفظ (loan- translation) یا (calque) است ؛ مثلاً: سوپرمن انگلیسی،  ترجمه ی لفظ به لفظ (ubermensch) آلمانی است یا«ده¬زگاكانی راگه¬یاندن» درزبان کُردی ترجمه¬ی  لفظ به لفظ انگلیسی ( mass madia ) است. و واژگان «وتوویژ، وتار، ئه¬ندازه¬یار، ته¬واوکه¬ر» ترجمه¬ی  لفظ به لفظ کلمات «گفت‌وگو» و «گفتار» فارسی و «مهندس» و «متمم» عربی هستند.

## ۲- ابداع (coinge)

در این شیوه ، نام بازرگانی کالا و یا شرکت سازنده ی محصول،  به خود محصول اطلاق می‌شود. این شیوه بیشتر در کشورهای صنعتی متداول است ؛ مثلاً: بنز، تویوتا، آسپرین، ایزوگام ، که از طریق واردت کالا از غرب رایج شده و یا  برف و ریکا و پفک  که نام تجاری کالاهایی هستند که امروزه در معنای خود محصول به کار می روند .

## ٣- ترکیب (compounding)

در این روش ، از ترکیب دو واژه‌ی مستقل، واژه ی نوینی ساخته می شود . این روش در زبان های آلمانی و انگلیسی و کُردی و فارسی کاربرد بسیاری دارد؛ به عنوان مثال، در کردی این ترکیب ها بدین شیوه ساخته شده‌اند: ده¬ستکه¬وت (دستاورد) نویخواز (نوگرا)، رێبوار (رهگذر)، ناسنامه (شناسنامه).

## ٤- ادغام (blending)

در این روش، همچون روش ترکیب، دو واژه با حذف بخش¬هایی از آن¬ها با هم ادغام می‌شوند ؛ به عنوان مثال: در آمریکا محصولی وجود دارد به نام gasoline که ازalcohol به دست می‌آید. این دو واژه به شیوه‌ی «ادغام» تبدیل به (gasohol) شده‌اند. (جورج یول، ٧٩:١٣٨٣) .

همچنین ، در فارسی «فوتبال سالنی» را «فوتسال» می‌گویند و در کردی تا حدودی می‌توان به واژگانی اشاره کرد که به صورت طبیعی ساخته شده‌اند،نظیر: جوامیر (جوان + ئه‌میر)، تامه‌زرو (تام + ئاره‌زوو)، میرزا (ئه‌میر + زاده)، پاشا (پاد + شاه)، مانیشت(مانگ+ نیشت: نام کوهی در ایلام) .

## ٥- کوتاه سازی (clipping)

در این روش ، بخش های پایانی واژه حذف می‌شوند؛ به عبارت دیگر، فقط بخش اول یا دوم واژه باقی می‌ماند. البته «کوتاه‌سازی» روش ویژه‌ای در واژه‌سازی نیست و این شیوه بیشتر جهت سهولت در تکلم در واژگان چند هجایی به کار می‌آید. به عنوان مثال ، واژه‌ی lab کوتاه شده یlaboratory، یا tv مختصر شده¬ی television و در فارسی رادیات کوتاه شده‌ی رادیاتور است.

## ٦- مصدر جعلی یا ساختگی

در این شیوه ، از اسم یا صفت، مصدر می‌سازند. این شیوه یکی از کارآمدترین شیوه‌های واژه سازی در این دوره محسوب می‌شود، به ویژه در واژه‌سازی علمی که از خیلی قبل در زبان کردی به شیوه‌ای طبیعی وجود داشته است. گرچه ادیبان سنتی به این خاطر که این روش برخلاف قواعد دستوری زبان بوده است آن را «مصدر جعلی» نام نهاده‌اند.اما به نظر نگارنده این روش نه تنها جعلی نیست بلکه با جوهره‌ی زبان کردی بسیار هماهنگ است از این رو نام مصدر ساختگی (چاوگی ده‌سکرد) را بر آن نهاده‌ام ( رحیمی، کامران، دستور جامع زبان کردی گویش فیلی١٣٨١،٧٧) . این روش پرکاربرد تا حدودی به شیوه‌ی پس‌سازی (back for mation) در زبان های اروپایی نزدیك است؛ برای نمونه ، در انگلیسی از اسم television فعل televise و هم چنین در فرانسه فعل televiser درست شده است. در عربی هم واژه‌های تلفن و یتلفن به کار می‌روند و در زبان کردی نیز از اسم یا صفت افعالی پدید آمده‌اند به عنوان مثال: در کرمانجی از «خه‌بات» و «حه‌ل» فعل های دخه‌بتین (مبارزه کردن) و

دحه‌لی (حل شدن) ، در سورانی از «کورد» و «خولق» فعل¬های کورداندن (کردی شدن) و خولقاندن (خلق کردن)، در فیلی از «خه‌له‌ت» (غلط/ هه¬له) فعل خه¬له¬تانن (فریب دادن، مشغول کردن) واز«ته¬له¬ف» فعل «ته¬له¬فانن»درست شده است.

**۷- اشتقاق صفر** ( zero derive ation )

واژه در این روش ، از حیث شکل و ساختار ،هیچ تغییری پیدا نمی کند، تنها نقش دستوری آن عوض می‌شود؛به عنوان مثال ، «زانست» و «خواست» که در اصل بن ماضی از مصدرهای «زانستن» و «خواستن» در شاخه‌ی کردی جنوبی هستند، در گویش سورانی به عنوان اسم و در معنی «علم» و «درخواست» به کار می‌روند ، چنان چه در جملات ذیل آمده است:

کوردی فیلی: «براگه‌م زانست چه بوی ئمجا خواست بچوو (برادرم دانست چه اتفاقی افتاده پس خواست برود).

در این جمله «زانست» و «خواست» فعل‌اند، اما همین واژگان در کردی سورانی به اسم و صفت تبدیل شده‌اند؛ به عنوان مثال: خواستی کوری زانستی زمانی کوردی، فیرکاری گشتی زمانی کوردییه (درخواست مجمع علمی زبانی کردی، آموزش همگانی زبان کردی است).

**۸- سر واژه‌ها** (acronyms)

در این روش از حروف اول ترکیب یا گروه اسمی، واژه‌ای نو ساخته می‌شود. کاربرد این روش بیشتر برای عبارات و ترکیباتی است که از چند واژه به وجود آمده‌اند، به عنوان مثال: رادار که از حروف اول واژگان گروه اسمی radio detecting and ranging ترکیب شده است. در کردی نیز نزدیک به نیم قرن است که این شیوه رایج شده است اما بیشتر برای خلاصه کردن اسم احزاب به کار می‌رود ؛ مثل: ژ، ك- پ. د. ك- پ. ك. ك و ... .

**۹- قیاس** (Analogg)

در این روش، بدون توجه به معنی و مقوله¬ی دستوری ، واژه در قیاس با ساختار واژه‌ای دیگر ساخته شود ؛ به عنوان مثال، واژه‌ی « سرما » در مقایسه با کلمه ی «گرما» درست شده است ، حال آن که ریشه¬ی کلمه ی سرما، سرد است نه سرم (سرم+ا) یا واژه‌ی نوساخته‌ی«دژواز» مطابق با ساختار واژه‌ی «جیاواز» ساخته شده است .بی آن که ماهیت دستوری تکواژه«واز»مشخص شود.

**۱۰- اشتقاق** (derivation)

در این شیوه ، واژه با وندهای زبان (پیشوند، پسوند، میانوند) ترکیب شده ، واژه‌ی نوساخته

می‌شود؛ به عنوان نمونه: وتار، سەروك، کومار، نووسەر، بیسەر، خوینه¬ر، نیشتمان، روانگه و... .این شیوه به دلایل زیر، از سایر روش‌های واژه گزینی مناسب‌تر به نظر می‌رسد:

١- ١٠- از حیث تعداد هجا از سایر روش‌ها کوتاه‌تر است ؛

٢- ١٠- بخش غیر مستقل زبان ، یعنی وندها مورد استفاده قرار گرفته و در معانی جدید حیاتی تازه می‌یابند؛

٣- ١٠- ریشه ی واژه در واژگان مشتق یکی است ؛ به همین خاطر در یادگیری چنین واژگانی کافی است که معنی ریشه دانسته شود ؛ به عنوان نمونه ، واژگان: زانا، زانایی، زانیار، زانیاری، زانستگا، زانکو، زانست، زانستی، زانستیانه، نەزان،نه¬زانکاری و... از ریشه ی « زان » گرفته شده اند ؛

٤- ١٠- توانایی‌ها و قابلیت‌ها و ظرفیت‌های این شیوه از سایر شیوه‌ها بیش‌تر است؛

٥- ١٠- روش اشتقاق با خصایص و روح زبان های آریایی نظیر: کردی، فارسی، آلمانی، انگلیسی و ... هم خوان است؛ به طوری که همین خصیصه منجر به تمایز زبان‌های آریایی از زبان های دیگری چون سامی، عبری، عربی، ترکی، چینی، مغولی، و ... شده است .

**١١- گسترش معنایی**

در این روش، واژه با توسع معنایی ، معانی تازه و جدید و نزدیك به معنی اصلی را می پذیرد . در کردی نیز، هم چون فارسی و انگلیسی این روش بیشتر از نیم سده است که برای واژه‌سازی به کار می‌رود ؛ مثلاً ، واژه ی «دەنگ» در اصل به معنی «صدا» است اما امروزه معادلی است برای phone در علم زبان شناسی وهمچنین معادلی برای واژهی vote (رأی) می باشد یا واژهی «زاراوه» که در اصل از «زار» به معنی «دهن» گرفته شده (هەژار، ١٣٧٥، ٣٥٢) و امروزه برایdialect و idiom هم به کار می‌رود.

زبان کردی به واسطه¬ی گویش¬های گوناگون، جغرافیای وسیع، انبوه گویشوران و هم چنین مذاهب مختلف (شیعه ، سنی، یارسان، ایزدی، علوی ) و فرق و طریقت‌های عرفانی و ... توانایی¬های بسیاری را داراست که می‌توان آن را از قوه به فعل درآورد . گفتنی است در این شیوه ، می باید هر واژه در بردارنده¬ی یک معنی باشد.

١٢- بهره گیری از زبان‌های کهن

در این روش می توان ، در هنگام لزوم از زبان های باستانی اوستایی و پهلوی به مثابه¬ی میراث اقوام ایرانی و نه قومی خاص با شرایط زیر بهره گرفت :

١- باید زمانی از این شیوه بهره‌جست که هیچ یك از روش های واژه‌سازی مورد اشاره و حتی ذخایر واژگانی سایر گویش های کردی راهگشا نباشد؛

٢- جهت معادل‌سازی واژه‌های علمی از این شیوه بهره گرفته شود؛

۳- خوش آهنگ و همخوان با نظام آوایی کنونی زبان کردی باشد .
فرهنگستان دوم زبان و ادب فارسی ، سال‌ها پیش با بهره گیری از این شیوه ، واژهای زیر را ساخت:
از اوستایی :
« ترا+بری» برای transportation،« پردیزه » برای campus،« آوا » برای vowel، و«واج» برای phoneme .
از پهلوی :
«آمار » از amar – « ارز » از arz ، « استان » از estanan، «پرستار» از parastar ،« وزیر» از vicar و «پزشك» از bacack.
در این راستا زبان شناسان کُرد نیز کوشیده‌اند از پهلوی بهره‌بگیرند و واژگانی چون: بنیات از -bun dat، دژ از dush و پیرست از pehrest را بسازند .
علاوه بر این ها ،زبان های انگلیسی وفرانسوی نیز از میراث مشترک زبان های باستانیشان چون لاتین واژه های مشهوری چون : ارگان از organon- آکادمی از akademeia، پان ازpantos و جغرافیا ازjedgrafiga یونانی و همچنین آنتیك از entiqus و آکواریوم ازaguarium لاتینی و ... ساخته اند.
***

**منبع:**
این جستار، ترجمه‌ی بخشی از کتاب اصول و قواعد واژه‌سازی در زبان کردی است ر.ک:بنه‌ماکانی وشه‌سازی له زمانی کوردی،کامران ره‌حیمی،گوتار،۱۳۸۸.

* **کامران رحیمی- مدیر انستیتو زانست زاگرس. ایلام**

هەوراز نامەی کتێب

# نقش مادران کورد در تخریب زبان مادری!!!

کتایون محمودی

جغرافیای مناطق کوردی حالا آنقدر بزرگ شده که به راحتی حدود و ثغورش را نمیشود مشخص کرد.! این محدوده زمانی از کجا تا کجا بود و حالا از کجا تا کجاست؟ اگر بگوییم کاری به کار جغرافیا و وسعت آن نداریم ، شاید منطقی تر باشد . اما این جمعیت و جغرافیا چه فرهنگ و خرده فرهنگی را در خود جای داده و آیا هرکدام نتوانسته دیگری را تحمل کند؟

شاخه های ستبر از درخت تنومندی که ریشه در این خاک دارد و عظمتش سر به آسمان می ساید و افتخاراتش مشترک است.

اگرچه زبان کوردی، زبان اصلی مردم ماست، ما لهجه های گوناگون آن را از هم متمایز کرده که هیچکدام نوع گویش را مایه ی تحقیر ندیده و به آن می نازند و می بالند. جاف و فیلی، هورامی و لک و کلهر... با گویش های زیباهرکدام ستون خیمه ای هستندکه اگر یکی را برکنیم خیمه سقوط می کند.

آن چه این روزها دغدغه ی بسیاری از زبان شناسان بوده این واقعیت است که زبان کوردی، درمعرض تحریف است.

زبان کوردی با تنوع لهجه اش هنوز خوش آهنگ ترین است، اما ضربه های که برآن وارد آورده‌اند ممکن است در دراز مدت قابل جبران نباشدو بعدها حسرتش را بخوریم که چرا دانستیم و هشدار ندادیم.!

من درمقام یک روزنامه نگار کورد و دغدغه مند هشدار می دهم که اولین کسانی که هویت زبان را به سخره گرفته و نادانسته درصدد ویرانی و تخریبش هستند«زنانند»! ممکن است تعجب کنید اما این حقیقتی است که قابل انکار نیست، امروز آنچه را که شاهدیم غم انگیزتر ازآن است که بتوان انکارش کرد!!!

کودک کورد زبان با لجاجت مادر یا پدرکه البته زن ها زورگوترند، زبان فارسی را می آموزد و از ارث فرهنگی و خانوادگی و قومی و ملی اش محروم می شود، آن هم زیر لفافه ی باکلاسی که این روزها از به زبان آوردنش هم حالم بهم می خورد.

مدتی پیش مسافرتی به تبریز داشتم انگار که ترکیه رفته بودیم هیچ کس فارسی حرف نمی زد همه یکدست و یکصدا به زبان زیبا و شیرین ترکی آذری حرف می زدند.

وقتی علت را جویا شدم با افتخار فرمودند : همه چیز را شما تصرف کرده

اید دیگر اجازه نمی دهیم زبانمان را نیز تغییر دهید!

چه لذتی زیر پوستم خزید وقتی این تعصب را دیدم و با تمام وجود افتخارش را احساس کردم! چه چیز این لذت را ازکورد گرفته تا به جای حفظ زبان ولباسش، حالا مارک تقلبی  باکلاسی را روی همه چیزش زده که قبل ازهمه زبان و لباسش را حراج بازار کرده! تعصب و کوتاه نظری اموری ناپسند و نا متعارفند؛ اما برا ی حفظ داشته ها و حفاظتش از دستبرد باید لجوج و متعصب بود.

هورامی توانسته تا حدودی خود را از این گرداب حفظ کند اما زیاد جای امیدواری نیست چون مالاریای آن ممکن است تب را به جان پاوه ای ها نیز بیندازد و آن ها هم هوای باکلاسی به سرشان بزند.

این مایه ی مباهات است که مردم باذوق و زبان دوست پاوه و اطرافش زبان اصیل هورامی را حفظ کرده اند و زنان با غیرت و متعصبش هنوز هم باکودکانشان هورامی صحبت می کنند..

ضربه های بی هویتی وتزلزل بی مایگی آن چنان میان جوانان خصوصا دختران ریشه دوانده که اگر گوشزد نشود به زودی فاجعه خواهیم داشت فاجعه ای که ممکن است کلاس هم از یادمان ببرد!

آخر این چه تعبیر نا مأنوسی است که پشت کردن به همه چیز، باکلاسی است؟! اول همه زبان را سرطاقچه گذاشتیم، لباس ها هم که فقط بعضی مجالس می پوشیم، آن هم لباسی که تحریفش کرده ایم، می ماند اسم ورسم که معلوم نیست چه بلایی قرار است سرش بیاید!!!

